یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
مەکتەبی راگەیاندن و هۆشیاری
بۆردی هۆشیاری
پڕۆژەی دیاریی ئازادی
زنجیرەی کتێب: ٢٥

# بنیادی خەباتی نهێنی و کۆمیتەی ئاگر

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی
ئەمیرە محەمەد

سلێمانی ٢٠٢٥

- پرۆژەی دیاریی ئازادی
- زنجیرەی کتێب: ٢٥
- کتێبی: بنیادی خەباتی نهێنی و کۆمیتەی ئاگر
- کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئەمیرە محەمەد
- تایپ و دیزاینی ناوەوە: سیروان خەلیل
- دیزاینی بەرگ: Xenia Vargovaی بولگاری
- چاپخانەی پیرەمێرد
- تیراژ: ١٠٠٠
- لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارە (١٨٢٥)ی ساڵی ٢٠٢٥ن پێ دراوە

بڵاوکراوەکانی بۆردی هۆشیاری
مەکتەبی ڕاگەیاندن و هۆشیاری
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
www.hoshyary.com inf@puknow

# کەرکوک شاری پێکەوەژیانە

## بۆردی هۆشیاری

ئۆرگانێكی هۆشیاری و رۆشنبیریی سیاسییە، لە چوارچێوەی مەكتەبی راگەیاندن و هۆشیاری، بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی پەسەندكراوی پێنجەمین كۆنگرەی (ی. ن. ك) لە ساڵی ٢٠٢٣ دامەزراوە.

ئەركەكانی بریتین لە: دەستەبەركردنی پێداویستییەكانی هۆشیاركردنەوەی فیكری و سیاسی و حزبی، لەبەر رۆشنایی بنەما فیكری و سیاسییەكانی پەیڕەو و پرۆگرامی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان، لە ئاشتی و مافی چارەی خۆنووسین، تۆكمەكردنی بەهاكانی دیموكراسی، سیكۆلاریزم، مافی مرۆڤ و دادی كۆمەڵایەتی، تاوتوێكردنی پرسەكانی بیری هاوچەرخ و رەوتە فیكرییە نوێیەكان، دابینكردنی ئەدەبیاتی رێكخراوەیی، ئەرشیفكردن و دووبارە چاپكردنەوەی بڵاوكراوەكانی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان و بەرهەمەكانی سەرۆك مام جەلال، نووسینەوەی مێژووی (ی. ن. ك) و شۆڕشی نوێ و رۆڵی لە بوژاندنەوەو درێژەپێدانی گیانی خەبات و بەرگری

# پێرست


| | |
|---|---|
| کەرکوک و ئاگر ... یەکێتی و هەستانەوەی قەقنەس<br>ئەمیرە محەمەد | ١١ |
| فەرەیدون عەبدولقادر | ١٣ |
| ئیبراهیم جەلال | ٢٨ |
| عەلی بچکۆل | ٣٦ |
| حەمید محەمەد کاکەمەد (مام حەمید) | ٤٢ |
| حەمەکەریم عەلی رەزا (ئەحمەد کرێکار) | ٤٦ |
| محەمەد حەسەن خورشید | ٥٠ |
| ئیسماعیل عەبدوڵڵا مستەفا (سالار بۆگدی) | ٥٧ |
| شێخ لەتیف باراوی | ٦٦ |
| دلێر ئەحمەد شوکری (هاوڕێ سەلیم) | ٦٩ |
| مستەفا چاڵاوی | ٨٠ |
| عەلی حەسەن محەمەد (مام عەلی حەسەن) (کاکی قەساب) | ٨٥ |
| خالید مەجید (خالیدی پەرستیار) | ٨٨ |
| بابەکر صدیق ئەحمەد (کاکە رەش) (غەریب) | ١٠١ |
| فریا عەلی حەمید | ١١١ |
| جەلال کەریم عیسا (مامۆستا جەلال) | ١١٩ |
| عومەر قادر عەلی | ١٢٨ |

| | |
|---|---|
| سەردار سەعید ئەمین | ١٣٢ |
| نەوزاد بەهادین (نەوزاد بابان) | ١٣٥ |
| شەهید لەتیف محەمەد ئەمین محەمەد | ١٤٣ |
| شەهید عەبدولمەقصود محەمەد عەلی کەریم (رزگار) | ١٥٦ |
| شەهید عەبدولوەهاب حازم | ١٥٨ |
| شەهید عەدنان محەمەد ئەمین (عەدنانی خوێندکاران) | ١٦٢ |
| شەهید سیروان محەمەد ئەمین | ١٦٤ |
| شەهید هادی قادر عەلی (هێمن) | ١٦٦ |
| شەهید نعمان ئەنوەر ئەحمەد (دڵسۆز) | ١٦٨ |
| شەهید محەمەد عەبدوڵڵا کەریم (حەمەدەمین) | ١٧٤ |
| شەهید جەلیل نەجمەدین نوری (جەنگی) | ١٧٦ |
| شەهید حەسەن محەمەد عەلی شەریف (حەسەنە بچکۆل) | ١٧٩ |
| شەهید ڕەشاد محەمەد ئەمین (مامۆستا ڕەشاد) (مەلا ڕەشاد) | ١٨١ |
| شەهید فاروق عومەر وەلی | ٢٠٠ |
| شەهید عەبدولجەبار فەرەج ساڵح (جەبار ستیف) | ٢٠٦ |
| شەهید عەبدولقادر بەکر قادر (ئەحمەد) | ٢١٣ |
| شەهید فەرهاد محەمەد سەعید | ٢٢٢ |
| شەهید محێدین حسێن (مەلا محێدینە سور) (محێدینی دەلاک) | ٢٢٨ |
| شەهید ئەسعەد عەزیز شەریف (شێخ دارا) | ٢٣٧ |
| شەهید عەبدولکەریم محەمەد عەلی شەریف | ٢٣٩ |
| شەهید عەبدولسەمیع محەمەد عوبێد (ڕێباز) | ٢٤٠ |
| شەهید محەمەد زەکی صدیق | ٢٤١ |

| | |
|---|---|
| شەهید مەدحەت محەمەد تۆفیق (خۆڕاگر) | ٢٤٤ |
| شەهید نعمان عەبدوڵڵا کڵاوقوتی | ٢٤٦ |
| شەهید جەواد بەهادین عەلی | ٢٤٨ |
| شەهید فەهمی ئەمین رەشید (مامۆستا فەهمی) | ٢٥٤ |
| شەهید قارەمان کاکە مەند | ٢٥٨ |
| حەسەن محەمەد قادر | ٢٦٠ |
| سامی عەبدولمەجید غەفار (سامی هەورامی) | ٢٦٤ |
| سەعدوڵڵا ئەحمەد عەزیز (ئەستێرە) | ٢٦٨ |
| هوشیار مەلا عەبدولڕەحمان (هوشیاری مەلا عەبدولڕەحمانی ئاوبارە) | ٢٧١ |
| ئەحمەد نەسرەدین محەمەد ئەمین (ئەحمەد گۆگجەیی) | ٢٧٥ |
| حسێن سێودین (ئەبو عەلی) | ٢٧٨ |
| رەشید مەجید حەسەن | ٢٨٤ |
| یوسف حازم | ٢٨٩ |
| شەهید عەبدولحەکیم حازم | ٢٩٥ |
| عەبدولخالق ناجی عەباس (هیوا) | ٢٩٨ |
| ئەحمەد قەمبەر عەلی | ٣٠٠ |
| جەلیل حەمە مراد شەریف (کرمانج) | ٣٠٧ |
| حەسەن ئەحمەد محەمەد (حەسەن غەدارە) | ٣١٢ |
| سیروان ئەحمەد قادر (ئەبو رەعد) | ٣١٣ |
| صابر مەحمود عەلی | ٣١٧ |
| فایەق عومەر رەسوڵ (حسێن) (ئەبو عەلی) | ٣١٩ |
| عەبدولسەلام قادر مستەفا (سەلام قادر جاف) | ٣٦٠ |

| | |
|---|---|
| عەلائەدین محەمەد قادر بەرزنجی | ٣٦٣ |
| هیوا عەبدولعەزیز محەمەد شێخانی (هاوڕێ) | ٣٦٥ |
| شوکریە محمەد سەعید | ٣٧٤ |
| وەردە مستەفا ساڵح | ٣٧٦ |
| حوسنیە محەمەد غەفور | ٣٧٩ |
| سانیە نەجم محێدیین | ٣٨٠ |
| سوهەیلە حەسەن خورشید | ٣٨٤ |
| گوڵبەهار شەرەف نورالله (بەهار) | ٣٨٨ |
| زەکیە قادر عەلی | ٣٩٣ |
| کوردستان ئەحمەد | ٣٩٥ |
| عصریە ئەحمەد محەمەد | ٣٩٧ |
| شیرین عەبدولمەجید غەفار | ٤٠٢ |
| جوان عومەر رەسوڵ | ٤٠٤ |
| ئەحمەد نورەدین محەمەد | ٤٠٧ |
| صەباح نەجمەدین رەشید (صەباح تاڵەبانی) | ٤٠٩ |
| عوسمان صابر | ٤١١ |
| لەتیف صەمەد فازیل | ٤١٥ |
| سالار رەشید (ساڵح عەزیز رەشید) (نەسرەوت) | ٤١٧ |
| شوان خورشید محەمەد (نەترس) | ٤٢٤ |
| قادر مستەفا قادر (سەید قادر) | ٤٢٦ |

## کەرکوک و ئاگر ... یەکێتی و هەستانەوەی قەقنەس

**ئەمیرە محەمەد**

مـورافەعە مێـژووییەکەی بەڕێـز مـام جەلال لە مـانگی شـوباتی سـاڵی ٢٠٠٤دا لە مەجلیسـی حـوکم تەنیـا هەر جەختکـردنەوەی هەڵوێسـتی نەگـۆڕی یەکێتیـی نیشـتیمانی کوردسـتان نییە دەربـارەی کوردسـتانیی بـونی شـاری کەرکوکی گڕ و کڵپە، بەڵکو ئەڵقەیەکی زێڕینی زنجیرە فیداکارییەکانی حیزبی شـەهیدانە کە هەر لەسـەرەتای دامەزرانـدییەوە کەرکـوک و کەرکوکییەکـان کوانـوییەکی بەتینـی شـۆڕش و مەیـدانێکی گەرمـی تێکۆشـانی بـووە لەو ڕوانگەیەوە، کە شـاری کەرکوکی کوردستان بە حـوکمی واقیعە نەتەوەیی و پێگە ئابوری و پیشەسازییەکەی، شـاری پێکەوە ژیـان و مەڵبەندی هوشـیاری نەتەوایەتی و خەباتی چینایەتی بووە.

ئەم کتێبەی بەردەستت پانۆرامـای قۆنـاغێکی هەسـتیاری شـاری کەرکوکە، ئەو قۆنـاغەی کە دەسـتەیەک لە پێشـەنگەکانی کـوردایەتی نـوێ، لە بـارودۆخێکی یەکجـار سـەختی خـودی و بابەتیـدا دڕیـان دا بە شـەوەزەنگی دوای هەرەس و پەیـکەری ڕێبەرایەتیکردنـی تێکۆشـانی ئەو سـەردەمەیان لە چوارچێوەی کۆمیتەیەکدا بەرجەستەکرد، کە لە مێژووی پڕ سـەروەریی گەلی کوردستاندا بە کۆمیتەی ئاگر ناوی دەرکردوە.

خوێنەری بەڕێز بە وردبوونەوە لە گێڕانەوە و چیرۆکەکانی ناو ئەم کتێبە لە دەمـی هەڤـاڵە دامەزرێـنەر و سـەرکردە پێشـڕەوەکانی کـۆمیتەی ئـاگرەوە گەلێک نهێنی و بەسەرهاتی نەبیستراوی بۆ ئاشکرا دەبێت سـەبارەت بە حاڵی ئەو ڕۆژانەی کەرکـوک و دەوروتەئسـیری ڕۆڵە نەبەزەکـانی کەرکـوک لە گەشاندنەوەی گیانی بەرگری و پێشخستنی ڕێکخستنەکاندا.

کۆمیتەی ئاگر کۆمیتەی زەبری شۆڕش بوو لە پیلانەکان و بەرنامەکانی تەعریب و تەبعیس. دادگای ڕەوای شۆڕش بوو چەندین سیخوڕ و نۆکەری رژێمی بەسزای گەل گەیاند . سروودی ڕێی خەباتمان بوو، کە گەنجان و خوێندکارانی شارەکەی شەهید ئازادی دەهێنایە جۆشی ڕاپەڕین و چۆک نەدان و نەسرەوتن. ورەی بەرزی ڕێبوارانی شۆڕشی نوێ بوولە ئەشکەنجەخانەکانی بەعسی فاشیستدا.

نووسینەوەی مێژووی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان بە بێ نەبەردەکانی کۆمیتەی ئاگر کارێکی ناتەواو دەردەچێت، ناهەقییەک دەبێت لە کورد و کوردستان و خەباتە ڕەواکەی دەکرێت. هیوادارم ئەم کتێبە، کە بەهیممەت و هاوکاریی دەستەیەک لە هەڤاڵە بنچینەییەکانی کۆمیتەی ئاگر و بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و زیندانییە سیاسیەکان و تێکۆشەران هاتۆتە بەرهەم خزمەتێک بێت.

٢٠١٤/١١/٧

**فەرەیدون عەبدولقادر**

هاوڕێ ئەمیرە محەمەد یەکێکە لەو تێکۆشەرە هۆشیارە دەست ڕەنگینانەی، کە دەبێت بە قەدر زانینی زۆرەوە تەماشای ڕەنج و ماندوبوونی بکرێت و پشتیوانی لێ بکرێت لەو بوارە سودبەخشەی تۆمارکردنی مێژووی تێکۆشاندا، کە بە شێوەیەکی زیندووی دیکۆمێنت و بەڵگە تۆماریان دەکات.

پێشتر هەندێ کتێبی لەم بوارەدا بڵاو کردەوە، لەبیرم مابێت (کتێبی شیعر و هەڵوێست و چەپکێک بیرەوەری، دیوانی شەهید مەلا عەلی)، (نامەکانی زیندان)، (نامەیەک بۆ دایکی ڕەوا) و کتێبی (دیارییەکانی زیندان) کە زیاتر لە سێ سەد وێنە لە دیارییەکانی تێکۆشەرانی زیندانی گرتۆتە خۆ.

ئەمجارەش بە کتێبێکی تر خۆی دەکا بە دەروازەی مێژووی ڕۆڵە قارەمانەکانی کەرکوک دا، چاوی گەشی وشەی ڕستەکانی لەگەڵ دایک و ژن و منداڵ و کەسوکاری شەهیداندا فرمێسک دەڕێژێ و لەگەڵ نەعرەتەی بەرزی "کەم بژی و کەڵ بژی" ڕۆڵە دلێرەکانی کۆمەڵەدا، ئاهەنگی مارشی نەبەزین دەژەنێت و لەگەڵ سرتە و چرپەی ژێرزەمینەکانی تێکۆشان و خۆڕاگریدا، نهێنیەکانی داستانی خەبات و تێکۆشان بۆ ڕزگاری و دادی کۆمەڵایەتی بە گوێی نەوەکانی ئایندەدا دەدات.

ئەم کتێبە، لایەنێکی گرنگ لە گیانبازی و تێکۆشانی هەڤاڵانی وەک عەلی بچکۆل و مام حەمید و ئەحمەد کرێکار و مامۆستا شێرکۆ و برایم جەلال و نەجمەدین فەقێ عەبدوڵڵا و فەیسەڵ تاڵەبانی و ئیحسان نەجم و ئازاد هەورامی و محەمەد حەسەن و محەمەدی ئایشە و سەلام زەندی و حەسەن و عومەر قادر و کاکە ڕەش و فریا عەلی و ئەحمەد قەمبەر و عەبدولڕەزاق

سێ گردکانی و سالار بۆگدی و مەلا ناصح مەجید تۆماری و ئەنوەر حەسەن و قادری مەلا عومەر و شێرزاد جەباری و مەلا محێدین و رەشاد و جەبار و عەبدولقادری ئاڵتونچی و فەهمی و فاروق ئەسعەد و عەبدولقادر بەکر و با لەیادیشم نەچن پاکیزە خان و شێرە ژنانی دائیرەی بەلەدیە، کە خۆم لەوێ بووم، گەلاوێژ جەباری و هاورێیەکی دیکەی کە لە دائیرەی بەلەدیە بوون لەگەڵ خۆم و چەند ژنێکی تر بەتایبەتی وەردە خان و حوسنیە خان و شوکریە خان و سانیە خان.

رێکخستنەکانی کەرکوک، خەبات و کۆڵنەدانی تێکۆشەرەکان و رێکخراوی کەرکوک تایبەتمەندی خۆیان هەیە، کە ریشەی دەگەڕێتەوە بۆ باری سەختی چەوسانەوەی نەتەوایەتی و چینایەتی، بۆ ململانێی بێ پسانەوە و خەباتی بێ وچانی کوردایەتی لەسەر کەرکوک و ناسنامەی کەرکوک. لەبەر ئەوە وەک شایەتێکی زیندوی ئەو خەباتە بە باشم زانی وەک پێشەکی ئەم کتێبە و بۆ زیندو راگرتنی ناوی ئەو تێکۆشەرانە و ئەو خەباتە شۆڕشگێڕانەیە، کورتە سەرگوزشتەیەکی تێکۆشانی کۆمەڵە و یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە کەرکوکدا بگێڕمەوە بەم جۆرە:

ناوەڕاستی ساڵی ١٩٧٠، دەمی سەرهەڵدان و پەلوپۆ هاویشتنی کۆمەڵە بوو، گەرچی هێشتا ناوەندی سەرکردایەتی کۆمەڵە ژمارەیان کەم بوو (مام جەلال، فواد قەرەداخی، فازیل مەلا مەحمود، دلێر صدیق و فەرەیدون عەبدولقادر) بوون، تازە نەفەس و پڕ لە هیوا و وزە بوون، بە وردی و بەردەوام خەریکی کۆکردنەوە و رێکخستنی ئەڵقەکانی رۆشنبیری بون.

لە کۆبونەوەیەکی ناوەندی کۆمەڵەدا، و لە دابەشکردنی کارەکاندا، لەسەرەتادا کاکە شەهاب بۆ بەغدا و دهۆک و خانەقین، و فوئاد قەرەداخی بۆ هەولێر، فازیل مەلا مەحمود بۆ سلێمانی، دلێر صدیق بۆ بادینان دیاریکران و منیش بۆ کەرکوک رەوانە کرام.

له بەغدا و له سلێمانی و هەولێر و دهۆک و خانەقین شانه و ئەڵقه و تێکۆشەری کۆمەڵه هەبوون، بەڵام له کەرکوک هیچ کەسێکی دیاری کراو به من نەناسێنرا. لەبەرئەوەی من ژن و ماڵم هەبوو، بڕیار درا ماڵ و کارەکەم بگوێزمەوه بۆ کەرکوک و له خاڵی سفرەوه دەست پێ بکەم. بەڕاستی بڕیارێکی ئاسان نەبوو، نه پێشتر له کەرکوک ژیابوم، نه کەسوکاریشمی لێ هەبوو.. له هەندێ هاوڕێ و ناسیاوی سەردەمی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بەولاوه و له ئۆتێلەکەی عەبەی دەروێش کەریم (ئوتێل سەلام) و جەبار عەبدوڵڵای خاوەنی مەکتەبەی ئاسۆ، کەسی ترم نەدەناسی.

پاش چەند ڕۆژێک به دڵ خۆشی و شەوقێکی زۆرەوه جانتام پێچایەوه و بەرەو کەرکوک و بۆ ئوتێلەکەی عەبەی دەروێش کەریم بەڕێ کەوتم، که له ناوەندی شاردا بوو. ناوی ئەو ئوتێله (ئوتێل سەلام)، هەم سەلامی شاعیر و چوارینه جوانەکانی عومەری خەیامی بیر خستمەوه، خەیام، که سەلامی شاعیر به زمانێکی کوردی پاراو وەریگێڕابون و سەلامی ئاشتی و کۆنگره و تەقەلاکانی ئاشتی بۆ خامۆشکردنی شەڕ و شۆڕی دنیا و سەلام عادیلی کۆمۆنیستی دەهێنایەوه یادم.

له ئوتێلەکەدا، کوڕێکی جوانخاسی رووگەش، ناوی عەبدولڕەزاق بوو به گەرمی و دۆستانه پێشوازی لێ کردم. به بایەخێکی زۆرەوه به ئارەزوی دڵی خۆم ژورێکی بۆ دانام. پاش ڕێکخستنی کەلوپەلی ناو جانتاکەم و هەڵواسینی جلەکانم، بۆ حەوانەوەیەک چومه سەر جێگاکەم به دەم چا خواردنەوه، جار جار دڵەڕاوکێ و جارجاریش به دڵی خۆش کەوتمه بیرکردنەوه و بیرکەوتنەوه.

کەرکوک شارێکی زیندوی شۆڕشگێڕه، مەڵبەندێکی خەباته .. مێژوویەکی تایبەتی هەیه، لەوەوه که پاش ڕێکەوتنی سایکس بیکۆ و دابەشکردنەوەی ناوچەکه و پاش گفتوگۆی کلیمنصۆ و ئایدن .. نەوتەکەی کەرکوک بووه

هۆی بەزۆر لکاندنی بەشێکی کوردستان بە عیراقی دەستکردەوە .. ململانێ و خەبات دژی ئینتیداب و ئینگلیز، دژی کۆمپانیای نەوت و گرێبەستەکانی، جوڵانەوەی چەپ لەم شارەدا رێگەی هەوراز و نشێوی خۆی گرتووە. کارەکانی کۆمپانیای نەوت دەرهێنان و پاڵاوگە و چەوساندنەوەی کرێکاران، هەموو ئەوانە خەباتی نیشتمانی و چینایەتی لێکەوتەوە و کەرکوکی کردە مەڵبەندی راپەڕینە پڕ شکۆکەی گاورباخی و جێگەی چاو تێبڕینی عەرەب پەرستی و تەعریب کردن .. کەرکوک نەتەوە و ئاینی جۆراو جۆری تیایە، کورد، تورکمان، عەرەب، ئاشوری و کلدانی، موسڵمان (سوننە و شیعە) و مەسیحی و بەهائی، کاکەیی و ئەهلی هەق لە کۆندا جولەکەشی تیا ژیاوە.. هەوارێکی ململانێی چینایەتی و نەتەوایەتی و ئاینیە و زەمینی ململانێیەکی دورودرێژی نیشتمانی بووە دژی ئیستعمار .. لەم کەرکوک و ململانێیەدا کەڵە پیاوی گەورەی وەک شێخ مارفی بەرزنجی تیا لەسێدارە دراوە. ئەم شارە تابلۆیەکی مۆزاییکی هەمەڕەنگە و سیخناخە بە ئازار و زوڵمی هەمەڕەنگ .. بۆیە دەکرێ کەرکوک بۆ کۆمەڵە و خەبات، زەمینێکی بە پیت و فەڕ بێت. کەرکوک پڕە لە یادگاری و بیرەوەری تاڵ و شیرین، کە بەداخەوە ململانێ و شەڕی خوێناوی برا کوژیی نێوان مەلایی و جەلالی رەنگی ئەم پارێزگایەی ژاکاندووە.

کەرکوک، ئەم شارەیە ئیتر بۆ دڵم بە هاتنەکەم، بە ئایندە خۆش نەبێ؟!!

یەکەمین رۆژ بوو لە بێ تاقەتیا چومە لای عەبدولڕەزاق.. ئەو پیاوە گەورەیە، کە لە شوێنی جیاجیا و قۆناغی جیاجیادا رۆڵی گرنگی گێڕا و کۆتاییەکەشی لە پرۆسەی ئازاد کردنی شاری کەرکوکدا گیانی خۆی بە رزگارکردنی بەخشی و هەر لەوێ شەهید کرا. ئەو زاتە بە گەرمی خوڵقی کردم بۆ چاخواردنەوەو .. بە باسی پاکوخاوێنی ئوتێلەکە دەستمان بە قسە کرد تا باس گەیشتە سەر رێکەوتنی ئازار و ئەگەرەکانی و پەیوەندی جەلالی و مەلایی و رژێم و حیزبی بەعس و کۆمۆنیست و شوێنەوارەکانی لەسەر

باری سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و روناکبیری لە پارێزگای کەرکوکدا.

عەبدولڕەزاق، کوڕێکی هۆشیار و چەپ رەوت دەهاتە بەرچاو، جەلالی ئامۆزاشی، کە کرێکار بوو لە ئوتێلەکەدا و جاروبار لە شوێنەکەی عەبدولڕەزاق دادەنیشت، هەردوو خۆش بەرخورد و دۆستانە بون، خزمێکی تریشیان لەگەڵدا بوو، کە ناوەکەیم لەبیر نەماوە.

دەمەو ئێوارە چوم بۆ مەکتەبەی ئاسۆ، هەم بۆ سەردانێکی جەبار و هەم بۆ کتێب، کاک جەبار زۆر گەرم پێشوازی لێکردم و بە دەم قسەو باسەوە بە حەمە شکور و عەلی کەریم و جیهاد برزو (جیهاد دڵپاک)ی ناساندم. ئەم دوو تێکۆشەرە دواتر دوو هونەرمەندی گەورە و ناسراویان لێ دەرچوو. بە رێنوێنی کۆمەڵە لە شاری کەرکوک شانۆگەری (تەقینەوە)یان لە میهرەجانێکی گرنگ و گەورەدا، لە هەلومەرجێکی سەختدا لە بەغدا پێشکەش کرد و لە دەنگدانەوەیەکی گەورەدا لە پلەی یەکەمدا دیاریکرا.

هەر ئەو دەمە کاک جەباری مەکتەبەی ئاسۆ، خولقی داوەتی نان خواردنی سبەی ئێوارەی کردم .. قسەو خواسیان زۆر دڵی خۆشی کردم و تا دەهات دڵم بە هاتنەکەم خۆشتر دەبوو. لەوێ کتێبە دانسقەکەی سەلامی شاعیر و چوارینەکانی خەیامم دەستکەوت. لەگەڵ کتێبێکی چەپڕەوی ناجی عەلوەشی فەلەستینیدا هێنامنەوە ئوتێلەکە.

لەگەڵ عەبدولڕەزاق بومە هاوڕێی نزیک، لەگەڵ جەلالیش ئاشنا. لەڕێی ئەوەوە لەگەڵ زۆر لاوی باش و تێکۆشەردا بومە هاوڕێ. جگە لەوانەی پێشوو کە باسم کردن قادری مەلا عومەر (سێدارە) و مامۆستا حەمید (بێ سەرو شوێن) و هەڵگوردی مەحمودە فەندی چەمچەماڵ و ئەحمەد پیازاو و د. ئەنیس و مامۆستا هۆشمەند، کە لەڕێی ئەوەوە ئازادم ناسی، کە بوو بە کۆڵەکەیەکی گرنگی گۆمەڵە و برایم جەلال کە پێشتر تەنزیم بوو، ئەو پێشتر لە بەسرە فەرمانبەر بوو دواتر نەقڵی سلێمانی و پاشان کەرکوک کرا.

پاش فراوانبونی ئەڵقە رۆشنبیرییەکانی کۆمەڵە و زیاد بونی ئەندامەکانی یەکەمین لیژنەی ڕێکخستنی کەرکوکمان دامەزراند، ئەندامەکانی بریتی بون لە (عەلی بچکۆل و ئیحسان نەجم و عەبدولڕەزاق محەمەد و ئەحمەد کرێکار بە لێپرسراوێتی فەرەیدون عەبدولقادر) بەڵام نابێت هەوڵ و هیمەتی مام حەمید فەرامۆش بکەین هەرچی کار و ئەرکێکی ڕێکخستن هەبوایە ئەو جێبەجێ ی دەکرد.

ئیتر ڕێکخستنەکانی کەرکوکیش، شان بەشانی گەشەکردنی ڕێکخستنی شارەکانی تر پەرەی سەند

لەو کار و سەرکردایەتیەدا نابێت و ناشێت بۆ یەک سات رۆڵی گەورەی کاک شەهاب لەبیر بکەین.

لە ساڵی ١٩٧٣ وە کاکە شەهاب بڕیاری دا بە ئێجگاری خۆیی و هەموو کاتەکانی بۆ کۆمەڵە تەرخان بکات، ناوی لێ نرا (خاڵە عوسمان) و بە نهێنی دەستی دایە چالاکیەکی زۆر و بەردەوام، لە کەرکوکەوە سەرپەرشتی هەموو شارەکان و سەرجەم ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی دەکرد. ئەوکاتە لە ماڵی بەندەوە ئیبراهیم جەلال و مام حەمید و فەیسەڵ تاڵەبانی و ماڵی سانیە خانی خوشکی ئیحسان نەجم کە جێی متمانە بوو، هەروەها لە ماڵی ئەحمەد کرێکاریش بە نهێنی دەژیا و کاری ڕێکخراوەیی سیاسی دەکرد .. دەورەی بۆ پەروەردە کردنی کادرەکان دەکردەوە و هاوکاری دەکردن و بابەتەکانی بڵاوکراوەی ناوەندی کۆمەڵەی ئامادە دەکرد.

پاش پەشیمان بونەوەی رژێمی بەعس لە بەڵێنەکانی ڕێکەوتنی ئازاری ١٩٧٠ و گێچەڵ کردن بە کوردستان و راپەڕینی خەڵکی کوردستان دژی سیاسەتەکانی بەعس، زۆربەی سەرکردە و کادرەکانی کەرکوک رویان کردە چیاکانی کوردستان و بونە پێشمەرگەی جولانەوەی رزگاری کوردستان و لەو ناوچانەوە سەرکردایەتی ڕێکخستنەکانی کەرکوکیان ڕێکخست.

بەڵام دوای شکستی گەورەی جوڵانەوەی چەکدارانەی کوردستان ١٩٧٥ و تەقەلاکانی لە نوێ ڕێکخستنەوەی ڕیزەکانی کۆمەڵە لە هەموو شارەکاندا و کۆتایی ١٩٧٥ پاش ئەوەی سەرکردەکانی کۆمەڵە کەوتنە زیندانی بەعسەوە ئەبوشەهاب و فەیسەڵ تاڵەبانی و ئازاد هەورامی و ئەحمەد کرێکار و مام حەمید و نەجمەدین فەقێ عەبدوڵڵا و محەمەد حەسەن بە هاندان و یارمەتی کۆمیتەی هەرێمەکان (سەرکردایەتی کۆمەڵە) توانیان جارێکی تر ڕێکخستنەکان لە پەشۆکاوی دەرباز بکەن و شیرازەکەی بگرنەوە. تا ئەوکاتە سەرەڕای ئەوەی، کە ئێمە کەوتینە زیندان و ژێر زەبری ئەشکەنجەدان، بەڵام ڕێکخستن و هاوڕێکانی کۆمەڵە هیچ جۆرە زیانێکیان بەر نەکەوت و لە زەبری دوژمن بە دوور بون.

دەورەیەکی تری کۆمیتەی ئاگر لە کەرکوک، لە کۆتایی ١٩٨٠ و سەرەتای ١٩٨١دا لە سەرکردایەتی کۆمەڵەوە بە سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی کاک نەوشیروان مستەفا و ئەندامێتی مامۆستا جەمال تایەرە. هاوڕێ سەلیم ڕاسپێردرا لە سلێمانییەوە بچێتە کەرکوک و کۆبونەوە لەگەڵ ئەحمەد کرێکار و عومەر قادر و کاکە ڕەش دا بکات و دواتر مامۆستا کاکە ڕەش بکرێت بە بەرپرسی کۆمیتەی ئاگر و وەک تاکتیکێکی ڕێکخستن، کۆمیتەیەکی نهێنی تریان بە ناوی شەهید ئەنوەر زۆرابەوە دروست کرد.

ساڵی ١٩٨١ لە ناوزەنگ بناری مامەندە، ئەندامی ناوەندی کۆمەڵەی ڕەنجدەران بوم. عەبدولڕەزاق هەواڵی دامێ کە لە ڕۆژی ١٧ ئۆکتۆبەری ١٩٨١دا زەبرێکی گەورە بەر کۆمیتەی ئاگر کەوتووە و لەو کارەساتەدا بەشێکیان لەسێدارە دراون و گیانی خۆیان بەخشیوە بە ڕزگاریی و دادی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵەی ڕەنجدەران و بەشێکی تریان بێ سەروشوێن کراون و ژمارەیەکیش حوکمی زیندانیی کردنیان بۆ ماوەی جۆر بە جۆر بە سەردا سەپاندون و چەند کەسێکیش لە دەستگیرکراوەکان ئازاد کراون. ئەوانی

تریشیان هەندێکیان روویان کردۆتە شاخ و بونەتە پێشمەرگە و بەشێکیشیان لەناو شاردا خۆیان حەشارداوە.

پاش ئەو زەبرە کوشندەیە، ناوەندی کۆمەڵە بە سەرپەرشتی کاک نەوشیروان و هاوکاری عەبدولڕەزاق و رێکخستنی شارەکان هەوڵێکی زۆر درا بۆ سارێژ کردنی برینەکانی کەرکوک. مەلا قادری مەلا عومەر چاکی مەردانەی لێ کرد بە لادا و بە هاوکاری شێرزاد جەباری و ئەندازیار محەمەد ئەمین رەحمان ناسراو بە حەمە کەلاری و سالار رەشید سەرلەنوێ رێکخستنەکانی کەرکوکیان خستەوە سەر شا ڕێی گەشەکردن تا لە رۆژی ١٩٨٦/٩/١٠ دا مەلا قادر و شێرزاد جەباری و مامۆستا رەئوف گیانی خۆیان بە کورد و کوردستان و ئامانجە پیرۆزەکانی بەخشی و لەو رۆژەدا لەسێدارە دران.

ئەو تێکۆشەرانەی کەرکوک، هەندێکیان وەک نەجمەدینی فەقێ عەبدوڵڵا و ئازاد هەورامی و ئەنوەر حەسەن توانییان زوربەی رێکخستنەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە کەرکوک بەلای کۆمەڵەدا رابکێشن و رۆڵێکی ئێجگار گرنگ و کاریگەریان نواند لە گەشەکردنی کۆمەڵەدا. ئەمانە سەلماندیان کە سەرکردایەتی زیرەک و تێکۆشەری بەکار و گرنگ و قارەمانی کۆمەڵە و گەلەکەمانن. هەندێکی تریش لەو تێکۆشەرانە کادر و فەرماندە و پێشمەرگەی قارەمانی شۆڕشی گەلەکەمان بون وەک ئەحمەد کرێکار و مام حەمید و حەمەی سانیە و عەلی مەجید و د. مارفی برازای عەلی بچکۆل (لە موصڵ لەسێدارە درا). هەندێکی تریشیان وەکو مەلا محێدین و شێخ دارا و رەشاد و هاورێکانیان لە خەباتی ژێر زەمینی و لە سەختترین هەلومەرجە دژوارەکاندا سەرکردایەتی چالاکیەکانی ناو شار و رێکخستنیان دەکرد و ئازا و نەبەز لە هۆڵەکانی لەسێدارەداندا نەعرەتەی شێر ئاسایان بەسەر دوژمندا ئەکێشا و هاواریان دەکرد "کەم بژی و کەڵ بژی" و گیانی پیرۆزیان بە گەل و

نیشتمان و بە کاروانی روو لە ئاسۆی رزگاریی و یەکسانی کۆمەڵایەتی بەخشی و سەروەرییەکی گەورەیان بۆ خۆیان و بۆ رێبازەکەیان تۆمار کرد.

رێکخستنەکانی کەرکوک، لاوی زۆر بەهیمەت و زیرەک و ئازا و قارەمانی گرتەخۆ، زۆربەیان رۆڵەی نەبەزی زەحمەتکێشان بون، لە سەردەمە جیاجیاکانی تەمەنی کۆمیتەی ئاگردا، گوڕ و تەوژمێکی زۆریان بە فراوانبون و گەشەکردنی کۆمەڵە و یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەخشی.

هەروەها ئەو ژنانەی کە خزمەتیان کردین و کاروباری نهێنی ئێمەیان جێبەجێ دەکرد و دەبونە رێکخستن و هەندێکیان پاسەوانی کاتی کۆبونەوە و تەتەری رێکخستنەکان و هاوکاریی هاوسەر و برا و باوکیان لە شەوان دا دەکرد بۆ بڵاوکردنەوەی بەیاننامە و نوسینی دروشمی سەر دیوار.

هەموان پێکەوە نمونەی مرۆڤی ئازا و جوامێر و خۆڕاگر بون، رۆڵی گەورە و کاریگەریان لە باڵاکردنی کۆمەڵەدا هەبوو، پێکەوە لەگەڵ باقی تێکۆشەرانی تری کۆمەڵەدا لە شارەکانی تر توانیان فاکتەر و هۆیەکی گرنگ بن لە رەنگ ڕشتنی ئەنجامەکانی جوڵانەوەی رزگاری و دیموکراسی کوردستاندا .. لەو رۆژگارانەدا لە ساڵی ١٩٧٠وە هەنگاو بە هەنگاو، قۆناغ بە قۆناغ، هاتنە مەیدانی ئەو لاوانە بە کوڕ و کچ و بە پیاو و بە ژنەوە بۆ مەیدانی سەختی خەبات، کارێکی سادە و ئاسان نەبوو. ئەگەر تینی بیروباوەڕ و بونی مەسەلەیەکی ئەوتۆ پیرۆز نەبوایە، کە هەمویانی بە عەشقەوە بەرەو باڵا بۆ روبەڕوبونەوەی مەرگ و هەلومەرجە دژوارەکان کێش بکات، و فێریان بکات بەڕاستی "وەک کەڵ بژین ئەگەرچی کەمیش بژین" و تەمەنی لاوی خۆیان و ژیانیان بە قوربانی بەدەستهێنانی ئامانجەکانی گەلەکەیان بکەن ..

ئەوە کۆمەڵە بوو توانی هەموو ئەوانە و دەیان هەزار تێکۆشەری تری کوردستان لە سەنگەرە جیاجیاکانی خەباتدا کۆبکاتەوە و گیانبازییان پێ

بکـات .. ئەوە کـۆمەڵە بـوو تـوانی پـاش گەورەتـرین نوشسـتی ١٩٧٥ی گەلەکەمـان کاروانی سـەرکەوتوی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بخاتە ڕێ و باڵا بە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بکات.

لە ڕێـڕەوی شۆڕشـگێڕانەی چالاکیەکـانی هێزەکـانی پێشـمەرگە لە نـاوچە جیـا جیاکـانی کەرکوکـدا ئەو راسـتیە خـۆی سـەلماند، کە هەرێـم و کەرت و تیپەکـانی هێزی پێشـمەرگە و کـادرە سیاسـیەکانیش چەنـدە چالاک و بەکـارو کـاریگەر بـون، چەنـدە فەرمانـدەی لێهـاتو و پێشـمەرگەی ئـازا و قارەمـانی لـێکەوتەوە و چـۆن ناوچەکـانی دەشـتی کەرکـوک و شـوان و قەڵاسـێوکە و خاڵخاڵان و دەم زێ و باسەڕە و سەنگاو و زەنگنە و بناری کفری لە دوژمـن کرا بە ئاگر. چۆن لە سێبەری رزگاریشدا رەنگدانەوەی گیان و هیممەتی ئەو تێکۆشــەرانە و دڵســۆزیی و ژیریــی و هۆشــیاری هاوڕێکــانی ئەمڕۆیــان کەرکوکیان لە هەڵبژاردنەکاندا کرد بە نمونە.

منیش لەم دەفەرەی کەرکوک و لەو کۆمیتەی ئاگرەدا شـەرەفی هـاوڕێیەتی ئەو هەمـوو تێکۆشـەرە قارەمـانە و پێشـمەرگەکانیانم پـێ بـڕا .. هەر لەوێـدا ئەرکـی دانـانی بەردی بنـاغەی ڕێکخسـتنەکانی کەرکـوکم بەرکەوت و هەر لەوێـش زۆربەی مەشـقەکانی خەبـاتی شۆڕشـگێڕانەم لەگەڵ دەسـتە هەرە هەڵکەوتووەکانی کۆمەڵە و یەکێتی و گەلەکەمـان ئەنجامـدا. رەوای هەقە ئەو راســتیە بڵــێم، کە ئەگەر ئەو تێکۆشـــەرە گەورانە نەبونــایە، گەر زاتـــی شۆڕشگێڕانەی کەرکوکمان لەگەڵدا نەبوایە، نە من و نە هـیچ سـەرکردەیەکی تــر نەیــدەتوانی ببێــتە شــەریکی ئەو ســەرکەوتنانە و بیــرەوەریە پــڕ شانازییەکانی کەرکوک.

بـۆیە دەبێت بەرزە پـێ هەڵسین و ڕێـگە چـۆڵکەین، تـا پڕ شـکۆ کـاروانی شــەهیدەکانی کەرکـوک و ســەراپای کوردســتان بە بەردەم ملـی کەچمانـدا تێــپەڕن و ئەوســا لە ســایەی ئــازایەتی و بەخشــندەیی ئەوان و هــاوڕێ

زیندوەکانیاندا سەری بەر بڵند رابگرین و شانازی بەوەوە بکەین، کە هاوڕێی تێکۆشانی ئەوانە بوین.

یادی هەمویان بەخێر.

هاوڕێ ئەمیرەی تێکۆشەریش کارێکی جوانی کردووە، کە کەرکوکی فەرامۆش نەکردوە و ئەم کتێبە لە بارەی کەرکوک و شەهید و زیندانی و تێکۆشەرەکانی کەرکوکەوە دەخاتە بەردەستی خوێنەر و سەر رەفەی بەرزی کتێبخانەی کوردی و ئەرشیفی نەتەوەیی کوردستان.

بەم کارە جوانە، هاوڕێ ئەمیرە گەوهەرێکی جوان دەخاتە سەر مشتی یاقووت و مرواریيە جوانەکانی تری، لە کتێبەکانی، کە بێ گومان بە هەوڵ و کۆشش و ماندوبونێکی زۆر توانیویەتی ئەو ئەرکە نایابە بە ئەنجام بگەیەنێت و بوار نەدات ئەو مێژووە پڕ سەروەرییە، ئەو هەموو هیممەت و تێکۆشان و ئازایەتیە، ئەو هەمو گیانبازیی و بەخشندەییەی تێکۆشەرەکان لە خانەکانی بیرەوەریدا تەپوتۆزی رۆژگار دایانپۆشێ. جارێکی تریش دەستخۆشی لەو هەموو ماندووبونەی هاوڕێم ئەمیرە محەمەد دەکەم.

**هەڤاڵ مام جەلال دەڵێت:**

"بەدرێژایی مێژوو، کەرکوک شاری کوردستان بووە و کەس نەیتوانیوە ئینکاری لەسەر ئەو مێژووە بکات، ئێستاش هەرکەس ئینکاری لەسەر کوردستانی بونی کەرکوک دەکات، با لاپەڕەکانی مێژوو هەڵبداتەوە و واز لەم ئینکارییە بهێنێت."




ڕۆژی ٩ی شوباتی ساڵی ٢٠٠٤ لەکۆبونەوەیەکی ئەنجومەنی حوکمدا سەرۆک مام جەلال لە ڕێگەی مورافەعەیەکی مێژوویی و خستنەرووی چەند بەڵگەو نەخشەیەکی سەردەمی عوسمانی کوردستانیبوونی کەرکوکی بۆ رای گشتی جیهان سەلماند.

کەرکوک خاوەن پێگەیەکی جوگرافی تایبەت و سامانێکی سروشتیی دەوڵەمەندە، بۆیە مێژووەکەی مێژوویەکی تایبەتە و لەگەڵ ئاین و بیروبۆچونی جیاوازدا، دانیشتوانەکەی هەموویان پێکەوە دەرگیری ململانێی سەختی خەباتکردن بون دژی ئینگلیز و کۆمپانیاکانی نەوت و تەعریب و تەرحیل و تەهجیر، دانیشتوانەکەی لە کورد و تورکمان و کلد و ئاشوری و کەمە نەتەوایەتیەکانی تر پێکهاتووە.

ئەوەتا، مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد، لە ساڵانی پەنجاکانی سەدەی رابوردوودا ماڵی چۆتە کەرکوک و لە گەڕەکی شاترلۆ نیشتەجێ بووە و پاشان چۆتە گەڕەکی ئیمام قاسم و لە خانوی عەلی جگەرەدا نیشتەجێ دەبێت و لەوێ دەست دەکات بە کار و دواتر کاک عومەر دەبابە و عەونی یوسف و کاک عەلی عەسکەری و پاشتر هەڤاڵان فەرەیدون عەبدولقادر و خاڵە شەهاب و جەعفەر عەبدولواحید چونەتە ئەو شارە و دانیشتون ماڵەکانی خۆیان و هەڤاڵانیان کردۆتە بنکەی کۆڕ و کۆبونەوەی سیاسی و رۆشنبیریی و لەوێ گەنجانیان هوشیار کردۆتەوە و لەگەڵ شارەکانی تری کوردستاندا پەیوەندییان دروستکردووە. بۆیە، کە تەماشای مێژووی خەباتی نەتەوەکەمان دەکەین، کەرکوکییەکان بەشداریکی گەورەی خەباتی رزگاریخوازی گەلەکەمان پێک دەهێنن.

لەدوای جیابونەوەی باڵی مەکتەبی سیاسی، هەمیشە خەباتگێران بیریان لە رێگە چارەسەرێکی باشتر دەکردەوە بۆ چۆنێتی رزگارکردنی کوردستان. باڵەکە ژمارەیەکی بەرچاو رۆشنبیر و قاڵبوی سیاسیی گەورەی تیابوو، کە بەهۆی ئەزمون و شارەزاییانەوە، بیرۆکەی نوێیان لا گەڵاڵە بووبوو. ئەمانە لەو باوەڕەدا بوون کە پارتی بە هەردوو باڵەکەیەوە، جەلالی و مەلایی و شیوعی بە هەردوو باڵەکەیەوە لە سەرکردایەتی کردنی جولانەوەی رزگارییخوازی کورددا شکستیان هێناوە.

سەرکردایەتی پارتی لە چینی دەرەبەگ و سەرۆک هۆز و عەشیرەتەکان پێکهاتبون، کە ئەمانە هەمیشە بەرژەوەندی تاکیان لەبەرچاو ئەگرت و باڵی جەلالیش زوربەی ئەندامەکانیان لە وردە بورژوازی پێکهاتبوون، کە ئەمانیش بەپێی سروشتی خۆیان راڕان.

ئەم دوو لایەنە هیچیان لەگەڵ بابەتی دیموکراسی و پێشکەوتنخوازیدا نەدەهاتنەوە، بۆیە بە سود وەرگرتن لە بەرنامەکانی شۆڕشی چین، کە بۆ رزگار کردنی گەلانی ژێردەستەیان دارشتبوو کە بریتی بوو لە:

"بەرەی نیشتمانی و حیزبی پێشرەوە و لەشکری گەل .. مەبەست لە بەرەی نیشتمانی، واتە: (دروستکردنی حیزبێک کە لە هەموو چین و توێژێکی گەل پێکهاتبێت، نەک دروستکردنی بەرەیەک لەنێوان حیزبێکی گەلێکدا). جگە لەوەش هەر لەوکاتانەدا سازمانی ئینقلابی حیزبی تودەی ئێران لە بەکرەجۆ لە دەوری بەڕێز مام جەلال کۆبونەوە و ئەوانەش لەڕێی خۆیانەوە کاریگەرێتییان هەبوو لەسەر گەشەکردن و خەملاندنی بیرو بۆچونەکان و جگە لە رۆڵی سەرەکی جەنابی مام جەلال و ویستی خەباتگێڕان بۆ دۆزینەوەی رێگەچارە.

بەم جۆرە هەڤاڵانی باڵی مەکتەبی سیاسی تا دەهات بیروبۆچونەکانیان گەشەی دەکرد و لەناو جەماوەریشدا کاریگەرێتییان بەرچاو بوو.

لە رێکەوتی ١٩٧٠/٦/١٠دا یەکەمین کۆبونەوە بە مەبەستی دامەزراندنی کۆمەڵەی مارکسی – لینینی لە بەغدا کرا. لەو کۆبونەوەیەدا چەند هێڵێکی گشتییان بۆ نوسین دیاری کرد و بڕیاری دروستکردنی ئەڵقەی رۆشنبیری تیادرا.

کۆبونەوەکە بە سەرپەرشتی هەڤاڵ مام جەلال و ئەندامێتی هەڤاڵان فەرەیدون عەبدولقادر و فوئاد قەرەداغی و فازیلی مەلا مەحمود و دلێر صدیق بوو، هەر لەو کۆبونەوەیەدا بڕیار درا هەڤاڵان فەرەیدون عەبدولقادر و فوئاد قەرەداغی بکەونە پوختەکردن و داڕشتنی بەرنامەی کۆمەڵەی

مارکسی – لینینی و دواتر نوسراوەکە بخرێتە بەردەم هەڤاڵ مام جەلال.

بۆ ئەوکاتە و ئەوسەردەمە، دامەزراندنی رێکخراوێکی وا کارێکی زۆر پێویست بوو بە مەبەستی رزگارکردنی گەلی کورد و نەهێشتنی چەوساندنەوەی چینایەتی و نەتەوایەتی و دابینکردنی عەدالەتی کۆمەلایەتی.

ئەوکات هەل و مەرجەکە زۆر لەبار بوو بۆ گەشەکردنی کۆمەڵە، پەیتا پەیتا گەنجان لە هەموو سوچێکی کوردستانەوە پەیوەندییان بە ریزەکانی کۆمەڵەوە دەکرد، بەلام ئەرکی سەرشانیان سەخت و دژوار بوو، لەلایەکەوە دەبوایە کاری خۆیان لای پارتی ئاشکرا نەکەن و لەلایەکی تریشەوە لە حکومەت خۆیان بپارێزن.

ئەم شێوازەی خەبات تا نسکۆی جولانەوەی رزگاریخوازیی کوردستان بەو جۆرەمایەوە.

هەر لە ساڵی ١٩٧٠ دا بوو، کە ناوەندی کۆمەڵە کۆبونەوەی کرد و ئەرکەکان بەسەر ئەندامانی ناوەند دا دابەشکراو دابەشکردنەکەش بەم شێوەیە بوو.



**خاڵە شەهاب**

دانانی خاڵە شەهاب بۆ سەرپەرشتی کردنی شارەکانی بەغدا و خانەقین و دهۆک، سەرباری ئەرکە سەرەکیەکەی خۆی، کە بەرپرسی یەکەمی کۆمەڵە بوو، فازیلی مەلا مەحمود بۆ سلێمانی و دلێر صدیق بۆ بادینان و کاک فەرەیدون بۆ کەرکوک بوو. بەم چەشنە کاک فەرەیدون سەرەڕای بەرپرسیارێتی یەکەی خۆی وەک ئەندامی ناوەندی کۆمەڵە، یەکەمین سەرکردەی کۆمەڵەش بوو لەناو شاری کەرکوکدا و یەکەم کەس کاک عەلی بچکۆلی تەنزیم کرد.

**ئیبراهیم جەلال دەڵێت:**



**ئیبراهیم جەلال**

لە یەکێک لە کۆبونەوەکانی سەرکردایەتی کۆمەڵەدا بڕیار دەدەن، کە گرنگیەکی زۆرتر بە کەرکوک بدەن. بۆیە بڕیار دەدەن کە فەرەیدون عەبدولقادر وەک بەرپرسی ڕێکخستنەکانی کەرکوک لە بەغدا راژەکەی بگوێزێتەوە بۆ کەرکوک و بەندەش لە سلێمانییەوە هەوڵ دەم راژەکەم بگوێزمەوە بۆ کەرکوک چونکە من لە سلێمانی لە شانەکانی کۆمەڵەدا بوم. لەگەڵ حەمە سابیر و ئاوات عەبدولغەفور و فوئاد قەرەداغی و ئەشرەف شێخ شەرەف.

من ئەوکاتە چەند مانگێک بوو لە بەسرا لە مەنفاوە گەڕابومەوە بۆ سلێمانی و لە کێشەدا بوم لەگەڵ پارێزگا و بەڕێوەبەرایەتی گەنجینەی سلێمانی، هەلێکی باش بو، کە راژەکەم بگوێزمەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی گەنجینەی کەرکوک بەشی چاودێری خانەنشینی[1].

لە ١٩٧٢/٩/١دا لە بەشی چاودێری خانەنشینیی کەرکوک دەست بەکار بوم و هەر هەمان رۆژ چاوم بە کاک فەرەیدون کەوت.

پاش چەند رۆژێک یەکەم کۆبونەوەمان کرد بە بەشداری (فەرەیدون، عەلی بچکۆل، ئیحسان نەجم "ئەبو شەهاب" و بەندە)، کە بە ناوی رێکخراوی شاری کەرکوکەوە کارمان دەکرد.

بۆ من کەرکوک قوتابخانەیەک بوو، کە فێری ئەم راستیانەی خوارەوەی کردم:

---

[1] سەیری لاپەڕە (٤١) بکە لە کتێبی چەپکێک لە مێژووی کۆمەڵە.

١- بۆم دەرکەوت، کە رادەی چەوساندنەوە لە کویَ زۆر بیَ، دانیشتوانی ئەو شــویێنە لەڕوی گیــانی بەرەنگــاری و خەبــات و دڵســۆزی و پــاکی و تیکۆشانەوە پیشکەوتوترن.

٢- بـۆم دەرکەوت، چەقـی ململانیـی نەتەوەیـی لەهەر شـاریک و شـوینیک بـیَ، لەو شـوینە گیـانی نەتەوەیـی بەرزتـر و بەهیزتـرە، بـۆیە خەڵکەکـان و تیکۆشەرانی زۆرترن، و زۆڵە کورد و لەرِیَ لادەر و جاش و سیخوڕی زۆر کەمن. هەر بۆیەش لە کەرکوک خەڵکەکەی یا باشن، کە زوربەی هەرە زۆری شارەکەن، یا جاشن کە تاک تاکی شارەکەن.

٣- بـۆم دەرکەوت کە لە هەر جیگـایەک کـارگە و پـرِۆژەی پیشەسـازی هەبـیَ، ململانیـی چینـایەتیش بەهیـزە، کـۆڵەکەی ریکخـراوی چەپـیش چینـی کریکارن، لە کەرکوکیش کۆمپانیای نەوت هەبوو، چینی کریکارانیش لە کورد و عەرەب و تورکمان پیکهاتبون، بۆیە کەرکوک چەقی ململانیی نەتەوایەتی و چینایەتیش بوو، خەباتەکەشی خەباتی برِینی قۆناغی رزگاری نیشتمانی بوو بە رابەرایەتی کریکاران و جوتیاران.

ریکخســتنی ئەوســای کــۆمەڵە بە شــیوەی فەرشــی بــوو نەک هەرِەمــی، ریکخستنی فەرشی یا تەزبیحی، واتە هەر دوو کەس پیکەوە شانەیەک بون و هەریەک لەوانـیش لەگەڵ یەکیکـی تـردا شــانەیەکیان پیکهینــابوو، بـۆیە گەر مەترســی لەســەر هەر کەســیک لەوانە هەبـوایە یــا بگیـرایە هەر ئەو یەکەی دەناسی کە لەگەڵی بوو لە شانەدا[٢].

ئەو شانە سەرەکیەی کە لە سەرەوە باسم کرد، لەناوخۆماندا بەش بوین بەسەر چین و تویژەکانی شاردا. بە جۆریک، کە هەر ئەندامیک کار لەسەر تویژیـک یـا چینیـک بکـات، کریکـارانی کۆمپانیـای نەوت، کریکـاری رۆژانەی حەســیرەکە، کریکــارانی کــوورە گەچەکــان، خوینــدکاران، خوینــدکارانی

[٢] هەمان سەرچاوە، سەیری لاپەرِە ٤٤ – ٤٥ بکە.

خوێندنگای ئایینی، فەرمانبەران، کاسبکاران. بەم جۆرە هەر یەکێک لە ئێمە دەبوایە، چەقی کار کردنی خۆی لەناو یەکێک لەو توێژانەدا بوایە.

ئێمە لەسەرەتاوە شانەکەمان لە بەندە و کاک ئەحمەد کرێکار و کاک حەمیدی پۆلیس پێک هاتبوو.

چاودێری خانەنشینیی، پێکهاتبوو لە ١١ یانزە فەرمانبەر، کە ١٠ دەیان کورد بون و یەک عەرەبی مەسیحی و دوو کارگوزاریش، کە یەکێکیان عەرەب بوو.

پێم باش بوو سەرەتا لە دەوروبەری خۆمەوە دەست بە دروستکردنی ئەڵقەی رۆشنبیری بکەم. وە توانیم لەناو فەرمانبەرەکاندا، کاک عەدنان کە هاوڕێی کۆنترم بوو لەگەڵ کاک بەهادین، کە یەکێک لە کارگوزارەکان بوو، قایل بکەم پێکەوە بخوێنینەوە و پاشان ئەڵقەیەکمان پێک هێنا، دواتر هەردوکیان بونە شانەیەک. هەر لەهەمان کاتدا لەگەڵ کاک فەیسەڵ تاڵەبانی، کە ئەویش تایپیست بوو لە یەک ژوردا بوین و لە ماڵیشەوە زۆر نزیکی یەک بوین، هەوڵم دا کە ببینە ئەڵقەیەک، بەڵام دیاربوو پێش من کاک فەرەیدون کە دراوسێیان بوو هەوڵی لەگەڵ دابوو.

لە رێگەی بەهادینەوە برایەکی ترم ناسی (کاک ساڵح)، ئەویشمان لەگەڵ بەهادین کرد بە ئەڵقەیەک و کاک عەدنان و کاک فەیسەڵ کران بە یەک شانەی کۆمەڵە.

لە رێگەی ئامۆزای هاوسەر و هاوڕێم شوکری خانەوە، کاکە فەرهادی برای و سەلاحی سەرتاش و فەلاح و بەهادینم ناسی و بە هەوڵێکی کەم لەگەڵیاندا بوم بە ئەڵقەیەکی خۆپەروەردەکردن. کاک فەرهاد لە دواجاردا چووە کۆمیتەی ئاگرەوە و گیرا و شەهید کرا.

بەندە و فەیسەڵ تاڵەبانی و کاک فەرەیدون بە ئوتومبێلێکی تەکسی بەیانیان دەچوین بۆ فەرمانگە و نیوەڕوان دەگەڕاینەوە، شۆفێرەکە ناوی

کاک (مستەفا) بوو، زیاتر لە شەش مانگ هەولّم لەگەڵ دا تا پێکەوە بوینە هەڵقەیەکی خۆپەروەردە کردن.

هاوڕێیەکمان هەبوو رێک نەخرابوو، خزمی ئیحسان (ئەبو شەهاب) بوو، ئوتومبێلێکی بۆقی (فولکس ڤاگن)ی هەبوو، ئوتومبێلەکەی وەک ئەوەی کۆمەڵە خاوەنی بێ، هەموو کارەکانی کۆمەڵەی پێ دەکرا، بەتایبەت هێنان و بردنی بەیان و بڵاوکراوە*.

جارێک بەندە و فەرەیدون بە فەرمانی کۆمەڵە بەو ئوتومبێلە چوین بۆ سلێمانی، لەسەری تاسلۆجە ئستۆپی نەما، بە هێمنی و شارەزایی فەرەیدون بە هێواشی لەو بەرزاییەی تاسلۆجە چوینەوە خوارەوە، پاشان تراکتۆر رایکێشاین بۆ ناو شار و فیتەرێک چاکی کرد بە ٥٠ پەنجا دیناری ئەوکات سەبارەت بە گەشەکردنی کۆمەڵە و پێویستی بونی ئۆرگانێکی ناوەندی و بۆ بەسەر راگەیشتن و سەرپەرشتی کردنی رێکخستنەکان لەلایەن سەرکردایەتیەوە، کۆبونەوەی سەرکردایەتی لە کەرکوک لە ماڵی کاک فەرەیدون بەسترا بە ئامادەبوونی هەڤالانی سەرکردایەتی (شەهاب شێخ نوری، جەعفەر عەبدولواحید، فەرەیدون عەبدولقادر، حەمەی میرزا سەعید، ئاوات عەبدولغەفور)، وە بەشداری شەهید عەبدولڕەزاق لە هەولێر، و ئاسۆی شێخ نوری لە سلێمانی، و ئیحسان نەجم و بەندە لە کەرکوک وەک ئەندامی پێشکەوتو.

لەو کۆبونەوەیە ئەم بڕیارانەی تیادرا:

١- پێویست بونی کاک شەهاب لە کەرکوک وەک چەقی رێکخستنەکانی کۆمەڵە.

٢- دابین کردنی شوێن بۆ کاک شەهاب.

٣- دەرکردنی ئۆرگانی ناوەندی کۆمەڵە بە ناوی (ئاڵای سور).

---

* ئەبو شەهاب و ئەحمەد کرێکار و محەمەد حەسەن دەڵێن ئەبو شەهاب خاوەنی ئۆتۆمبیلەکە بووە.

٤- پێکهێنانی لیژنەی سەرپەرشتی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە بە گشتی لە هەڤاڵان شەهاب، جەعفەر، فەرەیدون.

٥- بڕیاردرا کە شاری سلێمانی، ئاوات عەبدولغەفور و هەولێر جەعفەر عەبدولواحید و کەرکوک فەرەیدون عەبدولقادر، بەغداد حەمەی میرزا سەعید سەرپەرشتی بکەن.

ژمارە (١) یەکی ئالای سور لە مانگی تەمموزی ١٩٧٣دا دەرچوو، لەو ژمارەیەدا گرنگترین وتار لەسەر هەڵسەنگاندنی (بەرەی نیشتمانی و نەتەوەیی پێشکەوتنخواز)ی نێوان حزبی شیوعی و حیزبی بەعس بوو، وە هەڵوێستی کۆمەڵە لەسەری.

ژمارە (٢) دووی ئالای سور لە مانگی ١٩٧٣/١١دا دەرچوو، گرنگترین بابەتەکانی هەڵوێستی کۆمەڵە لەسەر شەڕی ١٩٧٣/١٠/٦ی نێوان جولەکە و عەرەب،

أ- پشتیوانی کردنی گەلی فەلەستین لە خەباتی ڕەوای.

ب- دژایەتی کردنی فەلسەفەی زایۆنیزمی داگیرکەری خۆداسەپێنەر (أستعماری أستیطانی).

ج- کێشەی فەلەستین لەناو گەمەی دەوڵەتە عەرەبییەکان و سۆڤیەت و وڵاتانی بەناو سۆسیالیستی و وڵاتانی سەرمایەداری.

ژمارە (٣) لە ١٩٧٤/٤/١دا دەرچو ئەم وتارانەی تیابوو

أ- باری ئەوسای وتوویژی نێوان مەلا مستەفا و حیزبی بەعس لەژێر مانشێتی (ڕەوتی وتوویژ بەرەو کوێ).

ب- هەڵسەنگاندنێکی چینایەتی لە دەڤەری ڕانیە و بتوێن، کە بەندە نوسیبوی.

کاک شەهاب شوێنی کارکردنی گوێزایەوە بۆ کەرکوک و بڕیار درا، کە لەگەڵ بەندەدا بژی و کاری سیاسی خۆی بکات.

خاڵە شەهاب لەوکاتەدا ناوی نرا (خاڵە عوسمان)، کە گوایە خاڵی هاوسەرمە و خێزانی نەماوە و هاتوە لای خوشکەزاکەی دەژی. لێرەوە خاڵە شەهاب نازناوی خاڵە عوسمانی بەسەردا بڕا.

ئاڵای سور زۆربەی وتارەکانی فەرەیدون عەبدولقادر دەینوسی و بە سەرپەرشتی کاک شەهابیش چاپ دەکرا، کە بە رۆنیۆیەکی دەستی بوو.

بۆ مێژوو دەمەوێ رۆڵی ئەو هەڤاڵانەی کە لە کەرکوک دا ئەوکاتی کاریان دەکرد و زۆر چالاک بون. ئەم هەڤاڵانە بون:

١- خاڵە شەهاب ٢- فەرەیدون عەبدولقادر ٣- ئیحسان نەجم ٤- عەلی بچکۆل ٥- ئازاد هەورامی ٥- ئەحمەد کرێکار ٦- حەمید پۆلیس ٧- نەجمەدین فەقێ عەبدوڵڵا ٨- رەفیق ساڵح ٩- فەیسەڵ تاڵەبانی ١٠- حەمید نانەوا ١١- فەرهاد ١٢- مەلا عەبدولڕەحمان ١٣- عەدنان تەقاعد ١٤- بەهادین عانە بەگی ١٥- وەردە (هاوسەری مام حەمید) ١٦- حوسنیە خان (هاوسەری ئەحمەد کرێکار و دایکی ئەحمەد کرێکار) ١٧- پاکیزە (هاوسەری فەرەیدون) ١٨- زەینەب خان (خێزانی شەهید ....) ١٩- دایکی مەدحەت کاکەیی ٢٠- شوکریە محەمەد سەعید هاوسەری بەندە ٢١- سانیە نەجم ٢٢- بەندە ٢٣- کاک مستەفای شۆفێری تەکسی.

من هەر ئەوەندەیان دەزانم، هەڤاڵانی تریش کەسانی تر دەناسن.

هەڵگیرسانەوەی شەڕ و – بەندیخانە

هەر لەسەرەتای مانگی ١٩٧٤/٣-ەوە هەمو هێماکان، دەستپێکردنەوەی شەڕی رادەگەیاند، سەرکردایەتی کۆمەڵە بەیانێکی بۆ ناوخۆی رێکخستنەکان دەرکرد، بە کورتی ئەوەی دەگەیاند کە (شەڕی رژێمی بەعس بە تەنیا لەگەڵ بارزانی دا نییە، بەڵکە هێرشە بۆسەر هەموو کورد و کوردستان، فڕۆکەکانی، تانکەکانی، سەربازەکانی، جاشەکانی، فیشەکی چەکەکانیان جیاوازی لە نێوان

ڕەش و سپیدا ناکەن، شەڕی جینۆسساید کردنی کورد و سوتماک کردنی خاکی کوردستان دەکەن بۆیە پێویستە لەسەر هەموو ئەو ئەندامانەی کە ناتوانن لە شارەکاندا کار بکەن، بچنە ریزی پێشمەرگە، هەم خەباتی نەتەوایەتی بکەن و هەم خەباتی چینایەتیش لەناو دێهاتەکانی کوردستان و هێزی پێشمەرگەدا.

لە کۆتایی مانگی ١٩٧٤/٣دا زۆربەی ئەو هەڤاڵانەی کە دەستنیشان کرابوون بچنە دەرەوە لە شارەکاندا نەمان.

زوربەی ئەندامانی سەرکردایەتی، هەموو رۆیشتن، بەر لە رۆیشتنیان کۆمیتەیەکیان لە کەرکوک دروست کرد بۆ سەرپەرشتی کردنی رێکخستنەکانی شاری کەرکوک لە بەندە و ئەحمەد کرێکار بە سەرپەرشتی ئەبو شەهاب. بەهەمان شێوەش لە هەولێر و سلێمانی و بەغداش من هەتا ١٩٧٤/٥/٢٧ لەو لیژنەیەدا کارم کرد، بەڵام لەو رۆژەدا لە فەرمانگەی چاودێری خانەنشینان لەلایەن ئاسایشی کەرکوکەوە دەستگیر کرام.

هەڤاڵ بەهادینی کارگوزار، هەر ئەوکاتە بە ماتۆڕ بە بیانوی پۆست دابەشکردن چووبوو بۆ ماڵی ئێمە، کە هەواڵەکەیان بدەنێ. لە ماڵەوەش هاوسەرم و باجی زەینەب و دایکی کاک مەدحەت کاکەیی هەرچی لە ماڵەکەدا هەبوو، بەیان و کتێب و دەستنوس دەربازیان کردبوو، خاڵە شەهابیش چوبوو بۆ ماڵی ئەحمەد کرێکار و شەویش برابووە دەرەوەی کەرکوک[٣].

[٣] لە پاش چونە دەرەوە کاک فەرەیدون و کاک عەلی بچکۆل و ئیحسان نەجم لەسەرەتای مانگی ١٩٧٤/٣ ەوە، هەموو بەیان و بڵاوکراوە و نامەکانی سەرکردایەتی کە خاڵە شەهاب بەرپرسی بوو، لە رێگەی بەندەوە بە هاوکاری هاوسەرم لە کەرکوکەوە دەبرا بۆ سلێمانی و بۆ هەولێر تا رۆژی گرتنم.

ماڵی سپی بۆ رۆژی رەش

رۆژێک کاک ئاسۆی شێخ نوری بە کاری کۆمەڵە دێتە کەرکوک و لە بازاڕی حەسیرەکە لە کەرکوک تەکسیەک دەگرێ، کە بیگەیەنێتە فەرمانگەی خانەنشینی بۆلای من، لە رێگا شۆفێرەکە لە ئاسۆ دەپرسێ بۆچی دەچی بۆ خانەنشینی؟ ئەویش دەڵێت: ئیشی خانەنشینی باوکم لەوێیە فەرمانبەرێکی خەڵکی سلێمانی لێ یە بەشکم یارمەتیم بدا زوو کارەکەم بۆ تەواو بکات. شۆفێرەکەش پێی دەڵێت: من فەرمانبەرەکان دەناسم یەک فەرمانبەریان خەڵکی سلێمانییە. گەر بۆ لای کاک ئیبراهیم جەلال دەچی، مەچۆ چونکە دوێنی لەلایەن ئاسایشەوە دەستگیرکرا.

ئاسۆش پێی دەڵێت: هاوسەرەکەی خوشکمە بەڵام ماڵیان نازانم تۆ ماڵیان دەزانی؟

شۆفێرەکەش دەڵێت: بەڵێ، من هاتوچۆ بە کاک برایم بۆ فەرمانگە و هاوسەرەکەشی بۆ قوتابخانە دەکەم.

بە رێکەوت شۆفێری تەکسیەکە کاک مستەفا دەبێ، ئاسۆ دەباتە بەر ماڵی خۆمان و ئاسۆش هەر دوای ئەوە دەچێتە گەراجی سلێمانی و دەگەڕێتەوە[٤].

بەهۆی بەندکردنەوە هەتا ١٩٧٤/٩/٣٠ رۆژی بەربونم لە کۆمەڵە دابڕام، دوای بەربونم زۆر زۆر بە نهێنی نەبوایە پەیوەندیم بە کەسیانەوە نەدەکرد لەبەر سەلامەتی هاوڕێیان، تەنیا پەیوەندیم بە ئەحمەد کرێکارەوە هەبوو تا گەڕانەوەم بۆ سلێمانی پاش ئاشبەتاڵ.

---

[٤] بۆ زانیاری زیاتر تکایە سەیری (چەپکێک لە مێژووی کۆمەڵە) لاپەڕە (٤٣ تا ٦٩) بکەن.

٢٠١١/٨/٦

**کاک عەلی بچکۆل ئەڵێت:**



**عەلی بچکۆل**

باوکم ناوی محەمەد قادر ئەحمەد بەگە و دایکم خەڵکی قەڵاسێوکەیە و باوکم دوو ژنی هێناوە و لە ژنی یەکەم سێ کوڕ و کچێکی بووە و لە ژنی دووەم تەنها برایەکمان هەبووە و ئەویش لە تەمەنی دووساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

لەبەر دەستکورتی خێزانەکەم هەموو کارێکی ئابڕودارانەم کردووە بۆ دەستەبەر کردنی بژێوی ژیانمان.

لە ڕێکەوتی ١٠ی ئەیلولی ١٩٦١دا ڕۆیشتم بۆ دەربەندی بازیان و پەیوەندیم کرد بە پارتیەوە. لەگەڵ ئەوەی بە تەمەن مناڵ بووم، بەڵام بەشداری شەڕەکەم کرد و کە گەڕامەوە کەوتمە ئیشکردن و چون بۆ داربڕین، وردە وردە پێشمەرگەم دەبینی ئەوکاتە ناویان لێ نەنابوون (پێشمەرگە)، ناویان (کۆمەڵە) بوو. کە من ئەوانم دەبینی، ئەوان خۆیان لێ لادەدام و نەیاندەویست بزانم ئەوان چی دەکەن و بۆ کوێ دەچن، ئیشەکانی من بەردەوام بوون. بۆیە وایان لێ هات جارجار داوای بردنی شەکر و چا و کڕینی پێداویستی ڕۆژانەیانم لێ بکەن. بگرە هەڕەشەشیان لێ دەکردم و دەیانووت، گەر ناومان بەریت خراپت بەسەر دەهێنین.

وردە وردە سەرسامی ئەو کۆمەڵانە بووم. تا دەهات متمانەی زیاتریان پێ دەکردم و کار و فرمانیان بەسەردا دەدام و منیش بە وریایی و دڵخۆشیەوە بۆم جێبەجێ دەکردن و تا ١٩٦٢/٣/٣ چومە ئەشکەوتی دوکون لە چەمی ڕێزان، تەماشام کرد نزیکەی ٢٠ بیست کەسێکی لێیە و باشترین

چەکیـان تفەنگێکـی یـانزە تیـری دەسـتی حەسـەن کەوڵ (شـەهید) لەگەڵ تفەنگێکی ئوردنی دەستی ئەحمەد عەبدوڵڵا کە لوڕییە.

پرسیاریان کرد خێرە هاتویت؟

وتم: هاتووم ببمە کۆمەڵە.

بە زەردەخەنەوە وتیان جاری تۆ منداڵیت و زووە دەست بکەیت بە خەبات و تێکۆشـان و ئەوکـارەی ئێمە دەیکەیـن، کـارێکی سـەخت و دژوارە و بە تـۆ جێبەجـێ ناکرێـت. ئەو ئـیش و کـارانەی تـاکو ئێسـتا بـۆت جێبەجـێ کـردوین مایەی دەستخۆشی و سوپاسە.

منیش وتم: هەرچیم پێ بسـپێرن ئەنجامی دەدەم و مـن کەسـێکی بەتوانـام و مومکین نییە بگەڕێمەوە.

کە زانیان سورم لەسـەر قسەکانم، لێم گەڕان و وتیـان دەبێت نهێنـی پـارێز بیت و بە وردی ئەرکەکانت جێبەجێ بکەیت. ئیتر رۆژانە بەبێ چەک هەرچیم پێ بوترایە بە خۆشیەوە جێ بەجێم دەکرد.

لەوکـاتە بەدواوە بەردەوام بـوم لەسـەر خەبـات و کـاری پێشـمەرگایەتی و چـومە هەمەدان و ئیتـر ناکرێـت بە وردی و بە دورودرێـژی باسـی ژیـان و بەسەرهاتی کار و خەباتی خۆم بکەم و بە کورتی دەڵێم:

سـاڵی ١٩٧٠ کاتێـک گەڕامەوە بـۆ کەرکـوک، کـاک فەرەیـدون عەبـدولقادر دەستنیشان کرابوو بۆ سەرپەرشتی کاروبارەکان لە کەرکوک.

مـن لە رێـگەی یاسـین ئەنـوەرەوە (خوێنـدکاری زانکـۆی بەغـدا) تـێکەڵاوی هەنـدێک خوێنـدکاری رۆشـن فکـر و هوشـیاری زانکۆکـانی بەغـدا بـوم. لەوانە ئەنیس شـاکر و ئەنوەر حەسـەن (١٩٨٢/٣/٥ لە قـازان شـەهید بـوو) و جەبـار ئاسـۆی خـاوەنی کتێبخـانەی ئاسـۆ لە کەرکوک و لە سکرتاریەتی قوتابیـانیش بـوو. (ئەم کـوڕە هەرچـی بڵاوکراوەیەکـی تـازە هەبـوایە بـۆی دەهێنـاین و سـودمان لـێ وەردەگـرت) و مامۆسـتا عەزیـز مەحمـودی سـەرکردەی خەڵکـی

سـلێمانی (لە موصـڵ لەسـێدارە درا) ئەویـش دەهـات، چـونکە هـاوڕێی خوێندکارە کەرکوکیەکانیش بوو لە زانکۆی بەغدا.

ئەم چاوپێکەوتنـانە کـاریگەرێتی باشـیان هەبـوو لەسـەر خەملانـدنی بیرۆکەی نویَ و بەپێز. تا رۆژێکیان یاسین ئەنوەر هات بۆلام و وتی:

برادەرێک هەیە وەکو ئێمە بیر دەکاتەوە و لە بەلەدیاتی کەرکوکە و باسی تۆم بۆ کردووە، وتویەتی: ئەمجارە لەگەڵ خۆتا بیهێنە و حەز دەکەم بیناسم.

رەزامەندیم پیشان دا و بۆ بەیانی لەگەڵ یاسین چوینە لای و بەیەکتری ناساندین و زانیم ئەو کەسە ناوی فەرەیدون عەبدولقادرە. (ئەوکاتە خۆشمان لە کەرکوک کۆمەڵێک بوین لە باڵی مەکتەبی سیاسی، کە هەمیشە کۆدەبوینەوە و گفتوگۆمـان دەکـرد و بیرمـان لە رێگەچـارەیەک دەکـردەوە و دەگەڕایـن بەدوای دروستکردنی تەنزیمێک دا، کە لەگەڵ هەلومەرجەکەدا بگونجێت).

پاش هەندێک قسەو گفتوگۆ کاک فەرەیدون وتی:

حەز دەکەم لە ماڵەوە یەکتری ببینین و عەسر سەرێکم لیَ بدە. ناونیشانی ماڵەکەیانی دامیَ، کە لەسەر رێگەی بەغدا بوو، عەسر چوم و پێی وتم:

ئێمە تەنزیمێکمـان هەیە بە نـاوی کـۆمەڵەی مارکسـی لینینـی گۆشـکراو بە بیروبـاوەڕی ماوتسـی تۆنـغ، یەکسـەر سـڵەمیمەوە، چـونکە کـورد لە نـاوی شـیوعی ترسـابو، دواتـر لە درێـژەی قسـەو گفتوگۆکانمانـدا باسـی ئەوەی بـۆ کردم، کە هەڤاڵ مام جەلال سکرتێری ئەو رێکخراوەیە.

هەر بە بیسـتنی نـاوی مـام جەلال، ترسـەکەم رەوییەوە و کـاک فەرەیـدون پەیـڕەو و پڕۆگرامـی دامـیَ، کە پێـنج شـەش لاپەڕە بـوو لە بەرگێکـی سـوردا، دوای گەڕانەوەم، بە وردی کەوتـمە خوێنـدنەوەی پەیـڕەو و پڕۆگـرامەکە و ئامـادەیی خـۆم نیشـان دا بـۆ بەشـداری کـردن لە خەبـات لەو رێکخـراوەدا و تائێستاش لە خەبات دانەبڕاوم.

وردە وردە ژمارەی هەڤالانی ناو رێکخستنی کۆمەڵە کەوتە زیاد بوون.

کاک فەرەیدون لیژنەیەکی دروستکرد لە (بەندە و عەبدولڕەزاق محەمەد و ئەبو شەهاب و ئەحمەد کرێکار). مام حەمید تاکو بڵێی کەسێکی ئازا و خۆنەویست بوو، بەڵام لە لیژنەکەدا ئەندام نەبوو، لەگەڵ ئەوەدا ئەو بزوێنەر و بەرەوپێشبەری کاروباری لیژنەکە بوو. هیچ کارێکیش بێ ئاگاداریی مام حەمید ئەنجام نەدراوە.

کاک عەلی لەبەردەوامیی قسەکانی دا دەڵێت:

لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٢ و سەرەتای ساڵی ١٩٧٣دا، دوای ئەوەی فشاری کوردە خراپەکانی سەر بە رژێمم لەسەر بوو، لە رێگەی برای خۆشەویستم کاک فەرەیدونەوە نەقڵی چەمچەماڵ کرام.

ئەوسا چەمچەماڵ ئیدارەی حوکمی زاتی بوو، مودیری شارەوانی چەمچەماڵ وەری نەگرتم، وتی: کێ ناڵێت تۆ سەر بە رژێم نیت؟

گەر وانیە لە ماوەی بیست و چوار سەعاتدا بچۆرە سەنگاو و کتابی لقی (٣)ی پارتیمان بۆ بهێنە، گەر درەنگتر هاتیتەوە جێگاکەت پڕ دەکەمەوە، منیش زۆر بەپەلە چوم بۆ سەنگاو، ئەوکاتە کاک نورەدین عەبدولڕەحمان کەرکوکی و کاک رەسول مامەند لە لق بون. دەستبەجێ نامەیان دامێ و گەڕامەوە چەمچەماڵ و بە فەرمانبەری دائیرەی کارەبا وەرگیرام. لەو ماوەیەدا هەوڵی زۆرم دا بۆ گەشەپێدانی ریزەکانی رێکخستنی کۆمەڵەی مارکسی - لینینی.

لە چەمچەماڵ سەرەتا کاک ئەحمەد رەحیم پیا زاوم لە ئەڵقەی رۆشنبیری دا رێکخست و دوای ئەو کوردە محەمەد میرزا، کە کارمەندی دائیرەی کشتوکاڵی چەمچەماڵ بوو، پاشانیش بوو بە لێپرسراوی رێکخستنی چەمچەماڵ. بەداخەوە پاش ئەوەی دەستگیرکرا دوژمن دڕندانە بزماریان بەسەردا داکوتا و شەهیدیان کرد. دواتر کاوەی رەحیم رەزا و مامۆستا بەهجەت و مامۆستا عەبدوڵڵا عەبدولقادر گۆپیتەیی و دلێر محەمەد میرزای

(برای شەهید کوردە). [ئەم دوو مامۆستا بەڕێزە هاوکارێکی باش بون و دڵسۆزانە کاریان بۆ دەکردم و دەست نوسینیشیان بۆ دەکردم. پاشانیش ڕێکخستنی چەمچەماڵ لەسەر دەستی ئەو هەڤاڵانە کۆمەڵێک پیاو و ژنی قارەمان و چاونەترسیان هێنایە ناو ریزەکانی ڕێکخستنەوە]. لە چەمچەماڵ بەردەوام سەرقاڵی کار و چالاکی بووم و لەگەڵ ئەوەشدا ئەندام بووم لە ڕێکخستنی پارتی دیموکراتی کوردستان بەپێی ڕێکەوتنەکەی مەکتەبی سیاسی و پارتی، ئەندامی نەقابەی کرێکارانی چەمچەماڵ و ئەندامی کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردیی چەمچەماڵ و ئەندامی یەکێتی لاوانی چەمچەماڵ بوم و یەکەم ئەندام بوم هەڵبژێردرام بۆ کۆنگرەی سێ ی لاوان و لە هەولێر بەشداریم کرد لە کۆنگرە و منیش هەموو ئەو شوێنانەم بەکاردەهێنا بۆ کاری کۆمەڵە و راکێشانی خەڵکانی باش بۆ ناو ریزەکانی ڕێکخستن.

مانگانەش بەشداری کۆبونەوەکانی کەرکوک بووم تا مانگی ١٩٧٤/٥ و بە بڕیاری کۆمەڵە بەشداریی شۆڕشی ئەیلولم کرد.

کاتێک بڕیاری دەرچون و بەشداریمان بۆ ناو شۆڕش دەرچوو، من و کاک ئازاد هەورامی و صادق فەیلی و شێرکۆ عەسکەری چوینە گوندی عەسکەر و لە ماڵەکەی خۆمدا بنکەی خۆ پەروەردە کردن و پەروەردەکردنی هاوڕێیانم دانا. من ئەندامی پەیوەندی نێوان کۆمیتەی سەرکردایەتی و ڕێکخستنی کۆمەڵەی کەرکوک بووم.

ئەمەش ناوی هەندێک لەو تێکۆشەرانەی سالانی ١٩٧٠-١٩٧٣یە کەڵەقۆناغێکی زۆر دژوار و سەختی خەباتی رەوای گەلەکەمان دا بەشدار بوون و داوای لێ بوردن ئەکەم لەو هەڤالانەی کە ناویانم لەیاد نەماوە. (حەمید محەمەد کاکە مەد، ئەحمەد کرێکار، ئەمین کەریم شەریف (مامۆستا شێرکۆ)، سالار بۆگدی، مامۆستا عەبدولقادر، مەلا عومەر، مەلا محەمەد شەریف، مام رەش، عەلی مەجید جاف، کە یەکەمین کادری کۆمەڵە بوو لە

کەرکـوک ناردمـانە نـاو جوتیـاران (شـەهید بـووە)، بێسـتوون عەسـکەری (شەهید)، بنەماڵەی کاک ئازاد هەورامی، فەیسەڵ تاڵەبانی (شـەهید)، ئیبراهیم جەلال، هونەرمەندان عەلی کەریم و جیهاد دڵپاک و بنەماڵەکەی، عەبدولرەزاق محەمەدی فستق فرۆش و بنەماڵەکەی (شـەهید)، حەمید کەریم (شـەهید) و بنەماڵە تێکۆشـەرەکەیان، محەمەد عەبدوڵڵای شارەوانی و محەمەد جەباری شۆرجە و مامۆستا عەبدوڵڵای شۆرجە و مەلا ناصح مەجید تۆماری و شێخ عەبدوڵڵا عەسکەری و بنەماڵە تێکۆشـەرەکەیی و سـەمەد محەمەد کەریم ناسـراو بە (محەمەد پەری) و سـەمەدە رەش و مەلا ئـاراس (شـەهید) و ئیحسان نەجم (ئەبو شـەهاب) و بنەماڵەکەی و مەلا عەبدولڕەحمانی ئاوبارە و زامـن دانیشـتوی گونـدی سـورەدێ و بـاهیر یـابەی گونـدی قەمـبەری ناوشوان و مەلا بەهادین و شێخ ستاری خەیات لە کەرکوک و شێخ محەمەد عیزەدین (ئەندامی پارتی و هاوڕێ ی کۆمەڵە) و وریا ئاغجەلەری و ڕێبوار کەریم جاف (یەکەم هاوڕێی قەڵا سێوکە) و سـەلام جاسم زەندی و نەجم فەقێ عەبدوڵڵا (ئەم دوو کوڕە گەنجە لەگەڵ کاک ئازاد هەورامی دا، خەتێکی گەورەی ڕێکخسـتنیان لابـوو، ئەمـانە خوێنـدکار و ڕێکخسـتن بـوون) و حەمەنوری محەمەد و جەلالی خزمی و مولازم کامیلی ئیمام قاسم و شێخ سەلامی گۆزەبۆرە و عوسمان عومەر عەبدولڕەحمان، کە بە بنەماڵەکەیانەوە ئەنفـال راپێچـی کـردن و ئەنـوەر حەسـەن (شـەهید) و فریـا عەلـی و حەمە قەرەداغی و هەموو ئەو هەڤاڵانەشی کە لەم کتێبەدا باسیان لێوە کراوە.

کاک عەلی لە درێژەی باسەکەیدا دەڵێت:

پاش ئەوەی کاک فەرەیدون عەبدولقادر منی تەنزیم کرد، منیش یەکەم کەس کاک حەمید محەمەد کاکەمەد (مام حەمید)م تەنزیم کرد، کە بە حەمیدە سور و حەمیدی گومرگیش ناسراوە.

٢٠١٠/٥/٣



حەمید محەمەد کاکەمەد

**کاک حەمید محەمەد کاکەمەد (مام حەمید)** ساڵی ١٩٤٠ لە گوندی تۆپزاوای سەر بە مەرکەزی کەرکوک لەدایک بووە و سێ براو خوشکێکن و دایکیان ناوی یەمەن عەبدوڵڵا بووە.

مام حەمید سەرەتا حەرەسی بیری نەوت بووە و دواتر ئەو کەسانەی کە گەنج بوون کراون بە پۆلیسی نەوت. مام حەمید وا باسی خۆیمان بۆ دەگێڕێتەوە:

دوای شۆڕشی ١٤ چواردەی تەموز ناکۆکی کەوتە نێوان کورد و تورکمانەوە. تورکمانەکان لە کوردەکانیان دەدا و لێیان دەکوشتن، مقەڕی پارتی لە کەرکوک کرایەوەو کاک عومەر دەبابە بوو بە بەرپرسی، منیش لە ڕێگەی سەید حەسەن و فوئاد شۆراوایەوە پەیوەندیم کرد بە ریزەکانی ڕێکخستنی پارتییەوە.

لە مانگی ١٩٦٢/٦دا نەقڵ کردنی (شورتە) بۆ جنوب دەستی پێ کرد. قەرارێکی پارتی هەبوو، کە خەڵک نەچێت بۆ جنوب و دەبێت پەیوەندی بە شۆڕشەوە بکات.

١٩٦٢/٦/١٦ چومە چەمی ڕێزان، رەئیس کەمالی لێ بوو، جەنابی مام جەلال هاتە چەمی ڕێزان، من و غەریب سەعید کەوتینە دەستەکەی مام جەلالەوە تا مفاوەزاتی ساڵی ١٩٧٠.

فاخیر مێرگەسوری هات بەدوای مام جەلال دا بچێت بۆلای بارزانی.

مام پێی وتم: حەمید تۆ لە ماڵی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد بمێنەرەوە. وتم:

من ماڵ و منالّم جێ هێشتووە و قەرزارم. دەچم مشوریان دەخۆم و دەگەڕێمەوە.
مام یانزە دیناری دامێ.
رۆژێک بانگی کردم و وتی:
حەمید شێوازی کارکردنی ئەم حیزبانە بۆ ئەم قۆناغەی خەباتی گەلەکەمان سودی نیە، دەبێت بیر لە شێوازێکی دیکەی خەبات بکەینەوە، کە لەگەڵ هەلومەرجی ئەمڕۆدا بگونجێت.
گەڕامەوە بۆ کەرکوک و کاک عەلی بچکۆلم بینی، ئێمە پێشتر هاوڕێ بوین و باسی قسەکانی مام جەلالم بۆکرد، کاک عەلی وتی، دە کەواتە با پێت بڵێم: ئێمە ڕێکخستنێکمان دەست پێ کردووە بۆ کۆمەڵە و بە وردی بابەتەکەی بۆ باس کردم. ئەوەبوو کاک عەلی منی تەنزیم کرد و منیش یەکەمین کەس مەلا عەبدولڕەحمان پێنجوێنیم تەنزیم کرد، کە نائیب زابتێکی خانەنشین بوو.
کاک مەلا عەبدولڕەحمان پیاوێکی نهێنی پارێز و شارەزای زوربەی بوارە سەربازییەکان بوو.
کاتێک خاڵە شەهاب هاتە کەرکوک، چەند کۆبونەوەیەکمان کرد و وتی:
ناکرێت لە کەرکوکدا شوێنێکمان نەبێت بۆ یەکتربینین و کۆبونەوە.
منیش وتم:
زەویـیەکم لە گەڕەکی ئازادی هەیە و دەتوانین لەوێ ئەو حەشارگەیە دروست بکەین. ئەمە ساڵی ١٩٧٢ بوو، ماڵەکە بە هەرەوەزی دروست کراو ئەوانەی ئیشیان تیا کرد، کاک عەلی بچکۆل و مەلا عەبدولڕەحمان و یاسین ئەنوەر بوو، دروستکردنی ژێرزەمینەکەش لەسەر نەخشەی خاڵە شەهاب بوو، بەڵام تێچووەکەی لەسەر خۆم بوو، ماوەی ساڵێکی خایاند تا تەواومان کرد.
لەناو حەدیقەی ماڵەکەمانەوە دەرگایەکی تیابوو بۆ ژێرزەمینەکەی.



دەرگای ژووری ژێرزەمینەکەی ماڵی مام حەمید

وەردە مستەفای خێزانم، هەموو ئەو هەڤاڵانەی دەناسی کە سەردانیان دەکردم، بۆیە هەرکەسێک بهاتایە ئەو بە وریاییەوە دەرگاکەی بۆ دەکردەوە. دەرگای روکەشی ژێرزەمینەکە لە شێوەی مەنهۆڵ دروستکرابوو، قەپاغێکی بەسەرەوە بوو، دوای ئەوەی قەپاغەکە لائەدرا دەرگایەک بوو بە پلیکانە دەچویتە خوارەوە. دەرگاکە زۆر بە وەستایی و لێزانینەوە دروستکرابوو، وەردەخان کە دەرگاکەی دەکردەوە بەپەلە لەسەرەوە دایدەخستەوە و لەم ژێرزەمینەدا تایپێک هەبوو، تایپەکە تایپێکی بچکۆلە بوو بە پیتی کوردی، کاک عەلی بچکۆل ئەم تایپەی لە ماڵی کاک فەرەیدونەوە هێنابوو. هەر لەم ژێرزەمینەدا ئاڵای سور تایپ کرا لەلایەن مەلا عەبدولڕەحمان پێنجوێنییەوە. ژمارە (یەک)ی ئاڵای سور بە قەبارەی یەک فلسکاپ بوو، بەڵام ژمارە (دوو) و (سێ)ی بڵاوکراوەکە بە قەبارەی نیو فلسکاپ بوون. ئەوانەی کاریان تیادەکرد، کاک ئارام (شەهید) و ئیبراهیم حەسەن لە سلێمانییەوە بابەتیان

دەنارد و کاک فەرەیدونیش بابەتی دەنوسی و کارەکەی بەڕێوەدەبرد و بەیانی خۆماڵی کردنی نەوتیش هەر لەو شوێنە و بەو تایپە چاپ کرا.

کاک حەمید لە بەردەوامیی قسەکانی دا دەڵێت:

خاڵە شەهاب (لە کەرکوک کارو چالاکی زۆر بوو، کاک عەبدولڕەحمانی برام مەعمەلی گەچی هەبوو، جارجار خاڵە شەهاب دەچووە مەعمەلەکە و لای کاکم دادەنیشت، تا لە نزیکەوە دەرفەتی هەبێت لەگەڵ کرێکاراندا قسە بکات. خاڵە شەهاب و کاک فەرەیدون توانایەکی سەیریان هەبوو، بۆ تێکەڵاو بوون بە خەڵکی زەحمەتکێش و کرێکار و کۆمەڵە کەسانێکی باشیان لەو چینە بۆ ریزەکانی کۆمەڵە رێکخست، لەناو جوتیارانیشدا کاری باشیان کرد، کوێخا جەلالی حەسار و قاسمەسور و مەلا عەزیز و بەهادین گۆگجەیی و زۆری تریان تەنزیم کرد.

هەر لە ساڵی ١٩٧٣دا بوو، خاڵە شەهاب سەفەری کرد بۆ بەیروت بۆلای هەڤاڵ مام جەلال بۆ قسەکردن لەسەر مەسەلە جیهانی و ناخۆییەکان.

خاڵە شەهاب کە گەڕایەوە، لە موصڵ مایەوە و کاک فەرەیدون چوو بۆلایی و چەند کۆبونەوەیەکیان کردبوو، دواتر کاک فەرەیدون گەڕایەوە و پاشان لە کەرکوک لەگەڵ خاڵە شەهاب دا، زنجیرەیەک کۆبونەوەیان کرد.

لە مارتی ساڵی ١٩٧٤دا کاک فەرەیدون و خاڵە شەهاب. بەیانێکیان دەرکرد بۆ پشتیوانی کردن لە خەباتی چەکداری.. هەر دوای ئەو بەیانە بڕیاردرا کە بەشێکی رێکخستنەکان بچنە دەرەوە بۆ ئەوەی فکری کۆمەڵە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بە خەڵک بگەیەین.

کاک حەمید لە درێژەی باسەکەیدا وتی:

هەر ساڵی ١٩٧١دا بوو، رۆژێکیان لەگەڵ کاک عەلی بچکۆل و ئەحمەد کرێکاردا، بە بەردەمی قەلادا دەهاتینە خوارەوە، کاک عەلی بچکۆل بە کاک ئەحمەدی وت:

کاک ئەحمەد دەست پێ بکەینەوە؟ ٢٠١١/٦/١٠

کاک ئەحمەد وتی:



ئەحمەد کرێکار

کاک عەلی جارێکی تر شەڕی کورد پێ کوشتنم پێ مەکە، بەڵام دواتر هەر زوو لەبەردەم داواکارییەکەی کاک عەلی دا خۆی نەگرتبوو چووبووەوە بۆلای کاک عەلی و پەیوەندی پێوە کردبوو.

کاک ئەحمەد ناوی حەمەکەریم عەلی رەزایە و ساڵی ١٩٤١ لە گوندی هەمزەی سەر بە قەزای چەمچەماڵ لەدایک بووە و دەڵێت:

نێوان ساڵی ١٩٤٧ – ١٩٤٨ بە ماڵەوە چوینە حەویجە، ئەوکاتە حەویجە عەرەبی تیا نەبوو، ناوچەکە کوردنشین بوو، هەر لە کەرکوک دەربچویتایە و تا دەگەیشتیتە حەویجە هەمووی موڵکی سەید ئەحمەدی خانەقای کەرکوک بوو.

حکومەت موراقیب زراعی هێنابوو فێری کشتوکاڵی دەکردن، ئەمان ئەو عەرەبانە بوون کە هەر خەریکی ئاژەڵداری بون و گەرمیان و کوێستانیان دەکرد. لە بەهاراندا دەهاتنە ئەمدیو حەمرین و زستانان دەچونەوە دەشتی عوزێم.

کاتێک موراقیب زراعییەکان فێری کشتوکاڵ بوون، حکومەتی ئەوکاتی عێراق ئەم عەرەبانەی بە زۆر نیشتەجێی حەویجە کرد. ئیتر حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق کردیان بە نەریت و بە بەرنامە عەرەبیان لە کەرکوک و دەوروبەریدا نیشتەجێ کرد. بەڵام لەگەڵ هەموو هەوڵە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق و ئێستاشی لەگەڵدا بێت، کورد لە کەرکوک ژمارەیان زیاترە و زوربەی دانیشتوانەکەی پێک دەهێنن.

ئەوەتا چەندین کیلۆمەتریش خوار داقوق و بۆ چیای حەمرین کوردەکانی کاکەیی و داودە و گل و تاڵەبانی و زەنگنە زەوییەکانیان جێ نەهێشتووە و بەدەست خۆیانەوەیە، کاک ئەحمەد لە بەردەوامیی قسەکانی دا وتی:

۱۹۷۰/٦/۱۰ کۆمەڵە خۆی ناساند و زۆر بە نهێنی کاری دەکرد، لەلایەکەوە خۆی لە بەعسییەکان دەپاراست و لەلایەکی ترەوە دەبوایە خۆی لە پارتی بپارێزێت.

کاک فەرەیدون عەبدولقادر یەکەمین بەرپرسی کۆمەڵە بوو لە شاری کەرکوک و دوای ئەو ئیبراهیم جەلال و کاک عەلی بچکۆل و ئینجا ئەبوشەهاب و فەیسەڵ تاڵەبانی و ئازاد هەورامی و ئەحمەد کرێکار، دوای ئەوە کاک فەرەیدون لیژنەی دروست کرد بەناوی لیژنەی رێکخستنی شاری کەرکوک، کە ئەندامەکانی بریتی بون لە عەلی بچکۆل و عەبدولڕەزاق محەمەد و ئەبوشەهاب و ئەحمەد کرێکار. دواتر لیژنەکە گەورەتر کراو ئیبراهیم جەلال و ئازاد هەورامی و حەمید محەمەد و بەندەی تیا بوین.

ئێمە کە باسی خەبات دەکەین لە کەرکوک، نابێت باس لە رۆڵی بەرچاو و گەورەی خاڵە شەهاب نەکەین. ئەوەندەی من لە کەرکوک ئەمبینی هەمیشە جلوبەرگی کوردی لەبەردەکرد و هیچ کاتێکیش پاکەتە جگەرەشی لەسەر پارەی ئابونەی ئەندامانی کۆمەڵە نەدەکڕی و دەیووت با پشت بە خۆمان ببەستین لەڕوی ژیان و پەروەردەکردنەوە.

دوا کۆبونەوەمان لەگەڵ خاڵە شەهاب دا ساڵی ۱۹۷٤ بوو لە ماڵی ئێمە. ئێمە لە حەوشێکدا کرێچی بوین، دوو ژوورمان هەبوو، ژورێکیان لە خوارەوە و ژورێکیان لەسەرەوە، خاڵە شەهاب کە دەهات دەچووە ژوورەکەی سەرەوە و هەندێک جار چەند رۆژێک دەمایەوە و هەمیشە یان کۆبونەوەی دەکرد یان کتێبی دەخوێندەوە، لە دوا کۆبونەوەیدا وتی:

رژێمی بەغدا لە بەڵێنی خۆی پەشیمان بۆتەوە و شەڕ دەست پێ دەکاتەوە و دەبێت ئێمە وەکو کۆمەڵە بچینە دەرەوە بۆ پێشمەرگایەتی و

هەرچی کادری ئەساسی و سەرکردایەتی هەیە، هەموو بچنە ناو هێزی پێشمەرگەوە تا بتوانین نەوعیەتی شۆڕش بگۆڕین، ئەوەشمان بیر نەچێت دەبێت زۆر بە نهێنی کار بکەین. ئیتر بڕیاری چونە دەرەوەی هەڤاڵانی دا و وتی:

خۆم دەچمە ناوپردان و کاک فەرەیدون بۆ پێنجوێن و هەڤاڵان عەلی بچکۆل و ئازاد هەورامی و سیروان تاڵەبانی بۆ بەری قەرەداغ و صادق فەیلی و شێرکۆ عەسکەری بۆ گوندی عەسکەر و مام حەمید و عەلی مغاویریش بۆ ناوچەی قرغ و تاڵەبان.


ئەبو شەهاب

بۆ ڕێکخستنی ناو شاری کەرکوکیش ئەبو شەهابی مخەوەل کرد بۆ سەرپەرشتیکردنی کۆمەڵە.

پاش دوو مانگ ئەبو شەهاب بێ ئاگادار کردنی ئێمە چووبوو بۆ پێشمەرگایەتی و کاک عەلی بچکۆل نامەیەکی بۆ ناردین و تیا نوسرابوو: ئەبوشەهاب هاتۆتە دەرەوە بۆ پێشمەرگایەتی و ئێوە کاری خۆتان بکەن، ئەمە کۆتایی مانگی ٥ی ساڵی ١٩٧٤ بوو، منیش نامەکەم هەڵگرت و بردم بۆ ماڵی ئیبراهیم جەلال تا هەواڵی چونەدەرەوەی ئەبوشەهابی پێ بگەیەنم.

شوکری خانی خێزانی دەرگاکەی کردەوە و دەستی کرد بە گریان و وتی:

سێ ڕۆژە برایمیان گرتووە و من هیچ زانیارییەکم نیە، کە لەسەر چی گیراوە، لێم پرسی ئەمن هاتۆتە ماڵتان و ماڵەکەتانی پشکنیوە؟

وتی: نەخێر.

هەر کە لە ماڵی کاک برایم دەرچوم یەکسەر ئاگاداری برادەرانم کرد، کە کاک برایم دەستگیر کراوە و ئێوەش ئاگاداری خۆتان بن.

لەو برادەرانەی کە ئاگادارم کردن:

نەجمەدین فەقێ عەبدوڵڵا و محەمەد حەسەن و محەمەد دێوانە شەریف (ساڵی ١٩٨٠ بێ سەروشوێن کرا).

پاش چوار رۆژ چومەوە بۆ ماڵی کاک برایم تا هەواڵێکی بزانم. شوکری خان وتی:

سۆراخم کردووە و لەسەر کاروباری رێکخستن نەگیراوە، بەڵکو لەسەر ئەوە گیراوە، کە موچەی بۆ ماڵی مام حەمید سەرف کردووە (ئەو چووبووە دەرەوە) بەڵام ئێوە هەر ئاگاتان لە خۆتان بێت.

جارێکی تر چومەوە بۆ ماڵیان و کاک برایم ئازاد کرابوو، بەڵام شوکری خان وتی: لە ماڵ نیە و ئێوەش مەیەن بۆ ئێرە و موراقەبەی لەسەرە.

کاک برایم بە هەمووی ٢٠ – ٢٥ رۆژ لە زنیدان بوو، ئیتر لەوە بەدواوە من کاک برایمم نەبینیەوە تا ساڵی ١٩٧٧ کە نامەیەکی کاک ئارام (شەهید) هاتبوو بۆ کەرکوک.

منیش بەپێی راسپاردەی نامەکە، چومە سلێمانی بۆ بینینی برادەرانی رێکخستن، لە شەقامی برایم پاشا و بەرێکەوت کاک برایم جەلالم بینی و زانیم هەر کە لە سجن بەربووە وەزیفەکەی خۆیی و شوکری خانی خێزانی، گواستۆتەوە بۆ سلێمانی و هییچ پەیوەندییەکی بە کەرکوکەوە نەماوە.

ئیتر ئەو هەڤاڵانەی کە لە ساڵی ١٩٧٤-١٩٧٥دا لە ناوشاردا مانەوە، بەندە و محەمەد دێوانە شەریف و مامۆستا محەمەد حەسەن و نەجمەدین فەقێ عەبدوڵڵا بوین و چەند برادەرێکی تری وەک فایەق عومەر رەسوڵ و فریا عەلی. ئێمە بۆ جێبەجێ کردنی کاروباری رێکخستن تەنها پشتمان بە خۆمان دەبەست و جارجارێکیش بڵاوکراوەیەکمان بەدەست دەگەیشت.



محەمەد حەسەن

مـــحەمەد حەســـەن خورشـــيد ناســـراو بە (عوسمان) و (قوتابی) لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٦ی گەڕەکی ئیمام قاسمە لە کەرکوک، دایکی ناوی سانیە نەجم محێدینە و چوار خوشک و چوار برا بون و کاک محەمەد دەرچوی پەیمانگەی مامۆستایانی هەولێرە بۆ ساڵی خوێندنی ١٩٧٨ – ١٩٧٩ و یەکەمجار لە گوندی دۆڵ مازەڵەی سەر بە شاری سلێمانی بە مامۆستا دامەزرا.

**کاک محەمەد حەسەن دەڵێت:**

من لە ماڵێکی کوردپەروەردا فێری سیاسەت بووم، خاڵەکانم، برایم و عەبدوڵڵا و خەلیل، کە لە شۆڕشی ئەیلول دا پێشمەرگە بوون، کاریگەرێتی زۆریان لەسەرمان هەبوو، هەموومان بە دایک و باوک و خوشک و براوە خەریکی کوردایەتی بوین و بە ماڵە جەلالی یەکە ناسراو بووین.

عەبدولستار تاهیر شەریف مێردی پورم بوو، دواتر نەسرین خانی کچیشی بوو بە هاوسەرم و خاڵە ئەبو شەهابیشم کاریگەرێتی هەبوو لەسەر شێوازی بیرکردنەوەم و گەشە پێ کردنی.

خاڵم ئەو کەسانەی پێ دەناساندم کە دەهاتن بۆ ماڵیان و منی لەبەردەرگا دادەنا و دەیووت، ئەوانەی کە دێن و دەیانناسیت با بەبێ دەرگا لێدان بێنە ژوورەوە. ئەوانەی دەهاتنە ماڵیان وەک (خاڵە شەهاب و ئەنوەر زۆراب و جەعفەر عەبدولواحید و فەرەیدون عەبدولقادر و عەلی بچکۆل و برایم جەلال و عەبدولرەزاق (شەهید) و شێرکۆ عەسکەری و ئەحمەد کرێکار و مام حەمید و ئازاد هەورامی لە ساڵی ١٩٧٣شەوە ئەنوەر حەسەن و مام بێستون و عەلی مەجید (عەلی نانەوا)، کە دواتر بوو بە پێشمەرگە و ساڵی ١٩٧٦

لەگەڵ حەمید باتاسی پێکەوە شەهید بوون و نەجمەدین فەقێ عەبدوڵلا و سەلام زەندی و ....تاد).

من ساڵی ١٩٧٣ چومە ناو ریزەکانی ئەڵقەی رۆشنبیری کۆمەڵەوە و کۆتایی هەمان ساڵ لە رێگەی نەجمەدینی فەقێ عەبدوڵلاوە بووم بە ئەندامی کۆمەڵە.

من لە شانەیەکدا بووم لەگەڵ قادر مستەفا و نەجمەدین فەقێ عەبدوڵلا سەرپەرشتی دەکردین.

هەر لەرێی نەجمەدینەوە ئاشنایەتیم بۆ دروست بوو لەگەڵ کاک ئازاد هەورامی، کە ئەوکاتە ئەندام ناوچەی قوتابیانی پارتی بوو، پاش هەرەس بەتەواوی لەگەڵ یەک ئاشنابوین و چەند هاورێیەکی ترم ناسی، لەوانە حەمید کاکەیی و حەمەی ئایشێ، کە لە سجندا زۆر خۆراگر بون و بەداخەوە لە ساڵی ١٩٨٠دا دەستگیر کران و بێ سەروشوێنیان کردن. سەمیع (شەهید) و عومەر قادر و فریا عەلی و کاکەرەش و جەلال شێخ کەریم و عوبێد تۆماری و مەلا ناصیح (کۆچکردوو) و فایەق عومەر رەسوڵ و خالید مەجید و سوارە کەمال و فەخرەدین و هیوا هەورامی و حسێن سێودین و سالار سابیر و غەفور و ئیسماعیل و بابەکر صدیق

چالاکی ئەو سەردەمەمان بریتی بوو لە خوێندنەوەی کتێبە مارکسییەکان و نامیلکەکانی ماوتسی تۆنغ و بەرپرسی شانەش باسی لە چالاکیەکانی هەفتە بۆ دەکردین.

کاک ئەحمەد کرێکار هاتەوە ناو باسەکەوە و وتی:

ساڵی ١٩٧٥ دوای هەرەس برادەرانی دەرەوە هاتنەوە ناو شار و کاک عەلی بچکۆل پێی وتین: دەبێت رێکخستنی شار و شاخ تێکەڵاو بکەینەوە و کارەکانمان رێکبخەینەوەو خۆمان سەرلەنوێ ساز بدەینەوە. دواتر هەردوو رێکخستنەکە بون بە یەک و سەرەتا سیروان تاڵەبانی (شەهید) بوو بە بەرپرس و من و کاک ئازاد هەورامی ئەندام بوین، لیژنەمان دروست کرد و

سـیروان تاڵەبـانی و کـاک ئـازاد هەورامـی ڕێکخسـتنی شـاخ بـون و منـیش ڕێکخستنی شار.

مام حەمید دەڵێت:

بە شایەتی هەمووان، من تەنها لەو لیژنە سێ کەسییەدا نەبووم، ئەگینا من بووبـووم بە تەتەرەکەی ئیمـامی عەلـی، مـن تەنهـا بـۆ دەنـگ دان لە لیـژنەکەدا نەبووم، ئەگینا وەکو تر هەموو کارێکم بۆ ڕێکخستن ئەنجام داوە.

کاک ئەحمەد دەڵێت:




**سیروان تاڵەبانی**

دواتر سیروان تاڵەبانی کرا بە بەرپرسی لیـژنەی ڕێکخسـتنەکانی شـاری کەرکـوک. بەڵام مـاوەکەی زۆر کەم بـوو، تەنهـا سـێ کۆبونەوەمان کرد، یەکەم کۆبونەوە لە ماڵی کـاک سـیروان بـوو، کۆبـونەوەی دووەم لە مـاڵی کـاک ئـازاد هەورامـی بـوو. سـێیەم کۆبـونەوە چوینەوە ماڵی سیروان تاڵەبانی. لە کۆبونەوەی یەکەم دا کاک سیروان وتی:

دەبێـــت ئەمجـــارە خۆمـــان شـــۆڕش هەڵگیرسـێنین و خۆمـان بـۆ شـۆڕش و پێشـمەرگایەتی ئامـادە بکەیـن، لە دووتـوێی قسـەکانیدا دەرکەوت، کە ئەو یەکـێکە لەو کەسـانەی کە بەنیـازی چونە دەرەوەیە. لە ماوەی ئەو سێ کۆبونەوەیەدا وەزیفە و ماڵەکەی بردە سلێمانی و ئەو ڕۆیشت و دواتر زانیمان کە چۆتە دەرەوە.

پـاش ڕۆیشـتنە دەرەوەی کـاک سـیروان، کـاک ئـازاد هەورامـی کـرا بە لێپرسـراوی لیـژنەی ڕێکخسـتنەکانی شـآری کەرکـوک و مـن و مـحەمەد حەسەن و مام حەمید پەیوەندیمان پێوەکرد.

تا ١٩٧٦/١٠/٦ کاک ئازاد بەرپرسی بوو، لەوکاتەبەدواوە کاک ئازاد لەگەڵ بێستون و مامۆستا شێرکۆ ئەمین و عەلی مەجید دا چونە دەرەوە.



**شەهید ئازاد هەورامی**

دوای کاک ئازاد من کرام بە مەسئولی لیژنەی رێکخستنەکانی شاری کەرکوک.

کاک ئەحمەد لە درێژەی باسەکەیدا وتی:

دوای نسکۆی شۆڕش چەند روداوێکی گرنگ هەیە کە پێویستە ئاماژەیان پێ بدەین.

رۆژێک کاک عەلی بچکۆل هاتە لام و وتی:

نامەیەکی هەڤاڵ مام جەلال لە فڕۆکەخانەی بەغدا بەدەست ئەندامێکی حەرەکەی ئیشتراکی عەرەبییەوە گیراوە و ئەویش ناوی برادەرانی ئێمەی داوە. لەوانە ناوی حەمەی میرزا سەعید و ئەنوەر زۆرابی داوە. بۆیە ئێمە قسەمان لەگەڵ برادەرانی تردا کردوە و وامان بە باش زانیوە ماوەیەک خۆمان دەرنەخەین و خۆمان بپارێزین و دوای چەند کۆبونەوەیەک بڕیارمان داوە وەک سەرکردایەتی کۆمەڵە بچینە ئەو گوندانەی نزیک شارباژێڕ و دواتر دەچین بۆلای مام جەلال لە سوریا، بۆ ئەم سەفەرەش لە رێگەی ئێرانەوە دەچین، کە گەیشتینە ئەوێ، رێنماییمان دەست دەکەوێت و ئاگادارتان دەکەین.

لە ئێستا بەدواشەوە دەبێت خەبات و قسەکردنتان بە ناوی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە بێت. چونکە مام جەلال و برادەران لە دەرەوە یەکێتییان دامەزراندوە و لە رۆژانی داهاتوودا بەلاغی کۆتایی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان- تان بۆ دێت.

رۆیشتنی هەڤالانی سەرکردایەتی بەرەو ئێران و گرتن و تەسلیم

کردنەوەیـان بە عێـراق، شـپرزەییەکی زۆری لەنـاو ڕێکخسـتنەکاندا دروسـت کرد، بەڵام هەڤاڵان بە سەرپەرشتی کاک ئارام (شـەهید) هیمەتی باشیان کرد بـۆ دەربـازکردنی کـۆمەڵە لەو قەیـرانەی کە تێـی کەوتبـوو، ئەویـش بە دروستکردنی کۆمیتەی هەرێمەکان.

کۆمیتەی هەرێمەکان، لە هەڤاڵان کاک ئارام (شـەهید) و کـاک مەلا بەختیار و کـاک ئـازاد هەورامـی و کـاک سـالار عەزیـز و کـاک عەبدولڕەزاق مـحەمەد ئەمـین (١٩٩١ لە شـەریکەی نەوت شـەهید کـرا) پێکهـاتبوو. ئەمـانە توانییـان سـەرکردایەتی ڕێکخسـتنەکانی کـۆمەڵە بگـرنە دەسـت و لە تیـاچون ڕزگـاری بـکەن و شـیرازەی ڕێکخسـتنەکانی کـۆمەڵە بگـرنەوە و بەردەوامیـی بە بزوتنەوەکە بدەن.

کـۆمیتەی هەرێمەکـان، ڕۆڵێکـی گرنگیـان هەبـوو لەسـەر سەرخسـتنی پڕۆسـەی سـەرلەنوێ دەسـتپێکردنەوەی خەبـاتی چەکـداری و ئەرکەکـانی لەنێوان سەرکردەکاندا جێبەجێ دەکرا.

بۆ ئەم مەبەستەش کاک سالار عەزیز کرا بە بەرپرسی شـاری سلێمانی و کـاک مەلا بەختیـار سەرپەرشـتی هەمـوو شـاری خـانەقین و بەغدای دەکرد و کـاک ئـازاد هەورامـیش کـرا بە لێپرسـراوی شـاری کەرکـوک و کـاک عەبدولڕەزاق بۆ شاری هەولێر دەست نیشان کرا.

کۆمیتەی هەرێمەکان بە هەمـاهەنگی لەگەڵ دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی کە لە سوریا بوون، ئەرکی دروستکردنی شـانەی چەکدارییان لەئەستۆ گرت و بەم چەشنە توانیان کۆمەڵە لە تیاچوون ڕزگار بکەن.

مـاوەی نێـوان سـاڵانی ١٩٧٦-١٩٧٧ و دروسـتکردنی یەکەمـین کـۆمیتەی سەرکردایەتی بۆ یەکێتیی نیشتمانی کوردستان لە مـانگی ٨ و ١٩٧٧/٩دا بـوو لە ناوچەی برادۆست، ئەم کۆمیتەیە، کۆمیتەیەکی زۆر چـالاک بـوو، بەداخەوە دوای شـــەهید کردنـــی کـــاک ئـــارام لە ١٩٧٨/١/٣١، کـــۆمیتەکە ئەو ڕۆڵە

بەرچاوەی نەما. کۆمیتەی هەرێمەکان لە مانگی ١٩٧٥/١١ – ١٩٧٨/٤ لە کار و چالاکی دا بەردەوام بوو. ئیتر کۆمیتەکە لە مانگی ١٩٧٨/٤دا لە کۆبونەوەی نۆکاندا هەڵوەشێنرایەوە.

کۆمیتەی هەرێمەکان، لە شوباتی ١٩٧٦دا راپۆرتێکیان لە شاری سلێمانی دەرکرد، کە رەخنەی لە سەرکردایەتی گرتبوو لەبەرئەوەی لە کاتێکی ناسک دا کوردستانیان بەرەو شارباژێڕ و لەوێوە بۆ ئێران بەجێ هێشتووە بە مەبەستی گەیشتنە سوریا و لەهەمان کاتیشدا رێکخستنەکانی کۆمەڵە لە بارێکی ناهەمواردا بوون، چونکە کۆمەڵێک ئەندامی دیاریان لێ دەستگیر کرابوو.

رەخنەی لە سەرکردایەتی کۆمەڵە گرتبوو لەسەر جێ هێشتنی وڵات و پێک نەهێنان و ئامادە نەکردنی شانەی چەکداری بۆ هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی نوێ بەهەماهەنگی لەگەڵ یەکێتنی نیشتمانی کوردستاندا کە لە ساڵی ١٩٧٥دا دامەزرابوو. هەروەها نەبونی پلانێک بۆ کاتی لێقەومان و پاراستنی رێکخستنەکان و بەرنامەی چونە دەرەوەیان بە شێوەیەکی تۆکمە و توندوتۆڵ.

بەشێکی دیکەی راپۆرتەکە باسی، کێشەی یەکێتی جوتیاران و رێ و شوێنی چارەسەرکردنی کێشەکانیان بوو، بەشی سێیەمی راپۆرتەکەش باسی لە لابردنی ناوی ماو کردبوو لە (کۆمەڵەی مارکسی لینینی گۆشکراو بە بیروباوەڕی ماو) هەروەها دەست نیشان کردنی ناوێکی شیاو بۆی و رێکخستنەوەی فکری کۆمەڵە. بەڵام دیاربوو هەندێک لە ئەندامانی کۆمیتەی هەرێمەکان لەسەر ناوەڕۆکی بەیاننامەکەیان کۆک نەبوون، هەر بۆیە عەبدولڕەزاق لە کۆمیتەی هەرێمەکان دورکەوتەوە.

کاک محەمەد حەسەن دەڵێت:

لەسەر بەیاننامەکە دوو بۆچوونی جیاواز هەبوو، کاک ئازاد و کاک عەبدولڕەزاق لەگەڵ ئەو بەشەی بەیاننامەی شوبات دا نەبوون کە دەڵێت:

تەنزیمەكانیـان بەرەڵـلا كـردوە. (كـاك ئـازاد و كـاك عەبـدولڕەزاق خۆیـان بەرپرسـی ڕێكخسـتنەكانی شـاری كەركـوك و هەولێـر بـوون، ئیتـر چـۆن وا دەڵـێن؟). هەر بـۆیە كـاك ئـازاد فشـاری نەخسـتە سـەرمان بـۆ دابەزانـدنی بەیاننامەكە بۆ ناو ریزەكانی ڕێكخستن. هەرچەندە ئێمە بەیاننامەكەمـان دابەزاند. تەنها لەناو شانە سەرەكیەكاندا بڵاومان دەكردەوەو نیقاشمان دەكرد.

كاك ئەحمەد كرێكار دەڵێت:

ڕۆژێک كاك ئازاد وتی:

هەڤـــاڵان لەســـــەر ئەوەی ڕێكخســـــتنی شـــــاری كەركـــوک بەیـــانەكەی دانەبەزانـدۆتە خـوارەوە بـۆ ڕێكخسـتنەكان، ڕەخـنەم لـێ گیـراوە بـۆیە كـاک بەختیـار دەیەوێـت بێـت بـۆ كەركـوک تـا كۆبونەوەمـان لەگەڵ بكـات بـۆ سەلماندنی ناوەڕۆكی بەیانەكە.

بەڵام كاك محەمەد حەسەن دەڵێت:

كە بەیاننـامەكە دەرچـوو، شـانە سـەرەكیەكانی كـۆمەڵە ئەم بەیاننامەیـان بەدەست گەیشت و موناقەشـەی ناوەڕۆكەكەیمـان كـرد، دیـارە ئەنجـامی ئەو موناقەشەیە بوو كە كاك بەختیار هات بۆ كەركوک.


كاك ئەحمەد كرێكار دەڵێت:

بڕیـاربوو مـن و كـاك بێسـتون و مـام حەمیـد و شـێركۆ عەسـكەری بچینە مـاڵی كـاک ئـازاد بـۆ كۆبـونەوەكە. مـن هەر لە عەسـرەوە چـاودێریی كردنـی هــاتوچۆی نــاو گەڕەكەكەم خــرایە ئەســتۆ. مــن مەلا بەختیــارم نەدیبــوو، وامـدەزانی پیـاوێكی بەتەمەنە. دەمەو ئێـوارە كـوڕێكی گەنـج هـات، پـانتۆڵێكی كاوبۆی لەبەردابوو، جانتـایەكی وەرزشـیی دابـوو بە شـانیدا، من وەم دەزانـی هاوڕێی كاک ئازادە، تـا شـەو چاوەڕێی كاك مەلا بەختیـار بـووم، بەڵام جگە لەو كوڕە گەنجە كەسی دیكەم نەبینی لە دەرگای ماڵی كاک ئازاد بدات. كـاتی كۆبـوونەوە هـات و چـومە مـاڵی كـاک ئـازاد، تەماشـا دەكەم كـوڕە گەنـجەكە،

کاک مەلا بەختیارە. ئەو شەوە تا دەمەو بەیانی خەریکی موناقەشە کردنی بەیانی شوبات بوین.

ئێمە وەک ڕێکخستنی کەرکوک نەمان سەلماند کە برادەرانی سجن موعتەریف بن، بەو بەڵگەیەی کە ئەوان ڕێ و شوێنی هەموومانیان دەزانی و کەسمان دەستگیر نەکراین.

کاک سالار بۆگدی، دەڵێت:



**ئیسماعیل عەبدوڵڵا**
**مستەفا (سالار بۆگدی)**

من ساڵی ١٩٥٣ لە گەڕەکی ئیمام قاسم لە شاری کەرکوک لەدایک بووم و لە ساڵی ١٩٥٩-وە خرامە بەر خوێندن و لەبەر خراپی بارو گوزەرانی خێزانەکەمان و ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٦٣ و هاتنی حەرەس قەومی نەمتوانی لە پۆلی چواری سەرەتایی زیاتر درێژە بە خوێندن بدەم.

کاتێک حەرەس قەومی هاتن، ئێمە ڕۆیشتینە گوندی بۆگد و چومەوە قوتابخانە و تا پۆلی پێنجی سەرەتایی بەردەوام بوم لەسەر خوێندن و دواتر بەهۆی باری نالەباری ئەوکات و بۆردومان کردنی دێکان دیسان قوتابخانەکان دا خران و منیش لە خوێندن دابڕام.

بنەماڵەی ئێمە ئەمەندە چەوسێنراینەوە و نەهامەتیمان بینی، هەستی نەتەوایەتیمان گەشەی کرد و ئامانجمان ڕزگارکردنی کورد و کوردستان بوو

هەر لە ساڵی ١٩٧١-ەوە لە ڕێگەی کاک عەلی بچکۆلەوە تەنزیم کرام بۆ ریزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵە. پاش کەشف بونی خاڵە شەهاب و هاوڕێکانی. ئەوان بڕیاریان دا بچنە دەرەوەی وڵات و کاک عەلی ڕێکخستنەکانی لای خۆی بە کاک ئازاد هەورامی سپارد.

سالّی ١٩٧٦ کاک ئازاد پێشنیاری کۆبونەوەیەکی گرنگ و تا رادەیەک فراوان و مەترسیداری بۆ کردین و بڕیاری دا شەوەکەی لە ماڵی خۆیان کۆببینەوە، کۆبونەوە ئەم کەسانەی لێ بوو (ئەحمەد کرێکار، مامۆستا شێرکۆ، بێستون و مام حەمید و بەندە و ...).

کاتی ئامادەبونمان لە کۆبونەوەکە گەنجێکی خوێن گەرم و تێگەیشتوو لە کاری کوردایەتی هات و قسەی بۆ کردین. دواتر زانیمان کە ئەو کەسە بەڕێز مەلا بەختیارە.

کۆبونەوەکە لە سێ تەوەر پێک هاتبوو.

تەوەری یەکەم، داوای لێ کردین کە کێ ئامادەیە بۆ بون بە ئەندام لە مەفرەزەی سەرەتاییدا وەک پێشمەرگەی پارتیزانی، بە شاهیدی هەموو ئەو هەڤاڵانەی کە لە کۆبونەوەکەدا بوون، من یەکەم کەس ئامادەیی خۆم پیشان دا.

تەوەری دووەم، باس لە کێشەی جوتیاران و چۆنێتی چارەسەری کێشەکانیان.

تەوەری سێ یەم، باس کردن بوو لە هەڤاڵانی زیندان، کە گوایە ئیعترافیان هەبووە، وا بڕیار درا کە ئەم هەواڵە دابەزێنرێت بۆ ریزەکانی خوارەوە. بەڵام دوای گفتوگۆیەکی چڕوپڕ و داکۆکی کردن لە هەڤاڵانی زیندان، (بە تایبەتی لەلایەن کاک ئەحمەدەوە داکۆکییان لێ کرا) ئیتر بڕیار درا دابەزاندنەکە راگیرێت.

بەڵام بەر لە دەست بەکاربونم وەک مەفرەزەی سەرەتایی من و ئەم هەڤاڵانە دەستگیر کراین "عومەر محەمەد عەلی (عومەر حەداد)، نوری عەبدوڵلا (نوری سەقزلی)، د. مارف (برازای کاک عەلی بچکۆل)، کاویس حەوێز، عوسمان شێخ عەبدوڵلای خەڵکی عەسکەر و حەسەن شێخ عەبدوڵلا.

ئێمە لە ١٩٧٦/٣/٢٥ - ١٩٧٦/١١/٢٠ لە مودیریەتی ئەمنی عامە و هەیئەی خاصە سجن بوین.

دوای ئــازاد بــونم بەردەوامــیم دا بە کــاری ڕێکخســتن لە کــۆمیتەکەدا و مانگی ١٩٧٧/٣ لە ڕێگەی قارەمان مەحمودی برای بێستونەوە چومە دەرەوە بۆلای بێستون.

ساڵی ١٩٧٨-یش بەشداریم لە جەولەی چوونە هەکاری دا کرد.

بەردەوام بووم لە کاری پێشمەرگایەتی تا ساڵی ١٩٨٨ و دواتر خۆم و خانەوادەکەم رومان کردە وڵاتی ئێران و لە ڕاپەڕیندا ڕۆڵی باشمان بینی بۆ ئازاد کردنی تەق تەق بە سەرکردایەتی نەوزاد کاکە ڕەش.

لەبەر نەخۆش کەوتنم نەمتوانیوە ئەرک و بەرپرسیارێتی وەربگرم بەڵام من قوتابخانەیەکم بۆ پێگەیاندنی گەنجان بۆ چوونە ناو ریزەکانی یەکێتیی نیشتمانی کوردستانەوە.

کاک ئەحمەد کرێکار هاتەوە ناو باسەکەو وتی:

ئێمە رەخنەمان لەسەر برادەرانی سجن هەبو بۆ چونە ئێران بە مەبەستی گەیشــتنە ســوریا و گەیانــدنی کــۆمەڵە بەو وەزعە. ئەو بەیاننــامەیە لای مــن مــایەوە و دواتــر نــاردمە لای مســتەفا چــاڵاوی کە لە دەرەوە بــوو، بەداخەوە لەکاتی هێرشی ئەنفال دا فەوتاوە.

دوای ئەوە نامیلکەیەکمان بۆ هات بە ناوی (الاتحاد الوطنی لماذا) پاشان نوســراوێکی ترمــان بــۆ هــات بە نــاوی (إنــدلاع الثــورة العراقیــة فــی جبــال کردستان) دواتر (نامیلکەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆچی؟)مان بۆهات.

دوای شــەهید کردنــی بــراهیم عەزۆ و پێشــمەرگەکانی نوســراوێکی ترمــان بۆهات، کە ناوەڕۆکەکەی باسی ڕێککەوتنی هەڤاڵ مام جەلالی دەکرد لەگەڵ بــارزانی دا دەربــارەی هەڵگیرســاندنەوەی شۆڕشــی نــوێ و ڕێککەوتنیــان بــۆ خەبــاتکردنی پێکەوەیــی. ئــێمەش ئەم نووســراوەمان بە مژدەیەکــی خــۆش وەرگرت و کۆپیمان کرد و بڵاومان کردەوە.

مامۆستا محەمەد دەڵێت:

دوای ئەو نوسـراوە، ئەبوشـەهاب و سـیروان تاڵەبـانی و نەجمـی فەقـێ عەبـدوڵڵای ناسـراو بە فەرهـاد و صـەباح حەسـەن خورشـیدی ناسـراو بە سۆران چونەدەرەوە. ئەبوشەهاب و فەیسەڵ بۆ شـارباژێڕ و نەجم و صـەباح بۆ بەری قەرەداغ، ڕێکەوتی ١٩٧٦/١٠ کاک ئازاد هەورامیش چووە دەرەوە.

کاک ئازاد هەورامی بەرلە چونە دەرەوەی بڕیاری دا کاک ئەحمەد کرێکار بکـات بە بەرپرسـی کـۆمیتەی شـاری کەرکـوک بە ئەنـدامێتی مـام حەمیـد و مـحەمەد حەسـەن خورشـید و عەلـی مغـاویر و حەمەی ئایشـێ (لەلایەن ڕژێمەوە دەستگیرکراو ڕژێم نەیتوانی هیچ زانیارییەکی لێ وەربگرێت، ئەمە مـانگی ١٩٨٠/٧ بـوو، لەو کـاتەوە ئەو پیـاوە قارەمـانەی سـجن بـێ سەروشوێنە).

منـیش کە بـووم بە ئەنـدامی کـۆمیتە چەنـد خەتێکمـان لەدەوروبەری کەرکـوک دروسـتکرد، مامۆسـتا جەلالـی شـێخ کەریـم سەرپەرشـتی خەتـی سـەنگاوی دەکـرد و مامۆسـتا مەدحەت (بـێ سەروشـوێنکراو)، عەبدولسـەمیع ناسـراو بە ڕێبـاز (شـەهید) و عوبێـد خالیـد سەرپەرشـتی نـاوچەی شـوانیان دەکرد و مامۆستا حەمید کاکەیی (بێ سەروشـوێنکراو) سەرپەرشتی خەتی چەمچەمـاڵی دەکـرد و حسـێن سـێودینیش خەتـی بنـاری گڵـی لابـوو، فـایەق عومەر ڕەسوڵیش سەرپەرشتی خەتێکی فراوانی دەکرد جگە لەو خەتـانەی کە لای بوو لە خانەقین و مامۆستا کاکەڕەشیش جگە لە ڕێکخستنەکانی ناوشـار سەرپەرشتی خەتی توزخورمـاتوی دەکرد. ئەو هاوڕێیانە جگە لەوەی خەتـی ڕێکخسـتنیان هەبـوو لەو ناوچـانەی کە باسـمان کـرد، لەهەمـان کاتـدا چەندین شـانەی کـۆمەڵە و یەکێتـی نیشـتیمانی کوردسـتان و یەکێتـی خوێنـدکارانی شۆڕشگێڕی کوردستانیان لەناو شاردا لابوو.

کاک ئەحمەد هاتەوە ناو باسەکەو وتی:

بە ڕۆیشتنی هەڤاڵان ئەرکی ئێمە قورستر بوو، پڕکردنەوەی شوێنەکانیان کارێکی ئاسان نەبوو، بۆیە زۆر ماندوو دەبوین. دوای چونە دەرەوەی کاک ئازاد، کە من بوم بە بەرپرسی کۆمیتەکە لەگەڵ ڕێکخستنی سلێمانی دا پەیوەندیمان بۆ دروستکراو منیان بە هەڤاڵ محەمەد چاوشین ناسراو بە (وەستا ڕەسوڵ) ناساند، ماوەیەک یەکترمان دەبینی و هەر بەیەکەوە چوینە هەولێر و لە هەولێر حاجی مەمومان بینی، کە بەرپرسی ڕێکخستنی ناوشار بوو، ئەوەبوو هەرسێ لا بۆ ماوەیەک یەکتریمان دەبینی و هەواڵ و زانیاریمان ئاڵوگۆڕ دەکرد و ئەوەندەمان زانی کاک محەمەد چاوشین لەناکاو خۆی ون کرد و دواتر زانیمان کە چۆتە دەرەوەی وڵات.

دوای دروستکردنی مەفرەزەکەی چەمی ڕێزان لە ساڵی ١٩٧٧دا بە سەرپەرشتی کاک ئازاد، کە لەم هەڤاڵانە پێکهاتبون (مام بێستون و هێمنی برای و مامۆستا شێرکۆ و جەمال خان (جوتیار) کە خەڵکی گەڕەکی ئیمام قاسم بوو، پشتیوان و بەکر و سەباح حەسەن خورشید و نەجات نوری و مولازم کامیل و ...تاد).

کاک محەمەد هاتە ناو باسەکەوە و وتی:

من و بێستون بەرلەوەی بچێتە دەرەوە یەکترمان ناسیوە، کە لەگەڵ عەلی نانەوادا پێکەوە کاک فەرەیدون ڕێکی خستبوون.

بێستون بەر لە چونەدەرەوەی بە منی وت با بچین بۆ سلێمانی و کەسێکت پێ دەناسێنم، بۆ ئەوەی ئەگەر شتێک ڕووی دا تۆ پێ بزانیت. کە چوینە سلێمانی عەسرەکەی لەگەڵ بێستون و عەلی مەجید ناسراو بە (عەلی نانەوا) ، کاک مەلا بەختیاریان لە چایخانەی بەربەلەدیەکە پێ ناساندم و من گەڕامەوە و ئیتر ئەوان ڕۆیشتن و ئاگام لێیان نەما. بە تەکلیفی کاک ئارام مەفرەزەیەک لە چەمی سورقاوشان دروست دەکرێت بە سەرپەرشتی ئازاد

هەورامی و بێستونیش دەبێتە مەسئولی عەسکەری و ئەم پێشمەرگانەشیان لەگەڵ دەبێت، مامۆستا شێرکۆ و سۆرانی برام و پشتیوان و هێمنی برای بێستون و نەجات نوری (چالاک) و سێ کەسی تر، کە خەڵکی مەنتیقەکە نەبون و یەکێکیان ناوی بەکر بوو، ئەوی تریان وشیار و سێیەمیش پیاوێکی بەتەمەن بوو ناویم لەبیر نەماوە.

بەپێی پێویست، مانگی جارێک، جارجاریش دوو سێ مانگ جارێک دەچوینە ڕێگەی دوکان و لەوێوە بە پیادە بەرەو چەمی سورقاوشان دەڕۆیشتین و پێداویستی مەفرەزەکانمان دەبرد.

جەمال خان، ناوی هاتەوە بۆ چونە عەسکەری بەپێی بڕیاری کۆمەڵە، من و هیوا سور بردمان بۆلای کاک ئازاد و دواتریش کاک ئەحمەد کرێکار وتی مولازم کامیلیش دەیەوێت بچێتە دەرەوە. مولازم کامیل لە ڕێگەی ئەبوشەهابەوە تەنزیم کرابوو، من ڕێگەو شوێنی چونە دەرەوەم پێ وت و لەگەڵ حەمەغەریب (ناسراو بە هیوا سور) دا قسەم کرد و خۆی بردیە دەرەوە.

جارێکی تر چومەوە بۆ دەرەوە و لەوێ، کە مولازم کامیل منی بینی سەری سوڕما، کاک ئازاد پێی وتم: بڵێ هاتوم بۆ سەردانی سۆرانی برام.

بەم جۆرە من بەردەوام سەردانم دەکردن تا چونە جەولەی هەکاری. دواتر وتیان با خواحافیزیی بکەین و بەم نزیکانە دەڕۆین. ئیتر مەفرەزەکە جگە لە هێمنی برای بێستون هەموویان چونە هەکاری و هێمن دانرا بۆ ئاگاداری کردن لەوەکرەکەی کۆمەڵە.

کاک ئەحمەد کرێکار هاتەوە ناو باسەکە و وتی: دوای کارەساتی هەکاری وەزعمان زۆر خراپ بوو، ماوەیەکی پێ چوو کاک بێستون هاتە لام و وتی هەندێک لە برادەران تەسلیمی عێراق بونەتەوە و هەندێکی دیکەشیان لەلایەن میتی تورکی و قیادە موەقەتەوە دەستگیر کراون، من و مامۆستا شێرکۆ و

جەمـال خـان هـاتوینەتەوە و خۆمـان ڕێـک دەخەیـنەوە و دەچیـنەوە دەرێ، باسی ئەوەشی بۆکردم کە جەنابی مام جەلال و کاک نەوشیروان سەرقاڵی کـۆکردنەوەی پاشــماوەی پێشــمەرگەکانن و وتیشــی ترســتان نەبێــت، ئەو برادەرانەشـــی لەگەڵ ئـــێمە تەســـلیم بـــونەتەوە ناچـــاریی بـــووە و هـــیچ ڕێگەچارەیەکی ترمان لەبەردەمدا نەبووە.

دوای ئەوە لەگەڵ مـام تـالیبی بـاوکی شـەهید شـاخەوان دا ڕێکەوتـین کە بمانگەیەنێتە سەرکردایەتی.

مام تالیب، برادەرێکی هەبوو لە قەلادزێ نـاوی مـحەمەد بوو، چوینە لایی و پێی وت:

کـاک مـحەمەد، ئەم بـرادەرانە برایـان پێشـمەرگەیە و حکـومەت ناچـاری کردوون بچن براکانیان بهێننەوە. ئەویش ڕازی بوو یارمەتیمـان بدات. شـەو بردینـی بـۆ ئۆردوگـای ژاراوە و لەوێ قاچـاغچی ئەناســی و ئـێمەی دایە دەستیان.

شـــەوی ١٩٧٩/١/١ بەرەو ســـەرکردایەتی، کە ئەوکـاتە لە ناوزەنـگ بـوو بەڕێ کەوتین. ئەو شەوە باران بەخوڕ دەباری و، کە لە کێلەشـین دەرچـوین توشی مەفرەزەیەک بوین، کە فەرماندەکەیان کاک وەهـاب بـوو. کـاک بێستون دەیناسی. کە ڕۆژ بووەوە گەیشتینە بارەگـای مەکتەبی عەسکەری لە زەڵـێ و لەوێ پشـــوویەکمان دا و نـــانی بەیانیمـــان لـــێ خـــوارد، دواتـــر برادەرێکیـــان لەگەڵمان نارد بۆلای ئەبوشەهاب و ئەویش لەگەڵمـان هـات بۆ بارەگـای کـاک نەوشیروان. کاک نەوشیروان پێشوازییەکی گەرمی لێ کردین و کە دەسـتمان کرد بە کۆبونەوە، کـاک نەوشـیروان زۆر تـوڕە بوو لە بێسـتون، لەبەر ئەوەی لە جەولەی هەکاری دا تەسلیم بۆتەوە.

دوای ئەوە ڕووی کردە من و وتی:

چۆن وەرتان گرتۆتەوە؟

منیش وتم: کاک نەوشیروان ئەمانە لە ناچاریدا تەسلیم بونەتەوە. کە هاتۆنەتەوە بە ئێمەیان وتووە: هاتوینەوە و خۆمان ڕێک دەخەینەوە و دەچینەوە دەرەوە.

کاک محەمەد حەسەن دەڵێت:

کاک بێستون کە هاتبووەوە پاش ئەوەی ماوەیەکی کورت لە کەرکوک مایەوە چووبوو بۆ سلێمانی و ماوەی نزیکەی ساڵێک لەویَ مابووەوە بۆ ئاگاداربوون لەو خەتەی کە لە سلێمانی دروستی کردبوون و پەیوەندیشی لەگەڵ کەرکوکدا بۆ دروست کردبون.

کاک ئەحمەد بۆی گێڕامەوە، کە بە کاک نەوشیروانی وتووە لەوەتەی جەولەی هەکاری دەستی پیَ کردوە، پەیوەندی نێوان شار و شاخ نەماوە و داواکارین پەیوەندییەکانمان لەگەڵ سلێمانی و هەولێردا بۆ دروست بکەیتەوە.

کاک نەوشیروان وەڵامی داوەتەوە و وتویەتی:

زۆر باشە، تا ئێوارە کە سەردانی مام جەلال دەکەن، من نامەکەتان بۆ دەنوسم.

کاک ئەحمەد وتی:

دوای ئەوە ئێمەی نارد بۆلای مام جەلال و مام جەلال زۆر بەخێرهاتنی لیَ کردین و پرسیاری دەنگوباسی ڕێکخستنەکانی ناوشاری کەرکوکی لیَ کردم. وتم ئێمە بە ناوی یەکێتییەوە لە خەڵک نزیک دەبینەوە و دواتر هەرکەس فکری کۆمەڵەی لا پەسەند بوو تەنزیمیان دەکەین بۆ ریزەکانی.

دوای ئەم قسانە هەندێک پرسیاری مام حەمید هەبوو لێمکرد، سەبارەت بە دوو سجن، کە خەڵکی گوندی عەسکەر بون و گومانیان لەسەر بوو بە کوشتنی برای غەریب سەعید. مام جەلال لە وەڵامدا وتی:

ئەوانەمان داوەتە دادگا بۆ لێکۆڵینەوە، ئەگەر بیَ بەری بوون ئەوا ئازاد دەکرێن.

منیش وتم: ئەگەر دادگا ئەشکەنجەیان بدات زۆر خراپە. مام جەلال، کە قسەکانی بیستم زۆرم لێ تورە بوو، وتی: خۆزگەم نەمبینیتایە و هەر بەناو بمناسیتایە. دواتر هەندێک باسی سەبارەت بە شۆڕش و هەلومەرجی یەکێتی بۆ کردین و پاش ئەوە گەڕاینەوە بۆلای کاک نەوشیروان و هەندێک نامەی داینێ.

مام حەمید هاتە ناو باسەکەوە و وتی:

جەنابی مام جەلال لە ڕێگەی غەریب سەعیدەوە نامەیەکی بۆ ناردبوم بچمە دەرەوە، کە کاک ئەحمەد چووبووە لای مام جەلال پێی وتبوو: ئێمە زۆر پێویستمان بە مام حەمید هەیە لە ڕێکخستن و بەرەوپێش بردنی کارەکاندا چالاکە، بۆیە مام جەلال رازی بووبوو بە مانەوەی من لە کەرکوک، ئیتر من چ ئیش و کارێکی ڕێکخستن هەبوایە جێ بەجێم دەکرد و دەچوم بۆلای پێشمەرگە لە چەمی ڕێزان و بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانیش لەگەڵ حەبیبی حەمەتۆپچی سەردانی هەرێنەشم دەکرد و لەوێ چاومان بە کاک مەحمود سەنگاوی و عەلی برایم قەساب دەکەوت و پێکەوە چارەسەری ئەو کێشانەمان دەکرد و لەڕێی ئێمەشەوە خەڵک دەنێردرایە دەرەوە و پەیوەندیشم هەبوو بە شارەکانی بەغدا و سلێمانی و هەولێرەوە.

کاک ئەحمەد وتی:

کە چوینە لای کاک نەوشیروان شەو لەوێ ماینەوە و بۆ سبەینێ پاش نان خواردنی بەیانی لە ڕێگەی قەلادزێ وە گەڕاینەوە و چوینەوە کەرکوک.

پاش چەند ڕۆژێک نامەکانم بە محەمەد حەسەن دا ناردە سلێمانی و هەولێر و دواتر بۆمان دەرکەوت، کە سەرکردایەتی خۆیان ڕێکخستنی سلێمانییان ئاگادار کردۆتەوە و نامەیان بۆ مامۆستا جەمال تایەر ناردووە.

دوای چەند ڕۆژێک، مامۆستا جەمال تایەر دەستگیرکراو هاوڕێ سەلیم راسپێردرا بۆ جێبەجێ کردنی کاروبارەکان.

کاک محەمەد حەسەن وتی:

مـن هەر ئیشـێکم پـێ سـپێردرابێت ئەنجـامم داوە و کۆبـونەوەی یەکێتـی خوێندکارانی شۆڕشگێڕی کوردستان ساڵی ١٩٧٦ لە ماڵی ئێمە ئەنجام درا، کە هەڤاڵان شوان عەلی (شامیل) و ڕەوف ئاکرەیی و کاک کۆسرەت و شێخ لەتیفی شێخ عومەر باراوی ئامادەی بون.



**شێخ لەتیف باراوی**

کاک شێخ لەتیف دەڵێت:

لە نیهایەتی ساڵی ١٩٧٦دا هەڤاڵ مام جەلال نامەی نارد بۆ کاک ئارام و داوا دەکـــات ڕێکخراوێکـــی خوێنـــدکاریی دروســـت بکـــات و پەیوەنـــدی بە ڕەوف ئاکرێ ییەوە بکرێت و من خۆم نامەکەم بینیوە، چونکە کاک ئارام لە ماڵی ئێمە زۆر دەمایەوە و من نامەو نوسراوەکانم بۆ دەپاراست و متمانەی تەواوی پێم هەبوو.

دوای ئەوە کاک مەلا بەختیار و کاک ئازاد هەورامی منیان بانگ کرد بۆ ئەوەی بەشداری بکەم لە دامەزراندنی یەکێتی خوێندکاراندا. منیش چوومم و دواتر لە ماڵی خۆمان لە گەڕەکی سەرکاریز لەگەڵ شوان عەلی سەعید دا کۆبونەوەیەکمان کرد.

ئیتـر ڕەشنووسـی پەیـڕەو و پڕۆگرامـی یەکەم بەیاننـامەی دامەزرانـدنی یەکێتـی خوێنـدکاران لەلایەن مـن و شـوانی شـێخ عەلـی یەوە ئامـادەکرا. کۆبـونەوەی یەکەم و دووەم لە مـاڵی ئـێمە کـرا. مـن و شـوان بـۆ نوسـینی ڕەشنوسەکە سودمان لە پەیڕەوی کۆمەڵەی خوێندکارانی فەلەستینی و چینی وەرگرت. ئەو پەیڕەو و پڕۆگرامە لەم ساڵانەی دواییدا لەناو دەرگای ماڵی شەهید شوان دا دۆزرایەوە. پاش ئەوە مسوەدەکەمان بردە کەرکوک.

کاک محەمەد دەڵێت:

ئەو کلێشەیەی کە لە سلێمانییەوە هێنرا لە کۆبونەوەکەدا تاووتوێمان کرد و پاش موناقەشە ئامادەی چاپمان کرد و لە سلێمانی چاپیان کرد.

کاک شێخ لەتیف هاتەوە ناوباسەکە و وتی:

وا بڕیار بوو دواکۆبونەوە لە رۆژی ١٩٧٧/٥/٥دا لە سلێمانی لە ماڵی ئێمەدا بکرێت. ئەبوایە سەعات ١٠ی سەرلەبەیانی ئامادەی کۆبونەوەکە بین، من شەوەکەی گیرام و شوان رایکرد و منیان رەوانەی هەیئەی کەرکوک کرد و پاش مانگێک کاک کۆسرەتیشیان هێنا. لەوێ پێی وتم:

ئەو رۆژەی من گەیشتمە سلێمانی و تەلەفۆنم بۆ کردی، دایکت وەڵامی دامەوە و کە پرسیاری تۆم لێ کرد وتی:

قوڕتان کرد بەسەریدا و دەستگیرکراوە.

کاک محەمەد وتی:

پاش رۆیشتنی هێزەکانی پێشمەرگە بۆ هەکاری پەیوەندی نێوان رێکخستنی شارەکان پچڕا.

کاک ئەحمەد هاتەوە ناو باسەکەو وتی:

وەک وتم دوای سەردانەکەمان بۆلای مام جەلال و کاک نەوشیروان لە سەرکردایەتی، ئەوەبوو کاک نەوشیروان، کە رۆژی ١٩٧٩/١/١ نامەکانی دامێ بۆ شارەکان، ناوەرۆکەکەی باسی لە دروستکردنەوەی پەیوەندی نێوان شارەکان کردبوو.

ئەوەبوو حاجی مەمۆ دانرا بە مەسئولی کۆمیتەی رێکخستنەکانی هەولێر و هاورێ سەلیم کرا بە مەسئولی کۆمیتەی رێکخستنەکانی سلێمانی و منیش بۆ کەرکوک دانرام و کاک جەمال تاهیریش کرا بە بەرپرسی هەموان.



جەمال تایەریش


کاک جەمال تایەر، ساڵی ١٩٤٣ لە بەرزنجە لەدایک بووە و دەرچوی خانەی مامۆستایانی سلێمانی بوو. هەر لەگەڵ دروست بوونی کۆمەڵەدا پەیوەندی کردووە بە ریزەکانی کۆمەڵەوە و دواتر چۆتە دەرەوە و بۆتە پێشمەرگە و دوای هەرەس وەک هەمووان گەڕاوەتەوە سلێمانی و رۆڵێکی گەورە و بەرچاوی هەبووە لە فراوان کردن و پتەو کردنی ریزەکانی رێکخستنی کۆمەڵەدا.

لە ماوەی کاری سیاسیدا دووجار لەلایەن رژێمەوە دەستگیر کراوە و جاری یەکەمیان لە ساڵی ١٩٧٩دا سجن کراوە و هیچی لەسەر ئیسپات نەبووە و ئازاد کراوەو لە کۆتایی مانگی ١٩٨١/١١دا دیسانەوە دەستگیرکراوە، ئەوسەردەمە ژمارەیەکی زۆری تێکۆشەران لە زیندانەدا بوون و جەماوەر و رێکخستنی شارەکان ساڵی ١٩٨٢

خۆپیشاندانیان کردو رژێم ناچار بوو لێبوردنی گشتی دەربکات، بۆیە ئەویش بەر ئەو لێبـــوردنە گشـــتییەی مـــانگی (١٩٨٢/٧) کەوت و ئـــازادکراو دوای ئـــازادکردنی چـــووە دەرەوەو بەداخەوە لە کـــاتی چـــوونی بـــۆ کۆبـــونەوەی کـــۆمیتەی ســـەرکردایەتی بە کارەســـاتی ئۆتومبێـــل لە رێکەوتـــی ١٩٨٣/٧/١٤دا شەهید بوو.

کاک ئەحمەد کرێکار لە درێژەی باسەکەیدا وتی:

دوای ئەوەی کـــاک جەمـــال دەســـتگیر کـــرا، کارەکـــان بە دلێـــری ئەحـــمەد شوکری (هاوڕێ سەلیم) سپێردرا بۆ جێ بەجێ کردن.



**هاوڕێ سەلیم**

دلێـــر ئەحـــمەد شـــوکری ناســـراو بە هـــاوڕێ ســـەلیم، لە شـــاری سلێمانی لەدایک بـــووە و دەرچـــوی (معهد الطب الفني)یە لە بەغـــدا، لە ســـاڵی ١٩٦٣-وە کە ئەوکـــاتە لە قۆنـــاغی خوێنـــدنی ناوەنـــدی دا بـــووە پەیوەنـــدی کـــردووە بە یەکێتـــی قوتابیـــانی کوردســـتانەوە و لە رێـــگەی هوشـــیاری وەســـــتا فەرەجەوە لە ســـــاڵی ١٩٧٢دا پەیوەندی کردووە بە ریزەکانی رێکخستنی کـــۆمەڵەوە، ئەوکـــاتە ماڵیـــان لای ســـجنی سەرەوە بووە، کە ئێستا بووە بە پارکی دایک و کـــاک جەمـــال تـــایەر کـــاریگەرێتی تەواوی هەبـــووە لەســـەر گەشـــەپێدانی بیروبۆچونیەوە.

لە ساڵی ١٩٧٤دا وەکو کۆمەڵە بڕیاردرا بچنە دەرەوە، بۆ ئەوەی فکری کۆمەڵە بە ناڕاستەوخۆ بە خەڵک ئاشنا بکەن.

هاوڕێ سەلیم وتی:

ئـێمە چـوینە تەوێـڵە و کـاک جەمـاڵ تـایەریش لەوێ بـوو، هەر لەسـەر بڕیاری کۆمەڵە چومە ڕێکخراوی تەندروستی تەوێڵە، کە بەرپرسەکەی ڕەزا فەیلـی بـوو. بە مـاوەیەکی کەم بـووم بە جێگـری و لەو ڕێـگەیەوە تـوانیم چەندین کەس بە فکری کۆمەڵە ئاشنا بکەم.

پارتی بڕیاری دروستکردنی ڕێکخراوی لاوانی دا، کە تەها ناوێک کرا بە بەرپرسی. کاک جەمال داوای لێ کردم بچمە ئەو ڕێکخراوەشەوە. پەیوەندیم کـــرد و تـــا هەرەس لەوێ بـــووم، لە هەرەســـدا چـــوومە نـــاوپردان، کە سـەرکردایەتی لەوێ بـوو بە ئومێـدی درێـژەدان بە شـۆڕش، بەڵام بەداخەوە دواتـر وەکـو هەمـووان گەڕایـنەوە شـار و دەسـتمان کـردەوە بە چـالاکییە ڕێکخراوەییەکان لە ریزەکانی کۆمەڵەدا.

لە نیهـــایەتی ســـاڵی ١٩٧٧ و بیـــدایەتی ١٩٧٨دا هەســـتمان بە بـــوونی چـالاکیەکی ڕێکخراوەیـی کـرد. کە پەیوەنـدییان نەبـوو بە ڕێکخسـتنەکانی ناوشارەوە، بەڵکو پەیوەندییان هەبوو بە پێشمەرگەوە، بۆیە پێشنیاری یەک خستنەوەی ڕێکخستنەکانی شار و شاخمان پێشکەش کرد.

لەکاتی جەولەی هەکاری دا ساڵی ١٩٧٨ ڕێکخستنەکانی شار بۆ ماوەی چەند مانگێک لە سەرکردایەتی پچڕابوون، ئیقتراحی ئەوە کرا، کە کۆمیتەیەک دروست بکرێت بۆ سەرپەرشتی کردنی ڕێکخستنەکانی شار و داوای پێدانی دەسەڵاتیش کرا.

مـن پێشـنیارەکەم بـرد بـۆ سـەرکردایەتی، کـاک نەوشـیروان و کـاک مەلا بەختیار و کاک سالار عەزیزی لێ بوو، نوسراوەکەم دایە دەست کاک مەلا بەختیار، پاش دراسەکردنی نوسراوەکەمان، سەرکردایەتی بڕیاری دا:

أ- ئەو هەڤـالانەی لەنـاو شـاردا پەیوەنـدییان هەیە بە سـەرکردایەتییەوە ببەسـترێنەوە بە تەنزیمـی شـارەکانەوە، بـۆ ئەو مەبەسـتەش کەرتـی ئەنـوەر

زۆراب هەبوو، کە کاک خەسرەو خاڵ سەرپەرشتی دەکرد و پەیوەندی بە کاک نەوشیروانەوە هەبوو، تەسلیم بە من کرا، بەشێکی دیکە هەبوو، کە کاک دڵشاد مەریوانی سەرپەرشتی دەکرد و بەشێکی تریش هاوڕێ سوارە سەرپەرشتی دەکردن و ئەو دوو بەشەش دران بە من.

ب- کۆمیتەیەک دروست کرا بە ناوی (کۆمیتەی سەرکردایەتی کردنی ڕێکخستنی ناوخۆ).

کاک مەلا بەختیار، نامەیەکی نارد بۆ کاک جەمال تایەر کە سێ عینوانی تیابوو (هەولێر، کەرکوک و دهۆک)، کاک جەمال نوسراوەکەی خوێندەوە و دای بە من و وتی:

دراسەی ئەو نوسراوە بکە و ڕێ و شوێنی پێویست بگرە بەر بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکان.

یەکێک لەو عینوانانە، شاری کەرکوک بوو، کە کاک ئەحمەد کرێکار بەرپرسی بوو.

هەر لەو چەند ڕۆژەدا، کە من خەریکی دراسەکردنی نامەکە بووم، کاک جەمال تایەر دەستگیرکرا، نامەکە لەبەرئەوەی نهێنی بوو، کاتی یەکتر بینین و پەرلەکەشی تیا دیاری کرابوو، دەبوایە من کارەکەم ئەنجام بدایە.

کاک محەمەد حەسەن هاتە ناو باسەکەوە و وتی:

نامەیەکمان بۆ هات تیا نوسرابوو، نوێنەرێک بنێرن بۆ ئەوەی جارێکی دیکە پەیوەندی نێوان ڕێکخستنی خوێندکاران بەگەڕ بخەینەوە. لە شارەکاندا ئەوەی لە ڕێکخستنی خوێندکاران مابونەوە، تەنها من بووم لە کەرکوک. شێخ لەتیف لە سلێمانی و کاک کۆسرەت لە هەولێر دەستگیرکرابون و کاک ڕەوف ئاکرەییش پەیوەندی لەگەڵمان پچڕابوو. کاک شوانیش لە قەرەداغ شەهید کرابوو.

کاک ئەحمەد کرێکار ناونیشانی دامێ و وتی بچۆ بۆ سلێمانی و بەرامبەر

مزگەوتی حاجی حەسەنی لۆکە لە مەوقیفی پاصەکە بوەستە و جەریدەیەک بگرە بەدەستەوە و کەسێک دێت و دەپرسێت:

تۆ فڵان کەسیت؟

من دوو ناوی خوازراوم هەبوو (عوسمان) و (قوتابی)، چومە سلێمانی بۆ شوێنی دیاریکراو، ئەو کەسەی کە هات، کاک قادری حاجی عەلی بوو، ئەوە یەکەم جار بوو کە بیبینم.

کاک قادر وتی: من تەکلیف کراوم پەیوەندی خوێندکاران دروست بکەمەوە.

بە کاک قادرم وت: ئێمە جگە لەوەی پەیوەندی خوێندکارانمان پچڕاوە پەیوەندی کۆمەڵەشمان نەماوە.



قادری حاجی عەلی

کاک قادر پێی وتم: زۆر چاکە کە گەڕامەوە باسی دەکەم.

منیش گەڕامەوە بۆ کەرکوک و باسەکەم گێڕایەوە بۆ کاک ئەحمەد و پێم وت:

کاک ئەحمەد، کەسێک دەستنیشان بکە بۆ پەیوەندی کۆمەڵە. کاک ئەحمەد وتی: هەر خۆت بیت باشترە.

لە کۆبونەوەی دووەمدا، کاک قادر وتی:

کەسێک دێت شکڵی وایە و پەڕلەکەی پێ وتم، وتی: لای گەراجی سلێمانی کۆن تەنیشتی مەکتەبی بلاغ کەسێک دەوەستێت، کە چوم کەسەکەم دی و خۆمان بەیەکتری ناساند و کەسەکە هاوڕێ سەلیم بوو.

چوینە ماڵی خۆمان و دووقۆڵی کۆبوونەوەمان کرد و مەوعیدی کۆبونەوەی دووەممان لە سلێمانی دانا، تا کۆتایی مانگی ١٩٨٠/٤ پەیوەندیم

لەگەڵ کاک قادری حاجی عەلی هەبوو بۆ مەسەلەی خوێندکاران و لەگەڵ هاوڕێ سەلیم بۆ کاروباری کۆمەڵە.

پاش دوو هەفتە چومە سلێمانی و لەگەڵ هاوڕێ سەلیم دا یەکمان بینی و لەو کۆبونەوەیەدا شێوەی کارکردن و چالاکیەکانی کۆمەڵە و یەکێتیم باس کرد و ئەویش دەربارەی ڕێنماییەکانی ناوەندی کۆمەڵە و کۆمیتەی ڕێکخستنی شارەکانی باس کرد. هەروەها باس لە ئاڵوگۆڕی ڕێکخستنەکان کرا، واتە بەپێی ناوچەکان تەنزیمەکان ڕێک بخرێن، جگە لەوەش باسکرا کە ناوەندی کۆمەڵە مۆر دروست بکات و بینێرێت بۆ هەر شارێک و لەمەودوا نامەکان دەبێت بە مۆری ئەو شارە خۆیەوە بنێردرێن.

هاوڕێ سەلیم وتی: دەبێت هەر شارەی خۆی ناوێک بۆسەر مۆرەکە هەڵبژێرێت.

جارێکی تر کە چومەوە بۆ کۆبونەوە لە سلێمانی، ناوەکەم برد و هاوڕێ سەلیم وتی:

زۆرباشە، بەڵام کە مۆرەکەمان بۆ هاتەوە نوسرابوو (ڕێکخراوی کەرکوک)، بە کاک سەلیمم وت: ئێمە ناوی کۆمیتەی ئاگرمان داویتێ و وتی: تازە مۆرەکە دروستکراوە و بە ئاسانی زەحمەتە جارێکی تر مۆرێکی تر دروست بکرێت و کاتیشی ئەوێت و لەمەودوا کە نامە ئەنێرن و مۆری دەکەن، لە تەنیشت مۆرەکەوە بنوسن کۆمیتەی ئاگر.

هەر لەو کۆبونەوەیەدا باس لەوەکرا بۆ چاکتر ئاگاداربون لە چالاکیەکانی ڕێکخستن و گەشەکردنی ئەندامانی، پێویستە هەر ئەندامێکی یەکێتی و کۆمەڵە لە چ شارێک نیشتەجێن، پەیوەندی بە ڕێکخستنی شارەکەی خۆیانەوە بکەن. دواتر وتی ئەم کارە دەبێت بە شێنەیی و وردی بکەن و لە داهاتوودا هەوڵی بەئەنجام گەیاندنی دەدەین. منیش باسم لە کاک کۆسرەت کرد، کە پاش ئازادبونی لە زیندان توانی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە و یەکێتی

بپارێزێت و لەبەرئەوەی هەر لەژێر چاودێریدایە بەباشی زانی بۆ ماوەیەک پەیوەندییەکانی لەگەڵ کەرکوکدا نەبێت. چونکە ئێمە لەو ساڵەوەی کە کۆمەڵەی خوێندکارانمان دامەزراند یەکترمان دەناسی. هەروەها باسم لە هێڵێکی رێکخستنی سلێمانی کرد، کە زۆر چالاکن و بەهۆی مام بێستونەوە لە سەرەتای ١٩٧٧ دا یەکمان ناسیوە، لەوانە: حەمە غەریب ناسراو بە (هیوا سور)، ئاسۆ عەلی، کاک ئاسۆ سەرپەرشتی ئەو هێڵە چالاکەی دەکرد لە سلێمانی و چەند شانەیەکی رێکخستن هەبوو لە خانەقین و خەتەکەی زۆر بەرفراوان بوو، فایەق عومەر رەسوڵ سەرپەرشتی دەکرد و بەم جۆرە لە چالاکیەکانمان بەردەوام بووم تا دەستگیر کرام.

من کە بە مامۆستا دامەزرام، بە هاوڕێ سەلیمم وت پەیوەندیم بە جەنابتەوە نامێنێت و کەسێکی تر دێت پەیوەندیت پێوە دەکات بەم ناونیشانە.

بەوجۆرە کاک ئەحمەد کرێکار و هاوڕێ سەلیم یەکترییان ناسی. ئەمە کۆتایی ساڵی ١٩٧٩ و سەرەتای ساڵی ١٩٨٠ بوو.

هاوڕێ سەلیم دەڵێت: دوای گرتنی محەمەد حەسەن بەپێی بەرنامەی بۆداڕێژاو چومە کەرکوک و لە مەوقیفی پاصێک لە حەسیرەکە کاک ئەحمەد کرێکارم بینی و یەکترمان ناسی و بەپێی بەرنامەکە دەستم بە کارکردن کرد لەگەڵ ئەحمەد کرێکاردا.

ئەوکاتانە سلێمانی لەژێر گوشارێکی توندی رژێمدا بوو، بۆیە تەنزیمەکان لە تۆڵەی ئەو خراپەکارییانەدا چالاکیی زۆریان دەکرد. دواتر بە کاک ئەحمەدم وت، کە ئەوانیش مەفرەزە دروست بکەن بۆ چالاکیی سەربازیی لەناو شاری کەرکوکدا.

کاک محەمەد حەسەن هاتەوە ناو باسەکە و وتی:

پێشتر لە کۆبونەوەی کۆمیتەی ئاگردا قسەو باس لەسەر کۆنفرانس هاتە پێشەوە بێ گومان ئەم قسەو باسانە نەدەگەیشتنە ناو هەڤاڵانی خوارەوە، بۆ

بەشداریکردن لە کۆنفرانسی کۆمەڵەدا و منیان دانا وەک نوێنەری کەرکوک بۆ کۆمەڵە، ئەمە سەرەتای ١٩٨٠ بوو. بۆ ئەو مەبەستە چوم بۆلای کاک بێستون عەسکەری لە چەمی ریزان و بۆلای کاک ئازاد هەورامی لە قەرەداغ بۆ گفتوگۆکردن لەسەر مەسەلەی کۆنفرانس لە قەرەداغەوە گەڕامەوە بۆ سلێمانی، چونکە کۆبونەوەی خوێندکاران هەبوو بە سەرپەرشتی کاک قادری حاجی عەلی و ئەندامێتی رێکەوتی عوسمان بەگ و فەرهادی شەهیدان و هەڵکەوت عەبدوڵڵا و بەندە و کۆبونەوەکە لە ماڵی فەرهاد بوو، دوای کۆبونەوەکە دەبوایە بچومایە بۆ ماڵی حەمە غەریب، بەڵام فریا نەکەوتم و گەڕامەوە بۆ کەرکوک.

دایکم وتی:

کە تۆ لێرە نەبویت کوڕێک چەند جارێک هاتووە و ئەحواڵی پرسیویت و دەیووت:

من لای ئەبوشەهابەوە هاتووم، بەڵام من باوەڕم پێ نەبوو. کاک محەمەد وتی: من پێش رۆیشتنم خەبەرێکم بۆ هاتبوو، کە ئەبوشەهاب دەیەوێت بمبینێت بۆ قسەکردن لەسەر کۆنفرانس.

هەر خێرا چومە لای کاک ئەحمەد و وتم: کەسێک لەلایەن ئەبوشەهابەوە چۆتە ماڵی ئێمە و ویستویەتی من ببینێت، بۆیە رەنگە بچم بۆلای لە شاربازێڕ. بۆ سبەینێی ئەو رۆژە چومە دەرەوە و کە بەرەو ماڵ گەڕامەوە لەسەر فەرعی کۆڵانەکەی خۆمان هەڤاڵ حەمەی ئایشێم بینی و کەوتینە قسەکردن و خالیدەی خوشکم بینی سەری کێشایە دەرەوە و کە منی بینی بە پەلە هات و وتی: میوانت هاتووە. بە حەمەی ئایشێم وت: دیارە میوانەکە هاتووە و رەنگە بچمە شاربازێڕ بۆلای ئەبوشەهاب.

چومە ماڵەوە و هەر لەناو دەرگاکەدا دایکم وتی:

کوڕم ئاگات لە خۆت بێت. چومە ژورەوە کابرایەک دانیشتبوو، هەر بە ناوە خوازراوەکەمەوە (قوتابی) بەخێرهاتنەوەی کردم و وتی:

چەنـد جارێـک هـاتوم بـۆ مـاڵەوە و تـۆ لێـرە نەبویـت و نـامەم لەلایەن ئەبوشەهابەوە بۆ هێناویت. وتم کوا نامەکە؟

وتـی: زۆر هـاتم و خـۆت ئەزانیـت زروفەکە لەبـارنییە، ئەمجـارە نـامەکەم نەهێناوە و ئێستا وەرە لەگەڵما نـامەکەم لە مـاڵی زاواکەم داناوە و دەتدەمێ. بەڵام تـۆ ئێسـتا نـامەیەک بـۆ ئەبوشـەهاب بنوسـە و بڵـێ نـامەکەم بەدەسـت گەیشـتووە. منـیش نـامەیەکم بـۆ ئەبوشـەهاب نوسـی و لەگەڵ پیـاوەکەدا رۆیشتین و لە رێگەش پێی وتم:

ئەگەر پێشـت بـاش بـوو، مـن سـبەینێ ئەگەڕێـمەوە و پـێکەوە دەچیـنە شارباژێڕ.

هەستاین و پێکەوە چوینە پشتی نادی ئەلسەورەی نزیک کۆڕنیش. کابرا لە دوورەوە مـاڵێکی نیشـان دام و وتـی: ئەوە مـاڵی زاواکەمە و لێرە چاوەڕێم بکە، دەچـم نـامەکەت بـۆ دەهێنم. هەر کە ئەو رۆیشت، ئەوەنـدەم زانـی چـوار کەس گرتیـانم و خسـتمیانە نـاو سـەیارەوە، ئەمە مـانگی ١٩٨٠/٤ بـوو. (دواتـر بیستم کە کۆنفرانس بۆ ساڵی داهاتوو تەئجیل کراوە).

بردیـانمە مـودیریەتی ئەمنـی کەرکوک و سـێ هەفتە لەوێ هێشـتمیانەوە و پـاش ئەشـکەنجە و ئـازارێکی زۆر گواسـتمیانەوە هەیـئەی خاسـەی کەرکـوک نزیکەی چوار مانگ لەوێ مامەوە بەڵام کاتێک لە مـودیریەتی ئەمنـی کەرکـوک بـوم دوای دوو هەفـتە دایکیشـمیان گرتبـوو، بەڵام هیچیـان لە دایکـم دەسـت نەکەوتبـوو. ناردیـانین بـۆ هەیـئەی کەرکـوک. لەوێ مامۆسـتا مەحمـود قەرەداغـیم بینـی، کە پیـاوێکی خـۆڕاگر و قارەمـانی بەردەم ئەشـکەنجە و هەڵواسـین بـوو. عـومەر میـرزاش (شـەهید) لە ژورەکەی ئـێمەدا بـوو، کە بە برینـداری دەسـتگیرکرابوو، ئەویـش پیـاوێکی زۆر قارەمـان بـوو. دوای ئەشکەنجەدان دەهات ئامۆژگاری سجن کراوەکانی دەکرد، کە خۆڕاگر بن و زانیاری نەدرکێنن.

رۆژێک کابرایەک هاتە ژورەکەمان و پاش تۆزێک هاتە لامەوەو وتی: دەزانیت لەسەر تۆ چەند ئەشکەنجە دراوم؟

وتم: بۆچی تۆ من دەناسیت؟

وتی: نەخێر.

دواتر زانیم ئەو پیاوە ناوی شێرکۆ حەمیدە و پێشمەرگەی ئەبوشەهابە و ناردوویانە بۆ کوشتنی (فلان). (کاک ئەحمەد کرێکار دەڵێت: (فلان) بەرپرسی مەفرەزەخاصە بوو، کە بەدەستی خۆی زیاد لە سەد پێشمەرگەی شەهید کردووە. ئەبوشەهاب شێرکۆی ناردووە بۆ چەمی رێزان. بە قسەی شێرکۆ لەوێوە نێردراوە بۆ ماڵی فلان کەس و پێی وتووە ئەگەر چویت بۆ ماڵی فلان کەس و کوڕێکی لێ بوو بە ناوی (فلان) هیچ قسە مەکە. (فلان) ئەمنە، بەڵام کە شێرکۆ چۆتە ماڵەکە، (فلان) هەڵیخەڵەتاندووە و قسەی لێ دەرهێناوە و لەگەڵ خۆیدا هێناویەتیەوە بۆ کەرکوک. شەوێک لە ماڵی خۆیان ماوەتەوە و شەوێک چۆتە ماڵی عەلی سابیری ئیمام قاسم. عەلی سابیر هەرزەکار بوو، رێکخستنیش نەبوو. ئەمن بەم کەین و بەینەیان لە رێگەی (فلان)ەوە زانیبوو، (فلان) لەکاتی گەڕانەوەدا بە شێرکۆ دەڵێت: سبەینێ سەعات ١٠ی سەرلەبەیانی لەلای خاصەوە چاوەڕێت دەکەم. شێرکۆ دەمانچە و قومبەلەی پێ دەبێت و لە کات و شوێنی دیاریکراودا ئامادە دەبێت و چاوەڕێی هاتنی (فلان) دەکات. ئیتر هەر ئەو کاتە (فلان)، شێرکۆ تەسلیمی ئەمن دەکات. ئەمانەی باسم کردن، قسەی شێرکۆ حەمید خۆیەتی، کە لە هەیئەی خاصەی کەرکوک بۆی گێڕامەوە و لە ژووری سێدارەی سجنی موصڵیش بۆی گێڕاومەتەوە.

من هەرگیز ئەو پیاوەم نەناسیوە و هەروەها لە هەیئەی خاصەوە کە بردیانم بۆ مەحکەمە، زانیم شێرکۆ خەبەری لە کەسێکی تریش داوە و کەسەکە ناوی عەلی سابیری ئیمام قاسم بوو. بەڵام وەک باسم کرد، ئەو

هەرزەکـــار بـــوو ڕێکخســـتنیش نەبـــوو. بەداخەوە لە مەحـــکەمەی هەیـــئەی خاصـەی کەرکوک بە حوکمی هەتاهەتایی حوکم دراو دواتر لە عەفواتەکەی ساڵی ١٩٨٢دا ئازاد کراو پاشان بوو بە پێشمەرگە و دواتر شەهید کرا.

من و شێرکۆ لەکاتی مەحکەمەکردنماندا پێکەوە بوین و بە حاکمی وت:

من ئەم کوڕە ناناسام و نەمبینیوە و هیچ پەیوەندیەکیشی بە پێشمەرگەوە نەبـووە. بەڵام ئەمـن ئەمەیـان بە مـن کـردووە و وتویـانە ئەگەر وا ئیفـادە نەدەیت ئەوا نەک هەر خۆت، باوکیشت ئیعدام دەکەین.

کاک محەمەد حەسەن لە درێژەی قسەکانیدا وتی:

تائێستاش نازانم کێ منی بە گرت دا.

ئـێمە هەردوکمـــان بەپێـــی مـــاددەی ١٥٧، کە حـــوکمی ئیعـــدامە قەراری مەحکەمەمـان بـۆ دەرچـوو. هەردوکمانیـان لە ژورێک دانـا و شـێرکۆ دیسـان داوای لێ بوردنی لێ کردم، دواتر من بە واسیتەی دکتۆر عەبدولستار تاهیر شەریف حوکمەکەم سوک کراو بوو بە موئەبەد.

بە عەفواتی ساڵی ١٩٨٢ ئازاد کرام، بەڵام بەداخەوە شێرکۆ لەسێدارەدرا.

بەر لە سـێدارەدانی داوای کردبـوو مـن ببینێـت، چـونکە مـن حـوکمەکەم سـوک کرابـوو بـۆ مـوئەبەد، ئیتـر هـاتن و منیـان بـرد بـۆلای شـێرکۆ. ئەوکـات هەردوکمـان ڕەوانەی سـجنی موصـڵ کرابـوین. ئەو کرابـووە ژوری ئیعـدام و منیش کرابومە قاعەی ئەحکام ثەقیلەی موصڵ، هەمان کات وتی:

ئەمن ئەوەی بە من کرد، داوای لێببوردن ئەکەم، و لە ئـامێزم گـرت و وتـم لەبیری کە.

کە مـن دەسـتگیر کرابـووم، کـاک ئەحمەد و هەڤـاڵانی تـر پێیـان نەزانیبـوو، وایان زانیبوو من چومەتە شارباژێڕ بۆ لای ئەبوشـەهاب، دوای چەند ڕۆژێک دەچـنە مـاڵەوە، کە هەواڵـم بپرسـن، ئینجـا خەبەر دەزانـن کە مـن و دایکـم زیندانیی کراوین.

کاک ئەحمەد کرێکار دەڵێت:

کاتێک زانیمان، کە کاک محەمەد گیراوە، ترسمان لە موستەمسەکاتەکانی محەمەد حەسەن بوو، کە دەست رژێم بکەوێت. باش بوو سوهەیلەی خوشکی ئازایانە هەموویانی دەرباز کردبوو، هیچی لەو ماڵە نەهێشتبووەوە.

دوای دەرباز کردنی موستەمسەکاتەکان، ئەمن دەڕژێنە ماڵەکە و دەست دەکەن بە پشکنین و هیچیان دەست ناکەوێت و دایکیشی دەستگیر دەکەن. بەڕاستی وەک لە هەڤاڵانی زیندانەوە بیستمان، ئەم دایک و کوڕە خۆڕاگر و قارەمان بوون و رژێم نەیتوانیوە هیچ زانیارییەکیان لێ وەربگرێت.

کاک ئەحمەد زیاتر لەسەر باسەکە دەڕوات و دەڵێت:

لەگەڵ هاوڕی سەلیم دا، کۆبونەوەیەکی دوو قۆڵیمان کرد و بەرنامەمان دانا بچینە هەولێر. شەو رۆیشتین بۆ هەولێر بۆ ماڵی حاجی مەمۆ. لەوێ بەرنامەی کۆبونەوەیەکی ترمان دانا و دواتر چوینە سلێمانی و کۆبونەوەمان کرد بە سەرپەرشتی کاک جەمال تایەر، ئەم کۆبونەوەیە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٠ بوو. وەک پێشتر هاوڕێ سەلیم وتی:

کۆبونەوە بڕیاری بە دروستکردنی سەرکردایەتی ناوخۆ دا، بەم شێوەیە:

- هاوڕێ سەلیم ئەندامی سەرکردایەتی ناوخۆ بۆ سلێمانی.
- ئەحمەد کرێکار ئەندامی سەرکردایەتی ناوخۆ بۆ کەرکوک.
- حاجی مەمۆ ئەندامی سەرکردایەتی ناوخۆ بۆ هەولێر و دەبێت هەموشمان پەیوەندی راستەوخۆمان بە مامۆستا جەمال تایەرەوە هەبێت.

دوای ئەو بڕیارە دەستکرا بە گۆڕانکاری و شەوێک کۆبوینەوە و داوامان لە حاجی مەمۆ کرد بچێتە دەرەوە و هەڤاڵ عەبدوڵلا رەسوڵ (کاک کۆسرەت) چووە شوێنی حاجی مەمۆ و دواتر ئەویش چووە دەرەوە.

لەوە بەدوا بڕیار درا هەرکەسە و بەرنامە بۆ شاری خۆی دابڕێژێت. بیرمان لە گەشەکردنی رێکخستن کردەوە و چەند رێکخراوێکمان دروست کرد.

ڕێکخراوی یەک:


خۆم سەرپەرشتیم دەکرد و ناومان نا ڕێکخراوی ئیمام قاسم و سنورەکەی ئیمام قاسم و ناحیەی قەرەهەنجیر و قەزای چەمچەماڵ و ناوشوانی ئەگرتەوە و هەڤاڵان مەلا محێدین و فاتیح سابیر و مستەفا چاڵاوی و فاروق و فەهمی و مەلا ڕەشاد و عەبدولقادر بەکر قادر ئەندام بون تیایدا. (قەرەهەنجیر و شوانی سەر خاسە مستەفا چاڵاوی سەرپەرشتی ئەکرد و چەمچەماڵیش سپێردرا بە فاتیح سابیر (کۆچی دوایی کردوە)).

ڕێکخراوی دوو

سنورەکەی، شۆریجە و جەباری و دوز خورماتوو، داقوق، تا سەر ئاوەسپی دەگرتەوە. مام حەمید سەرپەرشتی دەکرد بە ئەندامێتی حاجی حەبیب حەمە تۆپچی و عەلی قەساب.

ڕێکخراوی سێ

سنوری چالاکیەکەی، تەپەی مەلا عەبدوڵڵا و ڕەحیماوا و ناحیەکانی شوان و پردێ و دوبزی لەخۆی دەگرت، عەلی مغاویر سەرپەرشتی دەکرد بە ئەندامێتی عەریف نامیق (کۆچی دوایی کردووە) و موحسین عومەر (ڕەنجە) و مەلا فەرمان.



**مستەفا چاڵاوی**

کاک مستەفا چاڵاوی دەگێڕێتەوەو دەڵێت:

لە گوندی چاڵاوی باکوری ناحیەی قەرەهەنجیر و خۆرئاوای چەمچەماڵ ساڵی ١٩٥٨ لەدایک بووم. ئەو ناوەی لەسەر ڕەگەزنامەکەم هەبوو هەتا ساڵی ١٩٩١، (مچ باز) بوو. پاش ڕاپەڕین ناوەکەم گۆڕیوە بە مستەفا.

لەسەردەمی منالی مندا، قوتابخانە لەو

ناوچەیە نەبوو، بۆیە لە حوجرە دەمخوێند، باوکی دایکم کوێخای گوندەکە بوون، ئەوان بنەماڵەیەکی دەوڵەمەند بوون، پاشان کە لە گوندەکەمان قوتابخانە کرایەوە لەگەڵ خاڵۆزایەکم بە ناوی مەناف تاڵب چوینە قوتابخانەی شەو.

باوکم پیاوێکی دەست رەنگین بوو، هەموو کەرەسەو پێداویستی کشتوکاڵی بۆ جوتیارەکان دروست دەکرد و چەخماخسازیش بوو. لە دروستکردنی رێگاو بانیشدا شارەزا بوو، باوکم زوو بەجێی هێشتین، ئەو ساڵی ١٩٦٨ کۆچی دوایی کرد. باش بوو دایکم ژنێکی کارامە و لێهاتوو بوو بۆیە توانی ئێمە بە باشی پەروەردە بکات. وەک باسم کرد ماڵی باپیرم زۆر دەوڵەمەند بوون بەڵام، کە حەرەس قەومی هات، هەموو شتێکیان تاڵان کرد، بۆیە دایکم زۆر ماندوو بوو لەگەڵمان تا کە من گەورە بووم، چوومە کەرکوک و بووم بە کرێکار و رۆژانەکەم زۆرباش بوو.

من لە رێگەی ئەحمەد کرێکارەوە تەنزیم کرام بۆ ریزەکانی رێکخستنی کۆمەڵە و دواتر مەناف تاڵبی خاڵۆزام بوو بە ئەندام و پاش ئەوە داوامان لێ کرا کە خەڵکی باش و کوردپەروەر رێک بخەین، گوندەکەی ئێمە هەمووی کەسوکار و ماڵی پێشمەرگە بەئەمەکەکانی لێ بوو، بۆیە بێ ترس و گومان قسەمان بۆ خەڵک دەکرد و لە ساڵانی ١٩٧٧ و ١٩٧٨ دا توانیمان (حەمە ساڵح عەبدوڵڵا و عەبدولخالق محەمەد و محەمەد عەلی و فایەق محەمەد و سەفەر محەمەد و جەمال قارەمان و جومعە عەلی و فەرهاد محەمەد و عومەر عەلی و وەهاب بایز و ئازادی برای تەنزیم بکەین).

لە گوندی عەلی میکایل، عەبدولڕەحمان یادگارمان تەنزیم کرد و لە قەرەهەنجیریش، خەتاب حەسەن کاکە خان و فەتاح محەمەد فەرەج و لوقمان عەزیز کەریم و لەتیفی برایی و یاسین حەمید ساڵح و بەکر نەجم حسێنمان تەنزیم کرد.

له گوندی چیمەنیش ئەوانەی لەنێوان ساڵانی ١٩٧٧-١٩٨٣دا پەیوەندییان بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەوە کرد:

سلێمان محەمەد ئەمین، ئەحمەد حەسەن حسێن (مودیر چیمەنی)، ڕەشید جومعە محەمەد (مەلا ڕەشید چیمەنی) و کەرەم ئیبراهیم مەحمود و فایز ئیبراهیم سەمین ناسراو بە مەلا فایز چیمەنی و وەهاب حەمە ساڵح مەحمود و لە چیمەنی سەروش ئارام صدیق (شەهید) و کەریم چیمەنیمان تەنزیم کرد.

له گوندی خلەگەر، صابر خلەگەریمان تەنزیم کرد، هەروەها لە گوندی بنگرد ڕەحیم بنگردی و محەمەد چاو جوان بنگردی و لە گوندی بەرزانیش حەسیب حەمیدمان تەنزیم کرد. لە گوندی گورگەیی ئەیوب حەمەڕەش، کە بەدەستی قالە فەرەج شەهید کرا، تەنزیم کرد و لە گوندی مەحمود فاتا بورهان حەمەرەشید و کاکە خان سەید حەمەڕەشید و لە گوندی یەختە خانیش لەتیف محەمەد فەریق و حەسەنی برایی و خەیروڵڵا کاکە لاوەمان تەنزیم کرد.

جگە لەمانەش لە گوندی دانە صۆفی: عومەر حەمە ئەمین لەتیف و مەنار عەبدولکەریم وەلی و لە گوندی گوڵم کەوەش حەمید عومەرمان ڕێکخست، لەگەڵ فەیزوڵڵا حەمەڕەش و فاتیح سەید جەلال و حەمید عومەر.

لەناو شاری کەرکوکیشدا ئەم کەسانەم تەنزیم کرد: جەبار کەرکوکی و سەبور ئەحمەد و شێرزاد ئەحمەد و محەمەد عەبدولقادر.

بێگومان ئەم هەڤاڵانەش کۆمەڵێک هەڤاڵی تریان ڕێکخستووە. من ژمارەیەکی زۆرم تەنزیم کردووە. دواتر لە چەمی خاسە و لەناودارەکانی شەوکەت و گوندی چالاودا ژێرزەمینمان دروست کرد، شەوکەت لە چەمی کانی ماران و منیش لە ماڵی خۆمان و چەمی کۆتران ژێرزەمینم دروست کرد.

کوێخا شەریفی سەیدان زۆر هاوکارمان بوو. ئەوکات شۆڕش بە پارەی ئابونە و کۆکردنەوەی پیتاک هەندێک ئیشی جێبەجێ دەکرد، ئێمەش

ژمارەیەک نوسراومان پیا دەنارد بۆ کۆکردنەوەی پارە. عەزیز و دلاوەری کوڕی کوێخا شەریف کاتی بوونە سەربازییان هات و باوکی ڕێگەی لێ گرتن و وتی: چۆن کوڕەکانم بچنە خزمەت سوپای دڕندەری ڕژێم، کە ئەو بە خوێنی رۆڵەکانی نەتەوەکەمان تینووە؟

بە منی وت، قسەیان بۆ بکە. منیش لە ڕێگەی هەڤالانی کۆمیتەی ئاگرەوە داوای پشتگیریم بۆ کردن و چونە دەرەوە بۆ پێشمەرگایەتی، ئەوانیش پێیان وتبون دەبێت بە چەکی خۆیانەوە بێنە دەرەوە. بۆیە کوڕەکان ناچار بوون بە سەرباز و لە ئیجازەدا دوو چەکیان هێناو پەیوەندییان بە هێزی پێشمەرگەوە کرد.

جگە لەو چالاکیانە نامەی پشتگیریمان بۆ ئەو هەڤالانەی ناوشار پەیدا دەکرد، کە کەشف دەبون دەمانبردنە دەرەوە، لەوانە غەفور تاهیر ئەحمەد (شاخەوانی یاریدەدەری پزیشکی)مان برد بۆ چەمی ڕێزان و مامۆستا عادل شەریفیشم بردە چەمی ڕێزان. من ئەوکاتە قۆنتەراتچی بووم، بۆیە دەمتوانی سەری هەموو ناوچەکان بدەم بە ناوی کارکردنەوە و سەردانی کاک ئەحمەد کرێکاریشم دەکرد و باسی ناوشار و بارودۆخی ڕێکخستن و بەرنامەی حکومەتم بۆ دەکرد.

رۆژێک کاک ئەحمەد کرێکار بەر لە چونە دەرەوەی بانگی کردم، وتی ئەگەر گیرام بەدەستی عەلی مغاویر ئەگیرێم، چونکە ئەو سەرەتای مانگی حەوت دەستگیر کراوەو ٧/٢٦ ئازاد کراوە بێ ئەوەی هیچ ئاسەوارێکی تەعزیب بە روخسارییەوە دیاربێت و بگرە قەڵەویش بووە. ئەوکاتە بەعس کادری خۆی دەناردە ناو تەنزیمەکانمانەوە و یان خۆیان تەنزیمیان دەکرد.

پاش ئەوەی ریزەکانی ڕێکخستنمان فراوان کرد و چالاکی پێشمەرگانەمان دەست پێکرد و ئیتر پێویستمان بە دانانی وەکر بوو بۆ کۆبوونەوەی هەڤالان و حەشاردانی پێشمەرگە.

ناتوانین ماڵی کوێخا شەریفی سەیدان لەیاد بکەین. ماڵەکەیان یەکێک بوو لەو شوێنانە بۆ کۆبوونەوەی ڕێکخستن و حەشاردانی پێشمەرگە، شەوکەتی کوڕیشی هەر لە ساڵی ١٩٧٦-ەوە پەیوەندی کرد بە کۆمەڵەوە.

مامۆستا حەمید نەسرەدین کاکەیی لە چالاو مامۆستا بوو، مەسئولی ڕێکخستن بوو، ١٩٧٩/٩/٢٠ دەستگیر کراو بە واستە ئازاد کرا، بەڵام زۆری پێ نەچوو جارێکی تر مانگی ١٩٨٠/٥ دەستگیر کرا و بێ سەروشوێن کرا.

پاشماوەیەک کاک ئەحمەد کرێکار هات بۆ چالاو بۆ ماڵی حاجی حەمە سوری خەزوری و وتی ئیتر نارۆمەوە و ماوەیەک لەوێ مایەوە و دواتر وتی ئەچمە تەگ باسان و لەوێوە ئەڕۆمە چەمی ڕێزان بۆ دۆزینەوەی کاک عەلی بچکۆل. دوو ڕۆژ دوای ڕۆیشتنی لە تەگ باسان (فلان) بە خۆیی و دەستەکەیەوە هاتنە چالاو و پرسیاری کاک ئەحمەدی کردبوو، وتبویان لە ماڵ نییە، ئەویش وتبوی ئەمە چۆن کرێکارێکە بە جومعانیش لە ماڵ نییە؟!

کاک ئەحمەد بەر لە چوونە دەرەوەی چەندین مەفرەزەی ئیغتیالاتی دروست کردبوو. یەکێک لەو مەفرەزانە مەفرەزەکەی وەستا عەبدولقادر بەکر قادر بوو، کە جەنگی و فەرهادی لەگەڵ بوون و بەر لە دەستگیرکردنیان هاتنە گوندەکە بۆ ماڵی ئێمە، دوای سیانزە ڕۆژ چومە ماڵی عەبدولقادر، دایکی دەرگای لێ کردمەوە و وتی لێرەدا مەوەستە، قادر گیراوە و ئەمن موراقەبەی ماڵمان دەکات و منیش گەڕامەوە بۆ دێکەی خۆمان و تا ماوەیەک نەچومەوە بۆسەر کارەکەم، کە لە حەویجە قۆنتەراتم گرتبوو.

من ئەم کار و چالاکیانەم هەر لە ساڵی ١٩٧٥ ەوە دەست پێ کردووە، لە ئەندامەوە بومەتە مەسئولی شانەی سەرەکی و ئەندامی کەرت و لێپرسراوی کەرت و من لێپرسراوی کەرتی شوان بووم، ئەو ناوچانەی ئەگرتەوە کە لەسەرەوە باسم کردون. کاتێک کاک ئەحمەد چووە دەرەوە پەیوەندیەکەم پچڕا و من تا ساڵی ١٩٨٢ مەسئولی کەرتی شوان بووم. ساڵی ١٩٨٢ چومە

تیپی ٢١ی کەرکوک و بووم بە مەسئولی پۆلی شوان لە کەرتی ڕێکخستنی چەمچەماڵ. کاک ئەحمەد مەسئولی کەرتەکەمان بوو.

کاک عەلی حەسەن محەمەد (مام عەلی حەسەن) (کاکی قەساب)، دەڵێت:

من لە شۆڕشی ئەیلولدا سەرلق بووم و دواتر هاتمەوە ناوشار و خاڵۆ شەهاب ساڵی ١٩٧٤ منی تەنزیم کرد بۆ کۆمەڵە و پەیوەندی ڕاستەوخۆم بەوەوە هەبوو.

هەر لەسەرەتای دروست بونی کۆمەڵەدا، من کەوتومەتە خەباتکردن لە کەرکوکەوە بۆ قادرکەرەم و ئاوەسپی و ناو جاف و زەنگەنە و بناری گل و داویێ و دوز خورماتوو.

لەم شوێنانەدا خەڵکمان لە شار و دێ دا تەنزیم دەکرد و زوربەیان ڕێکخرابوون لەسەر شانە و پۆل. ئەمانە هەندێک ناون لەسەر شانە و پۆل کە لەیادم مابن. کۆچکردووان: مام سلێمان، مەلا عومەر تەپەسپی، حەمەئەمین ئەحمەد شەربەت، مامۆستا ئیکرام عەلەحەبە، ناصیح قادر ساڵح، مامۆستا محەمەد رەشید، فارس عەزیز کەریم، مام فارس والی، حارس فەتاح، رەشەی سالە قازی، حەمەکۆشکی، عەزیز محەمەد حەمە زایەر، حەسیب حەمید خورشید، عەلی فەقێ، کەریم فەقێ، محەمەد سەعید کچانی و مەلا کەریمی توکن (ئامر کەرت بوو لە شەڕی گوندی توکن دا شەهید بوو)، مام ساڵح سەید مراد (ئامر کەرت بوو لە کۆکس شەهید بوو)، سەعید بەگزادە، بورهان فەریق ساڵح (لە دارە رەش شەهید بوو)، جەبار عەبدولکەریم حەمە عەلی کچانی (لە کانی قادر شەهید بوو)، قاسم فەرەج (لە قەرەویس بەدەستی تەحسین شاوەیس شەهید بوو). لە ئەنفالکراوانیش، فەریق حەمەجان عەلیان، حسێن عەزیز خولی، ئەحمەد کەریم ئەحمەد، هیدایەت قادر ئەحمەد، عوسمان قادر عاصی، جەبار عەبدولکەریم حەمە

عەلی کچانی (لە شەڕی تازەشار ئەنفالکرا)، سەلام حاجی مەحمود و عەلی حاجی مەحمودی برای و جەباری حەمەی حوسێن، جەبارە رەش (کاتێک من چومە دەرەوە بۆ هەرێمی ٥ پێنجی قەرەداغ، جەبارە رەش پەیوەندی نێوان من و کۆمیتەی ئاگر بوو، مەلا رەحیم (بەناو) ئامر سریەی جاش بوو بەڵام بە نهێنی پەیوەندی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی لەگەڵ ئێمە هەبوو، ئەو نەبوایە بەشێکی زۆری دانیشتوانی گوندی بەگزادە ئەنفال دەکرا. مەلا رەحیم ئێمەی بردە ماڵی خۆیان و حەشاری داین (دواتر لە پرۆسە ئازاد کردنی عێراق دا لە شاری کەرکوک شەهید بوو).

من مانگی ١٩٧٧/٨ بووم بە پێشمەرگە لە هەرێمی (٥) پێنجی قەرەداغ ئەوکاتە کاک سیروان تاڵەبانی مەسئولی هەرێم بوو، لای ئەو بووم تاکو کاک سیروان شەهید بوو، دواتر کە تیپی (٥١)ی پەنجاویەکی گەرمیان دروست بوو، کاک سامان گەرمیانی سەرپەرشتی دەکرد. چومە لای ئەو و کرام بە کادری کاروباری کۆمەڵایەتی.

لە راپەڕینە مەزنەکەشدا رۆڵی بەرچاوم هەبوو، دواتر کرام بە ئەندام مەڵبەندی کەرکوک لە دەربەندیخان لەسەر بڕیاری هەڤاڵ مام جەلال. بەهۆی تەمەنمەوە بە پلەی موقەدەم خانەنشین کرام.

کاک ئەحمەد هاتەوە ناو باسەکە و وتی:

ئا لەو سەردەمانەدا، وەک وتم هاورێ سەلیم پێی وتین:

دەبێت چالاکی سەربازیی ئەنجام بدەن و لە سلێمانی هەڤاڵان رژێمیان بە چالاکی گیرۆدە و شپرزە کردووە.

بە هاورێ سەلیمم وت، ئێمە جارێ ناتوانین ئەو کارە بکەین و لە سلێمانیەوە مەفرەزە بنێرە بۆ چالاکی لە کەرکوک، مەفرەزەیەکی نارد.

ئەوکاتە کاک عەلی بچکۆل ئازاد کرابوو، کردبوویان بە مەسئولی هەرێمی

دوو. سێ دەمانچەی بۆ ناردین، یەکێکیان میکارۆفێکی کاتم صەوت بوو، دوانەکەی تریان میکارۆفی مسک سور بوو، کە لە ڕێگەی مەلا بەهادینی مام ڕەشەوە برابوو بۆ ماڵی مەلا محەمەدی دێوانە شەریف و پێش وەرگرتنی ئەو دەمانچانە، مام حەمید دوو دەمانچەی چواردەخۆری کڕیبوو بە چوارسەد دینار و دواتر دەمانچەیەکی گۆڵتی وەسەتیشمان دەستکەوت.

کاک محەمەد حەسەن هاتە ناو باسەکەوە و وتی: یەکەم مەفرەزە لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٨دا من دروستم کردووە و دەمانچەکەش ئەحمەد کرێکار دایمێ کە لە سلێمانییەوە هێنرابوو، لە هاوڕێ سەلیم وەرگیرابوو دەمانچەکەش چواردەخۆر بوو.

هەرچەندە من نە چەکم ناسیوە و نە تەقەم پێ کردووە، بەڵام من مەفرەزەیەکم دروستکرد لە شێخ سوارە کەمال و خالیدی پەرستیار و مەفرەزەکەی تر نعمان کلاوقوتی (لە قازان شەهید کرا) و شوان سەعید (لە ناوشوان شەهید کرا) ئەندامی بوون.

یەکەم چالاکیش سوارە کەمال و خالیدی پەرستیار لە گەڕەکی ئیمام قاسم لە سەید سەروەر نائیب زابتێکی ئیستخبارات، کە هاوکاری (فلان)ی دەکرد، کە کوردێکی خۆفرۆش بوو، سوارە بە تەنهایی تەقەی لێ کردو نارنجۆکی بۆ فڕێ دا و (فلان) و نائیب زابتەکە بریندار بون دواتر نائیب زابتەکە مرد.

دووەم چالاکی، کە سەری نەگرت، نعمان کلاوقوتی کردی لە بازاڕی حەسیرەکە، نارنجۆکی دانا بۆ (فلان)، ئەم دوو چالاکیە یەکەمین دوو چالاکیی کۆمیتەی ئاگر بون لە کەرکوک.



**خالید مەجید**
**(خالیدی پەرستیار)**

کاک خالید مەجید، ساڵی ١٩٥٦ لە خێزانێکی کوردپەروەری شاری کەرکوک لە گەڕەکی ئیمام قاسم لەدایک بووە و لەگەڵ حسێن عەزیز سێودین و هادی ساڵح و تاهیر رەحیم دا دەرچوی خولی پەرستیارییە، کە هاوتای قۆناغی خوێندنی ئامادەیی بووە و دەڵێت:

باوکم، کە بە سەید مەجید ناسراو بو ساڵی ١٩٦٣ لەلایەن حەرەس قەومیەکانەوە لەلای چایخانەی حەسیرەکەوە دەستگیر کرا. حەرەس قەومیەکان، میلیشیای توندڕەوی چەکداریی حزبی بەعس بون. هەر لەهەمان ساڵدا مام ئیبراهیمم دەستگیر کراو دوای دادگایی کردنی رەوانەی نوگرە سەلمان کرا. ساڵێک دواتر مامە (خضر) ناسراو بە شێخ خدر، کە نائیب ضابط بوو بە تۆمەتی بونی پەیوەندی لەگەڵ رێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستاندا دەستگیر کرا. من دوو خاڵیشم پێشمەرگە بون،

دەستگیر کردنی باوکم و مامەکانم، کاریگەریی خراپی کردە سەر ژیانمان لە هەمووو رووەکانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و دەرونییەوە، ئەمە هەر نەک ماڵی ئێمەیان بەو دەردە برد، بەڵکو زوربەی ماڵە کوردەکانیان دەستگیر کرد و هەندێک دێهاتیشیان وێران کرد و خەڵکەکەیان تەرحیل کرد.

بەڵام کورد لەم کارە نەسڵەمیییەوە و هەمیشە باسی خەبات و رێگە چارەیان پێکەوە دەکرد و ئومێدیان بەوە هەبوو، کە دەتوانن مافە رەواکانیان دەستەبەر بکەن.

ناخۆشترین یادەوەریم، کە تا ئێستاش فیلمێکە و لەبەرچاوم لاناچێت، چونی منی حەوت ساڵ و دایکم بوو بۆ مواجەهەی باوکم. دایکم چەند بیتوانیایە هەندێک خواردن و پێویستی بۆ باوکم ئامادە دەکرد و دەستی

دەگرتم و دەچوینە بەردەرگای سجن، پۆلیسەکە دەری دەکردین و دەیووت، مواجەهە نیە، پاش گریان و پاڕانەوەی دایکم و ئەوانی تر پۆلیسەکە دەیووت: ناوی زیندانیەکەت بڵێ، دایکم ناوەکەی پێ ئەوت و ئەویش خواردن و پێداویستییەکانی لێ وەردەگرت و فڕێ دەدایە سەر شەقامەکە و مەنجەڵەکانی قڵپ دەکردەوە. ئەم دیمەنە کاریگەریی زۆری لەسەر ئاراستەکردنی بیروبۆچونم کرد و گیانی بەرگری لە ناخمدا چاند و ئێستاشی لەگەڵدا بێت کاریگەرێتی خراپی لەسەر ناخی من و سەدانی وەک من نەخشاندووە.

ڕێکەوتنی یانزەی ئازاری ١٩٧٠ کاریگەرێتییەکی باشی لە هەموو رویەکەوە هەبوو بۆ سەر گەلەکەمان و هەروەها توانیان سود لەو فرسەتە وەربگرن و هەر لەو ماوەیەدا بوو کە کۆمەڵەی مارکسی - لینینی دامەزرێنرا و ئەندامەکانی بە نهێنی کاری ڕێکخراوەییان دەکرد و خەڵکیان هوشیار دەکردەوە و توانییان هونەر و ئەدەب و شانۆگەری و رۆژنامەگەری بگەیەننە ئاستێکی باش، خەڵک بەگشتی دڵی خۆش بوو. لە زوربەی قوتابخانەکاندا شانۆگەری و مۆسیقا و گۆرانی کوردی دەبینراو و دەبیسترا.

ساڵی ١٩٧٣ لە ڕێگەی جەواد بەهادین (پێکەوە هاوڕێی گەڕەک و پۆل بوین) تەنزیم کرام و بوم بە ئەندامی ڕێکخراوی یەکێتی قوتابیانی کوردستان و لە هەمو بۆنەکانی قوتابیان و نەتەوەییەکاندا بەشدارێکی چالاک بوم.

١٩٧٤/٣/١١ حکومەتی بەعس لە بەیاننامەی ئازاری ١٩٧٠ پاشگەز بووەوە و شەڕی چەکداریی دەستی پێ کردەوە و منیش وەکو هاوڕێکانم چومە دەرەوە بۆ ئاغجەلەر و قەلاسیوکە و رانیە و قەڵادزێ و ئۆردوگای شێخ ئاودالان و تەویلە و بیارە و دەگاشێخان و ئۆردوگای پێنجوێن.

١٩٧٥/٣/٦ ڕێکەوتنی شومی جەزائیر لەنێوان حکومەتی عێراق و شای ئێران دا مۆر کرا لە ١٩٧٥/٣/١٩دا بارزانی بڕاردەی کۆتایی پێ هێنانی شۆڕشی راگەیاند و خۆی چووە ئێران و لە جەریدەی کەیهان دا

چـاوپێکەوتنێکی بـڵاو بـووەوە و نوسـیبوی (کـار مـن تمـام شـد) مـن خـۆم ڕۆژنامەکەم بینی و بارزانی بە قاتەوە وێنەکەی دانرابوو.

ئـێمەش چـوینەوە ئێـران و دواتـر بـۆ ئۆردوگـای سـەرئاب نیلـوفەڕ لە کرماشان لەگەڵ کۆمەڵێک هاوڕێم دا (نەجات چاوشین، بەکر لەتیف، ئیبراهیم خانەقینی، عیرفان جاف، محەمەد شکور، جەمال عەبدولڕەحمان).

بەشێکی زۆری هێزی پێشمەرگەش گەیشتبونە ئەوێ و بە تەسلیم بونەوە قایل نەبون.

هەر لەو ئۆردوگایەدا بوین، دەنگۆیەک هەبوو وتیان، شۆڕش دەست پێ دەکاتەوە و کاک عەلی عەسکەری دەبێتە فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگە. زۆری پێ نەچوو نوێنەری حکومەتی عێراق هـاتە ئۆردوگـاکە و قسـەی بۆ کردین و وتی حکومەت عەفوی عامی دەرکردووە.

دواتـر دەنگـۆی ئەوەش بڵاوبـووەوە، کە هەر خوێنـدکارێک بیەوێت بچێتە ئەمریکـا دەوڵەتـی ئێران دەیاننێرێت، هەرواش بـوو ژمـارەیەک قوتـابی چـونە ئەمریکا.

مـن لەگەڵ کەمـال مـحەمەد شـورتە، کە خەڵکی ئیسکان بـوو گەڕاینەوە و خۆمـان تەسـلیم کـردەوە و بـوین بە عایـدون و تەسـریح بـوم لە خزمەتـی سەربازی و چومەوە قوتابخانە.

هەر لە سـاڵی ١٩٧٥دا لەلایەن حسـێن عەزیـز سیودینەوە تەنـزیم کـرام بـۆ ریزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵە. ئیتر منیش کەوتمە کار و چالاکیی و بەرنـامە و سیاسـەتی کۆمەڵەم بۆ خەڵکـانی ڕۆشـنبیر بـاس دەکـرد و تـا دواجـار تـوانیم چەند کەسێک تەنزیم بکەم، لەوانە محەمەد ئەحمەد عەلی ناسراو بە ئـاوات و جەواد بەهادین ناسراو بە شـێخ جەواد و کەریـم عەبدولڕەحمان و هوشـیاری علاقـات و نـورەدین عەبدولڕەحمان ناسـراو بە حەمە ڕەشـید و دواتـر تـوانیم ببم بە بەرپرسـی دوو شانە.

مامۆستا محەمەد حەسەن بەرپرسی ئێمە بوو، ئەو جارجار دەچووە سلێمانی بۆ کۆبونەوە، ساڵی ١٩٧٨ جارێکیان، کە گەڕایەوە کۆبونەوەی پێ کردین و وتی: لەمەودوا کار و چالاکی و نوسراومان لەژێر ناونیشانی کۆمیتەی ئاگردا دەبێت، نەک لیژنەی رێکخستنی کۆمەڵە. ئامادە بوانی کۆبوونەوەکە، سوارە کەمال و من و نعمان کلاوقوتی بوین. ئەو سەردەمە زوڵم و زۆری رژێم هێندە زۆر بوو، کە رێکخستن بڕیاری دروست کردنی شانەی چەکداری دا و ئێمەش (من و نعمان کلاوقوتی و سوارە کەمال) بوین بە ئەندامی ئەو شانە چەکدارییە و چەند چالاکیەکمان کرد بە سەرپەرشتی محەمەد حەسەن. شانەی رێکخستنەکانمانیان گواستەوە لای هەڤاڵانی تر.

چالاکی یەکەممان، هەوڵی کوشتنی (فلان)، کە سیخوڕێکی حیزبی بەعس بوو لە گەڕەکی سەید سەروەر، ئەو رۆژەی دیاریمان کردبوو (فلان) لەگەڵ نائیب زابتێک دا بوو، چالاکیەکەمان ئەنجام دا، هەردوکیان بریندار بون و پاشان نائیب زابتەکە مرد و (فلان)یان گواستەوە بۆ نەخۆشخانەی جمهوری، رێکخستن بە حوکمی ئەوەی من لە نەخۆشخانە کارم دەکرد رایسپاردم سۆراخی وەزعی (فلان) بکەم چوم و تەماشای ئەشیعەکەیم کرد زانیم دوو فیشەکی بەرکەوتووە و باری تەندروستی جێگیرە..

چالاکی دووەممان، بڕیاری لەناوبردنی سیخوڕێکی بەعسی بوو بە ناوی (فلان)، کات و شوێنیان دیاری کرد، ئەم چالاکیە بە ئامادەبونی من و سوارە کەمال و نعمان کلاوقوتی بوو. سەیارەکەی نعمانمان بە دووری سەد مەتر لەسەر گۆشەی کۆلانەکە راگرت، بۆ ئەوەی دوای ئەنجامدانی چالاکیەکە سواری سەیارەکە ببین و سوارە کەمال بۆ ئەم چالاکیە چواردە خۆرێک و من رومانەیەکم پێ بوو. سەیارەیەک چاوەڕێی فلانی دەکرد کە بیست مەترێک لە ئێمەوە دوور بوو، فلان لە سەیارەکە نزیک کەوتەوە و ویستمان چالاکیەکە ئەنجام بدەین، لەناکاو منالێک هاتە دەرەوە و ژنێک لە کۆلانەکەدا،

که ئێمەی بینی شڵەژا و خەریک بوو هاوار بکات ئێمە بە پەلە کشاینەوە و کارەکەمان ئەنجام نەدا.

چالاکی سێ یەم، بە تەنها نوعمان کلاوقوتی ئەنجامی دا، ئەویش لە شەودا دانانی رومانەیەک بوو لەژێر دەرابەکەی (فلان)، کە دوکانی عەتاری هەبوو، بۆ ئەوەی، کە بەیانی ویستی دەرابەکە هەڵبداتەوە بتەقێتەوە. بەلام (فلان) کە بەیانی دەچێت و دەیەوێت دەرابەکە هەڵبداتەوە لەوە زیرەکتر دەبێت کە بێ ئاگایانە دوکانەکەی بکاتەوە، کە ورد دەبێتەوە و رومانەکە دەبینێت و خێرا خەبەری دەزگا سیخوڕییەکانی ئەمن دەدات.

ئەم سێ چالاکییەمان ساڵی ١٩٧٩ بوو.

بەردەوام بووم تا مانگی ١٩٧٩/١٢ دوای ئەوە وازم لە کۆمەڵە هێنا، لە ئەنجامی گەشە کردنی فکریی و سیاسیم و گەیشتمە ئەو بڕوایەی، کە کۆمەڵە رێکخراوێکی ناسیۆنالیستییە و بەرنامە و سیاسەت و ئاسۆ و ئامانجی سۆشیالیزم نیە.

ساڵی ١٩٨١ لەکاتی حەربی عیراق - ئێران دا موالیدەکەم بانگ کرا بۆ سەربازی و منیش رۆیشتم، کە بە ئیجازە گەڕامەوە، دایکم وتی کۆمەڵێک گەنجیان دەستگیر کردووە، ئاگات لە خۆت بێت. هەرچەندە من پەیوەندیم بە رێکخستنەوە نەمابوو، خۆم گەیاندە ماڵی شێخ جەواد بەهادین و کە چوم جومعەی ژن برای ناسراو بە شیروان لەوێ بوو، هەواڵی دامێ کە ئەسعەد دەستگیر کراوە و شالاوی گرتن بەردەوامە. من رێنماییم کرد، کە پەیوەندی بە شاخەوە بکەن و پێشم وتن، کە منیش دەچمە دەرێ، پایزی ١٩٨١ لەگەڵ نەجمەدین فەقێ عەبدوللا و صەباح چوینە دەرەوە و گەیشتینە خڕی نێوزەنگ. تا کۆتایی ساڵی ١٩٨٢ پێشمەرگە بوم و دواتر چومە ماڵی خاڵم لە ناوچەی شارباژێڕ و دانیشتم. و شێخ جەواد و جومعەی ژن برای دەچنە دەرێ پاشماوەیەک رێکخستن لە دەرەوە پێیان وتبوو مادام وەزعەکە ئارام

و بێ دەنگە و ناوت نەدراوە بگەڕێرەوە ناوشار و دەست بکەرەوە بە کار و چالاکیەکان و گرتنەوەی شیرازەی ڕێکخستنەکانی شار.

بەڵام دوای پـــانزە ڕۆژ لە گەڕانەوەی شـــێخ جەواد لە ١٩٨١/١٢/٢٢دا دەستگیر و بێ سەروشوێن دەکرێت.

دوای ئەوە بەردەوام بوم لە خەبات و تێکۆشان لەناو ڕێکخراوە چەپ و مارکسیستەکان و تائێستاش کۆڵم نەداوە.

بەرز و پیرۆز بێت یاد و یادەوەری شەهیدان هەرگیز لەبیر ناچن.

تەمەن درێژی و سەلامەتی و تەندروست باشیی بۆ ئەوانەی لە ژیاندا ماون.

هۆکارەکانی کەشف بونی کۆمیتەی ئاگر:

١- تێکەڵکردنی شانەی چەکداری و شانەی ڕێکخستن.

٢- نەشـــارەزایی هەڤـــاڵان لەســـەر تاکتیـــک و بەکارهێنـــانی چەک و نەکردنەوەی خولی سەربازی بۆیان.

٣- چالاکیەکـــان لە ســـنورێکی بەرتەســـک و دیـــاری کـــراوی نـــاوچە کوردیەکان ئەنجام دەدران بەتایبەتی لە گەڕەکی ئیمام قاسم.

٤- حەماسەتی بەرزی گەنجان و باسکردنی کار و چالاکیەکان بە ئاشکرا.

٥- دەســـت نیشـــانکردنی تۆمەتبـــاران، مەرکەزی نەبـــوو، زیـــاتر لەســـەر مەزاجی شەخسی دیاری دەکران.

٦- نەبونی نەخشە و پلانی دراسەکراو بۆ ئەنجام دانی چالاکیەکان.

کاک ئەحمەد کرێکار هاتەوە ناو باسەکەو وتی: ئەم مەفرەزانە ئاگادار کران کە سەربەخۆ ناتوانن کار و چالاکی بە بێ ئاگاداری من بکەن، لەو چالاکیانەی کە کران:

یەکەم چالاکی، مەفرەزەکەی ئیمام قاسم، عەبدولقادر بەکر قادر دەستی پێ کرد. لە بەهۆی بەلەدیەی کەرکوک دەعوەتێک کرابوو، بەعس حەفلەیان

کردبـوو، عەبـدولقادر دوو رومـانەی پەیـدا کردبـوو، شـارەزایی تەواویشـی هەبـوو لەو سـەیارانەی کە لەو نـاوەدا وەسـتابوون، دەرگـای سـەیارەیەکی کردبـووەوە و دوو رومـانەکەی تیـا دانـابوون، نیوەشـەو کە حەفـلە تەواو دەبێـت و کـاتی گەڕانەوەیـان دێـت کە دەرگـای سـەیارەکە دەکەنەوە، رومانەکـان دەتەقـنەوە و کـوژراو و برینـداری لێکەوتبـووە و لەئەنجامـدا مەنعی تەجەول راگەیەنرا.

چالاکی دووەم، دیسان عەبدولقادر بەکر قادر کردی. لەم چالاکیەدا شەو رومـانەیەکی بـۆ سـەیارەی رەفیـق حیـزبییەک دانـابوو، کە ماڵەکەیـان خـوار تەجنیـدەکە بـوو، بەیـانییەکەی کە رەفیـق حیـزبییەکە دەیەوێـت بچێـتە دەوام دەرگـای سـەیارەکەی دەکاتەوە و رومـانەکە دەتەقێتەوە، تەقینەوەکە دەرگـای سەیارەکەی دەرهێنا بەڵام رەفیق حیزبییەکە نەکوژرا!!

چالاکی سێیەم، جەنگە کردی، ئێوارەیەکیان رومانەیەکی لەناو سەیارەی ئەو جەیشـی شـەعبییانەدا دانـا، کە لە شـەریکەی نەوت گەڕابـوونەوە و لەلای دوکانێکی ساردەمەنی فرۆشەوە لایان دابوو بۆ خواردنەوەی ساردی. جەنگە بەخێرایـی رومانەکیـان بـۆ دادەنێـت و دواتـر رومـانەکە دەتەقێـتەوە و چـوار کەسـی تیـا کـوژراو سـەری سـایەقەکەی لەگەڵ سـەقفی سـەیارەکەدا بردبـوو بەحەوادا.

لە گەڕەکـی ئیسـکان دوو سـەیارەی نەجـدە بەرامـبەر یەک دێـن، جەنـگە بەسـەر مـاتۆڕەکەیەوە تەقە لە سـەیارەکەی بەرامـبەری دەکـات و بـۆی دەردەچێـت دواتـر وەکـو بۆیـان گێـڕاینەوە شـەڕ لە بەینـی دوو سـەیارەی نەجدەکە روودەدات.

چالاکیەکی تری جەنگە و عەبدولقادر بۆ کوشتنی (فلان) بوو لە گەڕەکی عاشـور تەقەیـان لـێ کـرد و بەداخەوە دەمـانچەکە چـروک دەکـات و (فـلان) رزگاری دەبێت.

کاک ئەحمەد وتی:

(فلان) ئەمن بوو، دواتر بە دەستی تەنزیماتی ناوشار بە سزای گەل و شۆڕش گەیەنرا.

جگە لەمانە چەندین چالاکی تر کراوە لەبەر بارودۆخەکە ئێستا کاتی گێڕانەوەی نیە.

کاک ئەحمەد دەڵێت:

عەلی مغاویر کەسێکی چالاک بوو، ئەندامی کۆمیتەش بوو، دواتر لە سەرەتای مانگی تەموزی ساڵی ١٩٨١دا دەستگیر کرا و پاش ٢٦ بیست و شەش رۆژ ئازاد کرا. کە ئازاد کرا پاش دوو رۆژ دەنگی نەبوو، وەردە خانی خێزانی مام حەمیدم نارده لای (وەردە خان خوشکی هاوسەرەکەی عەلی مغاویر بوو)، وتم: پێی بڵێ دەمەوێت چاوم پێی بکەوێت، لە وەڵامدا وتبوی ئەمڕۆ ناتوانم. چاوەڕێم کرد هەر دەنگی نەبوو.

دیسان وەردە خانم ناردەوە بۆلای، ئیتر زۆر ترسام لەو بێ دەنگییەی، باش بوو پاش سێ رۆژ لە ماڵی مام حەمید چاوم پێ کەوت و کەسمان لەگەڵ نەبوو دوو قۆڵی کۆبونەوەمان کرد.

هەر لە یەکەمین چاوپێکەوتندا وتم: خەڵکی لە سجن دا زەعیف دەبێت، ماشەڵڵا تۆ قەڵەو بوویت، وتی: تۆ لەم قسانە ناکەویت، بە خوا زللەیەکیان لێ داوم ئاگر لە چاوم دەرچووە. کە من گوێم لەم قسەیەی عەلی مغاویر بوو، دڵم زۆر ترسا. ئەم قسانە لە حەوشەکەی ماڵی مام حەمیدا بوو. دواتر چوینە ژوورەوە و دوو بە دوو دانیشتین و من پرسیارم لێ دەکرد و ئەو وەڵامی دەدامەوە.

پرسیارەکان:

١- چۆن گیرایت و لەکوێ؟

عەلی مغاویر لە وەڵامدا وتی:

خۆت دەزانیت من سایەقی دائیرەی ئیشغاڵم و ئەوە چەند مانگە لە جنوب بوین (ئەوکاتە شەڕی عێراق – ئێران بوو) و نزیکەی مانگێک دەبێت گەڕاوینەتەوە کەرکوک. ئەو رۆژە چوم بۆ وەرگرتنی مەعاش، کە گەیشتمە ئەوێ پێش وەرگرتنی مەعاشەکە وەختێکم زانی دەورم گیراو دەست و چاویان بەستمەوە و بردیانم بۆ ئەمن.

٢- لە لێکۆڵینەوەدا پرسیاری چی و کێیان لێ کردیت؟

وتی: پرسیاری زۆریان لێ کردم و لەسەر کەسەکانیش پرسیاریان لێ کردم. لەوانە پرسیاری صەمەد محەمەد پەری یان لێ کردم کە تەنزیم بوو، هەروەها پرسیاری مامۆستا حەمید و محەمەد دێوانە شەریف و فاتیح سابیر و پرسیاری تۆ وەکو حەمەکەریم عەلی رەزایان لێ کردم.

٣- پرسیم ئەی تۆ چیت وەڵام دانەوە؟

وتی: منیش وتم صەمەد محەمەد پەری-م چەند جارێک لە ماڵی هاوزاواکەی بینیوە و لەوە زیاتر نازانم. بۆ مامۆستا حەمید و محەمەد دێوانە شەریف من نایان ناسم و بۆ تۆش وتم: ئەو پیاوە ئیشی کارەبایی دەکات و منیش هەندێک ئیشی کارەباییمان هەبووە و چووم بۆ ماڵیان تا بیبەم کارەباکەمان بۆ چاک بکات. بەنسبەت فاتیح سابیریشەوە وتم، بە سودفە لە چەمچەماڵەوە لە یەک پاصدا بوین، کە گەڕاومەتەوە بۆ کەرکوک لەسەر یەک کوشن دانیشتوین، لەوانەیە هەندێک قسەمان کردبێت و لەوە زیاتر نایناسم.

دواتر هەندێک پرسیاری ترم لێ کرد و وتی، وەڵڵا تۆش دەگرن. کە وای وت، منیش یەکسەر هەستامە سەر پێ و وتم بە خوا دەڕۆم و ناهێڵم بمگرن. لە وەڵامدا وتی: دانیشە تۆ بڕۆیتە دەرەوە من دەگرن. کە وای وت، منیش دانیشتم، وتم با بمگرن خۆ نامکوژن. لە وەڵامدا وتی: وەڵڵا هیچ نیە هەندێک پرسیارت لێ دەکەن، منیش وتم: ئینجا چییە با پرسیار بکەن، مەبەستم ئەوەبوو هەست بە چوونە دەرەوەی من نەکات.

٤- پرسیم ئەی چۆن ئازاد کرایت؟

بە قسەی خۆی وتی: ماڵی خەزورم مورید و دەروێشی سەید عەواد یان سەید تەهان (لەم دوانە یەکێکیان و لەبیرم نەماوە)، ئەو سەیدە لە ئەمنی کەرکوک دەستی دەڕوات و ئەو فریام کەوت و ئازادیان کردم و ئەمەش ئازایەتی ماڵی خەزورم بوو.

کاک عەلی بچکۆل دەڵێت:

عەلی مغاویر کادرێکی چالاک و دڵسۆز بوو، من پێش گرتنی دەزانم راستگۆ بووە، کە لە سجن بەربوو نەخۆش بوو هات بۆلای من بۆ چەمی سورقاوشان، وتی: کاک عەلی برادەران نیەتیان خراپە و دەمکوژن، وتم لای من بە.

دوای گەڕانەوەی بەڕاست و چەپا خەڵکی بۆناو کۆمەڵە دەهێنا و ئەوەش بزانە ئەگەر کەسێک ناو بە ئەمن بدات تا کەسەکە نەهێننە سەری و ئیعترافی لەسەر نەکەن وازی لێ ناهێنن.

کاک ئەحمەد دەڵێت:

کاک عەلی زۆر بە شان و باڵی عەلی مغاویردا هەڵی داوە، منیش دەڵێم، ئەو سەردەمانەی کاک عەلی بچکۆل، عەلی مغاویری ناسیووە دەکرێت وابووبێت، چونکە ئەو پێشتر ئەندامی کۆمیتە بوو، بەڵام ئەو ناسینە حەوت ساڵ پێش گرتنەکەی بووە و دەشڵێم سجن و شاخ دوو شتی لێک جیاوازن.

با ئەم راستیەش باس بکەم:

مام حەمید هاتە ناو باسەکەو وتی: ئەوەتا کاک عەلی بچکۆل باسی دوای ئازادکردنی عەلی مغاویر دەکات، کە لە چالاکی و خەبات بەردەوام بووە.

کاک ئەحمەد کرێکار وتی: بۆ کۆنفرانسی یەکی کۆمەڵە، کە لە مالیمۆس بەسترا، مامۆستا عومەر قادر و ئەسعەد عەزیز ئامادەی بوون.

کاتێک عومەر قادر و ئەسعەد عەزیز دەستگیر دەکرێن مولازمی تەحقیقەکان پرسیاریان سەبارەت بە کۆنفرانس لێ دەکەن. (دیارە زانیارییان وەرگرتووە).

مام حەمید هاتەوە ناو باسەکەوە و وتی:

عەلی مغاویر، داوای لە من و عەلی بچکۆل کرد لیژنەی تەحقیقی لەسەر دروست بکەین. لەسەر ئەوەی گوایە ئەو ئیعترافی لەسەر هاوڕێکانی کردبێت.

کاک ئەحمەد لە وەڵامدا وتی:

ئەوە زۆر زۆر دوورە لە راستییەوە، ئەگەر وابوو بۆچی منیان ئاگادار نەکردۆتەوە، خۆ من مەسئول بووم لەو سنورە لە مانگی ١٩٧٦/١٠ – ١٩٨١/٨/٢٠ ئەو رۆژەی کە پەیوەندیم کرد بە هێزی پێشمەرگەوە.

من (٥) پێنج ساڵ مەسئول بووم لە دەرەوەش و لەسەرەتای ١٩٨٢–ەوە بە بڕیاری ناوەندی کۆمەڵە و بە بڕیاری سەرکردایەتی هەر مەسئولی رێکخستن بووم لە سنوری تیپی ٢١ی کەرکوک.

کاک ئەحمەد لە درێژەی باسەکەیدا وتی:

من ترسام و چومە سلێمانی بۆ لای هاوڕێ سەلیم و جەمال تایەر و قسەم بۆ کردن و پێیان راگەیاندم، کە خۆمان بشارینەوە یان بچینە دەرەوە.

وتم: ئەوا ماوەیەکە ئازاد کراوە و کەسمان نەگیراوین. کاک جەمال تایەر وتی: زۆری لەسەر مەڕۆ، ئەو خۆی وەعدی داوە ئیشیان لەگەڵ بکات. منیش وتم، خۆ هەموو رێکخستن ناناسێت. کاک جەمال وتی: ئەوە سەعاتی سفریان داناوە. هەمووتان بە یەک شەو دەگرن. منیش وتم: ئەی چی بکەین؟

وتی: لەگەڵ هاوڕێ سەلیم دا بچنە کەرکوک و کۆمیتەیەکی نهێنی دروست بکەن، تۆ دەورو تەسلیم بکە و لە رێکخستن دوربکەوەرەوە و ئەوانەی عەلی مغاویر دەیانناسێت با بچنە دەرەوە یان خۆیان حەشار بدەن. تۆش وەک پێم وتیت.

من وتم: دەبمە پێشمەرگە و ناچمەوە ناوشار.

کاک جەمال وتی: زۆر باشە. جارێ بڕۆن ئەو کارە بکەن، ئیتر ئەوەبوو من و هاوڕێ سەلیم هاتینە کەرکوک و چوینە ماڵی کاکەڕەش.

کۆبونەوەمــان کــرد و دواتــر تەکلیفمــان لە کــاکە رەش کــرد ببێــت بە مەسئولی کۆمیتەی ئاگر، مامۆستا کاکەرەش قبوڵی کرد و بەشێوەی نوسین لەسەر وەرەقەیەک شێوەی رێکخستنەکانم بۆ باس کرد و ناونیشانێکمان بۆ دانا، کە برادەرێک بەم ناوەو بەم ناونیشانە هات بۆلات پەیوەندی پێوە بکە.

کاک ئەحمەد وتی:

ئێمە چوار دەمانچەی میکارۆف و دوو دەمانچەی چواردەخۆر و یەک دەمانچەی کاتم صەوت و یەک دەمانچەی ستارمان هەبوو، هەر بە ناونیشان تەسلیمی کاکەرەشمان کرد.

کارەکەمان تەواو کرد و هەرچی هەڤاڵێکم ناسی پێم وتن: یان خۆتان بشارنەوە و یان پەیوەندی بکەن بە هێزی پێشمەرگەوە. (ئیتر من خواحافیزیم کرد و من دەمێک بوو مناڵەکانم ناردبووە دەرەوە و هەر من و دایکم مابوینەوە).

ئێوارەی ئەو رۆژە چومە چایخانەکەی گەڕەکی خۆمان، برادەرێکم بینی ناوی عادل کامیل بوو، هاتە تەنیشتم و کەوتینە قسە کردن. لەناکاو عادل هەستاو چووە سەر مێزێک کەسێ کەسی لەسەر دانیشتبوو، تا سەعاتێک لەگەڵ ئەواندا مایەوە. دواتر ئەوان رۆیشتن و عادل هاتەوە بۆلام وتی:

ئەو سێ کەسەت ناسی؟

وتم: نەخێر.

عادل وتی: ئەوانە ئیستخباراتن.

وتم: ئینجا چییە؟

وتی: لیستێکی دە کەسی یان پێ بوو، یەکەم ناو ناوی تۆیە، کە ئەم قسەیەم بیست زانیم راست دەکات. بەڵام خۆم تێک نەدا و وتم: وانیە، من خۆم فەرمانبەری دەوڵەتم و پێویست ناکات بەدوامدا بگەڕێن، هەرکاتێک ویستیان دەتوانن بێن لە دائیرە بمگرن.

عادل وتی: به سەری برایەتیمان ئەوەی وتم راستە و ژمارەی دەرگای ماڵەکەشتان ئەوەندەیە و داوایان لە من کردووە هاوکارییان بکەم بۆ دۆزینەوەی ناونیشانی ماڵی ئەو دە کەسە. بەڵام من وەعدم نەداوە.

من هەر خۆم ئاشکرانەکرد و نەمهێشت بزانێت کە من قسەکانیم بە راست وەرگرتوە و دواتر هەستام و گەڕامەوە ماڵەوە و خواحافیزیم لەدایکم کرد و چومە ماڵی زاوایەکی عادل، کە ناوی عومەر مەحمود بوو.

بە عومەرم وت: من بەیانی ئەڕۆمە دەرەوە و تۆ بچۆرە ماڵی عادل و قسە دامەزرێنە و بڵێ: ئێمە ئیشێکی کارەباییمان لە حەویجە گرتووە و پێکەوە دەچین ئیش دەکەین، عادل بنێرە بچێتە لای ئەو سێ کەسەی کە بۆی باس کردبووم و پێیان بڵێت: من ئامادەم ئیشتان لەگەڵ بکەم و سەیری لیستە دە کەسیەکە بکات و ناوەکانیان پێ بڵێت، با ئەو هەڤاڵانەی تریش لە گرتن رزگار بکەین. وتم ئەگەر ئیشەکە سەری گرت وەرە بۆلام لە دێی چالاو، من چەند رۆژێک لەوناوە دەمێنمەوە و تا تۆ دێیتەوە من جێگەیەک بۆ منالەکان دابین دەکەم. ئیتر خواحافیزیم کرد و بەیانی چوم بۆ چەمچەماڵ و لەوێوە بەلارێ دا چومە چالاو. پاش هەفتەیەک عومەر هات و وتی:

چومەتە لای سێ کەسەکە و پێم وتوون بڕیارم داوە هاوکاریتان بکەم، بەڵام ئەوان وتوویانە ئیتر پێویستمان بە تۆ نەماوە.

من ١٩٨١/٨/٢٠ بە یەکجاری کەرکوکم جێ هێشت. باسمان کرد، کاکەڕەش کرا بە لێپرسراوی کۆمیتەی ئاگر و دواتر عومەر قادر و ئەسعەد عەزیز (شێخ دارا) کران بە جێگری کاکەرەش.



**بابەکر صدیق ئەحمەد**
**(کاکە رەش) (غەریب)**

مامۆستا کاکە رەش، ساڵی ١٩٥٢ لە شاری کەرکوک لە گەڕەکی بەرتەکیە ناسراو بە (بڵاغ) لەدایک بووە. حەوت سەر خێزان بون و باری گوزەرانیان باش بووە و دەڵێت:

من لە خێزانێکی شیوعی دا پەروەردە بووم، بەهۆی براکانمەوە خولیای خوێندنەوە و گوێ گرتن بووبووم لە مەسەلە سیاسیەکان و هەر بۆیە لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٠-ەوە کەوتمە خوێندنەوەی کتێب و نامیلکە و یەکەمین کتێبم، کە خوێندەوە کتێبەکەی (إحسان عبدالقدوس) بە ناوی (الطریق) بوو.

بەیانی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ش هەستی نەتەوایەتی بزواندین و گوڕ و تینێکی لەناو هەستی ئێمەی گەنجان دا دروست کرد. هەر لەو ساڵەدا بوو، کە تیپی نواندنی شانۆی (مەشخەڵ)مان دامەزراند، کە دەرهێنەرەکەی فایەق سەلمان بوو، ئەکتەرەکانیش جیهاد دڵپاک، عەلی کەریم، فازل جاف، غەفور عوزەیری و مەهدی ئومێد و فەهمی کاکەیی و ... بوون. ئەمانە هەموویان پێکەوە هەنگاوەکانیان بۆ گەشەکردنی هەستی نەتەوایەتیمان خێراتر کرد.

قۆناغی ئامادەیی پیشەسازیم تەواو کرد و لە بەغدا بووم بە سەرباز.

پاش تێکچونی مفاوەزاتی ١١ی ئازار، منیش یەکێک بووم لەو کەسانەی لە سەربازی هەڵاتم و چومە ناوچەی شارباژێڕ و لە رێگەی فەلەکەدین کاکەییەوە، کە ئەوکاتە ئەندامی حیزبی شیوعی بوو گەیشتمە چۆمان و هەر لە رێگەی ئەوەوە لە ئیزاعەکەی شۆڕش دەست بەکار بوم، حافز مائی مەسئولی ئیدارەی دەزگاکە بوو، ئازاد و سەردار و مەریوانیش بەڕێوەبەری

هونەریی بون و ئێمەش کارمەند بوین. تا ئاشبەتاڵ لەوێ بوم و دوای ئەوە نەگەڕامەوە عیراق و چومە ئێران و لەوێ لە شاری مەهاباد گیرسامەوە و تا ناوەڕاستی ساڵی ١٩٧٥ مامەوە و دواتر گەڕامەوە بۆ عێراق و چومەوە بۆ کەرکوک وەک عائدون.

لەو سەرەتایانەوە هەندێک برادەرم ناسی، کە هەموومان چون یەک بیرمان دەکردەوە، لەوانە بەکر صدیق (کۆچی دوایی کردوە). رۆژێک بەیاننامەیەکی دایە دەستم و پاش خوێندنەوەی و گفتوگۆ کردن لەسەری و بڕوابونمان بە یەکتری باسی کۆمەڵەی بۆ کردم، لەوێوە بە رەسمی ئینتیمای من دەستی پێ کرد و بووم بە ئەندامی ئەڵقە دراسیەکانی کۆمەڵە. من خەلفیاتێکم هەبوو لەسەر بابەتەکان، بۆیە زوو چوم بە دەم داواکارییەکەیانەوە، پاش ماوەیەک بوم بە ئەندام. یەکێک لەو بڕیار و ئەرکانەی ئەندامانی کۆمەڵە، رێکخستنی ئەندامی نوێ بوو بە شێوەی تەزبیحی.

بەکر صدیق منی دایە دەست فریا عەلی و پێکەوە کارمان کرد. من محەمەد نامیق-م تەنزیم کرد (ئامر مەفرەزە بوو شەهید کرا).

مامۆستا مەدحەت محەمەد تۆفیق لەگەڵ مامۆستا شێرکۆ ئەمین لە کادرە کۆنەکانی کۆمەڵە بوون و مامۆستا عادل عومەر (لە کەرکوک) و مامۆستا نیزام (ئێستا لە سلێمانی نیشتەجێیە)، ئەمانە هاوڕێی گەڕەک و خوێندن بون و کەسانی رۆشنبیر و خوێندەوار بون، جگە لەمانەش مامۆستا جەلالی شێخ کەریم ناسی (برای شەهید حەمەڕەش)، ئەو خوێندکاری مەعهەدی مامۆستایان بوو.

مامۆستا محەمەد دەڵێت:

مامۆستا کاکە رەش و مامۆستا جەلال دوو ئەندامی چالاکی کۆمەڵە بوون، کە خەتی رێکخستنیان لابوو پەیوەندییان بە منەوە هەبووە تا دەستگیر کرام.

مامۆستا کاکەرەش دەڵێت:

مانگی ١٩٨٠/٤ محەمەد حەسەن دەستگیر کراو خەتەکانی درانە لای من و فایەق عومەر رەسوڵ، دواتر من کەرتێکم لابوو بە ناوی کەرتی شەهید ئاسۆ، کە ٢٢ ئەندامم هەبوو ئەوانیش شانەی خۆیان هەبوو.

١٩٧٥/١٢/١٠ لە ئیعدادیەی صەناعەی تکریت بە مامۆستا دامەزرام. لەو ماوەیەدا توانیم تەنزیمات لەناو شاری تکریت دا دروست بکەم، کە خەڵکی توزخورماتوو بون. لەوانە بورهان جومعەی خوێندکار، کە ئێستا مەسئولی کۆمیتەی توزخورماتووە.

وەک باسم کرد، مامۆستا مەدحەت لە تەنزیمە یەکەمینەکانی کەرکوک بوو دوای ئاشبەتاڵ، کەسێکی خەڵکی لادێ یان پێ ناساند بوو (هاتبووە شار و لە مەعمەلێکی دروستکردنی پاقلاوەدا کاری دەکرد). پاشماوەیەک داوای لە مامۆستا مەدحەت کردبوو، کە دەیەوێت پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە بکات، مامۆستا محەمەد تەزکیەی بۆ کرد و چوو بۆلای کاک ئازاد لە قەرەداغ زۆری نەبرد تەسلیم بووەوە. کە تەسلیم بووبووەوە، ناوی مەدحەتی دابوو، دواتر چووبوو بۆ ماڵی مەدحەت و نەیوتبوو کە تەسلیم بومەتەوە، بە حساب وەک پێشمەرگە هاتۆتەوە بۆ چالاکی، نامەیەکی چکلێتی پێ بووبوو بە ناوی (عادل)ەوە، ناوی خوازراوی کاک ئازاد هەورامی. ئەم نامەیە دەستکردی ئەمنی کەرامە بوو، لە نامەکەدا نوسرابوو کە بچێت بۆ محەتەی قیتارەکە (ئێستا نەقلیاتی بەغدایە) و هەندێک کاری رێکخستنمان پێیەتی. مەدحەت خێرا نامەکەی بۆ من هێنا، داوام لێ کرد کە نەچێت، من خۆم شەخسی چوم بۆ ئەو شوێنە. ئەوەی منی برد مامۆستا نیزام بوو، کە ئەندامی کۆمەڵە بوو. ئەو سەیارەی هەبوو، جار جار کاروبارەکانی رێکخستنی بۆ جێبەجێ دەکردین. چوینە محەتەی قیتارەکە و لەو ناوەدا چایخانەیەکی لێ بوو یاری سینی و زەرفی لێ دەکرا. من چوم و لەوێوە

مـوراقەبەی وەزعەکەم دەکـرد، مەوعیـدەکە تێـپەڕی و مەفرەزەیەکـی ئەمـن هاتنە ناو چایخانەکە داوای هەویەیان کرد و مـن هەویەی خـۆمم دانـێ. ئەوەی خەڵکی مەنتـیقەکە نەبـوو لێیـان دەپرسـی بـۆ لێرەیت؟ لە چایخـانەکەدا چـوار پێـنج کەسـمان خەڵکـی مەنتـیقەکە نەبـوین، ئەمە رۆژی ١٩٨٠/٧/١٧ بـوو، بردیـانین بـۆ ئەمنـی کەرکـوک، لەوێ تەحقیـق و تەعزیـب دەسـتی پـێ کـرد و هیچیـان لە مـن دەسـت نەکەوت، و پـاش بیسـت و یەک رۆژ ئازادیـان کـردم. بەداخەوە دوای مـن واتە ١٩٨٠/٧/١٩ مەدحەتیـان دەسـتگیر کردبـوو. ئەویـش هەموو زانیارییەکانی لەگەڵ خۆیدا بردە ژێر گڵ و تائێستا بێ سەروشوێنە.

پاش چەند مانگێک لە گرتنی محەمەد حەسەن، ئەحمەد کرێکار پەیوەندی پێوە کردم.

من لێرەدا تەنها باسی ئەو چالاکیانە دەکەم، کە پەیوەندی بە خۆمەوە هەبووە.

من دوو مەفرەزەی چالاکیی ناوشارم هەبوو، کە لەم هەڤاڵانە پێکهاتبون:

سـەردار سـەعید، نـامیق ئیسـماعیل قـامە ناسـراو بە شـاهۆ (شـەهید) و محەمەدی نائیب زابت ناسراو بە ئاری (شەهید) و چەند کەسێکی تر.

مـاڵی سـەردار مەعمەلـی سـەهۆڵیان هەبـوو لە گەڕەکـی سـەرچناری کەرکوک، ئەو لەگەڵ هەڤاڵەکانیدا (سەردار خۆی شانەی لابوو) لوغمێکیـان بـۆ قیتـارەکە دانـا، کە لەبەردەم مەعـمەلەکەوە تـێ دەپەڕی، هەوڵەکەیـان سەرکەوتوو نەبوو، چونکە بەیانیان قیتارەکە سەعات شەشـی رێک دەگەیشتە شـوێنی دیـاریکراو، بەڵام ئەو رۆژە پێـنج دەقـیقە پێشـتر گەیشـتبوو، بـۆیە قیتـارەکە نەتەقـی بـووەوە، بەڵام زەرەری لە سـکەکە دابـوو. ئەمـان بە پەلە رایـانکردبوو، رژێمـیش بە پەلە دەچـنە نـاو مەعـمەلەکە و چـوار کرێکـاری میسـری لـێ بووبـوو، هەر چواریـان دەسـتگیر دەکەن و پـاش تەحقیـق بۆیـان دەردەکەوێت، کە ئەمانە هیچیان لەسەر نیە و ئازاد دەکرێن.

چالاکی دووەم، محەمەد نـامیق و شـاهۆ کردیـان، ئەویـش کوشـتنی (فـلان)

بوو، کە دوکاندار و نەقیبێکی موخابەراتی چڵکاوخۆر و خەڵکی شوانی سەر بە ئاغجەلەر بوو. ئەو خەڵکی بەدەمەوە دەدا و هەوڵی راکێشانی کوردی دەدا بۆ بە بەعسی بون. هەڤالانی تەنزیمەکەی لا من، زۆر قایمکار و نهێنی پارێز بون، چونکە زوربەی زۆری ئەندامانمان کەسانی رۆشنبیر بون، خۆشم خوێندەوا رو شارەزا بووم.

من لە رێگای محەمەد حەسەنەوە، عومەر قادر و فایەق عومەر رەسوڵ و ئەسعەد عەزیزم ناسی.

جارێک من و فایەق رەسوڵ چوینە ماڵی عەلی مغاویر بۆ کۆبونەوە، عەلی مغاویر ئەندامی کۆمیتە بوو، کە چوینە ژورەوە تەماشامان کرد کلاشنکۆفێک و دەستێک جلی جەیشی شەعبی هەڵواسراوە، لێم پرسی کاک عەلی ئەم شتانە چی دەکەن لای تۆ؟

لە وەڵامدا وتی: لەبەرئەوەی من سایەقی مودیری بەلەدیەی کەرکوکم (کە ناوی عەبدولکەریم بوو، ئەوسەردەمە کوردێکی خۆفرۆش بوو)، کە دەچینە بەرەکانی شەڕی عێراق – ئێران دەبێت ئەو جلوبەرگانە بپۆشم.

عەلی مغاویر، ئەندامێکی کۆمیتەکە و کەسێکی چالاک بوو، خەتێکی زۆر گەورەی لابوو، کە ئەمانە دانیشتوی گەڕەکەکانی خۆمان بون و هەندێکی تریشی لەلا بوو کە من تەنها بە ناو دەمناسین.

عەلی مغاویر دواتر بوو بە سایەقی سەیارەی دائیرەی طرق و جسوری کەرکوک فەرمانبەری دەهێناو دەبرد، وتیان لە سەیارەکەی خۆیدا سرودی پێشمەرگە و شۆڕشی لێ دابوو، دیارە لەناو سەیارەکەدا خەڵکی سەر بە رژێمیشی تیا بووە و زمانیان لێ داوە و دەستگیریان کردووە.

من لای عەلی مغاویر بە (غەریب) ناسێنرابووم، بۆیە ناوم لە لیستەکەی ئەودا نەبوو، بەڵام بە گرتنی ئیعترافی لەسەر هەموو خەتەکەی کردبوو، ئەوانیش هەندێکیان ئیعترافیان کردبوو.

وەزعی ناوشار تێکچوو، ئەوسەردەمە دانیشتنێکم لەگەڵ هاوڕێ سەلیم و کاک ئەحمەد کرێکار کرد. لەو دانیشتنەدا، کاک ئەحمەد دەستی لە کۆمیتەکە هەڵگرت و تەسلیمی منی کرد. دوای ئەوە من بوم بە لێپرسراوی کۆمیتەکە بە بڕیاری کۆبونەوە و ئامادەبونی هاوڕێ سەلیم و ئەحمەد کرێکار و بە سەرپەرشتی جەمال تایەر، دواتریش کۆبونەوەیەکی سێ قۆڵیمان لە ماڵی عومەر قادر کرد و من بوم بە سەرپەرشتیاری کۆمیتەکە، ئیختیارەکان درانە دەست من کە خەڵکی گونجاو و شایستە هەڵبژێرم.

ئەوانەی من لەبەرچاوم گرتبوون، عومەر قادر و ئەسعەد عەزیز بون، هۆکارەکانی هەڵبژاردنیان:

١- خەتەکانیان فراوان و بەرین بوو.

٢- کادری هوشیار و رۆشنبیر بون.

ئەحمەد کرێکار خەڵکی بۆ ناردم، وەک ئەوەی ببن بە ئەندامی کۆمیتەی ئاگر، یەک لەوانە، فاتیح سابیر بوو، مەوعیدێکمان دانا و یەکتریمان بینی، من ئەم برادەرەم رەفز کرد چونکە:

١- برایەکی نەقیبی عەسکەریی بوو.

٢- فاتیح فەرمانبەر بوو لە چەمچەماڵ و مەجالی هاتوچۆی زۆر نەبوو.

مام حەمیدیان بۆ دانام و من چومە مەوعیدەکە، مام حەمید نەهات و منیش وەکو مەوقفێکی حیزبی رەخنەم لێ گرت، بەڵام بە مەفهومەکەی، کە بە منیان وت، ئەو وتبوی کاکە رەش گەنجێکە و من نابم بە ئەندام لای ئەو.

دوای تەشکیل کردنی ئەو کۆمیتە نوێیە، لەبەر وەزعی ئەمنی شاری کەرکوک داوایان لێ کردم کە کۆمیتەیەکی نهێنی تر بە ناوی کۆمیتەی ئەنوەر زۆرابەوە تەشکیل بکەین.

لە خیلالی چالاکیەکانمانەوە، تەعاروفم لەگەڵ جەمال تایەردا کرد، لەڕێی ئەوەوە کە سەرپەرشتیاری رێکخستنەکانی هەموو شارەکانی کوردستان

بوو، کاک کۆسرەتم ناسی. لە هەولێر من و کاک جەمال تایەر و کاک کۆسرەت کۆبونەوەمان دەکرد. ئەمە ساڵی ١٩٨١ بوو. دوای ئەوە کۆمیتەی ئاگر لە ١٩٨١/١٠/١٧دا کەشف بوو، بەڵام بەر لە هاتنی مانگی ١٠ کۆمیتەکە لای رژێم کەشف بووبوو. چونکە ئەوانە لیسی ناوی هەڤاڵانیان لابووبوو، بەڵام پەلەیان لە دەستگیر کردنی هەڤاڵان نەکردبوو، تا چاودێری هاتوچۆ و هەموو چالاکیەکانیان بکەن و ئەو هەڤاڵانەش بناسن، کە هێشتا ناسراو نەبون.

من هەندێک لەو برادەرانەم دەناسی کە دەستگیر کرابوون، ئیحتیاتی خۆمم کرد، چومە ماڵی عومەر قادر لە گەڕەکی حەمام عەلی بەگ، لەبەرئەوەی ئەو گەڕەکە زوربەی دانیشتوانەکەی تورکمان بون شوبهەی کەمتریان دەکەوتە سەر.

چەند رۆژێک بوو لەوێ بووم، ئێوارەیەک دەنگی دەرگا هات و عومەر چوو کردیەوە و سەردار سەعیدی هێنایە ژورەوە، سەردار شڵەژابوو، وتی ئەمرت دەرچووە بۆ گرتن و هاتونەتە ماڵی ئێمە و پرسیاری ناونیشانی ماڵی ئێوەیان لێ کردوم و من وتومە بە تەواوەتی نایانناسم وبەڵام دەڵێن ماڵیان لە فڵانە گەڕەکە و ناوێکی ترم دا و هەر ئەوان دورکەوتنەوە خێرا خۆم گەیاندە ئێرە. من سەردارم هێمن کردەوە و هەندێک قسەم بۆ کردن و ئەو گەڕایەوە.

شەو داهات و بەرەبەیانی ١٩٨١/١٠/٢١ دایان لە دەرگا، بە دەنگی دەرگاکە خەبەرم بووەوە و گوێم لە دەنگە دەنگی ئەمن بوو بە پەلە خۆم کردە ژێر قەرەوێڵەکەوە و عومەر چووە ناو دەرگای ژورەکە و هەر یەکسەر عومەریان دەستگیر کرد و رۆیشتن. کە دنیا هێمن بووەوە هاتمە دەرەوە. پارەی ئابوونەکانم تەسلیمی زەکیە خانی خوشکی کاک عومەر کرد و زەکیە خان وتی، هەر کە ئەمنەکان هاتنە ژورەوە و هادی برامیان بینی ئەویان دەستگیر کردوو بردویانە ئینجا هاتنە ئەولاتر و عومەری براشمیان برد. بەداخەوە هادی بێ سەروشوێن کرا.

زەکیە خان خۆشی ئەندامی شانەی کەرتی شەهید لەیلا بوو، کە تایبەت بوو بە ژنان و خۆم سەرپەرشتی ئەو شانەیەم دەکرد و بەهار تاڵەبانی و ناهیدەی ژنی صەمەدیشیان لەگەڵ بوو، ئەوانیش شانەی خۆیان هەبوو. من کە دنیا هێمنتر بووەوە ماڵی عومەرم بەجێ هێشت و چومە ماڵی عومەر عەبدولکەریم (کۆچی دوایی کردووە) خزمی خۆم بوو، لەوێ مامەوە و ناردم بەدوای فەهمی برامدا، ئەو هات بۆلام و وتی: من دەربازت دەکەم و خەمت نەبێت. ئەو لە کەرکوک ئاسنگەر بوو، دوو رۆژ دوای ئەوە نموزەجی ئیجازەی عەسکەرییان بۆ پەیدا کردم، چالاک ناوێک لە ئاسنگەرخانەکە لای فەهمی برام ئیشی دەکرد و متمانەمان پێی هەبوو، ئەو بە سەیارەکەی خۆی لەگەڵ فەهمی برامدا هاتن بەدوامدا و منیان برد بۆ ناوچەی لەیلان و ساڵەیی، بردمیان بۆ ماڵێکی ناسیاویان کە جێی متمانەیان بوو، تا ئەوکاتەی کە پێشمەرگە بێنە ناوچەکە، من برۆم لەگەڵیان و رزگارم بکەن، پاش دوو سێ رۆژ مانەوە پێشمەرگە دیار نەبوون، تەنها رۆژانە بە نهێنی چالاک و فەهمی برام دەهاتن بۆ سەردانم. من خۆم زۆر دەترسام لە هاتنی جەیش و جاش، چونکە رێگەی هاتوچۆی زۆر بەسەرەوە بوو، داوام لێ کردن، کە ناتوانم لەمە زیاتر بمێنمەوە و دەبێت چارەسەرێکم بۆ بدۆزنەوە. ئەو چالاکە ناسیاوێکی هەبوو جەیشی شەعبی بوو، سەیارەیەکی بیجۆی هەبوو رەقەمەکەی فەحصی موەقەت بوو. وتیان: بەم سەیارەیە دەڕۆین و جێی متمانەیە و ناشهێڵین بزانێت تۆ کێیت.

وتم بمگەیەننە عەربەت.

رۆیشتین و لە سەیتەرەکان بە ناوی ئیشی مقاوەلاتەوە دەردەچوین، چونکە فەهمی برام هەویەی مقاوەلاتی هەبوو. منیان گەیاندە عەربەت. بۆ ئەوەی لەوێوە بچمە شارباژێڕ. عەربەت بۆ من ئاسانتر بوو (چونکە هێشتا لیستی ناوی هەڤالانی کۆمیتەی ئاگر نەگەیشتبووە دەست سەیتەرەکان).

دووەمیش چونکە گەڕانەوە بۆ ناو کەرکوک مەترسی زیاتر بوو.

لە عەربەت دایانبەزانـدم و تەکسـییەکیان بـۆ گـرتم، وتـم دەچـم بـۆ قەڵاچـوالان، لە نیـوەڕێ وتـم بمـبە بـۆ گـورگەدەر، وتـی: بـۆچی دەچیـت بـۆ گورگەدەر، پڕە لە پێشمەرگە. وتم، دەچم بۆ سۆراخی براکەم و دەڵێن دیار نەماوە. سایەقەکە ناوی رۆستەم بوو. زۆر پیاوانە وتی: مادام دەچیت بۆ لای پێشـمەرگە. مـن لە خزمەتتدام، منـی گەیانـدە گـورگەدەر و خـۆم بە پـێ چـومە هـۆنەرێنە، چـونکە ئەو نـاوە شـارەزام. کەسـوکارم لە دێ ی هـۆنەرێنە هەیە. دواتر حیزبی بەعس لەبەر ئەوەی منیان دەست نەکەوتبوو، کەوتبوونە گرتنی کەسوکارم، دوو برام بە ناوەکانی محەمەد زەکی و محەمەد فەهمی دەستگیر کـران و بـێ سـەرو شـوێن کـران، کۆمەڵێـک رەفیقیشـیان گـرتم، لەوانە وریـا عەلی خاڵۆزام و مامۆستا عادل عومەر و نیزامی هاوڕێم.

گەیشـتمە هـۆنەرێنە و زۆری پـێ نەچـوو کـاک بەکـری حـاجی سـەفەر و دواتر ئەبو شەهاب هاتن بۆلام.

کـاک بەکـر مەسـئولی هەرێمـی سـێ بـوو. لەڕێـی کوردسـتان خـانی خێـزانمەوە، کـاک جەمـال تـایەر سـەد دینـاری سویسـری و دەسـتێک جلـی کوردی و تەزکیەی ناوەندی کۆمەڵەی بۆ ناردم.

دوای ئەوە لە رێـگەی مەفرەزەیەکـی پێشـمەرگەوە گەیەنـرامە خـڕی ناوزەنگ.

مـن لەنـاو سـەرکردایەتی یەکێتیـدا، بە کـاکە رەش ناسـرابووم. چـونکە سـەرەتا، کە خـۆم ناسـاند بە کـاک جەمـال تـایەر و هـاوڕێ سـەلیم، بە کـاکە رەش خۆم ناساند ولەناو کەرکوکیشدا بە غەریب خۆم ناساندبوو.

بەخێرهـاتن کرام و کرام بە مەسئولی رێکخستنی پێنجوێن، ئەوسـەردەمە کاک بەکری حاجی سەفەر ئامر هەرێمی سێ بوو، ئەبو شەهاب مەسئولی لق بوو، منیش مەسئولی کۆمەڵە بووم.

دوای کەشــف بــونی کــۆمیتەی ئــاگر و دەســتگیر کردنــی هەڤــاڵان (١٠) هەڤاڵمان حوکمی لەسێدارە دانیان بەسەردا سەپێنراو (٢١) هەڤاڵیش حوکمی زیندانیی جۆراو جۆریان بۆ دەرکرا و ١٧ هەڤاڵیشمان بێ سەروشوێن کران. لەوانە هەردوو براکەم، محەمەد زەکی و محەمەد فەهمی و چوار کەسیشیان ئازاد کرد.

کاتێک من چومە ناوەندی کۆمەڵە، لەوێ نەجمەدینی فەقێ عەبدوڵڵام بینی، من پێشتر ناویم بیستبوو، کە لە ڕێکخستنە کۆنەکانی کەرکوکە و لەگەڵ کاک ئـازاد هەورامـی دا کـار و چـالاکی کـردووە، بەڵام بە بینـین نەم بینیبـوو، هەر ئەویش لەو یەکەمین کەسانە بوو، کە پاش هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش ساڵی ١٩٧٦ چوبووە دەرەوە بۆ ناوچەی قەرەداغ.

هۆکارەکانی کەشف بونی هەڤاڵانی کۆمیتەی ئاگر.

هەرچەنـدە پێشــتر ئامــاژەم بە هەنـدێک هۆکــار دا، بەڵام دەمەوێــت ئەم هۆکارانە جارێکی تر بخەمەوە بەرچاوی خوێنەران.

١- خیانەتی عەلی مغاویر.

٢- زەرع کردنــی هەنـدێک کەســی ئەڵــقە لە گــوێ لەنــاو ڕێکخســتنەکانی کۆمیتەی ئاگردا.

٣- هـاتوچۆی هەنـدێک لە ئەنـدامانی ڕێکخسـتنی کـۆمیتەکە بـۆ دەرەوە بە ناوی سەردان و خزمایەتیەوە بۆ هەرێمی دوو.

٤- هەر مەســـئولێکی هەرێمـــی دوو هەوڵـــی داوە لە دەرەوە خەتـــی ڕێکخسـتن لەنـاو شـاردا دروسـت بکـات، کە هەنـدێک خەڵکی خراپیشـی تێ کەوتبوو.

٥- کە چــومە دەرەوە بــۆم دەرکەوت ئەنــدامانی کــۆمیتەکە لە نــاوەوە صــراعیان لەگەڵ یەکتــر هەیە، هەروەهــا صــراعی بەینــی شــار و دەریشــەوە هەیە.

دوای گرتنی براکانم، ماڵی باوکیشمیان لە کەرکوک دەربەدەر کردبوو، سواری ئیڤایان کردبون و لەگەڵ ماڵە پێشمەرگەی تردا بردبویانن بۆ سورداش و لەوێ بەرەڵڵایان کردبون.

دواجار سڵاو لە رۆحی پاکی شەهیدانی کوردستان بەگشتی و شەهیدانی کۆمیتەی ئاگر بەتایبەتی.



فریا عەلی حەمید

کاک فریا عەلی حەمید، ساڵی ١٩٥٦ لە گەڕەکی بەرتەکیە لە شاری کەرکوک لەدایک بووە و دەرچووی ئامادەیی پیشەسازیی کەرکوکە بۆ ساڵی خوێندنی ١٩٧٦ - ١٩٧٧ و دەڵێت:

من لە ساڵی ١٩٧٠ ەوە بوم بە ئەندامی یەکێتی قوتابیان و لە پشوی هاوین، ساڵی ١٩٧٣دا، ئۆردوگایان بۆ قوتابیان لە گوندی عەسکەر کردەوە، کە کاک سالار عەزیز لێپرسراوی بوو. مەبەست لە کردنەوەی ئەم ئۆردوگایانە، هوشیار کردنەوەی گەنجان و ئاگادار کردنیان بوو لە کێشە و ژیانی ناو دێهاتەکان و تەدریبی چالاکیی سەربازیشیان پێ دەکردین.

من لەو ئۆردوگایە خەڵکی بەڕێزم ناسی، وەک ئەمین عەسکەری (مامۆستا شێرکۆ)، کاک ئازاد هەورامی و سەلام محەمەد و سەلام جاسم و ساجد چاو سەوز و ئەحمەد قەمبەر و شوان (شەهید) و کۆمەڵێکی تر. هەر لەو ساڵەدا بوو، کاک ئازاد هەورامی منی تەنزیم کرد بۆ ناو ریزەکانی رێکخستنی کۆمەڵە.

ساڵی ١٩٧٤ کە حکومەت لە بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ پەشیمان بووەوە (هەرچەندە بە دڵی هەموان نەبوو) بەشێکی زۆری خەڵک رویان

کردە دێهاتەکان، ئەمە فرسەتێکی باش بوو بۆ گەشەسەندنی کۆمەڵە، چونکە هەڤاڵان بە نهێنی قسەیان بۆ خەڵکە وریا و رۆشنبیرەکە دەکرد و هەندێکیان لێ تەنزیم دەکردن. هەندێک جاریش بڵاو کراوەیان دەگەیاندە دەستمان.

ئەوکاتە کاک ئازاد لە شارۆچکەی بیارە بوو، سەردانی کاک فەرەیدون عەبدولقادری دەکرد و بۆ ئاگادار بون لە وەزعی رێکخستن و دەچووە پێنجوێن بۆ سەردانیکردنی خاڵە شەهاب و صەمەد حەمەکەریم و پەیوەندی بە کاک سیروان تاڵەبانی (شەهید)ەوە دەکرد. کاک ئازاد پەیوەندییەکانی فراوان بوو، لە خانەقین پەیوەندی بە شەهاب ئەحمەدەوە دەکرد، کە ئەندامی رێکخستنەکانی هەڵۆی سور بوو، لە قەڵا سێوکەش پەیوەندی بە عەلی بچکۆلەوە هەبوو، هەوڵێکی زۆریشی دەدا بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ کادرە عەسکەرییە بەتواناکانی شۆڕش. بەتایبەتی ئەوانەی هەڵگری بیروباوەڕی چەپ بوون، کاک ئازاد جگە لەمانە سەرپەرشتی رێکخستنەکانی شاری کەرکوکیشی دەکرد.

پاش دەرچونی بەیاننامە شومەکەی جەزائیر ١٩٧٥/٣/٦، کاک ئازاد پەیوەندی بە کادرەکانەوە دەکرد و هەریەکەی راسپاردەیەکی پێ دەگەیاندن، کە چی بکەن و بۆ کوێ بچن. دوای ئاشبەتاڵ هەر لەسەر راسپاردەکەی کاک ئازاد لە رێگەی ئێرانەوە بەرەو چۆمان رۆیشتم. لە شاری سنەی رۆژهەڵاتی کوردستان، کاک سالار عەزیز و هاوڕێیەکی و ژنێکی ئەجنەبیم لەگەڵیا بینی. دواتر زانیم، کە ئەو ژنە لیدیا خانی خێزانی کاک ئارام (شەهید)ە و برادەرەکەشی کاک ئارامە.

کاک ئارام وتی: پاراستن تەهدیدمان دەکات و دەڵێت، دەبێت چەک دابنێن و مقاوەمە ناکرێت، ئەوا ئێمەش بەرەو پێنجوێن دەچین.

من لە سنەوە بەرەو چۆمان کەوتمەڕێ، لە حاجی هۆمەران کاکە رەشی پورزام و خاڵۆزاکانم بینی، و بڕیارمان دا بەرەو نەغەدە و مەهابات بڕۆین.

ئەوەی من لەو ڕێگایە و لە عایلەی بەرزانیم بینی. شریتێکی سینەمایی ناخ هەژێنە، کە هەرگیز لەیادم ناچێت، ئەوان ئەسپ ولاخ و مالاتیان بە سەیارەی عەسکەری دەگەیاندە ئێران و خەڵکەکەی تریش بەپێ ی پیادە و بە هەزار دەردی سەری رووە و ئێران دەچوون و یان دەگەڕانەوە بۆ عێراق. لە مەهابات لەگەڵ خزمان کۆبوینەوە و پاش سێ هەفتە بەشێکی زۆرمان گەڕاینەوە و کاکەڕەش لەوێ مایەوە.

لە کەرکوک، من و شوانەی تەنسیق (شەهید) و نەجمەدین فاتیح ناسراو بە شیروان (شەهید) و ئەحمەد عەسکەری و چەند کەسێکی تر پێکەوە چوین بۆ دائیرەی ئەمن بۆ تەسلیم بونەوە و وەرگرتنی تەئید بۆ قوتابخانەکەمان، کە بەردەوامیی بە خوێندن بدەین.

یەکەم کەس من چومە ژوورەوە، مولازمەکەی تەحقیقی لێ کردم، وتی عەفوات تۆ ناگرێتەوە چونکە شیوعیت منی ناردە ژوورێکی تر و حیجزی کردم، هاوڕێکانمی بەڕێ کرد و هەندێک کەسی تری وەک من حیجز کرد، ئێوارە مەسئولی ئیتیحاد طەلەبە هات و بە مودیری ئەمنی وت: عەفوات عاممە و هەموان دەگرێتەوە. نابێت ئەمانە لێرە بمێننەوە، بۆیە ئەویش وەرەقەی تەئیدی بۆ ئێمە کرد و چوینە دەرەوە.

دوای ئەوە جارجار کاک ئازاد خۆی بە تەنها و هەندێک جاریش صەمەد حەمە کەریمی لەگەڵدا بوو. کۆبونەوەی پێ دەکردین، پێی دەوتین دەبێت کتێب بخوێننەوە و لەگەڵ هەڤاڵەکانتاندا گفتوگۆی لەسەر بکەن و ئێمە، ئێستاو لەم قۆناغەدا ناتوانین شەڕی حکومەت بکەین، چونکە کادریی عەسکەری زۆرمان نییە و چەکیشمان هێندە نییە، کە بتوانین رووبەڕووی دوژمن ببینەوە و جگە لەوەش ولاتانی دراوسێش دۆستمان نین.

ئێمەی هەڤالانی خەتی ڕێکخستن چەند مەرجێکمان هەبوو بۆ تەنزیم کردن:

١- کەسەکە دەبوایە ڕۆشنبیر و خوێندەوار بوایە.

٢- کەسـەکە دەبـوایە زانیـاری باشـی هەبـوایە لەسـەر نـامیلکە و کتێـبە مارکسییەکان و حیزبە چەپڕەوەکان.

ئەوکـات ئـێمە پەنامـان دەبـرد بـۆ بڵاوکراوەکـانی حیزبـی شـیوعی و جارجارەش خاڵە شەهاب، چەند نامیلکەیەکی وەرگێڕدراوی بە زمانی کوردی دەگەیاندە دەستمان.

لای ئێمە مەرج نەبوو، تەنها ئەوانە تەنزیم بکەین، کە جەلالی بوون، بەڵکو ئێمە ژمارەیەکی زۆرمان لە گەنجانی رۆشنبیر و خوێندەوار رێک دەخستن و ئەوانە لە بـاڵی مەکتەبـی سیاسـیش نەبـوون، ئەوان لە ئـێمە بەتەمەنتـر بـوون. وردە وردە ژمـارەی ئەنـدامانی کـۆمەڵە زیـادی کـرد، بەداخەوە هەنـدێک نـاو تائێستا بە بزریی مـاونەتەوە. لەوانە نەجـات نـوری (چـالاک)، هەروەهـا سـاجد بـادینی دانیشـتوی کەرکـوک لە هەکـاری (شـەهید) بـوون و فەیسـەڵی مەلا عەبدولڕەحمان (کە لەگەڵ مامە ریشەدا شەهید بوو).

من بەکر صدیقیشم تەنزیم کرد، کە گەڕابوینەوە بەکر صـدیقیان دەسـتگیر کـرد بە تـۆمەتی ئەوەی ئەو سـەرباز بـووە و دوو چەکـی رفانـدووە بـۆ نـاو پێشـمەرگە و بە نـۆ مانـگ زینـدانیکردن حـوکم دراو رەوانەی ئەبوغرێـب کـرا. مـن و بەکـر هـاوڕێی منـداڵیی و گەڕەک بـوین، زوو زوو دەچـوم بـۆ مواجەهەیی و قسـەم بۆ دەکرد و دواجـار تەنزیمم کـرد. چـوار مانـگ بەسـەر دەسـتگیر کردنـی دا تـێ پەڕی و کـاک کەمـال مـوفتی تـوانی تەبـرییەی بکـات. لەدوای ئـازاد کردنـی چـووە مەفـرەزەی سـەربازیی و چـالاکیی زۆری کـرد و ساڵی ١٩٨٣ بوو بە پێشمەرگە و دواتر لەوێ بوو بە ئامر مەفرەزە لای کـاک نەوشیروان و دوای ئەنفال بە خێزانەوە ئاوارەی وڵاتی ئێران بون.

لە راپەڕیـن دا گەڕایەوە و تـا پلەی رائیـد کـار و چـالاکی کـرد و بەداخەوە سـاڵی ٢٠١٦ کـۆچی دوایـی کـرد. برایەکیشـی پێشـمەرگە بـوو لە کـاتی مفاوەزاتەکەدا، (فلان) کەمینی بۆ دانا و شەهیدی کرد.

ساڵی ١٩٧٥، کە یەکێتی دامەزرا، بەرپرسان، گرنگی زۆریان دەدا بە رۆشنبیر کردن و پەروەردە کردنی ئەندامان، ئا لەو سەردەمەدا، حکومەت دژایەتییەکی گەورەی کوردی دەکرد، خوێندنی زمانی کوردیی قەدەغە کرد و ناوی قوتابخانە کوردییەکانی گۆڕی و بەشێک لە کەسە دیار و ناسراوەکانی دورخستەوە بۆ ناوەڕاست و باشوری عیراق و هەندێکیشیان بۆ سلێمانی و هەولێر، هەوڵێکی زۆریشی دەدا بۆ ناچار کردنی کورد بە گۆڕینی نەژادیان بۆ عەرەب و چەندین دەزگای خزمەتگوزارییان دامەزراند تا کۆنترۆڵی هەڵسوکەوت و هاتوچۆی فەرمانبەران بکات و ژمارەیەک کەسیشی کرد بە ئەڵقە لەگوێی خۆی.

ئەرکی ئێمە لەناو شاردا خۆڕۆشنبیر کردن و تەنزیم کردنی کەسی باش و کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر رژێم و هەوڵەکانی بۆ سەرکوتکردنی خەڵکی شارەکە و دابینکردنی پێداویستی پێشمەرگە بوو.

کاک ئازاد مانگی ١٩٧٦/١٠ چووە دەرەوە و زۆری نەبرد نامەیەکی بۆ ناردم و تیا نوسیبوو، کە باوکیان زۆر سەغڵەت کردووە و داوای کردبوو، کە هەوڵێکی بۆ بدەم وازی لێ بهێنن، منیش باوکیم برد بۆلای پیرۆت تاڵەبانی، ئەو پیاوێکی ناسراوی شاری کەرکوک بوو، چووبوو بۆلای پارێزگار و ئەویش وتبوی دوو رۆژم لەسەر بووەستە وەڵامت دەدەمەوە، ئەوەبوو پارێزگار پێی وتبوو، کە ناتوانێت هیچی بۆ بکات، چونکە وتویانە کوڕەکەی لە دێهاتەکانی سلێمانی مەسئولی موخەرییەکانە. زۆری نەبرد باوکی و خوشک و براکانی دەستگیرکران و رەوانەی باشوری عێراق کران و خوشکێکیان هەر لەوێ تووشی نەخۆشی بوو، کۆچی دوایی کرد.

ئەو هەڤاڵانەی لە شاردا مانەوە و من دووربەدوور دەمناسین، ئەحمەد کرێکار بوو، کە هەردوکمان فەرمانبەری دائیرەی کارەبا بوین و صەمەد حەمە کەریمیشم لە رێی تەنزیمەوە دەناسی.

سالّی ١٩٧٧ حەمەی سانیە هاتە لام و پێی وتم لەمەودوا تۆ پەیوەندیت بە منەوە دەبێت، ئێمە لە منالّییەوە پێکەوە هاورێ بوین و بەر لەوکاتە دوراودور دەمانزانی کە بەرامبەرەکەشمان وەکو ئێمە بیر دەکاتەوە.

ئەوەبوو، من و نعمان کلّاوقوتی کەوتینە لای حەمەی سانیە.

هاوینی سالّی ١٩٧٧ بوو، کە هەڤالّ مام جەلال گەڕایەوە ولّات و داوای کردبوو کەسایەتیە دیارەکانی شاری کەرکوکی بۆ دەستنیشان بکرێت و پەیوەندییان پێوە بکرێت.

من تەکلیف کرام شێخ پیرۆت تالّەبانی بەرمە خزمەتی، چومە لای و داواکارییەکەم پێ گەیاند، شێخ پیرۆت وتی: جارێ با بچین بۆلای شێخ جەنگی لە کۆیە. چوینە کۆیە و شێخ جەنگی پێی وت:

نامەیەک بنوسە و دوای سێ رۆژ وەلّامت پێ دەگاتەوە. گەڕاینەوە و وەلّامەکەی بۆ هاتەوە و لە نامەکەدا نوسرابوو:

"شێخ پیرۆت تۆ لە ئێستاوە ئەندامی رێکخستنی لە خەتی گشتی."

٢٢ی رەمەزانی سالّی ١٩٧٧ بوو، نیوەشەو سەعات سێ بوو لە دەرگایان دا، کردمەوە و تەماشام کرد کاکە رەشی پوررزامە و زەلامێکی لەگەلّە ناوی مەلا مارف هۆنەرێنەییە و برای شەهید فەرەجی ئامر کەرتی تیپی ٣١ی سلێمانییە و کاکە رەش وتی: ئەم برادەرە و مام پێشڕەو پێشمەرگەی سیروان تالّەبانی بوون و دەستگیر کراون و لە هەیئەی کەرکوک رایانکردووە با لێرە بن. منیش بۆ بەیانییەکەی چومە لای مامۆستا محەمەدی سانیە و بەسەرهاتەکەم بۆ گێڕایەوە. ئەو وتی: ئەمە داوەو بۆ کەشف کردنی ئێمە نێردراوە. منیش وتم: مامۆستا کاکەڕەش پوررزامە و ئەم مەلا مارفەش خزمێتی. ئیتر ئارام بووەوە و وتی ئێمە رێگەیەکمان هەیە بۆ مەعدانەکانی ئەودیوی پەنجا عەلی. هاتمەوە و بە خزمانیم وت، ئێمە ئەم رێگەیەمان هەیە

بـۆ دەربــازکردنی، بەڵام ئەوان بەو ڕێــگەیە ڕازی نەبــون و وتیــان خۆمــان چارەســەری ئەکەیـن. عـارفەی جەژن بـوو، خزمەکـانی هـاتن و سـەیارەیەکی باریی گەورەیان پێ بوو، کە تەماتەی لە سنوقی زۆر گەورەدا تیابوو. جاران ئەوان لە شارباژێڕەوە ترێ یان ئەهێنا و لەوسەرەوە تەماتەیان پێ ئەبرد بۆ سلێمانی. مەلا مارفیان خستە ناو سندوقێکەوە و سەریان داپۆشی و بەرەو سلێمانی بەڕێ کەوتین و من تا سەیتەرەکەی کەرکوک لەگەڵیان ڕۆیشتم و دواتـر دابەزیـم و خـوا حـافیزیم لـێ کـردن. جەمـاعەت کە گەڕانەوە بۆیـان گێــڕامەوەو وتیــان، ئــێمە لە ســەیتەرەکەی کەرکــوک ڕزگارمــان بــوو، کە گەیشتینە نزیک بازیان، مەلا مارف هاواری کرد حاڵم زۆر خراپە و ڕایگرن، ئێمەش لەسـەر جادەکە لامـان دا و بەپەلە سـەری مەلا مارفمـان لادا و خێرا دابەزی و بەرەو دەشـتاییەکە ڕۆیشـت و لەوکـاتەدا سـەیارەیەکی گـومرگ تـێ پەڕی و زانی کە ئێمە لاماندا، گەڕانەوە سەرمان و چی سنوقە تەماتە هەبوو، سـەروژێریان کـرد، ئەوان بۆ فەرشـی ئێرانـی دەگەڕان، بـاش بـوو مەلا مـارف دەرباز بووبوو.

سـاڵی ١٩٧٨ جـوابم نـارد بـۆ کـاک ئـازاد، کە ببم بە پێشـمەرگە بەڵام ئەو ڕازی نەبـوو، دواتـر داوای لـێ کـردم کە بچـمە سـوریا بـۆ خوێنـدن تـا لەو ڕێگەیەوە پەیوەندی لەگەڵ برادەرانی سوریا ببەستم بە مەبەستی دابینکردنی پێداویســـتی مەفرەزەکـــان وەک نـــاردنی دووربـــین و جیهـــازی ڕاکـــاڵ و پێداویسـتییەکانی تـری پێشـمەرگە. ئەوکـاتە بـرادەران لە دیمەشـق بارەگایـان هەبوو، منیش بەپێی ناونیشـانەکە چومە دیمەشق، بەڵام ئەوان لەوێ نەمـابون و چووبـــوونە حەڵەب. چـــومە حەڵەب و زۆر گەڕام بەدوایانـــدا بەداخەوە بارەگاکەیـانم نەدۆزییەوە و هەوڵەکەم سـەرکەوتوو نەبـوو. لەم هـاتوچۆیەدا، فایەق عـومەر ڕەسـوڵ داوای لـێ کـردم هەرکـات گەڕامەوە کتێبەکـانی غسـان الکنفاني بۆ ببەم، هەرواشم کرد.

کاتێک سیروان تاڵەبانی شەهید کرا، عومەر و غەریبی براشی بە برینداریی دەستگیر کران و باش بوو دواتر بە عەفوات ئازاد کران.

من و عومەر هاوڕێی منداڵیی و قوتابخانەش بوین، رۆژێک هاتە لام و وتی، دەمەوێت چالاکیەک بکەین لە تۆڵەی شەهید سیروان و هەموو ئەو پێشمەرگانەی لەگەڵیا شەهید بون. من رەزامەندیم پیشان دا، کە هاوکاری بم.

من ئەوکاتە لە دائیرەی رێگاوبانی دوز - کەرکوک بوم. عومەرم لەگەڵ خۆم برد بۆ کەشف کردن و ناسینی ناوچەکە و زانینی ژمارەی رەبایەکانی ئەو ناوچەیە. پێکەوە گەڕاین و شوێنی رەبیەکانمان دیاری کرد و زانیمان کە سیانزە رەبیەی لێیە. پاشان کەوتینە موراقەبە کردنی هاتوچۆ و کار و فرمانیان. بە عومەرم وت: من حەوت لۆریم هەیە، کە هاتوچۆی قادرکەرەم و نەوجول دەکەن و دەتوانین شەست حەفتا پێشمەرگەی تێ بکەین و بیانگوێزینەوە بۆ ناوشاری دوز، چونکە سایەقەکان تایلەندین.

بەرنامە و پلانمان دارشت و نامەمان نارد بۆ سەرەوە، وەڵام هاتەوە و وتیان جارێ پەلە مەکەن.

مامۆستا مەدحەت دوای دوو رۆژ لە گرتنی کاکەڕەش دەستگیر کرا، من نامەوێ دووبارە بەسەرهاتەکە بگێڕمەوە، چونکە کاکەڕەش خۆی باسی لە چۆنێتی گرتنەکەی لە رۆژی ١٩٨٠/٧/١٧دا بە درێژی کردووە.

کاتێک ئەوان گیرابوون مامۆستا محەمەد حەسەن چوار مانگ پێشتر دەستگیر کرابوو، کە ئازاد کرا باسی لە ئازایەتی و قارەمانێتی و ورە بەرزی مامۆستا مەدحەت و حەمەی ئایشێ دەکرد و ئەیووت گەر ئەوانە یەک ئیعترافیان بکردایە چەندسەد کەسێکیان تووش دەکرد و بەداخەوە لەگەڵ دوو هەڤاڵی تردا بێ سەروشوێن کران.

ئەوانەی لە زیندان دا بوون باس لە ئازایەتی و ورە بەرزی حەمەی سانیە و سانیە خانی دایکی ئەکەن، کە رژێم نەیتوانیبوو هیچ زانیاریەکیان لێ

وەربگرێت، بۆیە حەمەی سانیەیان بە ئیعدام حوکم دا، باش بوو بە واسیتەی قورس حوکمەکەی بۆ تەنزیل کرا بۆ سجنی هەتا هەتایی، دواتر ئەوەبوو ساڵی ١٩٨٢ بە عەفواتی عام ئازاد کرا.

مانگی ١٩٧٦/١٠ دوای چونە دەرەوەی کاک ئازاد، من کەوتمە لای محەمەدی سانیە، کاکەڕەشیش کەوتە لای ئێمە دوای دەستگیر کردنی حەمەی سانیە، پەیوەندییەکەمان پچڕاو دواتر کاکەڕەش نامەی نارد بۆ مامۆستا جەلالی شێخ کەریم لە ڕێگەی حەمەڕەش (شەهید)ی برایەوە گەیەندرابووە سەرکردایەتی و لە وەڵامدا هاتبوو، کە من و کاکەڕەش یەکێکمان پەیوەندی بە ڕێکخراوی سلێمانییەوە بکەین و من بە کاکەڕەشم وت، تۆ پەیوەندی بکە.



**جەلال کەریم عیسا**

**(مامۆستا جەلال)**

مامۆستا جەلال، ساڵی ١٩٥٣ لە گوندی هۆمەرامانی قەرەداغ لەدایک بووە و هەشت سەر خێزان بوون و دەرچووی پەیمانگەی مامۆستایانی هەولێرەو دواتر کۆلێجی یاسای زانکۆی سلێمانی تەواو کردووە.

مامۆستا جەلال دەڵێت:

من ئەندامێکی چالاکی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان بووم لە هەولێر تا ڕێکەوتننامەی جەزائیر، لەو سەروبەندەدا خوێندکاری پەیمانگەی مامۆستایان بوم لە هەولێر و ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان بووم.

من و بەهادین کەریم مەولود و محەمەد ئەمین نەجم (هیوا چاوشین) خانویەکمان بەکرێ گرت لە گەڕەکی شەهیدانی سێتاقان، دواتر عەبدوڵڵا ڕەسوڵ عەلی (کاک کۆسرەت)یش هاتە لامان. ساڵی دووەمی پەیمانگەم بوو

سـەیرم کـرد هەنـدێک بـرادەر هـاتوچۆی کـاک کۆسـرەت دەکەن، لەوانە عەبـدولرەزاق و مـحەمەد زەنـگەنە (شـەهیدان). رۆژێـک لـێم پرسـی کـاک کۆسرەت ئەمانە کێن؟. ئیتر بۆی باسکردم، کە ئەوان لە ڕێکخراوی کۆمەڵەی مارکسی لینینی-دان و دواتر باسی کۆمەڵەی بۆ کردم و لە مانگی ١٩٧٦/٦ دا کاک کۆسرەت تەنزیمی کردم بۆ ریزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵە.

مـانگی شـەش خوێنـدنم تەواو کـرد و گەڕامەوە بـۆ کەرکـوک، چـونکە مـن قۆناغەکـانی خوێنـدنم لە کەرکـوک لە مـاڵی خـاڵم تەواوکردبـوو لەبەرئەوەی ماڵی باوکم لە سەنگاو بوون.

لە کەرکوک هەر زوو چومەوە ناو هاوڕێکانم، کە پێشتر پێکەوە خوێندکار بـوین و قسـەم بـۆ کـردن و هەنـدێکیانم تەنـزیم کـرد، لەوانە (مـحەمەد ئەمـین نەجـم)، ئەویـش لای خـۆیەوە سـتار مـحەمەد حەسـەنی خوێنـدکاری زانکـۆی بەغـدا و کەریـم نەجـم، کە ئەویـش خوێنـدکاری کـۆلێجی پزیشـکی بەغـدا بـوو لەگەڵ حسێن شێخۆ و براکانی تەنزیم کرد.

مـن بـازنەیەکی باشـی ڕێکخسـتنم لە سـنوری کەرکـوک – سـەنگاو و کەلار دروسـت کـرد و شـێخ تەیبـی فەرمـانبەری دائیـرەی کارەبـاش دوو خەتـی ڕێکخسـتنی لە کەلار و خـانەقین دروسـت کردبـوو، کە ژمارەیـان پـانزە ئەنـدام بوو، لەوانە شێخ حەمەومین (ئەنفال).

مـن لە کۆتـایی مـانگی ١٩٧٦/١٢ دا بە مامۆسـتای قوتابخـانەیەکی نـاحیەی سـەنگاو دامەزرام و بـۆم نەدەکـرا مـانگی جارێـک دووجـار بچمە هەولێـر بـۆ کۆبـونەوە. بـۆیە سـاڵی ١٩٧٧ کـاک کۆسـرەت پێـی وتـم باشـترە تـۆ بچیـتەوە کەرکـوک و پەیوەنـدی بکەیـت بە لیـژنەی ڕێکخسـتنی کەرکـوکەوە، کە دواتـر لیژنەی ڕێکخستنی شاری کەرکوک ناوەکەی گۆڕدرا بۆ کۆمیتەی ئاگر.

بۆ ئەو مەبەستە رۆژێک کاک کۆسرەت هاتە کەرکوک، بۆ سبەینێ وتـی بـا بچین بۆ گەڕەکی ئیمام قاسـم (مـاڵەکە مـاڵی م. مـحەمەد حەسـەن بـوو) ئەو لە

مـاڵ نەبـوو. هـاتینە دەرەوە و پیاوێکمـان بینـی نـاوی مامۆسـتا سـەباح بـوو، (کـاک ئـارامی وەزیـری پێشـوی شـەهیدان) مـن دەمزانـی کە لە سـنوری ئـاغجەلەر مامۆسـتایە بەڵام نەمـدەزانی ئەنـدامی کـۆمەڵەیە. کـاک کۆسـرەت قسەی لەگەڵ کرد، دوای ئەوە مامۆستا محەمەد حەسەن خورشیدمان بینی، کە بە حەمەی سانیە ناسراوە، کاک کۆسرەت ئەوی پێ ناساندم و لەو رۆژە بەدواوە پێکەوە دەست بەکار بوین، دوای ئەوە من لیستی ناوی هەڤاڵانی خەتەکـانی خـۆم دایە و زوو زوو یەکتریمـان دەبینـی و ئـاڵوگۆڕی دەنـگ و باسمان لەگەڵ یەک دەکرد.

هەر لەو سەردەمانەشـدا بە نـاوی کتێـب کـڕینەوە سـەردانی کتێبخـانەی (ئاسۆ)مان دەکرد، کە خاوەنەکەی کۆنە جەلالی بوو ناوی ئاسۆ جەبار بوو. ئـێمەی هەڤـاڵان لەو کتێبخـانەیەدا یەکترمـان دەبینـی و کتێـب و نـامیلکەی مارکسیمان لێ دەکڕی و لەنێوان خۆماندا ئاڵوگۆڕمان پێ دەکرد و دواتر موناقەشەمان دەکرد.

هەر لە سـاڵی ١٩٧٧ دا بـوو، رۆژێـک چـوینە مـاڵی حەمەی سـانیە بـۆ کۆبونەوە، تەماشـام کـرد مامۆسـتا بەکر صدیق ناسـراو بە کـاکەرەش لەوێ دانیشـیتووە، پێشـتر ئەمزانـی کە مامۆسـتایە بەڵام وەک ئەنـدامی رێکخسـتن نەمدەناسـی. لەو رۆژە بەدواوە مـن و کـاکەرەش پـێکەوە لە یەک شـانەدا کارمان دەکرد لای مامۆستا محەمەد حەسەن.

رێکخسـتنی جـاران شـانەی یەک کەسـی یـان دوو کەسـی بـوون، بەڵام لە کەرکـوک وانەبـوو، ژمـارەیەکی بەرچـاو یەکترمـان دەناسـی و جارجـاریش بڵاوکراوەمان دەدا بە یەکتری. هەروەک تێبینییەک پەیوەندی تاکە کەسی زاڵ بوو لە رێکخستنەکانی کۆمەڵەدا لە کەرکوک.

زوربەی کـات مـن رۆژانـی پێنجشـەممە و جـومعە لەگەڵ حەمەی سـانیەدا یەکترمـان دەبینـی. کـار و چالاکیمـان لەسـەرەتادا بەو شـێوەیە بـوو،

کۆبونەوەمان دەکرد و دەنگ و باسی شۆڕشمان لەناو جەماوەردا بڵاو دەکردەوە و خەڵکمان بە ناڕاستەوخۆ ئاشنا دەکرد بە بەرنامەکانی یەکێتی و ئامادە و تەنزیممان دەکردن و هانی گەنجانمان دەدا بۆ خوێندنەوە و من لەماڵەوە تەسجیلێکی دوو کاسێتیم هەبوو، سرودە نیشتمانیەکانمان، کە بریتی بون لە سرودەکانی شیرین و شڤان پەروەر، کە حەمەی سانیە بۆی دەهێنام و لە شەو و رۆژێکدا شەش حەوت کاسێتم لەو سرودانە کۆپی دەکرد و دەمدایە دەست برادەران بۆ بڵاو کردنەوەیان. یەک کاسێتی خاڵیم بە ٣٥٠ فلس دەکڕی و بە دینارێک، دوو دیناری ئەو سەردەمە دەفرۆشراو داهاتەکەیمان لەگەڵ ئابونەی مانگانەدا دەنارده کۆمیتە بۆ سەرو خۆمان.

حەمە رەشی برام (شەهید) لە رێکخستندا پەیوەندی بە منەوە هەبوو، ئەو ١٩٧٨/١٢/٢٧ پەیوەندی کرد بە شۆڕشەوەو چووە هەرێمی یەک بۆ بناری سورێن، دواتر هاتەوە قەرەداغ و سنوری گەرمیان، ئیتر هەرچی نامەی حەمەی سانیە هەبوایە من دەمگەیاندە سنوری گەرمیان و یەک دوو جاریش نامەی کاک کۆسرەتم پێ گەیاند.

حەمە رەشی برام، کە برینداربوو، بەپەلە چومە کەرکوک بۆ ماڵی حەمەی سانیە تا بزانم لە رێکخستنەکاندا دکتۆرێک هەبێت لەگەڵ خۆم بیبەم؟ لە ماڵ نەبوو. ئیتر چوم بۆلای دکتۆر قەلەندەری ئامۆزام و وێنەی برینەکەیم پیشان دا، کە حەمەڕەشی برام خۆی وێنەکەی کێشابوو، ئەویش وتی بچۆ بۆلای فەخری سەیدەلی، کە کەسێکی کوردپەروەرە. دەرمانی دامێ و وتی دەرزییەکی دژی گزازی پێویستە و سبەینێ وەرە لە نەخۆشخانەی (صحة المدينة) دەرزیەکت دەدەمێ چونکە لە بازاڕ نافرۆشرێت.

دواتر د. قەلەندەرم برد و تەماشای کرد و وتی برینەکەی باشە، پاشان زانیم کە مام رۆستەم بە دەرزی و دەزوی درومان بۆی دروبووەوە.

بەهۆی حەمەڕەشی برام (شەهید)ەوە ساڵی ١٩٧٩ دایکم و باوکم و

گەلاوێژ و سارای خوشکم و ئەکرەم و بەهادینی برام دەستگیر کران. ئەو ڕۆژەی ئەوان دەستگیر کران، باش بوو من لە کەرکوک بوم. دواتر منیش دەستگیر کرام.

لە سەنگاو دوو خەتی ڕێکخستن هەبوو، یەکێکیان سەر بە تیپی ٥١ی گەرمیان و کاک سامان بوو، ئەویتریان شێخ تەها سەرپەرشتی دەکرد و سەر بە دلاوەری ئەحمەد مەجید و تیپی ٥٧ی سەگرمە بوو، دواتر لەگەڵ حەمەڕەش دا بوو.

من ساڵی ١٩٧٧ – ١٩٧٨ موحازەرەم لە ناوەندی سەنگاو دەوتەوە. لەگەڵ ئەوەی مامۆستا بووم هەموو ئامانجی یەکێتی نیشتمانیم بۆ مامۆستا و خوێندکارەکان باس دەکرد. (١٩) نۆزدە خوێندکارم لەوێ تەنزیم کرد، کە سەر بە دوو هێڵەکەی سەرەوە بوون، حەوتیان شەهید بون و ئەوانەی لە ژیاندان ستار سەنگاوی و شێرزادی برای شەهید قادر و ئەکرەمی برام، ساڵی ١٩٨٠ کە ئەکرەمی برام لە سجن ئازاد کرا دوای دوو مانگ بوو بە پێشمەرگە. جارێکیان لە چەمچەماڵەوە دەگەڕامەوە بۆ کەرکوک لەناو ئوتومبێلێکدا لەگەڵ حەمید نەسرەدین کاکەیی (شەهید)دا بووم، کە مامۆستا بوو لە سنوری ئاغجەلەر. هەر قسەیەکمان دەکرد ئەوی ترمان تێ دەگەیشت. یاخود ئاگادار بوو لە بابەتەکە، حەمید ڕۆژێک پێی وتم مامۆستا جەلال ئەو قسانەی تۆ دەیانکەیت لە قسەی هەڤاڵانی کۆمیتەی ئاگر دەچێت، وتم: کۆمیتەی ئاگر چییە؟ من نازانم، بەڵام ماڵمان لە گوندە و شەوانە پێشمەرگە دێن و باسی هەموو بابەتێک دەکەن، کاک حەمید وتی: کۆمیتەی ئاگر لەو هەڤاڵانە پێک دێت کە تۆ دەبینم پیاسەیان لەگەڵ دەکەیت. دواتر تێ گەیشتم کە ئەو لەگەڵ محەمەد حەسەن و مەدحەت (شەهید)دایە.

جارێکیان من و کاکەڕەش لە ماڵی حەمەی سانیە کۆبونەوەمان هەبوو، دوای مشتومڕ و باسکردنی ئیش و کار و چالاکیەکانمان، کاکەڕەش وتی:

ئێمە دەتوانین چالاکی ئەنجام بدەین و کارئاسانی بۆ پێشمەرگە بکەین بۆ هاتنە ناو شار و دواتریش بە سەلامەتی بیانگەڕێنینەوە دەرەوە.

ئەوکات بەتایبەتی لەناو شاری سلێمانیدا ڕێکخستنەکان چالاکی زۆریان دەکرد. من دژی ئەو کارە بووم، کە لەناو کەرکوکدا لەو جۆرە چالاکیانە بکرێت و چاو لە سلێمانی بکرێت و وتم سلێمانی هەرچوار دەوری پێشمەرگەن، خۆیان دێن و چالاکیش دەکەن و وتم، بەڵام دەتوانین کەسی ئازا و شارەزا لە بەکارهێنانی دەمانچەدا پەیدا بکەین بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە. وتم هەر ئەوەندەش نا، پێشمەرگە، کە دێتە ناو شار هاوردنیان و شاردنەوەیان و دەرکردنیان قورسە، جگە لەوەش ڕەنگە لەو شوێنانەی لێوەی دێن خەڵک پێیان بزانێت، یان لەناو شار سەردانی کەسوکاریان بکەن یان خوانەکردە لەکاتی چالاکیدا دەستگیر بکرێن و ئەنجامی تەعزیبی زۆر ئیعترافیان پێ بکرێت.

حەمەی سانیە، وتی زۆر باشە دەمانچەیەکم لە سلێمانیەوە لای قادری حاجی عەلییەوە هێناوە، کە ئەوکاتە مەسئولی ڕێکخستنی کۆمەڵەی شاری سلێمانی بوو. زانیاری زیاتر لای مامۆستا محەمەد و خالیدی پەرستیار و شێخ سوارەیە و پێویست ناکات لەم کاتەدا باس لە چالاکیەکانیان بکرێت.

ساڵی ١٩٨٠ محەمەد حەسەن دەستگیر کرا دوای ئەو مامۆستا کاکەرەش سەرپەرشتی ئەو هێلانەی دەکرد، کە پێشتر لای محەمەد حەسەن بوون. ئەوەبوو دواتر کاکە ڕەش دەستگیر کرا بەڵام لەبەرخۆڕاگریی پاش ماوەیەکی کەم ئازاد کراو و پاشان دوای ئەوە ئەحمەد کرێکار چووە دەرەوەو کاکەڕەش بوو بە لێپرسراوی کۆمیتەی ئاگر و پاشان کەشف بوو چووە دەرەوە. دوای ئەوە کەسم نەدەناسی پەیوەندی پێوە بکەم لەگەڵ مارف عومەر گوڵدا چوینە هەولێر بۆلای کاک کۆسرەت و باسی وەزعی ڕێکخستنم بۆ کرد. من وتم پێم باشە ئەوانەی لای ئێمەن گەر کەسێک جێی متمانە بێت لە کەرکوکدا با

خەتەکان تەسلیمی ئەو بکەم. کاک کۆسرەت پێشنیارەکەمی پێ باش بوو. پێشتر محەمەد ئەمین نەجم ناسراو بە هیوا چاوشین چووبووە دەرەوە و پەیوەندی بە کەرتی چواری جەبارییەوە کردبوو حەمەڕەشی برام لێی پرسیم، مامۆستا هیوایەک هاتووە و دەڵێت من هاوڕێی مامۆستا جەلالم، وتم ناوی ئەصڵی ئەو محەمەد ئەمین نەجمە و کوڕێکی زۆر باشە و دواتر پێشمەرگەیەکی ئازا و چالاکی لێ دەرچوو. هەر ئەو ساڵەش حسێن نورەڵڵا چووە دێلێژە و لەوێوە چووە ناوزەنگ. مارف عومەر گوڵیش کە خوێندکاری کۆلێجی یاسا بوو لە بەغدا دەستگیر کرابوو، بەهۆی شێخ لەتیفی شێخ صادقی ئامۆزای باوکییەوە پاش چەند مانگێک ئازاد کرا.

سەبارەت بە رێکخستنەکانی کەلار شێخ حەمەئەمین چووە دەرەوە و لە تیپی ٥٣-ەوە سەرپەرشتی خەتەکەی کەلاری دەکرد و منیش ساڵی ١٩٨٤، شێخ جەمالم (کە خەتێکی رێکخستنی کەلاری لا بوو) بردە لای ئازاد هەورامی (شەهید) تا لەڕێی رێکخستنەکانی خۆیانەوە پەیوەندی بکەن بە شێخ جەمالەوە و ئەوانەی سەنگاو هەر لای خۆم مانەوە و ئەو هەڤالانەی کەرکوکیش کە تاک و تەرا مابوون جارجار پەیوەندیم پێوە دەکردن و دەنگ باسم بۆ دەبردن.

لەوکاتانەدا هەر چالاکیەکی سەنگاو بکرایە من بەشدار دەبووم یان ئاگادار دەکرام.

نارنجۆکێک لەلایەن شینەی حەمەڕەشەوە خرایە مونەزەمەی سەنگاو من و شێخ تەها حیمایەمان دەکرد.

لە چالاکییەکی تریشدا نارنجۆکێک فڕێ درایە ماڵی مەسئولی (إتحاد شباب) لە گەڕەکی کانی جەژنی لە سەنگاو. من و شێخ تەها کەسەکەمان نارد.

ساڵی ١٩٨١ – ١٩٨٢ من لە کەرکوک عەسکەر بوم و ماڵیشم لە کەرکوک بوو، رۆژانی پێنجشەممە و جومعە دەچومەوە بۆ سەنگاو بۆ ماڵە کەسوکار.

شێخ ڕەزا سەرۆکی شارەوانی بوو، ڕۆژێک پلانمان دانا بۆ چالاکییەک بە سەرپەرشتی وریا (شەهید). پلانەکە ئەوەبوو: شەو سەعات ١١ شێخ ڕەزا لایتێک لێ بدا و پێشمەرگە ئاگادار بکاتەوە، کە بێنە ناو ناحیەکە لەوکاتەی ئێمە ئەو قسانەمان دەکرد، قادر مەجیدی ئەندامی کۆمەڵە و کارمەندی دائیرەی کارەبا هات و وتی ٢٠ – ٣٠ سەربازی ڕژێمم بینیوە لە بەردەم ماڵی ئێوەوە ڕۆیشتوون، کات خەریکە نزیک دەبێتەوە لە یانزەی شەو، کاک ڕەزا فانۆسێکی دایە دەست سالار و ئاکۆی برازایی و شەیانی کچی کە تەمەنی ١٢ ساڵان بوو. بۆ ئەوەی بەناوی نەخۆشیەوە بچنە لای دکتۆر ئومێد و پێی بڵێن سالار نەخۆشە هەر کە گەیشتبونە ماڵی دکتۆر ئومێد، ڕەزا بە ئاکۆی وتووە خێرا بڕۆ بۆلای باوکت و پێی بڵێ هێزی سەربازی هاتونەتە سەنگاو باش بوو ئەو هەواڵەمان پێ گەیشت و چارەسەرمان کرد.

من بەردەوام بووم لەسەر خەبات و تێکۆشان و کاری مامۆستایەتیم مانگی ١٩٨٦/٥ کرام بە سەرپەرشتیاری هۆڵی تاقیکردنەوەی ناوەندی ڕانیە. شێخ ڕەزا بە تەلەفۆن ئاگاداری کردمەوە کە ڕژێم بەدوامدا دەگەڕێت بۆیە چومە دەرەوە و بووم بە پێشمەرگە.

کاک فریا هاتەوە ناو باسەکەو وتی:

گرفتەکان دەستیان پێ کرد و کۆمیتەی ئاگر کەشف بوو، کاکەڕەش چووە دەرەوە و من ئەوکاتە سەرباز بووم و بێزار بوم و نەمئەویست سەربازیی بۆ ڕژێمێک بکەم، کە نەتەوەکەم تەفروتونا ئەکات. بۆیە من و هیوا چاوشین بڕیارمان دا بچینە دەرەوە و پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە بکەین.

هیوا چووە تیپی ٢١ی کەرکوک و من چومە شارباژێڕ بۆلای کاکەڕەش، کە ڕابەر سیاسی بوو.

له راپەڕیــن دا لەگەڵ صــدیقە رەش و صــدیق مــحەمەد و کۆســرەت ئاغجەلەری چوینە ناو شانەی چەکداریی شار و لە دووەم جاری پرۆسەی ئازاد کردنی کەرکوکیش دا بەشدارییەکی بەرچاوم هەبوو. ئەوەبوو لەگەڵ سەلام چاوشین (هێمن)دا چوینە مودیریەتی ئەمنی کەرکوک و دوو وەجبە موستەمسەکاتی دائیرەی ئەمن مان گرت و بردمان بۆ سلێمانی و دامانە دەست کاک فەرەیدون عەبدولقادر و لیوا کەمال موفتی بە ئامادەبونی شۆڕش ئیسماعیل.

هۆکارەکانی کەشف بوونی کۆمیتەی ئاگر:

١- چالاکیەکان لە ناوچەیەکی جوگرافی بچوکدا دەکرا، لە شۆریجە و بەرتەکیە و ئیمام قاسم و رەحیماوا و زێویە.

٢- حەماسەتی هەڤاڵان، کاریگەریی هەبوو لەسەر هەڵسوکەوت و شێوازی خەبات کردنیان، ئەوان زۆر چاونەترس بون و گەنج بون و ئەزمونیان کەم بوو.

٣- تێکەڵ کردنی خەتی سیاسی و عەسکەریی.

٤- هەر کەس چی بۆ بکرایە چالاکیەکی دەکرد بێ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆسەروی خۆی.

٥- لە ماوەیەکی کەمدا چالاکییەکی زۆر ئەنجام درا، ئەمەش کارێکی باش نەبوو چونکە پەلەی تیائەکرا.

٦- پێشمەرگەی نوێ، کە دەچونە دەرەوە مەسئولی کەرت و تیپ داوای چالاکیەکیان لێ دەکردن، کە لەناو شاردا ئەنجامی بدەن. ئەوانیش لەناو گەڕەکە کوردییەکاندا ئەگەر بۆیان بکرایە چالاکیەکەیان دەکرد.

ئەم بێ سەروبەریانە بوونە هۆی کەشف بونی هەڤاڵانی کۆمیتەی ئاگر.



عومەر قادر

کـاک عـومەر قـادر عەلـی، بـرای شــەهید هادی بێ سەروشوێن کراو، و زیندانی سیاسییە و لەدایکبـــوی ســـاڵی ١٩٥٧-ە، لە گەڕەکـــی حەمام عەلی بەگ لە کەرکوک لەدایک بووە و دوو بـرا و دوو خوشـک بـون و دایکـی نـاوی سەعدیە محەمەد عەلی یە و باوکی کرێکاری شەریکەی نەوتی کەرکوک بووە.

کاک عومەر دەڵێت:

ســاڵی ١٩٧٤ ئەوکــاتەی گەرمەی شــەڕی کورد و حکومەتی عێراق بوو. ئێمە لە ڕێکخستنی یەکێتی قوتابیان دا ئەندام بوین و نەجمەدینی فەقێ عەبدوڵڵا سەرپەرشتی دەکردین، ئەویش وەک ئێمە خوێندکاری ئامادەیی کوردستان بوو. من هەر لە ساڵی ١٩٧٤-ەوە بوم بە ئەندامی کۆمەڵە و ئەندامانی شانەکەمان بریتی بوو لە من و حەمید فەرزە و عەلی فەیلی و نەجمەدین فەقێ عەبدوڵڵا سەرپەرشتی دەکردین.

کە یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئیعلان کرا، کەوتینە ڕێکخستنی خەڵک و لە ئەندامانی خێزانەکانمانەوە دەستمان پێ کرد و ئەمە بەردەوام بوو. ئا لەو ســـەردەمەدا یەکەم بەیاننـــامەی دروســـت بـــوونی خوێنـــدکاران و بەیاننـامەی هەڵگیرسـاندنەوەی شۆڕشـی نوێمـان بـڵاو دەکـردەوە. ئـێمە کارەکانمان بە شەو دەکرد.

لە حەوشێک دا کرێچی بوین، بۆیە شەوان زۆر زەحمەت بوو، بۆ من کە بە تەنهایی بچمە دەرەوە لەبەرچاوی کرێ نشینەکانی تری حەوشەکە، بۆیە زەکیە خانی خوشکم لەگەڵ خۆم دەبرد بۆ دابەشکردنی بڵاو کراوەکان، زەکیە خـان لەژێـر عەبـاکەیەوە بەیاننامەکـانی هەڵـدەگرت و دواتـر بە پەلە دەمانکردە ژێر دەرگای ماڵانەوە.

دوای چـــونه دەرەوەی کـــاک نەجمەدیـــن پەیوەنـــدییان لەگەڵ مـــحەمەد حەسەن دا بۆ دروست کردم.

که بومه خوێندکاری زانکۆ له سلێمانی، لەگەڵ ئەم هەڤاڵانه پێکەوه کاری رێکخستنمان دەکرد.

فاریق حسێن، خوێندکاری کۆلیجی علوم، کیمیا بوو لەگەڵ خۆم، حەمید کۆیی له کۆلیجی ئاداب بوو (شەهید کرا)، عەبدولخالق ناسراو به چیا، بەڕێوەبەری مەکتەبەی چەمچەماڵ بوو ماڵیشی له سلێمانی بوو له ئەسڵیشدا کەرکوکی بوو لەگەڵ مەلا ئەحمەد گۆگجەیی و ئەسعەد عەزیز ناسراو به شێخ دارا که له کۆلیجی علوم فیزیای زانکۆی سلێمانی بوو (ئەسعەد لەو ده کەسه بوو که پاش کەشف بوونی کۆمیتەی ئاگر دەستگیر کران و دواتر لەسێداره دران).

کاک محەمەد حەسەن هاته ناو باسەکەوه و وتی:

خەتێکی رێکخستنمان له سلێمانی هەبوو، پەیوەندییان له رێگەی بێستون عەسکەرییەوه به کەرکوکەوه هەبوو. ئەو هێڵی رێکخستنەی که حەمه غەریب (شەهید) و ئاسۆ عەلی سەرپەرشتیان دەکرد، پەیوەندییان به کۆمیتەی ئاگرەوه هەبوو. ئەمانه چەندین چالاکییان له سلێمانی ئەنجام دابوو، یەکێک لەو چالاکییانه، رفاندنی دوو تایپ و رۆنیۆیەک بوو له ئامادەیی بازرگانی سلێمانی به هاوکاری مام بێستون.

ئاسۆ عەلی شارەزای ناو ئامادەیی بازرگانی بوو، عەسر لەکاتی ئامادەبوونی حەرەسەکه، هەڤاڵان ئاسۆ و حەمەغەریب دەست و پێی حەرەسەکه دەبەستن و مام بێستون لەدەرەوەی ئامادەییەکه به عەرەبانەیەکی شێلم فرۆشیەوه ئەوەستێ و بەپەله خۆی دەکات به ئامادەییەکەدا و به هەرسێکیان دوو تایپ و رۆنیۆیەکی لێ باردەکەن و دەیبەنه ماڵی حەمه غەریب له وڵوبه.

دواتر بڕیاردرا تابیعەیەک و ڕۆنیۆکە تەسلیم بکرێت بە هاوڕێ سەلیم بۆ جێبەجێ کردنی کاروباری ڕێکخستنەکانی سلێمانی و تابیعەی دووەم گەیەنرایە دەست ئەحمەد کرێکار و ئێمەش بردمان بۆ ماڵی ئەبوشەهاب لە گەڕەکی ئیمام قاسم (ئەبوشەهاب خۆی لەدەرەوە بوو).

محەمەد حەسەن لە درێژەی باسەکەیدا دەڵێت:

بەو تابیعەیە سوهەیلە حەسەنی خوشکم کە ژنێکی قارەمان و کوردپەروەر بوو، یەکەمین بڵاوکراوەی کۆمیتەی ئاگری سەبارەت بە بارودۆخی کوردستان دوای کارەساتی هەکاری چاپ کرد.

لەسەرەتای ساڵی ١٩٨٠دا تەلیکی تابیعەکە پچڕا و ئەوکاتەش پەیدا کردنی ئەو تەلە، لە کارێکی مەحاڵ نزیک بوو، بە باشمان زانی تابیعەکە لە دیوارێکی کۆندا بشارینەوە و هەرواشمان کرد.

ئالەوکاتەدا سەفەرێکی ناوچەی قەرەداغم پێ سپێردرابوو بۆ بینینی ئازاد هەورامی بۆ گفتوگۆکردن لەسەر چۆنێتی بەشداری کردنی کۆنفرانسی یەک. بۆیە دەمانچەیەک و هەندێک نوسراومان لە دیوارێک دا شاردەوە.

تابیعە و کەل و پەل و نوسراوەکان لەناو دیوارەکەدا مانەوە، تا پرۆسەی ئازاد کردنی عێراق و چوینە شوێنەکە و لەبەرئەوەی ماوەیەکی زۆری پێ چووبوو، دۆزینەوەی ئەو شوێنە کارێکی ئاسان نەبوو. پاش سێ ڕۆژ پشکنینی ورد دۆزرایەوە و بۆ ئەو مەبەستە هەڤاڵانی تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان و کەناڵی سەتەلایتی کەرکوک و ستافی ڕاگەیاندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستانمان بانگهێشت کرد و بە ئامادەبوونی ئەحمەد کرێکار و کاکەرەش و عومەر قادر و عەبدوڵڵا نەجمی برای ئەبوشەهاب و بەندە تابیعە و نوسراو و کەلوپەلەکانمان دایە دەست ئەحمەد کرێکار.

کاک عومەر دەڵێت:

لەسەر داوای هەڤاڵ ئەمیرە محەمەد لێپرسراوی ئەرشیف و ناوەندی مێژوو تابیعەکەمان پێشکەش بەو بەشە کرد و ئێستا لەو بەشە پارێزراوە.



ڕۆنیۆکە (تابیعەکە)ی کۆمیتەی ئاگر، لەلایەن هەڤاڵ ئەمیرە محەمەد-ەوە لە ئەرشیفی ناوەندی مێژوو پارێزراوە

کاک عومەر قادر لە درێژەی گێڕانەوەکەیدا دەڵێت: ساڵی ١٩٨٠ زنجیرەیەک گرتنی پچڕ پچڕ هەڤاڵانی کۆمیتەی ئاگری گرتەوە. محەمەد حەسەن و دایکی کۆتایی مانگی ١٩٨٠/٤ دەستگیرکران سێ مانگ دوای ئەوان حەمەی ئایشێ و مامۆستا حەمید کاکەیی و مامۆستا مەدحەت دەستگیرکران.

محەمەد حەسەن و دایکی خۆراگر بوون، دایکی ئازاد کراو محەمەدیان بە ماددەی ١٥٧ حوکم دا، کە ئیعدام بوو، دواتر بە واسیتەی گەورە حوکمەکەیان بۆ سوک کرد و بە لێبوردنی گشتی ساڵی ١٩٨٢ ئازاد کرا.

بەڵام بەداخەوە سیانەکەی تر بێ سەروشوێن کران. ئیتر کۆمیتەی ئاگر کەشف بوو، ئێوارەیەک دوای گرتنی هەڤاڵان فەهمی ئەمین و فاروق و مەلا

محیّدین، له ماڵی کاکەرەش من و ئەسعەد عەزیز کۆبونەوەیەکمان کرد و به ئەسعەدم وت:

وەره بۆ ماڵی ئێمه و ماڵەکەمان جێی شک نیه. وتی: من نایەم و دەچمه دەرەوە و خواحافیزییمان لەیەک کرد. بۆ سبەینێ کاکەرەش به شپرزەییەوه هات بۆ ماڵی ئێمه و وتی، هاتون بۆ گرتنم و لەماڵ نەبووم. کاکەرەشم له ماڵی خۆمان گل دایەوه و بۆ بەیانیەکەی چومه سلێمانی بۆلای کاک جەمال تایەر و وەزعی شاری کەرکوک و گرتنی هەڤاڵانم بۆ باس کرد. کۆبونەوەکەمان له نوسینگەیەکی بەڵێندەرایەتی بوو له جادەی کاوە، نزیک سینەمای دڵشاد و پاش کۆبونەوە گەڕامەوە بۆ کەرکوک. ئەمەی باسی دەکەم ڕۆژی ١٩٨١/١٠/٢٠ بوو. بۆ سبەینێ ی ئەو ڕۆژە من و سەردار سەعید ئەمین موراد (ناسراو به سەرۆک) پێکەوه گیراین.

سەردار سەعید دەڵێت: من ساڵی ١٩٦٠ له گەڕەکی چقور (له پڕ یاردی لەنێوان شورجه و بولاق)دا لەدایک بووم.



سەردار سەعید ئەمین

ئەم گەڕەکه له ساڵانی ١٩٧٦-١٩٧٧دا لەلایەن محەمەد حەمزە ئەلزبیدییەوە که موحافیزی ئەوکاتی کەرکوک بوو تێک دراو کرا به جادە. باوکم موالیدی ١٩٣٠-یه و وەستای مەکینەی مەعمەلی سەهۆڵ بوو. دایکم ناوی نازەنین ئەحمەد مستەفایه و خەڵکی سلێمانی یه و چوار خوشک و پێنج برابوین. ئێمه وەزع و گوزەرانمان زۆر باش بوو. باوکم و هەر چوار مامەکەم ئەوکات شیوعیی بون و ساڵی ١٩٦٣ هەڵاتن بۆ ناوچەی تەپەکوڕەی جەباری تا ١١ی ئازاری ١٩٧٠ لەوێ مابونەوە.

سالّی ١٩٧٣ عومەر حەمە سالّحی پوررزام لەلایەن نازم گزارەوە کوژرا. ئەم کارەساتە بووە هۆی ئەوەی، کە جیلی ئێمە بە ئاگا بێینەوە و بکەوینە خەبات و کوردایەتی.

من و حەمید کەریم محەمەد ئەمین (پشتیوان) ئامۆزا و هاوڕێ بوین. پشتیوان ئەندامی کۆمەڵە بوو لای محەمەد حەسەن، منیش لە بەهاری سالّی ١٩٧٨دا چومە ناو ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەوە. ئەوکاتە من لە پۆلی شەشی ئامادەیی بووم. هەر ئەو سالّە پشتیوان پەیوەندی کرد بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە. کە مقەڕەکەیان لە سورقاوشان بوو، جارجار سەردانم دەکرد. ئەویش دەیووت مادام تۆ بویتە ئەندامی کۆمەڵە ئەم هاتوچۆیانەت بۆ زەحمەتە و بە کەسێکی ترت دەناسێنم و هەڤاڵ عومەر قادری پێ ناساندم.

هەڤاڵ عومەر خوێندکاری بەشی کیمیای کۆلیجی زانستی زانکۆی سلێمانی بوو. منیش بۆ سالّی خوێندنی نوێ لە کۆلیجی کشتوکالّی زانکۆی سلێمانی ناوم هاتەوە.

ئیتر من و هەڤاڵ عومەر لەیەک کاتدا تەنزیمی کۆمەڵەی خوێندکاران و تەنزیمی کۆمەڵەش بوین و کاک عومەر بەرپرسی شانەکەمان بوو، لە سالّی ١٩٨٠دا من بووم بە لێپرسراوی شانە و بەرپرسی هەڤاڵ نەجمەدین عومەر، کە هەر لە کۆلیجی کشتوکاڵ بوو، لەگەڵ کوڕێکی تری کەرکوکی کە لە کۆلیجی ئەندازیاریی سلێمانی بوو.

من لە کاتی خوێندنم دا چەند جارێک سەردانی هەرێمی دووم کردووە. ئەوکاتە پشتیوان بووبوو بە ئامرمەفرەزە، کاک عومەر و مامۆستا کاکەرەش ئاگاداری هاتوچۆکەم بوون.

سالّی ١٩٨٠ راپۆرتێکم سەبارەت بە دامەزراندنی مەفرەزەی ئیغتیالات نوسی بوو کە چەند کەسێکی خراپ لە کەرکوک هەن پێویستە تەسفیە بکرێن. هەڤالان کاکەرەش و کاک عومەر فکرەکەمیان پێ باش بوو. وتیان لەڕێی

پشتیوانەوە لەروی دەعمی لۆجستییەوە ئاسانکاریت بۆ دەکەین.

کاک عومەر قادر پێی وتم، مەفرەزەیەکی دوو کەسی دروست بکە، یەکێکیان ناوی هەڤاڵ نامیق ئیسماعیل مامە ناسراو بە شاهۆ (شەهید) بوو، ئەم پیاوە لە گەڕەکی شۆڕیجە مقاول بوو. ئەوی تریان ناوی هەڤاڵ محەمەدی نائیب زابت بوو ناسراو بە ئاری (شەهید).

من بومە ئامرمەفرەزەی ئەو دوانە. کاک محەمەد چونکە خۆی نائیب زابت بوو پێویستی بە تەدریب نەبوو، بۆ ئەمە کەوتینە کۆتایی ساڵی ١٩٨٠ لە ١٩٨٠/١٠/٦دا پشتیوانی ئامۆزام لە مام رەش شەهید کرا. ئیتر پەیوەندیم کرد بە شوانەی تەنسیق (شەهید) و مام بێستونەوە.

ساڵی ١٩٨١ لەگەڵ شاهۆ چوینە سورقاوشان، پشوی نیوەی ساڵی خوێندن بوو، هەر چواردە رۆژی پشووەکە لەوێ ماینەوە و تەدریبمان کرد و گەڕاینەوە و بەرنامە و رێگەمان دانا بۆ کوشتنی (فلان)، کە لە حەسیرەکە بوو پشتی مزگەوتی نائیب ئۆغلۆ.

دراسەی مەنتیقەکەم کرد، کاک عومەر وتی: ئیتر تۆ وازی لێ بهێنە و من کەسێکی ترم داناوە بۆ جێبەجێ کردنی پلانەکە، کەسەکە ناوی عەبدولخالق (چیا) بوو کە دواتر لە قازان شەهید کرا.

کاک عومەر هاتەوە ناو باسەکەوە و وتی:

خوار شوێنی دوکانی (فلان)، کۆلانێکی تەنگەبەر هەبوو لەوسەریەوە دەچووەوە سەر جادەیەکی فەرعی لەوێ خەزوری عەبدولخالق، کە ناوە نهێنییەکەی ئەحمەد بوو بە سەیارەیەکی پیکابەوە چاوەڕێی شاهۆ ئەکات و ئاریش حیمایەی دەکات.

کاک سەردار وتی:

چالاکیەکە سەعات یەکی پاش نیوەڕۆ بوو، سەرکەوتووش بوو، دوای ئەوە کاکە رەش پێی وتم چەند مەفرەزەیەکی تریشمان بۆ چالاکی دروست کردووە.

هاوینی ساڵی ١٩٨١ پێشنیاری چالاکیەکی ترم کرد، قیتارێک هەبوو لە کەرکوکەوە دەڕۆیشت بۆ هەولێر، لە ڕەحیماواوە بە گەڕەکی سەرچناردا تێدەپەڕی و مەعمەلی سەهۆڵەکەی خۆمان لە گەڕەکی سەرچناری کەرکوک بوو. کە نەوزاد بەهادین لە مەعمەلەکە ئیشی دەکرد.


نەوزاد بابان

نەوزاد بەهادین ناسراو بە نەوزاد بابان دەڵێت:

من ساڵی ١٩٦٣ لە گەڕەکی ڕەحیماوای شاری کەرکوک لەدایک بوم و کرێچی بوین و نۆ سەر خێزان بوین، سێ برا و چوار خوشک. دایکم ناوی سەعدیە ڕەسوڵ عومەرە و دەرچوی پەیمانگای تەکنیکی کەرکوکم بۆ ساڵی خوێندنی ١٩٨٨-١٩٨٩. ئێواران بە عەقد لە مەکتەبەی (گەل) ئیشم دەکرد و جەریدەم دەفرۆشت لەوێ کۆمەڵێک خەڵکم ناسی و هەر لە ساڵی ١٩٧٩ – ١٩٨٠ وە من نعمان ئەنوەرم دەناسی. نعمان لە من گەورەتر بوو. پاسکیلێکی هەبوو سەللەی پێوەبوو. بەیانیان صەمونی دەفرۆشت دواتر بوو بە معتمدی بەرید لە مەحکەمەی کەرکوک. ئەو پەیوەندی پێوە کردم و منی تەنزیم کرد. نعمان کورتە باڵایەکی قژلول بوو. پیاوێکی پیاوانە و ڕۆشنبیر بوو. دەستی شیعر و نوسینیشی هەبوو. کوڕێکی هاوڕێی پێ ناساندم ناوی دلێر ئەحمەد حەمید بوو ئێستا لە ئوسترالیایە. من مانگی چواری ١٩٨٠ بووم بە ئەندامی ڕێکخستنی کۆمیتەی ئاگر. تەنها چوار کۆبونەوە فریاکەوتم لەگەڵ نعمان دا. نعمانیان کرد بە عەسکەری ئیحتیات، چونکە حەربی عێراق- ئێران هەبوو.

نعمان به ئیجازە هاتبووەوە و لە ماڵەوە دەستگیرکرا و من دوو مانگ و دە رۆژ دوای نعمان دەستگیر کرام. جیرانێکمان هەبوو ناوی رەحمانی حەمید جۆلا بوو، ئەویش ئەندام بوو لە ڕێکخستنەکانی کۆمیتەی ئاگر. ئەو ١٩٨١/١٠/٢٣ دەستگیر کرا. لەناو (٢١) بیست و یەک کەسە دەستگیر کراوەکەی کۆمیتەی ئاگردا بوو.

کە من دەستگیر کرام پرسیاری رەحمانیان لێ کردم. من هیچ پەیوەندییەکم بە رەحمانەوە نەبوو. بەڵام نوعمان پێی وتبووم ئەویش لەگەڵمان لە ریزەکانی ڕێکخستندایە. لە ئەمن کوڕێکیان هێنایە بەرامبەرم ناوی حەسەن محەمەد ئەمین بوو، ئەو کوڕەم یەک جار لە ماڵی نعمان بینیبوو. هەرگیز کۆبونەوەم لەگەڵدا نەکردبوو.

دواتر پاش تەحقیق منیان بە دە ساڵ حوکم دا و لە ١٩٨٢/٧/١٩ بە لێبوردنی گشتی ئازاد کرام. من ئەوکاتە لە مەعمەلی بەفرەکەی سەرچناری کەرکوک ئیشم دەکرد، کە خاوەنەکەی باوکی سەردار سەعید بوو (ئەو مەعمەلە ئێستاش ماوە). قیتارێک هەبوو کە سوتەمەنی لە کەرکوکەوە نەقڵ دەکرد بۆ هەولێر بە بەردەمی مەعمەلەکەدا دەڕۆیشت، کاک سەردار هاتەوە ناو باسەکە و وتی:

وەک وتم پێشنیارم بۆ سەرو خۆم کرد، کە سکەی قیتارەکە بتەقێنینەوە. من لەڕێی ئامۆژنە سوڵتانە ساڵحی دایکی پشتیوانەوە تەرەقەی قومبەلەم بۆ ئەهات. من و شاهۆ لە ماڵەوە خۆمان قومبەلەکەمان دروست دەکرد. ئەم کارە لە دەورەکەی سورقاوشانەوە فێر بووبووین. قیتارەکە هەموو رۆژێک سەعات شەشی بەیانی دەگەیشتە بەردەمی مەعمەلەکەی ئێمە. من و شاهۆ و محەمەدی نائیب زابت چوین قومبەلەکەمان دانا. ئەو رۆژە لە شانسی ئێمەدا قیتارەکە سەعات پێنج و پەنجاو پێنج دەقیقە گەیشت. دواتر قومبەلەکە سکەکەی تەقاندەوە و ئێمە بە پەلە دورکەوتینەوە و بیستمان کە ئەمن و

پیاوانی رژێم چونەتە مەنتیقەکە و چوار کرێکاری میسری لە مەعمەلەکەمان بون هەرچواریان و چەند گەنجێکی ئەو ناوەیان گرتبوو، بەڵام زوو ئازاد کران، چونکە هیچیان لەسەر ئیسپات نەبووبوو.

ئەوەی گرنگە لێرەدا بونی شانەیەکی تر بوو، کە دوو هەڤاڵ بون و لای کاکەرەش بوون بە ناوەکانی ئەحمەد قەنبەر و سابیری موهەندیس. کاتێک مامۆستا کاکەرەش بۆ ماوەیەکی کورت دەست بەسەرکرا لەلایەن ئەمنی کەرکوکەوە ئازاد کرا. کاکەرەش ئاگاداری وەزع بوو. ئەو دوو هەڤاڵەی تەسلیمی من کرد. بۆیە زوربەی کۆبونەوەکانمان یان لە ماڵی خۆمان یان لە مەعمەلەکە دەکرد. بەڵام بەداخەوە کۆمیتەی ئاگر کەشف بوو، کە سەرەتا لە ١٩٨١/٧/١دا عەلی مغاویر و فاتیح سابیر دەستگیر کران و پاش ٢٦ رۆژ عەلی مغاویر ئازاد کرا و فاتیح سابیر لەبەرئەوەی برایەکی سەرباز بووبوو لە جەنگی قادسیەی صەدام دا و چالاکیەکی بێ وێنەی کردبوو پلەکەی بەرز کرابووەوە بۆ مولازم و لەبەر خاتری براکەی ئازاد کرابوو. لە مانگی ١٩٨١/٩یشدا هەندێک کەسی تر دەستگیر کران و منیش لە ١٩٨١/١٠/٢١ دەستگیرکرام.

ئێوارەی ١٩٨١/١٠/٢٠ مەسئولی مەنتیقەی ئەمنی کەرکوک، کە ناوی مۆفەق بوو (دواتر لەلایەن هێزی پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە بە سزای گەل و شۆڕش گەیەنرا). لە دەرگای ماڵی ئێمەی دا و هەواڵی بەکر صدیق (کاکەرەش)ی لێ پرسیم، وتم بە تەواوەتی نازانم ماڵیان لە چ شوێنێکدایە، بەڵام دەڵێن ماڵیان لە فلانە گەڕەکە، ناوی گەڕەکێکی ترمدا. هەر دوای ئەوان بە پەلە تەکسییەکم گرت و چوم بۆ ماڵی عومەر قادر و لە دەرگام دا و بە کاک عومەرم وت: بەدوای کاکەرەشدا دەگەڕێن. کاک عومەر وتی: سەردار وەرە ژورەوە، کاکەرەش لێرەیە، چومە ژوورەوە و هەندێک قسەمان کرد و کاکەرەش هێمنی کردینەوە و من گەڕامەوە.

عومەر قادر هاتەوە ناو باسەکە و وتی:

کاکەرەش ئەمری گرتنی هەبوو (...) ناوی من و کاکەرەش و سەرداری دا بوو. خانووەکەمان شەرقی بوو، چوار ژوری هەبوو. من و کاکە رەش لە ژورێکدا بوین دوو قەرەوێڵەی تیابوو. دایکم و هادی برام و دوو خوشکەکەم لە حەوشە نوسبتوون. درەنگانێکی شەو لە دەرگا دراو دایکم دەرگای کردەوە و بەپەلە هەستام و کاکەرەشم خستە ژێر قەرەوێڵەیەکەوە و خۆم هەر کە چومە ناو دەرگای ژورەکەوە ئەمن قۆڵبەستیان کردم. ئیتر پێویستی نەکرد بێنە ژورەکە و بەو شێوەیە کاکەرەش لە دەستگیرکردن زرگاری بوو.

کاک سەردار دەڵێت: کە عومەریان گرت، هەمان سەیارە هاتن بۆماڵی ئێمە و منیشیان برد. کۆمەڵێک سەیارەی قوات خاصە لەبەر دەرگا بوون بەڵام سواری تەکسییەکیان کردم. عومەرم تیا بینی و دوو ئەمنیش لەپێشەوە دانیشتبون. عومەر سەری خستە بناگوێمەوە و وتی: من ناوی تۆم نەداوە. ئەوە هەواڵێکی زۆر باش بوو بۆ من. براین بۆ ئەمنی کەرکوک کە لە گەڕەکی ساحة الطیران بوو. دایان بەزاندین و یەکسەر کەوتنە تەعزیب دانمان و کە پرسیاری ئێمەیان لەیەکتر دەکرد، دەمانووت ئێمە یەکتری ناناسین.

زابتی تەحقیق ناوی رائید ئیبراهیم علێوی بوو، زابتی ئەمن ناوی نەقیب قاسم بوو، کە زۆر دڕەندە بوون، مولازم عادلێکی لێ بوو کە بە ئەصڵ کورد بوو. (فڵان)یان هێنایە بەردەمم، ئەو وتی: ئەمە مەسئولی کوشتنی (فڵان)ە. من هەرگیز فڵانم نەبینیبوو نەشم دەناسی. بەڵام ئەو لە کۆبونەوەدا بە مەسئولەکەی وتبوو، ئەرێ کێ (فڵان)ی کوشتووە؟ مەسئولەکەشی پرسیویەتی. ئەو پرسیارەم بۆ لێ دەکەیت؟ ئەو دەڵێت، چونکە مەلا محێدین محاوەلەی کوشتنی (فڵان)ی کردبوو بەڵام سەری نەگرتبوو، ئەویش متمانەی لا دروست دەبێت و پێی دەڵێت: ئەوە هەڤاڵ سەرداری ئامۆزای پشتیوانە. من نکۆڵیم لێ کرد و ئەوانە کەوتنە ئەشکەنجەدانم. زۆر دڕندانە ئازاریان دەدام. دواتر بۆیان گێڕامەوە سەعاتێک پاش گرتنی من ئەمن چوبونەوە بۆ تەفتیشی ماڵەکەمان.

دایکم خیبرەی زۆر بوو، هەر دوای بردنی من خوشکەکانمی ناردبوو بۆ ماڵی پورم. ئەمنەکان تەفتیشیان کردبوو پەنجا فیشەکی دەمانچە و دوانزە تەرەقەی قومبەلەیان دۆزیبووەوە. دایکم نەیزانیبوو کە من ئەم شتانەم شاردۆتەوە. بەم بەڵگانەوە ئەمنەکان هاتنەوە سەرم و کەوتنە تەعزیبێکی بێ وێنەم.

کاک عومەر هاتەوە ناو باسەکە و وتی:

هەر دوای دابەزاندنی ئێمە، فڵان کە ئیعترافی لەسەر ئێمە کردبوو، وتبوی کە ٥٠٠٠ هەزار دیناری سویسری لە ماڵی ئێمەیە، کە پارەی کۆمیتەکەیە. کە ئەمنەکان دەچنەوە بۆ ماڵی ئێمە و هیچ نادۆزنەوە، چونکە زەکیە خانی خوشکم پارە و موستەمسەکەکانی بردبووە ماڵە خزمێکی باوەڕ پێ کراومان.

کاک سەردار هاتەوە ناو باسەکەوەو وتی:

کاتێک کە گیراین براینە مودیریەتی ئەمن و دواتر براین بۆ هەیئەی خاصە بەرامبەر گەڕەکی عەرەفە، ئەو شوێنە پێشتر خانوی ئەمنەکان بوو، هەر کۆمەڵە زیندانییەکمان لە ژورێکی بچوکی کۆندا بوین. ئەوانەی من لەوێ بینیمن و ئەندامی رێکخستنی کۆمیتەی ئاگر بوون. هەڤاڵان عەلادین محەمەد و مەلا سیروان ئەحمەد و چەند کەسێکی تر و هەندێک خەڵکی سلێمانی و هەولێریشی لێ بوو. لەهەمان ژوردا کاک بەکرمان لەگەڵدا بوو، کە خەڵکی گەڕەکی برایم پاشای شاری سلێمانی بوو. کەسێکی بەورە و قسە خۆش بوو.

جارێکیان لەیادی دامەزراندنی سوپای عێراقدا رۆژی ١٩٨٢/١/٦ مریشکیان بۆ هێناین بەڵام تایت یان بۆ تێ کردبووین، هەر کە خواردمان ئەوەندەی پێ نەچوو هەمووومان توشی ئیسهال بوین. لەپاش سەعات شەشی ئێوارەشەوە بۆمان نەبوو داوای چونە دەرەوە بکەین. بۆیە سەتڵێکیان بۆ دەهێناین بۆ ئەو کارە. ئەو شەوە پێنج جار سەتڵەکە برایە دەرەوە. ماوەیەکی

زۆر لە ئەمنە کۆنەکە بوین، ڕێگەمان پێ نەدەدرا بچینە حەمام. ئەوەبوو زوربەمان توشی نەخۆشی پێست بوین. ناچار لە ترسی گیانی خۆیان دکتۆریان بۆ هێناین. دکتۆر وتی: دەبێت ئەمانە خۆیان بشۆن، پێنج کەس پێکەوە دەکراینە حەمام و هەر کە ئاوەکە بەر لەشمان دەکەوت هاواریان دەکرد وەرنە دەرەوە و دوای ئەوە بە لێدان و کێبڵ دەبراینەوە ژورەکە.




من ڕۆژی ١٩٨٢/٧/٢٥ بە لێبوردنی گشتی ئازاد کرام.

نامەوێت درێژە بە باسکردنی چۆنێتی ئازاد کردنم بدەم چونکە هەڤاڵ ئەمیرە محەمەد لە کتێبی هەستنامەی زیندان بەرگی یەک، بەشی یەک لاپەڕەی ٢٤٢ ساڵی لە ٢٠١٧دا بڵاوی کردووەتەوە.

هەروەها بەسەرهاتی محەمەد حەسەن خورشید و ژیان عەبدولمەجید غەفار و عومەر قادر عەلی و حەمید محەمەد کاکەمەد (مام حەمید) و فایەق عومەر ڕەسوڵ و نەوزاد بەهادین محەمەد ئەمین و سیروان ئەحمەد قادری لەهەمان کتێبدا باسکردووە.

بسم الله الرحمن الرحيم

الامن العامة
مديرية امن منطقة الحكم الذاتي
العدد / ش٠ س/ ٠ / ٥٦٧٠ ٢١
التاريخ: ٩ / ٧ / ١٩٨٣

الى الشهداء اكرم منا جميعاً

- سري وشخصي -

الى / كافة مديريات امن منطقة الحكم الذاتي

م / تنفيذ حكم

فيما يلي برقية رئاسة محكمة الثورة ٢٢٧٣ في ٢/٥/١٩٨٣ ابتداءً:

تنفيذاً للمراسيم الجمهورية المرقمة ٦١٦ لسنة ٩٧٩ و ٨٠٨ و ٨٠٩ و ٨١٠ و ٨١١ و ٨١٢ و ٨١٣ و ٨١٤ و ٨١٧ و ٨١٩ و ٨٢١ و ٨٢٠ و ٨٢٢ و ٨٢٣ و ٨٢٤ و ٨٢٥ و ٨٢٦ لسنة ١٩٨٢ تقرر تنفيذ حكم الاعدام :-

شنقاً حتى الموت بالمدانين كل من محو حمومحو وتوفيق محمد سعيد نجم الدين واحمد باقي علي مصطفى ولطيف محمد امين ومحمد شريف امين وعبد المقصود محمد علي وعبد الوهاب حازم محمد وعدنان محمد امين وسيروان محمد امين وقهرمان كاكه حسن وعبد الغني احمد حمه خان وعبد الجبار علي طه وسيروان احمد قادر وعطا عبد الرحمن فتاح ودلير وهاب عارف وسعيد فرج غفور وشاباز حسين عبد الرحمن ومهدي عبد الله حمه كريم وعلي عبد الله علي وعارب عبد القهار مصطفى ونصرت رسول حسن وعبد الكريم محمد عمر وعبد الله خورشيد رشيد وهادي قادر علي وحسين عارف مجيد وصديق حمه امين محي الدين وعلي محمد حسن صفر وخالد كريم حمه عزيز وهيرش محمد سعيد وسرور محمد امين مصطفى واردلان محمد امين حمه مراد وسرور سعيد علي وكاوه محمد امين حمه مراد ومحمد صابر شريف واحمد عزيز كريم زمان وابراهيم محمد عمر خضر استناداً للمواد ١٥٧ / ١ و ١٩٤ ق٠ع٠

رمياً بالرصاص حتى الموت بالمدانين كل من ج٠م ازاد سيده محمد خضر وج٠م جبار محمد شريف وج٠م عبد العزيز بكر قادر وج٠م نعمان انور احمد وج٠م محمد عبد الله كريم وج٠م ناظم عثمان محمد وج٠م نجم الدين فرج اغا وج٠م ح انور ابراهيم عبد الله وج٠م اسماعيل خضر محمد وج٠م يوسف خضر صادق ون٠ع الشرطة نوزاد حسن كاكه برا استناداً للمادة ٥٩ / ١ من ق٠ع٠ع٠ يرجى اتخاذ ما يلزم لطفاً

التوقيع

ع. عميد الامن
م٠م٠ع لمنطقة الحكم الذاتي

٦٦٢٩ - ٥
٩ / ٧ / ٨٣

٩٤



**شەهید لەتیف محەمەد ئەمین محەمەد**

کاک سیروان کوڕی شەهیدە، لەدایکبوی ساڵی ١٩٧١-ەو فەرمانبەری شەریکەی نەوتی کەرکوکە و دەڵێت:

باوکم لەدایکبوی ساڵی ١٩٤٣ بوو، دایکم ناوی خەولە عومەرە و لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٣ -ەو سێ برا و سێ خوشک بوین و کە باوکم گیرا دایکم سکی هەبوو، پاش شەش مانگ لە گرتنی باوکم، براکەم لەدایکبوو، ئەوەندە لە ترسی گرتن، ئەم ماڵ و ئەو ماڵمان کردبوو ناونرا (بێلان).

باوکم لە ساڵی ١٩٦٣ -وە پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە کردووە تا ساڵی ١٩٧٤. ئەوکاتە ئەو سەرلق بوو. دوای ئاشبەتاڵ، باوکم وەک زۆر کەس چووە ئێران و لەوێ ناردیانین بۆ ئۆردوگای (خۆی).

ساڵی ١٩٧٦ وەک عائیدون گەڕاینەوە و حکومەت رێگەی نەدایین بچینەوە بۆ کەرکوک و پێیان وتین: "یان بچنە سلێمانی و یان بڕۆن بۆ جنوب. باوکم شاری سلێمانی هەڵبژارد. لە گەڕەکی مەجید بەگ خانویەکمان بەکرێ گرت. باوکم چووەوە سەر کار و نەقڵی سلێمانی کرا.

باوکم له ساڵی ١٩٧٨دا پەیوەندی کرد بە ریزەکانی ریکخستنی کۆمەڵەوە و لەگەڵ فاروق عومەر وەلی خاڵم دا، پێکەوە کاری تەنزیمییان دەکرد. خاڵم تەلەبەی مەعـهەد بـوو لە بەغـدا. کە دەگەڕایەوە، بەشـێک لە کۆبونەوەکـانی لە سلێمانی دەکرد.

دایکم له ئێران بە باوکمی وتبوو، لەتیف من نایەمەوە لەگەڵت، گەر دەست بکەیتەوە بە کاری سیاسی، مناڵە بەرم و مناڵەکانم وردن و نە خەرجییانم بۆ دابین دەکرێت و نە ئەم ماڵ و ئەو ماڵ دەمانگرنە خۆیان.

بـاوکم وتبـوی: بەو خـوایە لەمەودوا ئەگەر لە ئیمـام قاسـمی کەرکـوکیش شەڕە تەماتە بکرێت من بەشداری تیا ناکەم.

دایکم وای بۆ گێڕامەوە:

"رۆژێکیان خاڵت هاتبووەوە و منیش چام بۆ بردن و دەرگاکەم کردەوە، تەماشـام کـرد، دەرگـای سـەلاجەکەیان هەڵوەشـاندووە و بەیانـات و وەرەقەی تێ دەکەن، منیش وتم:

لەتیف، خۆ تۆ وەعدت پێ دابووم، کوا وەعدەکەت؟ ئەویش وتبـوی منیش وەعـدەکەم نەشـکاندووە و نەچـومەتەوە بـۆ کەرکـوک و شـەڕە تەماتەشـم نەکردووە."

رۆژێک بـاوکم نـامەیەکی پێچـایەوە لەنـاو پێڵاوەکەمـدا حەشـاری دا و وتـی ئاگـات لە خـۆت بێت و بچـۆ بـۆ کەرکـوک بـۆ مـاڵی خاڵت و پێـی بڵـێ بـاوکم نـامەی بـۆ ناردویت، خـۆت نـامەکە دەرمەهێنە، خـۆی بـا نـامەکە دەربهێنێت. ئەگەر خاڵیشـت لە بەغـدا نەگەڕابـووەوە، ئەوا بچـۆ بـۆلای عـومەر نەجـار، کە ئەویش هەر ئەندام بوو لە ریکخستن و ماڵیشیان لە ئیمـام قاسـم بـوو، دیسـان وتی: خۆت نامەکە دەرمەهێنە.

دایکم لەگەڵ باوکما کردی بە دەنگەدەنگ و وتـی: بۆچی ئەو کوڕەم تـوش دەکەیت؟ ئاخر من ئەوکاتە دە ساڵێک دەبووم. بـاوکم وتـی ئەرێ ئەو تـرس و

لەرزەی بۆچییە؟ کوڕەکە منداڵە و کەس شوبهەی لێ ناکات. هەرچۆنێک بوو باوکم قسەی خۆی بردە سەر، چونکە ئەو ئامادە بوو نەک هەر گیانی خۆی بەڵکو گیانی هەمووومان بکاتە قوربانی ڕێگەی خەبات و سەرفرازی کورد و کوردستان.

چومە کەرکوک و چومە ماڵی خاڵم، خاڵم نەهاتبووەوە و وەک ئامۆژگارییەکەی باوکم چومە ماڵی عومەر نەجار و ئەو کاغەزەکەی دەرهێنا (عومەر نەجار پاش ماوەیەک پەیوەندی کردبوو بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە و لە قەمچوغە شەهید کرا).

ئەم کۆمەڵە هاوڕێیە لە کۆمیتەی ئاگردا بون، یەکەم کەس فەهمی ئەمین لە کەرکوک دەگیرێت و ئنجا مەلا محیّدین و دواتر قادر بەکر و ئنجا جەنگی و فاروق و فەرهاد و ئەسعەد و رەشاد و ...تاد.

دوای هەمووان باوکم لە سلێمانی دەستگیر کرا. (فلان) کە گیرابوو، ئیعترافی لەسەر باوکم کردبوو).

باوکم، کە رۆیشتبوو بۆ دەوام ئیتر نەگەڕابووەوە و عەسرەکەی هەندێک لە هاوڕێکانی هاتن بۆ ماڵمان و خەبەری دەستگیر کردنی باوکمیان پێ داین و وتیان، کە دوو کەس بەلادایە کەوە هاتون بە دوایدا و بردوویانە. یەکێکیان ناوی رائد عەبدولڕەزاق بوو، عەرەب بوو، ئەوی تریشیان موستەشارێکی کورد بوو ناوی (فلان) بوو. ماوەیەکی پێ دەچێت و شەوێک لە نادی رائد عەبدولڕەزاق و موستەشارە کوردەکە و دوو هاوڕێی پێکەوە دادەنیشن دەخۆنەوە و ئنجا باسی سیاسەت دێتە پێشەوە و باسی چۆنێتی گرتنی باوکیشم دەکەن و دەڵێن: ئەندامەکانی کۆمیتەی ئاگرمان لە کەرکوک زوو دەستگیر کردووە و هەر لەتیف مابوو لە سلێمانی دادەنیشت، و دەترساین بۆمان دەستگیر نەکرێت، بۆیە من و (فلان) پێکەوە چوین بۆ دائیرەکەی لە سلێمانی و لەوکاتەدا لەتیف لەژێر شۆڤڵێکدا خەریکی چاککردنی بوو، و

ئـێمەش خۆمــان بە عەسـکەر لەقەڵەم دا و پێمــان وت: ســەیارەکەمان پەکـی کەوتـووە و وەرە بۆمـانی چـاکە و ئەویـش دوای مـۆڵەت وەرگـرتن لەگەڵمـان هات و بە ئاسایی وەری گرت.

موستەشــارەکە وتبــوی: هەر کە لە شــار دورکەوتیــنەوە، غەدارەکانمــان دەرهێناو بە حەبل دەست و قاچیمان بەستەوە و کردمانە پشتی لاداکەوە.

کە باوکم گیرابوو، دایکم تەلەفونی کردبوو بۆ مـاڵی فەهمـی لە کەرکوک و داوای خوشـکەکەی کردبـوو (مـاڵی فەهمـی و مـاڵی بـاپیرم دراوسـێ بـوون)، ئەوکــاتە هەمــوو کەس تەلەفـونی نەبــوو، کە پــورم قســەی لەگەڵ دایکــم دا کردبـوو، پـورم زۆر بێتـاقەت بـووە و دایکـم لێـی پرسـیوە چـی بـووە؟ ئیتـر ئەویش باسی خاڵمی نەکردبوو کە گیراوە، وتبوی وەڵڵا خەمی لەتیفمانە کە گیـراوە. پـورم دڵـی نەهـاتبوو ئەو خەبەرە ناخۆشـە بـدات بە دایکـم و وتبـوی وەرە بۆ کەرکوک. من نۆبەرە بوم، دایکـم منی لەگەڵ خـۆی بـرد بۆ کەرکوک و منداڵەکــانی تــری لە مــاڵە دراوســێ دانــا، بەڕاســتی خەڵکــی ســلێمانی و دراوسـێیەتیان بـۆ ئـێمە بە شـێوەیەک جـوان بـوو، کە نـاتوانم وەسـفی بـکەم، ماڵمـان لەوبەری شـیوەکەی لای مەکتەبـی کـاژاوەوە بـوو، مـاڵی ئـێمە بەینـی کاژاو و شیوەکە بوو.

کە چوینە مـاڵی نەنکم، هەمـوو عـاجز و خەمبـار بـوون، نەنکم و پورەکـانم بەکوڵ دەگریان، ئیتر دایکم زانی کە هەموویان گیراون.

ئەوکاتەی باوکم گیرا، دایکم تەمەنی (٢٧) ساڵ بوو، کۆشـێ منـاڵی بەسـەرا کەوتبـوو. هەزار دینارمـان هەبـوو، کە بـاوکم کـۆی کردبـووەوە، وردە وردە ئەو پارەیەشــمان بەکرێــی خــانوو، و مەســرەفی رۆژانە و هــاتووچۆ خەرج دەکرد. نەنکم بە دایکمی وت: رۆڵە ئەم گرتنەیان درێژە دەکێشـێت، منداڵەکانت بهێـنەرەوە کەرکـوک. ئـێمە هەر جـارەی دەچـوینە مـاڵە خـزم و ناسـیاوێک. هەندێکیان لە ترسا رویان نەدەداینێ، جگە لەوەش زۆر زەحمەت بـوو ژنێکـی

گەنج لە ماڵاندا شوێنی بکرێتەوە و شەش منداڵیشی بەدواوە بێت. بۆیە دایکم چاری نەماو لە دائیرەی طرق و جسور خۆی بە (طباخ) تەعین کرد و چەندین کاری شەرافەتمەندانەی کردووە بۆ بەخێوکردنمان.

منیش دوای دەوام لە نەقڵیاتی سلێمانی، لە شاری کەرکوک بووم بە شاگرد فیتەر، من لە باوکمەوە زۆر شت فێر بووبووم، وردە وردە ئیشەکە باشتر فێربووم و ئنجا هەستم بەوە کرد، کە رۆژانەکەم کەمە. لای بەکری مەلا سدیق لە ئیمام قاسم بووم بە شاگرد نەجار، ئنجا بوم بە شاگردی جەبار ناوێک، کە ئەویش لە ئیمام قاسم دوکانی تەسجیلاتی هەبوو. ئیشم باش بوو، حەزم لە کارەکەم بوو، رۆژانەکەم وردە وردە زیادی کرد، وەزعی بژێوی ژیانمان بوژایەوە، تا وردە وردە توانیم لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٤دا دوکانەکە بکڕمەوە. دوکانەکەم بە ناوی (بێلان)ی برامەوە ناو نا، ئەو برایەی کە پاش شەش مانگ لە گرتنی باوکم لەدایک بوو.

پێش ئەوەی من دوکانەکە بکڕمەوە، تەنزیم (فلان)یان لەبەر دوکانەکەدا کوشت. چونکە (فلان) خەبەری لە جەماعەتی کۆمیتەی ئاگردا بوو.

کە دایکم دەچوو بۆ موصڵ بۆ سەردانی خاڵە فاروق-م، هەر جارەی باسێکی بۆ دەگێڕایەوە. جارێکیان، کە بۆ یەکەمجار چوبون بۆ مواجەهەی وتبووی، کە لەتیف یان هێنا بۆ قاعەکە هەموو ئەندامانی ڕێکخستنی کۆمیتەی ئاگری لێ بووە و من پێم وت: "ئەوە تۆڕەکەمان هەموی ئیعترافی لەسەر کراوە و تۆ ئاخر کەسیت. ئێمەش ئیعترافمان لەسەر خۆمان کردووە و تۆش ئیعتراف بکە با ئازارت نەدەن. بەڵام ئەو بە هیچ جۆرێک رازی نەبوو ئیعتراف بکات".

جارێکی تر، کە دایکم چووەوە بۆ مواجەهە منیشی لەگەڵ خۆی برد، خاڵم لای دایکم گلەیی لە باوکم کرد، وتی: ئەوە مێردەکەت ترساوە بێت سەردانمان بکات. خاڵم بە منی وت، بەو مەمەڕەدا بڕۆ بۆ ئەوسەر بزانە

باوکت لەو ژورانەدا دەبینیت؟ تۆ منالّیت و ترست لەسەر نیە، تەماشای ناو پەنجەرەکانیش بکە، لەویّ سجنەکان لەناو پەنجەرەکاندا دەوەستن. کاتێک مواجەهە دێت بەڵکو یەکێک بناسن، یان یەکێک بیان بینێت و بیانناسێت و خەبەر بە کەسوکاریان بدەن.

"کە من چوم نەمبینی".

لە مفاوەزاتی ١٩٨٣ – ١٩٨٤ دا، لیژنەی تەنسیق لە کەرکوک بوو، بەڕێز مام جەلال هاتە کەرکوک و چوینە لای، وتی: داواکارییەکەی کەسوکاری ئەندامانی کۆمیتەی ئاگرمان لە خالّی یەکەمدا نوسیووە بۆ گۆڕینەوە.

خەولە خانی هاوسەری دەڵێت:

هەموو جارێک بە کۆمەڵ دەچوین بۆ مواجەهە. لەو مالانە، مالّی حەبیبە خان دایکی ئەسعەد (ئەسعەد ژنی نەهێنابوو) و سەبری خان و سەید نەجمەدین، دایک و باوکی جەنگی (جەنگی ژنی نەهێنابوو) و فەوزی ژنی عەبدولقادر و دایک و باوکی جەبار ستیف جاری وا هەبوو کە ئەگەیشتینە موصڵ دەیانووت مواجەهە تەئجیل بووە بۆ رۆژی داهاتوو، ئێمەش دەستمان نەدەڕۆیشت بگەڕێینەوە و دیسان سبەینیّ بچینەوە بۆ موصڵ. بۆیە ئەو شەوە هەموومان دەچوینە مەرقەدی نەبی یونس لەویّ رۆژمان دەکردەوە.

من چەند گەڕام و سۆراخم کرد خەبەری لەتیفم هەر نەزانی، تا سالّی ٢٠٠٥، رێبواری کوڕی شەهید شەریف، کە ئەویش لەگەڵ سەیرانی کچم دا پێکەوە فەرمانبەرن، موقتەبەسی حوکمەکەی دابو بە سەیران، ئنجا زانیمان کە باوکیان ئیعدام کراوە.



ئەندامانی خێزانی شەهید لەتیف، شاری شنۆ – ئێران، لەکاتی رەوەکەدا گیراوە، ساڵی ١٩٩١

لەڕاستەوە: سەیران خان، مامۆستا رێزان، خەولە خان، سیروان، رێژوان، بێلان، دانیشتوان لەڕاستەوە: بەشیر (خزمی خێزان)، ئالان، مامۆستا تروسکە.

سڵاو لە خەوڵە خانی سەربەرز و ماندوو نەناس کە توانی بە رەنجی شانی خۆی منالەکانی پەروەردە بکات و لە دەرگای هیچ کەس نەدات.



ئەندامانی خێزانی شەهید لەتیف، ساڵی ١٩٨٥


لەڕاستەوە: بێلان، خەولە خان، ریزان، ریژوان، تروسکە، سەیران، ئالان



رۆژی لەدایکبوونی (بێلان) کوری شەهید لەتیف، رۆژی ١٩٨٦/٣/٢١

لەڕاستەوە: ئالان، تروسکە، سەیران، ریزان، خەولە خان (خێزانی شەهید لەتیف)

خەولە خـــان ســـەرەڕای ئەو هەمـــوو مانـــدوو بـــون و دەردی ســـەرییەی کە چێشتویەتی، هەوڵی خۆشحاڵی کردنی منداڵەکانی بەوپەڕی جوانیەوە داوە.



خەولە خان (هاوسەری شەهید لەتیف محەمەد ئەمین، شەهید لەتیف محەمەد ئەمین، شەهید فاروق عومەر (برای خەولە خان)، سیروان و ڕێزان (کوڕ و کچی شەهید لەتیف). سەردەشت – ساڵی ١٩٧٤.



خەولە خان (هاوسەری شەهید لەتیف محەمەد ئەمین) لەگەڵ دوو کوڕی شەهید لەتیف (بێلان و ڕێژوان)، کە لەناو لانکەدان، بێلان تەمەنی پێنج مانگانە و ڕێژوانیش تەمەنی ١٨ مانگانە، ساڵی ١٩٨٢.

دایکێکی نمونەیی و سەلار و سەنگین.



خەولە خان هاوسەری شەهید لەتیف محەمەد ئەمین، بەم شێوە شەرافەتمەندانەیە خەیاتی بۆ ماڵان دەکرد تاکو بژێوی خۆی و ٧ منداڵەکەی دابین بکات لەدوای ئیعدام کردنی هاوسەرەکەی.



خەولە خان (هاوسەری شەهید لەتیف محەمەد ئەمین) لەگەڵ سەیرانی کچی، ساڵی ١٩٧٤.



خەولە خان بەم شێوەیە نانی بۆ ماڵان دەکرد تاکوو بژێوی ژیانی خۆی و حەوت منداڵەکەی دابین بکات لەدوای ئیعدام کردنی هاوسەرەکەی.



خەولە خـان لەدوای دەسـتگیرکردنی شـەهید لەتیـف، لە سـاڵی ١٩٨٦ لە شـەریکەی حـــامورابی وەک فەرمـــانبەری چێشـــتلێنەر دامەزراوە و ئەم وێـــنەی لەکـــاتی چێشتلێنان بۆ فەرمانبەرانی ئەو شەریکەیە لە پڕۆژەیەکی کەرکوک گیراوە.



لەڕاستەوە: دایکی شەهید ئەسعەد، خێزانی یەکێک لە ئەندامانی کۆمیتەی ئاگر، خەولە خان.

منداڵەکان: ڕێژوان، ئالان-ی کوڕی شەهید لەتیف.




ریزان و سەیران و ریژوان-ی شەهید (لەتیف محەمەد ئەمین)، ساڵی ١٩٨٣.



خەولە خان (هاوسەری شەهید لەتیف محەمەد ئەمین)، لەگەڵ منداڵەکانی: سەیران و ئالان، ساڵی ١٩٨٣.



خەولە خان و مناڵەکانی لە راستەوە: مامۆستا تروسکە، ئالان، ریژوان، نەجات-ی برای خەولە خان، ساڵی ١٩٨٣.



**شەهید عەبدولمەقصود محەمەد عەلی کەریم (رزگار)**

کاک بەرزان کوڕی شەهیدە و دەڵێت:

باوکم ساڵی ١٩٥٠ لە گەڕەکی زێویە لە کەرکوک لەدایک بووە و حەوت سەر خێزان بوین، کچێک و چوار کوڕ.

وەک دەگێڕنەوە، باوکم لەسەرەتای لاوێتییەوە، هەستی کوردایەتی لە ناخیدا هەڵقولاوە، بۆیە هەر زوو رووی کردبووە شاخ و لە شۆڕشی ئەیلولەوە تاکو هەرەس پلەکەی سەرپەل بووە.


دوای هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان لەلایەن یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە، پەیوەندی بە ریزەکانی رێکخستنی یەکێتییەوە دەکات و لە ساڵی ١٩٧٨دا لە رێگەی کاک ئەحمەد کرێکارەوە بۆتە ئەندامی رێکخستنی کۆمیتەی ئاگر.

لە ماوەی خەباتی رێکخستنی نهێنیدا سێ جار دەستگیر دەکرێت، بەڵام بە ورە بەرزی خۆی، هیچی لەسەر ئیسپات نابێت و ئازاد دەکرێت. ئەو هاوڕێی مەلا محێدین و فاروق قەمبور و حەسەن بچکۆل و جەبار ستیف و چەندانی تر بووە.

١٩٨١/١٠/١٧ بـاوكم دەسـتگیر دەكرێـت و سـاڵی ١٩٨٥ لەلایەن ئەمنـی كەركوكەوە كەسوكار بانگ دەكرێن و پێیان رادەگەیەنن كە ئیعدام كراوە و بە هیچ شێوەیەک نابێت پرسەی بۆ دابنرێت.

لەدوای راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ بەڵگەنامەیەكمان دەست، كەوت كە ئاماژەی پێ درابوو لە ١٩٨٣/٧/٩دا لەگەڵ هاوڕێكانیدا شەهید كراون.

كتـابەكە لە رۆژی ١٩٨٣/٧/٩ بە ژمـارە ٣٥٧٠ لەلایەن (مدیریـة الأمـن العامة/ مدیریه منطقة الحكم الذاتي)یەوە دەرچووبوو.



**شەهید عەبدولوەهاب حازم**

کاک یوسف، پێشمەرگەی دێرین و برای شەهیدان عەبدولوەهاب حازم و عەبدولکەریم حازمە و دەڵێت:

عەبدولوەهابی برام، ڕێکەوتی ١٩٦١/٧/٧ لە گەڕەکی ئیمام قاسم لە شاری کەرکوک لەدایک بووە. دەرچوی قۆناغی خوێندنی ئامادەیی ئیمام قاسم بوو.

تا بڵێی کوڕێکی ڕەفتار و کردار و گوفتار جوان بوو. زۆر هێمن و ڕاستگۆ و بەڕێز بوو، لەناو خێزان و هاوڕێکانیدا زۆر خۆشەویست بوو، زۆر حەزی لە هونەری نواندن (تەمسیل) دەکرد. بەتایبەت ڕۆڵە کۆمیدیەکان، و لە ماڵەوە ئەو ڕۆڵانەی بۆ ئێمە دەنواند و خۆشی و شادی پێ دەخستە دڵمانەوە.

ئەو زۆری حەز بە خوێندنەوە بوو، هەمیشە سەرقاڵی خوێندنەوەی بابەتی ئەدەبی و مێژوویی بوو. زۆر بە ئاسانی دانی بە هەڵەکانی خۆیدا دەناو هەوڵی خۆڕاست کردنەوەی دەدا. حەزی بە ڕاگرتنی پاک و خاوێنی جەستە و جلوبەرگی بوو.

هەر لەسەرەتای تەمەنیەوە هەستی کوردایەتی لە ناخیدا سەری هەڵدا ئەنجامی بینینی ئەو هەموو زوڵم و ستەمەی بەرامبەر رۆڵەکانی گەلەکەمان دەکرا لەلایەن رژێمەوە.

ساڵی ١٩٧٨ ئەسعەد عەزیز پێی وتم: مادام عەبدولوەهاب هەست بەو زوڵم و زۆرە دەکات و بەدوای رێگەچارەدا دەگەڕێت بۆ دەرباز بوون لەو ژیانە ناهەموارەی نەتەوەکەی. تەنزیمی بکە.

بە ئەسعەدم وت: راست دەکەیت، هەموو مەرجێکی بون بە ئەندامی رێکخراو و کۆمەڵەی تیایە، بەڵام حەز دەکەم تۆ تەنزیمی بکەیت، ئەوەبوو هەر لە ساڵی ١٩٧٨دا ئەسعەد رێکی خست بۆ رێکخراوی یەکێتی خوێندکاران و دواتر بۆ کۆمەڵە. کوڕێکی زۆر چالاک و بەمشور بوو بۆ جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی و زۆر حەزی دەکرد، کە لە هاوڕێ رۆشنبیرەکانی نزیک ببێتەوە و قسەیان بۆ بکات و پێداویستی و یارمەتی و داوودەرمانی بۆ پێشمەرگە کۆدەکردەوە و بۆی دەبردن.

ئەو لەو رۆژانەیەی کە باوکم دەیدایە بۆ خەرجی و پێداویستی خۆی، کۆیدەکردەوە و هەندێک جار کرێکاریشی دەکرد، باوکم گلەیی لێ دەکرد و دەیووت، نازانم بۆچی خوێندن تەواو ناکەیت و ئێمە پێویستمان بە کاری تۆ نیە. باوکم لێی تێ نەدەگەیشت کە چ هاندەرێک پاڵی پێوە ناوە بۆ ئەم کارەی.

چالاکیەکانی هەڤاڵانی کۆمیتەی ئاگر لەناو شاردا، وردە وردە گەشە دەکات و رژێم دەکەوێتە چاودێرییان و لەسەرەتای مانگی تەموزی ١٩٨١دا ئەندام کۆمیتەیەکی ئاگر بە ناوی عەلی مغاویر دەستگیر دەکرێت، دوای ٢٦ بیست و شەش رۆژ ئازادی دەکەن و ئەو ئیعتراف لەسەر هەموو ئەو هەڤاڵانە دەکات کە دەیانناسێت. رژێم وردە وردە دەکەوێتە چاودێری کردنی هەڤاڵان و پەلەی گرتنیانی نابێت تاکو بزانێت ئەو هەڤاڵانەی ناویان هێنراوە هاتوچۆی کێ دەکەن، تا بە جارێک تۆڕەکە کەشف بکەن.

ئەوەبوو لە ١٩٨١/١٠/١٧دا کۆمیتەکە کەشف دەبێت و سەرەتا فەهمی ئەمین دەستگیر دەکەن و لە ماوەی نزیکەی دوو هەفتەدا زوربەی هەڤالان دەستگیر دەکەن وەکو مەلا محێدین و نعمان و ئەسعەد و فاروق و لەتیف و فەرهاد و ...تاد.

رۆژی ١٩٨١/١٠/٢٢ لە کاتێکدا، کە لەگەڵ دوو هاوڕێی دا دەبێت، تەکسییەک لەبەردەمیدا رادەوەستێت و (.....) چڵکاوخۆری رژێم و دوو ئەمن دادەبەزن و کیسەیەک دەکەنە سەری عەبدولوەهاب و سواری تەکسییەکەی دەکەن.

من ئەو کاتە لە خواروی عێراق دەمخوێند و بێ ئاگا بووم لە کەشف بونی کۆمیتەکە و کە هاتمەوە باس لەوە دەکرا، کە عەلی مغاویر پەیوەندی بە رژێمەوە هەبووە.

چەند ئەمە راستە؟ لام روون نییە.

بەر لە کەشف بونی کۆمیتەکە، چەند جارێک عەبدلوەهابم دەبینی لە ماڵەوە بە سەخت ترین شێوە ئازاری خۆی دەدا و کە لێم دەپرسی بۆچی وا لە خۆت دەکەیت؟ دەیووت تا ئەگەر من دەستگیر کرام، بەو ئازار و ئەشکەنجەیە رابێم و بتوانم خۆڕاگر بم و هیچ زانیارییەک نەدرکێنم بۆ رژێم.

ناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٣ مواجەهەی بەشێک لە هاوڕێکانمان لە زیندانی موصڵ کرایەوە. ئەسعەد هەواڵی بۆ ناردم کە بچم بۆ سەردانی. کاتێ چوینە ژوورەوە، یەکەم دیمەنم بەرچاوکەوت کە درندەیی رژێمم تا ئەوپەڕی بۆدەرکەوت، ئەوەبوو پشیلەیەکیان بە سەربەرەوخواری هەڵواسیبوو، پەتێکیشیان لە ملی ئالاندبوو خنکاندبویان. دواتر چومە ژوری ئیعدام و بەداخەوە ئەسعەد و فەهمی و مەلا محێدین و بەشێکی زۆری هەڤالانم بینی، ئەسعەد پێی وتم: گەر رۆژێک لە رۆژان عەفواتێک هات و من ئازاد کرام، کۆمەڵە نەمکوژێت باوەڕم پێی نامێنێت، وتم بۆچی؟ وتی لەژێر ئەشکەنجەدا

ناوی دوو کەسم داوە، کە یەکێکیان عەبدولوەهابی براتە و ئیتر ناوی ئەوی تریانی پێ نەوتم و منیش نەمپرسی.

لەوان پرسیاری عەبدولوەهابم کرد، کەس هیچی لەسەر نەدەزانین. هاوڕێیەکی ڕێکخستنم هەبوو بە ناوی پۆلا و ئێستا لە نەرویجە. لە ٢٠١٨/١١/٢٧دا تەلەفونی بۆ کردم، وتی: بەڵگەنامەیەکی گرنگم دەست کەوتووە، گەرچی برینت دەکولێنمەوە، ئەگەر حەز دەکەیت بۆت دەنێرم، کە تایبەتە بە عەبدولوەهابی برات و هاوڕێکانی، ئەویش ئەوەیە، کە عەبدولوەهاب و هاوڕێکانی لە ڕۆژی ١٩٨٣/٧/٩دا لە کەرکوک مەحکەمەیان کردون و بە ئیعدام کردن حوکمیان داون، بەداخەوە تائێستا گۆڕی خۆیی و هەڤاڵەکانی ونن.

ڕۆحیان شاد و یادیان بەرز و پیرۆز.



**شەهید عەدنان محەمەد ئەمین (عەدنانی خوێندکاران)**

کاک مەلا سامان برای شەهیدان دەڵێت:

براکەم ساڵی ١٩٦٢ لە شاری کەرکوک لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر لەدایکبووە. هەروەکو سیروانی برام دەرچوی ئامادەیی پیشەسازیی کەرکوک بوو.

ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندی کردوە بە رێکخستنەکانی (ی. ن. ک) لە رێگای مامۆستا رەشادی برایەوە و بۆتە ئەندامێکی چالاکی رێکخستنەکانی کۆمیتەی ئاگر. بەشداریی چالاکیەکانی ناو شاری کەرکوکی کردوە لەگەڵ برا و خوشکەزا و هاورێکانیدا.

عەدنانی برام، لاوێکی خوێن گەرم و خۆشەویستی ناو خوێندکاران بووە و دەنگێکی زۆر خۆشی هەبوو بۆیە رۆڵێکی گرنگی هەبوو لە ناو خوێندکاران و لە ریزەکانی رێکخستندا.

عەدنان چاونەترسانە بەگژ دوژمناندا دەچووەوە و سڵی لێ نەدەکردنەوە و گورزی کوشندەی لە سیخوڕ و خۆفرۆشانی گەلەکەمان دەدا.

مەخابن، رۆژی ١٩٨١/١٠/١٧ لە گەڕەکی ئیسکان پاش نانەوەی کەمینێک لە دەوروبەری ماڵی خۆیان دەستگیر کراو ڕەوانەی ئەمنی کەرکوک کرا. پاش تەعزیب دانێکی زۆر و هەڵواسین، نهێنی ڕێکخستنەکانی بۆ دوژمن نەدرکاند و سەری بۆ دوژمنان دانەنەواند، بۆیە لە مەحکەمەی سەورە لە ساڵی ١٩٨٢دا حوکمی ئیعدامی بۆ دەرکرا لەگەڵ هەڤاڵەکانیدا.

لە ١٩٨٣/٧/٩ لەگەڵ کۆمەڵێک هەڤاڵی کۆمیتەی ئاگردا لە ئەبوغرێب لەسێدارە دران.

هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی شەهید عەدنان و گشت شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان.



**شەهید سیروان محەمەد ئەمین**

کاک مەلا سامان برای شەهیدانە و دەڵێت:

سیروانی برام ساڵی ١٩٦٣ لە شاری کەرکوک لە بنەماڵەیەکی هەژار لەدایک بووە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی پیشەسازی هەر لە شاری کەرکوک تەواو کردووە.

ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندی کردوە بە ریزەکانی رێکخستنی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە و لە رێگای مامۆستا رەشادی برامەوە و بۆتە ئەندامێکی چالاکی کۆمیتەی ئاگر.

سیروان لاوێکی رۆح سوک و قسەخۆش بوو، هەر لە منداڵیەوە خولیای کوردایەتی بوو، خۆشەویستی ناو هاورێکانی بوو. رۆڵێکی گرنگی هەبووە لە ناو رێکخستنەکانی خوێندکاران دا و چەندین هاورێی هێناوەتە ناو ریزی رێکخستنەکان. بەشداریی چالاکیەکانی ناو شاری کەرکوکی کردووە لەگەڵ هاورێ و برا و هەڤاڵەکانیدا.

مەخـــابن پـــاش ئاشـــکرابونی کـــۆمیتەی ئـــاگر لە رۆژی ١٩٨١/١٠/١٧ لە گەڕەکی ئیسکان لە ماڵی خۆیان دەستگیر کرا پاش نانەوەی کەمینێک بۆی لەلایەن ئەمنی کەرامەوە.

پـــاش ئـــازار و ئەشـــکەنجە و تەعزیـــب دانێکـــی زۆر هـــیچ نهێنیەکـــی رێکخستنەکانی نەدرکاند و ئیعترافی نەکرد.

ساڵی ١٩٨٢ لە مەحکەمەی سەورە حوکمی ئیعدامی بەسەردا سەپێنرا، لەبەرئەوەی لەگەڵ براکانم دا بەشداریی لە چالاکیەکانی ناو شاری کەرکوکدا کردووە. رۆژی ١٩٨٣/٧/٩ لەگەڵ چەند هەڤاڵێکی تری کۆمیتەی ئاگردا لە (ئەبوغرێب لەسێدارە دران و گەیشتنە کاروانی نەمران.

هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی شەهید سیروان و گشت شەهیدانی رێگای رزگاری کوردستان.



**شەهید هادی قادر عەلی (هێمن)**

کاک عومەر برای شەهیدە و وامان بۆ دەگێڕێتەوە:

براکەم، ساڵی ١٩٦٣ لە گەڕەکی حەمام عەلی بەگ لەدایک بووە و دەرچووی قۆناغی خوێندنی ئامادەیی بوو، کوڕێکی هێمن و زیرەک و لەسەرخۆ بوو.

ساڵی ١٩٨٠ من تەنزیمم کرد بۆ ریزەکانی رێکخستن. بەردەوام خەریکی خوێندنەوە و خۆ پەروەردەکردن بوو. بە حوکمی ئەوەشی، کە ئەو تەمەنی لە من کەمتر بوو زۆر سودم لێ وەردەگرت بۆ گواستنەوەی بڵاوکراوە و گەیاندنی راسپاردەکانم.

ئەو کوڕێکی نهێنی پارێز بوو، دەتوانم بڵێم هەڵسوکەوتی لە کەسێک دەچوو، کە لەسەروی تەمەنی خۆیەوە بێت.

ئەو شەوەی هەڵیان کوتایە سەرماڵمان یەکسەر هادی برامیان گرتبوو، ئنجا هاتبوونە بەر ژورەکەی من و منیان لەناو دەرگای ژورەکەدا دەستگیر کرد، من نەمزانی کە هادی برامیان دەستگیر کردوە.

ئەویـش رۆژی ١٩٨١/١٠/٢١ دەسـتگیر کرا/بـوو، کە ئێمەیـان بـردە ژوری لێکـۆڵینەوە و ئەشـکەنجە، دوای دوو رۆژ بردیـانینە قـاعەکەی خـوارەوە تەماشام کرد کۆمەڵێک هەڤاڵی کۆمیتەی ئاگری لێیە و لەناو ئەوانەدا هادی برام.

بەڵام داخەکەم دوای کاتژمێرێک ناوی دە هەڤاڵیان خوێندەوە، کە هادی برام یەکێک بوو لەوانە، و لە ئێمەیان جیا کردنەوە. دوای سێ ساڵ تەبلیغێکمان بۆ هات لە معاونیەی ئەمنی مەنسورەوە، کە ئەو کۆمەڵە لەسێدارە دراون و ئەوانەی سەربازیش بون گوللەباران کراون.

روحیان شاد.



**شەهید نعمان ئەنوەر ئەحمەد (دڵسۆز)**

٢٠٢٢/١/٣ کەرکوک

کاک فریا عەلی، هاوڕێی شەهیدە و دەڵێت:

نەعمان ساڵی ١٩٥٥ لە گوندی بیبانی گەورە لە خێزانێکی نیشتمان پەروەر لەدایک دەبێت. دواتر لە گەڕەکی رەحیماوا نیشتەجێ دەبن.

ئەم گەنجە هەر زوو هەستی بە ئەرکی سەرشانی کردووە بۆ پەیدا کردنی بژێوی ژیانی خێزانەکەی و هەر لە قۆناغی ناوەندیدا واز لە خوێندن دەهێنێت و دەست دەکات بە کارکردن و کرێکاری و زۆرجاریش دەبێتە دەستگێڕ.

ساڵی ١٩٧٤ وەکو زوربەی گەنجانی کوردستان روو لە شاخ دەکات و هێندە زیرەک دەبێت دەیکەنە عەدەد جیهاز.

ساڵی ١٩٧٥ پاش هەرەس، ئەویش وەک هاوڕێکانی ناچار دەبن بە گەڕانەوە و هەویەی عایدونیان بۆ دەکەن و بەڵام ناهێڵن لە کەرکوک، بمێننەوە. بەڵکو رەوانەی خواروی عێراقی دەکەن.

پاش گەڕانەوەی بۆ کەرکوک دەست دەکاتەوە بە کار و نعمان ئەوەندە چەوساندنەوەی بینیوە، کە هەستی کوردایەتی ببزوێت، بۆیە ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندی دەکات بە ریزەکانی رێکخستنی کۆمیتەی ئاگرەوە و یەکێک بووە لە کادرە هەرە چالاکەکانی کۆمیتەکە و هەمیشە سەردانی کتێبخانەکەی ئاسۆ جەبار دەکات و لەوێ چاوی بە هەڤاڵەکانی دەکەوێت و دەکەونە گفت و گۆ.

نعمان توانیویەتی نەوزاد بەهادین تەنزیم بکات و هەروەها رەنجە عومەریشی ناسیووە.

کاک نەوزاد بابان دەڵێت: من لە کتێبخانە کارم ئەکرد و ئەویش پاسکیلێکی هەبوو کاروباری کتێبخانەی پێ جێبەجێ دەکرد بەیانیان زووش سەمونی پێ دەفرۆشت، دواتر دلێر ئەحمەد حەمیدی پێ ناساندم، کە ئەویش هەر لە کۆمیتەی ئاگر بوو، ئێستا لە ئوسترالیایە.

کاک فریا هاتەوە ناو باسەکەو وتی:

ئەم گەنجە بەتوانایە، لەگەڵ کار و خەباتەکەشیدا نوسەر و شاعیر بوو، هەندێک لە بابەتەکانی بڵاو کردۆتەوە. پاش کەشف بونی کۆمیتەی ئاگر و گرتنی هەندێک لە هەڤالانی کۆمیتەکە شەوی ١٩٨١/١٠/٢٢\٢١ ئەمنی کەرامە هەڵدەکوتنە سەر ماڵەکەیان و راپێچی زیندانی دەکەن و پاشان لەگەڵ (٩) نۆ هەڤاڵی تریدا لە هەیئەی خاصەی کەرکوک حوکمی لەسێدارەدانیان بۆ دەردەکەن، بەداخەوە هیچ هەواڵێکیان نابێت تا دوای پرۆسەی ئازادیی عێراق و کەسوکاری بەڵگەنامەیان دەست دەکەوێت. کە لە ساڵی ١٩٨٣دا لەسێدارە دراون و ئەو هەڤالانەی، کە سەربازیش بوون گوللەباران کراون.

هۆنراو :

(٨)

★ فەرهادێکی وەڕس نەبوو ★

مێژووی ١٩٧٥/١٢/٢٦

دلدارەکەم
ووشەکانی زامی دلم
ئاگرێکن بۆتەئاسوتێن
ووشەکانی زامی دلم
ژیلەمۆی گڕی هۆنراوەن
بەخوێنی گیانم هەلئەبن
لەکەژی زەردوتەماوی
ناودەرونی هەردوکمانا
چرایەکن هاوارێکن
ناکوژێنەوە

ئ ؟ ؟

گەلاکانی پایزی تەمەن
ئێستا سەوزییان نەماوە
ئاوازەکانی ڕاستی ئاخمان
هێشتا کە سەرڕازو نیازەو
بەئاشکرانە درکاوە

(١٦١)

بەڵام گیانە ئەو بیستە لەمێژم کەم ڕەوادم
قۆڵنگی هیوام هەر پێیە
لە بێستوونی شەونخوونی
ڕاوەستاووم .. نەگۆڕاوم
قولینگەکەم لە دەستمایە
فڕێی نادەم
لەسەر بێستوونی دڵۆری
باوەڕمە کە بێتە خوارەوە .

(١٧)

هۆزان :

(٥)

## گلێیشەی ڕاستیەک بۆخۆم هاوڕێزەکانم





ئەی دەروونە نەمردووەکان
ئەی دە روونە پیرنەبووەکان
ئەگەر هاتەو کامتان ویستان
ببنە فەرهادی شیرینستان
گەی دڵانی ڕەنگ ئەرخەوان
گەر هاتوو ژان و تاسە بوون
وەکو ڕێبوارێکی تینوو
وەکو ڕەگی هێزی چیایەک
لە ڕێی خۆری باڵای جوانی
کاکەمەم و خاتووزینستان
بتوێنە وە و ببڕێنە وە
گۆرانیەک بڵێنە وە
هیچ دڵدارێکتان نەوێ
~~بهوێنە~~و بە باڵاو گلێی وشە بازار
بە شەوتی شیعری ڕەدگولزار

(١٨)

قوڵنگ لەگەڵ هەڵمەگرن لە بێستوونا
هۆنراوەی تینووی بۆ مەڵێین
بە سەوزایی و کانی ڕوونا
لە پڕ تیشکا
لە هەلێکی نزیکا
پێڵووی خەواڵوو هەڵدێنن بە سەرسامی
تەسلی ئەبینەوە ئەبیستنەوە
تەمای شەونخونیان بە ناکامی

(١٩١)



**شەهید محەمەد عەبدوڵڵا کەریم (حەمەدەمین)**

چوارشەممە

٢٠٢١/٥/٢٦

کاک نعمان برای شەهید محەمەد عەبدوڵڵا کەریم، دەڵێت:

براکەم ساڵی ١٩٥٩ لە شاری کەرکوک و گەڕەکی ئیمام قاسم لەدایک بووە.

لەدوای ساڵی ١٩٧٩ وە لە ڕێگەی مامۆستا ڕەشادەوە بۆتە ئەندامێکی چالاکی ڕێکخستتەکانی کۆمیتەی ئاگر و دواتر لەگەڵ مامۆستا ڕەشاد و عەدنان و سیروان بوون بە مەفرەزەیەکی عەسکەری ناو کۆمیتەی ئاگر و کونە مشکیان لە پیاوانی ڕژێم و ئەڵقە لەگوێ کانیان کردبوو بە قەیسەری.

هەڤاڵان چالاکییان زۆر دەکرد. حەمەدەمین ماتۆڕەکە لێ دەخورپێت و جەنگی لە پشتیەوە دەبێت و سەیارەی نەجدە بەرەو روویان دێت و جەنگی رومانەیەکیان بۆ دەهاوێژێت. دوای ئەوە خێرا دەرچوبون بۆ گەڕەکی زێویە و ماتۆڕەکە کەوتبوو، تانکی بەنزینەکەی قوپابوو، ئیتر حەمەدەمین هێنایەوە ماڵەوە، کە لە گەڕەکی ئیسکان بوین و لای تەندور و کەرەسەکانیەوە دامان ناو دامانپۆشی. کۆمیتەی ئاگر ١٩٨١/١٠/١٧ کەشف بوو، هەندێک لە

هاوڕێکـانی حەمەدەمـین دەسـتگیر کـران و ئەو دەیزانـی کە ئەمـیش هەمـان چارەنوسی دەبێت، بۆیە شەوێک هەموو ئەندامانی خێزانی کۆکردەوە و وتی: (باوکە گیان ئێمەی هەڤاڵانی کۆمیتەی ئاگر کەشف بووین و هەندێک هـاوڕێم دەستگیر کراون و من دەرفەتم هەیە خۆم ڕزگار بکەم، بەڵام غیرەتم قبوڵ ناکات، کە ناموسمان بکەوێتە ژێر دەستی ئەم بەعسییە دڕندانەوە، بۆیە من نـــاچمە دەرەوە و دەمێـــنمەوە. ئەوەبـــوو بەرەبەیـــانی ڕۆژی ١٩٨١/١٠/٢١ سـیخوڕ و پیاوەکـانی بـنکەی ئەمنـی کەرامە و مـودیریەتی ئەمنـی کەرکـوک دەوروپشـتی گەڕەکـی ئیسـکانیان گـرت و نەیـان هێشـت کەس لەو گەڕەکەدا هاتوچۆ بکات.

ئەوان لەسەربانەوە خۆیان هەڵدایە حەوشـەکەوە و بە گرتنی حەمەدەمین ئەو بەرەبەیانەیـان لێکــردینە شــەوەزەنگ. بــاوکم پیــاوێکی بەتەمەن بــوو، ئەمنەکـــان زۆریـــان لـــێ دا، بە زۆری لەلایەن مـــۆفەقی خـــوێن ڕێـــژەوە و حەمەدەمین و باوکمیان بە سەیارەیەکی کۆرۆنـای سپی مۆدێل ١٩٨١ لەگەڵ خۆیاندا برد.

پـاش دوو هەفـتە باوکمیـان ئـازاد کـرد و حەمەدەمـین مـایەوە و گەڕایـن بەدوایـدا هیچمـان دەسـت نەکەوت، پـاش مـاوەیەک، دەنـگ بـڵاو بـووەوە، کە براون بۆ زیندانی موصڵ، بە پەلە چوینە موصـڵ و لە هاوڕێکانیـان پرسـیاری حەمەدەمـین مـان کـرد، وتیـان، ئەو دە هەڤاڵەمـان هەر زوو دیـار نەمـان. لەو ڕۆژەوە تـا پرۆسـەی ئـازادی هـیچ هەواڵێکمـان دەسـت نەکەوت. دوای ئەوە بەڵـگەی مـودیریەتی ئەمنـی عـامی بەغـدامان دەسـت کەوت، کە بە بڕیـاری مەحکەمەی سەورە سەربازەکان گوللەباران و ئەوانی تریش ئیعدام کراون.



**شەهید جەلیل نەجمەدین نوری (جەنگی)**


ئاوات خان خوشکی شەهیدە و دەڵێت:

جەلیلی برام، ساڵی ١٩٦٤ لە شاری کەرکوک لە خێزانێکی کوردپەروەر لەدایک بووە. هەر لەسەرەتای ژیانییەوە هەست بە ئازار و مەینەتیەکانی گەلەکەی دەکات و لە گەڕەک دا کەسێکی خۆشەویست دەبێت و دەچێت بە هانای لێقەوماوانەوە، بۆیە هاوڕێی لە خۆی بەتەمەنتر پەیدا دەکات و ئەوانیش گفتوگۆی لەگەڵ دەکەن و هەموو هەوڵێک دەدەن بۆ رۆشنبیر کردنی، زۆر نابات لە تەمەنی سیانزە ساڵی دا و لە ساڵی ١٩٧٧دا دەبێتە ئەندامێکی کارای رێکخستنی کۆمیتەی ئاگر و لای مەلا محێدین، زۆر چاونەترسانە بەگژ بەکرێ گیراوانی رژێمی بەعسدا دەچێتەوە و کە گەورەتر دەبێت دەچێتە مەفرەزەکەی مەلا محێدین، کە ئەحمەد کرێکار سەرپەرشتیاریان دەبێت و چەندین چالاکی دەکەن بۆ گەیاندنی ئەڵقە لە گوێکانی رژێم بە سزای گەل و شۆڕش لەگەڵ فەرهاد و فەهمی و فاروق و ئەمانەدا. چالاکییەکانی بەردەوام دەبێت، تا کۆمیتەی ئاگر کەشف دەبێت و ئەویش وەکو زوربەی هەڤاڵەکانی دەستگیر دەکرێت و لەکاتی خوێندنەوەی

حوکمی ئیعدامیان دا رووده‌کاته حاکم و ده‌ڵێت ناچمه ده‌ره‌وه تا به ده‌ست و پێوه‌نده‌کانت نه‌ڵێیت، با لێمان نه‌ده‌ن کاتێک که ده‌چینه ده‌ره‌وه. من تازه حوکمی ئیعدامم له‌سه‌ره و له هیچ ناسڵه‌مێمه‌وه. گه‌ر یه‌ک دارم لێ بده‌ن به چه‌که‌که‌ی خۆیان ده‌یانکوژم. مردن مردنه له‌قه‌فرتێی ناوێت.

ئیتر ئه‌م جه‌ماعه‌ته ره‌وانه‌ی زیندانی موصڵ کران و پاش ماوه‌یه‌ک ئاگادار کراین، که مواجه‌هه‌یان کراوه‌ته‌وه، مانگی دوو جار ده‌چوینه مواجه‌هه، نزیکه‌ی ساڵێک ئێمه مواجه‌هه‌مان ده‌کردن. هه‌موو مانگێک دوو جار سه‌ری مانگ و پانزه‌ی مانگ. سه‌ری مانگێک که چوینه‌وه بۆ مواجه‌هه‌ی، وتیان لێره نه‌ماون و ره‌وانه‌ی ئه‌بو غرێب کراون یه‌کسه‌ر گه‌ڕاینه‌وه بۆ سجنی ئه‌بوغرێب و له‌وێ وتیان ئه‌م ناوانه‌ی ئێوه باسی ده‌که‌ن لێره نین، ئێمه هه‌ر له سۆراخ کردندا بوین هیچ هه‌واڵێکیانمان نه‌زانی تا دوای ساڵی ٢٠٠٣، که عێراق ئازاد کراو به‌ڵگه‌نامه‌یان بۆ ناردین که ئه‌مانه له ساڵی ١٩٨٣دا ئیعدام کراون و بێ سه‌روشوێن کراون.

سڵاو له روحی پاکیان.



الجمهورية العراقية
وزارة الصحة
مديرية الاحصاء الحياتي والصحي

رقم الشهادة رقم ٢٢ رقم ٩٦٢٥

## شهادة وفاة

تاريخ التنظيم ٨ / ١ / ١٩٨٢

| | |
|---|---|
| ١ – اسم المتوفي ولقبه : جليل | ٢ – الجنس ذكر |
| ٣ – الجنسية : | ٤ – الدين او المعتقد : مسلم |
| ٥ – المهنة : عامل | |
| ٦ – الحالة الزوجية : اعزب ( ) متزوج ( ) ارمل ( ) مطلق ( ) | |
| ٧ – تاريخ الولادة : | ٨ – محل الولادة : قضاء ( ) محافظة ( ) |
| ٩ – اقامته الدائمة : محلة رقم الدار قرية ناحية قضاء المحافظة | |
| ١٠ – تاريخ الوفاة ( كتابة ) : الساعة اليوم الشهر السنة ١٩٨٢ | |
| ١١ – محل الوفاة : المحلة او القرية الناحية القضاء المحافظة | |
| ١٢ – اسم والد المتوفي : | ١٣ – اسم والدة المتوفي : |
| ١٤ – اسم المبلغ عن الوفاة : | ١٥ – صلته بالمتوفي : |
| ١٦ – عنوان المبلغ الكامل | |

١٧ – شهادة الوفاة الطبية

الفترة التقريبية بين ظهور الاعراض والوفاة

سبب الوفاة

(١)
المرض او الحالة التي ادت للوفاة مباشرة
( أ )
تسبب عن ( او نتيجة لما يليه )
الحالات المرضية ( ان وجدت ) والتي ادت للسبب اعلاه مع ذكر السبب الاصلي في النهاية
( ب )
تسبب عن ( او نتيجة لما يليه )
( جـ )

(٢)
حالات مهمة اخرى ساعدت على الوفاة ولا صلة لها بالمرض او الحالة التي سببت الوفاة

١٨ – حدثت الوفاة في البيت ( ) المستشفى ( ) مكان آخر ( )

١٩ – اشهد ان الوفاة قد حدثت من الاسباب المثبتة اعلاه .
اسم الطبيب
عنوان اشتغال الطبيب --- توقيعه ---
ختم المؤسسة الصحية


٢٠ – شهادة طبية عدلية ( تملأ وتوقع من قبل الطبيب العدلي )

اني الموقع ادناه الدكتور --- الطبيب في --- قمت بتشريح جثة المتوفي
والمرسلة من قبل --- حسب الاستمارة المرقمة --- والمؤرخة في / / ١٩٨
في الساعة بتاريخ / / ١٩ فوجدنا سبب الوفاة

توقيع الطبيب العدلي — ختم الطبابة العدلية

٢١ – معلومات خاصة بمديرية الاحوال المدنية ( تؤخذ من هوية الاحوال المدنية او دفتر النفوس )
صحيفة الاسرة في السجل المدني : رقم السجل --- رقم الصحيفة --- المحافظة
رقم هوية الاحوال المدنية او دفتر النفوس ( ترفق بالشهادة )

٢ – نسخة ذوي العلاقة



**شەهید حەسەن محەمەد عەلی شەریف (حەسەنە بچکۆل)**

کاک عومەر قادر دەڵێت:

هەڤاڵ حەسەن محەمەد عەلی شەریف ناسراو بە حەسەنە بچکۆل ساڵی ١٩٤٥ لە گەڕەکی ئیمام قاسم لە شاری کەرکوک لەدایک بووە و دەرچوی قۆناغی خوێندنی سەرەتایی بووە و لە شۆڕشی ئەیلولدا بەشداریکی چالاک بووە و ئەوکاتە پەیوەندی کردبوو بە لقی سێ وە لە ناحیەی سەنگاوی سەر بە قەزای چەمچەماڵ.

دوای هەرەس لە هەلێک دەگەڕا، کە بەرەنگاریی ئەو رژێمە نەگریسە ببێتەوە، ئەو لەلایەن مەلا محێدینەوە تەنزیم دەکرێ و چەندین چالاکی بێ وێنەی ئەنجام داوە و دڵی دوژمنی پێ هێناوەتە لەرزە لەگەڵ هەڤاڵەکانی تری کۆمیتەی ئاگردا.

لە ریکەوتی ١٩٨١/١٠/١٧ دا هەڤالانی ئەم کۆمیتەیە ئاشکرا دەبن و لەگەڵ براکەی دا بە ناوی عەبدولکەریم محەمەد عەلی دەستگیر دەکرێن و پاش تەحقیق و خۆڕاگرییان، لە مەحکەمە حوکمی لەسێدارەدانیان بۆدەردەچێت و لە ساڵی ١٩٨٣دا لە سێدارە دەدرێن و کەسوکاریان تائێستا روفاتی پیرۆزی کوڕەکانیان نەدۆزیونەتەوە.

الجمهورية [illegible]
وزارة الصحة
مديرية الاحصاء الحياتي والصحي

رقم ٩٦٢٥ رقم ٢٨ المجلد ٢/ط

## شهادة وفاة

تاريخ التنظيم ٢٩/١٠/١٩٨٢

| | |
|---|---|
| ١ - اسم المتوفي ولقبه : حسن | ٢ - الجنس : ذكر |
| ٣ - الجنسية : عراقية | ٤ - الدين او المعتقد : مسلم |
| ٥ - المهنة : حارس | |
| ٦ - الحالة الزوجية : أعزب ( ) متزوج ( ) ارمل ( ) مطلق ( ) | |
| ٧ - تاريخ الولادة : ١٩٦٥ | ٨ - محل الولادة : قضاء ( ) محافظة ( [illegible] ) |
| ٩ - اقامته الدائمة : محلة [illegible] رقم الدار ٢٤٥ قرية ناحية قضاء محافظة [illegible] | |
| ١٠ - تاريخ الوفاة ( كتابة ) : الساعة ١١ [illegible] اليوم ١٨ الشهر ١٠ السنة ١٩٨٢ | |
| ١١ - محل الوفاة : المحلة او القرية الناحية القضاء المحافظة [illegible] | |
| ١٢ - اسم والد المتوفي : محمد [illegible] | ١٣ - اسم والدة المتوفي : [illegible] |
| ١٤ - اسم المبلغ عن الوفاة : الدكتور [illegible] | ١٥ - صلته بالمتوفي : طبيب [illegible] |
| ١٦ - عنوان المبلغ الكامل : مستشفى [illegible] | |

### ١٧ - شهادة الوفاة الطبية

| | سبب الوفاة | الفترة التقريبية بين ظهور الامراض والوفاة |
|---|---|---|
| ( ١ ) المرض او الحالة التي ادت للوفاة مباشرة | ( أ ) الاعدام شنقاً حتى الموت | |
| الحالات المرضية ( ان وجدت ) والتي ادت للسبب اعلاه مع ذكر السبب الاصلي في النهاية | تسبب عن ( او نتيجة لما يليه ) ( ب ) | |
| | تسبب عن ( او نتيجة لما يليه ) ( جـ ) | |
| ( ٢ ) حالات مهمة اخرى ساعدت على الوفاة ولاصلة لها بالمرض او الحالة التي سببت الوفاة | | |

١٨ - حدثت الوفاة في البيت ( ) المستشفى ( ) مكان اخر ( [illegible] )

١٩ - اشهد ان الوفاة قد حدثت من الاسباب المثبتة اعلاه .

اسم الطبيب [illegible]
توقيعه :
ختم المؤسسة الصحية :
عنوان اشتغال الطبيب

### ٢٠ - شهادة طبية عدلية ( تملأ وتوقع من قبل الطبيب العدلي )


اني الموقع ادناه الدكتور ........ الطبيب في ........ قمت بتشريح جثة المتوفي ........
والمرسلة من قبل ........ حسب الاستمارة المرقمة ........ والمؤرخة في / / ١٩٨
في الساعة ........ بتاريخ / / ١٩ فوجدت سبب الوفاة ........

توقيع الطبيب العدلي
ختم الطبابة العدلية

٢١ - معلومات خاصة بمديرية الاحوال المدنية ( تؤخذ من هوية الاحوال المدنية او دفتر النفوس )
صحيفة الاسرة في السجل المدني : رقم السجل ........ رقم الصحيفة ........ المحافظة ........
رقم هوية الاحوال المدنية او دفتر النفوس ( يرفق بالشهادة )

٢ - نسخة ذوي العلاقة

(٩٠)



**شەهید رەشاد محەمەد ئەمین**

**(مامۆستا رەشاد) (مەلا رەشاد)**

کاک مەلا سامان برای شەهیدانە و دەڵێت:

باوکم لەدایکبوی ساڵی ١٩٢٠ بوو، یەکەمجار مەلا بووە و دواتر بووە بە پۆلیسی سوارە و لە کۆتایی پەنجاکاندا خانەنشین بووە و چۆتەوە بۆ گوندی گوگجە و لەوێ نیشتەجێ بووە.

مامۆستا رەشادی برام لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٦-ە و ساڵی ١٩٦٢ من و دایکم و براکانم چوینە کەرکوک و لە گەڕەکی ئیسکان نیشتەجێ بوین.

ئەم بنەماڵەیەی ئێمە، مامۆستا مەلا محەمەد ئەمین هەر لەسەرەتاوە خەریکی کوردایەتی بووە و خزمەتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی کردووە و لە شۆڕشی ئەیلول و شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا لەو پێناوەدا چوار برا و چوار خوشکەزا و دوو ئامۆزامان شەهید بون. جگە لە حاجی (نعمان)ی برام کە پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول و زیندانی سیاسی بووە و تاکو ئێستا

ئەوانەی کە لە ژیانــداین هەمــوان خەریکــی خەبــات و کــوردایەتین و ئەو بەڵێنەی داومانە لە خزمەتکردنی گەلەکەمان بە رێکی و پاکی جێبەجێ دەکەین.

تەحسینی براشم پێشمەرگەی ئەیلول بوو، ئەوکاتە رەشادی برام دەچوو بۆ سەردانی، ئەم سەردانانە وای لێ کرد هەستی نیشتمان پەروەریی لە ناخی دا کڵپە بسێنێت.

رەشادی برام ساڵی ١٩٧٣ لە پەیمانگای مامۆستایانی دهۆک ناوی هاتەوە و خوێنــدنی تەواو کــرد و دواتــر ســاڵی ١٩٧٥ لە رێــگەی کــاک ئــازاد هەورامییەوە بوو بە ئەندامی کۆمەڵە.

کاتێک بوو بە سەرباز بەرگە سەربازییەکەی بەکاردەهێنا بۆ داپۆشینی چالاکیەکانی. جارێکیان بە پۆڵونیەکەی حەسەن (شەهید) لەگەڵ هەندێک لە هەڤاڵانی بەلارێ دا دەچن بۆ چالاکی و لەوسەرەوە، کە چالاکیەکە تەواو دەکەن رەشــادی بــرام جلە سەربازییەکەی لەبەردەکات و لە سەیتەرەکە دەیوەستێنن و پرسیاری ناسنامەی لێ دەکەن و رەشــادی بــرام بەرگەی ئیجازەکەی پیشان ئەدات و بە سایەقەکە دەڵێن چۆن ئەم سەربازەتان لە رێگە هەڵگرتووە؟ ئەویش دەڵێت، ئەم سەربازە لە رێگا دەستی لێ راگرتوین و ئێمەش رێزمان لێ گرتووە و بۆی وەستاوین.

دوای تەواو کردنــی خزمەتــی ســەربازیی، رەشــاد لە گونــدی هــاڵەی ســـــەروچاوەی بازیـــــان بە مامۆســـــتا دامەزرا، لەوێ شــــــەوانە لەگەڵ پێشمەرگەکاندا کۆئەبووەوە و خەڵکی ناسراوی گوندەکەشی بانگ دەکرد بۆ دانانی پلان دژی رژێم.

مامۆســتا رەشــاد خۆشەویســتی خەڵــک و پێشــمەرگە بــوو، ئەو کاتێــک خوێندکاری پەیمانگەی دهۆک بوو خۆی فێری ژەنینی ئامێری کەمان و ساز کردبوو. دەنگیشی خۆش بوو، بۆیە لەو دێیەش جارجار بە ناوی گۆرانی وتــن و ژەنینــی کەمــانەکەی خەڵــک لە دەوری کۆدەبــوونەوە و لە بــۆنە


ئاینییەکانیشــدا قورئــانی بــۆ دەخوێنــدن، لەو رێــگەیەوە باســی خەبــات و کوردایەتی بۆ دەکردن. ئەو جگە لەوەش دەست خەتێکی زۆر جوانی هەبوو، وێنەکـێش و پیـاوێکی بەسـەلیقە بـوو. هەڤـاڵ ئەمیـرە مـحەمەد دیارییەکـانی رەشادی برامی لە کتێبی دیاریەکانی زیندان، بەرگی یەکەم - ساڵی ٢٠١٤دا بـڵاوی کـردونەتەوە و شـایەتیی ئەوەی بـۆ ئەدەن. هەروەهـا کتێبخـانەیەکی هەبوو، کە هاوڕێکانی کتێبیان لێ وەرئەگرت و دەیان خوێندەوە.

ســاڵی ١٩٧٨، کــاک ئەحــمەد کرێکــار چەنــد مەفرەزەیەکــی عەســکەری دروســت دەکــات و خــۆی سەرپەرشــتی دەکــات، لەو مەفـرەزانە مەفـرەزەی گەڕەکی ئیمام قاسم، کە لە دوو مەفرەزە پێکهاتبوو، مەلا محێدین بەرپرسیان بـوو، مامۆسـتا رەشـاد و براکـانم لەگەڵ فەهمـی و فـاروق دا لە یەکێک لەو مەفرەزانەدا بوون.

ئەمـانە زۆر بـوێر و چـاونەترس بـوون، چـالاکی وایـان کـردووە، کە لەم ســەردەمەدا نــاتوانین باســی بکەیــن. بەڵام هەمــووی پــارێزراوە زۆرجــار چالاکیەکـانی بە مـاتۆڕە سـورەکەی ئەنجـام ئەدا لەنـاو شـاری کەرکوکـدا و دەمـانچەی شۆڕشـی لەناو کەللەی لایتـی ماتۆڕەکەیدا دەشاردەوە و دەیهێنـا بۆ ناو شاری کەرکوک.

سـەلمانی برام گێڕایەوە و وتـی: جارێکیـان لەگەڵ مامۆسـتا رەشـاد چوین بۆ بەنزیخـانەی تەپە و دەبەیەکـی پێنج لیتـری پـێ بـوو. وتـی ئێسـتا دێمەوە، چووە لای عەدادەکە و وتـی: ئەم دەبەیەم بۆپڕکە لە بەنزین، ئەوکاتە بەنزین فرۆشـتن قەدەغە بـوو، ئەویـش وتبـوی نـاتوانم، مامۆسـتا لێـی تـوڕە بووبـوو فایدەی نەبووبوو، ناچار دەمانچەکەی پیشان دەدات و دەڵێت بۆم پڕ نەکەیت بە فیشەکێک ساردت دەکەمەوە، ئەویش لەترسا دەبەکەی بۆ پڕ دەکات لە بەنزین.

کاتێک هەڤاڵانی کۆمیتەی ئاگر کەشف بون، مامۆستا رەشادیش دەستگیر کراو لە ماڵەکەی خۆیدا دەمانچە و بڵاوکراوەیان لەناو لولەی سۆپای ژورەکەیدا دۆزییەوە. بەڵام لە زیندان ئەو تەنها ئیعترافی لەسەر خۆی کرد و کەسی نەدا بەدەمەوە و رەوانەی زیندانی موصڵ کران و پاش چەند مواجەهەیەک لە زیندانی موصڵەوە گواسترانەوە بۆ زیندانی ئەبو غرێب و لەدوای پرۆسەی ئازاد کردنی عێراق زانیمان کە ئیعدام کراوە و تائێستا تەرمەکەی بێ سەروشوێنە و ئێستاش لەلایەن پەروەردەی کەرکوکەوە، بۆ بە زیندوو راگرتنی ناوی ئەو کەڵە خەباتگێڕە قوتابخانەیەکیان بە ناوی (قوتابخانەی تێکەڵاوی شەهیدی سەرکردە مامۆستا رەشاد) ناو ناوە.




درود بۆ رۆحی پاکی مامۆستا رەشاد و برا و خوشکەزاکانم و هەموو شەهیدانی رێگەی رزگاری کوردستان.

الجمهورية العراقيه
وزارة الصحة
مديرية الاحصاء الحياتي والصحي

رقم الشهادة ٢٢ المجلد ط/٢ رقم ٩٦٢٥

شهادة وفاة

تاريخ التنظيم ٢٨ / ١٠ / ١٩٨٢

| | |
|---|---|
| ١ ـ اسم المتوفي ولقبه : رشاد | ٢ ـ الجنس ذكر |
| ٣ ـ الجنسية : | ٤ ـ الدين او المعتقد : مسلم ٥ ـ المهنة : |
| ٦ ـ الحالة الزوجية : اعزب ( ) متزوج ( ) ارمل ( ) مطلق ( ) | |
| ٧ ـ تاريخ الولاده : ١٩٥٦ | ٨ ـ محل الولاده : قضاء ( ) محافظة ( ) |
| ٩ ـ اقامته الدائمه : محله رقم الدار ٦٦٨ قرية ناحية قضاء محافظة | |
| ١٠ ـ تاريخ الوفاة ( كتابة ) : الساعة ١١ صباحا اليوم ٢٨ الشهر ١٠ السنة ١٩٨٢ | |
| ١١ ـ محل الوفاة : المحلة او القرية الناحية القضاء المحافظة | |
| ١٢ ـ اسم والد المتوفي : | ١٣ ـ اسم والدة المتوفي : |
| ١٤ ـ اسم المبلغ عن الوفاة : | ١٥ ـ صلته بالمتوفي : |
| ١٦ ـ عنوان المبلغ الكامل : | |

١٧ ـ شهادة الوفاة الطبيه

الفترة التقريبيه بين ظهور الاعراض والوفاة

سبب الوفاة

(١)
المرض او الحالة التي ادت للوفاة مباشرة
( أ ) ............
تسبب عن ( او نتيجة لما يليه )
الحالات المرضية ( ان وجدت ) والتي ادت للسبب اعلاه مع ذكر السبب الاصلي في النهاية
( ب ) ............
تسبب عن ( او نتيجة لما يليه )
( جـ ) ............

(٢)
حالات مهمة اخرى ساعدت على الوفاة ولاصلة لها بالمرض او الحالة التي سببت الوفاة

١٨ ـ حدثت الوفاة في البيت ( ) المستشفى ( ) مكان آخر ( )

١٩ ـ اشهد ان الوفاة قد حدثت من الاسباب المثبتة اعلاه .
اسم الطبيب :
توقيعه :
ختم المؤسسة الصحية :
عنوان اشتغال الطبيب ............

٢٠ ـ شهادة طبية عدلية ( تملا وتوقع من قبل الطبيب العدلي )


اني الموقع ادناه الدكتور ............ الطبيب في ............ قمت بتشريح جثة المتوفي ............
والمرسلة من قبل ............ حسب الاستمارة المرقمة ............ والمؤرخة في / / ١٩٨
في الساعة بتاريخ / / ١٩ فوجدت سبب الوفاة ............

توقيع الطبيب العدلي ختم الطبابة العدلية

٢١ ـ معلومات خاصة بمديرية الاحوال المدنية ( تؤخذ من هوية الاحوال المدنية او دفتر النفوس )
صحيفة الاسره في السجل المدني : رقم السجل ............ رقم الصحيفة ............ المحافظة ............
رقم هوية الاحوال المدنية او دفتر النفوس ( وترفق بالشهادة )


٢ ـ نسخة ذوي العلاقة (٩٦) ج-٢٣٥-٨٠-٢-٥٠٠٠٠ دفتر

## نامەکانی شەهید رەشاد محەمەد ئەمین، لە زیندانی ئەبەغرێب-ەوە*


ئەگەر کور بوو
ناوی بنێن بەم ناوانەی خوارەوە
١- سەرباز

---

* دیاریی ئازادیی - نامەکان لە زیندانەوە، ئەمیرە محەمەد، لاپەڕە ١٩٢-٢٠٢.



٧- بێستیار ٨- كاروان

٩- دەلباز ١٠- شارەزا

١١- رەشیدە ١٢- رەنج

١٣- شەروان ١٤- ئەژاد

ئەگەر چی بەوەش بەلام ناوانەی

رەو كامیان هەلدە بژێرن

٢- نۆخان - گەشاو


ژیان ٤- ڤیان


كاشنا ٦- رۆخۆش

٧- بۆردومان ٨- میدیا

٩- كازاو ١٠- تارا

١١- بێ گەرد ١٢- روپاك



لفکە
قمیصە بۆرەکە
صبغ - بۆ ستەر
٢ فرچە . هەوەلە
ماڵەوە


Rashad Mhamad amin
in home of death

یادی گۆڕە ستەمانی یادی خەمانی

«بۆ هەموو خزم و کەسم»
«بۆ هەموو برادەرانم»

پێشکەشی سەلاو و ڕێزی گەرم ئەکەم
لە باوکم وە سەلام ئەکەم لە دایکم
وە سەلام ئەکەم لە براکانم وە سەلام
ئەکەم لە خوشکەکانم سەلام ئەکەم
لە زاهیدە سەلام ئەکەم خوارزاکانم
سەلام ئەکەم کوڕی مێمکەکانم لە مێمکەکانم لە
سەلام ئەکەم لە مامەم لە ئامۆزاکانم سەلام ئەکەم لە
هەمو برادەرەکانم کە هەواڵم ئەپرسن
وە سەلام ئەکەم لە جیرانەکانم
سەلام لە ... ئەکەم لە برادەرانم ... تا ئێستا
تا ئێستا بە چاکی ئاشتیوەیەک
ئەوەندە لە دڵمدایە دەرنابڕێ
چونکو ئەوەندەم لە دڵدایە
لەو کاتەی کە گیراوم تا ئێستا
کە لە ژوورەی (سێدارەم) بوە
بە گرێک لە گریە بەستەنی
هەناوی دووری ئەسوتێنێ
بەڵام با دڵمدا بێشێنێ هەتا
ئەو ڕۆژەی هەنگاو ئەنێم
دووری ...
لە چاوی ئەوها تە خواری
وەکو پێشکۆ ... تا گڕگری
لە دڵی ... +



بەرەو ئاواتی خۆم وەهە
وەها لەو باوەڕەدا نەبوم کە
من جارێکی چاوم بەکەس و
کارم ئەکەوێ . بەڵام زۆر
شوکر بۆ خوا کە چاوم پێیان کەوت
بەڵام چاوم بەچی کەوت !
چاوم بەو پرچە سپییە
جوانانەی دایکم کەوت کە
بەسەر دەموچاویا بەئاڵۆزی
هاتبوە خوارەوە وە ئەو
فرمێسکەی کە بەسەر ڕویا
دڵۆپ دڵۆپ ئەکەوتە سەر
ئەو کراسە ڕەشەی وە ئەو
ڕەنگە زەردو زەعیفەی
بێ هێزیێکەی ئەمانەم
لەدایکم بینی ئەمەویست
بیم بە (قوربەلەیەك)
بتەقێمەوە ناو
دوو ژەمتا وە ئەو فرمێسکانەی
لەچاوی ئەهاتە خوارێ
وەکو پشکۆیەکی ئاگرگری
لە دڵم بەردا +


بەلام دایە گیان ئەو پرچە
سپیە ئالۆزانەت نیشانە
لەناو دایکەکانا کە هەموو
کاتێ بۆتی سەربەرزی
وەهەروەکو (مۆمێلک) وای
کە هەرگیز لوژانەوەت نەبێ
وە منیش فەخر ئەکەم و
شانازی پێوە ئەکەم کە
منت هێنایە ڕوی دنیاوە
بکوژریم لەپێناوی خاکی
کوردستانا وە بەسەربەرزی
ئەڕۆم بۆ ژێر پەتی (سێدارە)
لەپێناوی گەلی کوردا

---

وەهەروەها ئەو فرمێسکە
کە بەسەر ڕیشی باوکمو
براکانمەوە بینیم. وە ئەو
ڕەنگە زەردو لاوازیەو
جلی بەرگی ڕەشیەی کە
بەخوشکو فرمو کەسەوە


بیشی بە جارێکی وام لێ هاتوە
هەرگیز لا نەدەم لە سەر ئەم
ڕێ بازەی خۆم هەتا ئەو
ڕۆژەی ئەمرم . وە زۆر
هەز ئەکەم لە جارێک دەر
بچوماێ تۆڵەی خۆم بکردایەوە
لە دوژمنانی .
وە هەر وەها ئاواتە خوازم
مەرگی من ببە و ئیتە پێشی
هەموتانەوە .
وە هەر وەها هیچ کاتێکی غەم
لە من نەخۆن چونکو من لە
سەر ڕێگایەکی شەرەف
گیراوم وە ئەمەوێ بشانازی
بیشوەبکەن نەک غەم بخۆن
١٥ / ٣ / ٦


وە هەر وەها ئەو ئاواتەم
بهاتایە دی چاوم بە
(ئارەمان و سیروان و عدنان)
بکەوتایە کە شەو و ڕۆژ
پێتەوەی ئەناڵێنم کە بە
بێ تاوان گیراون. وە خەفەتیان
وەکو چیایەکی وایە لەسەر دڵما
وە هەر وەها بۆ ئاگاداری
من لە ڕیزی (یەکێتی
نیشتمانی کوردستان) بووم
لە ((کۆمیتەی ئاگر))
ژمارە (٢)
لە کۆتاییدا ئەمەوێ
ئەم نامەیە بۆ هەموویان
بخوێنێتەوە + ←
١٥ / ٧ / ٣



وە هیچ غەمێك مەخۆن
ئینشاءالله دێمەوە ناوتانەوە
بە شادو کامەرانی براکانم
وە بزانە چەند (تمارەمان وسرواتەو
عرتانی) کە هیوای
دەرچونیان بۆ ئەخوازم لە
پێشی خوما چونکو ژیانی
ئەوانم گەلێ لا گرانترە
لە ژیانی خۆم
[illegible]
رەشاد
ئیتر خوا حافیز
[illegible]

## دیارییەکانی شەهید ڕەشاد محەمەد ئەمین، لە زیندانی ئەبەغرێب-ەوە*




* دیارییەکانی زیندان، بەرگی یەک، ئەمیرە محەمەد، لاپەڕە ١٨٥-١٨٩.


پێشکەش بە دایکی خۆشەویستم
دایە گیان مەگری من هام لە ڕێگا..
جاوەڕێم بکە دێمەوە یان نا..
ئەگەر هاتمەوە شاد ئەبم پێتان..
گەر نەشهاتمەوە خوداحافیزتان
١٩٨٢-١١-٤
ڕشاد






1983









شەهید رەشاد و ماتۆڕەکەی* .

* لە ئەرشیفی بەڕێز کاک ئاکۆ محەمەد وەهبی –یەوە وەرگیراوە بە سوپاسەوە.



**شەهید فاروق عومەر وەلی**

خەولە خان، خێزانی شەهید لەتیف و خوشکی شەهید فاروقە و، وامان بۆ دەگێڕێتەوە:

ماڵمان لە گەڕەکی ئیمام قاسم بوو، سێ خوشک و پێنج برا بوین، براکەم لە دایکی خۆم دووەم مناڵ بوو، ئەو ساڵی ١٩٥٥ لەدایک بوو.

فاروق، قسمی کارەبای مەعهەدی تەکنەلۆجی بەغدای تەواو کرد و لە دائیرەی رەی کەرکوک دامەزرابوو.

نەجاتی برام مناڵ بوو، دوانزە سیانزە ساڵێک دەبوو، فاروق مەڕێکی بۆکڕی بوو، هەموو جارێک فاروق نەجاتی دەنارد بۆ کۆکردنەوەی تویکڵە شوتی و چڵە کاهوو ئەم شتانە، ئنجا هەندێکی ئەدایە مەڕەکە و هەندێکی دەناردە لای هاوڕێکانی پاش ئەوەی بەیان و بڵاوکراوە و شتی تێ دەکرد و هەندێک جاریش نەجاتی دەنارد بۆلای عومەری نەجار و تەلاشی لێ داوا دەکرد بە حساب بۆ تەنورەکەی دایکم، بەشێکی دەدا بە دایکم و دوو بەشەکەی تر بڵاوکراوەی تێ دەکرد و دەینارد بۆ هەڤاڵەکانی.

فـاروقی بـرام، ئەمەنـدە رەفیقی دەهێنـایەوە بـۆ مـاڵەوە، زۆرجـار بـاوک و دایکم لێی تورە دەبون و نەشیان دەزانی بۆچییە. رۆژێک دایکم زۆری لێ کـرد خەریکـی چـیە پێـی بڵـێ، وتـی: دایە ئێـوە چەنـد حەقتـان لەسـەرمە، نیشتمانەکەم دوو ئەوەندە هەقی لەسەرمە و دەبێت هەوڵی بۆ بدەم. دایکم پێ وتبوو، بە خوا باوکت بەمە بزانێت دەرت دەکات. ئەویش پێی وتبوو. شـوێن زۆرە بـۆ مـن. بـراکەم وەک کـاک ئەحـمەد کرێکـار باسـی کـرد، لە مەفـرەزە سـەربازییەکەی لای مەلا محێـدین دا بـووەو هەر مەلا محێـدین سـاڵی ١٩٧٨ تەنزیمـی کردبـوو، ئەو لەگەڵ لەتیفـی هاوسـەرم و فەهمـی و جەنگە، چەندین چالاکیی سەربازییان لەناو شاری کەرکوک و دەوروبەری دا کردووە.

کاک مەجید حەمید کەرکوکییە و هاوڕێی خوێندنی فاروق بووە و هـاتە نـاو باسـەکەوە و وتـی: ئێمە لە مەعـهەدی بەغدا بوین و بە کاک فـاروق مـان دەوت: خـاڵە فـاروق، چـونکە لە ئـێمە گەورەتـر بـوو. کاریزمـایەکی سـەیری هەبوو، خەڵکی بە ئاسانی لەدەوری خۆی کۆدەکردەوە، ئێمە لە قسمی داخلی پێکەوە بوین. هەمیشە سی چل کەسی بەدەورەوە بوو. ئەویش لەفز شیرین و قسە خۆش بوو، کار و داواکاری هەمووماني جێبەجێ دەکرد. بە ئێمەی نەدەوت خەریکی چییە. ئێمە بەو هەڵسوکەوت و کارانەی شکمان کردبوو، کە ئیلتزامـی حزبـی هەیە. تەلەبەیەکـی زیـرەک بـوو، بەڵام غیابـاتی زۆر بـوو. خەریـک بـوو فەسـڵی بکەن. پرسـیاری کـرد وتـی: ئەوە کێـیە دەیەوێـت مـن فەصڵ بکات؟ دواتر زانی کێیە، مامۆستاکە لە ژوورەکەدا تەنها بوو، چووە سـەری و یەخەی گـرت و هەڕەشـەی لـێ کردبـوو. وتبـوی فەصـڵم بکەیـت دەتکـوژم. ئەوەش بـزانە: منـیش بکوژیـت، زۆرن ئەوانەی تـۆڵەی منتـان لـێ دەکەنەوە. هـاتە دەرەوە و بەسـەرهاتەکەی بۆ گێڕاینەوە. وتمـان: بـۆچی وات کرد ئەتگرن. وتی کارێکی وام پێ نەکردووە زاتی هەبێت هیچ بکات.

ئیتر هەرچی تەلەبەی کورد هەبوایە سەردانی داخلی یەکەی ئێمەیان دەکرد. هەندێکیان لەبری ئەوەی پێنج شەممە و جومعە بڕۆنەوە بۆ شارەکانی خۆیان، دەهاتنە لای ئێمە، وای لێ هاتبوو، ئەوەی لە خاڵە فاروق نزیک نەبوایە بە کورد حساب نەدەکرا.

هەندێک کورد هەبوون سەر بە ئەمن و ئیتحاد طەلەبە بوون، دەشهاتنە لای ئێمە، خاڵە فاروق ئەوانەشی ئەناسی و ڕێنمایی ئێمەی دەکرد کە ئاگامان لە خۆمان بێت.

شەوێکیان جەماعەت لە دەوری دانیشتبوین، وتی وەرن با ئەمشەو باسی ئسلوبی تازەی گرتنی تەلەبەکانتان بۆ بکەم لەلایەن ئیتحاد طەلەبەوە. وتی:

" لەکاتی موحازەرەدا دەنێرن بەدوای یەکێکدا و دەڵێن کەسوکارت، دایکت، باوکت، یان برات هاتووە بۆلات و وەرە بانگت دەکەن. ئیتر دەتان گرن، بۆیە نەسیحەتی کردین، وتی سەد جار بێن بە شوێنتانا نەڕۆنە دەرەوە و بڵێن با موحازەرەکەمان نەفەوتێ، دواتر بزانن چۆن خۆتان دەرباز دەکەن.

خاڵە فاروق زۆر ورد بوو، هەمیشە ئەو دوای ڕەفیق حزبییەکان دەکەوت، دەیووت با بزانم ئەمانە دوای کێ کەوتون و دەکەون و موراقەبەی کێ دەکەن: شەوان کە کۆدەبوینەوە، بە فلان یان فیساری دەوت: ئاگات لە خۆت بێت، حاڵ و مەسەلەیەکی وا هەیە و موراقەبەیان خستۆتە سەرتان.

لە نەورۆز و سەیرانەکاندا، هەر خەڵکە خۆمانیەکانی کۆدەکردەوە و ئاگاداری ئەو کوردانەی نەدەکرد، کە سەر بە ئەمن و ئیتحاد طەلەبە بوون.. ئێمەی بە گیانی کوردایەتی گۆش کرد، هەرچەندە ئێمە ئیلتزامی حیزبیشمان نەبوو. بەڵام گیانی کوردایەتیمانی بالا پێ کرد.

خەولە خان هاتەوە ناوباسەکەو وتی: کە براکەم گیرا دایکم یەکجار مواجەهەی کرد و ئەو کەوتنەی لەسەر جێگا کەوت، هەڵنەستایەوە و پاش نۆ مانگ بە ئازار و گریانەوە کۆچی دوایی کرد.

مـن سـكم هەبـوو، دوای گرتنـی هاوسـەرەکەم و بـراکەم، هەر جـارەی دەچوینە ماڵێک و ماڵمان نەبوو، بۆیە کە منالْم بوو کوڕەکەم ناو نا (بێلان).

مانگی ١٩٨٢/٧ عەفوات دەرچوو، جەژن بـوو، جەژنـی قوربـان، هەمووەمـان چوین بۆ مـواجەهە و وتمـان هەر چـوار ڕۆژەکە، دەچینە مـواجەهەی فـاروق، کە چـوین ئەو وتـی: ئـێمەش بەر عەفـوات کەوتـوین، بەڵام تەعتیلاتـی جەژنـی بەسەردا هاتووە، ئێوە بڕۆنەوە با ئەم منالانەش هیلاک نەبن، تـا ئێوە خۆتـان حازر دەکەن ئێمەش دێینەوە.

ئەم هەواڵە بەناو شاری کەرکوکدا بڵاو دەبێتەوە، هەر کە (فلان) (ئەمنێکی زۆر پـیس بـوو) کـوردیش بـوو، کەرکـوکیش بـوو، ئەم هەواڵەی بیسـتبوو بە پەلە چووبووە مودیریەتی ئەمنی کەرکوک و وتبوی ئەمـانە لیژنەی ئیغتیالاتی ناو شاری کەرکوکن و ئەمان بون تەقەیان لە (فلان) کردووە. (سـەرەتا (...) و (...) تەقەیان لێ کردبوو، بەڵام بریندار بووبوو. ئەمنەکـان دوایـان کەوتبـون و ئەوان هەڵاتبـون و مەفرەزەیەکـی تـر کوشـتبویان. وتبـوی ئەگەر عەفـواتەکە بدرێت ئەمانە بەردەبن و هەمووەمـان دەکوژن. بۆیە بەپەلە پەیوەندی کرابوو بە مودیر عامی ئەمنی بەغداوە و فەرمانی عەفواتی بۆ ئەمـانە ڕاگرت. لەکـاتی مـواجەهەدا کۆمەڵێک مـاڵی هەولێـری بووبـوون بە ناسـیاو، ئەوان خەبەریـان داینـێ، کە جەماعەتەکەمـان مواجەهەیـان ڕاگیـراوە تـا سـێ مانـگ. ئەو مـالانەی پارەدار بوون کەوتنە سـۆراخ کـردن و گەڕان بەدوای مەعلومـات دا، دواییش دەهاتن هەواڵەکەیان بە ئـێمە مانـانیش دەدا. پـاش سـێ مـانگەکە هەولێرییەکـان ئاگاداریـان کـردین، کە مواجەهەیـان کـراوەتەوە، بە پەلە خۆمـان کـۆکردەوە و خـواردن و جلوبەرگمـان بـۆ بـردن، تەماشـا دەکەیـن عـاجز و غەمبـارن، چەنـد جارێکی تر مواجەهەمان کـردن، ڕۆژێکیـان سـەیرەکەم ڕەفیقەکانمـان دەگرین، وتم ئەوە بۆچی دەگرین، خۆ شکور ساغ و سـەلیمن و مواجەهەمـان کـردون؟ حاڵ و مەسـەلەکەیان بۆ باس کردم، وتیان ئەمـانە عەفـوات نایـان گرێتەوە، کە

فاروقم مواجەهە کرد وتم، بۆچی قسەت نەکردووە؟ وتی: خوشکم چیت پێ بڵێم؟! جارێکی تر خۆمان حازر کرد بچین بۆ مواجەهە، وتیان مەچن بۆ موصڵ و گواستراونەتەوە بۆ ئەبوغرێب، هەموو دڵمان خۆش بوو کە لە موصڵ نەماون، چونکە هەموو ئەوانەی دەنێردرانە موصڵ ئیعدام دەکران، وتمان بەڵکو عەفواتێکیان بۆ دابن، بە خۆشی خۆشی و دەم بە دوعاوە چوینە ئەبوغرێب، پرسیارمان کرد، وتیان: ئەمانە مواجەهەیان نەماوە.

دواتر و لەدوای پرۆسەی ئازاد کردنی عیراق شەهادەی وەفاتەکانیانمان وەرگرت و زانیمان کە لە ئەبوغرێب ساڵی ١٩٨٣ ئیعدام کراون.




دیاریی شەهید فاروق عومەر وەلی بۆ خەولەخانی خوشکی *

* دیارییەکانی زیندان - بەرگی یەکەم، ئەمیرە محەمەد، لاپەڕە ٢٠٥.

الجمهوريه العراقيه
وزارة الصحة
مديرية الاحصاء الحياتي والصحي

رقم الشهادة رقم ٢٨ المجلد ط/٢ رقم ٩٦٢٥

**شهادة وفاة**

تاريخ التنظيم ٢٩/١٠/١٩٨٧

| | |
|---|---|
| ١ ـ اسم المتوفي ولقبه : فاروق | ٢ ـ الجنس ذكر |
| ٣ ـ الجنسية : [illegible] | ٤ ـ الدين او المعتقد : مسلم |
| ٥ ـ المهنة : [illegible] | |
| ٦ ـ الحالة الزوجية : اعزب ( ) متزوج ( ) ارمل ( ) مطلق ( ) | |
| ٧ ـ تاريخ الولاده : ١٩٥٥ | ٨ ـ محل الولاده : قضاء ( ) محافظة ( [illegible] ) |
| ٩ ـ اقامته الدائمه : محلة [illegible] رقم الدار [illegible] قرية ناحية قضاء محافظة [illegible] | |
| ١٠ ـ تاريخ الوفاة ( كتابة ) : الساعة [illegible] اليوم ٢٩ الشهر ١٠ السنة ١٩٨٧ | |
| ١١ ـ محل الوفاة : المحلة او القرية الناحية القضاء المحافظة [illegible] | |
| ١٢ ـ اسم والد المتوفي : [illegible] | ١٣ ـ اسم والدة المتوفي : [illegible] |
| ١٤ ـ اسم المبلغ عن الوفاة : [illegible] | ١٥ ـ صلته بالمتوفي : [illegible] |
| ١٦ ـ عنوان المبلغ الكامل : [illegible] | |

**١٧ ـ شهادة الوفاة الطبيه**

الفترة التقريبيه بين ظهور الاعراض والوفاة

سبب الوفاة

(١)
المرض او الحالة التي ادت للوفاة مباشرة
الحالات المرضية ( ان وجدت ) والتي ادت للسبب اعلاه مع ذكر السبب الاصلي في النهاية

(١) [illegible]
تسبب عن ( او نتيجة لما يليه )
( ب ) ............
تسبب عن ( او نتيجة لما يليه )
( جـ ) ............

(٢)
حالات مهمة اخرى ساعدت على الوفاة ولاصلة لها بالمرض او الحالة التي سببت الوفاة

١٨ ـ حدثت الوفاة في البيت ( ) المستشفى ( ) مكان اخر ( )

١٩ ـ اشهد ان الوفاة قد حدثت من الاسباب المثبتة اعلاه .
اسم الطبيب : [illegible]
توقيعه : ............
ختم المؤسسة الصحية :
عنوان اشتغال الطبيب ............


٢٠ ـ شهادة طبية عدلية ( تملا وتوقع من قبل الطبيب العدلي )

اني الموقع ادناه الدكتور ............ الطبيب في ............ قمت بتشريح جثة المتوفي ............
والمرسلة من قبل ............ حسب الاستمارة المرقمة ............ والمؤرخة في / / ١٩٨
في الساعة ............ بتاريخ / / ١٩ فوجدت ان سبب الوفاة ............

توقيع الطبيب العدلي　　　　ختم الطبابة العدلية

٢١ ـ معلومات خاصة بمديرية الاحوال المدنية ( تؤخذ من هوية الاحوال المدنية او دفتر النفوس )
صحيفة الاسره في السجل المدني : رقم السجل ............ رقم الصحيفة ............ المحافظة ............
رقم هوية الاحوال المدنية او دفتر النفوس ( وترفق بالشهادة )

٢ ـ نسخة ذوي العلاقة　　　(٩٩)　　　ج ـ ٢٢٥ ـ ٢ ـ ٤٠٠٠٠ دفتر



**شەهید عەبدولجەبار فەرەج ساڵح (جەبار ستیف)**

کاک عەبدولستار برای شەهیدە و دەڵێت:

براکەم لە ساڵی ١٩٥٣ لە شاری کەرکوک، لانەی خەبات و کوردایەتی لە خێزانێکی نیشتمان پەروەر لەدایک بووە. ئێمە نۆ سەر خێزان بوین سێ کچ و چوار کوڕ، جەبار بچوکترینی کوڕەکان بوو.

قۆناغی ناوەندی لە (متوسطة الرصافة)ی شاری بەغدا تەواو کرد.

لە ساڵانی ١٩٧٣ - ١٩٧٥ پەیوەندی بە ریزەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات و لە یەکێک لە بەتالیۆنەکانی هێزی رزگاری لە ناوچەی قەڵاسیۆکە، وەکو پێشمەرگەیەکی کۆڵنەدەر و خۆنەویست بۆ هەر چالاکیەک و تەنانەت خۆبەخت کردنیش لەپێناو گەل و نیشتماندا هەردەم لە ئامادە باشیدا بووە. دوای نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ وەکو هەزاران کوردی دڵشکاو و ماف زەوتکراو بە هەستێکی بریندارەوە دەگەڕێتەوە شاری کەرکوک و دەست دەکات بە کار و کاسپی، بەڵام هەرگیز هیچ تاکێکی دڵسۆزی گەلەکەمان لەو باوەڕەدا نەبوون، کە میللەتی کورد بێ دەنگ دەبێت و بە کۆیلایەتی و واقیعێکی تاڵ رازی دەبێت. بۆیە جارێکی تر شۆڕشگێڕانی

گەلەکەمـــان بە پشـــتیوانی خەڵکـــی بەئەمەکـــی کوردســـتان، تفەنگـــی ڕووبەڕووبونەوەیـان بەرامـبەر بە داگیرکەرانـی کوردسـتان بەرز کـردەوە و موژدە و پەیامی هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی نوێیان گەیاندە خەڵک.

جەبـاری بـرام و کۆمەڵێـک گەنجـی خـوێن گەرمـی ئیمـام قاسـمیش، کە ئەندامی ڕێکخستنی کۆمیتەی ئاگر بوون.

دام و دەزگا ئەمنی و هەواڵگرییەکانی بەعس لە کەرکوک دەخەنە ترس و دڵەڕاوکێ، بەتایبەت لەگەڵ دەستپێکی شەڕی کەنداوی یەکەم. بەڵام مەخابن جەللادەکـانی ڕژێمـی بەعسـی گـۆڕ بە گـۆڕ لە ڕێـگەی سـیخوڕەکانیەوە دەستیان دەگاتە زوربەی ئەندامانی ئەو بەشە ڕێکخستنەی، کە لەژێر ناوی کۆمیتەی ئاگردا تەنگیان بە دڕندەکانی ڕژێم هەڵچنیبوو. دەستگیریان دەکەن.

لەو شاڵاوەدا جەباری برام بۆ چەند ڕۆژێک هەر لە ناو کەرکوکدا خۆی حەشـاردەدا و وای دەزانـی دەسـتی ڕژێمـی پێناگـات، دواتـر بە هەوڵ و هیممەتـــی ئەنـــدامانی خیزانەکەمـــان ڕۆژی ١٩٨١/١٠/٢١ و لە ڕێـــگەی شـــارۆچکەی دوبـــزەوە ئەگەیەنـــرێتە شـــاری هەولیـــر و لەویشـــەوە بـــۆ شـارۆچکەی کـۆیە بە مەبەسـتی گەیانـدنی بـۆ ناوچەکـانی ژێـر دەسـەڵاتی پێشمەرگەی کوردستان، (من وەکو برایەکی جەبار، کە لە هەولێر فەرمانبەر بـوم. لە بیسـتی ئەو مـانگەدا، کە جەبـار هێشـتا لە شـاری کەرکـوک خـۆی شـاردبووەوە لەو ڕۆژەدا لە ڕێـگەی بەرپرسـی ئەمنـی فەرمـانگەکەمەوە کە نـاوی (غـانم الـراوي) بـو داواکـرام)، وە لە کـاتی چونمـدا بینـیم دوو کەسـی نەناسـراو لە لای ئەو بەرپرســە ئەمنـیە بـون و وەک ئەفســەری نەهێشـتنی تاوانی کەرکوک خۆیان پێناساندم و هەواڵی جەباریـان پرسی کە ئایا هـاتۆتە هەولێر یان نا؟ منیش هـاتنی ئەوم بۆ هەولێر ڕەتکردەوە و داوایان لێکردم هەر کاتێک هـاتە هەولێر ئاگاداریـان بکەمەوە ودواتر داوایان لێکردم بچینە مالەوەمـان و دوای پشـکنین ڕۆیشـتن. سـەر لە بەیـانی ڕۆژی دوایـی جـارێکی

تر هاتنەوە و سەریان کرد بە ژورەکاندا و رۆیشتن. لە هەمان رۆژدا کە ١٩٨١/١٠/٢٢ بوو چومە بازاڕ و کاتژمێر پێنجی ئێوارە بوو، هەر لە شەقامی باتەی هەولێر روبەروی هەمان ئەو دو کەسە بومەوە و رایانگرتم وتیان (عەبدولستار) با پیاسەیەک بکەین و بەرەو بەڕێوەبەریەتی پۆلیسی هەولێر رۆیشتین، کە ئەو شوێنە هەندێک بەندکراوانی لە کەس و کاری پێشمەرگەشی لێ بوو (ئێستا قایمقامیەتی ناوەندی هەولێرە) وادیار بوو ئۆتۆمبیلەکەیان لە گەراجی ئەو بەرێوەبەرایەتییە دانابوو، بە پۆلیسە پاسەوانەکەیان وت: دەرگامان بۆ بکەرەوە پۆلیسەکەش وتی: ئەفسەری ئێشگگر ئاگادارکەنەوە، چونکە ئێوارە بوو، بەڵام یەکێکیان خۆی لە پۆلیسەکە تورە کرد و تی: ئێمە ئەفسەری ئەمنین دەرگا بکەرەوە (لە کاتێکدا کە یەکەم جارخۆیان پێناساندم وتیان: ئێمە ئەفسەری نەهێشتنی تاوانی کەرکوکین!!!) پۆلیسەکە لە ترسا ئەفسەری ئێشگگری لەبیر چووەوە و بە پەلە دەرگاکەی کردەوە و ئۆتۆمبیلەکەیان دەرکرد و منیان بەرەو بەڕێوەبەرێتی ئەمنی هەولێر برد (ئێستا شوێنی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە) و کاتێک کە چوینە ژورەوە بە دەنگێکی بەرز بانگی کەسێکیان کرد بە ناوی (أبو عیواظ) بۆ ئەوەی خاڵی پشکنینی نێوان هەولێر ـ کەرکوک ئاگاداربکەنەوە بۆ مەبەست و کاری پێویست (لەو سەردەمەدا رێگەکانی هاتوچۆی نێوان شارەکانی کوردستان لە کاتژمێر پێنجی ئێوارە بەدواوە قەدەغە دەکران لە ترسی چالاکیەکانی پێشمەرگەی کوردستان) هەر لە حەوشەکەدا کەلەپچەیان کردم و چاویان بەستم و خستمیانە ناو سندوقی ئۆتۆمبیلەکەیان. کە دواتر دەرکەوت ئەمانە ئەمنی کەرامەی کەرکوکن و بەرەو چارەنوسێکی نادیارمنیان پێچایەوە و بەرێکەوتن (لە دوای راپەرینە مەزنەکەی سالی ١٩٩١ ی خەڵکی بە شەرەفی کوردستان، ئەو شوێنە کرا بە کۆمیتەی ئیمام قاسم).

رۆژی گرتنی من و دواتر گرتنی برای گەورەمان بە ناوی (محەمەد فەرەج)، سەر لە بەیانی رۆژی سێیەم برایەکی ترمان بە ناوی (غەفور فەرەج) کە پێشتر فەرمانبەر بو لە کۆیە، و لە هەوڵی رزگارکردنی خۆی و جەبار و هەروەها دایکمان و خوشکی بچوکمان دابوو دایکم و ئەوان بە پەلە وەک لەسەرەوە باسم کرد خۆیان دەگەیەننە کۆیە بۆ ئەوەی لەگەڵ جەبار، کە لە ماڵێکی ناسیاودا لەوی ئەو دوو شەوەی بە سەربردبو خۆیان رزگار بکەن بەڵام دەرفەتیان بۆ نەرەخسا هەر لەگەڵ گەیشتنیان بەو شوێنەی کە جەباری لێبو، سیخور و جاشەکانی ئەو دەڤەرە بەهەماهەنگی لەگەڵ ئەمنی شارۆچکەکە، دەوری ئەو خانووە ئەدەن وهەر چواریان دەستگیردەکرێن و بۆ شاری کەرکوک دەگوازرێنەوە.

دوای ئەشکەنجە و ئازاردانێکی زۆر لە دەستەی لێکۆڵینەوەی سەر بە ئەمنی کەرکوک لە ١٩٨٢/١/٢٦دا حوکمی لە سێدارەدان بە سەر (١٠) کەسیاندا دەسەپێندرێت و جەباریش یەکێک بوو لەو (١٠) تیکۆشەرە چاونەترسە کە دواتر ئەگوازرێنەوە بۆ ژووری لە سێدارەدان لە بەندیخانە کۆنەکەی سەنتەری موصڵ. لەوێ ئەو لێخوشبونەی کە لە ساڵی ١٩٨٢دا لە رێگەی هەندێک لە پیاوانی ئاینیەوە بەدەستهێنرا کاتیک کە لەگەڵ سەرۆکی رژێمی گۆڕ بەگۆڕی لە سێدارەدراو لە شاری سلێمانی دانیشتنێکیان ئەنجامدا ئەو بڕیارەش ئەوانی نەگرتەوە.

لە دوای لێبوردنە گشتییەکەی لای سەرەوە، مانگانە لە یەک و پانزەی مانگدا رێگە بە کەسوکاریان ئەدرا کە مواجەهەیان بکەن، لەو کاتانەدا (ی.ن.ک) لە گفتوگۆدا بون لەگەڵ رژێمی بەغدا و بە کەس و کاریان راگەیاند کە رێکەوتنێک هەیە بۆ گۆڕینەوەیان بەرامبەر بە چەند کەسانێکی سەر بە حکومەتی بەغدا، کە لە لای یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەستبەسەرن، بۆیە دڵتان هیچ نەکات ئەگەر هاتوو لە یەکی مانگی داهاتودا لەوێ نەبوون.

جارێکی تر چوین بۆ موصڵ بۆ مواجههیان لەوی پێیان راگەیاندین، کە هەمو گواستراونەتەوە بۆ بەندیخانەی ئەبوغرێب لە بەغدا و رۆژی دواتر چوینە ئەبوغرێب ئەوانیش رەتیان، کردەوە، کە هیچ بەندکراوێک لە موسڵەوە رەوانەی لای ئەوان کرابێت!!

لە نێوان موسل و بەغدادا ئەو دە کەلە پیاوە ونکران و نەمانزانی چییان بە سەرهات. دوای ماوەیەک دکتور فوئاد مەعسوم هەواڵی لە سێدارەدانیانی دا بە کەسوکاریان، بەبێ ئەوەی هیچ کەسێک بزانێت گۆرەکانیشیان لە چ شوێنێکی ئەم ولاتەن.

لە دوای راپەرین من و غەفوری برام سەردانی کۆمیتەی ئیمام قاسممان کرد و لە گەل مامۆستا کاکەرەش باس لەو دە شەهیدە کرا، کە ئەو ماوەیەک بەرپرسی ئەو کۆمیتەیە بوو، ئەو بە درێژی باسی لەوە کرد، کە لە لایەن کاک مەلا بەختیارەوە راسپێردراوە بۆ دۆزینەوەی شوێنی ناشتنی ئەو شەهیدانە و لە ئەنجامدا تەنیا شەهید فەرهاد تەرمەکەی وەرگیرایەوە و لە گۆرستانی کەرکوک بەخاک سپێردرا. وەکو ئەو باسی لێ دەکرد کە گوایە لە قەبرستانی (محمد سەکران) دان لە (حي الشعب) لە شاری بەغدا.

وەک دەرەنجامێک بەهۆی گرتن و ئەشکەنجەدان و بریاری لە سێدارەدانی گەنجانی کورد، ئەو خوشکە بچوکەی کە لە کۆیە لەگەڵ دایکم و غەفوری برام و جەبار دەستگیرکران و دواتر بەردران لە ئێوارەی نەورۆزی ساڵی ١٩٨٢دا هەستا بە دابەشکردنی ئەو بەیاننامەیەی کە بەو بۆنەیەوە لە لایەن یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە ئامادەکرابوو بە سەر ئەو کەس و خێزانانەی کە لە سەر رێگەی هەولێر پیرمام بڵاوبوبونەوە بە شێوەیەکی ئاشکرا و بە بەرچاوی سیخوڕ و پیاوانی رژێم، هەتاکو سەنتەری پیرمام ئەو چالاکیە ئەنجام دەدات و دواتر بە بەرچاوی هەموو ئەو خەڵکانەی کە لەو کاتەدا شایەتحاڵی ئازایەتی و بوێری ئەو کچە کوردە

بون، مەفرەزەیەکی سەر بە ئەمنی پیرمام ئەگەنە سەری و راپێچی ئەکەن!!!

ناوی ئەو دە کەڵە پیاوەی شاری کەرکوک کە لەسێدارەدراون:

١) جەبار فەرەج ساڵح (جەبار ستیڤ)

٢) ئەسعەد عەزیز سۆفی

٣) محێدین حسین حەسەن

٤) جەلیل نەجمەدین نوری (جەنگی)

٥) حەسەن محەمەد عەلی

٦) عەبدولقادر بەکر قادر

٧) فەهمی ئەمین رەشید

٨) فەرهاد محەمەد سەعید

٩) رەشاد محەمەد ئەمین

١٠) فاروق عومەر وەلی

وزارة الصحة
مديرية الاحصاء الحياتي والصحي

رقم الشهادة رقم ٢٠ المجلد ط/٢ رقم ٩٦٢٥

تاريخ التنظيم ٢٨/١٠/١٩٨٢

## شهادة وفاة

١ ـ اسم المتوفي ولقبه : [illegible]
٢ ـ الجنس : ذكر

٣ ـ الجنسية : عراقية
٤ ـ الدين او المعتقد : مسلم
٥ ـ المهنة : كاسب

٦ ـ الحالة الزوجية : اعزب ( ) متزوج ( ) ارمل ( ) مطلق ( )

٧ ـ تاريخ الولادة : ١٩٥٢
٨ ـ محل الولادة : قضاء ( ) محافظة ( [illegible] )

٩ ـ اقامته الدائمة : محلة [illegible] رقم الدار [illegible] قرية ناحية قضاء محافظة

١٠ ـ تاريخ الوفاة ( كتابة ) : الساعة [illegible] اليوم ٢٨ الشهر ١٠ السنة ١٩٨٢

١١ ـ محل الوفاة : المحلة او القرية الناحية القضاء المحافظة [illegible]

١٢ ـ اسم والد المتوفي : [illegible]
١٣ ـ اسم والدة المتوفي : فاطمة رضا

١٤ ـ اسم المبلغ عن الوفاة : الدكتور [illegible]
١٥ ـ صلته بالمتوفي : [illegible]

١٦ ـ عنوان المبلغ الكامل : مستشفى [illegible]

١٧ ـ شهادة الوفاة الطبية

سبب الوفاة

| | | الفترة التقريبية بين ظهور الاعراض والوفاة |
|---|---|---|
| ( ١ ) المرض او الحالة التي ادت للوفاة مباشرة الحالات المرضية ( ان وجدت ) والتي ادت للسبب اعلاه مع ذكر السبب الاصلي في النهاية | ( أ ) الاعدام [illegible] تسبب عن ( او نتيجة لما يليه ) ( ب ) ...... تسبب عن ( او نتيجة لما يليه ) ( جـ ) ...... | |
| ( ٢ ) حالات مهمة اخرى ساعدت على الوفاة ولاصلة لها بالمرض او الحالة التي سببت الوفاة | ...... | |

١٨ ـ حدثت الوفاة في البيت ( ) المستشفى ( ) مكان اخر ( [illegible] )

١٩ ـ اشهد ان الوفاة قد حدثت من الاسباب المثبتة اعلاه .
اسم الطبيب : [illegible]
توقيعه :
ختم المؤسسة الصحية :
عنوان اشتغال الطبيب ......

٢٠ ـ شهادة طبية عدلية ( تملأ وتوقع من قبل الطبيب العدلي )

اني الموقع ادناه الدكتور ...... الطبيب في ...... قمت بتشريح جثة المتوفي ...... والمرسلة من قبل ...... حسب الاستمارة المرقمة ...... والمؤرخة في / / ١٩٨ في الساعة بتاريخ / / ١٩ فوجدت سبب الوفاة ......

توقيع الطبيب العدلي

ختم الطبابة العدلية

٢١ ـ معلومات خاصة بمديرية الاحوال المدنية ( تؤخذ من هوية الاحوال المدنية او دفتر النفوس )
صحيفة الاسرة في السجل المدني : رقم السجل ...... رقم الصحيفة ...... المحافظة ......
رقم هوية الاحوال المدنية او دفتر النفوس ( والرقق بالشهادة )

٢ ـ نسخة ذوي العلاقة

(٩٢)



**شەهید عەبدولقادر بەکر قادر (ئەحمەد)**

دریڤان خان کچی شەهید دەڵێت: باوکم ساڵی ١٩٥٢ لە شاری کەرکوک لەدایک بووە و دایکم ناوی فەوزیە محەمەدە و سێ خوشکین و دوایین ئیشی باوکم کە بەسەریەوە گیراوە، دروستکردنی تەختەکانی پردی سپێ ی کەرکوک بووە.

ئەو لەسەر زاری دایکییەوە بۆمان دەگێڕێتەوە و دەڵێت:

باوکم پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول بووە و کە لە ئێران گەڕاوەتەوە دواتر لە ڕێگەی مەلا محێدینەوە ساڵی ١٩٧٦ تەنزیم کراوە بۆ ریزەکانی ڕێکخستنی ڕێکخستنی کۆمەڵە.

ئەوانەی باوکم لە تەنزیمدا دەیناسین، ئەحمەد کرێکار و مام حەمیدی گومرگ و مستەفا چالاوی، مەلا محێدین و فەرهاد و جەنگی و زۆری تر بون.

مامە عەبدولحەکیمم شەهیدی شۆڕشی ئەیلولە و لەسەر قەبرانی پشتی کەنیسەکە دەنێژرێت. باوکم هەمیشە خەریکی چالاکی بووە و لەوکاتەوەی کە کۆمیتەکەیان کردبوو بە دووبەشەوە بەشی چالاکی سیاسی و بەشی

چالاکی عەسکەری، باوکم چووبووە بەشی چالاکی عەسکەری، باوکم ژورێکی بۆ قەبرەکەی مامم دروست کردبوو، کردبویە شوێنی کۆبونەوە و شاردنەوەی چەک و بەیاننامە و بڵاو کراوەی رێکخستن. ئیتر باوکم هەر جارێک بچوایە بۆ چالاکی لەپێشدا سەرێکی سەرقەبرانەکەی دەدا و دەیووت: ئارام بە، براکەم دەچم تۆڵەت ئەسێنمەوە و کە دەگەڕایەوە دەچووەوە سەرقەبران و چەکەکەی لەوێ حەشار دەدا و دەیووت، براکەم، تۆڵەم سەندیتەوە.

شەوی ١٩٨١/١٠/١٨\١٧ عەسکەرییە چواردەوری ماڵەکە تەوق دەکات و ماڵیشمان لەگەڵ ماڵی فەرهاد محەمەد سەعید (شەهید)دا دراوسێ بووە، ئەو شەوە باوکم و فەرهاد پێکەوە دەستگیر دەکرێن.

هەر ئەو شەوە مامە عەبدولعەزیز و هاوڕێکەی دور و نزیک دوای سەیارەکان دەکەون و کە عەسکەریە پێیان دەزانن سەیارەکەیان پێ رادەگرن و دایان دەبەزێنن و دەیانکەنە پشتی سەیارەکەی خۆیانەوە، سەرەتا لێیان دەپرسن بۆچی دوامان کەوتون؟ مامیشم دەڵێت: ئێوە براکەمتان دەستگیر کردووە، بزانین بۆ کوێی دەبەن، ئنجا لێیان دەپرسن و دەڵێن ئێوە چ کارەن؟ مامم دەڵێت: من عەسکەرم. ئیتر پەیوەندی بە وەحدەکەیەوە دەکەن و کە دەزانن راست دەکات، هەردوکیان دادەبەزێنن.

حکومەت هەروا بە ئاسانی دەستبەرداری ئەم نێچیرە نابێت و پاش چەند رۆژێک مامم لە نەقلیاتی کەرکوک - سلێمانی دەستگیر دەکرێت و ئەو بردنەی کە بردیان تائێستا بێ سەرو شوێنە و هیچ هەواڵێکی نازانین.

دوای ئەوە دایکم چیمان هەبوو وەکو دەڵێن: (ئەوەی لە دز بمێنێتەوە بۆ فاڵچی) هەموی دەدات بە واستە و هیچ سودی نابێت. چونکە ئەو ماددەیەی ئەوانی پێ گیراون ماددەی (١٥٧) حوکمی ئیعدامە. ئەمان ویستبویان لەسەر قەڵاوە ئەمنی کەرکوک بتەقێننەوە. باوکم دیسان بەنیازی چونە سەر قەبران بووبوو.

که باوکم دەبەن یەکسەر بردبویانە سەرقەبرانەکە و هەموو ئەو بەیاننامە و چەکانەی لەویّ حەشاری دابون، دەست دەگیرێت بەسەریدا و هەموو شتێکی لەسەر ئیسپات دەبێت.

موخبیرەکەی زۆر بە وردی ئیخباری باوکمی کردبوو.

گومان هەیە لەسەر دەستگیر کردنی ئەندامانی کۆمیتەی ئاگر و هەڵوەشاندنەوەی لەبەر ئەم هۆکارانە:

یەکەم: هەندێک لە ئەندامان کە هێندە چاونەترس بون، بە ئاشکرا چالاکییان دەکرد، وەک جەنگی و فاروق و رەشاد و مەلا محێدین.

دووەم: هەندێک لەو بەڕێزانەی کە لە ژیاندان و ئەندامی کۆمیتەی ئاگر بون، بە تەواوی و بە رونی باسی ئەو کۆمیتەیە ناکەن و کە پرسیاریان لیّ دەکەین خۆیانی لیّ دەپارێزن و وەڵاممان دەست ناکەوێت. نازانم مەسەلە چیە؟

دوای مەحکەمە باوکم و نۆ هەڤاڵی رەوانەی سجنی موصڵ دەکرێن. پاشماوەیەک مواجەهەیان دەکرێتەوە و بەم شێوەیە کەسوکار مانگی دوو جار دەچن بۆ مواجەهەیان و ئەم چون و چاوپێکەوتنە نزیکەی ساڵێک دەخایەنێت.

لە مواجەهەیەکدا، هەر کەس بە کەسوکاری دەڵێت: بەرنامەی شکاندنی سجنمان داناوە و داوای جلوبەرگی دەرەوەیان کردووە.

برای یەکێک لە شەهیدەکان دەنێرن بۆلای کاک نەوشیروان و کاک فەرەیدون عەبدولقادر و داوای چوار پێشمەرگە دەکەن. لەم مەوزوعەدا تەنها سیّ کەس ئاگادار بون. بەڵام لەبری ئەوەی کارەکانیان بۆ جێبەجیّ بکەن و تاووتوێی بەرنامەکەیان بۆ بکرێت و چوار پێشمەرگەیان بۆ ئامادە بکرێت، ئەوەندەی پیّ ناچێت دوبارە حوکمەکەیان بۆ دەکەنەوە بە حوکمی ئیعدام و جێبەجیّ ی دەکەن و بەڵام هەرچۆنێک بێت کەسمان گومانمان لە برای

شـەهیدەکە نـیە کە خەبەری لـێ دابـن، چـونکە هەرگیـز شـتی وا نابێـت، بـرا خەبەر لە براکەی خۆی بدات. دواتـریش ئەوەمـان بیسـت، کە چڵکـاوخۆرێکی کورد کاتێک هەواڵی عەفوات دەبیستێت دەچێتە لای مودیری ئەمن و ئەڵێت، گەر ئەم دە کەسـە ئـازاد بکـرێن ئـارامی شـارەکە تێک دەچێت و هەموومـان دەکـوژن و بەم شـێوەیە مـودیری ئەمنـی کەرکـوک قایـل دەکـات بچێتە لای مــودیر عــامی ئەمنــی بەغــدا و رازی بکــات، کە عەفــوات ئەم دە کەســە نەگرێتەوە. مواجەهەی داهاتوو کەس و کار دەچنەوە بۆ موصـڵ بۆ مـواجەهە لەوێ پێیـان دەڵـێن لێـرە نەمـاون و رەوانەی ئەبوغرێـب کـراون. کەس و کـار چوبونە ئەبوغرێب وتبویان ئەو ناوانەمان لانییە.

هەرگیـز دائیـرەی ئەمـن ئێمەیـان بانـگ نەکـرد شـەهادەی وەفاتمـان بـداتێ، بـۆیە ئـێمەش هەمیشـە چـاو لەرێ و گـوێ قـولاغی تەقەی دەرگـا و زەنگـی تەلەفون بوین، بەڵکو لەناکاو بـاوکم خـۆی بکـات بە ژووردا و یـان بە تەلەفون هەواڵ و مـژدەیەک وەربگـرین. تـا پرۆسـەی ئـازاد کردنـی عیـراقیش هەر بە تەمای ئەوە بوین باوکم رۆژێک خۆی بکات بە ماڵدا.

کە بـاوکم گیـرا، ئـێمە کرێچـی بـوین و دوای ئەوە هەر جـارەی لە مـاڵە خزمێک بوین. ئنجا نزیکەی یانزە ساڵێک لە ماڵی خاڵێکی دایکم دەژیاین کە بـاخەوان بـوو، ئەو دەمێـک بـوو لە ژنەکەی جیـا ببـووەوە، بـۆیە ژیـانی ئـێمە پێکەوە بۆ هەردوولا باش بوو.

دوای ئـازاد کردنـی عیـراق، جمعیـة سـجناء الأحـرار، شـەهادەی وەفـاتەکەی باوکمیان دۆزیبووەوە، بەڵام کەس دڵی نەهاتبوو بە دایکم بڵێت.

عەسـرێکیان ئـێمە لە گەڕان بـوین، کچـی خـاڵەکەم دەچێـتە لای خـاڵم و شــەهادەی وەفــاتەکەی بــۆ دەبــات، ئەو شــەوە خــاڵەکەی دایکــم نانوێــت، کە ئــێمەش گەڕایــنەوە تەماشــامان کــرد خــاڵی دایکــم زۆر بــێ تــاقەتە و پرسیاریشـمان لـێ کـرد، وتـی هـیچ نـیە و نەختێـک ناسـاغم، بـۆ بەیـانی

تەماشامان کرد خاڵم کۆچی دوایی کردووە و شەهادەی وەفاتەکەی باوکمی لە ژور سەردا بوو.

ئیتر یاخوا کەس دوو خەبەری ئاوا پێکەوە وەرنەگرێت و هەمومانی خەمبار کرد و تائێستاش ئەو ئازارەمان لەبیر ناچێتەوە، بۆیە بڕیارمان داوە تا دەمێنین لەسەر رێگەی باوکم خەبات بکەین و کۆڵ نەدەین.

دریڤان خان لەسەر زاری کاکە مەندی حاجی کاکە رەشەوە قسەمان بۆ دەکات و دەڵێت: کاکە مەند وتویەتی کە من و هاوار ناسراو بە (ئەحمەد)(شەهید) لە رێگەی شێخ جەوادەوە تەنزیم کراین و هەمیشە لای سامی هەورامی دادەنیشتین و گفتوگۆمان دەکرد. رۆژێک شێخ جەواد هات و وتی لە محەتەی پاسەکە کەسێک چاوەڕێت دەکات بە ناوی عەبدولقادر و عەلاگەیەکت دەداتە دەست وەری بگرە و بۆمی بهێنە. منیش سەیارەم پێ بوو، چومە ئەوێ تەماشام کرد لەسەر کورسیەکە کەسێک دانیشتووە و چوم لە تەنیشتیەوە دانیشتم و پرسی تۆ کاکە مەندی؟ منیش وتم تۆ عەبدولقادری؟ ئیتر عەلاگەکەی دامێ و وتی بڕۆن لەگەڵ هاواردا کاری خۆتان بکەن، عەلاگەکە دەمانچەیەک و دوو رومانەی تیابوو، بەڕاستی ئەو متمانە کردنەی نیشانەی ئەوپەڕی ئازایەتی و دڵسۆزی بوو بۆ کوردایەتی. دوای ماوەیەک لەلای کاک سامی، عەبدولقادر و هاوارم بینییەوە باسی کار و چالاکیەکانی خۆی بۆ کردین، بەداخەوە لەپاش ماوەیەکی کورت گیرا و ئەوەندە قارەمان و خۆڕاگر بووە، کە هیچ زانیاریەکی لەسەر هیچ یەکێک لە هەڤاڵەکانی نەدرکاندووە و تەنها ئیعترافی لەسەر خۆی کردووە، چونکە بەیاننامە و دەمانچەکەی لەسەر قەبری براکەی لەلایەن ئەمنەوە و لەبەر چاوی خۆیەوە دەستی بەسەردا گیرابوو.

کاک عومەر قادریش هاوڕێیەکی تری باوکم بوو، ئەویش بۆی گێڕاینەوە کە باوکم پیاوێکی ئازا و چاونەترس بووە و مەسئولی مەفرەزەی ناوشار

بووه، و پاش ئەوەی کۆمیتەکەمان کەشف بوو، زوربەمان دەستگیر کراین و لە ئەمنی کەرکوکەوە گواسترابنەوە بۆ هەیئەی خاصە و هەردوکمان لە یەک ژوردا بوین، کە دەیانبرد بۆ تەحقیق و ئەشکەنجەدان و دەیانهێنایەوە زۆر چاونەترسانە و بە دەنگی بەرز دەیووت: من ناترسم و هەموو ئیعترافێکم لەسەر خۆم کردووە و وتومە هەرچیم کردووە بۆ تۆڵەسەندنەوەی خوێنی شەهید عەبدولحەکیمی برام بووە، کە لە ساڵی ١٩٧٤دا لەلایەن ئەوانەوە دەستگیر و بێ سەروشوێن کراوە. بەڵام بە دەنگی بەرز رێنمایی زیندانیەکانی دەکرد، کە پشودرێژ و ورە بەرز بن و بە هیچ جۆرێک ئیعتراف نەکەن. ئەوەبوو کە دواجار حوکمی ئیعدامی بەسەردا سەپێنرا و ئێستا ئەو ئەستێرەیەکی درەوشاوەی ئاسمانی خەبات و کوردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و نەتەوەکەمانە.

سڵاو لە رۆحی بەرزەفڕی باوکم و هەموو شەهیدانی رێگەی رزگاری.

٢/٣

...الاحصاء الحياتي والصحي — شهادة وفاة — تاريخ التنظيم ٢٨/١٠/١٩٨٢

١ ـ اسم المتوفي ولقبه : عبد القادر — ٢ ـ الجنس : ذكر

٣ ـ الجنسية : كردي — ٤ ـ الدين او المعتقد : مسلم — ٥ ـ المهنة : عامل

٦ ـ الحالة الزوجية : اعزب ( ✓ ) متزوج ( ) ارمل ( ) مطلق ( )

٧ ـ تاريخ الولادة : ١٩٥٢ — ٨ ـ محل الولادة : قضاء ( ) محافظة ( كركوك )

٩ ـ اقامته الدائمه : محله بولاق رقم الدار ٢٨/ع١ قرية ناحية قضاء محافظة كركوك

١٠ ـ تاريخ الوفاة ( كتابة ) : الساعة ١١ صباحاً اليوم ٢٨ الشهر ١٠ السنة ١٩٨٢

١١ ـ محل الوفاة : المحلة او القرية الناحية القضاء المحافظة سجن أبو غريب

١٢ ـ اسم والد المتوفي : بكر قادر — ١٣ ـ اسم والدة المتوفي : زكية نوري

١٤ ـ اسم المبلغ عن الوفاة : ثامر سعد عبد الرزاق — ١٥ ـ صلته بالمتوفي : طبيب مقيم

١٦ ـ عنوان المبلغ الكامل : مستشفى (رقم ١) العسكري

**١٧ ـ شهادة الوفاة الطبيه**

الفترة التقريبيه بين ظهور الامراض والوفاة

سبب الوفاة

( ١ ) المرض او الحالة التي ادت للوفاة مباشرة — ( أ ) (الاعدام) شنقاً حتى الموت

الحالات المرضية ( ان وجدت ) والتي ادت للسبب اعلاه مع ذكر السبب الاصلي في النهاية — بسبب عن ( او نتيجة لما يليه ) ( ب ) بسبب عن ( او نتيجة لما يليه ) ( جـ )

( ٢ ) حالات مهمة اخرى ساعدت على الوفاة ولاصلة لها بالمرض او الحالة التي سببت الوفاة

١٨ ـ حدثت الوفاة في البيت ( ) المستشفى ( ) مكان آخر ( سجن أبو غريب )

١٩ ـ اشهد ان الوفاة قد حدثت من الاسباب المثبتة اعلاه .

اسم الطبيب : ثامر سعد عبد الرزاق

توقيعه :

ختم المؤسسة الصحية

عنوان اشتغال الطبيب

**٢٠ ـ شهادة طبية عدلية ( تملأ وتوقع من قبل الطبيب العدلي )**

اني الموقع ادناه الدكتور ........ الطبيب في ........ قمت بتشريح جثة المتوفي ........ والمرسلة من قبل ........ حسب الاستمارة المرقمة ........ والمؤرخة في / / ١٩٨ في الساعة بتاريخ / / ١٩ فوجدت سبب الوفاة ........

توقيع الطبيب العدلي — ختم الطبابة العدلية


٢١ ـ معلومات خاصة بمديرية الاحوال المدنية ( تؤخذ من هوية الاحوال المدنية او دفتر النفوس )


صحيفة الاسره في السجل المدني : رقم السجل ........ رقم الصحيفة ........ المحلة ........

رقم هوية الاحوال المدنية او دفتر النفوس ( وترفق بالشهادة )

٢ ـ نسخة ذوي العلاقة — (١٠١) — ع-٢٣٥-٤-٨٠٠٠٠٠ دفتر

## دیارییەکانی شەهید عەبدولقادر بەکر قادر، لە زیندانی ئەبوغرێب*





* دیارییەکانی زیندان – بەرگی یەکەم، ئەمیرە محەمەد، لاپەڕە ١٩٣-١٩٤.







**شەهید فەرهاد محەمەد سەعید**

ئەڵماس خان خوشكی شەهیدە و دەڵێت:

براكەم ساڵی ١٩٦٥ لەدایک بووە و ئێمە لە گەڕەكی بولاق بوین لای نەقلیاتی سلێمانی و كرێچی بوین، باوكم كاسب بوو، دایكم ناوی ئامینە سلێمان بوو، یانزە سەر خێزان بوین. چوار خوشک و پێنج برا بوین. براكەم لە پۆلی سێ ی ناوەندی بوو لە ناوەندیی نەجاح، هاوڕێی خەباتی جەنگی و عەبدولقادر و فەهمی و مەلا رەشاد و مەلا محێدین بوو.

ئەمانە لە رێكخستنی كۆمیتەی ئاگردا بون و هەرچی چالاكییەک هەبوو براكەم لەگەڵیاندا بەشداری كردووە.

١٩٨١/١٠/١٨\١٧سەعات دووی شەو بوو، ئەمنی كەركوک هاتنە سەرمان. فەرهاد نوستبوو. بەتانیەكەیان لەسەری لادا و وتیان تۆ فەرهادی؟ وتی بەڵێ. یەكسەر بردیان، خۆ دوو برای لەو گەورەتریش لە ماڵەكەدا بون. هەر هیچیشیان لێ نەپرسین. دیاربوو ناوی فەرهاد هاتبوو بۆ گرتن.

ئیتر لە هەیئەی كەركوک هیچ مواجەهەیەكمان نەكرد. چەند مانگێكی پێ چوو، لە سجنی موصڵەوە جوابمان بۆ هات، كە بچین بۆ مواجەهە. چەند

جارێک چوین بۆ مواجەهەی، خوشکی بمرێت، ئەوەندەیان ئازار و ئەشکەنجە دابوو زەرد و زەعیف بووبوو، نەخۆش کەوتبوو.

جارێکی تر چوینەوە موصڵ بۆ مواجەهە، وتیان لێرە نەماون و رەوانەی ئەبوغرێب کراون، دڵمان خۆش بوو، چونکە هەرکەس لە بەندیخانەی موصڵ سجن بکرایە، ئیعدام دەکرا. وتمان ئەبوغرێب باشترە، با حوکمی هەتا هەتاییش بێت، هەر عەفواتێک دەدرێت.

کە چوینە ئەبوغرێب و سۆراخمان کرد، وتیان مواجەهەیان نییە.

براکەم شانزە ساڵ بوو. لە هۆڵی مەحکەمەدا کە حوکمەکەیان خوێندبووەوە بە سەرۆکی مەحکەمەی وتبوو من تەنها شانزە ساڵم. بەڵام سودی نەبووبوو.

لەدوای پرۆسەی ئازاد کردنی عێراق، مەڵبەندی کەرکوک کەوتنە سۆراخی لەسێدارە دراوان توانرا لە گۆڕستانی (محەمەد سکران) تەرمەکەی بدۆزرێتەوە و لە گۆڕەکەیدا پلێتێکی تێدا بوو ناوی فەرهادی لەسەر بوو.

بە مەراسیمێکی شایستە و لەڕێی مەڵبەندی دووی کەرکوکەوە هێنرایەوە و کە هێنایانەوە شەوێک لە مزگەوت هێشتیانەوە تا ئاگاداری هەڤاڵانی و کەسوکار بکەن بۆ بەشداری کردن لە ناشتنی تەرمەکەیدا و بۆ بەیانییەکەی بە چواردەوری کەرکوکدا تەرمەکەیان بە کەژاوەیەکی جوان گێڕا و بە (جوق و مۆسیقا) تەرمەکەیان لەسەر قەبرانی بەرتەکیەی شێخ جەمیل تاڵەبانی ناشت.

فەرهادی برام لە سجنەوە نامەو دیاری بۆ خۆمان و بۆ هەڤاڵان ناردووە و بە داخەوە زۆری فەوتاوە.

...م شهادة رقم ٢٩ المجلد ط/٢ رقم ٩٦٢٥

تاريخ التنظيم ٢٩ / ١٠ / ١٩٨٢

**شهادة وفاة**

| | |
|---|---|
| ١ ـ اسم المتوفي ولقبه : وضاح | ٢ ـ الجنس ذكر |
| ٣ ـ الجنسية : [illegible] | ٤ ـ الدين او المعتقد : مسلم — ٥ ـ المهنة : طالب |
| ٦ ـ الحالة الزوجية : اعزب ( ) متزوج ( ) ارمل ( ) مطلق ( ) | |
| ٧ ـ تاريخ الولادة : ١٩٦٠ | ٨ ـ محل الولادة : قضاء ( ) محافظة ( [illegible] ) |
| ٩ ـ اقامته الدائمة : محلة [illegible] رقم الدار قرية ناحية قضاء محافظة [illegible] | |
| ١٠ ـ تاريخ الوفاة ( كتابة ) : الساعة صباحا اليوم ٢٩ الشهر ١٠ السنة ١٩٨٢ | |
| ١١ ـ محل الوفاة : المحلة او القرية الناحية القضاء المحافظة [illegible] | |
| ١٢ ـ اسم والد المتوفي : محمد سعيد | ١٣ ـ اسم والدة المتوفي : [illegible] |
| ١٤ ـ اسم المبلغ عن الوفاة : الدكتور [illegible] | ١٥ ـ صلته بالمتوفي : [illegible] |
| ١٦ ـ عنوان المبلغ الكامل : مستشفى [illegible] | |

**١٧ ـ شهادة الوفاة الطبية**

سبب الوفاة

(١) المرض او الحالة التي ادت للوفاة مباشرة — (أ) [illegible]

الحالات المرضية ( ان وجدت ) والتي ادت للسبب اعلاه مع ذكر السبب الاصلي في النهاية — بسبب عن ( او نتيجة لما يليه ) (ب) ........ بسبب عن ( او نتيجة لما يليه ) ( جـ ) ........

(٢) حالات مهمة اخرى ساعدت على الوفاة ولاصلة لها بالمرض او الحالة التي سببت الوفاة

الفترة التقريبية بين ظهور الاعراض والوفاة

١٨ ـ حدثت الوفاة في البيت ( ) المستشفى ( ) مكان اخر ( )

١٩ ـ اشهد ان الوفاة قد حدثت من الاسباب المثبتة اعلاه .

عنوان اشتغال الطبيب ........ اسم الطبيب : [illegible]

توقيعه :

ختم المؤسسة الصحية :

**٢٠ ـ شهادة طبية عدلية ( تملأ وتوقع من قبل الطبيب العدلي )**

اني الموقع ادناه الدكتور ........ الطبيب في ........ قمت بتشريح جثة المتوفي ........

والمرسلة من قبل ........ حسب الاستمارة المرقمة ........ والمؤرخة في / / ١٩٨

في الساعة بتاريخ / / ١٩ فوجدت ان سبب الوفاة ........

توقيع الطبيب العدلي — ختم الطبابة العدلية


٢١ ـ معلومات خاصة بمديرية الأحوال المدنية ( تؤخذ من هوية الأحوال المدنية او دفتر النفوس )

صحيفة الاسرة في السجل المدني : رقم السجل ........ رقم الصحيفة ........ المحافظة ........

رقم هوية الاحوال المدنية او دفتر النفوس ( ويرفق بالشهادة )

٢ ـ نسخة ذوي العلاقة (٩٥)

**دیاریی شەهید فەرهاد محەمەد سەعید، لە ئەبوغرێب***




* دیارییەکانی زیندان – بەرگی یەکەم، ئەمیرە محەمەد، لاپەڕە ١٩٥.
لە ئەرشیفی کاک ئاکۆ محەمەد وەهبی وەرگیراوە.

## نامەی شەهید فەرهاد محەمەد سەعید
## بۆ ئامانجی خوشکەزای

دوور بی لە هەموو ناخۆشیەک. وە ئەگەر پرسیاری منیش ئەکەی من وەکو تەندروستی وەکو هۆرە وەکو هەڵوێست وەکو بڕوا وەکو بیرکردنەوە، لە پۆڵا ئەچم واتە لەم رووەوە بێ گومان بە سۆزترم بەهێزم بە قەڵەم و گومانی لێ مەکە بەڵام وەکو مرۆڤێ کە حەز ئەکەم لە هەموو کەین و بەینێکی ئەم سەر زەمینە بەگشتی ئاگادار بم بەتایبەتی دەنگ و باسی کوردستانە خنجیلانەکەم و نۆبەرەی بزوتنەوەی شۆڕشە ئاگرینەکەم حەز ئەکەم ئاگادار بم.

من وەکو هەموو هاوڕێیانم لە قوژبنی زیندانی رژێمی فاشیستەکاندا کەوتوم دوورم لە هەڵمژینی هەوا بە ئارەزوو، وە تەنانەت خۆریش لەژێر تەلبەندەوە سەرمان لێ ئەدا وە هەڵسان و دانیشتنیش بە خواستی خۆمان نیە بەڵکو بە ویستی پاسەوانەکانی رژێمە واتە هاوڕێ ئێمە وەکو شتێک لەناو سندوقی داخراو واین ئەگەر ئەتەوێ گوێ بگری کورتەیەکی باسی ژیانی ژوورەکەت بۆ ئەکەم هەرچەندە ئەم کورتەیە بۆت روون نابێتەوە.

ژوورەکە لەڕووی ئەندازەوە نە چوارگۆشەیە نە سێ گۆشە نە لاکێشە ژوورێکی لاکانی خوارو خێچ دەرگاکەی بە ئاسنی پۆڵا دروست کراوە بە سێ قفڵی گەورە لەسەرمان دائەخرێ بەتانیەکانمان کۆن و دڕاو و پیس و بێ کەڵکە، دیواری ژوورەکە بێ کەڵک و تۆزاوی و قوژبنەکانی ماڵی جاڵجاڵۆکە داگیری کردووە کارەبای ژوورەکە زۆر کزە و لە زۆر لاوە کلێبسەکانی هەڵوەشاوەتەوە. وە ئەگەر سەرت دابێ لە باخچەی ئاژەڵەکەی بەغدا لە زەورا ئەوا ژووری ئاژەڵەکانت دیوە لەگەڵ جیاوازی نێوان ئێمە و ئاژەڵ ئەوا لە جێگادا بێ جیاوازین، نامەوێ درێژە بدەم بەم باسە، بەڵام:

برا گیان، ئێمەش وەکو هەموو مرۆڤێ لە جیهاندا حەز ئەکەین گوێمان لە گۆرانی لە مۆسیقا لە دیمەنی جوان لە ژیانی ئاسوودە لە جۆرەها خۆراک لە

ژیانێک بێ دەست نیشانی زۆردار ژیانی بێ جیاوازی لە ژیانی بێ چەوسانەوە بەڵام کە هەموو جیاوازییەک ئەبینی بێ گومان کە گیان لەلای مرۆڤ بەنرخە ئێمە گیانی خۆمان بەخشی بە گەل وە کاسە سەرمان پێشکەش کرد بە گەل بۆ ئەوەی پردی گواستنەوە دروست بکەین بۆ کۆمەڵگای خەڵکی کوردستان لە پێناوی ئەوەی ئەم جیهانە کۆنە داڕزاوە، کە مرۆڤ تیایا بە بێ نرخ سەیر ئەکرێ بیگوازینەوە بەرەو ژیانێکی بێ جیاوازی ژیانێکی نوێ کە گەلمان بگاتە ئاواتەکانی و چارەنووسی خۆی بەدەست بێنێ. ئەم شەوە زەنگە کە باڵی کێشاوە بە ئاسمانی وڵاتەکەمان خۆری ئازادی لە کەلە بەرزەکانی کوردستانەوە سەرهەڵ بێنێ تاکو دۆڵ و چیاکانی کوردستان بگەشیتەوە دانیشتوانی شاد و کامەران بێت بەڵام ئامانج گیان:

تۆ وەکو ئێمە نیت، واتە ئەم جۆرە ژیانە ناژی بە ئارەزووی خۆت بەلای کەمەوە هەڵ ئەسێ و دائەنیشێ ئەگەرچی ئێوەش بەگشتی بێ بەشن لە مافە چارەنووسسازەکان و حەز ئەکەم کە دێی بۆ سەردان بۆلام دەنگ و باسم بەشێوەیەکی گشتی و بە گوێرەی توانا پێم بگەیەنی تاکو منیش بە جیهانی دەرەوە ببەسترێم چونکە ئێمە تینووی بچوکترین دەنگ و باسین بۆ ئەوەی شیرازەی ژیانمان هەر بەستراوە بێت بە جیهانی دەرەوە.

ئەمەوێ بژیم ........

ژیانێکی پڕ کامەرانی
نەک ژیانێکی بە دەردەسەری
ئەم جۆرە ژینە بڕوا نیشانی

ئیتر ئومێدەوارم لە خۆشیدا بی
خاڵی خۆت فەرهاد محەمەد سەعید
بە هیوای دیدار
ژووری سێدارە – موسڵ
شەوی ١٤\١٥/٤/١٩٨٣



**شەهید محێدین حسێن حەسەن**

**مەلا محێدینە سور (محێدینی دەلاک)**

کاک باوەنور، برازای شەهیدە و وامان بۆ دەگێڕێتەوە و دەڵێت: ساڵی ١٩٣٧ مەلا محێدین لە گەڕەکی بەرتەکیەی تاڵەبانی شاری کەرکوک لەدایکبووە، باوکی پیاوێکی ئیماندار و ئەهلی قورئان و مزگەوت و تەکیە بووە. بۆیە منداڵەکانیشی لەسەر هەمان بیروباوەڕی خۆی پەروەردە دەکات. لە تەکیەکەدا کتێبەکانی گوڵستان و بوستان و فەتحولقەریب و سیپارە دەخوێنێت. بەڵام ئەو سەردەمە لەو تەکیەیەدا خوێندنی مەقامات کارێکی بەرچاو بووە، بۆیە مەلا محێدین لەگەڵ سەید محێدینی جەباری و حەمە درێژ و مەلا صدیق ئەکەونە خوێندنی مەقامات لەسەر ئایاتە کورتەکانی قورئان و تەواشیحە ئاینییەکان و شیعرە تەصەوفییەکانی مەولەوی و مەحوی.

ساڵی ١٩٦٠ وەک زوربەی هاوتەمەنەکانی خولیای کوردایەتی دەکەوێتە سەر و پەیوەندی دەکات بە ڕێکخستنی پارتییەوە، هەر لەگەڵ ئەوەشدا دەبێتە پاڵەوانی یاری ئاسن. ساڵی ١٩٦٣ لەکاتی حەرەس قەومی دا دەبێتە پێشمەرگە لە سنوری خالۆ بازیانی.

ساڵی ١٩٦٤، مەلا محێدین بۆ ماوەیەک دەبێتە پێشمەرگەیەک لە

پێشمەرگەکانی دەستەی پاسەوانیی هەڤاڵ مام جەلال لە چەمی ڕێزان. مەلا محێدین لەپاڵ ئەمانەشدا خۆی فێری سەرتاشین کرد و دواتر لە بازاڕی حەسیرەکە سەرتاشخانەیەکی دانا، ئەوکاتە دوکانەکەی بوو بە شوێنی گردبونەوەی ڕێکخستنەکانی باڵی مەکتەبی سیاسی، ئەوانەی هاتوچۆیان دەکرد (عەلی بچکۆل و مەلا ئەوڕەحمانی ئاوبارە و حسێن حەمە عەلی و خالید دلێر و شەفیقی نانەوا و مام حەمیدی گومرگ و کەریمی توتنچی و ساڵح ئاوبارەیی و مامۆستا محەمەد و هادی مام ڕەش).

ئەو دوکانە لە ساڵی ١٩٦٦-ەوە بەم جۆرە مایەوە تا تێکچونی مفاوەزات و دەست پێکردنەوەی شەڕ. ئەویش وەکو زوربەی خەڵک مانگی ١٩٧٤/٣ چووە دەرەوە بۆ سنوری خالۆبازیانی و کۆمەڵێک چالاکی زۆری کرد تا پەیماننامە شومەکەی جەزائیر و لە ماوەی چل و هەشت سەعات دا ئەو شۆڕشەی کە نزیکەی سەد و دە هەزار پێشمەرگەی چەکداری هەبوو، دامرکێنرایەوە و ڕژێم عەفوی عامی دەرکرد و بە دەیان کەس خۆیان کوشت و هەندێکیش چەکیان شاردەوە، بەشێکیشیان نەگەڕانەوە شارەکان و بەرەو ئێران ڕۆیشتن، ئیتر ئاشبەتاڵیان پێ کردن.



**شەهید ئاشنا**

مەلا محێدین گەڕایەوە کەرکوک و بەرنامەی دانا ببێت بە ئیمام و خەتیبی مزگەوتێکی شاری کەرکوک و چوو لە بەغدا تاقی کردنەوەی بۆ مەلایەتی کرد، پاشان لە مزگەوتی شێخ جەوادی نزیک مزگەوتی گەورەی ئیمام قاسم دامەزرا و خێزانەکەی کۆچی دوایی کرد و ژنێکی تری هێنا و ساڵی ١٩٧٧ منداڵێکی بوو بە ناوی ئاشنا و ئەویش لە ٢٠١٠/٩/١ دا شەهید کرا، کە ئەوکاتە لێپرسراوی کۆمیتەی پێنجی ئیمام قاسم بوو.

مـــام حەمیـــدە ســـور زۆر دۆســـتی مەلا محێـــدین بـــوو، رۆژانە دەچـــووە مزگەوت و قسەی بۆ مەلا محێدین دەکرد و دواتر ساڵی ١٩٧٣ تەنزیمی کرد بـۆ نـاو کـۆمەڵەی مارکسـیی لینینـی. ئەوەبـوو مەلا زۆر دڵخـۆش بـوو، لە ماوەیەکی کەمدا توانی چەندین کەس رێکبخات.

لەسەرەتای ساڵی ١٩٨٠دا، بڕیار درا مەفرەزەی دووکەسـی و سێ کەسـی چەکدار بۆنـاو شـار دروسـت بکرێـت بـۆ تەصـفیەی حسـابات لەگەڵ پیـاوانی ئەمن و بەکرێ گیراوان و ئەڵقە لەگوێکانی رژێمی بەعسی.

مەلایـــان لەبەر لێهـــاتوویيەکەی کـــرد بە مەســـئولی دوو مەفـــرەزەی رێکخراوەکەی ئیمام قاسم، کە ئەحمەد کرێکار سەرپەرشتی دەکرد. لێرەوە ئەحمەد کرێکاری وەکو مەسئولی کۆمیتە ناسی، هەرچەندە پێشتر دەیناسـی وەک هەر کەسێکی ئاسایی.

سـاڵی ١٩٧٨ نـاوی لیـژنەی رێکخسـتنی کەرکوکیـان گـۆڕی بە کـۆمیتەی ئاگر، کۆمیتەی ئاگر وردە وردە فراوان دەبوو، هەندێک چالاکیی لێرەو لەوێ ئەنجام دراو پیاوانی رژێمیان خستبووە دڵە لەرزە. ئیتر لەگەڵ کاک ئەحمەد دا چەنـد جارێـک کۆبـونەوەی کـرد و ئەویـش رێنمـایی دەکـرد و چـالاکیە سەربازییەکانی کۆمیتەی ئاگر گەشەی کرد و چەندین مەفرەزەی بۆ دروست کـرا. تـا وای لـێ هـات ئەمـن و پیـاوانی رژێـم نەیـان دەوێـرا بە تەنهـایی بە گەڕەکەکانی ئیمام قاسم و زێوێ و ئازادی دا بە تەنهایی بگەڕێن.

لە ساڵی ١٩٨١دا ئەمری دەستگیر کردنی کاک ئەحمەد کرێکار دەرچوو. بەڵام بـاش بـوو پێـی زانـی بـوو، ئەو رۆژەی کە بـۆ بەیـانیەکەی دەچـووە دەرەوە لە مـــاڵی خۆمـــان لەگەڵ مەلا محێـــدین دا تـــاکو نزیـــک ئێـــوارە کۆبونەوەیان کردبوو، بۆ سبەی بەیانی توانی بوویان بیگەیەننە ناوچە ئازاد کراوەکـان. چـالاکیەک ئەنجـام درا لە گەڕەکـی عاشـور لە گەڕاجەکەی حـاجی مەحبوبە، نارنجۆکێکیان فڕێ دا بـۆ سـەرۆک جاشـێکی مەفرەزە خاصـە، بەڵام بە سوکی بریندار بوو.

لەسەرەتای ساڵی ١٩٨١ تا کۆتایی مانگی ٩ی هەمان ساڵ سێ چالاکی تریان ئەنجام دا. ئەمە جگە لە مەفرەزە سەربازییەکانی تری کۆمیتەکە، تا وای لێهاتبوو خەڵک بەیانیان کە یەکترییان دەبینی، دەیانووت ئەرێ دوێنێ شەو هیچ ئەڵقە لەگوێیەک بە سزای گەل و شۆڕش گەیەنراوە؟

رۆژی ١٩٨١/١٠/١٥، عەسرەکەی فەهمی ئەمین کادری پێشکەوتوو، و چالاکی کۆمیتەی ئاگر (دەرچووی کۆلێژی ئیدارە و ئیقتصاد) و لە خێزانێکی دەوڵەمەند، دایکی و خوشکی دەگەیەنێتە شارع جەمهوری و لەبەردەم ئورزدی باگ دا دایان دەبەزێنێت و لەوکاتەدا سەیارەیەکی پڕ لە قوات خاصە چواردەوری سەیارەکەی دەگرن و دایک و خوشکەکەی فەهمی دوردەخەنەوە و فەهمی کەلەپچە دەکەن و سواری سەیارەی دەکەن و سەیارەی فەهمیش ئەمنێک لێی دەخوڕێت و دەیبەن بۆ ئەمنی کەرامە.

دوای نیوەڕۆی رۆژی ١٩٨١/١٠/١٦ فاروق عومەر وەلی ناسراو بە فاروقە قەمبور (دەرچوی مەعهەدی تەکنەلۆجی) و کادری پێشکەوتوو، جەربەزە و چاو نەترسی کۆمیتەی ئاگر لە ماڵی خۆیان دەستگیر دەکەن، ئەم دوو گرتنە لەناکاوە گەڕەکی ئیمام قاسم و هەموو گەڕەکە کوردییەکان دەهەژێنێت، بەتایبەتی رێکخستەکانی کۆمیتە، بۆ پاش نوێژی عەسر مەلا محێدین و مەلا ئەحمەدە سووری یادگار هاتن بۆ ماڵی ئێمە، فەتحیە خانی دایکم بە مەلا محێدینی وت: ئەرێ ئاگاداری گرتنی ئەو دوانەیت؟ وتی بەڵێ بەڵام هیچ نییە، دایکم وتی بە خوا بەعس ئەوەندە زاڵمن بەرد دەهێننە قسە، مەلا محێدین وتی، من لێیان ناترسم و متمانەم پێیان هەیە، شەوی ١٩٨١/١٠/١٧ شەوی هەینی لەسەر شەممە، لەپاش نوێژی خەوتنان مەلا دوای چۆڵ بونی مزگەوتەکە گڵۆپەکان دەکوژێنێتەوە و دەیەوێت لە دەرگای مزگەوت بێتە دەرەوە، لەوکاتەدا دوو دەمانچە بەدەست پەلی دەگرن و پێی دەڵێن، هیچ هەوڵی رزگار بون مەدە چواردەوری مزگەوتەکە

بە هێزی قوات خاصە و ئەمن تەنراوە، سواری سەیارەیەکی تەلبەندی دەکەن و دەیبەن بۆ مودیریەتی ئەمنی کەرامە. ئەو شەوە ١٧ بۆ ١٨ کەس لە ڕێکخستنەکانی کۆمیتەی ئاگر دەستگیر کراو حەملەی گرتن بەردەوام بوو. جەبار ستیف، کە کادرێکی کارامە و دەست وەشێن بوو هەڵهاتبوو، بە نیازی چونە هەولێر و لەوێوە بە نیازی چونە کۆیە و دواتر بۆ پەیوەندیکردن بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە بۆ دەرەوە بە داخەوە لەوێ جەبار و دایک و خوشک و براکەی دەستگیر دەکەن، دواتر ئەوانە لە مودیریەتی ئەمنی کەرامەوە ئیحالەی ئەمنی گەورە کرابون (د. سیروان ئەحمەد ناسراو بە مەلا سیروان، دەرچوی مەعهەدی فەنی کەرکوک) لە شاری بەصرە سەرباز دەبێت و لەوێوە بە کەلەپچەکراوی دەیهێننەوە. بەهەرحاڵ حەملەی گرتنەکە تا ڕۆژی ١٩٨١/١١/٥ بەردەوام دەبێت و زوربەی هەڤالانی ڕێکخستنی کۆمیتەکە دەستگیر دەکرێن.

بە گوێرەی ئەو لیستەی کە لە دائیرەی ئەمنی کەرکوکەوە نوسراوە بۆ دائیرەی تاپۆی خانوبەرەی کەرکوک داوا دەکات، ئەوانەی ناویان هاتووە لە لیستەکەدا و ژمارەیان ٣٤ کەسە هەرچی موڵک و ماڵی گواستراوە و جێگیریان هەیە واتە (أموال المنقولة وغير المنقولة) سەرجەمیان حیجز بکرێن.

ئەم نوسراوەش دوای پرۆسەی ئازاد کردنی عێراق دەست ڕێکخستنەکانی کەرکوک کەوت. ئەو کەسانەی دەستگیرکران هیچ دەنگیان نەما تا ڕۆژی چوارشەممە، کە ڕێکەوتی دواشەوی مانگی ڕەمەزان بوو، پیاوێک هات بۆ ماڵی ئێمە و فەرمووومان لێ کرد و وتی: من هەواڵێکی مەلا محێدینم بۆ هاوردون، من مامی ناصری مەسئول کۆمیتەی ڕاپەڕینم لە هەولێر، ناصر و پێنج کەس لە هاوڕێکانی لەگەڵ مەلا محێدین دەستگیرکران و هاتوم پێتان بڵێم سبەینێ بەیانی زوو بچنە سجنی موسڵ و لەوێ بە دیداری مەلا محێدین شاد ببنەوە.

حاجی سالّحی باوکم نەخۆش بوو، نەخۆشیەکەی رۆژ بە رۆژ قورستر دەبوو، ئەو لە نیوە شەودا هاواری کرد محیّدینە، مەلا محیّدین، من چوم، وتم باوکە گیان ئەوە چییە؟ چیت دەویّت؟ وتی، تۆ بنو چونکە بەیانی جەژنەکەمان دەبیّتە دوو جەژن، مەلا محیّدین مواجەهە دەکەین، بەداخەوە ئەو شەوە باوکم گیانی سپارد و ئیّمە کەسمان نەمان توانی سەردانی مامم بکەین.

جەماعەتی کەسوکاری سجنەکان ئیّوارە هاتنەوە و هاتن مژدەیان داینیّ، کە مامم سەلامەتە و بەلاّم سویّندی داون کە راستی پیّ بلّیّن، کەچی بەسەر مالّ و منالّی خۆی و برا و برازا و براژن و خیّزانی دا هاتووە؟ چۆن کەسیان نەهاتون ئەی کاکە ئاشنای کورِم و ئاشتی و ئامانج بۆچی نەهاتوون؟

دوای چەند رۆژیّک مەلا ئەحمەدی کورِە گەورەی مالّی خۆمان و صەباح خدری پوررزام، سەرباز بون و بە جلی سەربازییەوە چوبون و داوای مواجەهەیان کردبوو و ریّگەیان دابوون کە بچن و هەموو باس و خواسیّکیان ئالّوگۆرِ کردبوو، پیّشی وتبون ئیتر مانگی دوو جار مواجەهە هەیە ١٥ و ٣٠ مانگ دەبیّت سەرم بدەن. ئەم مواجەهە و چاوپیّکەوتنانە تاکو مانگی ١٩٨٣/٧ بەردەوام بوو، مەلا محیّدین لەکاتی مواجەهەدا باس لە حەرەسی سجنەکە دەکات و دەلّیّت، پیاوە ریشنەکان (دوو برای ئیّزیدی بون)، هەولّی شکاندنی سجنەکەیان دابوو، یەکیّکیان رادەکات و دەیەویّت دەرباز بیّت و دەستریّژی لیّ دەکەن و ئەوی تریشیان دەگرن و ئیعدامی دەکەن، دایکم پیّی وت، دەی مەلا گیان ئیّوە هەولّیّکی باشتر بدەن بەلّکو ئەمە خوایە رزگارتان بیّت، مەلا محیّدین پیّی وت هەولّی وا هەیە بەلاّم هەریەکەی دە هەزار دینارمان لیّ داوا دەکەن، دایکم پیّی وت، تۆ رازی بە و من مالّ بە مالّ ئەگەرِیّم و سوالّت بۆ دەکەم، چیمان هەیە ئەیفرۆشین و یان قەرزت بۆ دەکەم بەو شەرتەی تۆ بییّتەوە ناومان، ئەویش وتی: راست دەکەیت من زۆر ئازار و خەمم داوە بە ئیّوە و بومەتە مایەی ماندوبونتان، بەلاّم لە

منـاڵییەوە کـوردایەتی بـۆتە خولیـام و خـۆم ئەم ڕێگـایەم هەڵبـژاردووە بـۆ بەدەسـت هێنـانی مـافی مـیللەتەکەم. تـا بە سـەربەرزی بـژیم و مـیللەتەکەم شـانازی بەخـۆیەوە بکـات و ملکەچـی دەسـتی دوژمـن نەبێت. خـۆ مـن مەلای مزگەوت بوم و پیاوێکی ڕێز لێ گیراو و خاوەن مەعاشێکی باش، ئەوانە بۆ ژیـانی مـرۆڤ بەس نـیە، بەڵکـو ئـازادی و سـەربەرزیی تەواوکەری ژیـانی سەربەرزانەی مرۆڤە. ئەم ڕژێمەش زۆر زاڵم و دیکتاتۆرە.

کـاک بـاوەنور لە درێـژەی باسـەکەیدا وتـی: بە مـامم وتـووە مـامە گیـان ماوەیەک پێش ئێستا لە ڕێی خاڵە شـەفیقەوە چـوین بۆ واسـتە بۆلای معـاون ئەبـو ئیبـراهیم و هەمـوو ماڵەکـان وتمـان ئامـادەین چەنـد داوا دەکەیـت بـۆت حـازر بکەیـن بەو مەرجەی کوڕەکانمـان ئـازاد بکەیـت، معـاون ئەبـو ئیبـراهیم پرسی، کێ جەماعەتی مەلا محێدینە؟ دایکم وتی: ئێمە. ئەویش وتـی: ئەمجـارە ئەگەر چونەوە بۆ مـواجەهەی مەلا محێدین، پێی بڵێن ئەبو ئیبـراهیم سـڵاوی هەیە بۆت و پرسیاری پشت و رانتی دەکرد، جارجـارەش دەیـووت (مەلا سـبع والله سبع)، جا منیش دەمەوێت بزانم پشت و رانت چیانە و چۆنە؟

ئەگەر چـاوەڕێی ئیعترافـی مامیـان بکـردایە لەو ٣٤ کەسـە ٢٠ کەس زیاتریان ئیعدام دەکرد و هەندێکیشیان بە حوکم ڕزگاریان دەبوو. کەسوکار کە ڕۆژی ١٩٨٣/٨/١ چوبـونەوە بـۆ مـواجەهە ئیـزن درابـون و پێیـان وتبـون بڕۆن لێرە نەماون و نەیەنەوە بۆ ئێرە. لەوکاتەوە ئەوانە بێ سەروشوێن بون و هەر ڕۆژەی هەواڵێک بڵاو دەبووەوە و هەبوو دەیوت لە ڕێگەی بەغدا مـن لەنـاو پـاص دا مەلا محێـدین و هاوڕێکـانیم بینیـوە و هاواریـان کـردووە و وتویـانە: ئێمە مـاوین و سـڵاومان بگەیەنـن بە کەسـوکارمان. تـا ڕۆژ گەیشـتە پرۆسـەی ئـازادی عیـراق و ڕوخانـدنی ڕژێمـی دیکتـاتۆری بەعس، بەڵگەنامەکـانی دائیـرەی ئەمـن کەوتنە دەسـت حیزبە سیاسـییەکان و ژمـارەی ئەنـدامەکانی زۆر بوو، ڕۆژانی ٢٨ و ١٩٨٣/١٠/٢٩ بە دوو وەجبە ئیعدام و ڕەمی کراون.

وزارة الصحة
مديرية الاحصاء الحياتي والصحي

رقم الشهادة رقم ٢١ المجلد ط/٢ رقم ٩٦٢٥

## شهادة وفاة

تاريخ التنظيم ٢٨ / ١٠ / ١٩٨٢

١ – اسم المتوفي ولقبه : محي الدين | ٢ – الجنس ذكر

٣ – الجنسية : عراقيه | ٤ – الدين او المعتقد : مسلم | ٥ – المهنة : خادم ومؤذن

٦ – الحالة الزوجية : اعزب ( ) متزوج ( ) ارمل ( ) مطلق ( )

٧ – تاريخ الولادة : ١٩٢٧ | ٨ – محل الولادة : قضاء ( ) محافظة ( ) الشام

٩ – اقامته الدائمة : محله بوارق رقم الدار ٤٩١ قرية ناحية قضاء محافظة الشام

١٠ – تاريخ الوفاة ( كتابة ) : الساعة ١١ ب ظ اليوم ٢٨ الشهر ١٠ السنة ١٩٨٢

١١ – محل الوفاة : المحلة او القرية الناحية القضاء المحافظة

١٢ – اسم والد المتوفي : حسين حسن | ١٣ – اسم والدة المتوفي : زكيه علي

١٤ – اسم المبلغ عن الوفاة : الدكتور نزار سعد عبد الرزاق | ١٥ – صلته بالمتوفي : طبيب المقيم

١٦ – عنوان المبلغ الكامل : مستشفى (الرضا) الطوارئ

### ١٧ – شهادة الوفاة الطبيه

| الفترة التقريبيه بين ظهور الاعراض والوفاة | سبب الوفاة | |
|---|---|---|
| | ( ١ ) احتشاء القلب<br>تسبب عن ( او نتيجة لما يليه )<br>( ب ) ...........<br>تسبب عن ( او نتيجة لما يليه )<br>( جـ ) ........... | ( ١ )<br>المرض او الحالة التي ادت للوفاة مباشرة<br>الحالات المرضية ( ان وجدت ) والتي ادت للسبب اعلاه مع ذكر السبب الاصلي في النهاية |
| | ........... | ( ٢ )<br>حالات مهمة اخرى ساعدت على الوفاة ولا صلة لها بالمرض او الحالة التي سببت الوفاة |

١٨ – حدثت الوفاة في البيت ( )المستشفى ( ) مكان اخر ( )

١٩ – اشهد ان الوفاة قد حدثت من الاسباب المثبتة اعلاه .

اسم الطبيب : نزار سعد عبد الرزاق

توقيعه : ...........

ختم المؤسسة الصحية : ...........

عنوان اشتغال الطبيب ...........

### ٢٠ – شهادة طبية عدلية ( تملا وتوقع من قبل الطبيب العدلي )

اني الموقع ادناه الدكتور ........... الطبيب في ........... قمت بتشريح جثة المتوفي ...........
والمرسلة من قبل ........... حسب الاستمارة المرقمة ........... والمؤرخة في / / ١٩٨
في الساعة بتاريخ / / ١٩ فوجدت ان سبب الوفاة ...........

توقيع الطبيب العدلي ختم الطبابة العدلية


٢١ – معلومات خاصة بمديرية الاحوال المدنية ( تؤخذ من هوية الاحوال المدنية او دفتر النفوس )
صحيفة الاسره في السجل المدني : رقم السجل ........... رقم الصحيفة ........... المحافظة
رقم هوية الاحوال المدنية او دفتر النفوس ( وترفق بالشهادة )

٢ – نسخة ذوي العلاقة

(٩٨)

ع-٣٣٥-١-... دفتر

## دیاری مەلا محیّدین حسێن حەسەن، لە ئەبوغرێب*




* دیارییەکانی زیندان – بەرگی یەکەم، ئەمیرە محەمەد، لاپەڕە ١٩٩.



**شەهید ئەسعەد عەزیز شەریف (شێخ دارا)**

کاک مەلا نەوزاد برای شەهیدە و دەڵێت:

براکەم، ساڵی ١٩٦٠ لە گوندی عەوەڵان لە بنەماڵەیەکی هەژاری خوێندەوار لەدایک بووە. ساڵی ١٩٦٣ دوای شاڵاوی دڕندانەی ڕژێمی ئەوکاتی عێراق بۆسەر گوند و ناوچەکانی کوردستان و پەلامارداني دانیشتوانی بێ دەسەڵاتی گوندنشینەکانی و تاڵان کردنیان لەلایەن دڕندە وێرانکەر و تاڵانکەرەکەی ژێر ناوی (حەرەس قەومی)، ئێمەش وەک زوربەی هەرە زۆری خەڵکی بێ تاوان و بێ دەسەڵاتی کوردستان، بە ناچاری دێیەکەی خۆمان بەجێ هێشت و ڕوومان کردە شاری کەرکوک.

براکەم خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی لە کەرکوک تەواو کرد و ساڵی خوێندنی ١٩٧٨ لە بەشی فیزیای زانکۆی سلێمانی وەرگیرا.

لە ساڵی ١٩٧٦ەوە پەیوەندی کردووە بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەوە و لە ساڵی ١٩٧٧ دا بۆتە ئەندامی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان.

ساڵی ١٩٨١، لەگەڵ هەڤاڵ عومەر قادر لە کۆنفرانسی یەکی کۆمەڵەدا بەشدارییان کرد، کە لە مالیمۆس ئەنجام درا. هەڤاڵ عومەر وەک نوێنەری

کۆمیتەی ئاگر و ڕێکخستنەکانی کەرکوک و براکەم وەک نوێنەری کۆمەڵەی خوێندکارانی لقی کەرکوک.

له رۆژی ۱۹۸۱/۱۰/۱۷ ەوە لەلایەن مـــودیریەتی ئەمنــــی کەرکــــوکەوە دەستگیر دەکرێت و له رۆژی ۱۹۸۲/۱/٦ له مەحکەمەی خاصەی کەرکوک حـوکمی لەسـێدارەدانی بـۆ دەردەچێـت و له سـاڵی ۱۹۸۳دا حـوکمەکەی بەسەردا جێبەجێ دەکرێت.

ئەو تۆمەتەی، که ئاڕاستەی براکەم کرابوو، ئەوە بوو، که پارەی ئابونەی کۆکردۆتەوە. ئەویش زۆر قارەمانانە نکوڵی لێ کردووە و وتویەتی من پارەم لەو کوڕانە بە فێڵ وەرگرتووە و پارەکانم داوەتە دەست عەدنانی سەید کەریم، که دوکانی ئەشیای سەیارەی هەیە و وتومە قازانجەکەمان بەپێی پارەکە با شەراکەت بێ.

ئەم فشـەیەی لەبەر ئەوە کردبـوو، که ڕێکخسـتن توشـی زیـان و زەرەر نەبێت. ئیتر حکومەت دەستی بەسەر پارەکەدا گرت و بردی.

له نــامەیەکی دا، که بە دایکمـدا بـۆی نـاردبووم، نووسـیبوی، ئەگەر نەمووتایە ئەو پارەیەی که له کوڕەکانم سەندووە بە فێڵ بۆ قازانجی خۆمم وەرگرتووە. ئەوا ڕێکخستن تووشی زیان دەبوو، نامەیەکی تری بۆ ناردم ئەوکاتە من له دۆڵی بالیسان پێشمەرگە بووم.

نامەکەم نیشانی کاک فەرەیدون و کاک نەوشیروان دا و نوسیبووی، که عەفوات هاتووە نازانم بۆچی ئێمەی بەرنەکەوتوین. زیندانەکەی ئێمە هێزێکی سـەربازی و ئەمنـی زۆر کەمـی لێـیە دەتـوانن بە ژمـارەیەک پێشـمەرگە ڕزگارمان بکەن. کاک فەرەیدون پێی وتم: ئەوە ئیشی خۆمانە و هەوڵی دۆزینەوەی ڕێگەچارە ئەدەین. ئەوەبوو له کاتی گفتوگۆی ئێمە و حکومەتدا ئەو مەسەلەیە باسکرابوو. بەڵام بەداخەوە لەدوای گفتوگۆکە ئەوان برابوون بۆ ئەبوغرێب و لەوێ لەسێدارەیان دابوون.




**شەهید عەبدولکەریم محەمەد عەلی شەریف**

کاک عومەر قادر، دەڵێت:

عەبدولکەریم محەمەد برای شەهید حەسەن محەمەد شەریفە و ساڵی ١٩٦٠ لە گەڕەکی ئیمام قاسم لە شاری کەرکوک لەدایکبووە، و لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر بوون. ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندی کردووە بە ڕێکخستنەکانی کۆمیتەی ئاگرەوە و هەردوو براکەی تریشی حەسەن و خالدیش لە هەمان کۆمیتەدا کار و چالاکییان دەکرد و کەسانی ورە بەرز و خاوەن رابوردووی پاک و بێگەرد بوون.

پاش ئاشکرابونی کۆمیتەی ئاگر، لە ١٩٨١/١٠/١٧دا لەلایەن مەفرەزە تایبەتەکەی (فلان)ی سەر بە ئەمنی کەرکوکەوە دەستگیر کرا، پاش هەیئەی کەرکوک رەوانەی موصڵ کراو لەوێ کەسوکاری چەندین جار مواجەهەیان کرد، دواتر رەوانەی سجنی ئەبوغرێب کرا.

لەدوای پرۆسەی ئازاد کردنی عیراقەوە زانرا کە ساڵی ١٩٨٣ بێ سەروشوێن کراون، دواتر پاش گەڕانێکی زۆر توانرا تەرمەکەی لە گۆڕستانی (محەمەد سکران) بدۆزرێتەوە و لە مەراسیمێکی شایستەدا لە گۆڕستانی شێخ محێدین لە کەرکوک بۆ جارێکی تر بە خاک سپێردرایەوە.



**عەبدولسەمیع محەمەد عوبێد (ڕێباز)**

کاک فایەق عومەر ڕەسوڵ دەڵێت:

عەبدولسەمیع ساڵی ١٩٥٧ لە گوندی کلاوقوت لەدایک بووە و قۆناغی خوێندنی ئامادەیی لە کەرکوک تەواو کردووە و دەرچوی کۆلێژی کشتوکاڵی زانکۆی سلێمانی بوو.

ئەو کادرێک بوو بەر لە دامەزراندنی یەکێتی ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ نعمان کلاوقوتی ئامۆزای دا لە ڕێگەی فریا عەلی یەوە تەنزیم کران. لە کەسە دڵسۆز و خۆشەویست و سەرەتاییەکانی خوێندکاران و کۆمەڵە بووە و دەیان ئەندامی هێناوەتە ناو ریزەکانی کۆمەڵە و خوێندکاران و دواتر بوو بە ئەندامی ڕێکخستنی کۆمیتەی ئاگر و چالاکییەکانی بەردەوام بوو هەرچی ئەرکێکیان پێ دەسپارد زۆر بە لێهاتوویی ئەنجامی دەدان.

دوای تەواو کردنی زانکۆ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە کرد و دواتر بووە رابەر سیاسی لە تیپی ٢١ی کەرکوک و بەداخەوە لە ساڵی ١٩٨٦دا شەهید کرا.



**شەهید محەمەد زەکی صدیق**

سروە خان، کچی شەهیدە و لەسەر زمانی مامۆستا کاکە رەشی مامیەوە بۆمان دەگێڕێتەوە، دەڵێت:

باوکم لەدایکبووی ساڵی ١٩٤٠ی گەڕەکی بەرتەکیەی شاری کەرکوک بووە و شەش سەر خێزان بون، دەرچوی قۆناغی دواناوەندییە و دواتر لە شاری کەرکوک بە مولاحظ فەنی دامەزراوە.

بنەماڵەی ئێمە لە زووەوە تێکەڵی کاری سیاسی و خەبات بووبوون، ئەوان ئەندامی پێشکەوتووی حیزبی شیوعی عێراق بوون. ئەمانە لەبەرئەوەی خوێندەوار بون، خۆیان خەریک دەکرد بە خوێندنەوەی کتێبە مارکسییەکان. مامۆستا کاکە رەشی مامم وەک هەزاران گەنجی تر ساڵی ١٩٧٤ پەیوەندی کرد بە هێزی پێشمەرگەوە و کاتێک ئەو چووە دەرەوە باوکم و محەمەد فەهمی مامم دەستیان لە کاری حیزبایەتی هەڵگرت.

مامەم مامۆستا کاکەڕەش دەڵێت: ماڵی باوکم و مامەکانم کەسانی رۆشنبیر بون و لەوانەوە شارەزاییەکی سەرەتاییم پەیدا کردووە و زوربەی کاتەکانیش پاش خوێندنەوەی کتێبە مارکسییەکان لەگەڵ براکانم دا دەکەوتینە موناقەشە کردنیان.

باوكم باش زانیبووی، كه له پاش ئاشبهتاڵهوه مامهم پهیوهندی كردووه به كۆمهڵهی رهنجدهرانی كوردستانهوه، چونكه بیر و بۆچونی مامم و جۆری موناقهشهكانی گۆڕانی بهسهردا هاتبوو.

ئهو زۆری پێ خۆش بووبوو كه مامم پهیڕهوی خهتی ماركسی بكات.

له ئهنجامی ئهو یهكتر بینینانهی هاوڕێیان لهگهڵ مامم‌دا، باوكم زۆر هاوكاری كردون و زانیاری و دهنگ و باسی رژێم و باسی گهڕهك و ناساندنی سیخوڕ و پیاوانی رژێمی پێ ئهگهیاندن.

كاتێك كه هاوڕێ سهلیم و مامۆستا جهمال تایهری سهركرده ئههاتنه كهركوك بۆ كۆبونهوه بۆ ماڵی مامهم (مامۆستا كاكه رهش)، باوكیشم ئهوانی ناسیبوو، چونكه ئهوان سڵیان لێ نهكردبووهوه.

كاتێك مامهم دهستگیر كرابوو، باوكم خهبهری گهیاندبووه چهند هاوڕێیهكی مامهم، كه لهگهڵیا كاریان كردبوو، ئهمیش ناسیبوونی، پێی راگهیاندبوون، كه مامهم دهستگیر كراوه و ئاگاداری خۆیان بن. ئهمهش جۆرێكه له چالاكی و خهمخۆری بۆ ههڤاڵانی كۆمهڵه و كۆمیتهی ئاگر.

مامهم، مامۆستا كاكهڕهش دهڵێت: پاش ئازادكردنم له سجن براكانم یارمهتیان دام چونكه ئهوان موچهخۆر و بهئیمكانیات بوون. ساڵی ههشتاویهك كه مامهم ئهمری گرتنی بۆ دهركرابوو، باوكم و مامه محهمهد فههمیم كهوتنه ههوڵی دهرباز كردنی برادهرانی كۆمیتهی ئاگر و پاش ماوهیهكی كهم مامهم محهمهد فههمی ١٩٨١/١١/٢٢ دهستگیر كرا. چونكه رژێم بهوهی زانیبوو كه مامه محهمهد فههمیم، مامه كاكهڕهش و كوردستان خانی خێزانی دهرباز كردووه.

پاشان باوكم كهوته گهڕان بهدوای دۆزینهوهی مامه محهمهد فههمیم دا، به هۆی ئهو جموجۆڵهیهوه ئهویش رۆژی دووشهممه ١٩٨٢/٢/٢٢ دهستگیر كرا.

دەستگیرکردنی باوکم و مامەکانم خۆی لە خۆیدا ئەوە دەسەلمێنێت کە ئەوانیش سەر بە ڕێکخستنەکانی کۆمیتەی ئاگر بووبن.

ساڵی ١٩٨٥ لەلایەن سیخوڕەکانی ئەمنی کەرامەوە باپیرەمیان تەبلیغ کرد، کە باوکم و مامە محەمەد فەهیمم لەسێدارە دراون .

من و دایکم لە سلێمانی بووین، لە ماڵی خاڵم، ئەوان دەیانووت، بگەڕێنەوە بۆ کەرکوک و کەسیان لەگەڵمان نەهاتن، کە چوینەوە تەماشامان کرد نەنکم تەشتێ قوڕی گرتبووەوە.

سروە خان دەڵێت: ئەوەی کە خۆشم لەیادم بێت هەر لەهەمان ساڵدا سەرلەبەیانیەک رژێم هەمووممانی پێچایەوە و سواری زیلی عەسکەرییان کردین و لە سورداش دایان گرتین.



**شەهید مەدحەت محەمەد تۆفیق (خۆڕاگر)**

٢٠٢١/١١/١٤ کەرکوک

کـاک حـیکمەت، بـرای شـەهید مەدحەت دەڵێـت: بـراکەم سـاڵی ١٩٥٢ لە بنەماڵەیەکی هەژاری گەڕەکی ئیمام قاسمی شاری کەرکوک لەدایک بووە و بـاوکم کرێکـارێکی کەم دەرامەتـی میریـی بـوو. مەدحەتـی بـرام دەرچـووی پەیمانگای مامۆستایانی هەولێر بوو.

براکەم بەشداریی شۆڕشی ئەیلولی کردووە و لە هەندێک دێی کوردستان دا وەک مامۆسـتای شـۆڕش خەبـاتی کـردووە، دوای هەرەس وەک بەشـێکی زۆری خەڵـکەکە ئـاوارەی ئێـران بـوو، پـاش دەرکردنـی عەفـوات ئەویـش گەڕایەوە کەرکـوک و لە گونـدی بـاڵخ-ی سـەر بە قەزای مـاوەتی شـاری سلێمانی دامەزرا بە مامۆستا.

مامۆسـتا مەدحەتـی بـرام، یەکێـک بـوو لە کـادرە چالاکەکـانی کـۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان و بە درێژایی ماوەی خەباتی، چالاکانە هەڵسوڕاوە و دەیـان کەسـی پەروەردە کـردووە و ئامـادەی کـردوون بـۆ پێشـمەرگایەتی و

چوونه شاخ. ئەو لێپرسراوی کەرتی شەهید ئاسۆ بوو. جگە لەوە ئەندامێکی چالاکی یەکێتی مامۆستایانی کەرکوک بوو، هەروەها بووە بە ئەندامێکی کارا و چالاکی رێکخستنەکانی کۆمیتەی ئاگر. براکەم مانگی ١٩٨٠/٤ خێزانی پێکەوە نا. لەو کاتەدا یەکێک لە خۆفرۆش و ئەڵقە لەگوێکانی رژێم تەسلیم بووەوە بە ئەمنی کەرکوک و ئیعترافی لەسەر مامۆستا مەدحەت کردبوو، وتبوی: مەدحەت لەناو شارەوە خەڵک پەروەردە دەکات بۆ چونە ناو رێکخستنەکانی کۆمیتەی ئاگر و پاشان ئامادەیان دەکات بۆ بون بە پێشمەرگە و هەر ئەو ئاسانکارییان بۆ دەکات بۆ دەرباز بونیان لە شار و پەیوەندی کردن بە شۆڕشەوە.

براکەم رۆژی ١٩٨٠/٧/١٩ لەلایەن ئەمنی کەرامەوە دەستگیر کرا، بەڵام ئەو پیاوێکی زۆر خۆڕاگر و کۆڵنەدەر بوو، خاوەن بیروباوەڕێکی پتەو ورە بەرز بوو، بۆیە وەک بۆیان دەگێڕاینەوە سەرباری ئەو هەموو ئەشکەنجە و ئازارەی کە دراوە هیچی لەسەر هەڤاڵەکانی نەدرکاندووە و بە هیچ شێوەیەک نهێنی رێکخستن و شۆڕشی ئاشکرا نەکردووە، ئەگەر بهاتایە و ئیعترافی بکردایە زوربەی ئەو هەڤاڵانەی کە رێکی خستبوون و لەوانەشی کە دەیناسین، دەستگیر دەکران.

ئیتر مامۆستا مەدحەتی برام تا رۆژی ١٩٨٦/٣/٢٩ لە ئەمنی عامەی بەغدا دەبێت و پاش ئەو ماوەیە بێ سەروشوێن کرا.

هەزاران سڵاو لە رۆحی بەرزە فڕی شەهید مەدحەتی برام و هەموو شەهیدانی رێگەی رزگاریی کوردستان.



**شەهید نعمان عەبدوڵڵا کڵاوقوتی**

کاک فریا عەلی هاوڕێی شەهیدە و وامان بۆ دەگێڕێتەوە و دەڵێت:

نعمان خەڵکی گوندی کڵاوقوتی ناوچەی شوان بوو، هاوڕێیەکی زۆر چالاکی ڕێکخستنەکانی کۆمیتەی ئاگر بوو، ساڵی ١٩٧٤ من تەنزیمم کرد. ئەو پیکابێکی هەبوو، کە هەمیشە خەریکی گواستنەوە و گەیاندن هەواڵی ناوشار بوو بۆ پێشمەرگە و گەیاندنی وەڵام و داواکاری و پێویستیەکانی پێشمەرگەش بوو بۆ ڕێکخستنەکانی ناوشار.

کاک محەمەد حەسەن وتی: نعمان پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە منەوە هەبوو، کوڕێکی زۆر چالاک بوو. ئەو لە لیژنەی سەربازییدا بوو، ساڵی ١٩٧٩ لە بازاڕی حەسیرەکە هەوڵی دا بە نارنجۆک (فلان) بکوژێت و بە سزای گەل و شۆڕشی بگەیەنێت، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو.

کاک فریا هاتەوە ناو باسەکە و وتی:


نعمان خێزاندار بوو، چەندین چالاکی جۆراوجۆری کردووە کاتێک ١٩٨١/١٠/١٧ کۆمیتەی ئاگر کەشف بوو، زوربەی هەڤاڵەکانی دەستگیرکران

نعمـان و هەڤـاڵ عەبـدولخالق، کە فەرمـانبەری کتێبخـانەی چەمچەمـاڵ بـوو چونە دەرەوە و پەیوەندییان بە ئەنوەر حەسەنەوە کرد.

بەداخەوە لە شـــەڕی قـــازان دا نعمـــان و عەبـــدولخالق لەگەڵ هەشـــت پێشـمەرگەی تـر، و فەرمانـدەکەیان کە ئەنـوەر حەسـەن بـوو، پێکەوە شـەهید کران. شەهید سەمیع مەلا محەمەد، ئامۆزای نعمان بوو.

بەداخەوە سـەمیعی مـحەمەدی مەلا ناسـراو بە رێبـاز بەدەسـتی چەنـد خـۆ فرۆشێک ساڵی ١٩٨٥ – ١٩٨٦ شەهید کرا.

سڵاو لە رۆحی بەرزەفڕیان



**شەهید جەواد بەهادین عەلی**

کاک لەتیف برای شەهیدان جەواد و جەنگییە و دەڵێت:

شێخ جەواد، ساڵی ١٩٥٦ لە گەڕەکی ئیمام قاسم لە شاری کەرکوک لە خانەوادە و بنەماڵەیەکی کوردپەروەر لەدایک بووە و خاوەنی پێنج برا و چوار خوشک بوو. ئەو خێزاندار بوو خێزانەکەی ناوی گوڵەباخە و دوای دەستگیرکردنی خوا کچێکی پێ دا بە ناوی دیلان و ئێستا لە وڵاتی نەرویج دەژی.

شێخ جەواد، ساڵی ١٩٧٣ چووە ناو دنیای سیاسەتەوە و بوو بە ئەندامی یەکێتی قوتابیانی کوردستان و کەوتە نەنزیم کردنی ژمارەیەکی بەرچاو لە هاوڕێکانی. ساڵی ١٩٧٤ دوای هەڵوەشاندنەوەی بەیاننامەی یانزەی ئازار ئەمیش وەکو هەزارەها گەنجی نیشتمانپەروەر، شاری کەرکوک جێ دەهێڵێت و لە ناوچە ئازادکراوەکاندا درێژە بە خەبات و تێکۆشانی خۆی دەدات لە پێناوی دەستەبەرکردنی ئازادی و سەرفرازی بۆ گەلەکەی.

دوای هەرەسی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥دا دەگەڕێتەوە شاری کەرکوک و

دەچێتە ئامادەیی ئەبو ئەیوب ئەلئەنساری ئێواران و بە رۆژانیش خەریکی دابینکردنی بژێوی ژیانی خێزانەکەی دەبێت بە کرێکاری و چایچێتیی و شاگردی چێشتخانە و لەسەر خوێندنەکەشی بەردەوام دەبێت و لە پەیمانگەی تەکنیکی کەرکوک وەردەگیرێت.

ساڵی ١٩٧٥ لەلایەن خالید مەجیدی هاورێی گیانی بەگیانییەوە بۆ ریزەکانی کۆمەڵە تەنزیم دەکرێت و باوەڕی تەواوی بە سیاسەت و بەرنامەی کۆمەڵەی مارکسی لینینی هەبوو. هەر بۆیە هەمیشە ئامادەی قوربانیدان بوو لە پێناوی بیروباوەڕەکەیدا و هەر لەو پێناوەشدا ژیانی بەخشی.

دوای کەشف بوونی هەڤاڵانی کۆمیتەی ئاگر لە ١٩٨١/١٠/١٧ و بەدیل گرتنی هەندێک لە هاوڕێکانی، وەکو شێخ دارا و فاروق و فەهمی، بۆ خۆپاراستن لەو شالاوە شەوان دەچووە ماڵە خزم و کەسوکار دەنوست، پاش مانگێک شەوێک دەزگا سیخوڕییەکەی رژێم هەڵیان کوتایە سەر ماڵمان و داوای ناسنامەیان لە هەموومان کرد و ماڵەکەیان دا بەسەریەکدا و هیچیان نەدۆزییەوە و رۆیشتن.

بۆ بەیانییەکەی شێخ جەوادی برامان ئاگادار کردەوە و ئەویش چوو بۆ ناوچەکانی سەرگەڵو بەرگەڵو، ماوەی نزیکەی دوو مانگێک لەوێ مایەوە و هەمیشە پرسیاری دەکرد، ئایا کەس هەواڵی پرسیوم یان هاتونەتەوە سەر ماڵمان؟ ئێمەش بە نەخێر وەڵاممان ئەدایەوە. بۆیە پێی وا دەبێت، کە ئیعترافی لەسەرنەکراوە و رێکخستنەکانی دەرەوەش هەر لەو باوەڕەدا دەبن، بۆیە تەکلیفی لێ دەکەن بگەڕێتەوە ناو شاری کەرکوک و شیرازەی رێکخستنەکانی بگرێتەوە.

دوای گەڕانەوەی چووەوە پەیمانگە و پانزە رۆژ دواتر دەزگای ئەمن هەڵیان کوتابووە سەر پەیمانگەکە و لە ١٩٨١/١٢/٢٢دا دەستگیریان کرد،

ئێمە لە کەرکوک هەوڵێکی زۆرمان دا بۆ سۆراخ کردنی بەداخەوە هیچمان دەست نەکەوت. دواتر وتیان هەڤاڵانی کۆمیتەی ئاگر گواستراونەتەوە بۆ زیندانی موصڵ. گوڵەباخ ئەنوەری براژنم، واتە خێزانی، چوو بۆ موسڵ و لەوێ چاوی بە ئەسعەد (شێخ دارا) کەوتبوو، ئەو پێی وتبوو، کە لە هەیئە پێکەوە بوین و دواتر دە کەسیان لێ جیا کردینەوە. ئەم دە کەسە فریا نەکەوتن محاکەمە بکرێن. ئیتر ئێمە هەر دەگەڕاین و هەر چاوەڕوانی خەبەرێکمان دەکرد. لەدوای دەستگیر کردنی شێخ جەوادی برامەوە، خێزانەکەمان توشی نەهامەتی و دڵەڕاوکێ بوین، رژێم ئێمەی بە ماڵە موخەریبەکە ناوئەبرد و هەمیشە ئێمەشیان لەژێر چاودێری وردا دانابوو.

باوکم دەرەنجامی ئەو خەمە گەورەیە و دیار ئاخربونی لە بینینەوەی رۆڵەکەی، نەخۆش کەوت و رۆژی ١٩٨٢/١٢/٦ بە داخ و کەسەرەوە سەری نایەوە.

جەنگی برام، دەرچوی ساڵی خوێندنی ١٩٨٣ - ١٩٨٤ ی ئامادەیی پیشەسازی کەرکوک بوو لە بەشی کارەبا. ئەو لە یەکەمەکان بوو. ناوی هاتەوە بۆ خوێندن لە مەعهەدی ئیتیصالاتی سلکی و لاسلکی لە بەغدا.

لە کاتی چاوپێکەوتندا، لیژنەی هەڵسەنگاندنی قوتابیانی پەیمانگە پێی دەڵێن: لەبەرئەوەی تۆ بەعسی نیت و براکەت موخەریب بووە، لە مەعهەد وەرناگیرێیت و دەبێت بچێتە سەربازی، ئەویش رێچکەی براکەی دەگرێت و دەچێتە تیپی ٢١ی کەرکوک لای بەڕێز حاکم سالار و دەبێتە پێشمەرگە و بەداخەوە رۆژی ١٩٨٤/٩/٥، کە یەکەم رۆژی جەژنی قوربان بوو لە زێی کڵێسەدا خنکا و دایکم دوای ماڵئاوایی کردنی باوکم و دوو برای جوانەمەرگم بە خەمی ئەوانەوە کەوتە سەر جێگا و لە ١٩٨٩/٥/١٣دا بە داخ و کەسەرێکی زۆرەوە سەری نایەوە و ئیتر رژێم لە ساڵی ١٩٨٥دا شەهادەی وەفاتی بۆ ناردین.

هە لەدوای کۆچی دوایی دایکم، رژێم تەرحیلی کردین بۆ ئۆردوگای زۆرەملێ (کەوڕگوسک) لە شاری هەولێر.
ئەم کارەساتەش هێندەی تر ناخی سوتاندین، کە هەرگیز لەیادیان ناکەین و ڕێگەی خەباتیشیان بەرنادەین.
بەرز و پیرۆز بێت یاد و یادەوەرییان. رۆحی پاکیان شاد بێت.

کاک خالید مەجید هاوڕێ و هاوخەباتی شەهید جەواد بەهادین (ناسراو بە شێخ جەواد شێخ بەهادین) و ئەڵێت: کەسایەتیەکی ئازیز و خۆشەویست و هێمن و شۆڕشگێڕ و ئازا و چاونەترس و بە ئیعتبیاری شاری کەرکوک بووە، لە ساڵی ١٩٥٦ لەدایک بووە، پەروەردەی دەستی خانەوادەیەکی تێکۆشەر و دڵسۆز و بەهەڵوێست و نیشتمان پەروەری شاری کەرکوکە، خێزاندارە و هاوژینەکەی ناوی خاتوو (گوڵەباخ) بوو، کچێکی ژیری لەدوای خۆی بەجێهێشتووە بە ناوی (دیلان)، ئێستا لە وڵاتی نەرویج دەژی.
شێخ جەواد لە ساڵی ١٩٧٣دا ئەندامی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بوو، و من لە ڕێگەی ئەوەوە بووم بە ئەندامی یەکێتی قوتابیان لە هەمان ساڵدا و لە ساڵی ١٩٧٤ دوای هەڵوەشاندنەوەی ڕێکەوتنی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ لەنێوان حکومەتی بەعسی دیکتاتۆر و بزوتنەوەی کوردایەتی خەباتی چەکداری دەستی پێکردەوە، بۆیە شێخ جەواد بڕیاری چوونە دەرەوە و بەرەنگاری هەڵبژارد لەگەڵ کۆمەڵێک لە هاوڕێیانی، لەوانە من (خالید مەجید)، جەودەت کەمال، حەبیب عوسمان، گەلێک هاوڕێی تر ناویانم لەبیر نەماوە، لە ئاغجەلەر و قەڵا سیوکە و شێخ ئاودالان و قەڵادزێ و ئۆردوگای خوێندکاران لە تەوێڵە و بیارە و سۆسەکان و دەگا شێخان پێکەوە بووین، وە لەدوای شکستەکەی ساڵی ١٩٧٥ دەگەڕێتەوە بۆ شاری کەرکوک و لە گەڕەکی ئیمام قاسم لەگەڵ ماڵی باوکی نیشتەجێ دەبێتەوە، دەست بە

خوێندن دەکاتەوە لە ئامادەیی ئەبو ئەیوب ئەلئەنساری شەوان و بە رۆژ بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیانی دەست بە کار دەکات، وەک زوربەی هاوڕێیانی شەشی ئامادەیی بە سەرکەوتوویی تەواو دەکات لە پەیمانگای تەکنیکی کەرکوک وەردەگیرێت.

لە ساڵی ١٩٧٥-١٩٧٦ لە ڕێگەی منەوە پەیوەندی بە ریزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستانەوە کرد، مرۆڤێکی وشیار و بەهەڵوێست و ئازا و چاونەترس بوو، جێی متمانەی هاوڕێکانی و دەوروبەری بوو، لە خەبات و تێکۆشان و کاری نهێنی، کەسایەتیەکی کۆمەڵایەتی بوو، لەڕووی ماددی و مەعنەوییەوە دەستی یارمەتی بۆ هەموو کەس درێژ دەکرد، سیما و سومبولێکی زۆر جوان و خۆشەویست و سەنگین بوو، هەمیشە ئامادەی قوربانیدان بوو.

بەداخەوە دوای ئاشکرابوونی کۆمیتەی ئاگر و دەستپێکردنی شالاوی گرتنەکان بۆ سەر ئەندامەکانی لە ١٩٨١/١٠/١٧ و لە ماوەیەکی کورتدا ٥٣ پەنجاو سێ کەس دەستگیر دەکرێن.


شێخ جەواد پێی وایە ئیعترافی لەسەرنەکراوە، بەڵام بۆ پاراستنی خۆی و دورکەوتنەوە لە بەر چاوی دەزگا جاسوسی و ئەمنیەکان بۆ ماوەی نزیکەی دوو مانگ دوردەکەوێتەوە، دەچێتە دەرەوە بۆ ناوچەی سەرگەڵو و بەرگەڵو، شەدەڵە و لە ڕێکخستنەکانی دەرەوە پێیان وایە ناوی نەدراوە، پێی دەڵێن و رای دەسپێرن بگەڕێتەوە شاری کەرکوک و دووبارە دەست بە کار و چالاکی بکاتەوە بۆ ڕێکخستنەوەی ریزەکانی کۆمیتەی ئاگر.

بەڵام بەداخەوە دوای ١٥ پانزە رۆژ لە هاتنەوەی بۆ شاری کەرکوک لە پەیمانگاکە رۆژی ١٩٨١/١٢/٢٢ دەستگیر دەکرێت.

شێخ جەواد، مرۆڤێکی ئازا و خۆڕاگر و جەسور بوو، زیندان و ئەشکەنجە و ئازار کۆڵی پێ نەدا و ناوی هیچ کەسێکی نەدا، بە شاهیدی من

و یەکێک لە هاوڕێکانی (سەید قادر سەید مستەفا) کە لە یەک شانەدا بوون لە ڕێکخستنەکانی کۆمیتەی ئاگردا.

لە ساڵی ١٩٨٥دا لە ئەمنی کەرامەوە، کاک شێخ ڕەوفی برای بانگ دەکەن و پێی دەڵێن جەوادی برات مەحکەمەی سەورە حوکمی لەسێدارەدانی بەسەردا داوە و جێبەجێ کراوە، نابێت پرسەی بۆ دابنێن و بە هیچ شێوەیەک قەرەباڵغی دروست نەکەن. زۆر بەداخەوە گەلێک ناخ هەژێنە.



**شەهید فەهمی ئەمین رەشید (مامۆستا فەهمی)**

٢٠١٢/١٠/١ کەرکوک

کاک وریا ئەمین وا باسی برا شەهیدبووەکەی دەکات و دەڵێت:

براکەم ساڵی ١٩٥٦ لە خێزانێکی نیشتمان پەروەری گەڕەکی عاشور لە کەرکوک لەدایک بووە و دەرچوی کۆلێجی ئیدارە و ئیقتیصادی زانکۆی سلێمانی بوو. ساڵی ١٩٧٩ لە (الشركة العامة لتوزيع المواد الأنشائية) دامەزرا.

براکەم، هەر لەسەرەتای ژیانیەوە هەستی نیشتمان پەروەری لە ناخیدا گەشەی کرد و بوو بە ئەندامی یەکێتی قوتابیانی کوردستان.

لە رێگەی مەلا محێدینەوە، ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندی کرد بە ریزەکانی رێکخستنی کۆمیتەی ئاگرەوە. فەهمی برام هەمیشە سەرقاڵ بوو، ئەو لەگەڵ جەنگی و فەرهاد و فاروق دا لە لیژنەی ئیغتیالاتی ناو شاردا بوو، کە مەلا محێدین بەرپرسیان بوو.

براکەم لەگەڵ هەڤاڵەکانیدا چالاکی زۆری کردووە. لەوانە: ناصر خالد

هەبوو مقاول بوو، خانوی بۆ ماڵە بەعسییەک دروست دەکرد و بۆی گێڕاینەوە، وتی:

رۆژێک (فلان) (ئەمن بوو) هەندێک شتی کڕی بوو، سندوقی سەیارەکەی کردبووەوە و خەریکی دەرهێنانی کەلوپەلەکان بوو. فەهمی و فاروق بە سەیارە کرۆناکەی فەهمی برام، کە باوکم وەک هەدیەی تەخەروج بۆی کڕیبوو، ئەگەنە سەری و سەیارەکەیان لە نزیکیەوە رائەگرن و فەهمی برام باوەش دەکات بە پیاوەکەدا و دەیکاتە سندوقی سەیارەکەیەوە و فاروقیش رومانەیەکی بۆ دادەنێت و بە سزای گەل و شۆڕشی دەگەیەنن.

لە کاتی مواجەهە کردنیدا ئەم بەسەرهاتەیم بۆ گێڕایەوە و ئەو دەستی کرد بە پێکەنین و وتی وەڵلا راستە.

رۆژی ١٩٨١/١٠/١٥ لەمیعەی خوشکم و دایکم دەیانەوێت بچن بۆ ئۆرزدی، ئەویش پێیان دەڵێت، تۆزێک چاوەڕێم بکەن من دەتانگەیانم.

ئەو دەڕواتە دەرەوە و وەک لەدواییدا بۆیان گێڕاینەوە، فەهمی کۆمەڵێک بەیاننامە و بڵاوکراوە لە (فلان) وەردەگرێت و لەو کاتەدا ئەمنێک لەبەر دوکانی جەمالی حەلاق دا وەستاوە و ئەم دیمەنە دەبینێت و بە پەلە سواری سەیارەکەی خۆی دەبێت و دوای سەیارەکەی فەهمی دەکەوێت و دیارە بە پەلەش خەبەری داوە بە ئەمن و ئیستخبارات. فەهمی دەگەڕێتەوە ماڵەوە، دەچێت دایکم و لەمیعەی خوشکم دەبات و لەبەردەم ئۆرزدیدا دایان دەبەزێنێت و دەیەوێت بڕوات و لە هەر چوار لاوە دەوری دەگیرێت و سواری سەیارەیەکی دەکەن و ئەمنێکیش هەر بە کرۆناکەی فەهمی برام، کە مۆدێلی ساڵی ١٩٨٠ بوو بە ژمارە ١٤٢٨ی کەرکوک دوایان دەکەوێت. ئەمە رۆژی عارفەی جەژنی قوربان بوو.

دوای براکەم فاروق و مەقصودیش دەگیرێن و پاشان فەرهاد لە ١٧\١٨/١٠/١٩٨١دا دەستگیر دەکرێت.

ئیتر بردبویانن بۆ ئەمنی کەرامە و دواتر بۆ مودیریەتی ئەمنی کەرکوک. زۆرمان هەوڵ بۆ دا و بەرتیلی باشمان دا و واستەی گەورەمان کرد. دەنگیان نەبوو، دواجار هەواڵمان بیست ئەمانە لە سجنی موصڵن و دەتوانن بچن بۆ مواجەهەیان، ئیتر تا ماوەی ساڵێک بەردەوام مانگی دووجار سەری مانگ و (١٥) مانگ دەچوینە مواجەهەی.

جارێک ئەوەمان بیست، کە حکومەت بە بۆنەی جەژنەوە عەفوات دەردەکات، هەموان دڵخۆش بوین و ماڵ و منالمان برد و چوینە مواجەهەی. وتمان ئێمە ئەم چوار رۆژە لە موصڵ دەمێنینەوە و هەموو سەرلەبەیانیەک دێینە مواجەهەت (لە جەژنان دا مواجەهە کراوە بوو).

فەهمی وتی: ئێوە بڕۆنەوە با منالەکان هیلاک نەبن و دوای جەژن ئازاد دەکرێین. چونکە ئەوان لە رۆژانی جەژن و عوتڵەکان دا هیچ کارێک ناکەن. دڵمان بە قسەی فەهمی ئاوی نەخواردەوە و چوینە لای مودیری ئەمن، وتمان: ئێمە دەمانەوێت پێکەوە بڕۆینەوە، مودیر وتی: عەفواتیان بۆ دەرچووە، بەڵام ئێمە ناتوانین هیچ ئیجرائاتێکیان بۆبکەین، تا کتابی رەسمیمان بۆ نەیەت و ئێستاش عوتڵەیە. هەر کاتێک کتابمان بۆهات ئێمەش ئیجرائاتی خۆمان دەکەین و گەڕاینەوە.

زۆرمان چاوەڕێ کرد و دەنگ نەبوو.

من ناوم هاتبۆوە بۆ چونە سەربازی و دەبوایە بڕۆیشتمایە. دایکم وتی: رۆڵە بە رۆژێک هیچ نابێت و بەیانی مواجەهەیە و وەرە با لەکیست نەچێت. وتم باشە و پێکەوە چوین بۆ موصڵ و گەیشتینە بەردەرگای سجنەکە و وتیان رێگەی چونە ژوورەوەتان نادەین. خەڵکەکە هەمووی هاتبوو، نوێنەرمان نارده لای مودیری سجن. ئەویش وەڵامی دابونەوە و وتبوی: ئەمانە مواجەهەیان نەماوە.

ئنجا بە نائومێدی گەڕاینەوە و کەوتینەوە رەشوەدان و واستە کردن.

لەڕێی ناسیاوێکەوە ئەبو خەولەمان پەیدا کرد، کە رەشوە بدەین و فەهمی ئازاد بکات. رەشوەکەی لێ وەرگرتین. دواتر جوابی بۆ ناردین کە دوای مواجەهەی ١٠/١٥ بە دوو وەجبە لە نیوە شەودا بردویانن. دواتر لە سۆراخ کردن بێ ئومێد نەبوین و ئیتر ئەوەمان بیست کە لە سجنی ئەبوغرێبن.

کاک خالید، کە ئێستا ئەندام کۆمیتەی ئیمام قاسمە، ئەوکاتە لە ئەبوغرێب سجن بووبوو. کە کەسوکاری چووبوون بۆ مواجەهەی پێی وتبوون ئەم دوو وەجبەیەیان لە ماوەی دوو شەودا بە بڕیاری مەحکەمەی سەورە ئیعدام و گوللەباران کردون. خالید وتبوی عەبدولقادر بەکر قادر قەمیسەکەی خۆی داوە بە من و وتویەتی ئەمە یادگاری منە با لات بێت.

هەزاران سڵاو لە رۆحی شەهیدانی کۆمیتەی ئاگر و هەموو شەهیدانی کوردستان.



**شەهید قارەمان کاکە مەند**

کاک مەلا سامان، خاڵی شەهیدە و دەڵێت:

قارەمان ساڵی ١٩٦٣ لە شاری کەرکوک لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو لەدایک بووە. دەرچوی قۆناغی ئامادەیی پیشەسازیی کەرکوکە.

قارەمان چاوساغی پێشمەرگە بووە و ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندی کردوە بە کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە لە رێگای مامۆستا رەشادی خاڵیەوە.

قارەمان لاوێکی ئازا و زیرەک و بوێر بوو، هیچ کات سڵی لە دوژمن نەکردۆتەوە.

رۆڵێکی گرنگی هەبوو لە هوشیار کردنەوەی لاوان و خوێندکاران بۆیە چەندین لاوی خوێن گەرمی هێناوەتە ناو ریزەکانی رێکخستنی کۆمیتەی ئاگرەوە.

بەشداری چالاکیەکانی ناو شاری کەرکوکی کردووە لەگەڵ خاڵ و هاورێ و هەڤاڵەکانی دا.

پاش ئاشکرا بونی کۆمیتەی ئاگر لە رۆژی ١٩٨١/١٠/١٧ لە گەرەکی چایخانەی حەسیرەکە لەلایەن ئەمنی کەرامەوە دەستگیر کرا. پاش

ئەشکەنجەدانێکی زۆر و لێدان و کارەبا و بتڵ و هەڵواسین هیچی بۆ دوژمن نەدرکاند، کە سودی لێ وەرگرن. بۆیە لە مەحکەمەی سەورە حوکمی ئیعدامی بەسەردا سەپێنرا.

لە ١٩٨٣/٧/٩ لە قەسابخانەی ئەبوغرێب لەسێدارە دران لەگەڵ کۆمەڵێک رۆڵەی قارەمانی ئەم گەلە.

هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی ئەم پۆلە شەهیدە و گشت شەهیدانی رێگای رزگاری کوردستان.



**حەسەن محەمەد قادر**

٢٠٢١/١٠/٨ ئوسترالیا

کاک حەسەن، برای کاک عەلادینی زینـدانی سیاسـییە و رێکەوتـی ١٩٥٧/١٠/١ لە گەڕەکی ئیمام قاسم لە شاری کەرکوک لەدایک بووە و دەرچوی پەیمانگەی تەکنەلۆجی کەرکوک بەشی میکانیکە بۆ ساڵی خوێندنی ١٩٨٠-١٩٨١ و ئێستا لە ئوسترالیا نیشتەجێیە و دەڵێت:

من هەر لە سەرەتای هەرزەکاریمەوە خولیای کاری ڕێکخراوەیی بووم و لە یەکێتی قوتابیانی کوردستانەوە دەستم پێ کرد و هەر لە قۆناغی خوێندنی ناوەندی دا بوم، کە پەیوەندیم کرد بە یەکێتی قوتابیانی کوردستانەوە.

لەسەرەتای ساڵی ١٩٧٤دا وەکو زوربەی خەڵک پەیوەندیم بە شۆڕشەوە کرد. بەڵام دوای هەرەس منیش وەک عایدون گەڕامەوە و چومەوە قوتابخانە.

من لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٦دا لە ڕێگەی نورەدینەوە کە هاوپۆل بوین تەنزیم کرام بۆ ریزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و دواتر منیان خستە لای فەهمی ئەمین.

ساڵی ١٩٧٩ عەلادینی کاکم تەنزیم کرد، ئەو نائیب زابت بوو، هەروەها من خۆم ئەم شانەیەم تەنزیم کرد و وەکو ئەڵقەی ڕۆشنبیریش پەیوەست

بووم بە شانەیەکی ترەوە کە عادل نامق (خوێندکاری زانکۆی تەکنەلۆجی بەغدا بوو) سەرپەرشتی دەکردین، شانەکە زۆر چالاک بوو، چالاکییان لە سنوری شۆرجە دەکرد و چەند جارێک داوای نارنجۆکی لێ دەکردم بۆ تەقاندنەوەی مەفرەزەکەی (فلان)، بەڵام کارەکەیان بۆ نەگونجاو نارنجۆکەکەیان بۆ گەڕاندمەوە.

من سەرباز بووم و کە بە ئیجازە هاتمەوە بۆ کەرکوک نەمزانیبوو هەڤاڵانی کۆمیتەی ئاگر کەشف بوون و هەندێکیان دەستگیر کرابون و هەندێکی تریان چوبونە دەرەوە و پەیوەندییان بە ریزەکانی پێشمەرگەوە کردبوو.

وەک وتم ئەوکاتە من پەیوەندیم بە فەهمی ئەمینەوە هەبوو، ڕۆژێک دوای هاتنەوەم، کە ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ١٩٨١/١٠/٢٣ بوو چوم بۆ ماڵی کاکە عەلائەدینم، کە لە خانووە کۆنەکەی باوکم دادەنیشت و کرێچیەکیان هەبوو ناوی (فلان) بوو، کە پیاوی بەعس بوو، (ئێمە دواتر زانیمان کە پیاوی بەعسە). هەر کە من چومە ماڵی کاکم یەکسەر چووبوو بۆ چایخانەکەی (فلان) کە ئەویش سەر بە بەعس بووبوو، تەلەفۆنی بۆ ئەمن کردبوو، من لە ماڵی کاکم هاتمە دەرەوە و خواحافیزم کرد و چوومە دوکانەکەی باوکم، کە هەر ڕاستەوخۆ لەناو بازاڕەکەدا بوو، هەندێک لای دانیشتم و بە باوکم وت: هیچت ناوێ دەڕۆمەوە ماڵەوە، ئەمە کاتژمێر ١٠.٣٠ دەقیقەی بەیانی بوو. یەکسەر لەپشتەوە قۆڵبەستیان کردم و کردیانمە سەیارەکە و برام بۆ ئەمنی کەرامە، کە لەلای فولکەکەی سینەما خیامەوە بوو، دایان بەزاندم و بردیانمە ژورێکەوە کابرایەک دانیشتبوو، وتی بیبەن بۆ ئەمنی گەورە، کە لەلای تەربیەوە بوو، چاویان بەستمەوە و بردیانم بۆ ئەوێ، لەناکاو زللەیەکیان لێ دام و پێم وابوو ئەوە دەستی ئاسایی نەبوو، بەڵکو ئەمە دەستێکی گەورە بوو وەکو بڵێی بە خاکەناس پیایاندا کێشابم. یەکسەر ساردابیەک بە گوێم دا

هـاتە خـوارەوە وای بۆچـوم کە ئەمە خـوێنە. دوای ئەوە بردیـانمە ژووری تەحقیق، هەرچیەکیان لێ پرسیم ئینکاریم لێ کرد. ئیتر کەوتنە شەق تێ هەڵدان و زللە لێ دان و تەزوی کارەبایان لە جەستەم دەدا. پێم وابوو، کە بە زیاتر لە پێنج کەس لێم دەدەن. وتیان بڕۆن (فلان) بهێنن، چاومیان کردەوە مەلا محێدین بوو، وتیان ئەمە دەناسیت؟ وتم: تەنها بە بینین بینیومە و نایناسم. دواتر (فلان)یان هێنا ئەو یەکسەر وتی: ئەم پیاوە پەیوەندی بە منەوە هەبووە، منیش نکۆڵیم لێ کرد، وتم تەنها خەڵکی گەڕەکێکین و هیچ شتێک نامانبەستێتەوە بەیەکەوە.

ئیتر هەرچی بەڵگەی کۆبونەوەکان هەبوو هەمویان پیشان دام و تەنانەت ناوی کاک عەلادینی برام و سیروان ئەحمەد قادری ئامۆزاشمیان هێنا. من هەر ئینکاریم دەکرد و دوای تەعزیبێکی زۆر و بە هیلاک بردنم وتم، بەڵێ تەنها خۆم پەیوەندیم پێیانەوە هەبووە و من کەسی تر ناناسم، وتیان ئەی پەیوەندیت بە عەلادینەوە هەبووە؟ من هەرچییەکم وت لێیان وەرنەگرتم، دیسان بۆ شەوەکەی منیان بردەوە بۆ تەحقیق، کە عەلادینی برامیان هێنابوو، وتیان ئەوە عەلادین دەڵێت: من و براکەم تەنها چەند جارێک پێکەوە باسی کورد و چەوسانەوەیمان کردووە.

هەر لەسەرەتای گرتنمەوە بە هیچ شێوەیەک باسی ئەو شانەیەم نەکردبوو، کە لە شۆریجە هەمانبوو، کە عادل نامق سەرشانەمان بوو. بەڵام عادل نامیق لە ترسی خۆی ماوەیەک زانکۆی بەجێ هێشتبوو چووبووە دەرەوە و دواتر هاتبووەوە بۆ زانکۆ و بەردەوام بووبوو لەسەر خوێندنەکەی.

من بەو زللەیەی لە گوێمیان دابوو رۆژ بە رۆژ باری تەندروستیم بەرەو خراپ و خراپتر دەچوو، چونکە پەردەی گوێمیان تەقاندبوو، وای لێ کردم کە سەریشم ئاوسابوو، و ئازارێکی زۆرم هەبوو، تەنها ئەوەندەم دەزانی کە

له ژورەکـانی هەیـئەی خاصــەی کەرکـوکم، له ژورێکـی (٣ X ٥ م)دا بیسـت کەس زیاتری تیابوو، جاری وا هەبوو حەرەسـەکان هەر به بیانوی ناڕەوادار کاری و ئیهانەیان دەکردین.

هەموومــان له قەفەســی ئیتهامــدا بــوین بەرامــبەر دادوەر وەســتابوین. ئیعترافی کەسەکانیان خوێندەوه و هاته سەر من وتی: تۆ وتوته من باسم له چەوساندنەوەی میللەتەکەمان کردووە، وتم: بەڵێ نمونه زۆرن.

که ئۆدوگــای زۆرەملێتــان کــردۆتەوه و کوردتــان تەلبەنــد کــردووه و دەستان داوەته تەهجیر و تەعریب و تەبعیس بۆ مەرامه سیاسیەکانی خۆتان.

دواتر دادگا به ١٥ پانزه ساڵ زیندانیی حوکمی دام و دوای ئەوه رەوانەی سجنی ئەبوغرێب کرام، بەڵام باش بوو ساڵ وەرنەگەڕا به عەفواتی ساڵی ١٩٨٢ ئـازاد کـراین و گەڕامەوه مـاڵەوه و دوای دوو رۆژ پەیوەنـدیم کـرد به هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوه.



**سامی عەبدولمەجید غەفار**

**(سامی هەورامی)**

٢٠٢٢/٣/١٥ کەرکوک

کاک سامی، ساڵی ١٩٥٠ لە هەورامانی رۆژهەڵاتی کوردستان لەدایک بووە و هەر زوو بە خێزانەوە هاتونەتە کەرکوک و دە سەر خێزان بون و دەڵێت:

ئازادی برام، ساڵی ١٩٧٢ کە هێشتا لە بەهاری تەمەنی دا بوو پەیوەندی کرد بە کۆمەڵەی مارکسی – لینینی یەوە، ساڵی ١٩٧٤ وەکو هەزاران کەسی دیکە چووە دەرەوە. پاش ئاشبەتاڵ و هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێ بە رابەرایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بەشێک لە سەرکردە و هەڤاڵەکانی کۆمەڵە چونە دەرەوە.

رژێمی بەعس تا ساڵی ١٩٧٦ سڕ بووبوو، چونکە هەرگیز وای بۆ نەدەچوو، کە کورد بتوانێت جارێکی تر هەستێتەوە و دوژمن بخاتەوە لەرزە،

ئەحمەد حەسەن بەکر دەیووت: هەر کاتێ دارخورما لەسەر شاخەکانی کوردستان روا، ئەوکاتە چەکداری کورد لە چیاکانی شیمالی عیراق دا دروست دەبنەوە.

کاتێک رژێم زانی بەشێک لە سەرکردە و کادرانی کۆمەڵە چونەتە دەرەوە بۆ پێشمەرگایەتی ویستی لە رێگەی دەستگیرکردنی کەس و کاریانەوە تۆڵەیان لێ بکاتەوە و کەس و کار ناچار بکەن پێشمەرگەکانیان تەسلیم بکەنەوە.

کاک سامی دەڵێت:

ماڵی ئێمە ساڵی ١٩٧٧ بە خاوو خێزانەوە جگە لە دوو خوشکم، کە لە ماڵ نەبوون دەستگیر کراین و براین بۆ ئەمنی کەرامە و دواتر بۆ ئەمنی کەرکوک و پاشان لە رێگەی پۆلیسی کەرکوکەوە رەوانەی بەغدا و دواتر بەسرە کراین.

ئێمە کە لە بەسرە بوین، حەمەی سانیە، کە جێی برِوای کاک ئازادی برام بوو سەردانی دەکردین و هاوکاری دارایی دەکردین و پارەی ئەدامێ کە دابەشی بکەم بەسەر ئەو ماڵانەی کە کوڕیان لە ریزەکانی رێکخستنی کۆمەڵەدا بوون.


ئیتر من لە زیندان لە رێگەی مامۆستا محەمەد حەسەن (حەمەی سانیە)وە تەنزیم کرام بۆ ریزەکانی رێکخستنی کۆمەڵە. منیش توانیم ئەحمەد عەبدولڕەحمان عومەر (ئەحمەد گوڵە) ئەو گەچکار بوو ماڵیان لە گەڕەکی زێویە بوو. (ئەو پاشتر بوو بە پێشمەرگە بە ناوی (هاوار) و لە داستانی حەمک دا شەهید بوو) و سەلاح سەعید کاکی، کە پێمان دەوت سەلاحی کاشی، چونکە ئیشی کاشی دەکرد، تەنزیم بکەم.

پاش ئازاد بونمان لە زیندان بەردەوام بوین لەسەر کۆبونەوە و جارێک بیستمان کاک ئازادی برام هاتۆتە چەمی سورقاوشان و چوینە لای و لەوێ بێستون عەسکەریشمان بینی. پێم وتن ئێمە دەمانەوێت لە کەرکوک

مەفرەزەی پێشمەرگەمان هەبێت و پێویستمان بە چەکە. بێستون وتی: من هەوڵ دەدەم چەکتان بۆ دابین بکەم، و گەڕاینەوە.

پاشماوەیەک ئێوارەیەک لە دوکانی وێنەگرێک دانیشتبوین کەسێک هاتە ژوورەوە و پرسیاری منی کرد و وتی ئیشم پێتە. چوینە دەرەوە و خۆی پێ ناساندم و دڵنیابووم کە لەلایەن بێستونەوە هاتووە و دەمانچەی بۆ هێناوم. بەهەر شێوەیەک بوو زەرفەکەم لێ وەرگرت و دەمانچەکە، دەمانچەیەکی میکاروف بوو، لەگەڵ دوو شانەی پڕ فیشەک و نارنجۆکێک.

دەمانچەکەم برد بۆ ماڵی ئەحمەد گوڵە. ئەوان خانویەکی چۆڵیشیان هەبوو لە نزیک خاسە. چوین چاڵمان بۆ هەڵکەند و دەمانچە و فیشەک و نارنجۆکەکەمان تیا شاردەوە و هەرکاتێک پێویستمان بوایە بە وریاییەوە دەرمان دەهێنا. دیسان ماڵی ئێمە دەستگیرکراین و ئەو بابەتی دەستگیر کردنە لە کتێبی ئازاد هەورامی کەرکوکییەکی کوردستانی، سلێمانی، ساڵی ١٩٨٨، لە نوسین و ئامادەکردنی هەڤاڵ ئەمیرە محەمەددا بڵاو کراوەتەوە و پێویست ناکات دووبارە باسی بکەینەوە.




ئێمە لە تەسفیراتی بەغداوە رەوانەی سجنی بەغدا کراین و شێخ جەواد بەهادین رۆژێک هات بۆ مواجەهەمان و وتی: بەشێک لە هەڤاڵانمان کەشف بون و دەستگیر کراون، وتم ئەی ناوی تۆ نەدراوە، وتی ئەوەتا تائێستا دەستگیر نەکراوم و متمانەم بە هەڤاڵەکانم هەیە، زۆرم لەگەڵ وت کە بچێتە دەرەوە خۆیی و رێکخستنەکانی

تریش بپارێزێت، بەڵام ئەو هەر پاساوی دەهێنایەوە بۆ دەرنەچوون.

دوای ئەوە کاکە مەد سەردانی کردین و هەواڵی دەستگیرکردنی شێخ جەوادی پێ دام. وتم، ئەوا من لە سجندام و ئێوە ئاگاتان لە خۆتان بێت و بچنە دەرەوە.

دواتر زانیم ئەحمەد گوڵە (هاوار) چۆتە دەرەوە و لە کەرتی چواری جەباری بۆتە پێشمەرگە.

دوای ئازاد کردنمان گەڕاینەوە کەرکوک و من شەش رۆژ خۆم شاردەوە و پەیوەندیم لەگەڵ کاکە مەد و حەسەن قەساب دا کرد و ئەوان رێگەی دەربازبونیان بۆ پەیدا کردم. من و سەلاح یان برد بۆ سلێمانی و لەوێوە سەیارەیان بۆ گرتین چوینە مەرگە و پاشان من و سەلاح بوینە پێشمەرگە لە سنوری هێزەکانی پارێزگاریی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان.

دوای ئێمەش کاکەمەد بەرەو سنوری تیپی ٢١ی کەرکوک چووبوو.

ئەمەویت لێرەدا باسی قارەمانێتی و خۆڕاگریی عەبدولقادر بەکر قادر و شێخ جەواد بکەم، کە سەرەڕای ئەو ئازار و ئەشکەنجەیەی کە دەدران ناوی من و ئەحمەد گوڵە و وەستا صەلاحی کاشی و کاکەمەدیان نەدا، کە ئێمە پەیوەندیمان بە رێکخستنەوە هەبێت، لە کاتێکدا هەردوو ناوبراو بەرپرسمان بوون.



**سەعدوڵڵا ئەحمەد عەزیز (ئەستێرە)**

٢٠٢١/١٠/٧

کاک سەعدوڵڵا، ساڵی ١٩٥٤ لە دێی تەیمەزاوای و سەر بە شاری کەرکوک لەدایک بووە و هەر لە پۆلی دووی ناوەندییەوە لە ڕێگەی ڕەمەزانی ئامۆزایەوە پەیوەندی کردووە بە ڕیزەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستانەوە و دەڵێت:

لەدوای بەیانی ١١ی ئازاری ١٩٧٠-ەوە بوم بە سەرپەرشتیاری یەکێتی قوتابیانی ناوەندیی ئیمام قاسم بۆ ماوەی یەک ساڵ، دواتر بوم بە ئەندامی پارتی. بەڵام برادەران رەخنەی زۆریان لێ گرتم و وتیان: تۆ براکەت جەلالیە، بۆیە منیش لە ساڵی ١٩٧٦دا لە ڕێگەی مامۆستا ڕەفیق (شەهید)ەوە پەیوەندیم کرد بە ڕیزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە و لەگەڵ کاک غەفور ئاغجەلەریدا بووم تا شەهید کردنی. پاشان لە ڕێگەی حەسەن حەمە عەلی (شەهید)ەوە پەیوەندیم کرد بە لیژنەی ڕێکخستنی شاری کەرکوکەوە، ئەوکاتە سیروان تاڵەبانی (شەهید) سەرپەرشتی ڕێکخستنەکانی شاری

کەرکوکی دەکرد، دوای چونە دەرەوەی ئەو، کاک ئازاد هەورامی بوو بە مەسئول و پاشان ئەویش لە مانگی ١٩٧٦/١٠دا پەیوەندی کرد بە هێزی پێشمەرگەوە. ئنجا کاک ئەحمەد کرێکار سەرپەرشتی کردنەکەی کەوتە ئەستۆ و دواتر ناوەکەیان گۆڕی بۆ کۆمیتەی ئاگر و کاک ئەحمەد چەند لیژنەیەکی دانا کە هەر لیژنەیەی چەند مەفرەزەیەکی سەربازیی هەبوو. هەرچەندە پێشتر مامۆستا محەمەد حەسەن دوو لیژنەی پێکهێنابوو (ژنان و خوێندکاران) و لیژنەی سەربازیشی هەبوو، لە ئەندامە دیارەکانی خالیدی پەرستیار و سوارە کەمال بوون.

لەو لیژنانەی، کە ئەحمەد کرێکار دروستی کردبوون، من ئەندامی مەفرەزەیەکی سەربازی لیژنەی ئیمام قاسم بوم کە مەلا محێدین سەرپەرشتی هەردوو مەفرەزەکەی دەکرد و کاک ئەحمەد خۆی سەرپەرشتی هەمووانی دەکرد.

من لەگەڵ مامۆستا رەشاد و حەسەن حەمە عەلی دا چەندین چالاکی سەربازیمان لەناو شاری کەرکوکدا ئەنجام داوە، ئێمە زۆر ورە بەرز و چاونەترس بووین. چالاکیەکانمان هێندە زۆر بوون، کە لەلای حکومەت کەشف بووبووین. بەڵام چاوەڕوانی ئەکرد، تا وردە وردە هەموو خەت و شانەیەکی رێکخستنی بناسێت و ئەوەبوو شاڵاوی گرتنی لە ١٩٨١/١٠/١٧دا دەست پێ کرد و ژمارەیەکی زۆری لە هەڤاڵان دەست گیر کرد و دە کەسیان حوکمی ئیعدامیان بەسەردا سەپێنرا و بەشێکیان بێ سەروشوێن کران هەندێکیشمان حوکمی زیندانییمان بەسەردا درا بۆ ماوەی جیاواز و چوار کەسیشیان تەبریە کرد.

من ئەوکاتە لە دائیرەی ئیسکان و تەعمیر بوم، ١٩٨١/١٠/٢٠ دەستگیر کرام و برام بۆ دائیرەی ئەمن و ئەشکەنجەیەکی زۆر درام، بەڵام رژێم هیچ سودێکی لە زانیاریی من وەرنەگرت. پاش چەند رۆژێک گواسترامەوە بۆ هەیئەی خاصە لەگەڵ دوو هاوڕێی دیکەم بە ناوەکانی عەصریە و ئەحمەدە

سـووور، که دوای ئـازاد کردنـی چـووه دەرەوە و بـوو بە پێشـمەرگە و بەداخەوە لە شەڕی (تەپەلو)دا شەهید کرا.

لە هەیئەی خاصە ڕۆژێک هەڤالانی کۆمیتەی ئاگرم بینی. شەو حەسەن محەمەد عەلی هاتە لام و پرسیاری لێ کردم کە ئایا ناوی کەسم داوە؟ وتم: نەخێر بە هیچ جۆرێک ناوی کەسم نەداوە، ئەویش وتی: من لەسەر تۆ هەر ئەوەم وتووە، کە تەنها دینارێکی وەکو هاوکاری داوە و منیش دواتر لێم پرسی، هیچ ئیعترافێک ناکەیت؟ وتی: نەخێر.

ڕۆژانە ئەوانەی فەرمانبەری حکومەت بوین بە تایبەتی ئەشکەنجەی بێ وێنەیان ئەداین و ئەیانووت:

حکومەت، باوکی میللەتە و دایمەزراندون و موچەی باشتان دەداتێ، ئیتر چۆن خیانەتی لێ دەکەن؟

من ناوی نهێنیم ئەستێرە بوو، حاکم پرسیاری تری لێ کردم وتی: تۆ ئەستێرەیت؟

وتم: نەخێر، دواتر حاکم پرسیارێکی تری لێ کردم، وتی، دایک، باوک، خوشک و برات هەیە؟ وتم: نەخێر، وتی: کەواتە لە کونە دیوارەوە لەدایک بویت!!.

لە کاتی دادگاییشدا ئەوانەی ناویانم لەیاد مابێت، ئەمانەم لەگەڵ بون، جەلالە ڕەش، موحسین، عومەر قادر، فایەق عومەر ڕەسوڵ، سەید حەسەن، ئەحمەد قەمبەر، نامیق، سەردار سەعید، نەوزاد بابان، ڕەنجەی موهەندیس و مام حەمید و زۆری تر.

دوای ئەوەش بڕیاریان دا بە حیجزی ئەموالی مەنقولە و غێر مەنقولەمان. ئێمەی زیندانیی کراو لە ساڵی ١٩٨٢دا، بە عەفواتی عام ئازاد کراین.

دوای ئازاد کردنم دیسان کەوتمەوە خەبات کردن لە ریزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دا و تا سێ ساڵ لەمەوبەر بەردەوام بووم ئێستا بەهۆی ئەوەی جەڵتەی مێشک لێی داوم لەماڵەوە کەوتووم.

هەزاران سڵاو بۆ ڕۆحی پاکی شەهیدان.

## هوشیار مەلا عەبدولڕەحمان

## (هوشیاری مەلا عەبدولڕەحمانی ئاوبارە)

٢٠٢٢/٢/٥ کەرکوک

کاک هوشیار ساڵی ١٩٥٦ لە شاری کەرکوک لەدایک بووە و دەڵێت:

من سەرەتای مانگی ١٩٧٦/٦ لە ڕێگەی خالد مەجید ساڵحەوە تەنزیم کرام بۆ ریزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی مارکسیی - لینینی، ئەوسا من خوێندکاری پۆلی چواری ئامادەیی بووم، لە ئامادەیی ئەبو ئەیوب ئەلئەنساری. ئەوکاتە موفاتەحە کردن کارێکی زۆر قورس و مەترسیدار بوو، بەڵام بارودۆخی ماڵی ئێمە تایبەت بوو، باوکم هەمیشە لەژێر چاودێری دائیرەی ئەمنی کەرکوکدا بوو، چونکە ئەو یەکێک بوو لە کەسە دیارەکانی باڵی مەکتەبی سیاسی و چووبووە هەمەدان، هەر بەو هۆیەشەوە خالید لە منی رابینیوە کە لێم نزیک بێتەوە و داوای ئەوەم لێ بکات پەیوەندی بکەم بە ریزەکانی کۆمەڵەوە. ئیتر دەستمان کرد بە کاری ڕێکخستنی نهێنی و کۆبونەوەکانمان لە ماڵی خۆمان و هەندێک جاریش لە ماڵی شێخ جەواد لە گەڕەکی ئیمام قاسم دەکرد. تا ماوەی ساڵێک کۆبونەوە و نوسینەوەی ئەو بڵاوکراوانەی دەگەیشتە دەستمان تا بیگەیەننە شانە و هێڵەکانی تر، کاری من بوو. ئیتر پاش ساڵەکە من توانیم شانەیەکی سێ کەسی لە هاوڕێکانم دروست بکەم، محەمەد ئەحمەد رەحیم (ئامانج) ناسراویش بوو بە (محەمەد کەبابچی)، صەدرەدین وەستا فەخرەدین (شەهید) و غازی قادر.

ساڵی ١٩٧٩ هێشتا هەر لەگەڵ هاوڕێ خالید مەجید و شێخ جەواد پێکەوە کۆبونەوەمان دەکرد، ڕۆژێک ویستم لیفەیەک لەسەر کانتۆرەکە داگرم

هەندێک بڵاو کراوەم بینی لەوانە یەکێتیی نیشتمانی بۆچی؟ کە هەموی بە رۆنیۆ چاپ کرابوون. ئەوە یەکەمجار بوو کە بڵاوکراوەیەکی کۆمەڵە بە چاپکراوی ببینم. دوای ئەوە ئیتر هەمیشە عەودالّی ئەوەبووم کون و قوژبنی ماڵەکە بگەڕێم، بەڵکو ئەمە خوایە بڵاوکراوەیەکی تر بدۆزمەوە. دایکم لێی دەپرسیم ئەریّ رۆڵە بەدوای چیدا دەگەڕێیت و چیت بزر کردووە؟

شەوێک باوکم بانگی کردم و وتی: ئەریّ رۆڵە بەدوای چیدا دەگەڕێیت، تۆ ماوەیەکە زۆر سەرقاڵیت و برادەرت دێنێتە ماڵەوە دەڵێی دەرس دەخوێنین. بەڵام من ئەزانم کە ئێوە کۆبونەوە دەکەن و تۆش بڵاوکراوەکانی منت فەوتاندووە. ئیتر هیچی تیا نەما و لەیەکتر ئاشکرا بوین. باوکم پرسی چەند کەس دەناسی؟ وتم تەنها ئەو دوانەی دێنە ماڵمان، ئەو خالیدی باش دەناسی چونکە دراوسێی کۆن بوین، ئینجا پێی وتم: کورم واز لەو دوانە بێنە، من هێشتا ئەمن چاودێریم دەکات و منالّم وردە، ئەو داوایەم زۆر لا قورس بوو چونکە ئەو سەردەمە کۆمەڵە بوون پیرۆز بوو. هەموومان ئێواران دەچوینە باخچەی (أم الربيعين) و کۆدەبوینەوە، بێ ئەوەی بە ئاشکرا بڵێین ئێمە کۆمەڵەین و بەروی یەکترماندا نەدەدا. هەروەها مونافەسە بوو لە چوون بۆ کتێبخانەی ئاسۆ و کتێب کڕین. بەڵام چارم ناچار بوو وازم لەو دوو هاوڕێیەی خۆم هێنا.

ساڵی ١٩٨٠ ئەحمەدی برام ناسراوبە سەرتیپ ویستی بچێتە دەرەوە بۆ پێشمەرگایەتی، جاران لە دەرەوە کەسیان وەرنەدەگرت گەر تەزکیەی کەسێک، ئۆرگانێکی پێ نەبووایە. ئیتر باوکم نوسراوێکی پشتگیری لە کۆمیتەی ئاگرەوە بۆ کردم و منیش نوسراوەکەم برد و چومە گوندی مەحمەخان و چەند رۆژێک مامەوە تا کەرتێکی هەرێمی دوو هات، کە حەمید (پشتیوان) (شەهید) ئامر کەرتیان بوو، هاتنە گوندەکە و ئێوارە کۆبونەوەیان بە خەڵکی گوندەکە کرد و من زوربەی پێشمەرگەکانم دەناسی لەوانە

مامۆستا شێرکۆ عەسکەری و سالار بۆگدی و .. لە کۆتایی کۆبونەوەکەدا سالار بۆگدیم جیا کردەوە و نوسراوەکەم دایە، دوای گەڕانەوەم بۆ کەرکوک ئەمنەکان هەراسانیان دەکردین و من خۆم زۆر بە شەرمەزاری لای هاوڕێکانم دەزانی. ئێواران ئەمنێک تەرخان کرابوو بۆ چاودێری خۆم، کە لە حەدیقەی قەڵاوە لەناو سەیارەی تێمس لەگەڵما سواردەبوو تا دەگەیشتمە ئامادەیی ئەصمەعی لە رێگەی بەغدا و لە کاتی گەڕانەوەشمدا تا ماڵەوە هەمان کەس چاودێری دەکردم و بۆ باوکیشم هەموو هاتوچۆیەکی لەژێر چاودێری ئەواندا بوو، ئەم دۆخە بەردەوام بوو تا مانگی ١٠/١٩٨٠. بەرەبەیانیەک ئەمنی مەنصور خێزانەکەمیان پێچایەوە بە ناوی (ذوی المخربین)، دایکم و تاقە خوشکەکەم بۆ زیندانی ژنان لە گەڕەکی پریادی و ئێمەش وەک حیجزی ئەمن تا حەوت مانگ لە کەرکوک ماینەوە. من ئەوکاتە لە پۆلی شەشی ئامادەیی بوم و دوو دەرسم مابوو بۆ دەوری دووەم، کاتی تاقیکردنەوە هات و بە عەرەبیەکەی ئەوسام عەریزەیەکم نوسی بۆ مودیری ئەمن، کە رێگەم بدات بەشداری تاقیکردنەوەکان بکەم، وەڵامم دەست نەکەوت، دووبارە عەریزەیەکم نوسی و بانگیان کردم ئەوەندەیان لێ دام تا لوتیان شکاندم، پاشان رەوانەی سجنی فضیلیەی بەغدایان کردین، کاک سامی عەبدولمەجیدی برای کاک ئازاد هەورامیم بینی ئەو رۆژە زۆر بێتاقەت بوو، بە دەم جگەرەکێشانەوە لەمسەرەوە دەچوو بۆ ئەوسەر. نەموێرا بچم پرسیاری لێ بکەم ئەو پێشتر بە نوکتە و قسە خۆشەکانی خەمی هەمووانی دەرەواندەوە، تا دوایی باوکم وتی: کۆمیتەکە کەشف بووە و مەلا محێدین و هاوڕێکانی دەستگیر کراون. ئیتر هەموو کەرکوکیەکان زۆر بێتاقەت بون بەو هەواڵە چونکە زۆربەیان مەلا محێدینیان دەناسی کە پیاوێکی چەند ئازا و بەهیمەتە و چۆن دەستگیر کراوە.

پاش ساڵێک گواستراینەوە بۆ سنوری سعودیە. زۆری نەبرد، ساڵی

١٩٨١ عێراق لە شەڕی قادسیەدا زۆر سەغڵەت بووبوو، بۆیە ئەمنەکان هاتن و هەر کەس هەژدەساڵ و بەرەوسەرەوە بوو رەوانەی شارەکەی خۆی کرا بۆ ناردنیان بۆ بەرەکانی شەڕ. ئێمەشیان بەرەو کەرکوک برد و چەند رۆژێک پێش راپەڕینی خوێندکارانی کەرکوک ١٩٨٢/٥/٦ ئازاد کراین کە ببینە سەرباز. بەڵام ئێمە پەیوەندیمان نەکرد و چوینە دەرەوە بۆ هەرێمی دوو، ئەوانەی سجنیش بوون لە مانگی ١٩٨٢/٧دا بە لێبوردنی گشتی ئازاد کران.



**ئەحمەد نەسرەدین محەمەد ئەمین**

**(ئەحمەد گۆگجەیی)**

٢٠٢١/٢/٦

کاک ئەحمەد دەڵێت:

مـن رێکەوتـی ١٩٧٥/١٠/٢٠ بـوم بە مامۆسـتا لە قوتابخـانەی زێـوێ ی پیرەمەگرون، کۆتایی ساڵی ١٩٧٦، کاک مەلا بەختیار هاتە گوندەکە و لەوێ من و مامۆستا سەربەست بابەشێخ ئەحمەدی رێکخست و جەمیل قەمیشەیی (شـەهید)ی کـرد بە حەڵـقەی وەصـڵی بەینـی مـن و کـاک سـالار عەزیـز، کە ئەوکـاتە ئەو لە قـزلەر بـوو. منـیش هەر زوو کەوتـمە چـالاکی رێکخسـتن و ساڵی ١٩٧٧ عەبدولخالق ساڵحی دانیشتوی گەڕەکی تەپەی کەرکوکم تەنزیم کـرد، کە بەداخەوە دواتـر لە شـەڕی قـازان دا ١٩٨٢/٣/٥ شـەهید بـوو. ئەو کەسـێکی زۆر چـالاک بـوو، حەمە بـۆر مـحەمەد ئەمـین و یوسـف مـحەمەد ئەمین و نەجات مـحەمەد ئەمینی رێکخست لەگەڵ هەندێک دانیشتوانی دیکە کە بەداخەوە ناویانم لەیاد نەماوە.

ساڵی ١٩٧٨ مامۆستا سەربەست بوو بە بەرپرسم.

لەهەمــان ســاڵدا خۆشــم عەبــدوڵلا عــارف مەولــود و عەبــدولڕەحمان ئیسـماعیل-م تەنـزیم کـردن، کە هەردوکیـان خەڵکـی دێ ی گـوگجە بـوون. ئیحسان عارف مەولودم ڕێکخست ئەویش (حسـێن صـدیق مستەفا و میکائیل ساڵح قادری ڕێکخست) و بەداخەوە مانگی ١٩٨٢/١ هات پەیوەندی بکات بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە و لە روباری دووئاوان دا خنکا.

دوای ئەویش ئـازاد مـحەمەد ئەمـین-ی پـارێزەرم ڕێکخسـت (ئەنفال کـرا) سـاڵێک دواتـر عاصـی نـادر کەرکـوکیم ڕێکخسـت. سـاڵی ١٩٨٠ش سـیروان ساڵح رەشید و نەجات حەمید پیریجانیم ڕێکخست. هەروەها فەریق صدیق محەمەد ئەمین و ئازاد فەتاح رەمەزانم ڕێکخست.

سـاڵی ١٩٧٩، مامۆستا سەربەست پێی راگەیانـدم، کە خـۆت و خەتەکەت نەقڵـی سـلێمانی بـون، لەوێ هەڤاڵێـک پەیوەنـدی پێـوە کـردم. مـن ئاسـتی رۆشــنبیریی کەســەکەم بەدڵ نەبـوو، لەوکاتەشـدا زروف زۆر خـراپ بـوو، نەشم دەناسی بۆیە نکوڵیم کرد و داوای گواستنەوەم کرد بۆ کۆمیتەی ئاگر لە شـــاری کەرکـــوک. ئیتـــر مـــن گواســـترامەوە، کـــاکە رەش بـــوو بە سەرپەرشتیارم، تا ماوەیەک پێکەوە بوین و پاشان نێردرامە لای مامۆستا عومەر قادر بەردەوام بووم لە کار و چالاکیەکانم تا ئەوکاتەی کۆمیتەی ئـاگر لە ١٩٨١/١٠/١٧دا ئاشـکرا بـوو. ئەوکـاتە مـن مامۆسـتا بـوم لە دێـی داڵەوار و پاشان سەرچناری شێخ بزێنی. من ناچار بە پێ هـاتوچۆم دەکرد لە ترسی گرتن و خوانەخواستە تێوە گلانی خەتەکانم کە شەست هەڤاڵم ڕێک خستبوو.

کۆتایی ساڵی ١٩٨١ چومە چەمچەماڵ بۆلای عەبدولخالق ساڵح، وتم با بڕۆین پەیوەنـدی بە هێـزی پێشـمەرگەوە بکەیـن و هەردوکمـان پەیوەنـدیمان کرد بە هێزی پێشمەرگەوە لە هەرێمی دوو، کە ئەوکاتە ئەنوەر حەسەن ئامر هەرێم بوو. منیش بە پەلە ڕێکخستنەکانم کۆکردەوە و پەیوەندی ناو شاریانم

پچڕاند و خۆم سەرپەرشتیم دەکردن و لە سنوری هەرێمی دوو لە ناوشوان ئەم بەرپێزانەشم تەنزیم کرد:

١- تۆفیق دوشوانیم تەنزیم کرد و لەرێی ئەوەوە حەمەسور دوشیوانی ناو ئیسلامیەکانی برایم تەنزیم کرد.

٢- محەمەد کوێخا جەلال تەرەقە و محەمەد کوێخا ئەحمەد و ئەحمەد کوێخا جەلال و ئەنوەر عەبدوڵڵا حەسەن تورکمان باغ و زەکی عەلی و حەمەبۆر هادی و کازم شێخەی دێی کۆچەکی ژور و ئەفەندی کەڵوڕ و کاکە مەد محەمەد عەلی سورەی دێی خوارو عەباس ئەحمەد خەڵکی دێی قەفار و مەحمود و عاصی عومەر عەلی و عەبدولڕەحمان نەجم و مەناف نەجم خەڵکانی گوندی گۆگجە و ئیبراهیم خالید رەوف و قاسم قادر حەمە سور و مام بەکر تۆماری و عوسمان محەمەد و عەلی محەمەد و عەبدی گورگانی. کاوە، کۆچەکی خوارو، شێخ ساڵحی ناسراو بە مەلا شێخەی خەڵکی مام رەش و تالیب حەمە موراد مام رەش (ئەنفال).

پاشان منیان کردە ناو مەفرەزەی چەکدارییەوە و هەموو رێکخستنەکانم سپارد بە کاک ئەحمەد کرێکار.



**حسێن سێودین (ئەبو عەلی)**

چوارشەممە ٢٠٢١/٧/١٤ هۆلاند

کاک حسێن سێودین، ساڵی ١٩٥٧ لە گەڕەکی شۆڕیجە لە کەرکوک لەدایک بووە، دەرچوی قۆناغی خوێندنی ئامادەیی بووە و ئێستا هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریوسە لە بواری سینەمادا و دەڵێت:

من وەکو زوربەی هاوڕێکانم بەشداری شۆڕشی ئەیلولم کرد و پاش قەسفی قەڵادزێ، لە ڕێگەی ئێرانەوە چوینە هەورامان، لە ئەحمەداوا کەمپی قوتابیانیان دروست کرد بە سەرپەرشتی یەکێتی قوتابیانی کوردستان. هەندێک شەو کاک ئازاد دەوری سەعات دە و یانزە دەهاتە لامان (سەلام جاسم، هیوا، سەرکەوت تەپەیی، ئەحمەد قەمبەر، نەوزاد تەپەیی و فریا عەلی و چەندانی تر). ئەو هەگبەیەک سەقافەتی پێ بوو، هەر بە پێکەنین و سوعبەت باسەکەی دەهێنایەوە سەر سیاسەت و دواتر باسی شۆڕش و بنەماکانی شۆڕش و باسی لە شۆڕشەکانی چین و ڤێتنام بۆ دەکردین. جگە لەوە پێناسەی کەسی شۆڕشگێڕ و مەرجەکانی بون بە شۆڕشگێڕی باس دەکرد و کتێبی بۆ دەهێناین. لەوانە کتێبی (دایک)ی نوسەری گەورە (مەکسیم گۆرکی).

ئێمە هێشتا هوشیاریی سیاسیمان نەبوو، شتێکی ئەوتۆمان لە سیاسەت نەدەزانی. بەڵام ئەم هاتن و پەیوەندییەی کاک ئازاد وای لێ کردین کە بەبێ ئەوەی بە خۆمان بزانین ببین بە ئەندامی ئەڵقە دراسییەکانی کۆمەڵە و هەر لەو کۆبونەوانەی کاک ئازادەوە لەوە تێ گەیشتین کاتێک ئێمە لە شۆڕشدا بوین هیچمان لێ نەزانیوە.

هیوا و سەلام جاسم هاتن بۆلام، من لە کەرکوک بە ئەبو عەلی ناسرابوم، وتیان: دەبێت ئێمە دەست بکەین بە ئامادە کردنی هەلومەرجی هەڵگیرساندنی شۆڕشی نوێ. ئەمە بۆ من لەوکاتە سەختەدا دەروازەیەکی جوان بوو، ورەم بەرز بووەوە و بەم هەواڵە زۆر دڵخۆش بوم، وتیان دەبێت قسەکردنت زۆر نهێنی بێت، چونکە ئێمە لەژێر چاودێریی پاراستن و حکومەتی عیراق و ساواکی ئێراندایین.

ئێمە (من و سامی برای کاک ئازاد هەورامی و هیوا و ساجد چاو سەوز و شوانە (شەهید) و مامۆستا ئەمین عەسکەری) رۆیشتین بۆ بیارە و لەوێ چوینە ماڵێک نانمان خوارد و کۆمەڵێک چەک و بەتانی لێ بوو هەڵمان گرت و کەوتینە رێ بەرەو خورماڵ. کاک ئازاد لەوێ منی تەنزیم کرد بۆ کۆمەڵە ئەمە ساڵی ١٩٧٤ بوو، و وتی: شۆڕش بەردەوام دەبێت و ئەوەتا برادەران هەموو بەرەو پێنجوێن دەچن بۆ کۆبوونەوەی سەرکردایەتی و ئێمەش بەرەو ئەوێ دەڕۆین.

سەرکردایەتی کۆبووەوە و دواتر وتیان: ئێمە ناتوانین لەم هەلومەرجە سەختەدا، کە هەموو دەرگاکانمان لەسەر داخراوە و چەکمان نیە بەردەوامیی بە شۆڕش بدەین. دەبێت بگەڕێینەوە شارەکانمان و لەوێ خۆمان ئامادە بکەین بۆ هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی نوێ.

گەڕاینەوە کەرکوک و دەستمان کردەوە بە خوێندن، من لە پۆلی دووی ناوەندی بووم و بەهۆی گەورە بوونی تەمەنمەوە لە قوتابخانەی ئەبو ئەیوب ئەلئەنصاری ئێواران بەردەوامیم دا بە خوێندن.

من لەگەڵ هیوا و سەلام جاسم دا پەیوەندیم هەبوو، لەسەرەتای ساڵی ١٩٧٦دا من و عوبێد تۆماری یان بە مامۆستا محەمەدی سانیە ناساند. من لە ماوەیەکی کەمدا ئەنجامی هەوڵەکانم توانیم خەتێکی گەورە دروست بکەم و کە هەریەکێکیش لە شانەکانی چەندین شانەی تریان دروست کردبوو.

من صەباح مەحمود و حەمە بێ تەل و د. خالیدی پەرستیار و خەیروڵڵام تەنزیم کرد. خەیروڵڵا کورێکی تا بڵێی رۆشنبیر و وریا بوو، ئەو خەڵکی زۆری لە دوبز تەنزیم کرد. مانگ هەبوو پارەی ئابونەمان دەگەیشتە ٣٠٠ سێ سەد دینار.

من زۆر ماندوو دەبوم، چونکە دەبوایە کتێبم بخوێندایەتەوە و خۆم رۆشنبیر بکردایە و ئامادەی کۆبونەوەی کادران و تەنزیماتی خەتەکەی لای خۆشم بومایە، کاک ئارام (شەهید) هەمیشە مەنهەجی خوێندنەوەی بۆ دەناردین و ئێمەش هەفتانە کۆدەبوینەوە و کتێبەکانمان دەخوێندەوە و دواتر موناقەشەمان دەکرد و باسی چالاکی هەفتەکەمان دەکرد و باسی هەواڵ و بەرنامەی حکومەتیشمان دەکرد بۆ گرتن و یان کوشتنی تێکۆشەران و دەمانکردە راپۆرت بۆ سەرو خۆمان.

پلانێک دانرا بۆ کوشتنی یەکێک لە سیخوڕەکانی حیزبی بەعس لەناو ئیمام قاسمدا بە سەرپەرشتی محەمەد حەسەن و ئەندامێتی جەودەت کەمال (شێخ سوارە) و د. خالید و من و صەباح مەحمودیش لەسەر راسپاردەی محەمەد حەسەن ئەرکی چاودێری هاتوچۆ و سەعاتی هاتنە دەرەوە و چوونە ماڵی ئەو سیخوڕەمان خرایە ئەستۆ. ئەم عەمەلیەیە هەرچەندە سەرکەوتوو نەبوو، چونکە ئێمە کادری فکر و سیاسەت بوین، نەک کادری عەسکەری، بەڵام دەنگدانەوەیەکی زۆر گەورەی هەبوو. ئەمە سەری لە دوژمن شێواند و ئومێدی خستە دڵی جەماوەرەوە.

من و صەباح مەحمود لەسەر راسپاردەی مامۆستا محەمەد حەسەن

وەک خەتــی خوێنــدکاران چــوینە لای فــایەق رەســوڵ. دواتــر یەکێتــی خوێنـدکارانیان تەسـلیمی مـن و صـەباح کـرد. ئـێمەش کۆمەڵێـک شـانەمان دروست کردبوو وەکو خوێندکارانی شۆڕشگێڕ.

ئەوانەی یـادم مابێت و لە خەتـی خوێنـدکاران زۆر چـالاک بـوون، خەبـات ناســراو بە هەڵگــورد (شــەهید بــوو). ئەو تەتەری هەرێمــی دوو بــوو بــۆ ســەرکردایەتی و لە شــاریش پەیوەنـدی بە مـنەوە هەبـوو، هەروەهـا ئـازادی شۆریجە (شەهید) و سالّح (شەهید) بون.

خەتی جوتیارانمان لابوو، من و د. خالید و حەمە چاوڕەش (شـەهید) و حەمید کەبابچی (پشتیوان) (شەهید) هەریەک لەمانەش خەت و شانەی خۆی هەبوو.

حەمید کەبابچی یەکەمین شەهیدی کۆمەڵە بوو لە کەرکوک، کە بەدەستی (فلان) شەهید کرا.

لە خەتـی دوزیـش خەیـروڵڵا زیـاتر لە سـەد ئەنـدامی تەنـزیم کـرد چـونکە خۆی خەڵکی دوز بوو.

عوبێد لە زانکۆی بەغـدا وەرگیـرا لەوێـش چەنـدین خەتـی دروسـت کـرد، جارێکیـان هـات و وتـی، تـۆ کەسـێکی مارکسـیت و بـڕوات بە یەکسـانی ژن و پیاو هەیە، ئەی چۆن تائێستا نەت توانیوە ژنێک تەنزیم بکەیت؟ پرسـیارەکەی لە شـوێنی خۆیـدا بـوو، بەرلەوەی مـن وەڵام بـدەمەوە. وتـی مـن دوو کچـم لەلایە و کەرکوکین یەکێکیان دەرچوی بەشـی ئینگلیزی زانکۆی بەغدایە و لە مەنـدەلی مامۆسـتایە و ئەوی تریـان موهەندیسـەیە، ئیتـر هەردوکیـانی بە مـن سـپارد و زوربەی کۆبونەوەکــانم لە مــاڵی خۆمــان دەکــرد، چــونکە ئــێمە دەوڵەمەنــد بــوین و ئەوکــاتە لە گەڕەکــی موصــەڵڵا بــوین، کە زوربەی دانیشتوانەکەی تورکمان بون و شوبهەی زۆرمان نەدەکەوتە سەر.

مامۆسـتا مـحەمەد و مـن و شـێخ سـوارە و د. خالیـد و حەمەچـاوڕەش پلانێکمــان دانــا بــۆ بڕینــی بــانق، جــاران (مصــلحەی مبایعــات) هەبــوو،

بازرگانەکـان پارەیـان دەبـرد و ئەرزاقیـان پـێ وەردەگـرت، ئـێمە چـاودێری شـوێنەکەمان دەکـرد و دەمـانزانی بـانقەکە پـارەیەکی زۆری تیـایە. بەداخەوە پلانەکەمان سەری نەگرت.

ئێسـتا، کە بیـر لە رۆژانـی رابـوردوو دەکەمەوە زۆرم بەلاوە سـەیرە، کە ئەوەندە چاوقـایم بـووم و سڵم لە دوژمـن نەکـردۆتەوە. مـن خەتەکـانم هێنـدە زۆر بووبوون، کە ئیتر نەمدەتوانی ئەوەندە پارەی تەکسی بدەم و لە پیـاوانی ئەمنیش دەترسـام چـاودێریم بکەن، بۆیە مـاتۆڕێکم کـڕی و کارەکـانی خـۆمم پێ جێبەجێ دەکرد.

من عائدون بوم و لە خدمەی عەسکەری ئیعفا کرابوم، کە حەربی عێراق – ئێران هەڵگیرسا، موالیدی ١٩٥٧ بانگ کران بۆ خدمەی عەسکەری، لەگەڵ هاوڕێیـان کۆبونەوەمـان کـرد و ئەوان بڕیـاری چونە سـەربازی ئێمەیـان دا و وتیـان ئەمە شـەڕی حزب و حکومەت نیە و شـەڕی نێوان دوو دەوڵەتە و بە خێرایـی و زۆر نابـات تەواو دەبێـت، مـن چـوم و لە مەنتـیقەی زومـار دەسـتبەکار بـوم و دوای مانگێـک خـۆمم پـێ نەگیـراو ئەوەنـدەی تـر چـاوم کـرایەوە و دەمـووت بـۆچی مـن خزمەتـی رژێمێـک بـکەم کە نەتەوەکەم بچەوسـێنێتەوە و گەنجـان لە کـونجی زینـدانـدا بـن و ئیعـدامیان کەن و ماڵیـان بسـوتێنن و تەرحیلیـان بکەن و لە وەزیفە دەریـان بکەن و ...تـاد. کە هـاتمەوە سـەرکردایەتی بڕیارێکیـان دەرکـرد، کە رژێـم هەر موالیـدێکی بانـگ کـرد بـۆ سەربازی ئەوان نەچن و رووبکەنە شاخ.

بیسـتم مـحەمەدی سـانیە دەسـتگیر کـراوە و لە زینـدانی موصـڵە و سـێ رۆژی مـاوە بـۆ جـێ بەجـێ کردنـی حـوکمەکەی، کە ئیعـدام بـوو. وتـم دەچـم بـۆلای بـۆ زینـدان، وتیـان تـۆ بە ئیجـازە نەهـاتویتەوە و پـاش سـێ رۆژ پەیوەندی بە وەحدەکەتەوە نەکەیت گوللەبـاران دەکرێیت. مـن بڕیـارم دابـوو، کە هەر دەبێت بچمە سەردانی، لەگەڵ شێخ جەواد چوینە سلێمانی و لەوێ د.

خالیدی پەرستیار سەرودەست (زیی موحدی) بۆ پەیدا کردین و هەویەی تەزویری زانکۆیان بۆ دروست کردین. ئەو رۆژەی، کە ئێمە گەیشتین پەنجا کەس لە زیندانیەکان مەحکوم بون بە ئیعدام. هەریەکەی ٢٠ - ٣٠ کەس لە کەسوکار و هاوڕێ و دراوسێ هاتبونە مواجەهەیان، من وەکو دەرهێنەرێکی سینەمایی ئەم دیمەنەم لە ناخ و بیردا جێگیر بووە و دیمەنەکە ئەوەندە ناخ هەژێن بوو، کە هەرگیز لەیاد ناکرێت.

لە دورەوە مامۆستا محەمەدمان بینی لەناو کەسوکاردا دانیشتبوو قسەی بۆ دەکردن، کە ئێمەی بینی بەرەو ڕومان هات و باوەشێکی گەرممان بەیەکدا کرد و جگەرەی داینێ و کەوتینە قسەکردن و وتی: تۆ هەڵەیەکی زۆر گەورەت کردووە، کە هاتویت، وتم دوو رێگەم دێتە بەر، یان بۆ ئیعدام کردن دێمە لای تۆ و یان دەچمە دەرەوە، بۆیە پێویست ناکات خۆت بە منەوە سەرقاڵ بکەیت.

ئێمە گەنجی شۆڕشگێڕ بوین، دەبوایە هەستەکانی ناخمان بشارینەوە و خەمەکانمان بە روخسارمانەوە دیار نەبێت. بەڕاستی ئەو دیمەنە زۆر تراجیدی بوو. لە هەموو لایەکی کوردستانەوە خەڵک هاتبوو، دواماڵئاوایی زۆر سەختە، ئەو دەیووت، ئەم رێگەیەی من لە پێناویا ئیعدام دەکرێم دەبێت ئێوە زۆر بە پاکی تەواوی بکەن. ئەمە بوو بە دەرسێک و لە یادمان نەکرد. هاتینەوە و گەڕاینەوە سلێمانی و من بڕیاری چونە دەرەوەم دا لە رێگەی رێکخستنەوە نەجمەدین فەقێ عەبدوڵڵا ناردمیە دەرەوە بۆ هەرێمی دووی کەرکوک.

من ساڵی ١٩٨١ چوومە هۆڵەندە و ئەو خەمەی مامۆستا محەمەد و هاورێکانیم لەیاد دەرنەدەچوو، چونکە دەمزانی، کە ئیعدام کراون. پاش پێنج ساڵێک هاورێیەکم بینی هەواڵی لای خۆمانم پرسی و کەوتینە قسە و وتی: حەمەی سانیە بەر عەفوات کەوتووە و ئیعدام نەکراوە. هەواڵێکی زۆر خۆش بوو، من پێنج ساڵ ئەو خەمە گەورەیەم لەکۆڵ نابوو.



**رەشید مەجید حەسەن**

٢٠١٧/٦/١٧

کاک رەشید دەڵێت:

من ساڵی ١٩٥٥ لە گەڕەکی ئیمام قاسم لە شاری کەرکوک لەدایک بوم و بار و گوزەرانی ژیانمان باش نەبوو، بەڵام لە خێزانێکی نیشتمان پەروەردا گەورە بووم.

من لەسەرەتای ساڵی ١٩٧٣-وە پەیوەندیم کرد بە شۆڕشەوە لە دۆڵە سوور و ئامر بەتالیۆنەکەم مولازم سەیفوڵڵا بوو. دوای ئاشبەتاڵ وەکو هەزارەها کەس بوم بە (عایدون).

من لە ساڵی ١٩٧٧-ەوە لەگەڵ مەلا محێدین دا ئاشنا بووم، ئەوکاتە من شاگرد قەساب بووم و ئەو سەرتاشخانەی هەبوو. ئەو ساڵی ١٩٧٧ تەنزیمی کردم بۆ ریزەکانی ریکخستنی کۆمیتەی ئاگر. ئیتر من و عومەر نەجار و سەعیدی برای و جەلیل حەمە موراد و چەتۆ پێکەوە بوین و دواتر ئەحمەد کرێکاری بەرپرسی کۆمیتەی ئاگر چەند مەفرەزەیەکی دروست کرد، لەوانە

مەفرەزەی ئیمام قاسم، کە لە دوو مەفرەزە پێکهاتبوو، مەلا محێدین کرا بە بەرپرسی ئەو دوو مەفرەزەیە. ئێمەش کەوتینە لای ئەو.

من لە گەڕەکی عاشور دوکانی بۆیاخچێتیم هەبوو، هەرچی دەمانچە و رومانە و ئەلغام هەبوایە، مەلا محێدین ئەیناردە لام و منیش بۆم حەشار دەدا.

رۆژێک جەبار محێدین (محە شەل) هاتە دوکانەکەم وتی، کە مەلا محێدین پێی وتوم رومانەیەکی بدەمێ بۆ کوشتنی (فلان). زۆری پێ نەچوو (فلان) هات بۆلای فیتەری ناو گەراجەکەی نزیک دوکانەکەم. جەبار رومانەکەی برد و سەرکەوتە سەر سەربانەکەی ماڵی حاجی سالاری حاجی مەحبوبە، کە دەیڕوانی بەسەر گەراجەکەدا و رومانەکەی بۆ هەڵدا، من و جەلیلیش لە خوارەوە حیمایەمان دەکرد، رومانەکە تەقیەوە و بەداخەوە فلانی بەرنەکەوت و پارچەیەک بەر شاگردی فیتەرەکە کەوت، کە ناوی سوبحی بوو و برینداری کرد.

چالاکی دووەممان کوشتنی (فلان) بوو، من و حەسەن حەمە عەلی و جەبار ستیف بوین، ئێمە حیمایەی جەبارمان دەکرد. کابرا ماڵی لە ئیسکان بوو، بەیانی بوو دەچوو بۆ دەوام، لە قەبرستانەکەی شێخ محێدین لای جادەی بەرتەکیە، جەبار (فلان)ی کوشت.

جەبار رایکرد و لە رێگا دەمانچەکەی فڕێ دایە ناو ماڵی (فلان خان)ەوە. کە ماڵەکەیان دراوسێی تەکیەی شێخ پیرۆت تاڵەبانی بوو. جەبار بە مەلا محێدینی وتبوو، کە کارێکی وام کردووە و ئیتر رای کرد و چووە هەرێمی دوو، هەر کە ئەو کارەکەی کردبوو، ئەمنەکان چووبوونە سەر ماڵی باوکی و ستار و غەفوری برایی و خوشکەکەیان دەستگیر کردبوو، دایکی جەبار، جەباری بردبوو بۆ کۆیە بۆ ماڵی محەمەدی برای کە سایەقی کەسێکی سەر بە پارتی سەوری بوو پاش ئەشکەنجە و ئازارێکی زۆر خوشکەکەی ئیعتراف دەکات و دەڵێت جەبار لە ماڵی محەمەدی برامە لە کۆیە. ئیتر ئەمنەکان لە کۆیە جەبار دەستگیر دەکەن.

وەک باسـم کـرد، جەبـار پـێش چـونە دەرەوەی مەلا محێـدینی ئاگـادار کردبوو کە دەمـانچەکەی فڕێ داوەتە مـاڵی (فـلان)، مەلا محێدین دەچێت بۆ مـاڵی (فـلان) بـۆ دەمـانچەکە، بەڵام ئەو دەڵێـت: مـن ئاگـام لـێ نـیە، ئیتـر دوای تەحقیق کردن لە جەبار، جەبار دەڵێت: من دەمـانچەکەم فڕێ داوەتە مـاڵی ئەو و دواتـر (فـلان) خـانیش، دەڵێـت: دەمـانچەکە لە مـاڵی زاواکەمە کە مـفەوەزی مـرورە لە گەڕەکـی غرنـاتە. دواتـر ئەمـن دەچـنە سـەر مـاڵی فلان و چواریـان دەستگیر دەکەن و دواتریش بە غەرامەی ٣٠٠ دینار ئازاد دەکرێن.

کاک ڕەشید لە درێژەی گێڕانەوەکانیدا وتی:

با باسـێکی مەلا محێدین بکەم، کە چەنـد پیـاوێکی ئـازا و چاونەترس بـوو. ڕۆژێک مەلا محێدین بـانگی ڕەشـیدی موزەمیدی کرد، کە مـوعتەمەدی ئەمـن بـوو، دوای نـوێژی ئێـوارە بردبـوی بـۆلای پـردی خاسـەوە، وتبـوی ناومـان نەبەیت، خوا دەکات ناومان دەبەیت. من وەکو سەگ دەتتۆپێنم.

چالاکی سێیەممان

(فلان) هەبوو، ئەمنێکی کوردی زۆر خـراپ بـوو، ئەو بە ئـافرەت و بە پـارە دەگیرا، لەگەڵ (فلان خان)دا قسەمان کرد و دڵنیامان کرد کە ناتوانێت دەسـتی بۆ بەرێت، پلانێکـی وای بـۆ دادەنێین کە لە ڕێگەی ئەوەوە بە سـزای گەل و شۆڕشی بگەیەنین. ئەویش ڕازی بوو.

من و جەبـاری مـحە شـەل چـوین بـۆ مـاڵی (فـلان خـان)، ئەوان ماڵیـان لای مـاڵی ئـامۆزایەکی بـاوکمەوە بـوو لە شـۆریجە. لە ڕەحیمـاوا فەهمـی و جەبـار ستیف چاوەڕێیان دەکردین، ئێمە چوین و من دابەزیم و چومە لایان.

جەبـاری مـحە شـەل، بە نـاو مـوعتەمەدی ئەمـن بـوو، بەڵام ئەنـدامی ڕێکخسـتنی کـۆمیتەی ئـاگر بـوو، خـۆی کردبوو بە ڕەفیقـی عەریـف یاسـین و تەلەفـونی بـۆ کردبـوو، کە بێـت بـۆلای پـردی خاسـە و ئـافرەتم بـۆ هێنـاوە. ئەویـش بەپەلە دێـت و ئـێمەش حیمـایەی جەبارمـان دەکـرد. فـلان لە خـۆشـی

بینینـی ئـافرەتەکە دەمـانچەکەی دەداتە دەسـت جەبـار، هەر کە فـلان پشـت دەکـاتەوە جەبـار بە دەمـانچەکەی خـۆی دەیکوژێـت، بەرلەوەی دەسـتی بەر فلان خان بکەوێت.

بەڕاسـتی فـلان خـان ژنێکـی نیشـتمان پەروەر و ئـازا و قارەمـان و داوێـن پاک بوو. ئەم کارەی کرد تا هەڤاڵەکانی ترمـان بەدەستی ئەو ئەمنە نەگیـرێن و نەکوژرێن.

زۆری پێ نەچوو فەهمی گیراو دواتر فـاروق قەمبوریش دەسـتگیر کـرا. بە مەلا محێدینم وت، ئەڕۆمە دەرەوە. وتی تۆ دەترسـێت و پیـاوێکی ترسـنۆکیت، گوێم نەدا بە رەخنەکەی رامکرد بۆ مـاڵی عەلـی صـدیق لە گونـدی پـاپیلان بۆ بەیانی دایکی عەلی صدیقم نارد بۆ ماڵی خۆمان تا دەنگ و باس بزانم.

ژنەکە رۆیشـت و هـاتەوە وتـی رەفیـق و نەجمەدینـی بـرات لەبـری تـۆ دەستگیر کراون و مەلا محێدیشنیان گرتووە.

دوو رۆژی پـێ چـوو سـەعات سـێ و نیـوی بەرەبەیـان ئەمنەکـان هـاتن و منیشـیان دەسـتگیر کـرد. دایکـی صـدیق میمکـی خێزانەکەم بـوو نـاوی مـریەم بوو.

کە لە سجن منیان بردە ژورێکەوە فاروقی لـێ بـوو، پێـی وتـم پێش ئەوەی بێیتە ئەم ژوورە براکانتیان ئازاد کردووە.

کاک کرمانج لە ژورەکە دانیشتبوو، هاتە ناو باسەکەوە و وتی: مـن و کـاک رەشـــید چـــوینە حەســـیرەکە، نەمزانـــی ئەو دەمـــانچەی پێـــیە، لە دورەوە سـەیارەیەکی کـادیلاکی شـۆفەرلێتمان بینـی بەرەو لای ئـێمە دەهـات، رەشـید وتی: خوا ناردی وتم باشە، لەوکاتەدا (فلان) کە مـوعتەمەدی ئەمـن بـوو هـات، ئیتر ترساین و نەمانتوانی هیچ بکەین. رەشید دەمانچەکەی دا بە مـن و منـیش چومە خانی حاجی سەعید کە عەللاف بوو.

دەمـانچەکەم خسـتە نـاو تەنەکەیەکەوە و گەڕامەوە بـۆلای رەشـید ئێـوارە

چوینە لای حاجی سەعید و وتمان چوار پێنج فەردە گەنم و دەمانچەکەمان بدەرێ، حاجی پیاوێکی باش بوو قسەی نەکرد.

کاک رەشید هاتەوە سەر گێڕانەوەی باسەکەی و وتی:

من بە عەفواتی مانگی ١٩٨٢/٧ ئازاد کرام و یەکسەر چومە دەرەوە بۆ کەرتی دووی ناوشوانی تیپی ٢١ی کەرکوک و لای مام رۆستەم هەتا ئەنفال. پاشان لەگەڵ سیروانی کوێخا نەجم چوین بۆ ئێران. لەگەڵ هێزی بروسک دا بووم کاتی راپەڕین، کە کاک نەوشیروان و سیروانی کوێخا نەجم و وەستا سابیر سەرپەرشتی هێزەکەیان دەکرد.

پاشان بوم بە فەرماندەی تیپ لە لیوای تایبەت، و لە هەولێر ساڵی ١٩٩٤ بریندار بووم. دەستی راستم لەکار کەوتووە و سپلم نەماوە، لەوساکەوە بە کەم ئەندامی ماومەتەوە و هەر ئەندامی یەکێتی نیشتمانی کوردستانم. پاش گەڕانەوەمان لە شاری سلێمانییەوە بۆ شاری کەرکوک، لە گەڕەکی روناکی نیشتەجێ بوم.

لە ساڵی ٢٠٠٥دا لەلایەن تیرۆریستانەوە ساروخێکی کاتیۆشایان تێ گرتین و بووە هۆی شەهیدبوونی دوو کەس لە ماڵەکەم دا (زمزم عەبدوڵلا نەجم ی خێزانم و نیان رەشید مەجیدی کچم) رۆحیان شاد بێت.

ئێستا بە پلەی نەقیبی کەم ئەندام خانەنشینم.



**یوسف حازم**

٢٠٢٢/١/٣ ئیسپانیا

کاک یوسف، برای شەهیدان عەبدولوەهاب و عەبدولحەکیمە و خۆشی زیندانی سیاسییە و ڕێکەوتی ١٩٦٠/٦/٢٦ لە گەڕەکی ئیمام قاسم لە شاری کەرکوک لە خێزانێکی کوردپەروەر لەدایک بووە و باوکی دەرچووی مەعهەدی عالی بووە و لە شەریکەی نەوتی کەرکوک فەرمانبەر بووە.

کاک یوسف دەڵێت:

من قۆناغی خوێندنی سەرەتاییم لە قوتابخانەی هەڵمەت و ناوەندیم لە ئامادەیی ئیمام قاسم تەواو کرد و پاش تەواو کردنی ئامادەیی پیشەسازیی، لەبەرئەوەی کۆنمرەکانم بەرز بوو لە پەیمانگەی تەکنەلۆجی شاری ناصریە وەرگیرام و ساڵی ١٩٨٢ خوێندنم تەواو کرد.

من وەرزشکار بوم لە یانەکانی سۆلاف و سەورە یاریم دەکرد، کە زیاتر تورکمانەکانی لێ بوون.

له کۆتـــایی ١٩٧٦دا، برادەرێــک (ئەســـعەد عەزیـــز) وا خـــۆی لـــێ نزیــک کــردمەوە، کە گــوایە حەز بە تەماشـــا کردنـــی وەرزش دەکــات، وردە وردە کەوتە قســە و گفتوگــۆ کــردن لەگەڵــم و دواتــر بــۆم دەرکەوت کە دەیەوێــت بەرەو کاری رێکخراوەییم ببات.

تـا رۆژی ١٩٧٧/٤/٩ داوای لـێ کـردم پەیوەنـدی بە ریزەکـانی رێکخسـتنی کۆمەڵەی مارکسـی – لینینی کوردسـتانەوە بکەم. سـەرەتا ترسـێکی زۆرم لـێ نیشـــت، بەڵام هێنـــدە تـــامەزرۆی دۆزیـــنەوەی رێـــگەیەک بـــووم بـــۆ بەگژداچوونەوەی دەسەڵات، زۆر بەپەلە بە بەڵێ وەڵامم دایەوە.

ئیتر کەوتینە کۆبونەوەی دووقۆڵی بۆ ماوەی سـێ چوار مانگ و دواتر ئاگـادار کـرام، کە بەهـۆی کەمیـی تەمەنـمەوە دەبێـت بگـوازرێمەوە بـۆ نـاو رێکخراوی یەکێتی خوێندکاران تا تەمەنم دەگاتە هەژدە ساڵ.

من بەم هەواڵە زۆر دڵگران نەبووم. چونکە دەمزانی ئەو رێکخراوەش بۆ هەمان مەبەست دامەزراوە.

ســـەرەتای ســـاڵی ١٩٧٨ دوبـــارە بـــۆ ریزەکـــانی رێکخســـتنی کـــۆمەڵە رێکخـرامەوە و لە ئەڵـقە دراسـیەکاندا بەشـداریم کـرد. مـن کـارم هەر لەگەڵ ئەسعەد عەزیزدا بوو، ئەو کوڕێکی بەتوانا و زیرەک و لێهاتوو بوو. زوربەی کۆبونەوەکانمـان لە مـاڵی خۆمـان بـوو، گەرچـی مـودیریەتی ئەمنـی کەرامەش لێمانەوە نزیک بوو، بەڵام دانیشتوانی گەڕەکەکەمان پیاوخراپی تیا نەبوو.

مـن، لە قۆنـاغی ناوەنـدییەوە خولیـای خوێنـدنەوەی کتێـب بـووم، بەڵام کە چـومە ریزەکـانی رێکخسـتنی کـۆمەڵەوە، لە رێـگەی ئەسعەدەوە کتێبـی (ژانـی گەل)ی مامۆسـتا ئیبـراهیم ئەحـمەد و کتێبـی (دایـک)ی مەکسـیم گـۆرکی و نـامیلکەی (چەپکێـک لە وتەکـانی مـاو) و کتێبـی جیڤـارا و چەنـدینی تـری بـۆ دەهێنـــام و پـــاش خوێنـــدنەوەیان گفتوگۆشـــمان لەســـەر دەکـــرد و ئاســـتی هوشیاریم گەشەی کرد.

هەندێک جار بڵاوکراوەیەکی بۆدەهێنام. ئەوکاتە تابیعە قەدەغە و دەگمەن بوو، بۆیە داوای لێ دەکردم کاربۆن بخەمە ژێر وەرەقەی تەنک و بابەتەکان بنوسمەوە، تا بتوانین بیگەیەنینە زیاترین ژمارە لە خەڵک.

نەنکم خوا لێی خۆش بێت بە هاتنی ئەسعەد بێزار دەبوو، کە ئەو دەڕۆیشت، سەرکۆنەی دەکردم و دەیووت: ئەم کوڕە تووشی بەڵایەکت دەکات، ناچار جارجار دەچومە ماڵی ئەسعەد بۆ کۆبونەوە و هەندێک جاریش دەچوینە (ساحەی خلود) لای خاسە و بە ناوی تەماشا کردنی یارییەوە کۆبونەوەی خۆمان دەکرد.

من توانیم چەند کەسێک تەنزیم بکەم وەک عومەر فەرەج و ئەبوبەکر، کە دانیشتوی گەڕەکی ئیمام قاسم بوون، دکتۆر کامەران ئەسعەد، ئەو دەرچوی پەیمانگەی پزیشکی بوو، هەر زوو چووە دەرەوە و بوو بە پێشمەرگە، بە داخەوە زۆری نەبرد لەگەڵ وریا سور و سەباح دا ژەهر خواردوو کران.

دوای ماوەیەک کەسێکیان نارده لام بە ناوی حەسەن ئەبوبەکر. ئەسعەد، وەک وتم کەسێکی وریا و زیرەک و لێهاتوو بوو بەڵام حەزی بە خۆدەرخستن بوو. چاونەترس بوو، من هەمیشە پێم دەوت وریا بە، کارێکی وا مەکە ئەڵقە لە گوێکانی رژێم درکت پێ بکەن، ئەو گاڵتەی بە قسەکانم دەهات.

عەبدولوەهابی، براشم هەر ئەسعەد ساڵی ١٩٧٨ تەنزیمی کرد و ئەوسەردەمە من دەچوم بۆ مزگەوت بۆ نوێژکردن، مەلا محێدینم ناسی و سەرەتا باسی ئیسلام و جوانیەکانی بۆ دەکردم و وردە وردە دەیهێنایە سەر باسی خەبات و تێکۆشان.

رۆژێکیان ئەسعەد بە پیاسە بردمی بۆ بازاڕی حەسیرەکە و دواتر پێی وتم: کاکە ئێستا هەڤاڵان دێن بۆ تیرۆر کردنی نۆکەرێک و ئێمەش دەبێت حیمایەیان بکەین، من بێ چەک بووم، وا تێگەیشتم کە ئەسعەد دەمانچەی

پێیە، بەڵام من نەمدی، ماوەیەک راوەستاین و هیچ رووی نەدا ئیتر وتی، با بڕۆین. شوێنەکەمان جێ هێشت و بەرەو تەکیەکەی شێخ جەمیل تاڵەبانی بەڕێ کەوتین، بەڵام دوای رۆیشتنی ئێمە کارەکە جێبەجێ کرابوو.

ساڵی ١٩٨١، ئەوکاتەی من لە پەیمانگەی تەکنەلۆجی شاری ناسریە دەمخوێند، داوا لە هەموو خوێندکاران کرا کە دەبێت هەمووان ببنە بەعسی. هەموو لەترسا و هەندێک بە رواڵەت بوون بە بەعسی، تەنها سێ کەس مانیەوە کە دوانیان برایان لەدەرەوە پێشمەرگەی حیزبی شیوعی بون (ئەو دوانە عەرەب بوون)، ئەوانیش ناچار بوون تا کەشف نەبن ئیمزایان کرد و من تاکە کەس بووم، کە ئیمزام نەکرد. رۆژێک مودیری مونەزەمەی شاری ناسریە و مەسئولی ئیتحاد طلبە و کۆمەڵێکی تر هاتن بۆ پەیمانگە و لە پۆل دا من بانگ کرام بۆ ژووری عەمید و مەسئولەکە وتی: هەر ئێستا ئیمزا بکە. وتم: من حەزم لە سیاسەت نییە و ئەوەتا سەید ئەلرەئیس دەڵێت: مواطنی باش بەعسییە و من ببم بە بەعسی پێشمەرگە دەمکوژن، ئەو هەر هەڕەشەی دەکرد و من هەر قایل نەدەبووم، بۆیە بە تووڕەیی دەری کردمە دەرەوە و وتی تۆ فەسڵ کراوی و بڕۆرەوە.

گەڕامەوە بەشی داخلییەکە و زۆر بێ تاقەت بوم و خەریکی جانتا حازر کردن بوم، تەماشا دەکەم عەمیدەکەمان کەسێکی ناردووە بە شوێنم دا و دەڵێت هەر ئێستا با یوسف بێتە لام.

بە ترسەوە و بەپەلە چوم، دیار بوو عەمیدەکە پیاوێکی زۆر باش بوو. تەوقەی لەگەڵ کردم و وتی (والله أنت سبع)، بۆیە من زۆرم لە مەسئولی مونەزەمە کردووە، کە فەسڵت نەکات، پێشی وتم، لەم مەعهەدەدا کەس بۆی نییە کەسوکاری بە تەلەفۆن داوای خوێندکار بکات، بەڵام ئەمجارە، کە رۆیشتیتەوە بە باوکت بڵێ هەر کاتێک ویستی با تەلەفۆنت بۆ بکات و من بانگت دەکەم.

ماوەیەکی پێ چوو لەلایەن عەمیدەوە بانگ کرام و وتی، ئەوە باوکت لەسەر خەتە، باوکم هەواڵی پرسیم و کە دڵنیا بوو لە مەعهەدم بێ هیچ قسەیەک خواحافیزیی لێ کردم.

لە کۆتایی هەفتەدا، کە گەڕامەوە بۆ کەرکوک زانیم کە کۆمیتەی ئاگر لە رۆژی ١٩٨١/١٠/١٧دا کەشف بووە و عەبدولوەهابی برام و ئەسعەد و زوربەی رێکخستنەکان دەستگیر کراون. بە پەلە چومە لای ئەبوبەکر ئەو خێرا لێم دورکەوتەوە و وتی: من وازم لە سیاسەت هێناوە.

ماوەیەکی پێ چوو، دیسان کە گەڕامەوە کەرکوک چومە لای هەڤاڵ حامید عەبدوڵڵا و برادەرانی تریش و کەوتینەوە چالاکی.

من ساڵی ١٩٨٢ خوێندنم بە سەرکەوتویی تەواو کرد و کرام بە سەرباز و دوای ماوەیەکی کورت بەهۆی تەسریح کردنی کوردەکان دەرکراین و ناوم هاتەوە و کرام بە فەرمانبەری کارگەی چیمەنتۆی لەیلان.

هاوینی ساڵی ١٩٨٣ روخسەتیان دا بۆ چونە مواجەهەی زیندانیەکان لە موصڵ. ئەسعەد جوابی بۆ ناردم کە بچم سەردانی بکەم، ئاگاداریشی کردبووم، کە ئەگەر لە پرسگە لێیان پرسیم دەچیت بۆلای کێ نەڵێم دەچم بۆ مواجەهەی ئەسعەد، بڵێم دەچم بۆ مواجەهەی (فلان). رۆیشتم و کە چومە ژوورەوە زانیم ئەسعەد و چەند هەڤاڵێکی تر لە ژووری ئیعدامن، کە بەرەو ئەو ژووره چوم ئەمنەکە پرسی، تۆ وتت دەچم بۆلای (فلان) بۆ دەچیتە ژووری ئیعدام؟ وتم: من برایەکم دیار نیە و دەمەوێت سۆراخێکی بکەم. ئەوانەی لەو ژوورەدا بون و لەیادم مابن ئەسعەد و مەلا محێدین و فاروق و لەتیف و عەبدولقادر بەکر قادر و جەنگی و فەهمی و فەرهاد و ... بوون.

لەگەڵ ئەسعەد کەوتمە گفتوگۆ و پێی وتم، گەر عەفواتێک هات و ئازاد کراین. کۆمەڵە نەمکوژێت، باوەڕم بە کۆمەڵە نامێنێت، من لەژێر ئەشکەنجە و ئازاردا ناوی دوو کەسم بردووە، کە یەکەمیان عەبدولوەهابی برات بوو. ئیتر

ناوی دووهەمی پێ نەوتم و منیش داوام لێ نەکرد تا بیزانم.

زۆری پێ نەچوو دیسان بانگیان کردینەوە بۆ خزمەتی سەربازی و کرامەوە بە سەرباز و ناردیانم بۆ (کارگەی ١٣) کارەکەمان چاکردنەوەی ئۆتومبێلی سەربازی و چەک بوو.

ماوەیەک خزمەتم کرد و دواتر فیرارم کرد و چومە سەرکردایەتی و بوم بە پێشمەرگە.

پاشان چومە تیپی ٢١ی کەرکوک، کە ئەوکاتە مام رۆستەم سەرتیپ بوو، من کرامە ئەندام کەرتی تیپەکە. لەهەمان کاتدا عەبدولحەکیمی براشم پێشمەرگە بوو لە تیپی ٢٥ی خاڵخالان.

ئەو لە شیوەسور لە هەناران لەگەڵ حەوت پێشمەرگەی تردا شەهید کران و لەو شەڕەدا بەخۆمەوە (٢١) پێشمەرگە بریندار بوین.

دواتر لەگەڵ کاک ئازاد هەورامیدا چومە مەڵبەندی بادینان و درێژە نادەم بە باسکردنی خەباتی پێشمەرگایەتیم و بەردەوام بووم تا کیمیابارانی هەڵەبجە و دەست پێ کردنی ئەنفال و دواتر هەرچۆنێک بوو گەیشتینە گوندی بلەکێ بۆ بارەگای مەڵبەندی دوو، کە ئەوکاتە کاک قادری حاجی عەلی بەرپرسی بوو.

رۆژی ١٩٨٩/١٠/٥ بە زەمالە رەوانەی روسیا کرام و دواتر چومە دانیمارک و ئێستا لە ئیسپانیا دەژیم.



**شەهید عەبدولحەکیم حازم**

٢٠٢٢/١/٧ ئیسپانیا

کاک یوسف برای شەهیدان عەبدولوەهاب و عەبدولحەکیم و پێشمەرگەی دێرینە، دەڵێت:

عەبدولحەکیمی برام، ڕێکەوتی ١٩٦٣/٢/٣ لە گەڕەکی ئیمام قاسم لە شاری کەرکوک لەدایک بووە و دایکم ژنی ماڵ و باوکم فەرمانبەر بوو لە شەریکەی نەوتی کەرکوک، قۆناغی منالّی و گەنجێتی زۆر بە خۆشی و جوانی بەڕێ کرد. هەمیشە ڕوخۆش و دەم بە پێکەنین بوو.

هەر کە قۆناغی سێ ی ناوەندی تەواو کرد، دەستی لە خوێندن هەڵگرت و کەوتە کارکردن، هەرچەندە ئێمە پێویستمان بە هاوکاری ئەو نەبوو بۆ دابینکردنی بژێوی ژیان، بەڵام خۆی حەزی دەکرد خاوەنی ئابوورییەکی سەربەخۆی خۆی بێت.

ساڵی ١٩٨١ کرا بە سەرباز و دوای ماوەیەک لە ساڵی ١٩٨٢دا بەهۆی تەسریح کردنی کوردەکان لە سەربازیی گەڕایەوە سەر کاری خۆی ساڵی

١٩٨٣ دیسان موالیدەکەی بانگ کرایەوە بۆ سەربازی و ئەمجارە هەڵات و چووە دەرەوە بۆ پێشمەرگایەتی و چووە سنووری کەرکوک. مفاوەزاتی بەسەردا هات و ئەو لە گوندی تۆمار دانیشت.

کۆتایی ساڵی ١٩٨٤-١٩٨٥ چووە تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان لە کەرتی (٥)ی فەلاسیۆکە.

لەو ماوەیەدا بەشداری زوربەی چالاکیەکانی ٢٥ی خاڵخاڵانی کرد لە سنوری کەرکوک. هەروەها لە هاوینی ساڵی ١٩٨٥دا بەشداری تەواوی شەڕەکانی کێوەڕەشی ڕانیەی کرد. براکەم کوڕێکی دەست و دەم و داوێن پاک و بە دیسپلین بوو. چالاکیەکی گەورەی تیپەکانی ٢١ی کەرکوک و ٢٥ی خاڵخاڵان لە شیوە سوورەوە تا ناحیەی تەقتەق پێنج مقەڕی سریە و پایگای رژێمی لێ ئەنجام درابوو، منیش لەو شەڕەدا بەشدار بووم. لە شەوی ١٩٨٥/٨/٨\٧ لە هەناران (شیوە سور) لەگەڵ حەوت پێشمەرگەی تردا شەهید بوون. ئەوانیش شەهیدان "هیوا رەش، عەلی ئاسمان، پێشمەرگەیەکی خەڵکی فەقێ میرزایی بەداخەوە ناویم لەبیر نەماوە، جوامێر، شاهۆ و کەمال (کەمال هەر ئەو ئێوارەیە واتە ١٩٨٥/٨/٧ پاش ئەوەی تفەنگێکی لە دوژمن فڕاندبوو، هات و بوو بە پێشمەرگە و بەداخەوە شەوەکەی شەهید بوو). داوای لێ بوردن دەکەم ناوی شەهیدی هەشتەمم لەیاد نەماوە".

ئەو ئێوارەیە هەردوو تیپی ٢١ی کەرکوک و ٢٥ی خاڵخاڵان بۆ چالاکیەکە لە گوندی ئۆمەرمەندان ماینەوە و کە تەوزیع بوین بەسەر ماڵەکاندا کەمال تەنها مابووەوە و کەسی نەئەناسی و من لەگەڵ خۆم بردمە ماڵێک و ئیتر باسی خۆی بۆ کردم، کە کوڕێکی تاقانەی حەوت خوشکە و ئەم ئێوارەیە هاتووە بۆ پێشمەرگایەتی.

ئەم چالاکیە شکست خواردووە، نەدەبوو کە بکرایە چونکە سێ چوار پێشمەرگە تەسلیم بووبوونەوە بە رژێم و رژێمیان ئاگاداری پلانی ئەم

چالاکیە کردبوو هەر لەبەر ئەوەش بوو دوژمن سەعاتی سفر لە ٢٠٠ – ٣٠٠ مەتری نێوانمانەوە دەستیان لێ وەشاندین. ئەم چالاکیە بە سەرپەرشتی کاک عەلی بچکۆل بوو.

لەو شەوەدا منیش پارچەیەک بەر سەرم کەوت و بریندار بوم و بیست پێشمەرگەی تریشمان لێ بریندار بوو. ئەو شەوە ژمارەیەک دیلمان دەستگیر کرد دەمەو بەیان گەیشتینەوە گوندێک باش بیرم نەماوە هەر ئۆمەرمەندان بوو یان دووشیوان. لەو شەوەدا سێ لە شەهیدەکانمان کە سەرپەرشتیارەکەیان مامۆستا عادل بوو بەجێ مان کە شەهیدان عەبدولحەکیم و شاهۆ و جوامێر بون:

کاتێک لە ماڵە خزمەکەمان پاڵکەوتبوم حەکیم خۆی شتبوو سەری دائەهێنا، گوێم لێی بوو بە پورە خەجێی خاوەن ماڵی وت: ئەمە دوا ئیجازەمە و گەر بڕۆمە دەرەوە زۆر نابات ناوم لە رادیۆدا بە شەهید دەخوێنرێتەوە. نزیک ١٥ کاتژمێر دوای ئەو قسەیەی شەهید بوو.

شەهید عەبدولحەکیمی برام وەک شەهید عەبدولوەهابی برام گۆڕیان ونە، دوژمن بە نهێنی لەگەڵ شەهیدەکانی تر خستیاننە گۆڕی ونەوە.

پێش ناشتنیان، رژێم بەرامبەر سینەما و ئەمنی کەرامە، لەبن قەڵای کەرکوک ئەم شەهیدانەی دانابوو بۆ چاوترساندنی خەڵکیی ئنجا بردبویانن.

چەند رۆژێک بەر لە چالاکیەکە من و عەبدولحەکیمی برام ئیجازە بوین و چوینە ماڵە خزمێکمان لە گوندی تۆمار.

یادی براکانم و هەموو شەهیدانی رێگەی رزگاری و ئازادی بەخێر.



**عەبدولخالق ناجی عەباس (هیوا)**

کاک هیوا، ساڵی ١٩٥٦ لە کەرکوک لەدایک بووە و دەڵێت:

ساڵی ١٩٧٤ پاش تێک چونی مفاوەزاتی یانزەی ئازاری ساڵی ١٩٧٠، زوربەی زۆری خەڵکی چونە دەرەوە و منیش وەک ئەو خەڵکە چومە دەرەوە و سەرکردایەتی شۆڕش بڕیاری دا لە سنورەکاندا ئۆردوگا بکەنەوە بۆ قوتابیان، من چومە ئۆردوگای شەهید لەیلا لە پێنجوێن، لەوێ چەندین هاوڕێی نوێم ناسی، کاک ئازاد هەورامی (کە زۆر لە مێژ بوو ئاشنایەتی خێزانیمان لەنێواندا هەبوو)، لەوانە سەلام جاسم و صەمەد حەمە پەری و چەندینی تر، کە ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو بۆ هوشیار کردنەوەی گەنجان. دواتر چومە تەوێڵە و پاشتر بۆ سۆسەکان و خورماڵ.

پاش ڕێکەوتنە شومەکەی جەزائیر بە ئامادەیی سەرۆکی جەزائیر شۆڕشەکە هەرەسی پێ هێنرا و بەرپرسەکان کۆبونەوەیان کرد و خەڵکیان سەرپشک کرد لە مانەوە لە ئێران یان گەڕانەوە بۆ عێراق و منیش گەڕامەوە بۆ شاری کەرکوک و وەرەقەی عایدون یان داینێ و دەستمان کردەوە بە

خوێندن. کاک ئازاد جارجار دەهاتە ماڵمان و یان من دەچوم و نامیلکەیەکی ماوتسی تۆنگی دەدامێ کە بیخوێنمەوە.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٥دا لە لایەن مامۆستا محەمەد حەسەنەوە موفاتەحە کرام بۆ کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستانی گۆش کراو بە بیروباوەڕی ماو.

ئیتر من هەر زوو کەوتمە کارکردن و، حسێن عەزیز و ساڵح حەمیدم موفاتەحە کرد. مامۆستا محەمەد بوو بە بەرپرسی شانەکەمان، ئەرکی ئەوکاتمان بڵاوکردنەوەی نامە و بەیاننامە و نوسینەوەی ئەو نوسراوانەی دەگەیشتە دەستمان لەسەر وەرەقەی تەنک و کاربۆنمان دەخستە ژێر. هەروەها پیتاکیشمان کۆ دەکردەوە بۆ شۆڕش.

ئا لێرەدا نابێت رۆڵی سانیە خان و بنەماڵە بەرێزەکەیان نادیدە بگرین، بەڕاستی ماڵێکی نیشتمان پەروەر بون و لە زیندانیشدا ئەم دایک و کوڕە سەلماندیان کە چەند دڵسۆز و راستگۆن لەگەڵ بیروباوەڕەکەیاندا.

دواتر مامۆستا محەمەد منی خستە لای عوبێد رەوف و ئەو بوو بە مەسئولم. مامۆستا محەمەد، دواتر صەباح مەحمود و ئەسعەد عەزیزی خستە لام و وردە وردە ئەرکەکان فراوانتر دەبوو.

پاش کارەساتی هەکاری، ساڵی ١٩٧٨ سەرکردایەتی شۆڕش داوای لە رێکخستنەکانی ناوشار کرد کێ توانای هەیە پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە بکات. کۆبونەوەیان بۆ ئەو مەبەستە پێ کردین و من ئامادەیی خۆمم دەربڕی بۆ چونە دەرەوە. ئیتر من و خەباتە بچکۆلیان گەیاندە سلێمانی و لەوێ ئاسۆ عەلی چاوەڕوانی دەکردین. هەر لەگەڵ ئاسۆ عەلی و هیوا سور دوو هاوڕێی دێرینی شاری کەرکوکم بینی (پشتیوان و وریا سور) بەشداری هەکاریان کرد و دوای گەڕانەوە شەهید بون.

دوای دوو رۆژ هەر چوارمان چوینە دەرەوە و گەیشتینە چەمی سورقاوشان و ژیانی پێشمەرگایەتیمان دەستی پێ کرد.



**ئەحمەد قەمبەر عەلی**

۲۰۲۱/۱۰ کەرکوک

کاک ئەحمەد، ساڵی ۱۹٥۷ لە گەڕەکی عەرەصە (خانووە قوڕەکان)ی شاری کەرکوک لەدایک بووە و دەڵێت:

من هێشتا لە قۆناغی خوێندنی ناوەندی بوم، چومە ریزەکانی رێکخستن یەکێتی قوتابیانی کوردستانەوە و ساڵی ۱۹۷۲ لە پشوی هاویندا ئۆردوگایان بۆ قوتابیان کردەوە لە گوندی هەشەزینی، ئەم ئۆردوگایە تایبەت بوو بەو گەنجانەی، کە هەڵگری بیروباوەڕی چەپ بوون. هەر لەو ساڵەدا کاک ئازاد هەورامیم ناسی. لەم ئۆردوگایانەدا گفتوگۆ لەسەر بابەتی سیاسی دەکراو ئێمەیان بە ژیانی ناو دێهاتەکان ئاشنا دەکرد و دواتر تەدریبی چەکیشیان پێ دەکردین.

ساڵی ۱۹۷۲دا پەیوەندیم کرد بە لیژنەی ی. ق. ک. لە ئامادەیی کوردستان هەر ئەو ساڵە کرام بە ئەندامی لیژنەکە لە جێگەی کاک ئازاد هەورامی، چونکە ئەو کرا بە ئەندام ناوچەی ی. ق. ک. لە ساڵی ۱۹۷۳شدا لە گوندی بلوکێن-ی ناوچەی ئاغجەلەر بەشداری چونە ئۆردوگام کرد.

ساڵی ۱۹۷٤ وەک زوربەی هاوڕێکانم بەشداریی شۆڕشی ئەیلولم کرد.

ڕۆژێک دوای ئاشبەتاڵ، من و کاک ئازاد و هەندێک هەڤاڵ لە بەڵخە بوین و هەموان نارەحەت و بێ تاقەت بوین لەسەر ئەو وەزعە ناهەموارە. کاک ئازاد سێ بژاردەی خستە بەردەممان. تەسلیم بە رژێم ببینەوە، بچینە ئێران، یان پەیوەندی بە کاک عەلی عەسکەرییەوە بکەین. ئیتر دابەش بوین و من لەگەڵ کاک ئازاد و هۆشمەند و سامی برای و جاسم رەحیمی داقوق و ئەبو زەیدی دوبز و سەلام جاسم و شێخ سوارە و چەند برادەرێکی تر بەرەو پێنجوێن کەوتینە ڕێ.

لە پێنجوێن کەسمان نەبینی، ناچار چەکەکانمان فرۆشت بۆ کرێ ی سەیارە و گەڕانەوە بۆ کەرکوک.

ئێمە تابیعەیەکمان پێ بوو، کاک ئازاد وتی: ئەم تابیعەیە لە شوێنێکی باش قایم بکەن و هەرکەس گەڕایەوە دەری بهێنێت و سودی لێ وەردەگرین.

خۆمان تەسلیم کردەوە و کتابیان داینە دەست بۆ قوتابخانەکانمان، من و کاک ئازاد و ئەحمەد عەسکەری هاوپۆل بوین.

ئێمە لە قوتابخانە مەوعیدمان دادەنا، کە ئێواران لە حەدیقەی شمشێرەکە دانیشین و قسە و باسی خۆمانی لێ بکەین، کاک ئازاد گیتارێکی پێ بوو عەزفی دەکرد و لەگەڵیدا ئێمە قسە و باسی سیاسیمان دەکرد. ئەوکاتەی دەچوینە ئەو حەدیقەیە من و کاک ئازاد و شێخ سوارە و سەلام جاسم و محەمەد سەعید خالیدی کۆنە شیوعی بوین.

دەوروبەری مانگی ١٩٧٦/١٠ بوو، کاک ئازاد پێی وتین وەرن بۆ چایخانەی لای ئاڵتون فرۆشەکان و لەوێ پێی وتین، ئەمری گرتنم دەرچووە و خواحافیزیتان لێ دەکەم، کاک ئازاد، کە رۆیشت ئێمەی بە کەس نەسپارد، چونکە ئێمە تەنزیم نەبوین و تەنها هاوڕێی بوین. من لە کۆلێژی کشتوکاڵی زانکۆی سلێمانی وەرگیرام. ئەو ساڵە تەحالوفی نێوان حیزبی بەعس و حیزبی شیوعی هەڵوەشایەوە.

ساڵی ١٩٧٨ فایەق عومەر رەسوڵ لە کەرکوک پەیوەندی پێوە کردم بۆ چونە ناو تەنزیماتی کۆمیتەی ئاگرەوە و منیش رەزامەندیی خۆم پیشان دا. دواتر من پەیوەندی راستەوخۆم بە کاکە رەشەوە هەبوو، سابیر عەبدوڵڵای خەڵکی تەپەم تەنزیم کرد.

ساڵی ١٩٨٠ لە کەرکوک بوم بە سەرباز و موچەی مانگانەم ٦٥ دینار بوو. ئەو برە پارەیە بۆ ئەو سەردەمە زۆر زۆر بوو. کاک ئازاد داوای ژمارەیەک قەمسەڵەی لێ کردم. منیش دە دانە قەمسەڵەم لە مەزاتخانە بە ٤٢ دینار بۆ کڕین.

ئیتر ئێمە بەردەوام خەریکی کار و چالاکی سیاسی و کۆبونەوە و خۆرۆشنبیر کردن بوین. هەفتانە یان دوو هەفتە جارێک کۆبونەوەمان دەکرد و لەو ماوەیەدا ئێمە گوێمان بۆ خەڵکی گەڕەک و سەرشەقامەکان هەڵدەخست، کە بزانین رژێم بە نیازی چییە و لە کۆبونەوەدا بابەتەکەمان باس دەکرد و هەندێک جاریش بە کاربۆن بڵاوکراوەکانمان دەنوسیەوە و دابەشمان دەکرد و نیوە شەوانیش دەچوینە کۆڵانەکان و سەر دیوارەکانمان بە دروشمی کۆمەڵە دەنەخشاند.

ساڵی ١٩٨١ بوو، رۆژێک لەسەر پردەکەی ئیمام قاسم فاروقم بینی. ئێمە تەنها برادەر بوین، لە رێکخستندا پێکەوە نەبوین و لە یەک ئاشکرا نەبوین. لێم پرسی، دەنگ و باس چیە؟ وتی: وەزعەکە شڕە و خەڵک گیراوە.

من عەسکەر بوم و ئیجازە بوم، ویستم بچم بۆ سلێمانی لای گەراجی ئیسکان سەیارەیەکی لاندگرۆز وەستا لەبەردەممدا و وتی: وین هویتک؟ منیش (عدم تعرض)ی عەسکەریم پێ بوو. لێی وەرگرتم و پیشانی کەسێکی ناو سەیارەکەی دا و هاتەوە و گرتمی و چاومیان بەستەوە و کردیانمە صندوقی ئوتومبێلێکەوە بردیانمە هەیئە و فڕێیان دامە ژورێکەوە، ژورەکە ٢٥ - ٣٠ زیندانیی تێدا بوو، من نەیانم دەناسی، نەشم دەوێرا ناوی کەس

بپرسم کە لەکوێن، دواتر بەر گوێم کەوت، کە هەڤاڵانم براون بۆ هەیئەی تازە.

کوڕێکی لێ بوو، وتی: من شاگرد نەجارێک بووم، هاتن بۆ گرتنی ئەو و ئەو لەوێ نەبوو، لەبری ئەو منیان دەستگیر کرد، نەجارەکە ناوی عومەر نەجار بوو.

دوای دوو شەو بانگ کرام بۆ تەحقیق. ناوی چەند کەسێکی کۆمیتەی ئاگریان لێ پرسیم، وتم: نایانناسم، شەوێکی تر چاویان بەستم و بردمیانەوە و لەوێ چاویان کردمەوە و زانیم دیسان ژووری تەحقیقە، لەوێ (فلان)م بینی، ئەو ئەندامی رێکخستنی کۆمیتەکە بوو. کە پەیوەندیی بە منەوە هەبوو، وتیان ئەم پیاوە دەناسیت؟ وتم، نە دیومە و نە دەیناسم.

ئنجا پرسیاریان لەو کرد، وتیان: ئەمە کێیە؟ وتی: ئەمە ناوی ئەحمەد قەمبەرە و لە کۆمیتەکە لەگەڵمان بووە. ئنجا وتی: کاک ئەحمەد هەمومان ئیعترافمان لەسەر تۆ کردووە و ئینکاریی فایدەی نیە.

دواتر لێیان پرسیم، کاکە رەش دەناسیت؟ وتم: نەخێر. وتیان: دەیهێنینە بەردەمت. وتم: زۆر باشە، بیهێنن. من دەمزانی کاکە رەش دەرچووە، زانیم، کە راست ناکەن. پاشان ناوی سەرداریان لێ پرسیم، وتم: نایناسم، وتیان دەیهێنینە بەردەمت، وتم: نایناسم. باش بوو ئەویشیان نەهێنا، (فلان) راستی دەکرد چونکە هەمومان پێکەوە کۆبونەوەمان دەکرد.

ئنجا (فلان)یان دەرکردە دەرەوە و کەوتنە تێهەڵدانم. کارەبا، هەڵواسین، کێبڵ، ئاوی سارد، ئیتر ئاگام لە خۆم نەمابوو، کە چاوم کردەوە لە ژوورەکەی خۆمدا بووم. تەنها چاوم دەیبینی، کۆنترۆڵی میزکردنم لەدەست دابوو. دوبارە بورامەوە، کە بەهۆش هاتمەوە، منیان رەوانەی مستشفی عسکری کرد لە رەدهەی باطنیە دایان نام و دوو حەرەس لە ژور سەرم بون، لەشم خوێنی لێ دەچۆڕا، موزەمیدێک چارەسەری برینەکانی بۆ دەکردم ناوی یوسف بوو.

لەدواییدا د. خضیر سالم بەرپرسی بەشی باطنیە هات، وتی تەحلیلی خوێنی بۆ بکەن بزانین بلۆدیوریای چەندە؟. ئەنجامەکەی هاتەوە و دکتۆر زۆر تورە بوو، وتی: ئەم تەحلیلە راست نیە و کەسێک بلۆدیوریاکەی وابێت چۆن ئەژی؟. ناردی دکتۆری موختەبەرەکەی بانگ کرد تا خۆی بێت تەحلیلەکەم بۆ بکات. ئەنجام هەمان شت بوو، د. خضیر سالم وتی دیارە دەرمانەکان ئێکسپایەرە، ئەم بنێرن بۆ مەرکەزی کلیەی صناعی لە کەرکوک با تەحلیلی خوێنی بۆ بکەن. نەتیجە گەڕایەوە و هەمان شت بوو، دکتۆر وتی: ئەمە موستەحیلە یان ئەوەی ئێمە خوێندومانە هەڵەیە، یان هەڵەیەک هەیە.

بۆ رۆژی دواتر منیان بە دوو چەکدارەوە نارد بۆ مەرکەزی کلیەی صناعی بۆ شوشتنی کلیەکانم. د. طلعت شوکر مەسئولی ئەو مەرکەزە بوو، بە چەکدارەکانی وت: ئیتر ئەمە مەهێنن بۆ ئێرە. دەبێت عەمەلیاتی بۆ بکرێت.

هەر هەمان شەو عەمەلیاتیان بۆ دەست و قاچم کرد. دوای عەمەلیاتەکە چوار جاری تر بردیانمەوە بۆ شوشتنی گورچیلەکانم و ماوەی ٣٠ رۆژ لەو نەخۆشخانەیە مامەوە.

ئنجا بردیانمەوە بۆ هەیئەی تەحقیق.

دوای دوو رۆژ دیسان برامەوە بۆ تەحقیق، چاویان بەستبومەوە و پێیان وتم، دەزانی پارەیەکی چاکت بۆ خەرج کرا؟ ئێستا پێمان بڵێ پەیوەندیت چییە بە کۆمیتەی ئاگرەوە؟ وتم: هیچ پەیوەندییەکم نیە. وتی: ئەوە باش بزانە، کە هەموو هاوڕێکانت ئیعترافیان لەسەر کردویت، من نکوڵیم کرد. وتیان جلەکانت داکەنە. کە منیان بینی وتیان، خۆ لەشی بووە بە خەریتە!!. لە کوێی بدەین؟ یەکێکیان وتی: گەورەم ئەوە سالم وای لێکردووە.

مولازمەکە یەکسەر وتی: پەنجەت بێنە، دوو سێ پەنجە مۆرم بۆ بکە. ئیتر دڵم خۆش بوو کە پەنجە مۆرەکەیان پێ کردم، زانیم کە ئیتر لێدان نەما، منیان کردە ژورێکی ئینفرادی لە خۆشیدا دەرگا و دیوارم ماچ دەکرد، ئەگەر

بڵێم ئەو ڕۆژە خۆشترین ڕۆژ بوو لە ژیانمدا، باوەڕ بکەن، چونکە خۆم بە سەرکەوتوو دەزانی، کە کەسم بەدوای خۆمدا نەهێناو نەیانتوانی هیچ زانیاریەکم لێ وەربگرن.

ماوەی چەند مانگێک لە ئەبوغرێب ماینەوە و ئەو کاتە بیستم، کە کێ لە هاوڕێکانم ئیعدام کراوە و کێ بەند کراوە، لە ساڵی ١٩٨٢دا بە عەفوی عام ئازاد کرام.

لەبەرئەوەی باری تەندروستیم زۆر خراپ بوو لە عەسکەری تەسریحیان کردم. حەزم دەکرد ببم بە پێشمەرگە، بەڵام توانام نەبوو. هەرچەندە دوای ئازاد کردنم کەس نەیووت کەرت بە چەندە؟

سەرەتای ساڵی ١٩٨٣ خۆم ڕانەگرت و چومە لای کاک ئازاد هەورامی، کە حاڵی منی بینی وتی تۆ تازە پێشمەرگایەتیت پێ ناکرێت، من زۆر پێداگریم کرد لەسەر بونم بە پێشمەرگە، وتی مادام وایە بچۆرە گوندی سەرمۆرد و ببە بە مامۆستای شۆڕش. ساڵێک لەگەڵ برادەرێکدا، کە ناوی ئیبراهیم مەجید بوو، دەرسمان وتەوە، بەڵام من بەردەوام تەندروستیم بەرەو خراپ و خراپتر دەچوو. بۆیە کاک ئازاد وتی لێرە ناتوانین چارەسەرت بکەین بگەڕێرەوە بۆ کەرکوک و ماڵەکەت بگوێزەرەوە بۆ گەڕەکێک، کە کەس نەتناسێت، ئیتر بەردەوام غەسلی کلیەم لەژێر چاودێری پزیشکدا بۆ دەکرا.

لە ڕاپەریندا پەیوەندیم لەگەڵ مامۆستا جەلال شێخ کەریم دا دروست کرد. ئیتر لە کەرکوک چی روویدایە پێم دەگەیاند. جارێکیان چەند کەسایەتیەکی کورد لە کەرکوک، مقاول و بازرگان و سەرمایەدار، لەلایەن ڕژێمەوە داوایان لێ کرابوو کە یان کەرکوک جێ بهێڵن یان قەومیەتی خۆیان بگۆڕن بۆ عەرەب. سەردانی مامۆستا جەلالم کرد، وتی: پەلە مەکە مام لە هەولێرە با بگەڕێتەوە دەبێت ئەو بڕیاری لەسەر بدات.

کاتێـک مــام جەلال گەڕایەوە، وتبــوی: پێیــان بڵــێن نەبــن بە عەرەب و کەرکـوک جـێ نەهـێڵن و هـیچ مـاڵ و موڵکێکیـان نەفرۆشـن، ئەوەنـدە نابـات دەگەینە کەرکوک.

دوای پرۆسـەی ئـازاد کردنـی عێـراق کـرام بە ئەنـدام مەڵبەنـدی کەرکـوک دواتـر بە کـارگێڕ و پاشــان بە مەسـئولی کـۆمیتەی کەرکـوک و مەسـئولی لیـژنەی پێشـوازی لە قەرەهەنجیـر و لیـژنەی دابەشـکردنی زەوی فەیـلەق و بارودخـانە و موعەسکەر خالید و دواتر لیـژنەی دامەزراندنی مامۆسـتایان و دواجار ئەندامی ئەنجومەنی مەکتەبی چاودێری و دواتر بۆ ماڵەوە.



**جەلیل حەمە مراد شەریف (کرمانج)**

٢٠٢١/٦/٢٤ سلێمانی

کاک جەلیل دەڵێت: من ساڵی ١٩٦٤ لە گەڕەکی ئیمام قاسم لە شاری کەرکوک لەدایک بووم و ئاستی خوێندنم قۆناغی ئامادەییە و باوکم و ئیسماعیل و ئیبراهیمی برام بەشداریی شۆڕشی ئەیلولیان کردووە، بەهۆی ئەوانیشەوە ئێمە چوینە دەرەوە بۆ پێنجوێن و دواتر بۆ سەوڵاوا و کامیاران، کە لەوێ ئۆردوگایان بۆ کردبوینەوە.

دوای ئاشبەتاڵ رژێم نەیهێشت بگەڕێینەوە بۆ کەرکوک، ئیسماعیلی برامیان نارد بۆ شاری کوت و ئیبراهیمی برامیان رەوانەی شاری عەمارە کرد و باوکیشمیان ناردە کەربەلا، من و رابیعە قادری دایکم و پەیمانی خوشکمیان تەرحیلی شاری هەولێر کرد و خەلیلی براشمیان سەوقی عەسکەری کرد.

ئەم پەرتەوازە کردنە، پاڵی پێوەنام، کە هەست بە زوڵم و زۆری رژێم بکەم بەرامبەر نەتەوەکەم.

ئـێمه پـاش مانگێـک گەڕاینـەوە کەرکـوک و چـوینەوە مـاڵەکەی خۆمـان، گەڕەکەکەمـان ئەمـین بـوو. زوربەی ماڵەکـان بـاوک یـان کوڕیـان پێشـمەرگە بون. ڕەفیقەکانم، ڕەشید مەجید و جەبار ستیف و عـومەر فەرەج بـوون. ئێمە کاری بۆیاخچێتیمان دەکرد و خانوومان بۆیاخ دەکرد.

هاوڕێکانم لە من بەتەمەنتر بوون.

من ساڵی ١٩٧٩ ڕەشید مەجید تەنزیمی کردم بۆ کۆمەڵە کە ڕەفیقی مەلا محێدین بوو.

ئیتـر مـن و ڕەشـید مەجید و جەبـار سـتیف کەوتینە شـانەیەکەوە لای مەلا محێـدین. چـونکە لە هەموویـان منـاڵتر بـووم، راسـپاردە و دابەشـکردنی بڵاوکراوە و نوسینی سەر دیواریـان کردبوو بە ئەرکی سەرشـانم. هـاتوچۆی عومەر نەجاریشیان پێ دەکردم. بابەتی ئەڵقە ڕۆشـنبیرییەکانیان دەدا بە مـن و دەمبـردە لای عـومەر نەجـار و ئەویـش هەنـدێک جـار لای خـۆی گلـی دەدایەوە و هەنـدێک جـار دەیخسـتە نـاو تەلاشـە تەختەوە یـان بە مـن یـان بە کامەرانی کوڕیدا دەیناردینە شوێنی مەبەست.

مەلا ئەحـمەدە کوێرەش هەبـوو، هەر لە گەڕەکی خۆمـان بـوو، بووبـوو بە تەتەر. زوربەی نـامە و داواکارییەکـانی کـاک عـومەر نەجـاری دەهێنـاو دەبـرد. شـەوێکیان مـام عـومەر و مەلا ئەحـمەدە کـوێرە و ڕەشـید مەجیـد ناسـراو بە ڕەشـەی گوڵە، کۆیان کـردینەوە و وتیـان دەچـین بۆ ئیشـێک. لە ڕێـگا تووشـی مەفـرەزە بـووین. دەفێـک و تەپڵێکیشـمان پـێ بـوو، مەفـرەزەی پـۆلیس رایـان گـرتین، وتمـان دەچـین بۆ مەولـود. بـاش بـوو بەڕێیـان کـردین، عـومەر نەجـار وتی: باش بوو دەستگیریان نەکردین، من دەمانچە و مەنشوراتم پێیە.

ڕۆژێکـی تـریش مـن و ڕەشـید مەجیـد دەهـاتینە خـوارەوە سـەیارەیەکی کادیلاک بەرەو ڕومان هات و ڕەشید وتی خوا ناردی. و مـن دەمـانچەم پێیە، بەڵام من نەم دی، دواتر لەوبەرەوە ئەڵقە لەگوێیەکی رژێمـان بینـی و ڕەشـید

کارەکەی نەکرد و بە پەلە دەمانچەکەی کردە باخەڵمەوە و تی راکەرە ناو خانی عەلافەکانەوە بۆ دوکانی حاجی سەعید. منیش زۆر ترسام و بەپەلە چووم دەمانچەکەم خستە ناو تەنەکەیەکەوە خێرا گەڕامەوە بۆلای رەشید، هاتمەوە تەماشام کرد، ئەمنەکان خەریکی تەفتیش کردن بوون. منیشیان بانگ کرد، باش بوو هیچم پێ نەبوو. دواتر دەمەوئێوارە چوینە لای حاجی سەعید و وتمان چوار پێنج فەردە گەنممان بدەرێ و دەمانچەکەشمان بدەرێ، باش بوو حاجی سەعید پیاوێکی کوردپەروەر بوو قسەی نەکرد.

١٩٨١/١٠/١٧ کۆمیتەی ئاگر کەشف بوو. سەرەتا فەهمی دەستگیر کرا، کە خەڵکی گەڕەکی ئیمام قاسم بوو، وردە وردە لە ماوەی دوو هەفتەدا زوربەی هەڤاڵان دەستگیر کراین. من ١٩٨١/١٠/٢١ دەستگیر کرام.

ئێمە ژمارەمان ٣٧ کەس بوو، کە رۆژی مەحکەمە دەرکەوت، دوای ئەوە ١٧ حەڤدە کەسیان بەجیا گرتبوو ئەمانەیان لەگەڵ ئێمەدا مەحکەمە نەکرد و یەکسەر برابوون بۆ شوعبەی ئەمنی مەنسور، کە هەر سەر بە مودیریەتی ئەمنی کەرکوک بوو.

ئەوانیش هەر لەسەر رێکخستن دەستگیر کرابوون، جگە لە برای جەبار کە ناوی غەفور بوو ئەویان ئازاد کرد، ئەوانی تریان بێ سەروشوێن کرد. دە کەس حوکمەکەیان سێدارە بوو ٢١ کەس بە حوکمی جۆراو جۆر و عەسریە خان بە حوکمی هەتاهەتایی زیندانیی کراین.

جگە لەم هەڤاڵانە ئەوانی تر پەیوەندییان کرد بە شاخەوە و بونە پێشمەرگە و هەندێکیشیان لەناو شاردا خۆیان حەشار دابوو.

هەندێک لەو هەڤاڵانەی چەکی شەرەفیان کردە شانیان هەر زوو شەهید بوون و ئەم ئازادییەی ئەمڕۆ بە خەباتی هەڤاڵانی شەهید و رێکخستنەکان هاتە بەرهەم و نمونەیان زۆرە، لەوانە شەهیدی سەرکردە کاک ئازاد هەورامی و شەهیدان عەبدولڕەزاق و شوانەی تەنسیق، کە هەڤاڵ ئەمیرە

محەمەد کتێبێکی لەسەر ئامادە کردووە، و مامۆستا جمهور و بێستون عەسکەری و مامۆستا ڕەوف و مامۆستا عەبدولقادر و مامۆستا شێرزاد و حەمەی ئایشێ و نەجات و بەداخەوە ناوی هەندێکیانم لەبیرچۆتەوە یان من نەمناسیون.




ئەوانەی کە پەیوەندیشیان کرد بە هێزی پێشمەرگەوە هەموویان جێگە دەستیان دیارە و لە مێژوودا تۆمار کراوە، یەکێک لەوانە شەهیدی قارەمان مام عومەر نەجار بوو کە لە شۆڕشدا بە مام عومەری قەمچۆغە ناسرا. ئەو ساڵی ١٩٨٢ لە یەکەم شەڕی ناودێ ی قازان دا رۆڵەیەکی جوامێر و قارەمانی بەخشیە ڕێگەی خەباتەکەی بە ناوی کامەران.

عومەر نەجاری باوکی پیاوە بە ئەمەک و دڵسۆزەکەی شار و شاخ لە گەڕەکی عاشور لە ئەسڵ دا (ئیمام قاسم) دوکانی دارتاشی هەبوو. پیاوێکی دەست و دڵ فراوان و خێرخواز و جێگای باوەڕ و متمانەی هەموان بوو بەتایبەتی لای هەڤاڵانی کۆمیتەی ئاگر.

لەوانە مەلا محێدین و فاروق و فەهمی. هەر ئەو متمانەیە وای کردبووی کە زۆرجار برادەران بچنە دوکانەکەی بۆ کۆبونەوە و هەندێک جار پرس و را بەو بکەن، زۆرجاریش بڵاوکراوەیان لە دوکانەکەیدا دائەنا و تا بیگەیەنێتە شوێنی مەبەست.

مام عومەر نەک تەنها خۆی خستە خزمەت هەڤاڵانی ڕێکخستنی کۆمیتەی ئاگر، بەڵکو لە دەریشەوە ماڵەکەیان لە گوندی قەمچۆغە لە سنوری تیپی

٢٣ی سـورداش، بووبـوو بە مەقەڕی پێشـمەرگە، بەڵام پێشـمەرگە و کـادری تیپەکانی ٢١ی کەرکوک و ٢٥ی خاڵخـالان و تەنانەت تیپەکانی سنوری ٥٧ی سـەگرمە و مەڵبەنـدەکانی یەک و دوو سـێ، زوربەی کـات ڕێگەیـان دەکەوتە قەمچۆغە و مـاڵی ئەوان، بـۆیە هەرچی بنوسـم لەسـەر قارەمـانێتی ئەو پیـاوە هێشتا هیچم نەنوسیوە.

لە کۆتاییدا دەڵێم: مـام عـومەر نەجـار نمـونەی پەروەردەی جـوان و پیـاوی قارەمان و جوامێری کۆمیتەی ئاگر بوو، بۆیە وەک ئەرکی سەرشـانم ویستم مشتێک لە نمونەی خەرواری ئەو تێکۆشەرە بخەمە بەرچاوی بەڕێزتان.

من دواتر ساڵی ١٩٨٢ بە لێبوردنی گشتی ئازاد کرام.

هەزاران سـلاو بـۆ گیـانی پـاکی سـەرجەم شـەهیدانی کوردسـتان و سـەروەری بـۆ بنەمـاڵە تێکۆشـەرەکانیان و تەمەن درێـژی و تەندروسـتی بـۆ هەڤاڵەکانی زیندان بەتایبەتی هەڤالانی کۆمیتەی ئاگر.



**حەسەن ئەحمەد محەمەد (حەسەن غەدارە)**

کاک عومەر قادر دەڵێت:

کاک حەسەن ئەحمەد محەمەد، ساڵی ١٩٢٩ لە تەکیەی جەباری لەدایک بووە و دواتر چونەتە کەرکوک و لەگەڵ دەست پێ کردنی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی ١٩٦١دا دەستی بە خەبات کردووە، ساڵی ١٩٦٣ بۆ ماوەی ساڵێک و هەشت مانگ سجن کراوە و لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا دەستی کردۆتەوە بە خەبات و یەکێک بووە لە کادرە چالاکەکانی کۆمیتەی ئاگر و هەرچییەکی لەتوانادا بووبێت بۆ گەشەکردنی ڕێکخستن و ئامادەکردنی کادر بۆ چوونە پێشمەرگایەتی دریغی نەکردووەو جێ دەستی کار و خەباتی لە شاری کەرکوک و دێهاتەکانی دا دیارە و ماڵەکەشی کردووە بە وەکری ڕێکخستن و شوێنی حەشاردانی پێشمەرگە.

دوای کەشف بوونی کۆمیتەی ئاگر ئەمیش وەکو بەشێک لە هاوڕێکانی ساڵی ١٩٨١ دەستگیر دەکرێت و ساڵی ١٩٨٢ بە عەفواتی عام ئازاد دەکرێت.



**سیروان ئەحمەد قادر (ئەبو رەعد)**

٢٠٢١/٦/١٨ کەرکوک

کاک سیروان، ڕێکەوتی ١٩٦١/٦/٢٤ لە گەڕەکی ئیمام قاسم لە شاری کەرکوک لەدایک بووە و حاڵ و گوزەرانیان باش بووە و هەڵگری بڕوانامەیە لە دیراساتی ئیسلامی و دەرچوی پەیمانگای تەکنیکی کەرکوکە و دەڵێت:

من لە خێزانێکی کوردپەروەر لەدایک بوم و خاڵم، مامۆستا عەلی کاک حەمە پێشمەرگە بوو، منیش بەو گیانەوە پەروەردە کرام. من لە ڕێگەی خاڵە عەبدولکەریم کاکە حەمەمەوە تەنزیم کرام بۆ ریزەکانی ڕێکخستنی کۆمیتەی ئاگر. خاڵم ئەرکەکانی ڕێکخستنی پێ جێبەجێ دەکردم، لەوانە بڵاوکردنەوەی ئەو بڵاوکراوانەی دەگەیشتە دەستی و نوسینی دروشمی ناو کۆڵان و سەرجادەکان، ئەو دروشمەی کە هەرگیز لەیادم ناچێت (زەبرو زەنگی کۆنەپەرستانە بە زەبرو زەنگی شۆڕشگێڕانە وەڵام دەدرێتەوە).

منیش لە ڕێگەی خۆمەوە چەندین کەسم تەنزیم کرد، لەوانە ئەحمەد عەبدولڕەحمانی خەڵکی گەڕەکی بولاق، کە هاوڕێی پەیمانگا بوین و ئاشتی حسێن، کە هاوگەڕەک بوین و دواتر هەردوو خوشکەکەم ئیلهام و پەروین.

له ساڵی ١٩٨١دا کۆمیتەی ئاگر کەشف بوو، زوربەی هەڤاڵان دەستگیر کران، من ترسم نەبوو، چونکە خاڵم دەستگیر نەکرابوو. بەڵام پاش نزیکەی سێ مانگێک ١٥ی کانونی دووەمی ساڵی ١٩٨٢ نیوەشەو هەڵیان کوتایە سەر ماڵمان و لەلایەن ئەمنی کەرامەوە قۆڵبەست کرام و برامە بەردەم مفەوەز عەبدولڕەزاق. هەر کە چوومە ژورەوە بە ناوە نهێنییەکەم (ئەبو رەعد) بانگی کردم و ئیتر زانیم، کە کار لەکار ترازاوە. پاش هەندێک تەحقیق منیان فڕێدایە ژورێکەوە، کە نزیکەی ٣٠ کەسی تیا بوو، کەسیانم نەدەناسی، بەڵام ئەوان لەناو خۆیاندا باسیان لە هەڤاڵەکانم دەکرد و دەیانووت ئەوانە زۆر ئازار و ئەشکەنجە دراون و دواتر گواستراونەتەوە. تا بەیانی رۆژی ١٩٨٢/١/١٦ هیچ پرسیارێکیان لێ نەکردم و دواتر ناویان خوێندمەوە و چاویان بەستمەوە و سواری سەیارەیان کردم. پاشان زانیم ئەمە هەیئە کۆنەکەیە، هەر کە گەیشتم (فلان)یان هێنایە سەرم. وتیان ئەمە سیروان ئەحمەدە (ئەبو رەعد)؟ وتی بەڵێ خۆیەتی، دەرکەوت کە (فلان) دەرئەنجامی ئەشکەنجەدان، ناوی منی درکاندووە. ئەو رۆژە ئەشکەنجەیەکی زۆر درام و بەو مانگی یەکەی ساڵ، ئاوی ساردیان دەکرد بە سەرما و فەلاقەیان دەکردم و منیان ناردە ژوری رەقەم (٥). بۆ سبەینێی ئەو رۆژە دیسان بردیانمەوە بۆ تەحقیق و وتیان تۆ کێت تەنزیم کردووە؟ وتم شەهابم تەنزیم کردووە، وتیان عینوانەکەی، وتم لە شەڕی قادسیەی صەدام دا شەهید بووە. ئیتر وازیان لێ هێنام. هەتا لە رۆژی مەحکەمە کردنماندا ناویان خوێندەوە و ئنجا مۆریان پێ کردم و وازیان لێ هێنام ئەوەبوو دادگایی کردنی هەڤاڵانی کۆمیتەی ئاگر دەستی پێ کرد و تەنها من مامەوە نەیان بردم. لە ١٩٨٢/١/٢٦دا بردیانم بۆ مەحکەمە لە هەیئەی خاصە و کردیانمە ژورێکی ئینفرادی و دواتر بردیانم بۆلای حاکم و لەوێ هەموو هەڤاڵانم بینی و ئیتر بێ هیچ قسە و گفتوگۆیەک کەوتنە خوێندنەوەی ناوەکان و سەرەتا بڕیار و ناوی ئەوانەیان خوێندەوە،

که حوکمی ئیعدامیان بەسەردا سەپێنرابوو، پاشان ئەوانەی بە زیندانی کردن بۆ ماوەی جیاواز، ٧ ساڵ و ١٠ ساڵ و ١٥ ساڵ حوکم درابوون و هەندێکیش بە بەرائەت ناویان خوێندرایەوە لەوانە وەستا چەتۆ مەجیدی کاشی چی بوو. بەڕاستی رۆژێکی زۆر ناخۆش بوو بەلای هەموانەوە، چونکە دە هەڤاڵمان بە لەسێدارەدان حوکم درابوون.

سەرلەبەیانی ١٩٨٢/١/٢٧ ئێمەیان ناردە بەغدا بۆ زیندانی ئەبوغرێب. لەوێ ماینەوە تا دواتر بە عەفوی عام ئازاد کراین.

من نامەوێت باس لە ئازار و ئەشکەنجە و ژیانی ناو بەندیخانە بکەم، چونکە زۆری لەسەر وتراوە و چەندی تریشی لەسەر بنوسرێت ناگاتە ساتە ئازارێکی دەرونیی ئێستامان.

بەلای منەوە هۆکاری کەشف بونی کۆمیتەی ئاگر،

١- توانا و دەسەڵاتی رژێم لە کڕینی هەندێک خائین و خۆفرۆش و خزاندنیان بۆ ناو رێکخستنەکان زۆر بوو.

٢- لەخشتە بردنی هەندێک هەڤاڵ، کە گوایە ئەگەر ئیعتراف بکەن، ئەوان ئازاد دەکرێن.

٣- تێکەڵ کردنی خەتی عەسکەری لەگەڵ خەتی سیاسی.


٤- بونی متمانەی زۆری نێوان دوو هەڤاڵ بە جۆرێک کاتێک دەکەوتنە گفتوگۆ و قسە و باس دەربارەی رێکخستن، ئەگەر کەسی سێهەم بهاتایە، ئەوان باسەکەیان نەدەگۆڕی و بەردەوام گفتوگۆیان لەسەر دەکرد و سڵیان نەدەکردەوە. ئەمە وایکرد زۆرێک لە رێکخستنەکانی شار لەلایەن هەندێک کەسەوە بناسرێن، کە هیچ پەیوەندییەکیان بە شۆڕشی نوێوە نەبووە و ئەمەش بێ گومان رێکخستنەکانی دەخستە مەترسییەوە.

٥- رژێمیش رێگەی باش و پتەوی هەبوو، کە لە رێگەی ئەڵقە لەگوێکانییەوە زانیاری لەسەر هەڤاڵان کۆ بکاتەوە.

٦- ئەو چالاکیانەی کە دەکران پەلەپەلی پێوە دیار بوو. بۆ نموونە: کە چالاکیەک ئەنجام دەدرا دوای چەند رۆژێکی تر چالاکیەکی تریان ئەنجام دەدا، کە هێشتا پیاوانی رژێم بەدوای بکەرانی چالاکیەکەی پێشوتردا لەو ناوەدا خەریکی موراقەبە بون.

٧- زۆربەی چالاکیەکان، تەنها لە گەڕەکە کوردییەکاندا ئەنجام دەدران.

سڵاو لە رۆحی شەهیدان.



**صابر مەحمود عەلی**

٢٠١٣/٨ کەرکوک

خـاتو نەسـرین ئەحـمەد حسـێن، هاوسـەری هەڤـاڵ صـابری زینـدانی سیاسییە و دەڵێت:

سابیر، ساڵی ١٩٤٣ لە گوندی گۆگجەی ناوچەی شوانی سەر بە شاری کەرکوک لەدایک بووە. لەگەڵ لەدایک بونیدا باوکی کۆچی دوایی دەکات و ماوەیەکی زۆری پێ ناچێت دایکیشی کۆچی دوایی دەکات و تاقانەش دەبێت بۆیە نەنکی دەیباتە لای خۆی بۆ کەرکوک و قۆناغی خوێندنی ئامادەیی پێ تەواو دەکات.

لە شۆڕشـی ئەیلولـدا دەبێـتە پێشـمەرگە و لەبەر زیرەکیـی و لێهـاتوویی، دەکرێتە کادری ناوچەی شوان و ساڵی ١٩٧٧ دەچێتە ریزەکانی رێکخستنی کۆمیتەی ئاگرەوە لەسـەر داوای فەهمـی ئەمـین رەشـید بەشـداری زوربەی چالاکییە سیاسی و عەسکەرییەکانی کردووە.

چـالاکییە سیاسـییەکەی بریتـی بـوو، لە هوشـیارکردنەوەی گەنجـان و قسەکردن بۆ خەڵک و بڵاوکردنەوەی بەیان و نوسینی دروشمی سەر دیوار.

بــۆ چـــالاکییە سەربازییەکەشـــی، کە کـــاک ئەحـــمەد کرێکـــار بەرپرســـی مەفرەزەکان بوو. ئەو لەگەڵ فەهمی و فاروق و مەلا محێدین دا پێکەوە بون.

هاوســـەرەکەم کۆبونەوەکـــانی لە مـــاڵی خۆمـــان دەکـــرد و شـــەوی ١٩٨١/١٠/١٨\١٧ پاش دەستگیر کردنی فەهمی ئەمین، کە لیستی ناوەکان و بەیاننـامەی لە سـەیارەکەیدا پـێ گیرابـوو، هـاتنە سـەر ماڵەکەمـان و سـابیر کۆمەڵێک بڵاوکراوە و بەیاننامەی لە ماڵی خۆمان حەشـار دابوو، ئەوەی بـاش بـوو پـاش تەفتیشـێکی زۆری مـاڵەکە هیچیـان دەسـت نەکەوتـوو ئەویـان بـرد، پاش چەند مانگێک دوو ئەمن هـاتن و وتیـان بچۆ بۆ مـواجەهەی صـابر، ئیتر مانگی دوو جار دەچوم بۆ مواجەهەی، ئەوی من بینیم یاخوا کەس نەیبینێت.

لەژێـر تەعزیبـدا هەلاهەلایـان کردبـوو، سـێ مواجەهەمـان کـرد هەر پـانزە شـەو جـارێ، مـواجەهەی چـوارەم، کە چـومەوە سـابیر لەوێ نەمـابوو، پرسـیم وتم لەکوێیە؟ وتیان نەخۆشە و براوە بۆ خەستەخانە.

پاش پانزە رۆژی تر چومەوە بۆ مـواجەهە، کە بینـیم هەر چنگێکـی مـابوو، جەڵـتەی دەمـاغ لێـی دابـوو، هەردوو گـورچیلەی سسـت کردبـوو، ئەو بیسـت ساڵ حوکمی زیندانی کردنی بەسەردا سەپێنرابوو.

پاشــان ســاڵی ١٩٨٢ بە عەفـوات بەربـوو، کە ئـازاد کـرا نەیـدەتوانی قسـە بکـات، پـاش سـیانزە سـاڵ بەو دەردەوە تـلایەوە و لە ١٩٩٥/١١/١٢دا کـۆچی دوایی کرد و لە قەبرستانی بەرتەکیەی تاڵەبانی لە شێخ محێدین ناشتمان.



**فایەق عومەر رەسوڵ (حسێن) (ئەبو عەلی)**

**مشتێک لە یادەوەری رۆژانی سەخت**

ڤیەننا

کارێکی ئاسان نییە دوای بەسەرچونی ئەو هەموو ساڵە یادەوەری ساڵانی گەنجێتی بگێڕمەوە.

تەمەنێکی زۆر رۆیشتووە و بیرکردنەوەم بەرەو کزبوون دەچێت، پاش ٣٧ ساڵ لە دەرەوەی وڵات ژیان و دوورکەوتنەوە لە یادەوەری رابردوو، هەروەها ژیان لەناو جیهانی هونەردا و دوورکەوتنەوەیەکی تەواو لە جیهانی سیاسەت.

بەڵێ ئەو یادەوەریانە مشتێکن لە خەرواری یادەوەرییەکانی ژیانی رابردووی من، کە هەرگیز لە یاد ناچن. ئەو هاوڕێ و برادەرانەی، کە بە خەون خەیاڵێکی جوانەوە بۆ مرۆڤایەتی شەهید کران و لەسێدارەدران، هەرگیز لەیادم ناچن، من رۆژانە بە دەم وێنەکێشانەوە لەگەڵ ئەو خەو و خەیاڵانەدا ئەژیم.

کەوتنە ناو سیاسەت و ژیانی ڕێکخراوەیی، هەڵبژاردەی خۆم نەبوو، بەڵکو (اجباریەت) بوو. ئەو زوڵم و زۆرداریيەی، کە لە منداڵیدا تێیدا ژیاین و بینیمان توشی پرسیارێکی زۆری کردم و بووە هۆیەکی (مۆتیڤێکی) گەورە کە هەوڵ بدەم لە ڕێگەی سیاسەتەوە بۆ نەهێشتنی زوڵم و نایەکسانی کار بکەم.

من ناوم فایەق عومەر رەسوڵە، لە ١٩٥٥/١٢/٣٠ لە گوندی شۆراو هاتوومەتە دنیاوە. باوکم لەگەڵ شەریکەی نەوت (ipc) کاری ئەکرد، ساڵی ١٩٦٣ بۆ یەکەم جار توشی کارەساتێکی سەرسوڕهێنەری بێ وەڵام بووم، کە گرتنی باوکم و مامەکانم و دەرکردنمان بوو بۆ هەتاهەتایی لەو خاکەی کە تێیدا چاوم کردبووەوە، جەیش و شوڕتە دەوری گوندەکەیان گرت و بەدەم هاواری چەکدارە مەدەنیەکانیەوە، کە هاواریان دەکرد (إحنا البدو وين العدو) شاربەدەریان کردین بەرەو کەرکوک و ئێمەی منداڵ و گەنج و ژن و پیاو و پیر بە پێی پەتی بەری کەوتین. ئێستاش وا ئەزانم ماوەی نێوان شۆراو تاکو کەرکوک هەزاران کیلۆمەتر بووە، ڕێگەکە هەرگیز تەواو نەئەبوو. گەیشتینە گەڕەکی شاترلۆ بۆ ماڵی حەمدیە خان، کە چەند ڕۆژێک لەوەوپێش کوڕەکەیان بە عەمودی کارەباوە هەڵواسی بوو، تەنها لەبەرئەوەی شیوعی بوو.

بە هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش ژمارەیەکی بەرچاو چونە شاخ، کاک ئازاد هەورامیش چاوەڕێی کرد تا دایکە نەخۆشەکەی لە ژیان ماڵ ئاوایی بکات و بگات بە هاوڕێکانی شاخ، ماوەیەکی کورتی پێ چوو، ئایشە خان کۆچی دوایی کرد و ئازاد هەورامیش ماڵ ئاوایی لە من کرد و ناساندمی بە حەمەی سانیە (محەمەد حەسەن خورشید).

دوای ڕۆیشتنی کاک ئازاد بێجگە لە تەلەبایەتی وەک کادرێکی متەفەرغ کارم دەکرد بۆ ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە و خوێندکاران و شانەیەک لە (کەرتی شەهید لەیلا، کە ڕێکخراوێکی تایبەت بوو بە ژنان) ...

چەندین ساڵ ڕێکخراوەکانی خوێندکارانم ئەبرد بەڕێوە من و سەباح محمود و ئەسعەد عەزیز صۆفی (دارا) لیژنەی خوێندکاران بووین، کە دواتر لەگەڵ حسێن سێودین و سەمیع کۆبوونەوەی لیژنەی خوێندکارانمان کرد..

ڕێکخراوی خوێندکاران، ئەوکاتە چەند سەد خوێندکارێکی لەخۆ گرتبوو زۆر چالاکانە کاریان ئەکرد و لەو سەردەمەدا ڕێگرێکی باش بوون بۆ ڕێگرتن لە خەڵکی کەرکوک بۆ چونە ناو بەعس.

من خەتێکی ژنانم لابوو، کە لە ماڵی خۆمان کۆبوونەوەمان دەکرد ئەوکاتە ئێمە باری ژیانمان باشتر بوو، خانویەکمان هەبوو لە تەپەی مەلا عەبدوڵلا، ژمارەی خانووەکەمان ١٤٤\١٠ بوو، کە چەند ژوورێکی تێدا بوو ئەمتوانی بە ئاسانی لەگەڵ ئەواندا کۆببمەوە.

هەر لەم ماڵەدا گۆرانیەکانی ئازاد هەورامی تەسجیل کراو بڵاومان کردەوە و کاسێتی کۆبوونەوەکانی مام جەلال لەدوای هاتنەوەی بۆ کوردستان، لە ماڵی ئێمەدا جارێکی تر (تەسجیل) (کۆپیَ) کرایەوە، کە ئەو کاسێتانە فکری یەکێتی بوون.

ئەو سەردەمە بوو، کە ئێمە بە ناو تەنزیمەکان دا بڵاومان دەکردەوە. بە شانازییەوە ئەڵێم خێزانەکەم چونکە زۆر لیبراڵ بوون، هەرگیز ڕێگرم نەبوون لە چالاکییەکانم. لە ماڵەوە دەمانچەیەکم لابوو کە (شوان محەمەد سەعید) هێنابووی درایە ئازاد هەورامی و دواتر گەیەنرایە ڕێکخستنەکانی هەڵۆی سوور لە بەغدا، کە یەکێک بوو لەو چەکانەی بەکارهێنرا بۆ ئەو عەمەلیە گەورەیەی، کە هەڵۆی سوور ئەنجامیان دا، کە کوشتنی (عوسمان فایەق) بوو لە ساحەی خلانی بەغدا.

بەیانی دامەزراندنی یەکێتی خوێندکاران، لەو ماڵەی ئێمەوە، لەلایەن من و شەماڵی برام و شوانەوە لە گەڕەکەکانی تەپە و ئەڵماس و عەرەفە و بەنزین خانەی فلکەی اخوان دا بڵاو کرایەوە بەڵام بەداخەوە ئەو ماڵەمان لەلایەن

رژێمــی بەعســەوە داگیرکــراو دواتــر چەنــد جارێــک مــاڵی بــاوکم هەر لەو خـانووەدا دەسـتگیرکران و دەربەدەری باشـووری عیـراق کـران، دوای چەنـد جارێک گرتن و دەربەدەرکردنی ماڵی باوکم.

ئەو خانووە فرۆشراوە و ئێستاش تەخت کراوە.



ماڵی فایەق عومەر رەسوڵ

خەتی ژنـان، چەنـدان ژنـی رۆشـنبیر و دڵسـۆزی گرتبـووە خـۆی، کە مـن چەنـد سـاڵێک لەگەڵ بەهـار تاڵەبـانی و ناهیـدە کەریـم مـحەمەدی خوشـکی شەهید پشتیوان (کە لە مانگی ١٠/١٩٨٠ لە شـەڕێکی دەسـتەویەخە لەگەڵ قالە فەرەجی خـۆفرۆش دا، لەنـاو گونـدی مـام رەش شـەهید کـرا) ئەمـانە یەکێـک بوون لە شـانە سـەرەکییەکان و هەروەهـا بەرپرسـی چەندەها ژن و کچـی تـر بوم لەوانە (سوهەیلە حەسەن خورشید، خوشکی محەمەد حەسـەن خورشـید، کە لە دوای گرتنی محەمەد حەسـەن سوهەیلە هەموو ئەرشیفی کۆمەڵەی لە

مـاڵی خۆیـانەوە زۆر ئازایـانە و بە زوتـرین کـات دەرکـرد و گەیانـدنیە مـاڵی ئـێمە، منـیش ئەوکـاتە لە رێـگەی نوعمـان عەبـدوڵڵا عوبێـد کڵاوقـوتییەوە گەیاندمە گوندی (کڵاو قوت) (لە گوندی قازان شـەهید بـوو). ئێسـتا نازانرێت، کە ئەو ئەرشـیفە لەدوای شـەهیدبوونی نوعمـان چـی بەسـەرهاتووە. لەوانەیە لەناو دیوارێک یان لە بنمچێکدا هەتا ئێستا مابێتەوە.

لەو ژن و کچانەی، کە زۆر چالاک بـوون لە رێکخسـتنەکاندا، ژیـان کەریـم مـحەمەد خوشـکی ناهیـدە و حـاکم زەکـیە قـادر و وەردە خـانی خێزانـی مـام حەمید و گوڵە حەمە عەزیزی دایکی کاک ئەحمەد کرێکار و حوسنیە مـحەمەد غەفوری هاوسەری کاک ئەحمەد کرێکار، کە ئەوانیش دەورێکی زۆریـان بینـی لە شاردنەوە و حەواندنەوەی چەندین ئەندامی سـەرکردایەتی کۆمەڵە، لەوانە، خـاڵە شـەهاب و هەڤاڵەکـانی هەروەهـا گواسـتنەوەی چەک و ئەدەبیـاتی رێکخستنەکان. من تا گرتنم لە ساڵی ١٩٨١دا، چەند ساڵێک لێپرسـراوی خەتـی شـەهید ئاسـۆ بـووم لە کـۆمەڵە، کە یەکێـک بـوو لە هەرە خەتە گەورە و بەربڵاوەکـان، کە زوربەی زۆری گەڕەکەکـانی کەرکـوک وەکـو گەڕەکـی تەپە، رەحـیم ئـاوا، ئیمـام قاسـم و شـاترلوی ئەگـرتەوە و دەرگـای لەسـەر سـەدان کەسـی رۆشـنبیر و دڵسـۆز و چـاونەترس و بـوێر کـردەوە، کە پەیوەنـدی بە ریزەکـانی رێکخسـتنەوە بکەن. کە ئێمە لە کۆمیتەی ئـاگر پلانێکمـان دانـا بـۆ دابینکردنـی پـارە و بـودجە بـۆ تەنـزیم و کڕینـی سـەیارەیەکی بیجـۆی ٤٠٤ بە پارەی ئابونەی مانگانەی ئەندامەکان، ئەوەمـان کرد و دامـانە دەست نوعمـان عەبدوڵڵا هاتوچۆی سلێمانی - کەرکوکی پـێ دەکرد، تـا بە داهـاتەکەی، یەکەم خـۆی پـێ بژێنێـت و دووەم بەشـێکی تـر لە پـارەکە دەدرا بە کـۆمەڵە، کە ئەوانیش دەیانبەخشییەوە بەسەر مـاڵە شـەهیدەکاندا، لەبیـرم دێت مـانگی (٣٠) دینار بوو، کە ئەوکاتە هەنگاوێکی باش بوو بۆ دابینکردنی بژێوی ژیـانی مـاڵە شەهیدەکان.

سێهەم، بە بوونی سەیارەکە رزگارمان بوو لە گواستنەوەی بەیانات و چەک بۆ شارەکانی تر بەبێ ترس.

هەر لەوکاتەدا لێپرسراوی تەنزیمەکانی دووبز و دەوروبەری بووم و بەهۆی شەماڵی برامەوە پەیوەندیمان بە خەتێکی گەورەوە هەبوو لە خانەقین.

لە ساڵی ١٩٧٧دا، کە چوومە بەغدا بۆ خوێندنی هونەر، لەپاڵ خوێندندا، کاری تصمیم بۆ زوربەی گۆڤارەکان ئەکرد و لە حەیدەرخانە ژوورێکم بەکرێ گرتبوو، کە دراوسێی کاردۆ گەلاڵی و عەلی هەژار بووم، کە ئەوکاتە ئەوان ئەندامی سەرکردایەتی بزوتنەوەی سۆسیالیست بوون، چەند شانەیەکیان لە کەرکوکیش هەبوو، دواتر هەردوکیان گیران و (اعدام کران). لەو ژوورەدا دەیان کۆبوونەوەی خوێندکارانمان ئەنجام داوە و هەروەها ئەدەبیاتی کۆمەڵەمان ئەگەیاندە خانەقین .. ژوورەکەمان، کە من و شەماڵی برام و شوانی لێ بووین، پێک هاتبوو لە قەرەوێڵەیەک، کە قاچەکانی بەیانات و ئەدەبیاتی کۆمەڵەمان تیا ئەشاردەوە. هەروەها چەند دۆشەکێک و سەرین و تەباخێکی غازیی بچکۆلە بۆ هێلکە و رۆنی بەیانیان، کە کارتۆنی هێلکەکان شوێنێکی باش بوو بۆ شاردنەوەی بەیانەکان. من ئەم ژوورەم لە عەزیز گەردی نووسەر و وەرگێڕ وەرگرت.

حەیدەرخانە، کە سەنتەری بەغدا بوو، هەموو کات جێگەی هونەرمەند و چەپ و سۆزانیەکان بوو. دراوسێکەمان (ئوم عەلی) کە ژنێکی بەتەمەنی دەم و چاو بە خاڵ کوتراو بوو، خاوەنی یەکێک لە خانووە سۆزانیەکان بوو.

ساڵی ١٩٧٨ لەدوای کارەساتی هەکاری، پێشمەرگەیەکی زۆر لە چەمی رێزان بێ چەک بوون، ئەو سەردەمە کاک کۆسرەت تازە لە زیندان ئازاد کرابوو، لە دەوروبەری موسڵ چەک و تەقەمەنییەکی زۆر دەکڕن بە مەبەستی گەیاندنی بۆ چەمی رێزان، کە زۆر زەحمەت بوو، هاوڕێیەکم

هەبــوو لە خــانەوادەیەکی دەوڵەمەنــدی کەرکــوکی بــوون، نــاوی (تەحســین یاسـین) بـوو، سـەیارەیەکی لادای هەبـوو، خـۆی بە هـیچ جۆرێـک ئاگـای لە سیاسـەت نەبـوو، مـن داوام لـێ کـرد کە بچـین بـۆ هەولێـر بـۆ گواسـتنەوەی هەنــدێک چەک و تەقەمەنــی بە ســەیارەکەی بــۆ کەرکــوک. مــن و مــحەمەد حەسـەن خورشـید لەگەڵ تەحسـیندا بەرەو هەولێر کەوتینە ڕێ، کە گەیشـتین کاک کۆسرەت وتی: جارێ چەکەکـان ئامـادە نـین، گەر دەوری نیوەڕۆ بێنەوە باشـترە. ئێمەش کەوتینـەڕێ بەرەو کـۆیە بـۆلای مامۆسـتا هۆشـمەندی بـرای کـاک ئـازاد هەورامـی، کە ئەوکـاتە لەوێ مامۆسـتا بـوو. پشـوویەکمان دا و پاشـان گەڕاینـەوە بـۆ هەولێـر و چەکەکانمـان وەرگـرت و بەرەو کەرکـوک کەوتیــنە ڕێــگە. لە ڕێــگە لەلایەن تەحســینەوە پێشــنیار کــرا، کە ئــێمە وەک گەنجێکـی ئاسـایی، کە بـۆ گەڕان هـاتووین. قـۆپچەی کراسـەکانمان بکەینـەوە، سنگمان دەربخەین تـا کەس شـکمان لـێ نەکـات، بەڵام لە بەدبەختـی ئێمەدا لە هەموو سەیتەرەکان دەرچـوین، سـەیتەرەی مـرور گرتیـانین و وتیـان ئێوە بـۆ سـنگتان کـردۆتەوە؟ ئەمە شـتێکی زۆر ناشـیرینە. سـەیارەکە لادەنە لاوە بـۆ پشــــکنین. ئــــێمەش بە هەزاران درۆ و دەلەســـــە و پــــاڕانەوە بە جەزادان ڕزگارمـان بـوو لێیـان. بە کـورتی ملمـان لە پەت ڕزگـار بـوو، چـونکە چەک و تەقەمەنیەکان زۆر بوون، یەک و دووان نەبـوو. پاشـان گەیشـتینەوە کەرکوک بردمانە ماڵی خۆمان و حەشارمان دا، دوای ماوەیەک گەیاندمانە سلێمانی بـۆ ماڵێـک، کە بـۆ تـاقیکردنەوەی چەکەکـان عەمەلیەیەکـی ئیغتیالاتیـان پـێ کـرد پاشان لە سلێمانیەوە گەیەندرایە چەمی ڕێزان.

مـن پـێم وایە، ڕێکخراوەکـانی نـاو کـۆمەڵە لە کەرکـوک (کـۆمیتەی ئـاگر)، یەکێـک بــوون لە هەرە گەورە ڕێکخراوەکــانی کوردســتان لەدوای ســلێمانی، ئەنـدامێکی زۆرمـان هەبـوو. خەڵکێکـی ڕۆشـنبیر و دڵسـۆز بـوون. بەتـایبەتی قوتابیانی زانکۆ و فەرمانبەرە حکومییەکـان، ئێمە زۆر بەئاگـا بـووین هەوڵمـان

دەدا، کە زۆر کەس نەهێنینە نـاو ڕێکخراوەکـان چـونکە، ئەوکـاتە ئەمنـی کەرکـوک هەوڵێکـی زۆری دەدا، تـاوەکو خەڵـک بە ئەدەبیـاتی کـۆمەڵە و بیروبـاوەڕی یەکێتـی خوێنـدکاران پەروەردە بکـات. تـا بتـوانن بێـنە نـاو ڕێکخراوەکانەوە. یەکێک لەو خەتانە، خەتی (قادر شـەفیق) بوو، کە بە هەموو توانایەکیەوە هەوڵی دەدا بێتە خەتەکانمانەوە.

مـن دوای چـونم بـۆ خوێندنی زانکۆ لە بەغدا. پەیوەندییەکی زۆرم لەگەڵ (الجبهـة الشـعبیة لتحریـر فلسـطین)ی جـورج حەبەش، هەبـوو. لەوێ بەردەوام ئەدەبیـاتی ئەوانـم وەردەگـرت لەگەڵ ئەدەبیـاتی RAF (Rote Armee Frakhon) بەتـایبەتی ئەو بابەتـانەی، کە باسـی لە دەسـتگیر کـردن و خـۆڕاگرتن و چـۆنیەتی تەحقیـق و تەعزیـب و هەروەهـا کتێبێکـی زۆرم خوێندبووەوە دەربـارەی لەنـاوبردنی ترۆتسکیەکان لەسـەردەمی سـتالیندا. بە کـورتی مـن خـۆم ئامـادە دەکـرد، کە ئەگەر ڕۆژێـک لە ڕۆژان بگیـرێم، چـۆن خـۆم ڕاگـرم و خـۆم و هاوڕێکـانم لەسـێدارە ڕزگـار بـکەم، هەروەهـا زۆر گرنگیم دەدایە کتێبە دەروونییەکانی سیگموند فروید. ئەوەی حەز دەکەم لێرەدا ئامـاژەی پـێ بـدەم خـۆڕاگرتنی بـرادەران بـوو لە زینـدان، کە بە گیـانێکی پـۆڵایینەوە بە هـیچ شـێوەیەک ئیعترافیـان نەدەکـرد لەسـەر برادەرانـی ڕێکخراوەکەمان چونکە لای ئێمە ئیعتراف (تابوو) بوو.

لە مـانگی ١٩٨٠/٤دا محەمەد حەسەن خورشید ناسراو بە حەمەی سانیە لەلایەن ئەمنـی کەرکـوکەوە دەسـتگیرکرا. ئـێمە بـۆ یەکەم جـار ڕوبەڕوی مەترسیەکی گەورە بووینەوە، کە نەمان زانی چۆن گیراوە. چی پێ گیراوە ئایـا ئیعتـرافە؟ هـۆیەکەی چییـە؟. ئایـا ئەم گـرتنە بەس لە کەرکـوکە یـان لە شارەکانی تری کوردستانیشـە؟ چونکە حەمەی سانیە پەیوەندی بە سلێمانی و هەولێریشـەوە هەبوو. من زۆر بە خێرایی کەوتمە کۆکردنەوەی شانەکان بۆ ڕێکخستنی پەیوەندیەکان. سەرەتا وەک باسم کرد هەرچی شت هەبوو لە

ماڵی محەمەد سانیەوە لە ڕێگەی سوهەیلەی خوشکییەوە (تەواوی ئەرشیفی کۆمەڵە) بە نهێنی گەیەندرایە من، منیش لە ڕێگەی نوعمانەوە ناردم بۆ گوندی کڵاوقوت، پاشان پەیوەندیم کرد بە ئەحمەد کرێکارەوە و لە ڕێگەی ناهیدەی خوشکی شەهید پشتیوانەوە بە کاکە ڕەشەوە. کە یەکەم کۆبونەوەمان لە ماڵی ئەحمەد کرێکار بوو من و ئەحمەد کرێکار و کاکە ڕەش، بۆ ڕێکخستنەوەی جارێکی تری شیرازەی کۆمیتەکە. گرتنی محەمەدی سانیە، کە حوکمی ئیعدامی بۆ دەرچوو. هیچ مەترسیەکی بۆ کۆمیتەکە دروست نەکرد، چونکە هیچ ئیعترافێکی نەکرد لەسەر برادەران. ئێمەش بە ماوەیەکی کەم دەستمان کرد بە ڕێکخستنەوەی تەنزیم و بەردەوام بوون لەسەر کار و ئەمەش ئەرکێکی زۆر بوو بۆ من و قورساییەکی زۆرم لەسەربوو. بە جۆرێکی وا، کە کاری کردبووە سەرباری دەرونیم. هەر لەو ماوەیەدا زۆر کاری گرنگمان کرد. لەوانە چالاکییەکانی شانە چەکداریەکەی شوان حەمە سەعید (دەرچوی پەیمانگەی تەکنیکی بەغدا بوو)، پیاوێکی زۆر دەست ڕەنگین و زیرەک بوو لە بواری میکانیکیدا، تەنانەت ئەوکاتەی، کە پێشمەرگەش بوو هەر خەریکی چاککردنەوەی تراکتۆری جوتیارەکان بوو، بە داخەوە ساڵی ١٩٨١ لە عەمەلیەیەکی گومانــاوی دا لە نــاوچەی شــوان شەهید کرا. ئەو چالاکیەکی لەگەڵ نوعمان عەبدوڵڵا لە کەرکوک لە گەڕەکی تەپە کرد، کە دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو لەناو خەڵک دا و ئیستخبارات و ئەمنیان توشی سەرسوڕمان کرد و لێکۆڵینەوەی زۆریان لەسەر کرد. ئەوان لە گەڕەکی تەپە سەیارەکەی (فڵان)یان تەقاندەوە. ئەمەش بە شێوەیەکی زۆر تەکنیکی و پێشکەوتوو ئەهاتە بەرچاو، بەڵام خۆی لە خۆیدا کەرەسەکانی هەمووی زۆر ساکار و سەرەتایی بوون. شوان بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە دوو قومبەلەی نارنجۆکی بەکارهێنا، کە حەلقەی نارنجۆکەکەی بە سلفی سەیارەکەی فڵانەوە بەستبوو تا لەکاتی ئیشپێکردنی سەیارەکەدا ببێتە هۆی تەقینەوەی.

من ماوەی ساڵێک پەیوەندیم بە عەلی مغاویرەوە هەبوو، بەڵام ئەو هیچ زانیاریەکی لەسەر من نەبوو وەک ناوی تەواوەتیم یان ناوی نهێنیم (حسێن) و ناونیشانی ماڵمان، چونکە من بە ناوی نهێنی دووەمەوە پەیوەندیم بە کۆمەڵەوە کرد. عەلی مغاویر دوای ماوەیەک گیراو زۆری نەبرد بەربوو، کە ئەوەش چەندان پرسیاری لەناو ئەندامانی کۆمیتەدا دروست کرد ..

من دوای ماوەیەکی کورت لە بەربونی عەلی مغاویر، لەگەڵ سەمەدی حەمەپەری چوینە ماڵی، کە ئەوکاتە ئیدعای ئەوەی ئەکرد باری دەروونی باش نیە و عەقڵی لەدەست داوە، هەروەها باسی کۆبونەوەیەکی من و ئەحمەد کرێکار و کاکە ڕەشی لە ماڵی ئەحمەد کرێکار دەکرد، گوایە ئەم کۆبونەوەیە بە نهێنی تۆمارکراوە و لەلایەن ئەمن و ئیستخباراتەوە رەسم گیراوە بەهەر حاڵ بینینی عەلی مغاویر منی دڵنیا کرد، کە بەبێ بەرامبەر لە زیندان ئازاد نەکراوە، بەڵکو گومانمان زیاتر کرد لەوەی کە ئیعترافاتی زیاتر کردووە.

عەلی مغاویر چۆن گیرا؟. عەلی مغاویر، شۆفێر دەبێت لە فەرمانگەیەکی حکومیی، کە ئەویش دائیرەی طرق و جسوری کەرکوک بوو. ڕۆژێکیان لەکاتی ئیشدا هەندێ کارمەند و کرێکاری دائیرەکەی دەگوێزێتەوە بۆ جێگایەک، کە سەیارەکەی دەخاتە ئیش و تەسجیلەکەی دەکاتەوە، کاسێتێکی لەسەر دەبێت. کاسێتەکە لە لایەن پێشمەرگەکانی کوردستانی رۆژهەڵاتەوە تۆمار کرابوو، سرود و گۆرانی شۆڕشگێڕیی تیابووبوو. گوایە یەکێک لە کەسەکانی ناو سەیارەکە ئەم هەواڵە بە ئەمن دەگەیەنێت، عەلی مغاویر دەگیرێت بەڵام نەک لەسەر کۆمەڵە و رێکخستن، بەڵکو وەک هەموو مرۆڤێکی ئاسایی ئەو سەردەمە، کە لەسەر هەر کاسێتێکی شۆڕشگێڕانە دەستگیر دەکران، عەلی مغاویر لە زیندان لەدوای لێپرسینەوە و ئەشکەنجەدان دەڕوخێت، رائد ئیبراهیم، کە مودیری ئەمنی کەرکوک بوو

گەورەترین جەلـلادی ئەو سـەردەمە بـوو. پەیـامی بەربـونی دەداتـێ. عەلـی مغـاویریش راپـۆرتێکی (١٦) پەڕەیـی دەربـارەی کـۆمیتەی ئـاگر لە کەرکـوک پێشکەش بە ئەمنی کەرکوک دەکات.

ئەم راپـۆرتە بەم شـێوەیە بـوو: کـۆمیتەی ئـاگر لە چەنـد ئەنـدام پێک دێت ناوەکانیـان یـان نـاوە نهێنیەکانیـان و ئەو ئەنـدامانە چەنـد خەت و رێکخـراو دەبەن بەڕێـوە. بەتـایبەتی دەسـت نیشـانی خوێنـدکاران و ئافرەتـانی کردبـوو هەروەهـا ئیعترافـی کردبـووە سـەر خەتەکەی خـۆی بە نـاوی تەواویشـیانەوە. ئەمن شانە چەکدارەکانی زۆر بەلاوە گرنـگ بـوو. دەربـارەی مـن و نـاوی مـن لە راپۆرتەکەیدا بەم شـێوەیە بـوو. لە راپـۆرتەکەی دا خەتەکەی منـی بە نـاوی شەهید ئاسۆ نوسیبوو، ئەمەیان راست بوو. بەڵام ناوی منی بە ئاسـۆوە هێنـابوو، کە هەر ئەو بەونـاوەوە منـی ئەناسـی کە نـاوی نهێنـی مـن (حسـێن) بـوو، ئەو بـرادەرەی کە نامەوێـت نـاوی بهێـنم (فـلان)، کە ئیعتـراف دەکـات لەسـەر مـن ناوی تەواوەتیم دەدات لەگەڵ ناوی نهێنیم (حسێن) و (ئەبو عەلی).

چۆنیەتی گرتن و سەربڕینی کۆمیتەی ئاگر:

(فـلان)، بە سـەیارەکەی خـۆی لەنـاو کەرکـوک دا هـاتوچۆ دەکـات، لەپـڕ سەیارەیەکی ئەمـن پێشـی لـێ دەگرێت و لەگەڵـی سـوار دەبـن و دەڵـێن بەرەو ئەمـن، لەگەڵ پشـکنینی سـەیارەکەی دا راپـۆڕتێکی عەسکەرییان بینیبـوو کە لە شـانەیەکی کـۆمەڵەوە بەرز کرابـووەوە بـۆ لەنـاوبردنی دوو خۆفرۆشـی ئیمـام قاسم. رائد ئیبراهیم راپۆرتەکەی عەلی مغاویر دەخـاتە بەردەسـتی پێـی دەڵێت (هـذا خـط منو) بە واتـا ئەمە دەسـت و خەتـی کێیە؟ (فـلان) لە وەڵامـدا دەڵێت (سید گاعد بالبیت) واتە لە مـاڵی خـۆی دانیشـتووە. رائـد ئیبـراهیم پاشـان پێـی دەڵێت (اعتـرف نرجعـک لبیتک) بە مانـای ئیعتـراف بکە ئەتگەڕێنینەوە مـاڵەوە، بە مشێوەیە کۆمیتەی ئاگر کەشف بوو. گرتنی ئەنـدامەکان دەسـتی پـێ کـرد.... تەنانەت پێی وتبوو ناهێڵم بۆینباغەکەت شل بکەیتەوە دەتگەڕێنمەوە ماڵەوە.

کاتژمێر ٥.٣٠ دەقیقەی سەرلەبەیانی ڕۆژی ١٩٨١/١٠/٢١ ئەڕۆیشتم بۆ سەربازی، کە ئەوکاتە سەرەتا دەورەیەکی رادارم بینی وەک (نائب العریف) مشغل رادار لە (عەمەلیاتی قیادەی جەوی کەرکوک) و هەروەها شەماڵی براشم لەهەمان جێگە سەرباز بوو. بەگشتی ئەم جێگەیە نەدەدرا بە کورد، بەڵام کاتی خۆی لەلایەن کوڕێکی ناسیاومانەوە (عەمید حەسەن)، کە لە هێزی ئاسمانی ئیشی دەکرد بە واستە گوێزراینەوە بۆ ئەو شوێنە. لەکاتی رۆیشتنم بەپێ بۆسەر شەقامە سەرەکیەکە، تەکسیەک بە هێواشی بە دوامەوە دەهات، هەر کە گەیشتنە ئاستی من دەرگاکانیان کردەوە و چەکیان لێم راکێشا و کەلەبچەیان کردم و رایان کێشامە ناو سەیارەکەیان، هەر کە سەیارەکە جوڵا ئەو کەسەی لەپێشەوە دانیشتبوو دوایی زانیم زابتێکی ئەمن بوو، کە پێی وتم: (ابو علی شیخ ینتظرک) ئیتر من زانیم کە وەزعم خراپە و ئیعترافاتم لەسەرە، هەر ٢٠ دەقیقە، نیو سەعاتێکی پێ چوو تا گەیشتینە (ئەمنی کەرکوک) بۆلای نەقیب قاسم ماوەیەکی کورتی پێ چوو کە (فلان)یان هێنایە بەردەمم و لە بەردەم رائد ئیبراهیم و نەقیب قاسم دا کۆمەڵێک ئیعترافاتی زۆری لەسەرم کرد، لەبەرئەوەی کە (فلان) زمانی عەرەبی نەدەزانی هەندێ هەڵەی زمانەوانی کرد، کە من دواتر زۆر سودم لێ بینین.

بە شەو و بە رۆژ جەلساتی تەعزیب دەستی پێ کرد، کە زوربەی کات لە کۆتاییدا ئەبورامەوە .... بەپێی شارەزاییم لە یاسای ئەو سەردەمەی عیراق من ئەمزانی، کە هەریەکێک لە ئیعترافەکان لەسەرم ئاشکرا بێت، ئەوا لەبەرئەوەی من سەربازم سزاکەی گوللەبارانکردنە، چونکە ئەوکاتە یاسایەک هەبوو، کە ئەو کەسەی لەناو خزمەتی سەربازی دا بێت و کاری دژ بە سوڵتە بکات حوکمەکەی گوللەباران کردنە .. لەبەرئەوە من هیچ رێگەیەکم نەبوو تەنها رزگار کردنی خۆم و هاوڕێکانم نەبێت، کە ئەویش بە سووربوون بوو لەسەر پەیوەندی نەبوونم بە هیچ رێکخراوێکەوە. یەکێک لە

ئیعترافەکانی کە (فلان) لەسەری کردم، گوایە من لە کۆنفرانسی کۆمەڵە بەشدار بووم، کە ئەویش بە عەرەبیەکی هەڵە بوو، لەجیاتی ئەوەی بڵێ من ئەوم ناردووە بۆ کۆنفرانسەکە، وتی: ئەویش بەشدار بووە لە کۆنفرانسەکە. من لە یەکێک لە جەلسەکانی تەعزیب دا، بە رائید ئیبراهیمم وت، کە من لە قیادەی جەوی ئیش دەکەم، دەتوانیت دڵنیا بیت لەوەی، کە من بە هیچ شێوەیەک (غیاباتم) نیە ئەمەش وای کرد، کە گومان لە ئیعترافەکانی (فلان) بکەن. من (١٠) رۆژ لە ئەمن لەژێر لێکۆڵینەوە و ئەشکەنجەدا بووم، پاشان دەستمیان لە پشتەوە کەلەپچە کرد، کە ئەوە دەبووە هۆی ئەوەی نەتوانم هیچ بنوم. ئەمەیان بە هەدەفەوە دەکرد تاوەکو ئەوکاتەی زیندانیەکان لەژێر لێکۆڵینەوەدان نەتوانن پشوو بدەن و لەروی جەستەیی و دەرونییەوە هیلاک بن.

ئەمنی کەرکوک بەگشتی جیهازی لێکۆڵینەوەکانیان پێک هاتبوون، لە خەڵکی راهێنراو، بۆ نموونە: لە ئەمنی کەرکوک دوو کەس دەورێکی بالایان دەبینی، یەکەم: رائید ئیبراهیم، کە زۆر درندە بوو لە تەعزیب دان و هەموو رێگاکانی ئەشکەنجەی بەکاردەهێنا وەک (فەلاقە و لێدان بە سۆندە و کێبڵ و دار و کارەبا و بەکارهێنانی یاخود تەهدید کردن بە دەست درێژی سێکسی ....).

دووەم: نەقیب قاسم، دەرچووی کۆلێژی (إدارە وإقتصاد) بوو، کە خۆی بۆی باس کردم قانونیشی لە زانکۆی مستنصریە لە بەغدا تەواو کردووە، هەروەها دەورەیەکی سێ مانگی لە ئەڵمانیای رۆژهەلات بینیووە، کە ئاشکرایە پەیوەندی بە راهێنانی تەعزیب و لێکۆڵینەوەوە هەبووە. کە ئەوکاتە، ولاتە سۆسیالیستەکان پەیوەندیەکی باشیان لەگەڵ نیزامی بەعس هەبوو. لە هەردوو بواری عەسکەری و ئەمنی دا.

من بەش بە حاڵی خۆم لەلایەن ئەم دوو زابتە گەورەیەی ئەمنی کەرکوکەوە دەیان جار تەحقیقم لێ کراوە و تەعزیب دراوم.

نەقیب قاسم، زوربەی جار لەدوای کاتژمێر (١٢)ی شەوەوە بانگی دەکردم بۆ تەحقیق دوو بە دوو .. زۆرجار تەئکیدی دەکرد، کە بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ من توندوتیژی بەکارناهێنێت، بەڵکو بە قسەی خۆش بەلام منیش وردە وردە لە یارییەکەیان شارەزا بووم. ئەمنی کەرکوک ئەو سەردەمە، کە ئێمە گیراین زۆر قەرەباڵغ بوو، تورکمانێکی زۆری تێدا بوو، هەموو خەڵکی گوندی (البشیر)ی خوارووی کەرکوک بوون، بە گومانی نزیکیان لە (حزبی دەعوە)وە گیرابوون، وەزعیان زۆر خراپ بوو. برادەرانی کۆمیتەی ئاگریش ژمارەیەکی زۆر بووین، من دوای هەفتەیەک لە ژێر زەمینەکەی ئەمن گواسترامەوە بۆ ژوورەکەی سەرەوە لەگەڵ مام حەمید کاکە مەند و کاک ئەنوەر و چەند کەسێکی تر ئاشنابوم و لە ژوورەکەی تەنیشتمانەوە (عەسریە خان)ی لێ بوو، کە چەندین جار گوێمان لە هاوارای کاتی ئەشکەنجەدانی بوو .... (لێرەوە دەمەوێت رۆڵێکی گەورەی عەسریە خان لە شانە چەکدارەکاندا بخەمە روو، کە بەڕاستی رۆڵێکی زۆری هەبوو لە تەصفیە کردن و لەناوبردنی کۆمەڵێکی زۆر لە جاش و خۆفرۆشەکانی ناو کەرکوک. لەدوای حوکم دانمان لە هەیئەی کەرکوک بە سەیارەی عەسکەری گواسترایینەوە بۆ ئەبوغرێب، کە بە سودفە من و عەسریە خان دەستمان بەیەکەوە کەلەبچە کرابوو. کاتمان هەبوو بەیەکەوە لەگەڵ یەک بدوێین، عەسریە خان باسی ئەو چالاکیانەی دەکرد، کە بەشدار بووە و منیش لەهەمان کاتدا چالاکیەکانی (جەنگی پارتیزانی ئەمریکای باشوور)م بەبیر دەکەوتەوە.

لە ژوورەکەی سەرەوە بۆ یەکەم جار لەگەڵ مام حەمید بوینە هاوڕێ، کە تائێستاش پەیوەندیمان هەیە، مام حەمید زۆر لە ئێمە بەتەمەنتر بوو، ئێستاش قسە خۆشەکانی و گاڵتەکانیم لەبیرە کە بۆ ئێمە خەم رەوێن بوون.

رۆژێکیان مام حەمیدیان بە چاوی بەستراوەوە برد بۆسەر ئاو، لەناو ئەمندا بینای تازەیان دروست دەکرد، مام حەمید قاچی چوو بە بزمارێکی

زۆر گەورەدا، کە لە پشتی پێیەوە دەرچووبوو لەگەڵ ئەو هەموو ئازارەدا هەر خەریکی گاڵتەکردنی خۆی بوو..

ئێمە دەوری زیاتر لە (٥٠) کەس بووین، کە گیراین، راستە هەندێک ئیعترافات کرا بەتایبەتی خەتەکەی عەلی مغاوير. بەڵگەکان ئەوەندە ئاشکرا بوون لەسەریان کە زەحمەت بوو نکوڵییان لێ بکرێت .. بەڵام زوربەی زۆرمان خۆڕاگرێکی باش بووین، کە توانیمان بەو هۆیەوە کۆمیتە و رێکخراوەکە رزگار بکەین.


لە دەهەمین رۆژ یان یانزەهەمین رۆژی دەستگیرکردنمان بە چاوبەستراوی گواسترایینەوە بۆ هەیئە کۆنەکە، کە لەناو فەیلەقی کەرکوکدا بوو لە گەڕەکی عەرەسە.. هەیئە کۆنەکە چەند خانویەک بوو، کە شەریکەی نەوت (IPC) دروستی کردبوو بۆ کرێکاران، هەمووی درابوو بە دەم یەکەوە و کرابوو بە شوێنی هەیئەی خاصە ..

(الهيئة الخاصة): دەزگایەک بوو لەلایەن مەجلسی قیادەی سەورەوە بە قەرارێکی تایبەتی دروست کرابو بۆ قەزییەی کوردیی بەتایبەتی شۆڕشی نوێ، لەبەرئەوە کورد لە هەر شوێنێک بگیرایە بۆ ئێرە رەوانە دەکرا بۆ تەحقیق و دواتر حوکم دانیان لەلایەن مەحکەمەی عەسکەرییەوە.


دوای رۆژێک ئیفادە، تەحقیقاتیان پێ ئیمزا کردین، کە لەو تەحقیقەدا نوسرابوو (گوایە) ئەم شتانەم کردووە لەبەرئەوەی هەر گومان بوو بەو مانایەی (توهمەتەکان)م لەسەر نەچەسپاوە. سەحیفەی ئەعمالیان بۆ کردینەوە لە پرسین لە خێزانەکەمان، ناویان، هاوسەرەکانیان، شوێنی خوێندن و ئیش کردنیان. یەکێک لەو پرسیارانەی کە لێیان کردم و من بە هیچ جۆرێک زانیاریم لەسەری نەبوو، ناوی عەشیرەتەکەم بوو. نازانم من لەبەرئەوەی چەپ و هونەرمەند بووم و بۆ فکرێکی ئینتەر ناسیۆناڵ ئیشم دەکرد، نەک بۆ عەشیرەت و خێڵ، پرسین لە عەشیرەت هەرگیز پرسیاری من نەبوو ....

که گواسترانینەوە بۆ هەیئە بە سەیارەی بچووک بچووک، هەر چەند کەسێک لەناو سەیارەیەکدا و زوربەی کات بە کێبڵ لێدانمان دەخوارد تا سەیری دەرەوە نەکەین هەرچەندە چاویشیان بەستبوین!. ئێستاش نازانم ئەو سەیارە بچووکە چۆن ئەو هەموو کەسەی تێدا جێ دەبووەوە. کە گەیشتینە هەیئە بە چاو بەستراوی دایان نیشاندین یەک لەدوای یەک، یەکە یەکە کەوتنە لێدانمان .. پاشان دابەشکراین بەسەر ژوورەکاندا، کە من بەر ژووری ژمارە (٥) کەوتم، لەگەڵ فاروق عومەر و مام حەسەن، کە دواتر دەبێت بە خەزوری عومەر قادر. گەورەیی ژوورەکە نزیکەی (١٥) م دەبوو بەردەوام ٤٠ بۆ ٥٠ کەسی تێدا بوو. لەناو ژوورەکەدا دوو تەنەکە و دوو پەرداخ هەبوون، تەنەکەیەکیان بۆ ئاو خواردنەوە و ئەویتریان بۆ میزکردن، کە زوربەی کات شەوان لێمان دەگۆڕا ئەوکاتەی نانیان بۆمان دەهێنا جارجار گۆشتی تیابوو بە ئیسقانەوە، بە ئیسقانەکان چەقۆ و دەرزی و نینۆک بڕم دروست دەکرد، بەو چەقۆیە زوربەی کات ناوی ئەو کەسانەم دەنووسی لەسەر دیوارەکان، کە ئیعدام یان رەمی دەکران دەرزیەکەشم بەکار دەهێنا بۆ دورینەوەی جلەکان. لەم ماوەیەدا هاوڕێیەتیم لەگەڵ (فاروق عومەر) دروست کرد، کە هەستم بە بونی مرۆڤێکی زۆر مەبدەئی و رۆشنبیر و خۆشەویست کرد. نووسینی ناوی برادەران لەسەر دیوارەکانی زیندان هێمایەک بوو بۆ لەبیرنەچوونەوەی یادەوەرییەکی هەتاهەتایی، کە من دواتر لە ژیانی هونەریمدا بوو بە هێمایەکی بینراو لە کارە هونەریەکانمدا. مام حەسەن بلوزێکی سووری خوری لەبەردابوو، کە بووبوو بە جێگەی هەزاران ئەسپێ و تەراتێنیان. لەبەرئەوەی زوربەی کات من و ئەو بەتەنیشت یەکەوە دەنوستین هەوڵم دەدا کە ئەو بلوزەی لەبەریەتی فڕێی بدات، بەڵام بێ سوود بوو، رۆژانە هەزاران ئەسپێم بە پەنجەکانم دەکوشت، دەستەکانم بە خوێنیان سوور دەبوون، کە بەهەمان دەستیش نانم دەخوارد؟! .....

## هەنــدێک لە وێــنە و نوســراوەکانی ســەر دیوارەکــانی گرتووخــانەی ئەبوغرێب






یادگاری
کرکوك
١٩٨٦/٩/٢٣

لەو سێ مانگەدا یەک جار توانیمان بۆ چەند دەقیقەیەک خۆمان بە ئاوی گەرم و تایت بشۆین. من زوربەی کاتەکەم دا بە فاروق، کە گیانی زۆر بریندار بوو، خۆی نەی دەتوانی خۆی بشوات و من یارمەتیم دا هۆکاری ڕێگا دانمان بۆ خۆشتن، بۆنی ناخۆشی گیانمان بوو، کە حەرەسەکان لەتاو بۆگەنی ئێمە بێزار بووبوون، لەبیرمە یەکێک لە حەرەسەکان بەردەوام گۆرانی (کان یا مکان)ی میادە حەناوی لێ دەدا، ئێستاش کە گوێم لەو گۆرانیە دەبێت یادەکانم دەمگەڕێننەوە بۆ ئەو ڕۆژانە ....

لە مانگی (١)دا دەستیان کرد بە مەحکەمە کردنمان یەکەم ڕۆژ (١٤) کەسیان بردە بەردەم حاکم بەپێی مەلەفەکان، کە من لە وەجبەی یەکەم بووم، وەجبەکانی تر بەپێی مەسئولیات و ئەو ئیعترافانەی کە لەسەر ئەندامەکان کرابوون .... هەموو کات مەحکەمە کردنەکە تا نیوەڕۆیان ئەخایاند لە ڕۆژی یەکەمدا لەکاتی پشوودانا ڕەنجە (محسن عومەر صدیق)، کە کوڕێکی باڵا بەرز بوو لە قەفەزەکەدا نزیکی مودەعی عام بوو پێی وتم، کە لیستی ناوی ئیعدامەکانم بینیوە، لە ڕەنجەم پرسی ئایا ناوی منی بینیوە؟ وتی: دڵنیا نیم ئەمجارە دوای پشودان لەکاتی هەڵدانەوەی لیستەکاندا هەوڵ دەدەم سەیری بکەم هەتا ڕۆژی دووەمیش ڕەنجە هەر بە منی دەوت، کە زۆر دڵنیا نیم لە ناوەکەت، بەڵام ناوی زوربەی زۆری هاوڕێکانی بینی بوو .. دوای ڕۆژی سێیەم کە هەموومان تەواو بووین حوکمەکانیان خوێندەوە کە (١٠) کەسی حوکمی ئیعدام بوو (٢١) کەسمان حوکمی زیندانیی جۆراوجۆر بوو. چوار کەس ئازاد کران (١٧) کەسمان بێ سەروشوێن کران، کە دواتر زانرا ئەمانە براون بۆ بەغدا لەوێ ئیعدام یان ڕەمی کراون. من لێرەدا بە حەوت ساڵ زیندانیی حوکم درام. دوای سێ ڕۆژ مانەوەمان لە شورتەی تەسفیرات ئێمەیان گواستەوە بۆ ئەبوغرێب وە حوکم دراوەکانیش بە ئیعدام بۆ موسڵ، و عەسریە خانیان ڕەوانە کرد بۆ باقووبە بۆ سجنی ژنان.

له ماوەی ئەو یەک دوو رۆژەدا توانیم قسە لەگەڵ ئەو برادەرانەدا بکەم، کە حوکمی ئیعدام دراون بۆ چۆنیەتی گرتنیان و هاتنە ناو ریکخستنەوە و ئەو چالاکیانەی کە ئەنجامیان داوە. کاتێک گەیشتینە ئەبوغرێب لە بەشی (احکام الخاصة) کە زۆر قەرەباڵغ بوو، جێگەمان نەبوو چەند هۆڵێکی گەورە، کە لە دەرەوە لەسەری نووسرابوو (مخزن) بەڵام لەڕاستیدا مەخزەنی مرۆڤ بوون یەکێک لە هۆڵەکان زابت و فرۆکەوانی ئەسیری ئێرانیەکانی تێدابوو، ئەوانەی تر ئەو کەسانەی تێدا بوون، کە لەلایەن موخابەراتەوە گیرابوون و من لە بەشی (مدرسە) بوم، کە زیاتر لە شەش مانگ لەوێ بووم تا ئەوکاتەش جێگای خۆم نەبوو. بەڵام لەو ماوەیەی کە لەوێ بووین هەموو هەفتەیەک مواجهەمان هەبوو لەلایەن کەس و کارەکانمانەوە و خواردن و جگەرەیان بۆ دەهێنایان. کاک ئازاد هەورامی، هاوار (ئەحمەدی گوڵە)ی (کە خزمی خۆمانە پێشمەرگە بوو لای مامە ریشە و شەهید بوو.) ناردبوو بۆ ئەبوغرێب بۆ پرسین لە چۆنیەتی گرتنمان، هەروەها لە چەمی رێزانەوە چەند برادەرێکی تر هاتن بۆ هەواڵ پرسینمان. من لەناو زیندانەدا خەڵکێکی زۆر رۆشنبیرم ناسی زوربەی کات سەرقاڵی رەسم کردن دەبووم بە جیهانی رۆح و هونەرەوە. لە هاوینی ١٩٨٢دا لەگەڵ هەزاران زیندانی سیاسی بە (لێبوردنی گشتی) (عفو العام) لە زیندان ئازاد کراین. لە ساڵی ١٩٨٥دا لەگەڵ هاوژینەکەم و کچە ساواکەم چوینە ئێران لە ئۆردووگاکان نیشتەجێ بووین. لە ساڵی ١٩٨٦دا بۆ دواجار کاک ئازاد هەورامیم لە کرماشان بینی، کە بۆ نەشتەرگەری هاتبوو، لە ساڵی ١٩٨٧دا گەیشتینە ڤیەنا، کە لەوکاتەوە زیاتر خەریکی هونەرم. ئەو ژیانە سەختەی ئەمن و هەیئە و ئەبوغرێب، بوون بە سەرچاوەی بەشێک لە کارە هونەرییەکانم. ئێستاش گاڵتە و پێکەنینەکانی مەلا محێدین و تەحەداکانی جەنگی و چاوە پڕ پرسیارەکانی قادر و بێدەنگیەکەی فاروق و مامۆستا رەشاد و حەسەنم هەرگیز لەیاد ناچن. دوای

روخاندنی رژێمی بەعس بۆ جاری یەکەم لەگەڵ (تەنیا)ی هاوژینم گەڕاینەوە بۆ کەرکوک، کە بەهۆی نەوزاد بابانەوە توانیمان سەردانی (هەیئەی خاصە) بکەیـن، تـا وێنەیەکـی زۆری شـوێنەواری دیوارەکـان و نووسـینەکان بە فۆتۆگرافی دیکۆمێنت بکەین.





هەیئەی خاصە

ئەم وێنە و یادەوەریانەم بە تەواوی گوێزایەوە بۆ ناو هونەرەکەم، کە شوێنەواری دیوارەکان و جێگە پەنجەی برادەرانی کۆمیتە و جێگەی ئازاری هەزاران ئافرەت و لاوی کورد بوون.

من بەردەوام دان بەوەدا دەنێم، کە ئەگەر هونەر نەبوایە زۆر زەحمەت دەبوو بە ئاسانی بمتوانیایە لەگەڵ شوێنەواری ژیانی ناو زیندان و ئەشکەنجەدانەکاندا بژیم. ئەمە بۆ یەکەم جارە، کە بە نوسین باسی ئەوکاتانە دەکەم، کە خودی خۆم هەموو کات هەستەکانم بە نیگار کێشان دەربڕیوە، و نزیکەی (٣٥) ساڵە تابلۆکانم لەژێر ناوی (خەون)، (یادەوەری) یان (شوێنەوار) پێشکەش کردووە. بە بینین و سەردانی کردنی چەندان شوێنەواری وەک (Holocoust) و بەندیخانەکان، کە لە زوربەی وڵاتە ئەوروپیەکان وەک (Yadwaschean) لە قودس ئەمانە هەمووی (موتیڤێکی) زیاتر بوو بۆ بەردەوام بوونم بە دەربڕینی خەون و خولیای هاوڕێکانم، کە زۆر بە گەنجی لەناوبران.

تابلۆکانم ساڵ بە ساڵ بێ ڕەنگ و ترسناک دەبن وەکو ترسی ئەو ڕۆژانەی کە لە هەیئە و ئەمن دەژیام وە دەیان پرسیاری بێ وەڵام دەرئەبڕن و هەتا دێن ئاڵۆز دەبن (غیر مفهوم) بەڵام دەبێتە دەربڕینی ئاوێنەی ژیانی خۆم.

کارەساتەکانی من هەر بەو ڕۆژە سەختانە کۆتایی نایەت، بەڵکو دوای ئەوەی کە عیراقم بەجێ هێشت و گرتن و ئازاردانی دایکم و باوکم و خوشک و براکانم و زەوت کردنی ماڵ و موڵکمان دەبێتە ئازاری قوڵ، بەڵام زۆر بەداخەوە باوکم بە ماوەیەکی زۆر کورت دوای زیندانی کردنم کۆچی دوایی کرد و دەیان خەو و پرسیار و حەسرەتی لەگەڵ خۆیدا بردە ژێر خاکەوە، کە من لەوکاتەوە هەست بە ئازاری ویژدانم دەکەم بەرامبەر بە خێزانەکەم.

لێرەوە داوای لێ بوردن لە هەمووان دەکەم، کە توشی ئازار و کێشـەیەکی زۆرم کردن، باوکم عومەر رەسوڵ و دایکم گوڵبەهار کەریم و خوشکەکانم جوان، سۆزان. براکانم صدیق، شەماڵ، کەمال، رامال و ئاسۆ و دانا ....

مامۆستا هۆشمەند: برا گەورەی کاک ئازاد هەورامی، یەکێک بوو لە رۆشنبیرەکانی ئەو سەردەمە، کە خوێندنی لە بەغداد تەواو کردبوو زۆر حەزی لە مۆسیقا و وێنەگرتن بوو، وە خوێندەوارێکی باش بوو، من بۆ خۆم یەکەم جار کتێبەکانی نزار قەبانیم لای ئەو بینی. ئێمە هەموو کات سەردانمان دەکرد و چێژمان لە بیستنی مۆسیقا و گۆرانیەکانی مامۆستا هۆشمەند وەردەگرت.

**جوانی خوشکم (جوان عومەر رەسوڵ) ، کە ئێستا دانیشتووی هۆڵندایە بەم شێوەیە کارەساتی گرتن و تەرحیل کردنیان، دەگێڕێتەوە:**

برای ئەزیزم مام فایەق، ببورە دوێنێ کە باسی رابردومان کرد، بە دەست خۆم نەبوو دڵم زۆر پڕ بوو، گریانێکی هستریم بۆ هات هیوادارم، کە دڵی تۆم ئازار نەدابێت.

مام فایەق گیان: ژیان زۆر سەیرە هەمیشە سات و کاتە خۆشەکانی ژیانمان زۆر زوو لە زاکرەمان دەسڕینەوە و لە یادمان دەچێت .. تەنها کات و ساتە بە ئازارەکان بۆ هەتا هەتایە لە زهن و زاکرە و هەستەکانماندا دەمێننەوە و هەمیشە ئازارمان دەدەن.

دوێنێ کە باسی زیاتر لە ٤٠ساڵ بەر لە ئێستامان کرد و باسی یەکەم تەرحیلم کرد دڵم زۆر تەنگ بوو هەروەکو فلیمێکی ترسناک روداوەکان هاتنەوە بەرچاوم، ئاخ مام فایەق چەند سەخت و بە ئازارە کاتێک برینەکانمان جارێکی کە دەکولێنەوە و ئنجا ئەزانیت، کە ئەو برینانە هەر بە کراوەیین و سارێژ نەبون و نابن .... مام فایەق گرتنی تۆ و بێ سەروشوێن

کردنی بەشێک لە هەڤاڵەکانت لە کۆمیتەی ئاگر، خۆی لە خۆیدا کارەساتێکی گەورە بوو. هەر لەو ساتەوە ئیتر (ترس، دڵەڕاوکێ و گریان و خەفەت و شەونخونی) بوو بە میوانمان، باوە و دایە و کاکە وەکو شێتیان لێ هاتبو و بە هەموو لایەکدا رایان دەکرد. کەس نەما هانای بۆ نەبەن بۆ زانینی تەنها هەواڵێکت .... باوە هەتا بەیانی جگەرەی دەکێشا و لە حەوشەکەدا دەهاتوو دەچوو، دایە هەموو ساتێکی گریان و خەفەت و هاواری بۆ خوا دەکرد (خوایە جەرگم نەسوتێنی). هەموومان لە ماڵەوە لەژێر ترس و خەفەت و دڵەڕاوکێدا بووین.. تەنها یەک پرسیار لەناو چاوەکانمان دا بوو (فایەق چی لێ هات و خەفەت و کوا فایەق؟؟؟؟). دوای چاوەڕوانیەکی زۆر کە زیاتر لە سێ مانگ بوو هەواڵی تۆمان بۆ هات، کە خۆت و هەڤاڵەکانت لە زیندانی (ئەبو غرێب)ن و ئەوەی گیرا گیراو ئەوانی کە چونە ریزەکانی پێشمەرگە و هەندێکیان شەهید بون وەکو شەهید (شوان سەعید) ..... ئیتر مام فایەق تەفاصیلی زیندان خۆت دەیزانیت. مام فایەق، کاتێک هەواڵی تۆمان زانی کە زیندانی کراوی لە ئەبوغرێب، ئەو هەواڵە بۆ ئێمە جەژن بوو. دایە و باوە لە خۆشیدا دەستیان کرد بە گریان، کە تۆ سەلامەتی و نەکوژراویت، ئیتر لە چاوەڕوانی ئەوەدا بووین، کە رێگەی مواجههەمان بدەن و بێین بۆلاتان.. دوای ئەوە ئیتر رێگەی ئەبوغرێب بۆ ئێمە و هەزاران خێزان هەموو دوو هەفتە جارێک بوو. ئێستاش لەیادم ناچێت چەند ناشیرین هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکردین بە جنێو دان و ئیهانە کردنمان، بەڵام چی ئێمە و چی کەسوکاری زیندانیەکان هیچمان بەلاوە گرنگ نەبوو، تەنها شتێک کە چاوەڕێمان دەکرد دیداری تۆ و هەڤاڵەکانت بوو.

سڵاو مام فایەق، سەبارەت بە تەرحیلەکانی حیزبی بەعس دوای هێرش کردن و لێدانی بیرە نەوتەکانی کەرکوک لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگەوە، کە ئێستاش لەیادم ناچێت لەهەمان کاتدا شەوێکی هەتا بڵێی دڵخۆشکەر بوو

بەوەی کە گوێمـــان لە دەنگـــی تەقەی پێشـــمەرگەکان و کە هەســـتمان بەوە دەکرد پێشمەرگەکان زۆر نزیکن و بە تەنیا خەڵکی کەرکوک نین و لەهەمان کاتیشدا زۆر ترسناک بوو، چونکە دەمانزانی وازمان لێ ناهێنن و ئەکەونە ئـازار دانمـان، ئەوەبـوو پـاش بـێ دەنگیەکـی ترسـناک و لە بەرەبەیـانی ١٩٨٥/١١/٧دا حزبی بەعس بە پلانێکی دارێژراو بە چەند قۆناغێک شاڵاوی تەرحیلی خێزانی پێشمەرگەکانی دەست پێ کرد. ئەو شەوە هەموومان بە ئاســایی لەســەربانی ماڵەکەمــان خەوتبــووین قەرەوێــڵەکەی مــن لەلای دیوارەکەوە بوو، لەپڕ هەستم بە غەڵبە غەڵب و دەنگی سەیارە و بە عەرەبی قسە کردن بوو، هەستام و تەماشای خوارەوەم کرد، کارەساتم بینی گەڕەک پڕ بوو لە دەیان گورگە رەشەکانی بەعس بە چەکەکانیانەوە وەستابون و تەماشای سەربانیان دەکرد، ئەوەی کە بینیم پاصێکی مەنشەئە گەورەکان و سەیارەی ئیڤا و قوات خاصە و ئەمن و ئیستخبارات بوو. گەڕامە دواوە و رام کرد بۆلای دایک و باوکم (دایە، باوە هەستن هەستن) هێشتا قسەکەم تەواو نەکردبوو سەربانەکەمان پڕ بوو لەو گورگە رەشانە (یەڵڵا یەڵڵا) و رەشاشەکانیان ئاڕاستەی هەر یەکێکمان کرا بۆ ئەوەی بە زووترین کات پاڵمان پێوە بنێن بۆ خوارەوە، ئەوەبوو لە هۆڵەکە هەمومانیان کۆکردەوە و کەوتنە پرسیار کردن لە باوکم (حجي عندک سلاح؟) باوکم (لا والله سيدي ماعندي) ئیتر ئەفسەرەکەی کە لەوە دەچوو تۆزێک بەڕەحمتر بووبێت، بە باوکمی وت (حجي أنطي بناتک عبايات ماحد يعرف وين ياخذوکم). لەهەمان کاتدا قوات خاصەکانی دیکە هەرچی نوێن و جێگا و بانەکانمان بوو لەسەر بانەوە فڕێیان دایە خوارەوە بۆ ناو حەوشەکە. دیسانەوە بە (یەڵڵا یەڵڵا)وە پاڵیان ناین بۆ دەرەوە و سواری مەنشەئەکەیان کردین، پاص پڕبوو لە (ژن و منداڵ و پیر و گەنج) لێرەدا حەقی خۆیەتی باسی شەهامەت و پیاوەتی دراوسێکانمان بکەم لە گەڕەکی تەپە (هەمویان هاتنە بەردەم پاصەکە و

هاواریان ئەکرد (الله یخلیکم لا تأخذوهم، هذوله أهلنا وعائله محترمة) وازیان لێبهێنن. بەڵام ئەفسەرەکان وتیان بڕۆنە دواوە ئەمە ئەمرەو دەبێت ئێمە تەنفیزی بکەین. لەو دراوسێیانە ماڵی باجی خەیریە، ماڵی محامیەکە، کاک تەحسین، ماڵی کاک عەبدولڕەزاق و ماڵی حاجی خەلەف و ماڵی ئازاد پولص بون. ئیتر بە راستی ئەوانی دیم بیر نایەت و لەوکاتەشدا بەرچاوت رەش دەبێت و هیچ نابینیت. بەهەرحاڵ لەناو پاصەکە دانیشتین و کاروانەکە کەوتە جوڵە و بەرەو لای تەنکی ئاوەکەی تەپە رۆیشتین و هەتا گەیشتینە ئەودیوی تەنکی ئاوەکە، کە پێمان دەوت لای مزگەوتی إخوان، لەوێ لە بەردەم ماڵی باجی عاصیە راوەستاو ئەوانیشیان بە گریانەوە هێنایە ناو پاصەکە.. هەمومان بێ دەنگ و بە خەمباری دانیشتبووین و مناڵەکانیش لە تینوێتی و لە برسا دەگریان. گەیشتینە بەردەم مەکتەبی واحد حزیران و هاواریان کرد (یلا نزلوهم) هەر هەموو خەڵکەکەیان لە حەوشەی مەکتەبەکە کۆکردەوە و کاتێکمان زانی کاروانێکی دیکەش هات ئەویش خێزانە کوردەکانی گەڕەکی ئیسکان و ئازادی و ئیمام قاسم بون. ئەوە بوو دایکم هاواری کرد وتی: هاوارم ئەوە ماڵی لاوەی براشم هاتن (لاوە، برای دایکم بوو لە گەنجێتیدا لەبەر جوانی و باڵا بەرزیەکەی پێیان دەوت (لاوە) خۆی ناوی (عەبدولقادر) بوو.. پاش ئەوەی هەموو خێزانەکانیان کۆکردەوە و هەر بە برسێتی و بە تینوێتی ماینەوە، ئنجا دەستیان کرد بە سەرژمێری و تەحقیق. یەکە یەکە بانگیان دەکردین و ناومان تۆمار دەکرا.. لە باوکمیان پرسی (حجي عندك أبن جندي؟ جیش شعبي؟) باوکم لە ترسا وتی: لا والله ما عندي. ئەوکاتە کەمالی برامان عەسکەر بوو لە موصل و باوکم لە ترسا ناوی نەبرد، بەڵام پاشان زانیمان، کە ئەگەر یەکێک لە کوڕەکان عەسکەر بوونایە ئەوە بەرەڵایان دەکردین. بەڵام باوکم لە ترسی ئەوەی نەکوو کەمالیش بگرن و ئازاری بدەن ناوی نەهێنا. لەهەمان کاتدا هەرچی کوڕی گەنج بوو لە ١٨

ساڵیەوە جیا کرانەوە و ئەوکاتە (رامال)ی برام ١٨ ساڵ زیاتر بوو لێمانیان بـرد و نەمـان دەزانـی چـی چارەنوسـێکیان دەبێـت. زۆر بەداخەوە ئەویـش خەمێکی دیکە بوو بەتایبەت بۆ دایک و باوکم. پاش ماوەیەکی زۆر زانیمان، کە هەموو گەنجەکان لە حەویجە زیندانی کراون. دوای تەحقیق و جەرد و لێ پرسینەوە دیسانەوە پێیان وتین (یلا یلا أمشوا) ئێمە وامان زانی تەواو بوو، کەچی ئەمجارە لە جیاتی پاصە مەنشەئەکان سواری ئیڤا کراین بە سەدان ئیڤا لە بەردەم مەکتەبەکەدا بوو و هەمومان سوار بوین، باوکم و دایکم ئێمەیان خستە ناوەڕاست خۆیان و خۆیان کرد بە پەرژین بۆ ئێمە .. کاروانی ئیڤاکان و مدەرەعە و سەیارەی قوات خاصەکان کەوتنەوە رێ و خەڵک بە چاوێکی بەزەییەوە تەماشایان دەکرین .. کاروانەکە نزیک بووەوە لە جسری طبق چلی و ئێمەش هەمومان ترسێکی زۆرمان لێ نیشتبوو نەمان زانی چیمان لێ دەکەن و بەرەو کوێمان دەبەن؟ کە کاروانەکە چووە سەر پردەکە و رێگەی مەفرەقی سلێمانی وەرگرت؟ ژنان هەموو دەستیان کرد بە هەل هەلە و چەپڵە رێزان و دەیان وت: ئەلحەمدولیللا خوایە لێت بەزیاد بێت.. ئەوکاتە بۆ ئێمە زۆر جێگای پرسیار بوو، باشە ئەو ژنانە لە خۆشی چی وا دەکەن؟ پاشان تێگەیشتین کە کاروانەکە رێگەی بەغدای نەگرت و مانای وایە نامان بەن بۆ نوگرە سەلمان .. ئیتر ملی رێگا گیرایە بەر و هەر پشتمان شکا لەسەر ئەو کورسیە رەقانەی ئیڤاکە و ئەبوایە باش خۆمان بگرین بە شیشەکانی پشتمانەوە، چونکە لەگەڵ هەموو تاصەیەکدا دەکەوتینە خوارەوە .. قرچە قرچی هاوین و مانگی تەموز لەناو ئیڤایەکی شەق و شڕدا بەبێ ئاو مابوینەوە ئەوەبوو لەلای بازیان کاروانەکە راوەستاو بە جلیکانێکی عەسکەری ئاوی بۆرییان بۆ هێناین و ئاومان خواردەوە، باوکم (بەڕەحمەت بێت) کە هەمیشە سەرئێشەی لەگەڵ بوو بە تەواوەتی ورەی روخابوو، بەڵام دایکم ورەی بەرزتر بوو هەر دوعا و نزای دەکرد.. دیسانەوە کاروان کەوتە

ڕێ هەتا لە ڕێگایەک لایان دا و نزیک بووینەوە لە سورداش. لەسەر ڕێگای سورداش کاروانەکە ڕاوەستا و وتیان یەڵڵا یەڵڵا ئەو خەڵکەیان داگرت و خۆشیان بە کلاشنکۆف و دارەوە وەستابوون ئینجا پێیان وتین (يلا أمشوا إلى جهنم وبئس المصير) ئێمەش بەبێ ئەوەی لەژێر چاویشەوە بێت نەمان دەوێرا ئاوڕ بدەینەوە بەڵام هەر وامان دەزانی لەدواوە ڕەمیمان دەکەن .. هەنگاوەکانمان خێرا دەکرد، وردە وردە کەوتینە ڕاکردن هەتا هێزەکانی بەعسمان لێ دیار نەمان .. ئینجا تەقەیەکی زۆر کرا و سەرەتا وامان زانی هێزە چەکدارەکانی بەعسن، بەڵام ئەوە تەقەی بەخێرهاتن و پێشوازی برا پێشمەرگەکانمان بوو، لە هەمان کاتدا خەڵکی ئاواییەکە بە جلیکانە و تەرمۆسی ئاوی ساردەوە پێشوازیان لێ کردین، ساتێکی پڕ لە خۆشەویستی و بە هەستێکی خەمناکەوە باوەشیان پێدا دەکردین و بەخێرهاتنیان دەکردین .. خێزانەکان دابەش بون بەسەرماڵەکانی گوندەکەدا و نانێکی زۆر خۆشیان بۆ ئامادە کردین، کە هەتا ئێستا تامەکەی ماوە، لە حەوشەکە و بەبێ کارەبا و لەژێر ڕوناکی مانگە شەودا خواردنێکی زۆر خۆشمان خوارد و هەر ئەو شەوەش پێشمەرگەیەکی زۆر هاتن بۆلامان .. هیلاکی و ماندبوونی ڕۆژێکی قورس و ناخۆشمان لەبیر چووەوە.

دوای ئەوە زانیمان، کە مام جەلال (ڕوحی شاد بێت) هاتبوو بۆ لادێکە بۆ ئەوەی چاوی بە خێزانەکان بکەوێت و ورەمان بەرز بکاتەوە و نەترسین، زۆر زۆر بەداخەوە ئێمە ئەوکاتە درەنگ گەیشتینە لادێکە (تیمار) و بەخت یاوەرمان نەبوو، کە مام لە نزیکەوە ببینین .. ئیتر ئەوەبوو مام چاوی بە بەشێک لە خێزانەکان کەوتبوو زۆر قسەی بۆ کردبون، کە ورەیان بەرز بێت و نەترسن .. پاشان ئێمە دوو ڕۆژ لە ماڵی خزمان و ناسیاوەکانمان ماینەوە کە بەلای منەوە خۆشترین دوو ڕۆژ بوو لە ژیانمدا، سەرەڕای ئەوەی کە بە زۆرەملێ و بە زەبری هێز دەرکراین و تەرحیل کراین، بەڵام مانەوەمان لە

لادێکە و ژیانی لادێ و لەناو ئەو خەڵکە پاک و رەوشت بەرزانەدا هەموو خەم و خەفەت و ئەو تراوما قورسەی لەسەر شانمان سوک کردبوو. ئەو دوو رۆژەی کە لەوێ بوین ئێمەش وەکو خەڵکی ئاوایی لەگەڵ مەلا بانگدان خەبەرمان دەبووەوە و لەگەڵ ژنەکان نانی بەیانیمان ئامادە دەکرد و نان و کولێرەی گەرم لەگەڵ ماستێ کە خۆیان ئامادەیان دەکرد زۆر زۆر خۆشتر بوو لە خواردنی هۆتێلی پێنج ئەستێرە. دوای ئەوە وردە وردە لەگەڵ کچانی ئاوایی و ئەوکاتە زۆر گەنج بوین بە سواری وڵاخ دەڕۆیشتینە ناو رەز و باخ و ئاوی پاکی کانیەکانمان دەخواردەوە و دەڕۆیشتین بۆ لای مەڕ و بزنەکان، کە زۆر زۆر جوان بون. یاریمان لەگەڵ دەکردن و رامان دەکرد بە دوای بزنەکاندا. (ئەڵڵا ئەو دوو رۆژە چەند خۆش بوو.) بەو شێوەیە هەتا نیوەڕۆ لەناو رەز و باخەکاندا دەبوین. نیوەڕۆ دەگەڕاینەوە بۆ ناو ئاوایی و ژنە بەتەمەنەکان خواردنیان ئامادە کردبوو، هەمومان بە دڵێکی پاک و خاوێنەوە لەسەر خوانەکە کۆدەبوینەوە و نانێکی خۆش و بەتاممان بەیەکەوە دەخوارد.. ئەوەبوو کاکم (دکتۆر صدیق عومەر رەسوڵ) سێهەم رۆژ بە یاوەری کاک عاصی (بەڕەحمەت بێت) و دوای ماندوو بونێکی زۆر و گەڕان بەدواماندا گەیشتە لامان (گریان و خۆشی) تێکەڵ بونەوە و باوکم و دایکمان زۆر زۆر شادمان بون بە بینینی کاکە .. ئەو بەیانیەی کە تەرحیل کراین کاکم ئاگادار نەبوو چونکە ئەو تازە ژیانی هاوسەری پێکهێنابوو و لە ماڵی خۆی دەژیا.

دراوسێکانمان لە تەپە هەر ئەو بەیانیە خەبەریان بۆ کاکم بردبو، ئیتر ئەویش دەستبەجێ بێ گوێدانە هیچ خەتەرییەک وێڵ بوو بە شوێنماندا هەتا ئێمەی دۆزیەوە .. ئیتر خێزانەکان وردە وردە کەسوکاریان دەهاتن بە شوێنیاندا و وردە وردە ئاواییەکە چۆڵ دەبوو. باوکم و دایکم چوونە ماڵی مامم (ئەنوەر) و ماوەیەک لەوێ مانەوە و کاکم یەکسەر من و سۆزانی

خوشکمی برد بۆ ماڵەکەی خۆی لە رەحیماوا، ئیتر لەلای کاکم ماینەوە و هەندێک جاریش بەیەکەوە دەچووین بۆ ماڵی خەسوی کاکم .. براژنەکەم هەندێک جلوبەرگی بۆ کڕین، لەبەر ئەوەی ئێمە لەو بیجامەیە زیاتر هیچ جلێکی زیادەمان پێ نەبوو و ماڵەکەیش بە مۆمی سوور داخرابوو هەرچی ئەموال مەنقولە و غەیر مەنقولەمان هەبوو هەمووی حیجز کرا .. لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بە ئازایەتی و بوێری خەسوی کاکم و کاک راغب ی دراوسێمان بدەم بە ڕاستی ئەو جۆرە خەڵکانە مایەی شانازی و هەموو رێزێکن .. ئێمە جگە لە ماڵەکە سەیارەکەشمان لە گەراجەکە حیجز کرابوو، هەروەها پارە و ئاڵتونەکانی دایکم .. بەڵام خەسوی کاکم (شەکیبە خان) روحی شاد بێت، وتی من بە دزییەوە و لە دیواری پشتەوە ئەڕۆمە ماڵەکە و شتەکان دەردەهێنم، ئەوە بوو بە تەنسیق لەگەڵ کاک (راغب خەلیل ئەبو شوارب) کە ئەوان دیواری ماڵەکەیان بە ماڵمانەوە بوو، هەردوکیان بە دزییەوە و بە تاریکی چونە ماڵەکە و شتەکانیان دەرهێنا و سەیارەکەشیان هەر لە دەرگای گەراجەکەوە دەرکرد (هەڵوێستی ئەم دوو زاتە پاکە هەرگیز لە یاد ناکرێن) لەبەر ئەوەی مجازەفەیەکی زۆر گەورەیان کرد و توانیان کارەکە بە سەرکەوتویی ئەنجام بدەن.

نزیکەی دوو هەفتەمان پێ چوو، پاش ئەوەی برای براژنەکەم کە ئەوکاتە لە سوپای عێراق بوو بە زەحمەتێکی زۆر توانی ماڵەکەمان لە حجز دەربکات و توانیمان بە ترسێکی زۆرەوە بگەڕێینەوە ماڵەکەی خۆمان و دوا بەدوای ئەوە باوکم و دایکیشم گەڕانەوە ماڵەوە و ئیتر مەئسات و موعاناتی دوای تەرحیل دەستی پێ کرد، ئەو ماڵەی کە لانەی خۆشەویستی و ئارامیمان بوو، لێیان کردین بە دۆزەخ، ماڵەکە زۆر ناخۆش بوو و سامێکی ترسناک باڵی کێشابوو بەسەر هەموو سوچێکی ماڵەوە .. هەموو شەوێک بە ترسەوە وامان دەزانی بەیانی دێنەوە سەرمان و تەرحیلمان دەکەن .. ئەوەبوو نەیان

هێشت رۆژێک بە ئیسراحەت نان بخۆین بەیانیان و ئێواران وەکو دەوامی ڕەسمیان لێ کردبوو (موختار)ەکەی تەپە بە یاوەری چەند ئەمن و ئیستخباراتێک بە شەق لە دەرگایان دەدا و خۆیان دەکرد بە ژووردا و موختارەکە بە باوکمی دەوت (حجي وين فايق و شەمال) روح جيب أولادك، و جنێویان دەدا، باوکیشم هەر دەیووت (آني ماأعرف)، ئیتر کرابوو بە خوو هەموو رۆژێک دەهاتنە سەرمان و وا دەیان ترساندین، دواتر وامان لێ هات راهاتین لەگەڵ وەزعەکە. کاکم دکتۆر صدیق عومەر زۆر ئازاریان دەدا و شەڕێکی دەروونییان لەگەڵ دەست پێ کرد و لەپڕ هەڵیان دەکوتایە سەر عیادەکەی و رێگەیان نەدا دراسەی بۆرد بکات و پێیان دەوتین ئێوە لە لیستی رەشن (انتو عوائل المخربين) .. سۆزان عومەری خوشکم لە کولیەی طب دەیخوێند زۆر زۆر بێزاریان کردبوو هەمیشە لەژێر چاودێریدا بوو، من خۆم دوای تەخەروج لە هیچ شوێنێک وەریان نەگرتم و لە لیستی رەشدا بوم .. رۆژان هات و چوو ئیتر بەو شێوەیە ژیانمان بەڕێ دەکرد .. لێرەدا دەمەوێت راستیەک باس بکەم و ئەویش ئەوەیە زۆر بەداخەوە کاتێک تەرحیل کراین و گەڕاینەوە زۆرێک لە خزمەکان و هەندێک لە هاوڕێکان خۆیان دوورخستەوە و هەر لێیان نەپرسینەوە .. زۆر چاک بەبیرم دێت، کە لە تەرحیل گەڕاینەوە ماڵی کاک تەحسین محامی دەعوەتیان کردین بۆ ماڵەوە و زۆر مەوقفێکی جوانیان هەبوو لەگەڵمان .. بەداخەوە ئێستا نازانم لە کوێن و چییان بەسەرهات .. وردە وردە ژیان رێچکەی خۆی گرتەوە و گوزەرانمان دەکرد هەتا رۆژێکیان (لە ساڵی ١٩٨٧)دا من و دایکم لە ماڵەوە بووین و خەریکی ئامادەکردنی خواردنی نیوەڕۆ بوین، کاتێکمان زانی هێزێکی چەکدار لە ئەمن و ئیستخبارات بە کلاشینکۆفەکانیانەوە بە یاوەری موختارەکەی (تەپە) خۆیان کرد بە ژووردا. ئەفسەرەکە ناوی (مولازم حازم) بوو، دوایی بۆمان دەرکەوت کە مەسئول مەنتیقەی تەپە بوو، تەماشایەکی

من و دایكمی كرد و وتی (آني ملازم حازم). پرسی (های بیت عمر رسول؟) مـن و دایكـم لەوكـاتەدا زمانمـان لاڵ بـوو نەمـان دەتـوانی وەڵام بـدەینەوە. لەوكـاتەدا هەمـوو ئەمنەكـان كەوتـنە پشـكنین و هەمـوو مـاڵەكە گەڕان. چـونە سـەربانەكە و نەمـان دەزانـی بەدوای چیـدا دەگەڕان؟ مـن و دایكـم هەر لە هۆڵەكە بوین مولازم حازم لە دایكمی پرسی (حجیه وین الحجي؟) ئێمەش وتمان: والله سیدي مانعرف. وتی: مو مشكله نگعد بیتكم علما یرجع الحجي. لەوكـاتەدا لەسـەر قەنەفەكە دانیشـت و هەتـا بـاوكم هـاتەوە و بـاوكی بەستەزمانم لە دەرگـای حەوشـەكەی خـوارەوە هـاتەوە و هەر كە چـاوی بەو هەمـوو ئەمـن و قـوات خاصـانە كەوتبـو رەنگـی زەرد هەڵگەڕا و ئەفسـەرەكە وتـی حجي الله بـالخیر. باوكیشـم وتـی: الله بـالخیر سـیدي، ئەفسـەرەكە وتـی: حجی أنطیناک مهلة لترجع ولادک (فایق و شەمال) ولحد الأن ماسلموا نفسـهم هسـه أحنـا أمرنـا بألقـاء القـبض الـک والحجـیه حضـروا غراضـكم. منـیش لەوكـاتەدا خـۆم هەڵـدایە سـەر دەسـتی ئەفسـەرەكە و پـێم وت: سـیدي اللـه یخلیک لاتأخذهم والله أثنیناتهم مرضی وما سیتحملون أخذوني بدالهم. وتـی: هـذا أمـر وأحنـا أننفذه. ئیتـر بـاوكم هـاواری لـێ كـردم وتـی وس بە وا مەڵـێ. بـاوكم وتـی یـارمەتی دایكـت بـدە دوو بەتـانی و هەنـدێک جلـوبەرگ و دەرمانەكـانم بـۆ بـخەرە جانتـایەكەوە، ئەفسـەرەكە وتـی: لا خلـي كـل واحـد غراضـە ویاه و دیـار بـوو كە بە جیا دەیـان خەنە زیندانەوە .. بە پەلە منیش دوایان كەوتم، كە تەماشـام كرد وەكو جارەكەی پێشـوو گەڕەک پڕ بووە لە مودەرەعە و موسـەلەحە، ئەمجارە نە ئیڤا و نە پاصـی مەنشـەئەی تیا نەبـوو، دایكم و باوكمیان خسـتە نـاو سـەیارە مسـلەحەكانەوە و منیش هەر باوكە رۆ و دایكە رۆم بوو بە گریانەوە دەستی باوكم و دایكم مـاچ كـرد و هەر دەمـوت بە قوربانتان بم. دایكم باوەشی پیا كـردم و وتـی: كچـم خـوا گەورەیە ئاگاتـان لە خۆتـان بێـت و هەر ئێسـتا خەبەر بنێـرە بـۆ كاكـت (دكتـۆر صـدیق) ..

دراوسـێکان هـاتن بۆلامـان و هەمـوو بەیەکەوە گریـاین و کەس دەسـەڵاتی نەبـوو .. هەتـا سـەیارەکان لەبەر چـاو دیـار نەمـان مـن هەر لەبەر دەرگـا دەگریام و شیوەنم دەکرد..

دوای ئەوەی دایکم و باوکمیان برد، من لەگەڵ (لانە گیان)ی کچی کاکم، کە ئەوکـاتە زۆر منـاڵ بـوو و هەروەهـا دراوسـێکانمان و دڵنەوایـی منیـان دەکـرد و کـاتێکم زانـی کـاکم و بـراژنەکەم بە گریـانەوە هـاتنە ژوورەوە و هەمـوو هێـزی دەسـت و ئەژنۆمـان شـکا بـوو، دەسـەڵاتی هیچمـان نەمـابوو .. ئەو شـەوە کەسـمان نەخەوتـین.. کـاکم لەگەڵ هـاوڕێیەکی (کـاک عاصـی) بە رەحمەت بێت کەوتنە سـۆراخ کـردن و گەڕان بە شـوێن دایکـم و باوکمـدا .. ئەوەبـوو دواجـار زانیمـان کە بـاوکم لە تەسـفیرات بـووە و هەر یەکسـەر بردبویانن بۆ زیندانی (ناصریە) و دایکم و ژنەکانی دیکە لە سجنی (پریادی) مـانەوە و نـزیکەی هەفـتەیەک لە (پریـادی) بـوون. ئەوکـاتە کـاک (صـلاح)ی ناسـیاومان لە پۆلیسـی ئالیـات بـوو و خزمێکـی پـۆلیس بـوو لە پریـادی و هەواڵـی زینـدانی کردنـی دایکـم و ژنەکـانی دیکەی بـۆ هێنـاین، ئیتـر ئـێمەش جلوبەرگ و خاولی و هەندێک خواردنمان خستە جانتایەکەوە و کاک صلاح بردی بۆ دایکم هەروەها توانیمان دوو جار مواجەهەی دایکم بکەین، دایکم لەگەڵ کۆمەڵێـک ژن و دایـک و خوشـکی پێشـمەرگە لە زینـدانێکی تەسـک و تاریک و دڵ تەنگ زیندانی کرابوو. نزیکەی هەفتەیەک لە پریادی مـانەوە و ئیتـر ئاگامـان لە دایکـم نەمـا و کـاک صـلاح پێـی وتـین، تەسـفیر کـراون بەس کەس نازانێت بۆ کوێ؟ دوای مانگێک زیاتر هەواڵمـان بۆ هـات، کە دایکم لە (سـەماوە) زینـدانی کـراوە و بـاوکم لە (ناصـریە) و پاشـان پێیـان وتـین، کە مـواجەهە کـراوەتەوە و ئـێمەش لە خۆشـی دیـداری دایـک و باوکمـان هەمـوو پێنج شەمانێک لەگەڵ براژنەکەم (ئەمەل خـان) خۆمـان ئامـادە دەکـرد و (کوبە و یـاپراخ و کـولیچە و نـان و کـولێرە) و لەولایشـەوە بـۆ دایـک و بـاوکم

(جلوبەرگ و لفکە و صابونی ڕەقی و بەتانی و هەموو شتێکمان بۆ ئامادە دەکردن و بەیانیانی ڕۆژی جومعە بە سەیارەکەی خۆمان ئەوکاتە لادایەکی زەردمان هەبوو لەگەڵ کاکم و کەمال و سۆزان و برا بچوکەکانم ئاسۆ و دانا و ڕامال دەچوینە زیندان، ڕێگایەکی وشک و ناخۆش و ترسناک، نەمان دەزانی چی و چۆن دەبێت، تەنها یەک هیوامان هەبوو، ئەویش دیداری دایک و باوکمان بوو، پاش ماندووبونێکی زۆر گەیشتینە بەندیخانەی (سەماوە) سەرەی خەڵکەکە ئێجگار زۆر بوو لەوە دەچوو ئەو خەڵکە شەو بە ڕێگاوە بووبن بۆیە وا زوو لەبەر دەرگا بون، بەهەرحاڵ بە هەزار پاڵەپەستۆ و بەئەنقەست تەئخیر کردنمان، ڕێگایان داین بڕۆینە ژوورەوە، کە دایکم لە ئێمە زیاتر بە تاسەی بینینی ئێمەوە بوو، دایکم لەناو ئەو زیندانیانەدا بە پێوە ڕاوەستابوو چاوەڕوانمان بوو، لە دورەوە دایکم بینی بەو دەموچاوە نورانیەوە پەری ئاسا و بە هێزێکی زۆرەوە لە ناو ژنەکان بوو، بەر لەوەی بگەمە دایکم فرمێسکەکانم هاتنە خوارەوە و لە دڵی خۆمدا وتم: (ئاخ دایە گیان، دایە نازدارەکەم، چی دەکەیت لێرە لەناو ئەم زیندانە تاریک و ناخۆشەو کەی ئەوە جێگای تۆیە؟) ئیتر، کە گەیشتین بە یەک و باوەشی پیا کردین و فرمێسکەکانی ڕێچکەیان بەست و هەموو دەستمان کرد بە گریان، دایکم ژنێکی نەرم و دڵناسک و نازدار و خانومان و لەهەمان کاتدا ئەوەندە بەهێز بوو سڵی لە هیچ شتێک نەدەکردەوە لە پێناوی کوردایەتیدا، بە شایەتی زیندانیەکانی ناو زیندانەکە، دەیان گێڕایەوە و دەیانووت: دایکتان دەورێکی زۆر گەورەی هەیە لەناو زیندان دا بۆ ئارام کردنەوە و چاندنی تۆوی خۆشەویستی لەناویان دا و کۆڵنەدانیان، دایکم کە دەیبینی هەندێک لە ژنەکان دوعایان لە کوڕەکانیان دەکرد و دەیان وت خەتای ئەوانە کە ئێمە لێرەین، دایکم زۆر پەست دەبوو و دەیوت: چۆن دڵتان دێت دوعایان لێ دەکەن؟ ئێمە بە کوڕە پێشمەرگەکانمانەوە سەربەرزین، دەیوت دەبێت ورەتان بەرز

بێت، چەند کاتژمێرێک لەلای دایکم ماینەوە و سفرەمان راخست و بە یاپراخ و کوبە و بریانی (ئێمە کە دەچوین بۆلایان هەمیشە لەلای ژنە عەرەبەکانی ناو بازاڕ خۆشترین قەیماغی بەلەزەتیشمان لەگەڵ خۆمان دەبرد. هەموو بەیەکەوە و لەسەر یەک سفرە نانمان دەخوارد) زیندانەکە، هۆڵێکی تاریک و ناخۆش بوو، یەک حەمام و یەک توالێتی تێدا بوو، زیاتر لە ٥٠ کچ و ژنی گیراوی تێدا بوو. لە تەنیشت ئەو هۆڵەوە هۆڵێکی دیکە هەبوو کە پڕ بوو لە زیندانیە کوردە فەیلیەکان کە دوای ماوەیەک ئەوانیان لەوێ بۆ جێگایەکی دیکە گواستەوە، جگە لە کوردەکان عەرەبێکی شیعەی زۆریش لە هۆڵێکی کە بون، دەبوایە ئیتر بڕۆین و دایکم بەجێ بهێڵین، کاتی خواحافیزی کردن زۆر ناخۆش بوو، هەرگیز روخسارە جوان و بەهێزەکەی دایکم لە بیر ناچێت، کە زۆ هەوڵی دەدا نەگری بۆ ئەوەی ئێمەش ورەمان نەڕوخێت .. دایکمان بەجێ هێشت و رێگەی ناصریەمان گرتە بەر .. گەیشتینە زیندانەکەی ناصریە، بینایەکی کۆن و داڕماو و تاریک و پیس بوو، پێک هاتبوو لە چەند هۆڵێک و مەدخەلێکی تەسک و تاریکی هەبوو، ئەوەبوو دوای چاوەڕوانیەکی زۆر چاومان بە باوکم کەوت، باوکم رەنگی زەرد و ریشی درێژ بوبوو، دشداشەیەکی سپی لەبەردا بوو و تەزبیحەکەی بەدەستەوە بوو، کە باوکمان بەو شێوەیە بینی زۆر ناخۆش بوو لەبەر ئەوەی باوکم کەسێکی زۆر پاک و بە ویقار بوو گرنگی بە خۆی و جلوبەرگی دەدا، مەخابن کە بەو شێوەیە بینیمان، باوکم باوەشی پیا کردین و ئێمەش هەمومان دەستمان ماچ کرد و باوکم هەوڵی دەدا فرمێسکەکانی نەیەنە خوارەوە و بەهێز بێت بۆ ئەوەی ورەی ئێمە نەڕوخێت. پاش ئەوەی لە سوچێکی زیندانەکە بەیەکەوە دانیشتین، باوکم یەکسەر هەواڵی دایکمی پرسی ئەو زۆر پەرۆشی هەواڵی دایکم بوو، پرسیاری رێگە و جێگەی کرد و هەواڵی تەندروستی پرسی؟ دڵنەوایی باوکمان کرد، کە دایە باشە و هەواڵت دەپرسێت، بە درێژایی

زینـدانیی کردنیـان بـاوکم و دایکـم نـامەی خۆشەویسـتی و هەواڵ پرسـینی یەکتریـان بۆ یەکتـر دەنـارد .. بـاوکم خۆی نامەکـانی دەنوسـی و دایکـم کـاک جەبـار حەمیـد، کە ئەویـش ئەوکـاتە زینـدانی کرابـوو نامەکـانی دەنوسـیەوە بۆ دایکم، کاک جەبار لە کەرکوکە و شایەتحاڵی ئەو هەموو راستیەیە .. بەهەمـان شـێوە بۆ باوکیشـم (جلـوبەرگ و جگەرە و بەرمـاڵ) و خـواردن (بـاوکم زۆر حەزی لە دۆڵمەی دایکم دەکرد) ئەویشـمان بۆ هێنـابوو نـانی تیـری و کوبە و .. بـاوکم لەگەڵ فـاخیر کـوڕی خـاڵۆم کە ئەویـش لە زینـدانی ناصـریە بـوو، باوکم زۆر باش بوو زۆر ئاگـای لێ بـوو و بۆ باوکیشـم هـاودەنگیەگ بـوو .. مـاوەیەکیش لەگەڵ بـاوکم و فـاخیر دەمـاینەوە و ئیتـر دەوربەری عەسـر بە مانـدوویی و شـەکەتی دەگەڕاینەوە بۆ کەرکـوک .. کـاکم هەمیشـە کە بەرەو کەرکوک دەگەڕاینەوە لە مەتعەمێکی بەغداد (دجاج بالتنور)ی بۆ دەکڕین بۆ ئەوەی تۆزێـک ئەو خەم و خەفەتەمـان لەبیـر بەرێـتەوە .. پـاش سـەفەرێکی دوور و درێـژ درەنگـانێکی شـەو دەگەیشـتینەوە مـاڵەوە. ئیتـر بەو شـێوەیە هەموو جومعەیەک دەڕۆیشتین بۆ مواجەهە، هەموو کاتێک کاکم نەیدەتوانی بمانبـات لەبەر ئەوە مـن و دانـا یـان ئاسـۆی بـرام لەگەڵ کەسـوکاری زینـدانیەکان پاصـێکی کۆسـتەرە شـینەکانمان بەکـرێ دەگـرت و کۆسـتەر هەمومـانی کۆدەکردەوە و بەیانیـان شـەبەق پێش مەلا بانگدان دەردەچوین .. بە درێژایی هەشت مانگ ئێمە رێگای ناصریە و سەماوە خۆشترین گەشتمان بوو .... زۆربەی سەفەرەکانمان دوو میمکم لەگەڵماندا دەهاتن، ئەوانیش میمـی مەنیج، خوشکی گەورەی بـاوکم و میمـی ئایشـە دەهـاتن و لە مامەکـانم (مـامە عەلی و مـامە عوسـمان) دەهـاتن، مامەکـانی دیکەمـان نەیانـدەوێرا لێمـان نزیـک ببنەوە .. مام فایەق هەندێک تەفاصیلی دیکەی هەیە نـاتوانم لێرە باسـی بکەم، کە ئەو ئەفسەرەی دایکم و باوکمیان گرت و لە دواییدا پاش هەشت مانگ و بە بڕیارێکی عەلی حەسەن مەجید قەراری عەفوی عامی بۆ عەوائل المخـربین

دەرکرد و باوکم و دایکم هاتنەوە، باوکم زووتر هاتەوە لە دایکم بەڵام هەر پەرۆشی بوو. جارێکی تر دایک و باوکم ماڵەکەیان ئاوەدان کردەوە و خۆشی هاتەوە بۆ ماڵەکەمان، بەڵام بەداخەوە نەیان هێشت ئەو خۆشیە زۆری پێ بچێت و جارێکی دیکە ئەمن و ئیستخبارات هەڵیان کوتایەوە سەرمان و وتیان دەبێت لێرە بڕۆن و نابێت لە کەرکوک بمێننەوە.

ئەوە بوو لەبەر ئەوەی تەنگیان پێ هەڵچنین و ئێمەش هیچ ڕێگاچارەیەکمان نەبوو، جگە لەوەی کە دەبێت بڕۆین و کەرکوک بەجێ بهێڵین .. ئەمجارە کارەساتەکە زۆر گەورەتر بوو لەبەر ئەوەی باوکم و دایکم زۆر حەزیان دەکرد لە ماڵەکەی خۆیان بن و لەهەمان کاتیشدا ترسی ئەوەی جارێکی، کە تەرحیل بکرێنەوە، ئەوەبوو کەمال گیانی برامان کە زۆر ماندوو بوو بەو کێشەیەوە و دواجار قسەی لەگەڵ ئەفسەری وەحدەکەی کردبوو، کێشەکەی تێ گەیاندبوو، کە هەوڵێکمان بۆ بدات و لەم قوڕاوە دەرمان بکات، ئەفسەرەکە پیاوێکی زۆر باش بووبوو، کەمالی زۆر خۆش ویستبوو و بە کەمالی برامی وتبوو: خانویەکیان بەکرێ بۆ بگرە و بیان هێنە بۆ موصڵ. من وەعدت دەدەمێ، کە ئیتر یەک ئەمن ئیزعاجتان نەکەن و ئەگەر بوو یەکسەر ئاگادارم بکەرەوە .. کەمال هاتەوە و وتی: کاکە من وەعدم وەرگرتوە لە مەسئولی وەحدەکەمان و زەمانی ئێمە دەکات .. بەپەلە و لە ماوەی یەک هەفتەدا کەمال خانویەکی بەکرێ گرت و ئێمەش بە دڵێکی شکاوی پڕ حەسرەت و یادگاری، کەلوپەلەکانمان ئامادە کرد .. باوکم ئەوەندە دڵی بە ماڵەکەی تەپە خۆش بوو هەر دەیوت کوڕم تەباخ و کاونتەر و قەنەفەکان با لێرە بن خۆ ئێمە بۆ ماوەیەکی کورت دەڕۆین و دوایی دەگەڕێینەوە. هەزار مەخابن باوکم هەر لە غەریبی و لە موصڵ کۆچی دوایی کرد و جارێکی تر ئەو ماڵەی نەبینییەوە .. من خۆم زۆر چاک بە بیرم دێت و زۆر گریام وتم: کاکە توخوا با من نەڕۆم و لە ماڵی تر بمێنمەوە بەس

بەداخەوە زۆر زەحـمەت بـوو، کە مـن لە کەرکـوک بمێـنمەوە، چـونکە هەر ڕۆژێک بوایە ئەمن منیـان دەسـتگیر دەکردەوە .. لە ماڵەکەی موصڵ ماینەوە و هەوڵمـان دا خۆمـان ڕابهێنـین لەگەڵ خەڵکـی موصـڵ و شـاری موصـڵ .. کەمـال دەیبینـی مـن زۆر خەمبـارم هەمـوو هەوڵێکـی بـۆ دەدام بـۆ ئەوەی لە شـوێنێک دامەزرێـم و ئـیش بکەم .. هەمـوی مـانگێکی تێپەڕ نەکـرد ڕۆژێکیـان سـەیارەیەکی ئەمـن هـاتە بەر دەرگـا سـەرەتا ئاسـۆی بـرام دەرگـای کـردەوە و ئەمنەکە وتی: بڕۆ باوکت بانگ بکە شکور باوکم لە ماڵ نەبوو و ڕاماڵ-ی برام قسەی لەگەڵ کردن .. وتیان: ئێمە چاک دەزانین ئێوە کێن و بۆچی هـاتون بۆ موصڵ بەڵام ئێمە هیچتان لێ ناکەین ئەگەر ئێوەش لەگەڵ العصـاة ئیش نەکەن، ئەلحەقی ئەمنەکانی موصڵ زۆر موحتەرەمتر بون لەوانەی کەرکوک و تەنانەت لە دەرگـای حەوشـەکەدا وەسـتابون و نەهـاتنە ژوورەوە، ئیتـر کەمـالی بـرام یەکسەر بەو ئەفسەرەی مەسئول وەحدەکەی وتبوو: ئیتر ببڕای ببڕای ئەمن جـارێکی کە نەهـاتنەوە گیانمـان .. لە موصـڵ زۆر بـێ تـاقەت و خەمبـار و غەریـب بـووین .. بـاوکم زۆر نەخـۆش کەوت و هەردوو گـورچیلەی لەکـار کەوتن و لە ماوەیەکی کەمدا و لە ئێوارەیەکی درەنگدا و بەبێ خواحـافیزی باوکم کۆچی دوایی کرد و مەیتەکەمـان بردەوە بۆ کەرکوک و لە گۆڕستانی ڕەحیم ئاوا و لەلای باوکی و مامە عەلیم بەخاکمان سپارد.

دوای کـۆچی دوایـی بـاوکم، دەنگـۆیەک هەبـوو، کە زۆربەی پیاوەکـان ئەوانەی، کە لە ناصـریە زیندانی کرابـون دەرزیـان لـێ داون بـۆ ئەوەی وردە وردە گورچیلەکانیـان پەکیـان بکەوێـت و نمـونەش بـاوکم بـوو، هێشـتا زۆر گەنج بوو، لە ١٩٨٧دا ئازاد کران و باوکم لە ١٩٨٩/٨/١دا کۆچی دوایی کرد، واتـا پـاش دوو سـاڵ و لە پـڕ سـیحەتی تێکچـوو کەوتە ڕشـانەوە هەر دوای یەک هەفـتە و لە یەکەم غەسـلی گورچیلەیـدا کـۆچی دوایـی کـرد و ئیتـر ماڵەکەمـان زۆر نـاخۆش بـوو ڕوحـی بـاوکم لە هەمـوو شـوێنێک بـوو، زۆر

هەوڵمـــان دا کە ئەمجـــارە بەرەو ســـلێمانی بـــڕۆین، بەڵام مـــوافەقەی ئەمـــن نەدەهـــاتەوە و لە پـــاش هەوڵێکـــی زۆر مـــوافەقەی ئەمـــن هـــاتەوە و توانیمـــان شتومەکی ماڵەوە بگوێزینەوە بۆ سلێمانی. جارێک، کە من و هاوسەرەکەم هەندێک شتی کەلەپوریمان گواستەوە و هەندێک قاپی زۆر نایاب بون و وێنەی مەلیک فەیصەڵی لەسەر بوو و یەکێک بوو لەو شتانەی، کە دایکم زۆری خۆش دەویست، زۆر بەداخەوە لە سەیتەرەکەی موصڵ بە زۆر لێیان زەوت کردین و مەکینەیەکی خەیاتی و هەندێک شتی زۆر کۆن و کلتوری بون هەموویان زەوت کرد، ماڵی دایکم هەرچۆنێک بوو گواستیانەوە بۆ سلێمانی ئیتر لەوێ مانەوە و هەتا دایکم دایکی شیرینم لە ٢٠٠٧/٦/٤ لە سلێمانی کۆچی دوایی کرد و کەمالی برام، کەمالی رۆحم، کەمالی هاوڕێم لە سلێمانی لە ٢٠١٨/٨/١٨ بۆ هەتا هەتایە بەجێی هێشتین .. وڵاتێک ئەو هەموو خەم و خەفەتە و خۆشەویسترین کەسمان تیایدا لەدەست دا بڕیارمان دا، کە سەری خۆمان هەڵبگرین و روبکەینە غەریبی و لە دورەوە لەگەڵ یادگاریە ناخۆش و خۆشەکاندا بژین.

کاک فایەق لە درێژەی قسەکانی دا وتی:

دەبێـــت هەنـــدێک لەو هەڤـــاڵانەی کە لە رێکخســـتنەکانی کـــۆمەڵە کـــار و چالاکیان ئەنجامداوە، بەشداری رۆژە سەختەکانی خەباتیان کردووە ناویان فەرامۆش نەکرێت، زۆربەیان لە ژیاندا ماون و هەندێکیان شەهید بوون ..

١- شەهید نەجات نورەدین، کە دەکاتە خوشکەزای محەمەد سەراج ی ئیمام قاسم، زۆر برادەرم بوو چەندین جار لە ماڵی شەهیدی سەکردە کاک ئازاد هەورامی بینیومە. لەگەڵ کاک ئازاد یەکەم دەستەی چەکدار بوو.

٢- ســـاجد چاوشـــین، لە ســـاڵی ١٩٧٣-وە لە کـــۆمەڵە کـــاری دەکـــرد، لە کارەساتی هەکاری شەهید بوو، کە هەڤاڵ کاک شۆڕش ئیسماعیل بۆی گێڕامەوە.

٣- شـەهید وەلـی ئەکـرەم محێدین، ناسـراو بە (دکتـۆر وەلـی)، لە سـاڵانی (١٩٧٥ - ١٩٧٦)دا بـووە کـۆمەڵە، کـۆلێژی ڤێتـەرنەری زانکـۆی بەغـدای تەواو کـرد، لە سـاڵی ١٩٨٠ دا خەبـاتی شـار و شـاخی پـێکەوە گرێـدا و بـوو بە پێشـمەرگە لە هەرێمـی (٥)ی قەرەداغ، بە پلانێکـی چەنـد خۆفرۆشـێکی نـاو حیزبی شیوعی شەهید کرا.

٤- بەکر صدیق تۆفیق لە ساڵی ١٩٧٥ دا پەیوەندی بە کۆمەڵەوە کردووە، زۆر بەتوانا بوو بۆ کاری سیاسی و سەربازی، کاری زۆر باشی ئەنجامداوە لەنـاو شـاردا، لە سـاڵی ١٩٨٣دا بـوو بە پێشـمەرگە تـا سـاڵی ١٩٨٨ لەگەڵ خێزانەکەیـدا روویـان لە وڵاتـی ئێـران کـرد، لە راپەڕیـنە مەزنەکەی بەهـاری ١٩٩١ گەڕایەوە وڵات و بەردەوام بوو لە کاری سـەربازی تـاکو پلەی (رائد). لە ساڵی ٢٠١٦ بە نەخۆشی کۆچی دوایی کرد.

٥- جیهاد دڵپاد برای شـەهیدی سـەرکردە (ئەنوەر زۆراب)، هونەرمەند و رۆشنبیرێکی بەتوانا بـوو یـارمەتی رێکخسـتنەکانی نـاو شـاری کەرکوکی دەدا بە چەک و پارە.

٦- شـەهید مـحەمەد ئەحـمەد عەلـی عەجەم. برایەکـی لە شۆڕشـی ئەیلـول شەهید بوو، دوو برای کەم ئەندامی هەبوو، پیـاوێکی زۆر ئـازا و چاونەترس بوو، لە خێزانێکی دەوڵەمەند کاری سیاسی و سـەربازی بە قارەمانـانە ئەنجام دەدا، لە ساڵی ١٩٩١دا لەناو شاری کەرکوک شەهید بوو.

٧- شـێخ سـوارە لە سـاڵی ١٩٧٥-ەوە پەیوەنـدی کـردووە بە کـۆمەڵەوە، کـادرێکی ئـازا و چـالاک بـوو لە کـاری رێکخسـتن و سـەربازیدا، ئێسـتا لە دەرەوەی وڵات دەژی.

٨- خالـد مەجیـد، لە سـاڵی ١٩٧٥ دا پەیوەنـدی کـردووە بە ریزەکـانی کـۆمەڵەوە، لە سـاڵی ١٩٨١ - ١٩٨٢ دەبێـتە پێشـمەرگە لە کەرتـی چـواری جەباری لای فەرماندە (مامە ریشە)ی شەهید وەکو دکتۆری کەرت.

٩- عەبــدولخالق نــاجی ناســراو بە (هیــوا)، لە ســاڵانی (١٩٧٦ - ١٩٧٧) پەیوەندی کردووە بە کۆمەڵەوە.

١٠- حسێن، خەڵکی گەڕەکی پریادی بوو ئێستا دەرهێنەری تەلەفزیۆنە.

١١- عەبدولواحید، دەرچووی ئامادەیی بازرگانی کەرکوک بوو، فەرمانبەر بوو لە (ئۆرزدی) هەولێر.



**عەبدولسەلام قادر مستەفا (سەلام قادر جاف)**

٢٠٢١/٩/١٤ کەرکوک

کاک عەبدولسەلام دەڵێت:

من ڕێکەوتی ١٩٥٨/٩/١٢ لە گەڕەکی ئیمام قاسمی شاری کەرکوک لەدایک بووم، تەمەنم پێنج ساڵ بوو، کە باوکم بەهۆی نەخۆشیەوە کۆچی دوایی کرد و ئەرکی بەخێوکردنی من و سێ خوشکی لە خۆم گەورەتر و دوو برای لە خۆم بچوکتر کەوتە سەر شانی دایکم. قۆناغەکانی خوێندنم لە شاری کەرکوک تەواو کرد و پاشان لە ساڵی خوێندنی ١٩٧٨ - ١٩٧٩دا پەیمانگای مامۆستایانم لە هەولێر تەواو کرد. دواتر لە ساڵی ١٩٨٠دا لە گوندێکی ناحیەی ئاغجەلەر، کە ئەوکات لەسەر پارێزگای سلێمانی بوو بە مامۆستا دامەزرام. من لە کەرکوک دانەمەزرێنرام، چونکە رژێم ڕێگەی بە دامەزراندنی کورد نەدەدا لە شاری کەرکوک و دێهاتەکانی دەوروبەری.

ساڵی ١٩٨٠ لە ڕێگەی فەهمی ئەمین رەشیدەوە تەنزیم کرام بۆ ریزەکانی ڕێکخستنی کۆمیتەی ئاگر. (ئەو یەکێک بوو لەو هەڤاڵانەی، کە دوای

دەستگیر کردنمان لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی کەرکوکەوە لەگەڵ نۆ هەڤاڵی تردا کە (حوکمی سێدارەدانیان بۆ دەرچوو).

من هەموو کۆبونەوەکانم لەگەڵ فەهمی دا بوو، بەڵام جارجار فاروق عومەری لەگەڵدا بوو، پاش گفتوگۆکانمان بۆم دەرکەوت، کە ئەمیش هەڤاڵی کۆمیتەی ئاگرە و ئەو کتێبخانەیەکی گەورەی هەبوو، جارجار کتێبی مارکسی و نامیلکەکانی ماوتسی تۆنغی ئەدامێ و پاش خوێندنەوەی گفتوگۆمان لەسەر ئەکرد. ئێمە بە یەکترمان ئەزانی بەڵام بەروی یەکترماندا نەئەدا.

قوتابخانەکەی ئێمە زۆر لە تێکۆشەرانی تیابوو، شالاو و شۆڕشی کاک عەلی عەسکەری و حەسەن سەید قادر، کە حەسەنیش یەکێک بوو لە ئەندامانی ڕێکخستنی کۆمیتەی ئاگر و لە زیندانیش لەگەڵمان بوو، ئەوەبوو دواتر بە عەفوات ئازاد کراین و ئێستا ئەو لە ئوستراليا دەژی.

ئێمە چالاکیەکانمان بریتی بوو لە خوێندنەوەی کتێب و بڵاوکراوە و نزیک کەوتنەوە لە کەسانی باش و بەتوانا و هەوڵدان بۆ ڕێکخستنیان و بڵاوکردنەوەی نوسراو بەسەر گەڕەک و پۆلەکانی قوتابخانە و نوسینی دروشمی سەر دیوار. ئەوکاتە مەفرەزەی چەکداریش هەبوو، کە ئەوان بە چالاکیەکانیان توانییان دۆزەخ بۆ پیاوانی سەر بە رژێم داخەن، هەر رۆژەی لە گەڕەکێکی کوردیدا هەواڵی دڵخۆشکەرمان دەبیست کە تەقینەوەیەک لە گەڕەکی عەرەفە کراوە و چەندین بەعسی کوژراوە یان لە رەحیماوا چالاکیەک کراوە و لە گەڕەکی ئازادی موختار بە سزای گەل و شۆڕش گەیەنراوە و لە ئیمام قاسم هەوڵی کوشتنی چڵکاو خۆرانی رژێم دراوە و زۆری تر، حکومەتیش هەموو توانای خستبووە گەڕ بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەم کارانە.

یادی رۆژی نەورۆز و بەرز راگرتنی لە شارە کوردییەکاندا قەدەغە کرابوو. ئێمەش لە زوربەی مالانی ئیمام قاسم نەوت و تایە و دارمان

کۆکردەوە و ئێوارەی نەورۆز ئاگرمان کردەوە و دروشمێکمان لە شوێنێکی بەرزدا هەڵواسی کە لەسەری نوسرابوو:

نەورۆز یادت ئەکەین هەر ساڵی جارێ

گەر لە جیاتی بەفر گوللە ببارێ

کاتێک ئاگر کرایەوە و کڵپەی سەند و گڕی چوو بە ئاسماندا، فەرمانبەرانی ئاگرکوژێنەوە هاتن بۆ کوژاندنەوەی، بەڵام ئاگرەکە ئەوەندە بەهێز بوو نەیان توانی هیچ بکەن، تەنها سەیریان دەکرد و دواتر شوێنەکەیان جێ هێشت، ئێمە بەم کارەمان زۆر دڵخۆش بوین، چونکە هەستمان کرد شکۆی حکومەتمان شکاندووە.

بەداخەوە کۆمیتەکەمان کەشف بوو لەڕێی چڵکاوخۆرانەوە، ئەوەبوو زوربەمان دەستگیرکراین و ئەوەی بۆشی کرا پەیوەندی کرد بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە.

من دەستگیر کرام و بە حەوت ساڵ زیندانی سزادرام و دواتر مانگی ١٩٨٢/٧ بە لێبوردنی گشتی ئازاد کراین.



**عەلائەدین محەمەد قادر بەرزنجی**

کاک حەسەن زیندانی سیاسییە و برای کاک عەلائەدین-ە دەڵێت:

کاکم ساڵی ١٩٥٢ لە گەڕەکی ئیمام قاسم لە شاری کەرکوک لەدایک بووە و دەرچووی ئامادەیی پیشەسازی کەرکوک بوو، لە سوپای عێراق دا پلەکەی نائیب زابت بوو لە بەشی فەنی چاککردنەوەی رادارەدا.

ئەو بەشداری شۆڕشی ئەیلولی کردووە و منیش ساڵی ١٩٧٩ کاکم تەنزیم کرد بۆ ریزەکانی رێکخستنی کۆمەڵەی رەنجدەران لە رێگەی کۆمیتەی ئاگرەوە. ئەو دەوامەکەی لەسەر سنوری عێراق بوو، بۆیە دەیتوانی مانگانە بە دوو هەفتە جارێک بێتەوە و لەو هەفتەیەدا بەردەوام خەریکی کاری رێکخراوەیی و ئەو چالاکیانە بوو کە رێکخستن پێی ئەسپارد.

کاتێک کۆمیتەی ئاگر کەشف بوو، براکەی منیش وەکو بەشێک لە

هەڤاڵەکانی دەستگیر کراو رەوانەی ئەمنی کەرکوک کرا و پاش ئەشکەنجە و ئازارێکی زۆر رەوانەی هەیئەی خاصە کراو لە دادگایی کردنیدا بە ١٠ دە ساڵ زیندانی کردن حوکم درا. باش بوو لە مانگی تەموزی ساڵی ١٩٨٢ بە عەفوی عام ئازاد کرا. گەڕایەوە بۆسەر کارەکەی خۆی بەڵام ئەو فەصڵ کرابوو.

ئەوەندەیان ئازار و ئەشکەنجە دابوو، تاکو توشی عیجزی دڵیان کردبوو بردیشمان بۆ تورکیا بۆ (فتح الصدر)، بەداخەوە لەوە زیاتر بەرگەی نەگرت و ئەنجامی ئەو هەموو ئازار و ئەشکەنجەیە دڵی لە لێدان کەوت و ماڵئاوایی یەکجارەکی لێ کردین



**هیوا عەبدولعەزیز محەمەد شێخانی (هاوڕێ)**

هەولێر ٢٠٢١

کاک هیوا، ڕێکەوتی ١٩٦٥/٥/١ لە گوندی قەڵا مگایل-ی سەر بە ناحیەی قادر کەرەمی شاری کەرکوک لەدایک بووە و دەرچوی کۆلێژی ئەندازیاریی زانکۆی صلاحەدین-ە.

کاک هیوا دەڵێت:

ساڵی یەکەمی خوێندنم لە ناحیەی قادر کەرەم بوو، دواتر چومە شاری کەرکوک بۆ بەردەوامی دان بە خوێندن و لە گەڕەکی ئیمام قاسمی جۆش پێ دەری خەبات و تێکۆشان نیشتەجێ بوین. لەو گەڕەکەدا دوو هاوڕێم پەیدا کرد، ئیسماعیل ئیبراهیم و محەمەد صابر، ئێمە وەک یەک بیرمان دەکردەوە و لەژێر کاریگەریی گۆرانیەکانی ناصری ڕەزازی و حەمە جەزادا، هەستی نیشتمانیمان بزوا و کەوتە گەشە کردن، ئیتر چەند لاپەڕەیەکمان دەربارەی خەبات و تێکۆشان دەنوسی و دەمانویست دەوروبەرمان هوشیار بکەینەوە. بەڵام ئەمە تەنها هەوڵێکی حەماسی بوو، نەمانتوانی پەرەی پێ بدەین.

که چومه پۆلی سێ ی ناوەندی لە ئامادەیی ئیمام قاسم، عەبدولوەهاب حازم بوو بە هاوڕێم و کە گەیشتمە پۆلی پێنجی ئامادەیی لە (اعدادیة الثورة)، ئیتر هاوڕێکەم بە تەواوەتی هەستی بە بیروبۆچونم کرد و دەیزانی کە من زۆر بێزارم لەو زوڵم و زۆرەی، کە خەڵکی شاری کەرکوک لەلایەن رژێمەوە رووبەڕووی دەبوونەوە. چۆن بێزار نەبوومایە؟ هەر لە دەوروبەری خۆمدا، باوکم ئەوکاتە لە کۆمپانیای نەوتی (باکور) فەرمانبەر بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی رازی نەبوو ببێت بە بەعسی، لە ساڵی ١٩٧٤دا گواسترایەوە بۆ کۆمپانیای نەوتی بەسرە و بۆ ماوەی حەوت ساڵ لێمان دورکەوتەوە. کە گەیشتمە پۆلی یەکەمی ناوەندی سێ وانەی سەرەکی (مێژوو، جوگرافیا و کۆمەڵایەتی) کران بە زمانی عەرەبی. دواتریش لە پۆلی چوارەمی ئامادەییم دا، هەموو وانەکانی تر کران بە زمانی عەرەبی و پاشان دەست کرا بە تەعریب کردنی قوتابخانەکان و گۆڕینی ناوەکانیان لە زمانی کوردییەوە بۆ زمانی عەرەبی و گواستنەوەی فەرمانبەرەکان بۆ دەرەوەی شاری کەرکوک و شارەکانی ناوەڕاست و باشوری عێراق و دواتریش پاشگەزبونەوەی حکومەتی عێراق لە بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ و ئاشبەتاڵ و ساڵی ١٩٧٥ دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و لە ساڵی ١٩٧٦یشدا هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی رزگاریخوازیی گەلی کورد بە رێبەرایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ئەم هۆکارانە هەمووی بووە هۆی دروستبونی جموجۆڵێکی بەرفراوانی رۆشنبیری و دەرکەوتنی گەنجانی بەورە و تێکۆشەر.

ساڵی ١٩٧٩، عەبدولوەهاب حازم، رۆمانی ژانی گەلی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدی بۆ هێنام، رۆمانەکە ئەوەندە کاریگەر بوو لە ماوەی دوو رۆژدا بە وردی خوێندمەوە و بەڕاستی ئەم کتێبە کاریگەریی زۆری هەبوو لەسەر شێوازی بیرکردنەوەم و بڕیاردان و گۆڕینی ژیانم. ئەم کتێبە ئەوەندە گرنگ

بوو، کە بە دوو شەوی تر وەک چیرۆک نەک وەک خوێندنەوە بۆ نەنکم و خوشکە نۆ ساڵانەکەمم باسکرد و بۆمان دەرکەوت، کە چۆن ئەو رژێمە هەموو کورد بە دوژمنی خۆی دەزانێت و بە هەموو شێوەیەک هەوڵی قڕکردنی کورد دەدات، نەک تەنها پێشمەرگە.

لەم قۆناغەی تەمەنمدا بە هەموو توانای خۆمەوە حەزم دەکرد لە گروپێکەوە نزیک بکەومەوە، کە هەمان ئازار و سەختی دەچێژین دواتر چەندین هاوڕێم لە رێگەی گفتوگۆ و موناقەشەوە پەیدا کرد و بێ دوودڵی ساڵی ١٩٧٩ بوم بە ئەندامی رێکخستنی کۆمیتەی ئاگر بە ناوی خوازراوی (هاوڕێ)وە.

ئیتر هەر نوسراوێک لە شار و شاخەوە بگەیشتایە دەست عەبدولوەهاب حازم، ئەو دەیهێنا بۆم تا بیخوێنمەوە و ئەوەی بۆ بڵاوکردنەوەش بوایە کاربۆنمان دەخستە ژێری و دەماننوسییەوە و ئەمان پێچایەوە و هەڵمان دەدا بۆ ئەو ماڵانەی کە مەبەستمان بوو، یان دەمانخستە ژێر دەرگاکەیان و لە قوتابخانەش و لە گەڕەکیشدا قسەمان دەکرد بۆ هاوڕێکانمان و باسی زوڵم و زۆری بەعسمان دەکرد بۆیان و توانیمان چەندین کەس بێنینە ناو ریزەکانی رێکخستنی کۆمیتەکەوە.

من قوتابیەکی زۆر زیرەک بوم و هەموو ساڵێک مەعفوی عام بوم، بۆیە هەر لە مانگی نیسانەوە دەستم بەتاڵ دەبوو، کاتم زیاتر بوو، بۆیە دەکەوتمە کاری رێکخستن. لە قوتابخانەش بڵاو کراوەکانمان دەخستە ژێر رەحلەی قوتابیەکانەوە. هەندێک جار قوتابیەکان بە دڵی خۆشەوە بۆیان دەگێڕامەوە و من سەرەتا هەر گوێم لێ دەگرتن و وردە وردە دەکەوتینە قسە کردن دەربارەی وەزعی ناهەمواری نەتەوەکەمان.

عەبدولوەهاب حازم، تاکە کەس بوو، کە لەسەروو خۆمەوە دەمناسی، وەکو رێکخستن. دواتر بۆم دەرکەوت، کە ئەو پەیوەندی بە ئەسعەد

عەزیــزەوە هەبــوو، کە نازنــاوەکەی شــێخ دارا بــوو. ئەو خوێنــدکار بــوو لە زانکۆی سلێمانی علوم فیزیا. ئەوکاتە بە دوو ئاراسـتە کارەکان ئەنجام دەدرا، ئاراستەی خەباتی ڕێکخراوەیی و ئاراستەی خەباتی چەکداریی.

بڕیــار درا مەفــرەزە چەکــدارییەکان هەوڵ بــدەن پیــاوانی ڕژێــم و ئەڵــقە لەگوێکانیــان بە ســزای گەل و شــۆڕش بگەیەنــن. بەداخەوە بەشــێکی زۆری هەڤــاڵانی ئەو مەفــرەزانە ئیعــدام و هەنــدێکیان بــێ سەروشــوێن کــران. هەندێکیشمان زیندانیی کراین و بە عەفوی عام ئازاد کراین. سـەرجەم کار و چالاکیمان لە بواری بڵاوکردنەوەی بەیاننامە و راسپاردەکانی سـەرکردایەتی شـۆڕش و ڕێکخسـتنەکاندا بەردەوام بـوو، تـاوەکو مـانگی تشـرینی یەکەمـی ساڵی ١٩٨١ و لە ماوەیەکی زۆر کەمدا کۆمیتەی ئاگر کەشف بوو. بەشێکی زۆری دەسـتگیر کـراو ئەوەشـی پێـی کـرا پەیوەنـدی کـرد بە شـاخەوە. ڕۆژی ١٩٨١/١٠/٣١ لە پۆلدا بـوم و خالیـد خیزرانـی بەڕێوەبەرمـان هـاتە ژوورەوە و نـاوی خوێنـدمەوە و منـیش هەسـتامە سـەرپێ و بـانگی کـردمە لای خـۆی و دەسـتی گـرتم بـۆ دەرەوە، لەودیـو دەرگـای پـۆلەکەوە دوو پیـاوی ئەمنـی کەرامە، کە یەکێکیـان نـاوی موفـق بـوو، ئەوەنـدە پیـاوێکی دڕبـوو زۆربەمـان دەمانناسـی، بەڕێـوەبەر دەسـتی خسـتمە ناودەسـتی و ئیتـر تـێ گەیشـتم کە دەستگیر کراوم.

لەبەر دەرگـا ئوتـومبێلێکی سـپی جـۆری کرۆنـا، کە دوو ئەمنـی تیـابوو چـاوەڕێی دەکـردین و منیـان لەپشـتەوە لە نێوانیانـدا دانـا و بردیـانمە ئەمنـی کەرامە. مـاوەی دوو سـەعات لەوێ مـامەوە و هەنـدێک پرسـیار و ناونیشـانی ماڵ و موالیدیان لێ پرسـیم و کۆمەڵێک قسـەی ناشـیرینیان پێ وتـم و دواتر. پاش ئەوەی چاویـان بەسـتمەوە و دەسـتیان کەلەپـچە کـردم، بە ئوتـومبێلێکی لاندکرۆز بردیانم بۆ ئەمنی کەرکوک.

لە بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی کەرکوک، بێ هـیچ پرسـیارێک وایەری کارەبایـان

لە هەموو گیانم بەست و دەستیان کرد بە ئەشکەنجەدانێکی بێ وێنە و بێ ئەوەی پرسیارم لێ بکەن هەر دەیانووت (أعترف). منیش دەمووت، هیچ نازانم و ئیعترافی چی بکەم؟ وتیان بڕۆن عەبدولوەهاب و ئەسعەد بهێنن با بیان بینێت. بەڵام هەر بۆ ترساندن بوو. کەسیان نەهێنایە بەردەمم و دواتر بە کێبڵ کەوتنە گیانم و پاشان فڕێیان دامە ژورێکەوە لە قاتی یەک. لەوێ چاویان کردمەوە و تەماشام کرد دوو کەسی لێیە، یەکێکیان ناوی سەعدوڵڵا بوو، کە تەنزیمی خۆمان بوو، ئەوی تریانم نەناسی. کە منیان کردە ژورەکەوە تەنها چاویان کردمەوە و دەستم هەر بە کەلەپچەکەوە بوو. سەعدوڵڵا بە تەڵاشە دارێک کەلەپچەکەی لە دەستم کردەوە و گواستیەوە بۆ پێشەوە و دواتر کە لە دەرگاوە بانگ کرام بۆ لێکۆڵینەوە، سەعدوڵڵا بە پەلە کەلەپچەکەی گواستەوە بۆ دواوە. ماوەی شەوێک و دوو رۆژ لە بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی کەرکوک منیان هێشتەوە و پاش ئەشکەنجەدانێکی زۆر گواسترامەوە بۆ هەیئەی تەحقیقی کەرکوک. هەیئە تازەکە.

بردیانمە ژورێکەوە کە روبەرەکەی ٣ X ٥ م بوو، ٣٦ زینданیی تیا بوو، لەوانە ئەسعەد عەزیز سۆفی، محیّدین حسێن حەسەن، فاروق عومەر وەلی، فەهمی ئەمین رەشید، عەبدولقادر بەکر قادر، عەبدولجەبار فەرەج ساڵح، فەرهاد محەمەد سەعید، حەسەن محەمەد، مەلا رەشاد، جەنگی. هەروەها ٢٤ هەڤاڵی تر کە دواتر پێکەوە رۆژی ١٩٨٢/٢/٢٥ مەحکەمە کراین بە ناوەکانی سەردار سەعید ئەمین، حەسەن محەمەد قادر، رەشید مەجید حەسەن، مام حەمید، سیروان مجید قادر، فایەق عومەر رەسوڵ، ئەنوەر محمەد ئەمین، موحسین عومەر، عەلائەدین محەمەد قادر، عەبدولڕەحمان حەمید، محەمەد خدر، حەبیب محەمەد حەبیب، عومەر قادر عەلی، نامق شەریف مەحمود، نەوزاد بەهادین محەمەد (نەوزاد بابان)، حەسەن ئەحمەد محەمەد، سەعدوڵڵا ئەحمەد عەزیز، عەبدولسەلام قادر مستەفا، صابر عەبدوڵڵا حەسەن، جەلیل

محەمەد موراد شەریف، صابر محەمەد عەلی، عەصریە ئەحمەد محەمەد و دواتریش دوو هەڤاڵیان لە ئەبوغرێبەوە هێنا بە ناوەکانی ئەحمەد قەمبەر و مستەفا بەڵام عەبدولوەهاب و هەڤاڵانی تر من نە لە لێکۆڵینەوەکان و نە لەدوای ئەوەش نەمبینین. دواتر زانیمان کە شەهید کراون.

هەموو هەڤاڵان. ماوەی سێ مانگ پێکەوە بوین و یەک یەک بۆ لێکۆڵینەوەکان بانگ دەکراین و دوو مانگ لە هەیئەی تەحقیقی تازە ماینەوە و بۆ ماوەی مانگ و نیویێکیش براین بۆ هەیئەی تەحقیقی بینا کۆنەکە و بەردەوام لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکردین و ئەشکەنجەیان دەداین هەتاکو لە رۆژی ١٩٨٢/٢/٢٥دا بە دوو رۆژ مەحکەمە کراین لە مەحکەمەی خاصەی کەرکوک. مەحکەمە کردنەکەمان، تەنها خوێندنەوەی کۆمەڵێک نوسراو بوو، کە لەبەردەم حاکمەکاندا دانرابون و هیچ پرسیارێکیان لێ نەکردین و نەشیان هێشت ئێمە قسە بکەین. تەنها فەرهاد پرسی من تەمەنم تەنها ١٦ ساڵە و چۆن حوکمی سێدارەدانم بۆ دەردەچێت؟ ئەوانیش راپۆرتێکی پزیشکی دورودرێژیان خوێندەوە تایبەت بە تەمەنی ئەو، کە گوایە تەمەنی ٢١ ساڵە (بەپێی راپۆرتەکە) ئیتر من، کە گوێم لەو وەڵامە بوو هیچم نەووت، هەرچەندە هەردوکمان هاوتەمەن بوین و تەمەنی من کرابوو بە ١٩ ساڵ.

ئەوەی بیرمە، بەر لەوەی بمانبەنە ژوری مەحکەمە بە شێوەیەکی زۆر ناشیرین و بە مقەست سەریان بۆ کورت کردینەوە تا شێوەمان ناشرین بێت و روخسارمان لە پیاوخراپ بچێت، هەرچەندە ئەگەر جوان سەریشیان بۆ بتاشینایە هەر یەک شت بوو. ئەوان بڕیاری خۆیان دابوو، جگە لەوەی هیچ جۆرە هەست و سۆز و بەزەییەکیان لە دڵدا نەبوو.

رۆژێک دوای تەوابونی دادگاییەکە واتا ١٩٨٢/٢/٢٧ ئێمەیان بە پاصێکی گەورە رەوانەی ئەبوغرێب کرد و ئەوانەی حوکمی لەسێدارەدانیان بۆ دەرکرابوو رەوانەی زیندانی موصڵ کران.

له ئەبوغرێــب ئەشــکەنجەدان نەبــوو، کتێبخانەشــی لــێ بــوو، زوربەی کاتەکـانم بە خوێنـدنەوەوە بەسـەر دەبـرد و ئیتـر جـواب نێـردرا بـۆ کەس و کارمـان، کە دەتـوانن مواجەهەمـان بـکەن. یەکەم چـاوپێکەوتنم لەگەڵ باوکمـا بـوو لە سـاحەی ئەبوغرێب. سـەرم پـاک تاشـرابوو، رەنگم زەرد هەڵگەڕابـوو، بـاوکم منـی نەناسـیەوە تـا خـۆم بـانگم کـرد و بـاوەشـێکی گەرمـی پیـا کـردم و زۆرم لە خۆم کرد، کە نەگریم تا باوکم لەوە زیاتر خەمبار نەبێت.

هــاوڕێیەکم پەیــدا کــرد لە ئەبوغرێــب، کە ســەرەتا ســەردانی کــاک سـەعدوڵڵای دەکـرد، نـاوی ئـازاد کـاکەیی بـوو، ئەو قوتـابی بـوو لە پەیمانگـای بەغـدا. هەمـوو هەفـتەیەک دەهـات بـۆ مـواجەهەم و خـواردنی بـۆ دەهێنـام و لەژێر مەنجەڵی خواردنەکەدا کتێبی دەشاردەوە و بۆی دەهێنام.

له ئەبوغرێـب مانگـانە دوو جـار مواجەهەمـان هەبـوو، پـانزەی مانـگ و سـەری مانـگ. منـیش شـەوانە درەنـگ دەکەوتـمە خوێنـدنەوەی کتێـبەکە. ئەو کـوڕێکی زۆر زیـرەک بـوو، بەرگـی کتێـبەکەی لـێ دەکـردەوە. مـن لە سـجندا سودێکی زۆرم لە خوێندنەوەی کتێبەکان وەرگرت.

کاک ئـازاد ئێسـتا نیشـتەجێی یۆنـانە و هەتـا مـاوم سوپاسگوزاریم، چـونکە زۆر نەترســانە هەمــوو مــواجەهەیەک ســەردانی دەکــردم و هــاوڕێیەکی کوردپەروەر و دڵسۆز و بەوەفایە.

ناخۆشــــترین کــــات، کە لەوێ بــــووین ئەو (١٥) رۆژە بــــوو، کە وەک ئەشـکەنجەی دەرونـی گواسـترایینەوە بـۆ بەشـی (أحکـام ثقـیلە) کە پڕبـوو لە پیـاوکوژ و پیـاو خـراپ و دز و بەدڕەوشـت. لەو مـاوەیەدا رێگەیـان نەدەدایـن کە جێگە بۆ خۆمان بگرین و بە ناچاری لە ڕاڕەوەکەدا دەنوسـتین. هەرچەنـدە لەوێ لەتــاو هــاتوچۆ و دەنگەدەنگیــان خەومــان نەبــوو. ئیتــر ژیانمــان لەو ماوەیەدا زۆر ناخۆش بوو.

کاتێک کە ئێمە لە سـجن بـووین، خەڵکـی شـاری کەرکـوک خۆپیشـاندانێکی

گەورە و زۆر ئازایانەیـان کـرد و بەداخەوە کۆمەڵێک گەنـج شـەهید کـران و بەشێکیش دەستگیر کران.

ڕۆژ بەڕۆژ ژمـارەی بەنـد کراوانـی سیاسـی زیـاد دەبـوو، وا دیـار بـوو فشـارێکی زۆر لەسـەر بەنـدیخانە و حکـومەتیش هەبـوو. لەبەرئەوە لە ڕۆژی ١٩٨٢/٧/١٧دا بە بڕیاری لێبوردنی گشتی ئازاد کراین. بەڵام بەهـۆی سـەردانی کردنـی بەڕێوەبەری ئەمنـی کەرکوک (لەسـەر قسـەی چڵکاو خـورێکی کـورد) بۆلای مـودیر ئەمنـی بەغدا تـوانی ئەو هەڤاڵانەی، کە حـوکمی لەسێدارەدانیان بـۆ دەرچوبـوو لەو لێبـوردنە گشـتیە بـێ بەش بکـات و دواتـریش بەداخەوە لە سـاڵی ١٩٨٣دا لەسـێدارە دران و تەرمەکانیشـیان نەدایەوە بە کەسـوکاریان تەنهـا تەرمـی یەک کەس گەیشـتەوە شـاری کەرکـوک ئەویـش تەرمـی شـەهید فەرهاد بوو.

سڵاو لە گیانی شەهیدان.

# ژن و خەباتی رزگاریی

لــە خــەباتی رزگــاری خــوازی گــەلی کوردســتان دا، ژنــان رۆڵــی بەرچاویان هەبووە؛ هەرچەند داب و نەریت رێی نەداوە کە لە سەدەی بیست دا ژنی کورد هاوشێوە گەلانی تری جیهانی سێ، لە شۆڕشی چەکداری دا بە لێشاو بەشدار بێت، بەڵام کەم نین ئەو کچ و ژنانەی لەگەڵ کەسوکار و هاوسەرەکانیاندا، بوونەتە پێشمەرگە و لە خەباتی پارتیزانی دا روبەڕووی دوژمن بوونەتەوە.

لەســەر ئاســتی تیــۆری، ژنــانی شۆڕشــگێڕی کــورد، لــە ئەڵقــە رۆشنبیرییەکاندا بەشدار و بزوێنەری ئاڵوگۆڕە فیکرییەکان بوون؛ و لەسەر ئاستی رێکخستن، چالاکیی نهێنی و ئاشکرای حزبی و جەماوەرییان ئەنجامداوە؛ و لەسەر ئاستی خەباتی نهێنییش، کچان و ژنانی کوردستان، پارێزەری سەرەکی جوڵانەوەی رزگاری خوازی بوون - دابین کردنی شوێنی نهێنی بۆ کۆبوونەوە، چاودێری گەڕەك و شەقامەکان، گواستنەوەی بڵاوکراوە هەستیارەکان، هاوکاریی لۆجستی بۆ چالاکییە چەکدارییەکان، گەیاندنی پەیام و پەیوەندییەکان، و بەرزکردنەوەی ورەی خەڵك و خۆڕاگری لەناو زیندان و لەبەرامبەر چەوساندنەوە نەتەوەیی و جێندەرییەکان، چەند گۆشەیەکن لە خەباتی بەپێز بەڵام کەم ناسراوی ژنی کورد لە داستانی ئازادی و رزگاریی کوردستان دا.

بە هیوایین توێژەرانی ئەکادیمی، و شایەتحاڵەکانی خەباتی ژنانی کوردستان، بایەخی پێویست و زیاتر بەم بوارە نایابە بدەن و داتا و زانیاری و تیگەیشتن بۆ نەوەکانی ئاینده، کە هەندێ جار هەوێنی سەدان چیرۆك و ئەفسانەی بنیاتنەری نەتەوە و دەوڵەتسازیین، دەستەبەر بکەن.



**شوكريە محمەد سەعيد**

٢٠٢١/٧/٢٤ هۆڵەندا

شوكريە خان، دەڵێت:

بەندە لە ساڵی ١٩٧١ ەوە بەهۆی گوێزانەوەی ڕاژەكەی مامۆستا ئیبراهیم جەلال لە سلێمانییەوە بۆ كەركوك، منیش ڕاژەكەم لە سلێمانییەوە گوێزرایەوە بۆ كەركوك وەك مامۆستایەك بۆ وتنەوەی وانەی كوردی لە قوتابخانەی ئیمام قاسمی سەرەتایی.

لە ساڵی ١٩٧١وە تا ساڵی ١٩٧٥، واتە تا بەهاری ١٩٧٥ كە گەڕاینەوە بۆ سلێمانی پاش ئاشبەتاڵ، شان بەشانی هاوسەرم ئیبراهیم جەلال لەهەر كاتێك ئەركێكیان بە من سپاردبێ لە ڕێكخستنەكانی كۆمەڵەی ماركسی – لینینی كوردستان، بە تایبەت لە نامەو بڵاوكردنەوە بردن بۆ سلێمانی یا هەولێر لەگەڵ هاوڕێ و هاوسەرم برایم جێ بەجێم كردوە، جگە لە ئەركی میوانداری كردنی هەڤاڵانی كۆبونەوەكانی كۆمەڵە، كە لە ماڵی ئێمە بكرایە، بەتایبەتی ئەو ماوەیەی كە خاڵە عوسمان (شەهید شەهاب) لە ماڵی ئێمە بوو،

وه شـانازیش بەو مـاوەیە دەکەم گەر تـوانیبێتم کـارێکی بچـوکم بـۆ کـۆمەڵە ئەنجام دابێ.

من نه سیاسی بوم، نه لە شانەیەکی کۆمەڵەشدا بوم، بەڵام لەبەر ئامانج پاکی و رونی رێکخراوەکە کە پڕاو پڕ لە شۆڕشگێڕی و دڵسۆزی بۆ کورد و کوردستان و چەوساوان، ئامادە بوم مەترسیدارترین کار بۆ کۆمەڵە بکەم.

زۆرجـار بـرایم داوای لـێ دەکـردم، کە رۆژی دوو سـەعاتێک لەگەڵ ئەودا کتێـب بخـوێنمەوە بەڵام مـن ئـارەزوی کتێـب خوێنـدنەوەم نەبـو، جـگە لەو کتێبانەی کە پەیوەندی بە کارەکەمەوە هەبو وەک مامۆستا.

عەسرێک من و ئیبراهیم و خاڵە شـەهاب دانیشـتبوین، خاڵە سەرزەنشـتی ئیبراهیمی کرد، کە لە ئیش و کاری ماڵدا هاوکاریم ناکات. ئیبراهیم وەڵامی دایەوە، ئەگەر مـن ئامـادە بـم رۆژی دوو سـەعات کتێبـی بیـری چەپ بخوێنمەوە ئەویش هاوکاریم دەکات لە ئیش و کاری ماڵدا.

بـۆ مێـژو لەو خوشـکانەی کە زۆرتـر لە مـن مانـدوبون لە کـاری کـۆمەڵە خوشـکان (پـاکیزەی هاوسـەری کـاک فەرەیـدون، و خێزانـی کـاک ئەحـمەد کرێکـار، وەردە هاوسـەری مـام حەمید، خێزانـی مەلا عەبدولڕەحمان، دایکـی ئیحسـان نەجـم، فـاتمە خـان هاوسـەری شـەهید جەعـفەر، نـازەنین خـان هاوسەری خاڵە شەهاب).

بەنـدە لە سـاڵی ١٩٧٨ – ١٩٧٩ لە بەنـدیخانەی سـلێمانی لەگەڵ کـچە بچـوکەکەم کە یەک ساڵان بـوو بەنـد بـوم بەهـۆی چـونی هاوسـەرم بـۆ لای شۆڕش و خەبات و چەک.



**وەردە مستەفاساڵح**

کەرکوک ٢٠١٤

وەردە خان دەڵێت:

من ساڵی ١٩٤٢ لەدایک بوم و ساڵی ١٩٦١ شوم کرد بە حەمید محەمەد، ئەو ساڵە ئەو تێکەڵ بە کار و خەباتی سیاسی و کوردایەتی بووبوو.

خاڵە شەهاب (خاڵە عوسمان) ساڵی ١٩٧٢، کە هاتە کەرکوک پاشماوەیەک وتی: رێکخستنەکانمان فراوان بووە و کار و چالاکی زیاترمان پێویستە، بۆیە دەبێت شوێنێکمان هەبێت بۆ کۆبونەوە. ئێمە لە گەڕەکی ئازادی پارچە زەوییەکمان هەبوو، حەمید وتی من ئامادەم خانویەک لەسەر ئەو پارچە زەوییە دروست بکەم بە شێوەیەک، کە گونجاو بێت بۆ کۆبونەوەی نهێنی. خاڵە شەهاب نەخشەی دروست کرد و برادەران قۆڵیان لێ هەڵماڵی و بە هەرەوەرزی خانویەکیان دروست کرد، کە ژێرزەمینێکی تیا بوو، لەناو حەدیقەی ماڵەکەوە چاڵێکیان هەڵکەند و بە پلیکانە بۆ ژێرزەمینەکە دەچوو، سەرەکەیمان وەک مەنهۆڵ دانابوو هەر برادەرێک بهاتایە، چونکە هەمویانم دەناسی، خێرا سەری مەنهۆڵەکەم بۆ لائەبردن و دواتر دام دەپۆشیەوە.

خانووەکە لەسەر حسابی خۆمان بوو، بەڵام بە هیمەتی برادەران ساڵی ۱۹۷۳ کارەکەیان تەواو کرد. ئەو بەڕێزانەی کاریان تیا کرد، کاک عەلی بچکۆل و مامۆستا عەبدولڕەحمان پێنجوێنی و مەلا عەبدولڕەحمان کە نایب زابتێکی خانەنشین بوو. دوای تەواو بونی تابیعەیەکیان هێنا بۆ ژێر زەمینەکە و مەلا عەبدولڕەحمان ئاڵای سوری لەو ژێر زەمینەی ئێمە چاپ کرد.

ئیتر هەر رۆژێک، کە کۆبونەوەکان لە ماڵی ئێمە دەکرا خاڵە شەهاب و برادەرەکانی باوەڕی تەواویان بە من هەبوو. ساڵی ۱۹۷٤ کە هاوسەرەکەم بوو بە پێشمەرگە من و منداڵەکان لەناو شاری کەرکوکدا ماینەوە، رێکخستنەکان لە ماڵی ئێمە بەردەوام کار و کۆبونەوەی خۆیان دەکرد.

خاڵە شەهاب داوای لە هاوسەرەکەم کرد هەوڵ بدات بەهەر شێوەیەک بێت کۆمەڵێک مامۆستای ئاینی و کرێکار و جوتیار لە شوێنێک کۆبکاتەوە، ئەمیش بچێت بۆلایان بەبێ ئەوەی ئەوانە بزانن خاڵە شەهاب کێیە. ئەو لەو رێگەیەوە ئەیویست رای چینە جیاوازەکانی کەرکوک و دەوروبەری بزانێت. ئێمەش لە دێی تۆپزاوا بە ناوی دەعوەتەوە نانمان دروست دەکرد و لەم رێگایەوە خاڵە شەهاب تێکەڵیان دەبوو.

من جگە لەوەی لە ماڵی خۆمان خزمەتی هەڤاڵەکانم دەکرد و ئاگادار و چاودێری کۆڵانەکەش بووم و ئیشی دەرەوەشیان پێ دەسپاردم و نامەم دەهێناو نامەم دەبرد و بڵاوکراوەیان دەدامێ شەوان بیخەمە ژێر قاپی ماڵانەوە، دەتوانم بڵێم منیش ئەندامێکی کارای رێکخستن بووم بەڵام تێکەڵی کۆبونەوەکانیان نەدەبووم. دەشتوانم بڵێم هەندێک لە ژنان بە قەدەر پیاوان و زیاتر خزمەتیان کردووە بە رێکخستن، لە سەردەمێکدا کە هێشتا ژنان حسابیان بۆ نەدەکراو بە مرۆڤی ژمارە دوو ئەژمار دەکران. گرنگ ئەوەیە ئێمە سەربەرزانە کارەکانمان جێ بەجێ کرد و ئێستاش هەر بەو گیانەوە هەوڵی سەرخستنی یەکێتی دەدەین.

با لەیادم نەچێت خوشک و ژن و خێزانی هەموو هەڤاڵەکان درێغییان لە خەبات کردن نەکردووە و شان بە شانی پیاوان ئەوەندەی پێیان سپێردراوە کارەکانیـــان بە نهێنـــی ئەنجـــام داوە و یەک کەس پـــاش دەســـتگیر کردنـــی هاوسەر و کوڕ و برای ناوی کەسی بۆ ڕژێم نەدرکاندووە.



**حوسنیە محەمەد غەفور**

حوسنیە خان هاوسەری کاک ئەحمەد کرێکارە و کاک ئەحمەد کرێکار دەڵێت:

هاوسەرم لەگەڵ وەردە خانی هاوسەری مام حەمید دا هەر ئیش و کاریکی ڕێکخستن هەبوایە جێبەجێیان کردووە، تەنانەت ئەرکی بڵاوکردنەوەی بەیاننامە و گەیاندنی نامەو راسپاردە بە هەڤاڵانیان گرتۆتە ئەستۆ، ئەمە جگە لەوەی کە ماڵەکانیان کردووە بە شوێنی کۆبونەوەی هەڤاڵان و چاودێری کۆڵان و بەردەرگایان کردووە و خزمەتی میوانەکانیشیان بە سنگێکی فراوانەوە کردووە.

حوسنیە خانی هاوسەرم بۆ هەر یەکێک لە هاوڕێکانم ناوێکی دانابوو. بۆ ئەوەی کەسی تر ناوی راستیمان نەزانێت. گوڵەی حەمە عەزیزی دایکیشم هاوکارێکی باشم بوو، ئێمە کرێچی بوین و خانوی خۆمان نەبوو، بۆ شاردنەوەی ئەو بەیاننامە و نەشرەو نامانە گەر من لە ماڵ نەبومایە هاوڕێکانم دەیاندایە دەستی دایکم و ئەویش بە وریاییەوە لە پشتی خۆی دەبەست تاکو دەهاتمەوە و دەیدانە دەستم.



**سانیە نەجم محێدیین**

مامۆستا محەمەد حەسەن، وا باسی دایکیمان بۆدەگێڕێتەوە:

سانیە نەجم محێدیین خوشکی ئەبوشەهاب ساڵی ١٩٣٠ لەدایک بووە، هەر لەدەستپێکردنی شۆڕشی بەرگری خەڵکی کوردستانەوە لەساڵی ١٩٦١دا، دایە سانیە بەهۆی دکتۆر عەبدولستار تاهیر شەریف مێردی خوشکی و براکانییەوە ئیبراهیم و خەلیل و عەبدوڵا و ئیحسان (ئەبو شەهاب) ئاشنا دەبێت بە بیری کوردایەتی.

براکانی ئیبراهیم و خەلیل و عەبدوڵا لە شەستەکاندا دەبن بەپێشمەرگە. پاشان لەگەڵ باڵی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان درێژە بەخەباتیان دەدەن، هەرلەو ساڵانەوە دایە سانیە و ماڵەکەی دەبێتە هاوکارێکی باشی براکانی و هاورێیانی چی لەخەباتی نهێنی ناو شارو لەهەمانکاتدا سەردانیکردنی براکانی لەناو هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەساڵانی شەستەکاندا تاکو گفتوگۆی ١١ ئاداری ١٩٧٠ .

کاتێک کۆمەڵە دادەمەزرێت لەساڵی ١٩٧٠ بە هۆی ئەبوشەهابی برایەوە کە پەیوەندییەکی بەهێزی دەبێت لەگەڵ دایە سانیەو منداڵەکانی، لەهەمانکاتدا

جێمتمانەی ئەبو شەهاب و هاوڕێکانی دەبێت.

مـــاڵەکەی دایە ســـانیەش دەبێـــتە شـــوێنی بەشـــێک لە کۆبـــوونەوە و چاوپێکەوتنەکـانی هاوڕێیـانی سـەرکردایەتی کـۆمەڵە، چەنـدان جـار بەهـۆی درەنـگ تەواوبـوونی کۆبوونەوەکـانی کـۆمەڵە شـەوان خـاڵە شـەهاب و جەعـفەرو ئەنـوەر لەمـاڵی دایە سـانیە دەمـانەوە و تـا درەنگـانی شـەو بەدەم چاخواردنەوە، ئەو هاورێیانەی سـەرکردایەتی کۆمەڵە لەگەڵمـان دادەنیشـت و ئێمەیـان هانـدەدا بـۆ ئەوەی گرنگـی بـدەین بە خوێنـدن و خوێنـدنگا و وانەکانمان، هانیاندەداین چۆن هاوکاری یەکتربین لەماڵەوەو هاوکاری دایک و بـاوک و ئیشـی ناومـاڵ بـین لەگەڵ دایکمـان، هانیانیـان دەدایـن چـۆن یارمەتیـدەری برادەرانمـان بـین لە خوێنـدنگا، هانیـان دەدایـن لەئاسـت چەوساندنەوەو ناراستی بێدەنگ نەبین.

جگە لەو هاورێیانەی لەسەرەوە ئاماژەمپێکردن هاورێیانی تری کۆمەڵەش بەردەوام هاموشـوی مـاڵی دایە سـانیەیان کـردووە لە وانە، هاوڕییـان فەرەیدون عەبدولقادر، عەلی بچکۆڵ، ئیبراهیم جەلال، ئەحمەد کرێکار، مام حەمید، شەهید عەبدولرەزاق و چەندان هاوڕێی تری کۆمەڵە.

زۆر جارئەبو شەهاب ئێشوکاری بەیاننامەو نوسراوەی کۆمەڵەی بە دایە سانیە دەگواستەوە، دایە سانیە مرۆڤێک بوو هەرگیزماندووبوونی نەدەزانی لەئاست خزمەتکردنی هاوڕییانی ئەبوشەهاب.

پاش ئەوەی ئەبو شەهاب لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شۆرشی نوێی خەڵکی کوردستان و پێکهێنانی مەفرەزە سەرەتاییەکانی کۆمەڵەو یەکێتی چووە شاخ، دایە سـانیە بەهـۆی کـورو کچەکـانییەوە بەهەمـان شـێوەی پێشـوو، بـووە هاوکـارێکی مانـدوو نەناسـی کـورو کچەکـانی لە خەبـاتی نهێنـی کـۆمەڵەو یەکێتـی، ئەوجـا بەردەوام زۆربەی ڕۆژەکـانی هەفـتە کۆبـوونەوەی شـانە نهێنییەکـانی کۆمەڵەو یەکێتـی خوێنـدکاران و یەکێتـی نیشـتمانی لە مـاڵی دایە

سانیە دەکرا و ئەویش چاودێریدەکردن و خزمەتی دەکردن، هەرچەندە زۆبەی کات هاوڕێیانی کورەکانی دەهاتن بۆ کۆبوونەوە بەڵام، پێیانی دەووت: (کۆرم وەزعەکە ناخۆش و ترسناکە بەعس پیسە، پێمناخۆشە دێن فسکە فسک دەکەن سەری خۆتان و ئێمەش بەقوربادەکەن ئەوە خاڵە شەهاب و جەعفەر و ئەنوەر و برادەرەکانیتان لەبەرچاوە چۆن لەسێدارەیانداون)، بەڵام لەگەڵ ئەو قسانەشدا خزمەتیدەکردن و شۆخی لەگەڵدا دەکردن و پەیوەندی لەگەڵ زۆربەی هاوڕێیاندا زۆر باش بوو، زۆرجار بەیاننامەو نوسراوە نهێنییەکانی کۆمەڵەو یەکێتی لە سلێمانییەوە بۆ ڕێکخستنەکانی کەرکوک دەهات دایە سانیە لێیانی وەردەگرت و لەشوێنێکدا دەیشاردەوە، کاتێ پرسیارم دەکرد دەیووت ئەوەتا لە فلانە شوێن شاردوومەتەوە.

لەمانگی ٤ی ١٩٨٠دا لەلایەن ئەمنی کەرکوکەوە دەستگیرکرام هەرەشەی ئەوەیان لێدەکردم، گەر ئیعتراف نەکەم دایک وخوشکەکانم دەهێنین بۆ ئەمن و ئەشکەنجەیان دەدەن، منیش ووتم بیانهێنن من پەیوەندیم بە هیچەوە نییە. ئەوەی ڕاستیبێت بڕوام نەدەکرد دڕندەکانی بەعس دەستگیریان بکەن بەڵام، وەختێک ئەمن دەچێتەماڵەوە بەس دایە سانیە لەماڵ دەبێت چاوی دەبەستنەوەو پەلکێشی بەرێوەبەرایەتی ئەمنی کەرکوکی دەکەن.

من ١٠ ڕۆژێک پێش دایە سانیە دەستگیرکرابووم، ئەو ماوەیە بەردەوام لەژێر ئەشکەنجەو ئازاردابووم، چاوم بەسترابووەوە دەستیشم بەبوتلێکی غازەوە کەلەپچەکرابوو، لەبەر ئازارو ئەشکەنجە هەستم بەهیچ نەدەکرد، وەختێک گوێم لە دەنگێک بوو و تەواو ڕایچەڵەکاندم دەمویست بڕوا بەگوێیەکانم نەکەم، هۆشم هاتەوە خۆ وەک ئەوەی هیچ ئەشکەنجەیێک نەدرابم، هەرچەندە هیچ جلوبەرگێکم لەبەردانەمابوو پێیەکانم لەجوڵە کەوتبوو، هیچ هەرهێجم لەبیر نەمابوو تەواو هەستەکانم لەدەستدابوو، کەچی

ئەو دەنگە گشت جەستەی کردم بەگوێ و هەستم ڕاگرت، لە دەنگی ئەو ژنە، تۆبڵێی ڕاستیان کردبێت و دایە سانیەیان دەستگیرکردبێت؟ هەر لە چەند چرکەیەکدا دەنگەکە وەک بروسکە خۆی بەگوێیەکانمدا خزاندوو کەڵلەسەری تاساندم لاشەم چین چین ئارەقەی تورەیی دەردەدا. ئیتر زانیم ئەوە دەنگی ئەشکەنجەدانی دایە سانیەیە.

درندەکانی بەعس بەلێدانەوە دایە سانیەیان فرێدایە ژێزەمینەکەوە، هەرچەندە هیچم نەدەبینی و دەمویست بڵێم دایە گیان من باشم بەلام، توانای جوڵەم نەبوو. باشتربوو توانای جوڵەم نەبوو دیارە ئەویش چاوی بەسترابوو کەسی نەدەبینی، بە خۆمم دەووت زۆر باشترە چاویان بەستووە گەر بەم حالەوە بمبینێت شێتدەبێت، ئێخۆ بشیمبینیمایە ئەوەندە سەرو لەشم ئاوسابوو ڕەنگە نەمیناسیبایەتەوە. نزیکەی ماوەی دوو هەفتەیەک لەژێرزەمینەکەی بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی گشتی کەرکوک مایەوە، ڕۆژانە گوێم لەهاواری ئەشکەنجەدانی دەبوو، تەوژمی ئازاری هاوارەکانی وەک بزمارلەسەرمدا دەچەقین و دەیتەزاندم، هیچم بۆنەدەکرا تەنها ئەوە نەبێت توند توند گوێیەکانم دەگرت.

وەختێک گوێم لەپرسیاری ئەمنەکان دەبوو لێیان دەپرسی: ئەو کەسانە کێن دێن بۆلای کورەکەت؟ پەیمانبێت گەر ناوەکانیان بڵێی خۆت و کورەکەت ئازاد دەکەین و خەلاتی سەید رەئیسش وەردەگریت، دایە سانیەش بەدەم ئازاری ئەشکەنجەوە دەیووت: (باوکەکەم من کەس ناناسم هەرکەسێکیش بەڕێکەوت لە دەرگای منی دابێت و هەواڵی کوری منی پرسیبێت لە پێش دەرگاوە دەرمکردووە نەم هێشتووە بێتە ماڵەوە چۆن دەهێڵم پیاو بێتە ماڵی من).



**سوهەیلە حەسەن خورشید**

کەرکوک ٢٠١٣

سوهەیلە خان، ساڵی ١٩٥٣ لە خێزانێکی هەژار لە گەڕەکی ئیمام قاسم لەدایک بووە و خاوەنی بڕوانامەی دبلۆمە لە ژمێریاری و دەبێتە بەرپرسی بەشی ژمێریاری فەرمانگەی کشتوکاڵی کەرکوک و دەڵێت:

ماڵی ئێمە ماڵێکی کوردپەروەر بوین، خاڵەکانم کاریگەریێتی گەورەیان لەسەرمان هەبوو لەڕووی پەروەردەی سیاسییەوە، من هەر لە ساڵی ١٩٧١-ەوە درکم بەوە کرد کە خاڵم خەریکی سیاسەتە و دەیزانی، کە ماڵی ئێمە ماڵێکی نهێنی پارێزین و زوربەی هاوڕێیانی دەهێنا بۆ ماڵی ئێمە و سەرەتا تەنها بۆ چا خواردنێک تا ئێمەی راهێنا، دواتر ئەو هاوڕێیانەی دەهێنا بۆ ماڵمان و چەند رۆژێک لەژێر زەمینی ماڵەکەماندا دەهاتن و کۆبونەوەیان دەکرد. ئیتر هاوڕێیانی، لای ئێمە بووبوونە کوڕی ماڵەکە و خۆمان دەرگامان

لێ دەکردنەوە و چاودێری کۆڵانمان دەکرد بەر لە کاتی ڕۆیشتنیان. ئەوانەی ناویانم لەیاد مابێت هەڤالان خاڵە شەهاب و جەعفەر عەبدولواحید و ئەنوەر زۆراب و عەبدولڕەزاق و فەرەیدون عەبدولقادر و ئیبراهیم جەلال و عەلی بچکۆل و مام حەمید و ئەحمەد کرێکار و زۆری تر بوون. ئەوانیش ئەوەندە باوەڕ و متمانەیان پێ دەکردین کە جاری وا هەبوو نوسراو و نامەی چکلێتیشیان پێ دەگواستینەوە.

محەمەدی برام، هەندێک کات، کە پێکەوە دەبوین باسی خەم و پەژارەی گەلەکەمانی بۆ دەکردم دەربارەی هەرەس هێنانی شۆڕش و ئەیووت کورد نابێت هەروا بە ئاسانی ئەم کارەساتە گەورەیە فەرامۆش بکات و دەبێت بەرنامەی هەبێت بۆ هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی نوێ. منیش زۆر بەتامەزرۆییەوە گوێم بۆ قسەکانی رادەگرت و هەندێک جاریش نامیلکە و کتێبی بۆ دەهێنام تا بیخوێنمەوە و دواتر دەیووت: دەبێت بە وردی بیخوێنینەوە و پاشان گفتوگۆی لەسەر دەکەین.

دواجار ساڵی ١٩٧٦ منی تەنزیم کرد بۆ ریزەکانی رێکخستنی یەکێتی خوێندکارانی شۆڕشگێڕانی کوردستان هەر لەو ساڵەشدا بوو منی تەنزیم کرد بۆ کۆمەڵە و ئیتر منیش قسەم بۆ ئەو هاوڕێیانەم دەکرد، کە متمانەم پێیان هەبوو، بۆ ئەوەی هوشیاریان بکەمەوە. سەرەتا من و شیرین عەبدولمەجید غەفاری خوشکی کاک ئازاد هەورامی لە شانەیەک دا بوین لای محەمەدی برام، یان لە ماڵی خۆمان و هەندێک جار لە ماڵی ئەوان کۆبونەوەمان دەکرد. من دواتر لەگەڵ ناهیدە و ژیانی خوشکی و بەهار تاڵەبانی و پەروین فەتحوڵلا و سەرگوڵ خان و زۆری تر .... کۆبونەوەم دەکرد، کە بەداخەوە ناوی هەموویانم لەیاد نەماوە.

ئێمە وەک خەتی ژنان توانیمان بەشێک لە یەکەمین بەیاننامەی خوێندکاران بڵاو بکەینەوە، ئەرکی رێکخستن و بەشداری کردنمان لەو

کارەدا، بۆ ئەو سەردەمە کارێکی سەخت بوو، یەکەم لەبەر داب و نەریتی باو و سستمی پیاوسالاری دووەمییش لەبەر دڕندەیی رژێمی بەعس، بەڵام ئێمە رۆژ بە رۆژ سورتر دەبوین لەسەر خەباتە رەواکەمان.

من ساڵی ١٩٧٨ خوێندکاری پەیمانگای کارگێڕی کەرکوک بوم و لەو بەشەدا فێری تایپ کردن ببووم.

رۆژێکیان محەمەدی برام پێی وتم، با بڕۆینە ماڵی نەنکم کە زۆر دوور نەبوو لە ماڵی ئێمەوە. دەرگای دەرەوەی داخست و سندوقێکی هێنا قفڵێکی پێوە بوو، پاش کردنەوەی تایپێکی لێ دەرهێنا و خستیە بەردەستم و وتی، ئەم تایپە تایپی کۆمەڵەیە و لە سلێمانییەوە بەدەستمان گەیشتووە و منیش بە خۆشحاڵییەوە رەزامەند بووم لەسەر تایپ کردن.

لەو سەردەمەدا، تایپێک گرنگیی چاپخانەیەکی ئێستای هەبوو بۆ کۆمەڵە، هەرچەندە مەترسییەکی گەورەشی هەبوو بۆسەر ئەو ماڵەی کە تایپەکەی تیایە، بەڵام لەوکاتەدا دنیای ئێمە پڕاوپڕ بوو لە خەونی رەنگاڵەیی، ئیتر لەوەبەدوا چی نوسراوی خوێندکاران و کۆمەڵە هەبوو من تایپم دەکرد و ئەدرا بەوانی تر و کاربۆن دەخرایە ژێر وەرەقە تەنکەکان و جارێکی دیی دەنوسرانەوە و دابەش دەکران. بەداخەوە رۆژێکیان تەلێکی تایپەکە قرتا و لەوکاتەشدا چاکردنەوەی تایپەکە کارێکی لەمەحاڵ نزیک بوو، بۆیە محەمەدی برام بە ناچاری ئەو شتانەی لە دیوارێکدا شاردەوە و جگە لە من کەس بەم کارەی نەزانی.

تا ئازاد کردنی عێراق، پاش سێ رۆژ گەڕان بەدوای ئەو دیوارەدا توانی کەلوپەلەکان بدۆزێتەوە، چونکە تا ئەو سەردەمە گەڕەک زۆر گۆڕدرابوو.

دواتر بە ئامادەبوونی تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان و کەناڵی ئاسمانی کەرکوک و کاک ئەحمەد کرێکار و مامۆستا کاکەرەش و عومەر قادر و زۆری تر توانرا ئەو کەلوپەلانە لەژێر داروپەردوی خانووە روخاوەکەدا

دەربهێنرێت. ئێستا لەسەر داوای هەڤاڵ ئەمیرە محەمەد، ئەو تاپیە لە ناوەندی ئەرشیف و مێژوو پارێزراوە.

ئێوارەیەکی مانگی ١٩٨٠/٤ لە دەرگادراو کەسێک داوای محەمەدی برامی کرد، بەڵام محەمەد نەهاتبووەوە، ئێمە کەسەکەمان نەدەناسی، دوای ئەوەش یەک دوو جاری تر هات و محەمەد هەر نەهاتبووەوە، ئەو جار جار دەڕۆیشت و شەو نەدەهاتەوە، ئێمەش ترساین، چومە لای کاک ئەحمەد کرێکار و پرسیاری محەمەدم لێ کرد وتی: لەوانەیە چوبێتە شارباژێڕ بۆلای خاڵە ئەبو شەهابت، چونکە چەند رۆژێک لەمەوبەر وتویەتی خاڵم دەیەوێت بمبینێت.

دایکم لەو کوڕە نەناسە زۆر ترسا. دەمەونیوەڕۆیەک محەمەد هاتەوە و دایکم هەر لە دەرگای ماڵەوە و وتی: کوڕم ئەوە چەند جارێکە کوڕێک دێت بۆلات و من دڵم لێی دەترسێت و ئاگات لە خۆت بێت. هەر کە محەمەد خۆی کرد بە ژووردا، کوڕەکە محەمەدی بە ناوە نهێنییەکەی (ئەو دوو ناوی نهێنی هەبوو، عوسمان و قوتابی) بانگ کرد و وتی ئەوە چەندجارێکە دێم بۆلات و تۆ لەماڵ نیت و نامەی خاڵە ئەبو شەهابتم بۆ هێناویت. ئیتر پێویست ناکات من درێژە بە بابەتەکە بدەم چونکە محەمەد خۆی بە وردی ئەم باسەی بۆ گێڕاونەتەوە و محەمەد دەستگیر کرا. دواتر دایکمیان دەستگیرکرد و منیش بە پەلە هەرچی دەمانچە و لوغم و نارنجۆک هەبوو لە ماڵماندا پێچامەوە و خستمە زێرابەکەی ماڵی نەنکمەوە، موستەمسەکاتەکانیشم بردە ماڵی فایق عومەر رەسوڵ بۆ تەپەی مەلا عەبدوڵڵا. بۆ سبەینێی ئەو رۆژە ئەمن هاتنە سەرماڵەکەمان و ماڵیان ژێروژور کردین و هیچیان نەدۆزییەوە.

ئەوەی مایەی سەربەرزی ئێمەیە، کە دایکم و محەمەدی برام زۆر ورە بەرز و قارەمان بوون و هیچ زانیارییەکیان نەدرکاند. ئیتر دایکمیان پاشماوەیەک ئازاد کرد و محەمەدی براشمیان بە ماددەی ١٥٧ حوکم دا، کە حوکمی ئیعدام بوو. باش بوو بە واستەی دکتۆر عەبدولستار تاهیر شەریفەوە حوکمەکەی دابەزێنرا بۆ هەتا هەتایی و دواتر بە عەفواتی ١٩٨٢ ئازاد کرا.



**گوڵبەهار شەرەف نوراللە (بەهار)**

بەهار خان وامان بۆ دەگێڕێتەوە:

مـن سـاڵی ١٩٥٩ لە گونـدی کەلکـان لە بنـاری کۆسـرەت لە خێزانێکـی کوردپەروەر لەدایک بوم و باوکم لەدایکبوی ساڵی ١٩١٧ بووە و ئاغای دێی کەڵکان بوو. دایکم ناوی مریەم بورهان بوو، لەدایکبووی ساڵی ١٩٢٠ بوو.

باوکم و دایکم کۆیی بون و پێنج برا و شەش خوشک بوین و دەرچوی مەعهەدی تەکنەلۆجی شاری کەرکوکم بۆ ساڵی خوێندنی ١٩٧٨ - ١٩٧٩.

ماڵی ئێمە لە ساڵی ١٩٦٦-ەوە لە شاری سلێمانی جێگیر بوین.

مـن لە مـاڵێکی رۆشـنبیری شۆڕشـگێڕی کوردپەروەر لەدایـک بـوم، بۆیە هەر زوو تێکەڵاوی کاری سیاسی بوم.

سـاڵی ١٩٧٤ بـوم بە ئەندامی کۆمەڵە لەگەڵ پشـتیوان و پێشـەوای بـرام و هێرش مـحەرەم و روخۆشـی بـرازای کـاک سـالار عەزیز، کە ئەوکـاتە ئەو لە تەجهیزاتـی زانکـۆ فەرمـانبەر بـوو بە نـاوی خـوازراوی (نێرگـز) پـێکەوە کۆبونەوەمان دەکرد.

پاش هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی نوێ لەگەڵ هاوڕێکانم دا بڕیارمان دا بچینە دەرەوە، بەڵام لەبەر کەمیی تەمەنی ئەندامانی شانەکەمان ڕێگەمان پێ نەدرا.

ئێمە هاوینان دەچوینەوە بۆ کەلکان، کە شۆڕش دەستی پێ کردەوە، ماڵەکەمان بوو بە مقەڕی پێشمەرگە و دایکم بوو بە تەتەریان و دایکم چەندین کەسی لەگەڵ خۆی بردۆتە دەرەوە بۆ پێشمەرگایەتی.

ساڵی خوێندنی ١٩٧٦ کە لە مەعهەدی کەرکوک وەرگیرام، منیان لە شانەکەمەوە گواستەوە بۆ کەرکوک. یەکەمجار مامۆستا محەمەد حەسەن پەیوەندی پێوە کردم. (مامۆستا محەمەد حەسەن و سانیە خانی دایکی لە قارەمانانی زیندان بون). ئەوکاتە ناهیدەی خوشکی شەهید پشتیوانم لەگەڵ بوو. دوای مامۆستا محەمەد من درامە لای فایەق عومەر رەسوڵ و سوهەیلەی خوشکی مامۆستا محەمەد حەسەن و ناهیدەی ژنی صەمەد و خوشکەکانیمان لەگەڵ بوو، کاری ئێمە بڵاوکردنەوەی بەیاننامە و گفتوگۆ کردن بوو لەگەڵ هاوڕێکانماندا بۆ راکێشانیان بۆ ناو ریزەکانی ڕێکخستن.

ئەو کەسەی بیویستایە بچێتە دەرەوە و ئێمە متمانەمان پێیان هەبوایە، نوسراوی پشتگیرییمان بۆ دەکردن.

من زۆرجار بابەتم ئەنوسی و لەگەڵ راپۆرتی مانگانەدا پێشکەشی کاک فایەقم دەکرد و زوربەی کۆبونەوەکانیشمان هەر لە ماڵی ئەوان بوو.

جگە لەوەش، کە خوێندنم تەواو کرد لە بەڕێوەبەرێتی ڕێگاوبانی کەرکوک بووم بە فەرمانبەر و لە موچەکەی خۆم دە دینارم هەڵدەگرت، چونکە ماڵی باوکم پێویستیان بە موچەی من نەبوو، بۆیە هەر جارەی هاوکاریی ماڵە شەهیدێک، یان ماڵە پێشمەرگەیەکم دەکرد بە ئاگاداری ڕێکخستن. ئەگەر شەوان ئەرکی بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیان پێ بسپاردمایە بە هۆکارێک لەگەڵ پێشەوای برام دا دەچومە دەرەوە بۆ ئەنجام دانی کارەکە، چونکە کچ بۆی نەبوو شەوانە بە تەنها بچێتە دەرەوە.

پاشان چومە لای مامۆستا کاکە رەش و زەکیە قادرم لەگەڵ بوو، زەکیە خان لە ماڵێکی شۆڕشگێڕدا گەورە بووبوو، ئەو خوێندکاری کۆلێجی یاسای بەغدا بوو، ماڵی ئەوان لە گەڕەکی شاترلۆ بوو، کۆبونەوەمان لە ماڵی ئەوان دەکرد. لەبەرئەوەی زۆرینەی دانیشتوانەکەی تورکمان بوون، شوبهەی کەمتریان لەسەر بوو، کاک عومەر قادری براشی کۆبونەوەی خەتەکانی خۆی کە زۆر بەرفراوان بون لە ماڵی خۆیان دەکرد، کاتێک هەڤاڵانی کۆمیتەی ئاگر کەشف بون و دەستگیر کران، ئێمە دڵنیا بوین، کە هەرگیز ناوی ئێمە نابەن و ئیعتیراف لەسەر هیچ کەس ناکەن.

کاک عومەر دەستگیر کراو هادی براشی پاش دەستگیرکردن بەداخەوە بێ سەروشوێن کرا.

کاک عومەریش زۆر قارەمانانە بەرگەی ئەو هەموو ئازار و ئەشکەنجەیەی گرت، بێ ئەوەی ئیعتراف لەسەر کەس بکات.

من و سەرگوڵ و پەروین فەتحوڵلا و سوهەیلە حەسەن و ئاشتی لە موازهەرەکانی ساڵی ١٩٨٤دا، کە لە گەڕەکی ئیمام قاسم کرا بەشدار بوین.

ئاشتی خەڵکی سلێمانی بوو، لە خێزانێکی هەژار و شۆڕشگێڕی ئەو شارە بوو، دڵسۆزی کۆمەڵە و رێبازەکەی بوو. ئاشتی هەرچی بەیان و بڵاوکراوەیەک لە سلێمانی دەربچوایە دەیگواستەوە بۆ کەرکوک. ئاشتی لە رێگەی مەلا نابیناکانەوە بڵاوکراوەکانی دەگواستەوە.

جارێکیان وا پێویستی کرد خۆی بڵاوکراوەکە بگوازێتەوە، ئێمە کە لە مەعهەد پێکەوە بوین ئەمزانی سەرئێشەیەکی قورسی لەگەڵدایە، هەموو جارێک لەتاو ئازاری زۆری دەمانگەیاندە نەخۆشخانە.

وەک گێڕایانەوە، کە گەیشتبووە سەیتەرەکەی کەرکوک، ژانەسەرەکەی بۆ هاتبوو بورانبوویەوە. بۆیە خێرا دەیگەیەننە نەخۆشخانەی کەرکوک. ئەو پەرستارەی ویستبوی ئامادەی بکات تا دکتۆر فەحسی بکات.

دیاره کەسێکی زۆرباش بووە و هەرچۆنێک بووە بەئاگای هێناوەتەوە و وتویەتی تا هێزت تیایە ڕابکە.

بەم چەشنە ئاشتی لە گرتن و کوشتن رزگاری بوو، کە گەڕابووەوە بۆ سلێمانی لەگەڵ روناکی شێخ جەناب چووبوو بۆلای دکتۆر ئومێد مەدحەت موبارەک. رێکەوت ئەو رۆژە پێشمەرگە چووبوون بۆ کوشتنی دکتۆر ئومێد، کە لە کاتی فەحس کردندا دەبێت.

دکتۆر بە ئاشتی دەڵێت: سەرت وەرگێڕە، ئا لەوکاتەدا قومبەلەیەک دەگرنە دکتۆر ئومێد و بەداخەوە پارچەیەکی بەر سەری ئاشتی دەکەوێت و دکتۆر ئومێدیش بە خەستی بریندار دەبێت. بەڵام چونکە دکتۆر ئومێد سەر بە رژێم دەبێت، بۆیە گرنگی زۆر پێ دەدەن، ئاشتی لەتاو ئازار تا ناو دەرگاکەش رادەکات و لەوێدا دەکەوێت. روونـاک ئاشتی دەباتە نەخۆشخانە، بەڵام بەداخەوە برینەکەی زۆر کاریگەر دەبێت و شەهید دەبێت.

بەیانی ئەو رۆژە من لای ئاشتی بووم، ئەو لە شارەوانی دامەزرا بوو. یەکەم مەعاشی وەرگرتبوو، دەیووت من زۆر دڵخۆشم ئەمڕۆ پێش هاتنی تۆ کراسم بۆ دایکم و شتم بۆ خوشک و براکانم کڕیوە. بەڵام سەرئێشەکەم لێم ناگەڕێت دڵخۆشیەکەم تا سەر بێت. پێی وتم: دوای نیوەڕۆ وەرە لەگەڵم دەچمە لای دکتۆر، وتم دەبێت بگەڕێمەوە بۆ کەرکوک، ئیتر خواحافیزییمان لەیەک کرد و من چومە ماڵی ناسکی خوشکم کە لە سلێمانی بوون بۆ هەڵگرتن و بردنەوەی کەلوپەلەکانم.. ناسکی خوشکم نەیهێشت شەو بگەڕێمەوە وتی، تازە درەنگ بووە و بەیانی بڕۆرەوە.

ئێوارەکەی رونـاک تەلەفونی بۆ ماڵی ناسک کرد، وتی ناسک، ئاشتی شەهید بووە و بە بەهار بڵێ بەیانی زوو بێتەوە بۆ بەشداری کردن لە ناشتنیدا، ئەو نەیزانیبوو من لە ماڵی ناسک ماومەتەوە.

بەیانی زوو بەشداری ناشتنی شەهید ئاشتیمان کرد، کە بردمان بۆ سەر

قەبران وەک موزاهەرەیەک وابوو. باوکی پیاوێکی زۆر خۆڕاگر بوو. دەیوت: (کچەکەم شەهیدی ڕێگەی ڕزگاریی کوردستانە و گریانی ناوێت).

لە شانەکەماندا، کە فایەق عومەر ڕەسوڵ سەرپەرشتیی دەکردین سەرگوڵ و پەروین و سوهەیلە کەرکوکی بوین و عەبدولمەجید عەبدولحەمید کۆییشمان لەگەڵ بوو، چونکە ئەو خوێندکاری مەعهەد بوو لەگەڵمان.

ماوەتەوە بڵێم من لە دائیرە لەگەڵ شەوبۆ عەبدولغەفاردا فەرمانبەر بوین. من مامۆستا هۆشمەندی برایم دەناسی، کە پیاوێکی کوردپەروەر بوو، من ئەوم لە کۆیە ناسی و مامۆستای وانەی بیرکاریمان بوو. بۆیە من و شەوبۆ هەر زوو بەزوو تێکەڵ بوین و باسی خەبات و چالاکی ڕێکخستنمان بۆیەک دەکرد. چونکە یەکترمان باش دەناسی و متمانەمان پێکەوە هەبوو.



**زەکیە قادر عەلی**

کەرکوک ٢٠١٢

زەکیە خان، خوشکی شەهید هادی بێ سەروشوێن کراو و کاک عومەری زیندانی سیاسییە و ساڵی ١٩٥٤ لە شاری کەرکوک لەدایک بووە و دەرچوی کۆلێجی یاسای زانکۆی بەغدایە. دەڵێت:

ئێمە لە خێزانێکی کورد پەروەردا بوین و هەستی کوردایەتی لە ناخماندا گەشەی کردبوو، بۆیە من ساڵی ١٩٧٦ لە ڕێگەی هەڤاڵ عومەری برامەوە تەنزیم کرام بۆ ریزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵە.

ئەو ژنانەی کاری ڕێکخستنیان لەگەڵدا کردوم، بەهار تاڵەبانی و ژیان و بەیان و ناهیدەی خێزانی شەهید صەمەد بون.

کاری ئێمە وەکو ژنان بە پلەی یەکەم، بریتی بوو لە خۆ رۆشنبیر کردن و ئاڵوگۆڕی بەیاننامە و بڵاوکردنەوەیان و ئاگادار کردنەوەی کۆمەڵانی خەڵک لە هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی نوێ. شەوانیش لەگەڵ هەڤاڵ عومەری برام دا بڵاوکراوە و پێداویستیەکانی نوسینی دروشمم لەسەر دیوار، دەخستە ژێر عەباکەمەوە و بە وریاییەوە کارەکانم ئەنجام دەدا. ئەرکێکی

تریشـمان لەسـەر بـوو، حەشـاردان یـان گواسـتنەوەی دەمـانچە، چـونکە ئەو سەردەمە ژنان زۆر جێگەی گومان نەبون.

کە چومە زانکۆی بەغدا بۆ خوێندن پەیوەندی نوێیان بۆ دروست کردین لەلایەن هەڵکەوت عەبدوڵڵاوە منیان خستە شانەیەکەوە، لە کەرتی شەهید لەیلا لەگەڵ دوو هەڤاڵدا، شنە ئەحمەد رەشید خوێندکار بوو لە کۆلێجی ئاداب و شەهلای خوشکی خوێندکار بوو لە کۆلێجی یاسا و کاک هەڵکەوت عەبدوڵڵاش سەرشانە بوو. ئێمە لە چوارچێوەی رێکخستنی کۆمەڵەدا کار و چالاکیمان دەکرد وەکو خۆشم هاوکاری هەڤاڵانی کۆمیتەی ئاگریش بوم.



**کوردستان ئەحمەد**

کوردستان خان دەڵێت:

من ساڵی ١٩٥٤ لە گەڕەکی شۆریجە لە شاری کەرکوک لەدایک بوم و لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر و هەژاردا گەورە بوم و دەرچوی پەیمانگەی مامۆستایانی هەولێرم.

ساڵی ١٩٧٤ پەیوەندیمان کرد بە شۆڕشەوە و دوای ئاشبەتاڵ ساڵی ١٩٧٥ وەک هەزاران کەسی تر گەڕاینەوە.

پاش تەواو کردنی خوێندن لە ئاغجەلەر بە مامۆستا دامەزرام.

من ساڵی ١٩٧٨ هاوسەرگیریم کرد لەگەڵ مامۆستا کاکە رەش دا، ئەو لە ریزەکانی رێکخستنی کۆمەڵەدا خەباتی دەکرد و منیش وردە وردە ئاشنایەتیم لەگەڵ هەڤاڵاندا پەیدا کرد، لەوانە: ئەحمەد کرێکار، فریا عەلی، وەستا سابیر، شێخ دارا، عومەر قادر، م. محەمەد حەسەن، سەردار سەعید و هەندێک قوتابی ئامادەیی پیشەسازیی شاری تکریت، کە خۆیان خەڵکی دوز بون، وەک بورهان جومعە و عادل چاچان، دواتریش عەبدولقادر بەکر قادر، مەلا محێدین، محەمەد نامیق، شاهۆ و زۆری ترم ناسی.

ئەم هەڤـــاڵانە ســـەردانیان دەکـــردین و خـــزمەتم دەکـــردن و هاوکـــاری کاکەرەشم دەکرد، لە نوسینەوەی بڵاوکراوەکان بە کاربۆن و ئاڵوگۆڕکردنی نامە لە کاتی پێویستدا.

پاش ساڵێک خوا کوڕێکی پێ بەخشین ناومان نا چیا، من لە قۆنداغی چیادا نامەم دەبرد بۆ سلێمانی و وەڵامەکەشم دەهێنایەوە. پاش هاتنی هاوڕێ سەلیم و کاک جەمال تایەر بۆ کەرکوک، ئەوانیشم ناسی.

پاش کەشف بوونی کۆمیتەی ئاگر، من چومە سلێمانی و کاکەرەش خۆی حەشاردا و من لە رێگەی محەمەد فەهمی صدیقی برای کاکە رەشەوە پەیوەندیم بە کاکەرەشەوە مابوو.

لە سلێمانی کاک ئەمینم دەناسی، کە هەر هەڤاڵی خۆمان بوو، ناونیشانی ماڵی کاک جەمال تایەرم لێ پرسی و چوم و ژنەکەی وتی: جەمال لە قوتابخانەی سەرچنارە.

چوم بۆ قوتابخانەکە و دوو بەدوو دانیشتین و باسی وەزعی کۆمیتەی ئاگرم بۆ کرد.

کاک جەمال وتی: سبەینێ لە دوکانی کاک ئەمین چاوەڕوانم، منیش چوم و قاتێک جلی کوردی و سەد دینار و تەزکیەیەکی دامێ بۆ ناوەندی کۆمەڵە.

دواجار من گەیەنرامە هۆنەرێنەی شارباژێڕ، ئیتر وەکو ژنە پێشمەرگە لە شاخ مامەوە تا راپەڕین.

لە شاخ لە گوندەکانی هۆنەرێنە و دۆڵپەموو، جافەران و ئەستێڵی سەروو، گوڵ باخی گەرمیان بومەتە مامۆستای شۆڕش و وانەم بە قوتابیان وتۆتەوە.

کاتی شەڕەکانیش کۆمەکمان بۆ پێشمەرگەکان ئامادە دەکرد و دەماننارد.



**عصریە ئەحمەد محەمەد**

**بەدەم ڕێگەوە لەگەڵ عصریە بەرەو زیندانی ئەبوغرێب**

کاک فایەق عومەر ڕەسوڵ سەبارەت بە عەسریە ئەحمەد محەمەد وامان بۆ دەگێڕێتەوە:

هەلێکی سەیر بوو ئەو ڕۆژەی، کە گوێزراینەوە لە هەیئەی کەرکوکەوە بۆ ئەبوغرێب، کە من و عەصریە لە سەیارەیەکی پۆلیسی تەسفیرات کەوتینە لای یەکترەوە.

دوای سێ ڕۆژ مەحکەمە بەهۆی زۆری ژمارەی زیندانیەکانەوە، مەحکەمە حوکمی دا بەسەرماندا، کە ١٠ کەسمان ئیعدام و ئەوانی تر لە بەینی حوکمی هەتا هەتایی و تا ٧ ساڵ و کەمتر، وە هەندێک ئازاد کران ..

سێ ڕۆژ لە هەیئە تازەکە، کە بینای مەحکەمەی لێ بوو، ئێمە ماینەوە. من لەو سێ ڕۆژەدا ناوی زوربەی ئەندامانی کۆمیتەم لەسەر دیوارەکانی هەڵکۆڵی بۆ هەتا هەتا مانەوەی ناوەکانیان "وە ئەمەش بۆ من وەک دروست کردنی کێلی قەبر بوو بۆ هاوڕێکانمان و تا ئەمڕۆش ئەو ناوانە لەسەر تابلۆکانم هەر هەڵئەکەنم کە بوون بە قوتابخانەیەک بۆ هونەرەکەم"..

دوای حکومدانمان هەر ئەوکاتەی کە هەموومان لە هەیئە بووین کاتێکی باشم هەبوو کە لەگەڵ یەکەیەکەیاندا گفتوگۆ بکەم. لەبارەی پەیوەندییان و چالاکیەکانیان لەناو کەرکوکدا، لەوانە ئەسعەد عەزیز سۆفی نەبێت کە ئەو هەر لەسەرەتاوە پەیوەندی نهێنی لای من بوو، کە ئاگام لە هەموو شتێکی هەبوو و هەروەها عەصریە، کە ئەویش لە ژورێکی تری زیندان بوو..

من هەڵبەتە ئێستا زوربەی رووداوەکانم لەبیر چۆتەوە بەهۆی بەسەرچونی ماوەیەکی زۆر بەسەریاندا، بەڵام هەندێک لە رووداوەکان بە تەواوەتی لە ناخمدا چەسپیوە وەک چالاکییە سەرنج راکێشەکانی (عەبدولقادر بەکر قادر و شانەکەی) (فەرهاد و جەنگە)، رۆڵە گرنگ و ئازا و سەرنج راکێشەکەی عەصریە لەناو ئەو هەموو چالاکییە سەربازییانەی کە لەو سەردەمە لەناو کەرکوک دا ئەکران.. من زۆرم حەز دەکرد لەگەڵ عەصریەدا بکەومە گفتوگۆ تا لە نزیکەوە ئاگام لێی بێت، چونکە لەکاتی لێکۆڵینەوەدا بەتایبەت و زوربەی کات ناوی عەصریەم دەبیست و ئەو رۆڵە گرنگەی کە بینی لەناو چالاکیەکانی رێکخستن لە کەرکوک بەتایبەت خەتی سەربازیی، من ئەو رۆڵەی عەصریەم وەک پارتیزانەکانی لاتینی ئەمریکا (Tupamaros) دەهاتە پێش چاو و کە ئەوکاتە ژنان دەورێکی زۆر گرنگیان هەبوو لە چالاکیەکاندا ..

هەلێکی زۆر گونجاوم بۆ رەخسا لە کاتی گواستنەوەماندا بۆ ئەبوغرێب، کە هەردوکمان لەناو سەیارەکەدا کەوتینە لای یەکەوە. لەگەڵ سەرکەوتنم بۆ سەیارەکە من پۆلیسە تورکمانەکەم قەناعەت پێ کرد، دوای گەڕانەوەی بۆ کەرکوک بڕوات بۆلای باوکم، تا هەواڵی منیان پێ بگەیەنێت و داوای چەند جگەرەیەکیشم لێ کرد، کە بەخۆشیەوە هەموو پاکەتە جگەرەکەی دایە دەستم ..

لە سەیارەکەدا بە نزیک بوونم لە عەصریە و گفتوگۆ کردنم لەگەڵیدا و من خۆم پێناساند و کەوتینە قسەکردن لەسەر جۆری پەیوەندی بە

ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە و چالاکیە سەربازییەکانیەوە، چونکە بە دەیان جار لەکاتی لێکۆڵینەوەدا بەر گوێم دەکەوت..

عەصریە هەرچەندە خەلفیەیەکی ئایدۆلۆجی زۆری نەبوو بەڵام بڕوای تەواوی بە کۆمەڵە و بیرو باوەڕەکانی هەبوو ..

عەصریە تاقە کەس بوو لەناوماندا کە ئافرەت بوو لە زینداندا، ئافرەتێکی زۆر ڕۆح سوک و قەشەنگ بوو..

کۆمەڵە ئەو سەردەمە لە کەرکوک توێژێکی گەورەی ژنانی هەبوو کە زۆربەیان خوێندەوار و ڕۆشنبیر بوون، من بۆ خۆم چەندەها ساڵ سەرپەرشتی شانە سەرەکیەکانی هێڵی ژنان بووم. ئەوانەی، کە ئێستا لەیادمن و پەیوەندیم پێیانەوە هەیە، "بەهار تاڵەبانی، ناهیدە هاوسەری سەمەدی پەری خوا لێ خۆشبوو..

کۆمەڵە لە کەرکوک گرنگییەکی تایبەتی دەدا بە ژنان بۆیە زۆر بەباشی کۆمەڵێک خوێندەوار و ڕۆشنبیری لە دەور کۆبووەوە.

عەصریە، وەکو هەموومان بەبێ جیاوازی توشی ئەشکەنجە و لێدانێکی جەستەیی و ڕۆحی کرا ئەمەش گەورەترین ئامانجی ڕژێم بوو بۆ لەناوبردن و سوک کردنی کەرامەت و نەفسیەتی زیندانیەکان هەڵبەتە بۆ ژنێک زیاتر لە ژێر زەختی باری دەرونیدا بوو..

ئەجهیزە داپلۆسێنەرەکەی عێراق (ئەمن و ئیستخبارات و موخابەراتە) زۆر ترسناک بوون، کە ئەمانە ساڵەهای ساڵ لە وڵاتە ئیشتراکییەکان (ئیتحادی سۆڤیەتی) و ئەڵمانیای شەرقی و ..هتد کە بەردەوام دەورەی ڕاهێنانیان بۆ دەکرایەوە بۆ ئەوەی بە ڕێگەی سایکۆلۆجی و جەسەدی دوژمنەکانیان لەناوبەرن، هەروەها لە ٦٣دا ئەزمونێکی زۆریان هەبوو بۆ لەناوبردنی حیزبی شیوعی عیراقی و دواتریش قیادەی مەرکەزی، چیرۆکە ترسناکەکان وەک (قصر النهائي) و نازم گزار تائێستا هەر بە باسکردنیان

موچرکە بە لەشماندا دەهێنێت.. هەمان شت (نازیەکان) لە شەڕی دووەمی جیهانی دا بە ملیۆنەها (جولەکە) و چەپ و قەرەچ و رۆشنبیر بەرەو هۆلۆکۆست نێردران و یان کوژران بە گازی ژەهراوی یاخود کە رزگاریان بوو دوای جەنگ زوربەی زۆریان نەیان توانی بەردەوامی بە ژیانی خۆیان بدەن و خۆیان کوشت..

گرتن و ئەشکەنجە، کارێک نیە، کە بە رزگاربوون لە زیندان رۆژێک لە رۆژان بیرت بچێتەوە، بەڵکو هەتا هەتایە لە ناختا ئەژی... بەڵێ عەصریە ئەشکەنجەیەکی زۆر زۆریان دا، بەڵام زۆر بەداخەوە عەصریە زۆر پشتگوێ خرا لەلایەن هاوڕێکانی و یەکێتییەوە، کە ئەمەش ئەو ئامانجە بوو کە ئیستخبارات و ئەمن هەوڵیان بۆ ئەدا...

پێش چەند ساڵێک لە یەکێک لە گەڕانەوەکانما بۆ کەرکوک زۆر حەزم دەکرد کە جارێکی تر عەصریە ببینمەوە، بۆ ئەوەش داوام لە هاوڕێی زیندانم (نەوزاد بابان) کرد تاوەکو بۆی دۆزیمەوە و سەردانیم کرد.. ئەو رۆژەی کە من و (تەنیا)ی هاوژینم و نەوزاد بابان سەردانی عەصریەمان کرد، کە زۆر حەزم کرد بە وێنەو ڤیدیۆوە دوکۆمێنتی بکەم.. بەداخەوە عەصریە وتی: نیازتان چییە؟ من تائێستا هیچ کەسێک لەدوای گرتنمەوە لێی نەپرسیومەتەوە.. زۆر بەداخەوە عەصریە هەرچەند بەشێکی زۆر گرنگ بوو لە مێژووی کۆمەڵە بەڵام پشتگوێ خراو بۆ جارێکی تر سەرلەنوێ ئیعدام کرا..

ماوەتەوە بڵێم، عەسریە خان ساڵی ١٩٥٦ لە گوندی تەرجل سەر بە شاری کەرکوک لەدایک بووە.

کاتێک حکومەت لە تەمووزی ساڵی ١٩٨٢ عەفوی عامی دەرکرد بۆ زیندانیە سیاسیەکان، ئەم ژنە بەر عەفواتەکە نەخرا، چونکە سوور بوو لەسەر ئیعتراف نەکردن و دەیووت: من ناوم عەسریە نییە و ناوم میسریەیە (عەسریە خان خوشکێکی لە خۆی بچوکتری هەبووبوو کۆچی دوایی کردبوو، بۆیە لە ماڵەوە عەسریە بە میسریە بانگ دەکەن). ئەو ساڵی ١٩٨٤ ئازاد کرا.



نەوزاد بابان، عەصریە ئەحمەد، فایەق عومەر ڕەسوڵ،



**شیرین عەبدولمەجید غەفار**

ئەڵمانیا

شیرین خان، خوشکی کاک ئازاد هەورامی یە و دەڵێت:

من ١٩٥٩/١٢/٢٤ لە شاری کەرکوک لەدایک بوم و خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندیم لە کەرکوک تەواو کرد لەگەڵ هەندێک دابڕان، کە دواتر باسیان دەکەم.

ساڵی ١٩٧١، ئەوکاتەی کاک ئازادی برام پەیوەندی بە کۆمەڵە هەبوو تا ساڵی ١٩٧٦، کە پەیوەندی کرد بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە، من شاگردی بووم، نوسراوەکانی بۆ دەهێنام و منیش کاربۆنم دەخستە ژێر چەند وەرەقەیەکەوە و دووبارە دەمنوسینەوە (ئەوکاتە تابیعە نەبوو یان زۆر دەگمەن بوو).

من ئەو کارانەم دەکرد و دەمزانی کارەکانم پەیوەندی بە یەکێتی قوتابیانی کوردستانەوە هەیە، بۆیە دەبوایە زۆر بە نهێنی کارەکانم ئەنجام بدەم و کەس ئاگای لێ نەبێت.

ئەوکاتەی هاوڕێکانی دەهاتن بۆ کۆبونەوە من چاودێری بەردەرگاکەم دەکرد.

کاک ئازاد، ساڵی ١٩٧٤ منی تەنزیم کرد و دوای چونە دەرەوەی ئەو، من لەگەڵ مامۆستا محەمەد حەسەن و پەروین فەتحوڵڵای دانیشتوی گەڕەکی بڵاغ کۆبونەوەمان دەکرد. زۆری نەخایاند ماڵی ئێمە باوکم و دایکم و هەردوو خوشکەکەم شەونم و شەوبۆ دەستگیرکران و ڕەوانەی باشوری عێراق کران.

ئەوکاتە ئێمەی کە مابوین و زیندانی نەکرابوین کەرکوکمان بەجێ هێشت و چوینە کۆیە بۆ ماڵی کاکە هۆشمەندم ئیتر کۆبونەوەکانمان وەکو خۆی بەردەوام نەبوو، یەکەم، لەبەر دوریم لە کەرکوک و دووهەم لەبەر چاودێری کردنی ئەمن و پیاوانی رژێم، بەڵام پەیوەندیم بە کاک محەمەدەوە هەر مابوو هەتا ساڵی ١٩٧٨ کە هاتینەوە کەرکوک. لە ساڵی ١٩٨٠دا من لە زانکۆی سلێمانی بەشی ئیدارە و ئیقتیصاد وەرگیرام. مانگی چواری هەمان ساڵ مامۆستا محەمەد حەسەن دەستگیرکراوە ماوەیەکیش سانیە خانی دایکیان دەستگیر کرد. بەڵام سوهەیلە خانی خوشکی هەر دوای گرتنی براکەی ئازایانە نامە و موستەمسەکاتەکانی براکەی بردە شوێنێکی ئەمین. ئەو خۆشی تەنزیم بوو، سانیە خان ناردنی بۆ ماڵی خوشکی. ئەم دایک و کوڕە نمونەی ورە بەرزی و خۆڕاگریی بون و هیچیان لە زیندان نەدرکاند.

ساڵی ١٩٨١ دوبارە خێزانەکەمان زیندانی کران، ئەمجارە من و ژیانی خوشکیشم گیراین، هەتا عەفواتی ساڵی ١٩٨٢.

دوای راپەڕین بووم بە ئەندامی یەکێتی ژنانی کوردستان، کە بەڕێز خاتوو کافیە سلێمان بەرپرسی بوو، بەردەوام کار و چالاکیم کردووە بەبێ ماندووبوون ساڵی ١٩٩٦ بەرەو هەندەران چووم.



**جوان عومەر رەسوڵ**

٢٠٢١/٧/٢٤ هۆڵەندا

هەڵبەتە نوسین لەسەر بابەتێک، کە پتر لە ٤٠ ساڵ تێ پەڕیوە بەسەریدا بەلامەوە کارێکی ئاسان نییە، بەتایبەت کە هەمووی خەم وخەفەت و ئاخ هەڵکێشان بێت. هەروەها ئەگەر بابەتەکە پەیوەندی بە خودی خۆتەوە بێت، من دەتوانم دەیان لاپەڕە لەسەر یەکێکی دیکە بنوسم، بەڵام کە دێتە سەرخۆم چی تر قسەم پێ نامێنێت و خەم بەرۆکم دەگرێت. من راستەوخۆ ئەندام نەبوم لە رێکخستنی کۆمیتەی ئاگردا، یەکەم لەبەرئەوەی تەمەنم هێندە نەبوو، دووەم لەبەرئەوەی باوکم و دایکیشم زۆر خەمی من و سۆزانی خوشکمیان بوو، نەیان دەهێشت بە هیچ شێوەیەک تێکەڵی کاری سیاسی بین. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ تێکەڵ بووبووم، زوربەی زۆری کۆبونەوەکان لە ماڵی ئێمە دەکرا، کە ئەوکات ماڵمان لە گەڕەکی تەپەی مەلا عەبدوڵڵا بوو. چەندین جار فایەق و هەڤاڵەکانیم ئاگادار کردۆتەوە، کە ئەمن و پیاوانی رژێم لەناو گەڕەکدان. من و دایکم هەمیشە لە

دڵەڕاوکێدا بوین، ئەبوایە دەمانچە و رومانە و مەنشوراتمان بگوێزایەوە، کاک ئازاد هەورامی زۆرجار بەخۆیی و گیتارەکەیەوە دەهات بۆ ماڵمان و ئەو هەمیشە تۆوی کوردایەتی لە دڵماندا دەچاند، زۆر حەزی دەکرد سرودی (رێ ی خەباتمان) پێکەوە تۆمار بکەین. ئەوەبوو پاش چەند جارێک هەوڵدان ئاواتەکە هاتە بەرهەم. وەکو لەیادم مابێت من و سۆزانی خوشکم و راماڵی برام و کاک ئازاد و کاک فەرهادی برای سرودەکەمان تۆمار کرد، بەڵام داخەکەم نازانم کەوتە کوێوە.


کاتێک لە مەعهەد دەمخوێند، مەسئولی ئەمنی مەعهەدەکە زەختی زۆری لێ دەکردم، کە ببم بە بەعسی و دەیانووت: گەر بە قسەیان نەکەم سومعەم دەشکێنێن. ژیانێکی ناخۆش و پڕ لە دڵەڕاوکێ و ترسمان بردەسەر. من، کە مەعهەدم تەواو کرد لە هیچ شوێنێک تەعینیان نەکردم، بە ناچاری لەگەڵ هاوڕێیەکمدا دەستمان کرد بە خەیاتی. دوای ئەوەی تەرحیل کراین دیسان هەڕەشە و گوڕەشە دەستی پێ کرد و بێ گومان لەبەر هەندێک پرنسیپ ناتوانم بەشێک لە بیرەوەریەکانم باس بکەم، ئەوانە بۆ خۆم و خوای خۆمی هەڵدەگرم. پاش ئەو هەموو ساڵە لە خەبات و تێکۆشان من ئێستا لە غەریبی لەگەڵ خێزانە خنجیلانەکەمدا ژیان بەسەردەبەین. ماوەتەوە بڵێم، کە من هەرگیز پەشیمان نیم لەو رێباز و تێکۆشانە، بەڵکو مایەی شانازیشمە، کە بۆ سەعاتێک زوڵم و غەدرم قبوڵ نەکردووە، چونکە ئەو ئازادییەی کە کورد بەدەستی هێنا، خەونی هەزاران تێکۆشەر بوو، کە بە خوێنی خۆیان داری ئازادییان ئاودا.

سڵاو لە گیانی پاکی ئەو تێکۆشەر و شەهیدانە.

ئێستاش لە خەبات دانەبڕاوم و ئەندامی ناوەندی دەرەوەم لە هۆڵەندا.

# منالان وەک شایەتحاڵ و هاوکار

منـالان لەنـاو شۆڕشـدا رۆڵـی کاریگەریـان هەبووە و بێ ئەوەی بە خۆیـان بزانن کاری رێکخستن و چاودێری یان پێ کراوە و بەیاننامەیان بە شـەوان پێ دابەش کـردون و نـامە و دەمانچەیـان پـێ گواسـتونەتەوە و هەنـدێک جـاریش منالەکـان بە کـار و چـالاکی کەس و کاریـان زانیـووە، بەڵام هەرگیـز هیچیـان نەدرکاندووە، منیش بۆ رێزگرتن لە خەباتی منـالان دوو کتێبم لەسـەر ئامادە کردون و نوسیومن، بە ناوەکانی (خەبات و منـالانی گەڕەک) و (بەهەشـتییەکان لە دۆزەخ دا) لەم کتێبەشدا نامەوێت خەباتی منـالان نادیدە بگرم و ئەمەوێت لە رێگەی ئەوانەوە هەندێک زانیاریم لەسەر هەڤالانی کۆمیتەکە دەست بکەوێت و دواتر بەدواداچونی بۆ بکەم.






**ئەحمەد نورەدین محەمەد**

دووشەممە ٢٠٢١/٦/١٢ کەرکوک

کاک ئەحمەد، پورزای مامۆستا کاکەڕەشە و دەڵێت:

من ساڵی ١٩٦٦ لە گەڕەکی ئیمام قاسمی شاری کەرکوک لەدایک بووم و دواتر چوینەتە گەڕەکی بەرتەکیە و لەوێ گەورە بوم:

کاکەڕەش، ئەندامی کۆمەڵە و کادرێکی چالاک بوو، پەیوەندی لەگەڵ خەتی هەولێریشدا هەبوو. دوای ئاشبەتاڵ کاکەڕەش نەگەڕایەوە و لە شاری مەهاباد نیشتەجێ بوو، دواتر نەفی شاری رومادی کران و پاشان کە گەڕانەوە کاکەڕەش کرا بە مامۆستا لە ئامادەیی پیشەسازیی شاری تکریت و زەکی برای لە شەریکەی نەوت بوو لە بێجی و فەهمی براشی ئاسنگەر بوو.

ئەم دوو برایەی کاکەڕەش سەرەتا شیوعی بوون. بەڵام دوای ئەوەی کاکەرەش بوو بە کۆمەڵە، ئەوانیش وازیان لە حیزبی شیوعی هێنا.

کاکەڕەش دوو هەفتە گیرا و هیچی لەسەر ئیسپات نەکراو ئازاد کرا. کوردستان خانی خێزانیشی لە ئاغجەلەر مامۆستا بوو. ئەو هاوکارێکی باشی مامۆستا کاکەڕەش بوو.

کاکەڕەشم دەبینی شتی دەهێنا بۆ ماڵی ئێمە و لەسەربان لای تەنورەکەوە دەیشاردنەوە و زۆرجار منی دەنارد بەدوای عەبدولقادر بەکر قادر و سەردار سەعید و محەمەد نامیق ناسراو بە ئاری. ئەو نائیب زابت بوو. ئاری ئەندامی رێکخستنی کۆمیتەی ئاگر بوو (کۆچی دوایی کردووە). هەندێک جار ئەیناردم بەدوای فەرهاد و جەنگەشدا.

که کۆمیته کەشف بوو ئاری رایکردە دەرەوە. دایکم وتی ئەحمەد برۆ بۆ ماڵی پورت و پێیان بڵێ، که بەکر هاتەوە با لە ماڵ نەمێنێتەوە، منیش بە پاسکیلەکەم چوم بۆ ماڵی پورم لە گەڕەکی ئیسکان.

فەهمی برای کاکەڕەش، کوردستان خانی خێزانی کاکەڕەشی دەرباز کرد بۆ سلێمانی و کاکە رەشی گەیانەدە ناوچە رزگارکراوەکان.

دواتریش فەهمی و زەکی دەستگیر و بێ سەروشوێن کران.

## صەباح نەجمەدین رەشید (صەباح تاڵەبانی)

٢٠٢١/٦/١٥

کاک صەباح یەکێکی ترە لە منداڵانی گەڕەک و شایەت و هاوکاری کار و چالاکی بەشێک لە ئەندامانی رێکخستنی کۆمیتەی ئاگرە و دەڵێت:

من ساڵی ١٩٦٧ لە قەڵای کەرکوک لەدایک بوم و هەشت سەر خێزان بوین و باوکم نایب زابت بوو لە بێجی، دوای ئاشبەتاڵ گواستمانەوە بۆ گەڕەکی زێوێ، پاشان لە ساڵی ١٩٧٩دا گواستمانەوە بۆ گەڕەکی بەرتەکیەی تاڵەبانی. مەنتیقەکە نزیکەی ٢٠٠ ماڵی تیا نیشتەجێ بوو هەموو یەکترمان دەناسی و دراوسێ ی جاران یەک ماڵ بوین و هەمیشە هاوکاری یەکتر بوین.

١٩٧٩/٤/١٨، مامەم (سیروان تاڵەبانی) شەهید بوو، ئێمە ماڵێکی دیاری یەکێتی بووین. ماڵی ئێمە لە ماڵی مەلا محێدینەوە دووسەد مەترێک دوور بوو. ئەو لە ماڵەوە و لە مزگەوت مەولودی دەخوێندەوە، من چەندین جار موکەبەرە و پێویستییەکانیم بۆ دەگواستەوە و بۆم دادەنا. کۆڵانەکەیان زۆر تەنگەبەر بوو، سەیارە نەیدەتوانی بچێتە بەر ماڵیان.

مەلا محێدین چەندین جار تورەکەیەکی دەدایە دەستم و دەیووت: ئەم تورەکەیە بەرە بۆ باخەکەی عەزە لە گەڕەکی بلاغ، خۆشی پەنجا مەترێک لەدوامەوە بە پاسکیل دەهات و کە دەگەیشتین دەیووت تورەکەکە دابنێ و تۆ بڕۆ. دواتر زانیم کە بەیاننامە و دەمانچەش لەناو موکەبەرە و تورەکەکانیشدا بووە.

نوری فەقێ، دەم سپی گەڕەکەکەمان بوو، ئەو کۆنە شیوعی بوو، چەندین جار گوێمان لە مەلا محێدین بوو هاواری دەکرد. من جەلالیم و دەبێت ئەم

حکومەتە فاشیستە بڕوخێنن، نوری پێی دەوت، رۆڵە دار و دیوار گوێ ی هەیە. رۆژێک غەریبەیەک بەم کۆلانەدا رەت بێت خەبەرت لێ دەدەن و دەتگرن و دەتکوژن. ئەو دەیویت، من باکم نییە و با بێت.

عوسمان صابر هاوڕێم بوو، دراوسێ ی دیوار بە دیواری ماڵی مەلا محێدین بوو، ئەو بە عوسمانی مریەم بەناوبانگ بوو، ئەو شاگردی مەلا محێدین بوو لە سەرتاشخانەکەی. بۆی گێڕامەوە و وتی:

مەلا محێدین گیرابوو، پاش چەند شەوێک مەلا محێدین یان هێنایە ماڵەوە و بینیمیان کە پشتی بە ئوتو سوتێنراوە و دواتر گوڵەباخیان لەگەڵ خۆیان دا برد. دواتر گوڵەباخ گێڕابویەوە. کە بردبویان بۆ باخەکەی عەزە، ئەویان لە ناو سەیارەکەدا داناوە و تورەکەیەکیان کردۆتە سەری و داوایان لە مەلا محێدین کردووە حەشارگەی ئەوراق و موستەمسەکاتەکانیان پێ بڵێت.

مریەم خانی دایکی عوسمان ژنێکی زۆر ئازا و دڵسۆز بوو، عوسمان بۆی دەگێڕامەوە، کە چەندین جار مەلا محێدین دەمانچە و بڵاوکراوەی داوەتە دەست دایکم بۆی هەڵگرێت، چونکە خانووەکەیان گڵ بووە و سەقفەکەشی دارەڕا بووە.

## عوسمان صابر

٢٠٢١/٩/١٣

عوسمان صابر، ساڵی ١٩٦٧ لە گەڕەکی بەرتەکیەی تاڵەبانی لە کەرکوک لەدایک بووە و دراوسێ ی دیوار بە دیواری ماڵی مەلا محێدین بوون. کاک عوسمان دەڵێت:

مەلا محێدین، پیاوێکی چوارشانەی بەهەیبەت بوو، سامێکی زۆری هەبوو، هەمیشە کەوا و سەڵتەی لەبەر دەکرد و مەلایەتی دەکرد و ئەو لە بەغدا پاش تاقیکردنەوە، ئیجازەی مەلایەتی درابویە و کردبویانە مەلای مزگەوتێک. ئەو لەپاڵ قورئان خوێندن و مەولود کردن لە مالان و مزگەوتەکەشی دا، کاری سیاسی دەکرد. پیاوێکی چاو نەترس و ئازا بوو. هەمیشە چەقۆیەکی پێ بوو. وەک زانیم ئەو پێشتر دوکانێکی سەرتاشینی هەبوو، پاشان لە شۆڕشی ئەیلول دا چووبووە دەرەوە و کە گەڕابووەوە دوکانەکەی دانایەوە و من کە چومە قوتابخانە لەگەڵ نورەدینی برازای دا، لە پشووەکاندا و بە درێژایی پشووی هاوین دەبووم بە بەردەستی.

مەلا محێدین، پەیوەندییەکی زۆری هەبوو لەگەڵ دانیشتووانی ناوچەکانی شێخ جیری و خاڵە بازیانی دا. ئەوان زوو زوو سەری دوکانەکەیان دەدا و هەر خێرا دەکەوتنە سوعبەت کردن و قسەی خۆش، پاش ئەوە منیان دەنادرە دەرەوە و خۆیان بەردەوام دەبون لەسەر قسە کردن. من هەستم دەکرد ئەمانە قسەی نهێنی دەکەن، بەڵام هەرگیز، بەدوای ئەو کارەدا نەدەڕۆیشتم.

ئەو متمانەشی پێم هەبوو شەوێکیان منی لەگەڵ کەسێک دا نارد بۆ ماڵی ساڵحی برای، کابرا سەیارەیەکی پێ بوو، شارلستۆنی لەپێ دا بوو، قژی خەنافس بوو، وتی: لەسەر جادەوە مەمبە، بەلاڕێ دا بمگەیەنە، منیش لەسەر قەبرانەکەوە بردم و لەو ناوە کوپلغێک (مەرکانە) بۆ خێر دانرابوو، بە کابرام

وت: دوێنێ شەو لەم شوێنەدا نایب زابتێکیان کوشت، کابرا لەتاوا سەیارەکەی کوژاندەوە و هەندێک لێم تورە بوو، وتی بۆچی لێرەوە منت هێناوە؟

مەلا محێدین دوو ژنی هێناوە، لە ژنی یەکەمی کە ناوی نوسرەت خان بوو منالی بۆ نەدەما، ئەو زۆر ئەزیەتی ژنەکەی ئەدا و من هەرکاتێک سەوزە و میوەم لە بازاڕەوە بۆ ببردنایەوە، ئەو ژنە هەر خەریکی گریان بوو. جارێکیان چومەوە نوسرەت خان دانیشتبوو، زۆرم بانگ کرد. وەڵامی نەبوو، ترسام، چوم دایکم بانگ کرد و خەڵکی گەڕەک دابارین بەسەرماڵەکەیاندا و بە داخەوە کۆچی دوایی کردبوو.

دوای ئەوە مەلا محێدین ژنێکی تری هێنا بە ناوی گوڵەباخ لەو منالی بوو، یەکێک لە منالەکانی ناوی ئاشنا بوو، لەم دوایەیەدا بووبوو بە مەسئولی کۆمیتەی پێنجی ئیمام قاسم و ٢٠١٠/٩/١ شەهید کرا.

دیاربوو گوڵەباخ ئاگاداری کار و چالاکیەکانی مەلا بوو، زۆرجار لێی تورە دەبوو، دەبووە شەڕ و دەنگە دەنگیان.

بیستمان مەلا محێدین گیراوە، دوای ماوەیەک شەوێک بە کەلەپچەکراوی هێنایانەوە، ئێمە گوێ مان لە دەنگەدەنگی ئەمنەکان بوو داوایان دەکرد دەمانچەکەیان بدەنێ، گوڵەباخیش دەیووت، من ئاگاداری ئیش و کاری نیم، شەوێک ئەویشیان برد و تەعزیبێکی زۆریشیان دابوو، سێ جاری تر مەلا محێدینیان هێنایەوە ماڵەوە، دواجار ئەمنەکان دەلیلی تەواویان دەست کەوتبوو، کە دەمانچە و فیشەکی هەیە.

ئەمجارە هاتنەوە ماڵەکە و زۆریان لە گوڵەباخ دا و گوێ مان لێ بوو مەلا محێدین بە گوڵەباخی وت، شوێنەکەیان پیشان بدە و هەموو شتێک تەواو بووە، گوڵەباخ دیوارەکەی پیشان دان و ئەوانیش دیوارەکەیان هەڵکەند و دەمانچە و فیشەکەکانیان برد و مەلایان لەگەڵ خۆیان بردەوە.

دایکم ناوی مریەم عەبدوڵلایە، دراوسێ ی جاران یەک ماڵ بون، ئێمە

ماڵەکەمان گڵ و سەقفەکەی دارەڕا بوو. چەندین جار مەلا محێدین دەمانچە و بەياننـامەی ئەدا بە دایکـم بـۆی هەڵگرێـت دایکیشـم بە وریـاییەوە لەنێـوان دارەڕاکان دا بۆی هەڵدەگرت.

مەلا محێدین پیاوێکی بە جورئەت بوو، دایمەن هاواری دەکرد و دەیووت من ناترسم، من جەلالیم.


جارێکیان ئەمنەکان هەڵیان کوتایە سەر دوکانەکەی و هەموو شوێنێکیان پشکنی و هیچیان نەدۆزییەوە. کە رۆیشتن، هاوڕێکەی کە لە دوکانەکەدا بوو پرسـی چـۆن دەمانچەکەیـان نەدۆزیـیەوە؟ مەلا محێـدین وتـی: لە پشـتی قورئـانەکەی سـەر رەفەکەوە دامنـابوو، ئەوان کـوێر بـون و دەمانچەکەیـان نەبینی.

گوڵەباخی خێزانی ژنێکی کارامە و ماندوو بوو، دوای شەهید کردنی مەلا محێدین سەربەرزانە توانی مناڵەکانی گەورە بکات.

لە پشـت ماڵەکەیـانەوە کەلاوەیەک هەبـوو، شـوێنییێکیان چـاک کردبـوو مانگایەک و دوو بزنیان تیا بەخێو دەکرد لەگەڵ چەند مریشک و کەڵەشێرێک، ئەو توانی بە رەنجی شانی خۆی بەرهەمەکانیان ئامادە بکات و بیانفرۆشێت و سەرفرازانە مناڵەکانی پێ بەخێو بکات.



ماڵی مەلا محێدین، ماڵی عوسمانی سابیر (عوسمان مەریەم)



ئەو کۆڵانەی بۆلای ماڵی مەلا محێدین دەچێت.

## لەتیف صەمەد فازیل

٢٠٢١/١٠/٦

کاک لەتیف یەکێکی ترە لە منالآنی گەڕەکی بەرتەکیەی کەرکوک و دەڵێت:

باوکم ساڵی ١٩٤١ لە گوندی کانی قادر لە بناری گل لە گەرمیان لەدایک بووە و هەر لە تەمەنی ١٦ ساڵییەوە بۆتە پێشمەرگەی ئەیلول و دوای ئینشیقاق چۆتە پاڵ باڵی مەکتەبی سیاسی و پاشان پارتی ماڵەکەیان تالآن کردون و بە ماڵەوە چونەتە کەرکوک و دایکم ناوی غالیە عەلی مستەفایە و لەدایکبوی ساڵی ١٩٤٤-ە لە گوندی سەوز بڵاغی سەر بە کەلار.

کاک لەتیف دەڵێت:

باوکم لە پارتی شۆڕشگێرانی کوردستان (الحزب الثوري الكردستاني)دا بوو.

دوای بەیانی یانزەی ئازار بڕیار درا، کە هەردوو باڵی جەلالی و مەلایی تێکەڵ ببنەوە، بەڵام لەبەرئەوەی هەردوو لایان ناویان حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو، مەلا مستەفا بە باڵی مەکتەبی سیاسی وت دەبێت ئێوە ناوی خۆتان بگۆڕن و کۆنگرەیەکیان کرد و هەڤاڵ مام جەلال ناوی باڵەکەی خۆی گۆڕی بۆ پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان، هەر لەو کۆنگرەیەشدا بڕیاریان دا بچنە ناو پارتی دیموکراتی کوردستانەوە.

گروپێک لەناو باڵی مەکتەبی سیاسی دا دژی ئەو بڕیارە وەستانەوە کە بچنە ناو پارتییەوە بە سەرۆکایەتی شێخ ستار. بۆیە پارتەکە بوو بە ناوی ئەمانەوە و (پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان).

باوکم لە ماڵەوە چەکی هەبوو، جەماعەتی کۆمیتەی ئاگر داوای چەکەکەیان کردبوو بۆ چالاکیی کوشتنی (فلان)ی ئەلقە لە گوێی حکومەت، باوکیشم دەمانچەکەی دانێ و (فلان)یان لە قەبرستانەکەی گەڕەکی بەرتەکیە کوشت و بە پەلە رادەکەن و لە رێگا دەمانچەکە هەڵدەدەنە ماڵی (فلان خان)، کە ماڵەکەیان بەرامبەر قاپی تەکیەی تاڵەبانی بوو، ئەویش دەمانچەکە دەبات بۆ

زاواکەی کە مرور و ئەڵقە لەگوێی رژێم دەبێت. زاواکەی بە پەلە دەمانچەکە دەبات بۆ دائیرەی ئەمن و مەسەلەکەیان بۆ دەگێڕێتەوە، ئەوانیش رەقەمی دەمانچەکە وەردەگرن و ئەیدەنەوە بە زاواکەو دەڵێن با لای خۆی داینێ تا خاوەنەکەی دێتەوە بۆی و ئێوەش و خۆشمان موراقەبەی ماڵی (فلان خان) دەکەین بزانین کێ دەچێت بۆ وەرگرتنەوەی دەمانچەکە.

پاش شەوێک مەلا محێدین دەچێتە ماڵی (فلان خان) و دەڵێت ئاگاداری ئەو ئەمانەتیە بە کە لەلاتە و خاوەنەکەی دێتەوە بۆی. دواتر لە ١٩٨١/١٠/١٧دا مەلا محێدین دەستگیر دەکرێت. پاشان ئەمن کەوتبونە تەحقیق و گەڕان بەدوای خاوەنی ئەو دەمانچەیەدا و گەڕانەکە ماوەیەکی زۆری پێ چوو تا باوکمیان دۆزیەوە.

ساڵی ١٩٨٢ بوو، شەوێک باوکم هاتە دەرەوە، ئێمە لەبەر دەرگا دانیشتبوین، سەیارەیەک لای مەکتەبی قەیرەوانەوە بوو، کە ئێستا ناوی گۆڕاوە بۆ زەکی، باوکمیان برد و ساڵی ١٩٨٧ گوللەباران کرا.

دوای باوکم نەهامەتی زۆرمان بەسەردا هات و چونکە ئەو لە (دائیرەی طرق وجسور) بوو، لە خانوی حوکمیشدا بوین. لەوێش دەریان کردین و چوینە رێگەی بەغدا خانومان گرت. من یەکەمی عیراق بوم لە ئامادەیی صەناعەی کەرکوک، دەبوایە لە زانکۆ وەربگیرامایە، بەڵام چونکە، باوکم شەهید کرابوو، جنسیەیان نەدەداینێ و منیان لە مەعهەدی حەویجە وەرگرت و خوشکەکەشمیان لە دائیرە دەرکرد.

لە راپەڕیندا رۆڵی بەرچاومان هەبوو، کە حکومەت هاتەوە، پرسیاری ماڵە جەلالیەکەیان لە گەڕەکەکە کردبوو، ماڵەکەمانیان تالان کرد و ساڵی ١٩٩١ حکومەت دایکمیان تەرحیل کرد و لە سەیتەرەکەی بانی مەقان دایانبەزاندبووە ئەودیو.

دوای راپەڕین کە مەعهەدم تەواو کرد بوم بە کادری سیاسی لە فەوجی دووی قەڵاچوالان لای بەڕێز مام جەلال.



**سالار ڕەشید (ساڵح عەزیز ڕەشید) (نەسرەوت)**

٢٠٢١/٥/١٤

سویسرا

کاک سالار ساڵی ١٩٦٠ لە شاری کەرکوک و گەڕەکی ئیمام قاسم لەدایک بووە، ساڵی خوێندنی ١٩٧٩ - ١٩٨٠ لە کۆلێجی علوم/ فیزیای زانکۆی سلێمانی وەردەگیرێت و لە قۆناغی سێ دا فەصل دەکرێت لەبەرئەوەی ڕەتی کردۆتەوە ببێتە جەیشی شەعبی و دەڵێت:

ساڵی ١٩٧٦ چومە قۆناغی ئامادەیی و لەگەڵ ئەسعەد عەزیزدا کەوتینە یەک پۆلەوە و من ئارەزوی خوێندنەوەی ڕۆژنامە و کتێب و گۆڤارم هەبوو، ئەویش بەهەمان شێوە، بۆیە هەر زوو بوینە هاوڕێی یەکتر و گفتوگۆمان لەسەر ئەو کتێب و گۆڤارانە دەکرد، کە دەمانخوێندنەوە. دواتر ویستمان بڵاوکراوەیەکی سەر دیوار لە ئامادەییەکە دروست بکەین و هەوڵێکی زۆرمان دا، من شیعرێکم نوسی بە ناوی (نەسرەوت)ەوە و ئەسعەدیش پارچە پەخشانێکی نوسی بە ناونیشانی (نیو سەعات پێش لەسێدارەدان) و بردمان بۆ ژوری (إتحاد طلبة)، ئەوان رازی نەبون و بڵاوکراوەکەیان داینەوە دەست.

هـاوڕێیەتی نێـوان مـن و ئەسـعەد ڕۆژ بە ڕۆژ پتەوتـر دەبـوو، بـڕوا و متمانەمـان لای یەکتـر پەیـدا کـرد، ئیتـر مـن بەبـێ ئەوەی بە خـۆم بـزانم کەوتبومە ناو ئەڵقە ڕۆشنبیرییەکانی کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستانەوە، زۆرجار دوای دەوام بۆ گفتوگۆ کردن بە پیاسە دەچوینە ئەو گەڕەکانەی کە کەس نەی دەناسـین. لەو گفتوگۆیـانەدا باسـی هەڵگیرسـاندنەوەی شۆڕشـی نـوێ و هۆکارەکـانی ئاشـبەتاڵمان دەکـرد و ڕەخنەمـان لە هەڵوێسـتی پـارتی دەگرت و بە خـائین و بەزیـوو داردەسـتی شـای ئێران و میت و ئیسـرائیل و ئەمریکامـان دەدایە قەڵەم و باسی کۆمەڵە و یەکێتی نیشتمانی کوردستانمان دەکرد وەک هێز گەلێکی چەپ و مارکسی و لایەنگری کرێکاران و زەحمەت کێشان و دوژمنی کۆنەپەرستیی و سەرمایەداری و ئیمپریالیزم.

لەگەڵ ئەم باسـانەدا ئەسـعەدناملکەکـانی ماوتسـی تۆنـغ و کتێـبە مارکسـییەکانی بـۆ دەهێنـام و منـیش بە ئیشـتیاوە دەمخوێنـدنەوە و دواتـر موناقەشەمان دەکرد.

١٩٧٧/٧/٢٠ ئەسـعەد باسـی کـاری ڕێکخسـتنی لەگەڵـدا کـردم و منـیش ڕەزامەندیم پیشان دا و ناوێکی نهێنیم بۆ خۆم دانا بە ناوی (نەسرەوت).

لێرە بەدواوە، پەیوەنـدی مـن و ئەسـعەد پێـی نـایە قۆنـاغێکی تـرەوە، هەتـا ئێـرە مـن و ئەو دوو هـاوڕێی زۆر نزیکـی یەک بـوین و بـڕوا و متمانەمـان لەگەڵ یەک هەبـوو، بەڵام لەوە بەدواوە، ئەو پەیوەنـدییانە کـاری سیاسـی و نهێنی و ڕێکخراوەیی هاتە سـەر، کە لەسـەر پەیوەندییەکانی پێشـووەوە خۆی بنیات ناو ئەوانەی کردە ژێر بینای خۆی.

ئیتـر کۆبونەوەکانمـان گـۆڕانی بەسـەردا هـات و لە پیاسـە کـردن و دورکەوتـنەوە بـۆ ئەو گەڕەکـانەی، کە نامانناسـن، گەیشـتە نێـو ژور و کەنارەکـان، چـونکە ئیتـر پێویسـتمان بە خوێنـدنەوەی بـڵاو کـراوەی نهێنـی، گۆڤار و بابەتی نێو کتێبی قەدەغە و موناقەشـە کردنی هەبوو. ئەو شـوێن و پەناگا شیاوەش بۆ کاری ئێمە ماڵی ئەسعەد بوو.

زۆری پـێ نەچـوو هاوڕێیەکیـان دایە لام، کە ئەویـش حامیـد عەبـدوڵڵا عەسکەری بوو، حامیدیش، یوسف حازم محەمەد درایە لای و پاشان یوسف حازمیش بووە بەرپرسی چەند شانەیەک، کە پێکهاتبوو لە حەسەن ئەبوبەکر، کـامەران ئەسـعەد، عـومەر فەرەج و چەنـد کەسـێکی تـر، لە سـاڵی ١٩٧٨دا هاوڕێیەکی دیکە درایە لام، کە ئەویش مەلا خەلیل (خەلیل عادل سابیر) بوو. دوای ئەوە خۆم هاوڕێیەکم بە ناوی ئەحمەد خورشید رەزا رێکخست. پاشان هیـوا صـدیق (هیـوا شـێخ صـدیق ئـاڵتونچی) و لوقمـانی بـرام، ئیتـر (هیـوا)ش ئاواتی مامۆستا عەلی رێکخست و (لوقمان)یش چەند کەسێکی بەم ناوانەوە رێکخست، حەمید عومەر کاکە رەش، جەنگی حاجی غەفور، سیروان عەزیز فــلامەرز، دواتــریش چەنــد شــانەیەکی تــری درایە لا، کە پچڕابــونەوە و سەرشـانەکەیان تەیب تەلانـی بـوو. پاشـان ئەسـعەد هـاوڕێیەکی پـێم ناسـاند تاوەکو لە ئەڵقەی رۆشنبیری بێت لەلام، بەڵام دواتر خۆی موفاتەحەی کرد و دایە لای من، ئەویش عوسمان غەفور محێدین چیمەنی بوو.

بەو شێوەیە لە ماوەیەکی کورتدا بومە بەرپرسی هێڵ و تۆڕێکی فراوانی رێکخستن، کە تێکەڵ بون لە کۆمەڵە و یەکێتی خوێندکارانی کوردستان.

دوای تەواو کردنـی قۆنـاغی ئامـادەیی، هەردوکمـان ناومـان لە کـۆلێجی علــوم/ فیزیــای ســلێمانی هــاتەوە و ئیتــر پــێکەوە بــوین و لە قۆنــاغی دووەمیشەوە لە یەک بەشی ناوخۆیی و لە یەک ژوردا بوین.

زانکۆ، ئاڵوگۆڕێکی گەورەی لە ژیانی شەخسی ئێمەدا هێنایە کایەوە، و بۆ کاری سیاسی و فکریشمان زەمینەیەکی زۆر لەبار و گونجا و بوو، لە زانکۆ تێکەڵی خەڵکانێک بوین، کە لە تەواوی عیراقەوە هـاتبون، بە زمـان و کلتـور و نەتەوە و ئاینی جیاوازەوە.

ئەمـانە گشـت هـزر و بیـرو ئەزمـونی ئـێمەی بـردە سـەر و لە بـازنەیەکی گەورە و فراوانــدا کەوتیــنە نــاو کــاری فکــری و سیاســی و بەهەر چــوار

دەورمانـدا هەڵـپەی بـڵاو کـردنەوەی بیروبـاوەڕی خۆمـان و فراوانکردنـی ریزەکانی ڕێکخستنمان دەکرد.

لە کۆتایی ١٩٧٩دا مەلا خەلیل، کە هەر پەیوەندی بە منەوە هەبوو، لەڕێی تەزکیەی ئەسعەد چووە دەرەوە بۆ پێشمەرگایەتی، دوای چەند رۆژێک کە خەلیل هێشتا چەکی وەرنەگرتبوو ئیخباری دەکرێن و چواردەوریان دەگرن، پێشمەرگەکانی تر شارەزا و چەکدار بون و خۆیان دەرباز دەکەن و مەلا خەلیلی بێ چەک و نابەڵەد بەجێ دەمێنێ و برینداری دەکەن و دەیبەن و رەوانەی سجنی دەکەن، بەڵام سەرەڕای ئەو هەموو ئەشکەنجە و ئازارەی کە دەیدەن ئیعتراف لەسەر کەس ناکات و بە بیست ساڵ زیندانیی حوکم دەدرێت.

هەر لەو ماوانەدا بوو، تەحسین نامیق و خالید محەمەد فاتیح (سەمیر نوری)م ڕێکخست. هەر لەو سەردەمەشدا ژمارەیەک دکتۆری زانکۆ و گەورە بەرپرسانی بەعس فشاریان بۆ خوێندکاران دەهێنا و ژیانیان لێ تاڵ کردبوون یەک بەدوای یەکدا بە سزای گەل و شۆڕشیان گەیاندن.

بەیانیەکیان لەبەر مزگەوتی گەورەوە بەرەو زانکۆ دەچووم، تەماشام کرد یەکێک لەو پیاو خراپانە لە قەرەباڵغترین شوێنی شاردا کوژراوە.

ئازاد غەریب کەریم (سیروان)، کە ئەودەمە بەرپرسی لقی سلێمانی و ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکێتی خوێندکارانی کوردستان بوو، خوێندکاری کۆلێجی ئەندازیاری بەشی کارەبا بوو، ئێستا لە سوید دەژی، ئەم روداوەی بەم شێوەیە بۆ گێڕامەوە:

ماوەیەک بوو ئەسعەد عەزیزم بەهۆی خوێندکارانەوە ناسیبوو، چونکە ئەو لەناوەڕاستی هەشتادا بەرپرسی لقی کەرکوک و ئەندامی ئەنجومەنی ئەو ڕێکخراوە بوو، رۆژێکیان کامێرایەکی بچوکی بۆ هێنام و داوای کرد ناو و وێنەی ئەو مامۆستا و دکتۆرە بەعسیانەی بۆ ئامادە بکەم، کە ئازاری خوێندکارانیان دەدا. زۆری نەبرد بە هاوکاری هەندێک لە هاوڕێیانی

ڕێکخستن ناوی ده مامۆستای دڕندەی بەعسیم بە وێنەکانیانەوە بەدەست گەیشت و منیش دامە دەست ئەسعەد. سێ ڕۆژی پێ نەچوو لەبەردەم مزگەوتی قامیشانی گەڕەکی کانێسکان، عەمیدی کۆلێجی کشتوکاڵ و هاوڕێکەی لەناوبران، دوو ڕۆژ دوای ئەوە دکتۆرێکی کۆلێجی پزیشکی، کە ناویان نابوو دکتۆر بۆق لەنێوبرا.

ئەو چالاکیانەی لەو شوێنە قەرەباڵغ و لەنێو جەرگەی شاردا ئەنجام دەدرا، زەندەقی دەسەڵاتدارانی بەعسی برد و ئارامی و ئۆقرەیی لێ بڕین و بواری ژیانی بۆ نەهێشتن، بۆیە بڕیاری گواستنەوەی زانکۆیان دەرکرد بۆ هەولێر.

شایانی وتنە، ئەسعەد دەستی بۆ هەموو کارێک دەبرد و لە هیچ نەئەپرینگایەوە، مرۆڤێک بوو پڕ لە ئازایەتی و جەسارەت.

لە بەشی ناوخۆیی خوێندکاران، برادەرێکی هەولێریمان هەبوو، ناوی عەبدوڵڵا حەسەن ئیسماعیل بوو، عەبدوڵڵا لە کۆلێجی ئاداب/ بەشی زمانی عەرەبی بوو، لەو دەمەدا کە شاڵاوی گرتنەکان بۆسەر کۆمیتەی ئاگر دەستی پێ کرد، کۆمەڵێک لە هەڤاڵانی کۆمەڵەش لە هەولێر دەستگیر کران، یەکێک لەوانە عەبدوڵڵا بوو. عەبدوڵڵا و ئەسعەد لە سجنی هەیئەی خاصەی کەرکوک یەکدەگرنەوە، ئیتر ئەسعەد باسی چالاکییە سەربازییەکانی شەوانی ناو شاری سلێمانی دەکات، کە خۆی بەشداری تیا کردووە.

سەرەنجام زانکۆ گواسترایەوە بۆ هەولێر، ئەوکاتە من و ئەسعەد لە قۆناغی دووەمی زانکۆ بوین. من و ئەسعەد چەند وانەیەکمان مابووەوە بۆ دەوری دووەم و تاقیکردنەوەمان ئەنجام دا و گەڕاینەوە بۆ کەرکوک. ڕۆژێکیان دەوری نیوەڕۆ هەڤاڵان (فلان)یان لە بازاڕی حەسیرەکە لەناو دوکانەکەی خۆیدا کوشت. ڕۆژێکی تر (فلان) دایە بەر دەمانچە و پێی دەڵێن: مەحکەمەیە.

ئێوارانێکیان جەنگی سەید نەجمەدین بە ماتۆڕێکەوە نارنجۆکێک فڕێ دەداتە ناو باروتخانەوە و هەر بە کۆڵانی مزگەوتەکەی مەلا جەباردا، کە خۆی خەڵکی ئەوێ بوو، بە تیژی بەرەو گەڕەکی عاشور شۆڕ دەبێتەوە و هەموو گەڕەک دەیبینن و دەڵێن ئەوە جەنگە بوو.

لە ماوەیەکی کورتدا چەندین چالاکی کراو دەزگا ئەمنیەکانی کەرکوک ئۆقرەیان لێ بڕا.

مانگی ١٩٨٠/٤ مامۆستا محەمەد حەسەن (حەمەی سانیە) دەستگیر کرا و بەرلەویش حەمەی ئایشێ و مامۆستا حەمید کاکەیی و مامۆستا مەدحەت دەستگیر و بێ سەرو شوێن کرا.

لە سەرەتای مانگی تەموزی ساڵی ١٩٨١دا عەلی مغاویر دەگیرێت و چۆن و بۆچی؟ هەتا هەنوکەش لای من ڕۆشن نیە.

عەلی مغاویر بیست و شەش ڕۆژ لە زیندان دەمێنێتەوە و هەموو نهێنییەکانی ڕێکخستن بۆ دەزگا ئەمنیەکان ئاشکرا دەکات و کلێشەی ڕێکخستن و تۆڕی پەیوەندییەکانی ئەو خەتەی لای خۆی ڕادەست دەکات و ئازاد دەکرێت.

دواتر ئەحمەد کرێکار بۆی گێڕامەوە، کە عەلی مغاویر دەبینێت و بە کاک ئەحمەد دەڵێت: تۆش دەگیرێیت. ئەویش بڕیاری چونە دەرەوە دەدات و ١٩٨١/٨/٢٠ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە دەکات. بەڵام بەر لە دەرچونی بە هەفتەیەک کۆمیتەیەکی نوێ بە سەرپەرشتی مامۆستا جەمال تاهیر و بە ئامادەبونی دلێر ئەحمەد شوکری (هاوڕێ سەلیم) و مامۆستا کاکە ڕەش دادەمەزرێنن. بڕیار دەدرێت کۆمیتەکە لە سێ ئەندام پێک بێت، کە بریتین لە: مامۆستا کاکە ڕەش و عومەر قادر و ئەسعەد عەزیز و مامۆستا کاکە ڕەش دەبێتە بەرپرسی کۆمیتە.

من هەتا ئەو دەمەش پەیوەندیم بە ئەسعەدەوە مابوو. ڕۆژێک بەر لە

دەستگیرکردنی هات و وتی سبەینێ مەیە بۆ کۆبونەوە و بارودۆخەکە باش نیە و من دەچم بۆ هەولێر، وەک گێڕایانەوە هەر ئەو رۆژە ئەسعەد دەستگیر دەکرێت بە چاو ساغی (فلان). من بەم مەسەلەیەم نەزانی بوو، وام دانابوو کە ئەسعەد خۆی دەرباز کردبێت، پاش دوو هەفتە حامید شێخ عەبدوڵلا عەسکەری هات بۆ ماڵمان و وتی دەڵێن ئەسعەد دەستگیر کراوە.

ماوەیەک خۆم شاردەوە، و کە شاڵاوەکە کپ بووەوە گەیشتمە ئەو بڕوایەی کە ناوم نەدراوە. دواتر دەستم کردەوە بە خەبات و لە کۆنفرانسی سێ ی کۆمەڵەدا کە لە مانگی تەموزی ساڵی ١٩٨٤دا بەسترا ئێمە وەک رێکخستنەکانی شاری کەرکوک بە ١٣ ئەندام بەشداریمان کرد. بەداخەوە روداوەکانی ناو کۆنفرانس بێ ئومێدی کردین، ئەگەرچی من بەرلەوەش بڕیاری وازهێنانم دابوو. کۆتاییم بە هەڵسوڕانی سیاسی خۆم لەناو کۆمەڵەدا هێنا.

لە کۆتاییدا دەست لەسەر سینگ و بە بێ دەنگی لە ئاست گیانی ئازیزی ئەو هاورێیانەم دەوەستم، کە بۆ ئازادی و سەرفرازی و دنیایەکی شایستە بە خەڵکی کوردستان گیانی خۆیان کردە قوربانیی.

یاد و یادەوەرییان بۆ هەمیشە لە دڵی مندا زیندووە.

## شوان خورشید محەمەد (نەترس)

٢٠٢١/٦/٢٠ کەرکوک

کاک شوان، ساڵی ١٩٦٢ لە گەڕەکی ڕەحیماوای شاری کەرکوک لەدایک بووە و دەڵێت:

ئـێمە لە خـانەوادەیەکی کـوردپەروەر بـوین و دوای هەرەسـی شۆڕشـی ئەیلول ڕژێم باوکم و سێ برامی نەفی کردن بۆ قەزایەکی شاری سەماوە و کە گەڕاشنەوە ڕێگەیان نەدان بێنەوە شارەکەی خۆیان و ناردیاننە چەمچەماڵ و هەمیشە لەلایەن پیاوانی ڕژێمەوە چاودێری دەکران. جگە لەوە هاوڕێیەکی هاوپۆلم هەبوو، کە دانیشتوی گەڕەکی شۆرجە بوون و ئەوان سەر بە حیزبی شیوعی بوون، ناوی ئازاد شکور بوو، چەند ڕۆژێک لە قوتابخانە دیار نەما، ئەمە کۆتایی ساڵی ١٩٧٩ بوو، بە حوکمی هاوڕێیەتی بەتینی نێوانمان چومە ماڵیان و پرسیاریم کرد، وتیان لەلایەن پیاوانی ڕژێمەوە دەستگیر کراوە. ئەمە هەواڵێکی زۆر ناخۆش بوو بۆ گەنجێکی وەکو منی خوێندکاری ئامادەیی پیشەسازیی، کە ئەو هەموو زوڵم و زۆرەی ڕژێمم هەست پێ دەکرد لە ناخی خۆمدا، کە بەرامبەر ماڵی ئێمە و هەموو گەلەکەمانی دەکات. ئەو پاش هەفتەیەک ئازاد کراو هاتەوە بۆ خوێندن و باسی دڕندەیی ڕژێم و شێوازی ئازار و ئەشکەنجەی بۆ دەگێڕامەوە، بەداخەوە دوای دوو هەفتە دەستگیر کرایەوە و بێ سەرو شوێن کرا. منیش تا دەهات هەستی نەتەوایەتیم کڵپەی دەسەند و حەزم دەکرد. ببمە پێشمەرگە و تۆڵەی هەموومان بکەمەوە. بۆیە لەگەڵ عومەر و لوقمان دا بڕیارمان دا بچینە دەرەوە.

هەرچۆنێک هەوڵمان دا قاچاغچیمان دەست نەکەوت و گەڕاینەوە بۆ قوتابخانە. من هاوڕێیەکی تری گیانی بەگیانیم هەبوو، کە هاوپۆل بوین، ناوی قادر مستەقا قادر ناسراو بە سەید قادر بوو، باسی سەفەر و مەبەست لە سەفەرەکەمم بۆکرد. ئەویش وتی: ڕێگەی خەبات تەنها بە پێشمەرگایەتی

ناکرێت، دەتوانیت ببیتە ئەندامی رێکخستن و خەڵکی هۆشیار بکەیتەوە و دواجار ئامادەی بون بە پێشمەرگەیان بکەیت. ئیتر ئەو ساڵی ١٩٧٩ منی رێکخست و من بە (نەترس) ناسرام و لەگەڵ محەمەد نازم تەپەلویی (توانا) کەوتینە یەک شانە و سەید قادر بەرپرسی شانەکەمان بوو. چالاکی ئێمە لەو سەردەمەدا قسەکردن بوو بۆ هاورێکانمان و باسی درندەیی پیاوانی رژێمان بۆ دەکردن و نوسینی دروشمی سەر دیوار و نامەشمان دەهێناو دەبرد.

بۆ کۆکردنەوەی پیتاک، بردنی نامە بوو بۆ ئەو کەسانەی کە دەست رۆیشتوو بوون، هەندێکیان رازی نەدەبون و هەڕەشەیان لێ دەکردین کە لەلای ئەمن شکاتمان لێ بکەن، دواتر ئێمەش نامەیەکی هەڕەشە ئامێزمان بۆ دەبردن و ناچار کۆمەکەکەیان دەداینێ، من ئازاد سەعید و شۆڕش خورشیدی برامم تەنزیم کرد و خۆم بوم بە مەسئولی شانە و شۆڕشی برام دواتر بوو بە پێشمەرگە و تائێستاش دانەبڕاوە. ئیتر بەردەوام بوین لەسەر خەبات تا ئەوکاتەی کۆمیتەی ئاگر کەشف بوو، لەوکاتەدا ئێمە هێشتا خوێندکار بووین. زۆر ترسام، بەڵام باش بوو مەسئولی شانەکەمان، کە سەید قادر بوو کەشف نەبووبوو کەسیش لە هەڤاڵەکانی ئیعترافیان لەسەر نەکردبوو، بۆیە ئێمەش پارێزراو بووین.

هەر دوای تەواو کردنی ئامادەیی پیشەسازی سەید قادر شاری بەجێ هێشت و چوو بۆ کەرتی چواری جەباری، منی بە کەریم حەمید ناسراو بە بەختیار ناساند، کە ئەوکاتە لە کەرتی شەهید سیروان دا بوو.

بەداخەوە هەڤاڵانی کۆمیتەی ئاگر، کە کەشف بوون ژمارەیەکی زۆریان بێ سەروشوێن کران و بەشێکیان لەسێدارەدران و هەندێکیان بۆ ماوەی جۆراوجۆر زیندانی کران و دواتر ئەمان بە عەفواتی عام ئازاد بون و هەندێکیشیان کە زوو هەستیان بە مەترسیەکە کردبوو، چووبوونە دەرەوە بۆ ناو هێزی پێشمەرگەی کوردستان و ئێستا ئەندام مەڵبەندی کەرکوکم.



**قادر مستەفا قادر (سەید قادر)**

چوارشەممە ٢٠٢١/٦/١٦ - کەرکوک

کاک قادر، ساڵی ١٩٦٣ لە گەڕەکی ئیمام قاسمی شاری کەرکوک لەدایک بووە و هەشت سەر خێزان بون و ژیانیان زۆر سەخت بووە. خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە عیلاقاتی دەولی جامیعەی بەیروت و ئێستا مامۆستای زانکۆیە.

دکتۆر قادر دەڵێت:

ئێمە لە گەڕەک دا دراوسێ ی ماڵی ئەسعەد و شێخ جواد و هیوا عەبدولعەزیز و زەکی ئەمین و عوسمانی عەلی باخەوان بووین. ساڵی ١٩٧٨ ئێمە وەک جیلێکی تازە پێ گەیشتوی خوێن گەرم پەیوەندی کۆمەڵایەتیمان بەهێز بوو، ئەوکاتە من خوێندکاری پۆلی سێ ی ناوەندی بوم و بەدوای رێگە چارەسەرێکدا دەگەڕاین بۆ رزگار کردنی گەلەکەمان. معاون طبي (محەمەد ئەحمەد)، ساڵی ١٩٧٨ تەنزیمی کردم بۆ کۆمەڵە لەگەڵ عوسمان عەلی باخەوان (ئیعدام) و محەمەد نازم (کۆچی دوایی کردووە). کە ئەویش خوێندکاری اعدادیەی صناعە بوو.

ئێمە لەگەڵ ئەسعەددا لە گەڕەکێکدا بوین، ئەسعەد لە کۆلیجی علوم فیزیای زانکۆی سلێمانی خوێندکار بوو، منیش لە ئامادەیی بووم هات بۆ لام و وتی تـۆ لەمەودوا پەیوەنـدیت بە مـنەوە دەبێـت لەگەڵ شـێخ جەواد دا کەوتیـنە شانەیەکەوە. لە ڕێگەی ئەسعەدەوە ئیبراهیم عەبدوڵڵای خەڵکی گەڕەکی تەپەی مەلا عەبـدوڵڵام (لە پێشـمەرگایەتیدا شـەهید بـوو) ناسـی، دوای ئەو نوسـرەتم ناسی کە خەڵکی لەیلان بوو، ئەویش تەلەبەی فیزیا بوو.

ئەسعەد، جگە لە خەتی سیاسی، لە خەتی سەربازیشدا بوو، ئەو مەسئولی اغتیـالات بـوو، رۆژێـک بـانگی کـردم و وتـی تـۆ کەسـێکی دڵسـۆز و گـورج و گۆڵیت. وەرە ببە بە ئەندامی ئەو لیژنەیە، بەڵام من رەفزم کردەوە.

دواتر چالاکیەکانم گەشەی کرد و لەگەڵ محەمەد نـازم ئەمین دا خەتێکمـان لە گوندی تەپەلو لە لەیلان کردەوە، کە محەمەد نازم ناسـراو بە (چیا) و رزگـار سـەعید و چەنـد هەڤـاڵێکی ترمـان لەگەڵ بـوو، ئەو دێیە، جەیـش شـەعبی و چەنـدین خۆفرۆشـی تیـابوو، لە ڕێگەی ڕێکخسـتنەکانمانەوە توانیمـان خەڵکەکە هوشـیار بکەیـنەوە. ئەم خەتە لەلایەن مـحەمەد نـازمەوە سەرپەرشـتی دەکـراو ئەو کەرتە بـوو بە قەڵایەک بـۆ پشـتیوانی کردنـی کەرتـی (٤)ی جەبـاریی بە فەرماندەیی شەهید مامەڕیشە.

خەتێکی ترمان هەبوو لە نـاوچەی شـوان بە سەرپەرشـتی شـوان خورشـید مـحەمەد (نەتـرس)، ئەمـانیش خەتێکـی زۆر چـالاک بـوون، شـوان ئـامۆزایەکی هەبـوو بە نـاوی جـوامێر. ئەو هـانی دابـوو بچێتە نـاو مەفرەزەی ئیسـتخباراتی کەرکوک هەرچی هەواڵێک هەبوو ئەو بە ئێمەی دەگەیاند. پێشمەرگەی تیپی (٢١)ی کەرکوک جوامێریان گرت و من خۆم چوم بۆ گۆپتەپە بۆ لای مامۆسـتا جەلال جەوهەر و ئازادم کرد و دەمانچە و کلاشنکۆفەکەشم بۆ وەرگرتەوە.

خەتێکی ترمان هەبوو لە گوندی قەرەحەسەن، کە ئەحمەدی شێخ حەسەن سەرپەرشتی دەکرد، ئەو کادرێکی چالاک و روناکبیر بوو (ئەنفال بووە).

لەناو شاریش دا خەتمان هەبوو، وەکو خەتی عوسمانی عەلی باخەوان، لە رەشبگیریەکەی ساڵی ١٩٨٥دا لە کەرکوک دەستگیر کراو گوللەباران کرا. ئەویش هەر خوێندکاری اعدادیەی صناعە بوو. ئەم خەتە مامۆستا ئەحمەد سیامەنسوری (برای شەهید دلێری کەرتی چواری جەباری) سەرپەرشتیاری بوو. ئەم خەتە، خەتێکی زۆر چالاک بوو.

پەروین نەجم صالحی خێزانم تەنزیم بوو، ئەو لە اعدادیەی فەلەستینی کچان بوو، سێ کچی تەنزیم کردبوو، هەر لە رێگەی ئەوانەوە، نەشرەکانی کۆمەڵەمان لە اعدادیەکەدا بڵاو دەکردەوە.

دیسان هەر لە اعدادیەی صناعە بەختیارە بچوک هەبوو، ئەو پاش کەشف بوونی کۆمیتەی ئاگر بوو بە پێشمەرگە و دواتر بوو بە ئامر کەرتی چواری جەباری لای مامەڕیشە (شەهید).

ئەمانەی ناوم هێنان هەریەکەی چەند کەسێکی تری تەنزیم کردبوو، من تەنها بە ناو ئەمناسین، چونکە ئەو سەردەمەی خەبات نەدەکرا هەموو تەنزیم بناسیت یان بتناسن.

خەتی سەرەکی ئەسعەد و من و شێخ جەواد بووین، شێخ جەواد لە مەعهەدی فەننی کەرکوک بوو، کوڕێکی بەتواناو هێمن و لەسەر خۆبوو، کە ئەو دوانە دەستگیر کران هیچیان ئیعترافیان لەسەر من نەکرد. گوڵەی ژنی جەواد و جومعە ناسراو بە شیروان (ژنبرای جەواد) ئەوانیش هەر لای شێخ جەواد تەنزیم بون و هاوکارێکی باشی کار و چالاکییەکانی ئەو بون. دوای کەشف بونی کۆمیتەی ئاگر، خۆم شیروانم بردە تەقتەق بۆ گوندی موخرس، کە خزمی ماڵی شیروانی لێ بوو، لەوێوە ئەو پەیوەندی کرد بە هێزی پێشمەرگەوە.

ئەسعەد کوردێکی زیرەک و چاونەترس و پیاوێکی نەتەوەیی بوو، ئەو پەیوەندی بە خەتی پێشمەرگەوە هەبوو، پەیوەندی بە کاک ئازاد هەورامی و جەمال تاهیریشەوە هەبوو.

کاتێک چالاکیەکی بەدەستەوە بوایە، زانیاری گشتیی پێ دەداین، بەڵام وردەکارییەکەی لای ئێمە باس نەدەکرد.

شێخ جەواد لە خەتە سەربازیەکەش بوو، (فلان) کە (پێشمەرگە بۆیانی دەست نیشان کردبوو) بە سەرپەرشتی (ئەسعەد) کوژرا.

ئەوەندەی بۆ من باس دەکرد، ئەسعەد لە سلێمانیش لە مەفرەزەی ناوشاردا بوو، توانیان هەندێک لە مامۆستا و رەفیق حیزبی ناو زانکۆی سلێمانی بەسزای گەل و شۆڕش بگەیەنن.

سەلمان، ناسراو بە پۆڵا (زاوای عومەری نەجار) لەگەڵ مەجموعەیەکی تردا بوون، ئێوارەیەک بەلای گەراجەکەی ئێمەوە، کە لە ئیمام قاسم بوین لای حەمامەکانەوە لە تەکسییەکدا بون بە بەردەممان‌دا تێپەڕین و تەقەیان لە (فلان) کرد و نەکوژرا و سەیارەکەیان پەنچەر بوو. هەر بە پەنچەری لەسەری رۆیشتن بەرەو تەکیە. دوای سەعاتێک ئیحسان (شەهید) برای سەلمان و کوڕێکی تر هاتن بۆلام بۆ سۆراخی چۆنیەتی ئەو تەقە کردنە وتم، سەلمانی برات بوو تەقەی لە (فلان) کرد.

(شوان خورشید دەڵێت کە کۆمیتەی ئاگر کەشف بوو ئێمە لە اعدادیە بوین و مەترسیمان هەبوو لە گرتن، کە سەید قادر دەستگیر نەکرا منیش ترسم نەما و ئا لەو ماوانەدا من شانەیەکی تریشم رێک خستبوو ئەوانیش ئازاد سەعید و شۆڕش خورشیدی برام) بوون.

کاک سەید قادر دەڵێت: کە ئەسعەد گیرا گوڵەی خێزانی شێخ جەواد هات بۆلام و وتی جواد ئەیەوێ بت بینێت، چوم و ئەو وتی، با خۆمان بشارینەوە، هەرچەندە دڵنیام، کە ئەسعەد ناوی ئێمە نادات (هەرواش دەرچوو) ئەو چوو بۆلادێ و منیش لەناو شاردا إختفام کرد و لە رێگەی گوڵەی ژنیەوە، ئێمە ئاگاداری یەکتر بوین.

دوای ماوەیەک جەواد گەڕایەوە و دڵنیا بوو کە ناوی لە قائیمەی ئەمندا

نیە و چووەوە بۆ دەوام. دوای چەند رۆژێک دیسان گوڵەی ژنی هات بۆلام و وتی جەواد گیراوە و تۆش ئاگات لە خۆت بێت.

پاشماوەیەک، من کە زانیم ئەسعەد ناوی نەداوم و ئەمن نەچونەتە سەر ماڵی باوکم و لە رێگەی هاورێکانی اعدادیەمەوە نەم بیست کە ئەمن سۆراخی منی کردبێت، چومەوە بۆ دەوام و ئیمتحانی وزاریم دا.

دوای ماوەیەکی زۆر لە ژووری اعدامی موسڵەوە هەواڵ گەیشت بە کەسوکاری گیراوان، کە داوا دەکەن مواجەهەیان بکرێت.

منیش لەگەڵ کەسوکاریان دا رۆیشتم و لەوێ فەهمی و جەنگە و فاروق و مەلا محێدینم بینی، خۆم بەتایبەتی چوبوم بۆلای ئەسعەد. دانیشتم لەگەڵی و ناوی زەکی ئەمینی دامێ و وتی ئەو مۆر و ئەرشیف و لیستی ناوی هەڤالانی کۆمیتەی ئاگری لایە زەکی تەلەبەی سانەوی ئیمام قاسم بوو (دوای راپەرین بە جەڵتەی دڵ مرد).

ئەسعەد وتی، ئەوەندە ئازار و ئەشکەنجەیان داوم، کە اعترافم لەسەر هەندێک کەس کردووە و ناوی زۆرم نەدرکاندووە.

منیش کە گەڕامەوە چومە ماڵی زەکی و بەڵگەنامەکانم لێ وەرگرت، ماڵی زەکی نزیک ماڵی خۆمان بوو لە ئیمام قاسم.

فاروق و ئەسعەد چەند ناوێکیان دامێ کە بچم گرێیان بدەمەوە بە رێکخستنەوە لەوانە، جەلال حەمید رۆستەم. عەلی عومەر (برای فاروق خۆی) و چەند ناوێکی تر. هەندێکیان هاتنەوە و ئەوانی تر نکۆڵییان لە رێکخستن و ناسینی ئەسعەد دەکرد.

دواتر، من و ئاوات مەلا ناصح و موهەندیس محەمەد و دەروێش ئەحمەد، کە خەڵکی شۆرجە بون، کەرتی شەهید سیروانمان دروست کرد.

هۆکاری کەشف بونی کۆمیتەی ئاگر.

١- کۆمیتەکە بێ سەروبەر بوو، مەرکەزییەتی لەدەست دابوو،

لەبەرئەوەی لە دەریشـــەوە دەســـتی تـــێ وەردەدرا. هەریەک لە بەرپرســـانی ناوچەکە ئەمریکی دەدا.

٢- صراعی بەینی بەرپرسانی شار و شاخ و بەرپرسانی خەتی کۆمەڵە و جەلالی.

٣- تەسلیم بونەوەی هەندێک پێشمەرگە، کە بووە مایەی ئاشکرابونی هەڤاڵان.

٤- رژێم خەڵکی بە پارە و مەنسەب ئیغرا دەکرد.

٥- کەم وشیاری و بێ ئیرادەیی لە ئیدارەدانی کاروباری رێکخستندا لای هەندێک.

محافظـــــة التأميـــــــــــــــم

العـــــدد / س / ٩٨

التاريـــخ / ١٦ / ١٩٨٠

مديريـــة التسجيل العقاري / التأميـــــــم

م / مصادرة اموال

بناءً على ما جاء بكتاب وزارة المالية المديرية المالية العامة / ا. سوى المرقم ١٠٤٦ في ١٨ / ٢ / ٨٣ المتضمن صدور قرار بمصادرة الاموال المنقولة وغير المنقولة العائدة الى المذكورين ادناه يرجى اعلامنا بما يملكونه من اموال لتسجيلها باسم الخزينة رجاءً .

خليل ياسين بكر راد
محافظ التأميـــــــم

الاسمـــــاء /
==============

٠ اسعد عزيز صوفي / يسكن كركوك / محلة امام قاسم / رقم الدار ١٨١ / شغله طالب ثاني في كلية العلوم فرع الفيزياء بجامعة صلاح الدين .

٠١ محي الدين حسين حسن / يسكن كركوك / محلة بولاق على طريق السليمانية / شغله خادم ومؤذن في مسجد شيخ خضر التابع لمديرية اوقاف التأميم .

٠٣ فاروق عمر ولـــي / يسكن كركوك / محلة امام قاسم / رقم الدار ٢٧/١/٤ / شغله معاون ملاحظ في مشـــروع كركـــوك .

٠٤ فهمي امين رشيد / يسكن كركوك / محلة امام قاسم / رقم الدار أ ٢٠/٦١ / شغله خريج كليـــة الادارة والاقتصاد لعام ٧٨ــ ٧٩ وحاليا سائق سيارة اهلي في محل بلوت في صريــــو ليـــلان .

٠٥ عبدالقادر بكر قادر / يسكن كركوك / محلة بولاق / رقم الدار ٤٨/١٢ / شغله نجار تسليح اهلي

٠٦ عبدالجبار فرج صالـــح / يسكن كركوك / محلة امام قاسم / محلة عاشور / رقم الدار ٢٦/٢٧ / صباغ دوزا طـــــي .

٠٧ حسن محمد علي / يسكن كركوك / محلة [illegible] / رقم الدار [illegible]

... يسكن كركوك / محلة ... رقم الدار ٢/١٨٧ ودار ...
وداره في محلة امام قاسم / شغله معلم في محافظة السليمانية مدرسة
سرجاوة ونقل الى مدرسة سونئة .  حجز بعلم والده

٩. بلين نجم الدين نوري / يسكن كركوك / محلة امام قاسم / يادكار خلف ثنية حي عبد الكريم الكنزاز
الدار ٥/١٠٨/ ٢١ / شغله عامل نجار سقوف اهلي . بعلم والده

١٠. فرهاد محمد سعيد / يسكن كركوك / محلة بولاني / دار صلاح الدين / شغله طالب صف ثالث في
امام قاسم .

١١. سردار مجيد امين / يسكن كركوك / محلة بولاني / رقم الدار ٤٧٠ / ٢٥ / شغله طالب صف رابع
قسم المحاصيل الزراعية جامعة صلاح الدين . بعلم والده .

١٢. حسن محمد قادر / يسكن كركوك محلة امام قاسم / شغله ن ع المنسوب الى وحدة المخابرات رقمها
(١٢١٥) في معسكر الرشيد وخريج معهد التكنلوجيا بكركوك .

١٣. رشيد مجيد حسن / يسكن كركوك / محلة امام / رقم الدار ٥٥٥ شغله صباغ دور اهلي .

١٤. محسن عمر حسن عبد العزيز / يسكن قرية سراسقهان الكبير / ناحية التون كوبري / التأميم شغله
الصف السادس العلمي للعام ٨٠ – ٨١ ثانوية ابو ايوب الانصاري
بكركوك .

١٥. حميد محمد قاسم / يسكن كركوك / محلة ازادي / رقم الدار ٤٤٠ / شغله شرطي متقاعد
في حساب جمع جمال يسالايا عامل اهلي . لا تقرر ...

١٦. ن . م عز الدين محمد قادر / يسكن كركوك / محلة امام قاسم / رقم الدار ٨٦٠/١ منسوب الى كتيبة
الانذار والسيطرة الجوية / ٢١ في القاطع الرابع في قاعدة الحرية

١٧. عبد الرحمن حميد محمد خضر / يسكن كركوك / حي الاندلس / رحيم اوه / شغله طالب في جامعة
اربيل / الصف الرابع / كلية الزراعة / قسم التربية .

١٨. حبيب محمد حبيب / يسكن قرية الصالحي / ناحية قره حسن / التأميم / شغله سايق سيارة اهلية

١٩. سيروان احمد قادر / يسكن كركوك / محلة امام قاسم / منطقة ... / رقم الدار ٦٢١/١١ / شغله
ن ع منسوب الى معهد الدفاع الجوي جناح الصواريخ في معسكر التاجي
معهد التكنلوجيا بكركوك .

٢٠. فائق عمر رسول / يسكن كركوك / محلة الماس / تبة / تحت تانكي الماء / رقم الدار ٧٠/١٤٤ شغله
ن ع منسوب الى كتيبة الانذار والسيطرة الجوية / ٢١ ورقمها (١٦٢١) وخريج
معهد الفنون التطبيقية في بغداد .

٢١. عمر قادر علي / يسكن كركوك / محلة بكلر / شاطرلو / رقم الدار ٢٥/١٨٥/ شغله خريج / كلية
العلوم / قسم الكيمياء / جامعة صلاح الدين للعام ٨٠ – ٨١ .

٢٢. انور محمد امين رحمن / يسكن كركوك / محلة الشورجة / شغله طالب في معهد التكنلوجيا بكركوك .

٢٣. نامق شريف محمود / يسكن كركوك / محلة امام قاسم / ازادي / ازادي / رقم الدار ٨٧٢ / شغله
حارس في مدرسة ...

٠٦٤ • حسن احمد محمد / يسكن كركوك / محلة السورية / رقم الدار ١١٥ / ١٦٤ / شغله عامل العمارات السكنية في محلة النصاب خانة بكركوك •

٠٦٥ • سعدالله احمد عزيز / يسكن كركوك / محلة المجزرة خلف معمل الاسفلت / رقم الدار ٧ / كاتب في المنشأة العامة لتنفيذ مشاريع الاسكان الشعبية في كركوك

٠٦٦ • هيوا عبدالعزيز محمد / يسكن كركوك / محلة امام قاسم / رقم الدار ١/١٦١/١ / شغله البيع علي في اعدادية النورة بكركوك •

٠٦٧ • عبدالسلام قادر مصطفى / يسكن كركوك / محلة امام قاسم / قرب كازينو اشرف / شغله معلم في هنجير التابعة لناحية اغجلر بمحافظة السليمانية •

٠٦٨ • صابر عبدالله حسن / يسكن كركوك / محلة الماس قرب تانكي الماء / رقم الدار ٦٠/١٢٥ / كهربائي في مؤسسة نفط الشمال بكركوك •

٠٠٦ • بلين حمه مراد شريف / يسكن كركوك / محلة امام قاسم / طاشور / شغله صباغ دور اهلي •

• صابر محمود علي / يسكن كركوك / محلة امام قاسم / منطقة يادكار / رقم الدار ٢١١٤٤ / محل لبيع الكفة في شارع التربية / بكركوك •

٠١ • عصرية احمد محمد / تسكن كركوك / محلة الشورجة / سركاريز / قرب مدرسة صلاح الدين الابتدائية / شغلها ربة بيت •

٠٢٣ • المفوض جمال عبدالله قادر / منسوب الى مديرية مرور محافظة التأميم / يسكن كركوك / دور الا رقم الدار ١٦٨ •

٠٢٣ • جتو مجيد سعيد / يسكن كركوك / محلة امام قاسم / يادكار / شغله بناء اهلي •

٠٢٤ • طيب رشيد عبدالرحمن / يسكن كركوك / محلة الشورجة / خلف تكية شيخ عبدالله / شغله سائق سيارة تكسي اهلي •

٠٠٥ • نجمة أحمد صالح / تسكن كركوك / محلة بولاق قرب تكية شيخ علي / شغلها ربة بيت

صورة الى /

وزارة المالية / مديرية المالية العامة / الحقوق / كتابكم اعلاه وسنوافيكم النتيجة بكتاب لاحق عند الجواب رجاء •

مديرية الاملاك والاراضي الاميرية العامة •

محليات

اربعة عشر عاما من العطاء والانتصار

## في قرار مجلس قيادة الثورة

# إعفاء النزلاء من محكومياتهم بنسبة ٢٥ بالمائة واقارب الشهداء من الدرجة الأولى بنسبة ٣٥ بالمائة

**اصدر مجلس قيادة الثـــورة قرارا باعفاء النزلاء من محكومياتهم بنسب مختلفة ·**

**ومنح القرار تخفيضا فـــــي محكوميات النزلاء بنسبة ٢٥ بالمئة ·· ونسبة ٣٥ بالمئة من اقـــارب الشهداء مـــن الدرجة الاولى ·· وتكون هذه الاعفاءات بمثابة مدة مقضية لاغراض الافراج الشرطي ·**

**وفيما يلي نص القرار ·**

رقم القرار ـ ٩٢٧

تاريخ القرار ـ ١٥ـ٧ـ١٩٨٢

قـــرار

استنادا الى احكام الفقرة أ من المادة الثانية والاربعين مـــــن الدستور المؤقت قرر مجلس قيـادة الثورة بجلسته المنعقدة بتاريـــخ ١٥ـ٧ـ١٩٨٢ ما يلي ··

١ ·· يعفى النزلاء الذين امضوا في السجن نصف مدة محكومياتهم من غير المشمولين بالافـــراج الشرطي ·· ويعفـــى المشمولون منهم بالافراج الشرطي اذا امضوا نصف المدة المتبقية من محكومياتهم بعد تنزيل مدة الافراج الشرطي ·

٢ ·· يعفى المودعون الاحـداث الذين امضوا ثلث مدة محكومياتهم اذا كانوا غير مشمولين بالافـراج الشرطي ·· ويعفى المشمولون منهم بالافراج الشرطي اذا امضوا ثلث المدة المتبقية بعد تنزيل مـــدة الافراج الشرطي ·

٣ ·· يعفى النزلاء والمودعـون الاحداث من ازواج او اقربـــاء الشهداء من الدرجة الاولى ممـــن امضوا ربع مدة محكومياتهم اذا كانوا غير مشمولين بالافـــراج الشرطي ·· ويعفى المشمولون منهم بالافراج الشرطي اذا امضوا ربع مدة محكومياتهم بعد تنزيل مـــدة الافراج الشرطي ·

٤ ·· يشترط لاعفاء النـــزلاء المحكومين عن جرائم القتل العمـد او القتل العمد المقترن بظـــرف مشدد المشمولين بالفقرتين (١ و ٣) من هذا القرار ان يكونوا ممـــن سبق ان تمتعوا بالاجازات المنزلية ·

٥ ·· يعفى النزلاء المحكومـون عن جرائم القتل غسلا للعـــار او بسبب الدفاع عن النفس او القتـل المقترن بعذر مخفف والمسنون الذين بلغوا الستين من العمر اذا امضوا ثلث المدة المتبقية بعد تنزيل مـدة الافراج الشرطي ·· ويعفى الاحداث المودعون بسبب تلك الجرائم اذا امضوا ربع المدة المتبقية بعـــد تنزيل مدة الافراج ·· ويسري هذا الاعفاء على النزلاء والاحـــداث المودعين من ذوي الشهداء مـــن الدرجة الاولى اذا امضوا خمس المدة المتبقية بعد تنزيل مدة الافراج الشرطي ·

٦ ·· يعفى المحكومون مـــن العراقيين عن جرائم تجـــاوز الحدود والدعاوى الكمركية المتفرعة عنها مما تبقى من مدة محكومياتهم ·

٧ ·· يعفى المحكومون وفـق المواد ـ ٢٢٥ و ٢٢٦ و ٢٢٧ ـ من قانون العقوبات مما تبقى من مـدة محكومياتهم ·

٨ ·· يعفى النزلاء والمودعـون المحكومون مدة لاتزيد على ستة اشهر ·

٩ ·· يمنح النزلاء الاخرون ممن لم تشملهم الفقرات الســـابقة تخفيضا بنسبة ـ ٢٠ بالمئة ـ مـــن اصل محكومياتهم وتكون نســـبة التخفيض ـ ٢٥ بالمئة ـ للمودعين و ـ ٣٥ بالمئة ـ لاقارب الشـهداء من الدرجة الاولى ·· وتعتبر مدة التخفيض هذه بمثابة مدة مقضية لاغراض الافراج الشرطي ·

١٠ ·· يستثنى من احكام هذا القرار ··

أ ـ المحكومون بالاعدام ·

ب ـ المحكومون عن الجرائـــم الماسة بأمن الدولـة الداخلـــي أو الخارجي والتآمر وجرائــــم التجسس ·

جـ ـ المحكومون عن جرائـــم الاسلحة ذات الطابع المتعلق بأمن الدولة الداخلي والخارجي ·

د ـ المحكومون الذين اطلـــق سراحهم بقرار مجلس قيادة الثورة المرقم ـ ١٠٧٦ ـ في ١٦ـ٨ـ١٩٧٩ ·· أو بالافراج الشرطي وعـادوا الى ارتكاب اية جناية او جنحـة عمدية ·

هـ ـ المحكومون عن جرائم هتك العرض واللواطة والزنا بالمحـارم والخطف ·

و ـ المدينون ممن تقرر حبسهم بمقتضى قانون التنفيذ ·

١١ ·· لايمس العفو بمقتضـى هذا القرار الحقوق الشـــخصية للخزينة او للاشخاص ·

١٢ ·· تشكل لجنة تتولـــى الاشراف على تنفيذ هذا القرار ·

١٣ ·· تطبق احكام الاعفـاء بموجب هذا القرار على المحكومين لغاية ١٧ ـ تموز ـ ١٩٨٢ ·

١٤ ·· ينشر هذا القرار فـي الجريدة الرسمية ·· ويعمل به من تاريخ صدوره ·

صدام حسين

رئيس مجلس قيادة الثورة

**قەراری عەفوی ١٩٨٢/٧/١٥**



مام حەمید، نەوزاد بابان، محەمەد حەسەن



مامۆستا کاکەڕەش، نەوزاد بابان، فایەق عومەر رەسوڵ



نەوزاد بابان، فایەق عومەر رەسوڵ، گوڵبەهار شەرەف نوراللە، عومەر قادر



جەلیل حەمە موراد شەریف، نەوزاد بابان، هیوا عەبدول عەزیز شێخانی